ڕۆمان

# چۆن پۆڵامان ئاودا (١)

ن : نیکولای ئوسترۆفسکی

و : حەمە کەریم عارف

پێشکەشە بە : شەهیدانی حیزبی شیوعی کوردستان :

١ – محەمەد عەبدولحەمید کەریم

٢ – مەمەند ئەحمەد

٣ – جاسم عومەر ئەسعەد

٤ – حەوێز ساڵح

بەشی یەکەم
فەسڵی یەکەم
فەسڵی دووەم
فەسڵی سێیەم
فەسڵی چوارەم
فەسڵی پێنجەم
فەسڵی شەشەم
فەسڵی حەوتەم
فەسڵی هەشتەم
فەسڵی نۆیەم

# فەسڵی یەکەم

کێ بەر لە جەژنی پاک ، هاتبوو بۆ لام ، بۆماڵەوە تا تاقیکردنەوە بدات !

کابرایەکی قەڵەوی گۆشتن کە جبەیەکی لەبەر وخاچێکی قورسی بە ملەوە بوو ، نیگایەکی هەڕەشە ئامێزی قوتابییەکانی کرد .

چاوە چکۆلە شەرانییەکانی دەتگوت هەرشەش قوتابییەکەی ( چوار کوڕ ودوو کچ ) کە لە سەر ڕەحلەکان هەستابوون ، دەسمی . منداڵەکان بە ترس ولەرزەوە لە پیاوەی جبە لەبەریان دەڕوانی .

کابرای کەشیش ، بە دەست ئاماژەی بۆ کیژەکان کرد وگوتی :

- ئێوە دانیشن .

کچەکان یەکسەر دانیشتن و هەناسەی ئۆخەیان هەڵکێشا . چاوە چکۆلەکانی بابا ڤاسیلی ، لە سەر چوار منداڵە وردیلەکەی دی گیرسایەوە

- وەرنە ئێرە گیانە !

بابا ڤاسیلی هەستایە سەر پێیان و کورسییەکەی لادایە لاوە ، لە منداڵەکان ، کە چووبوون بە یەکا ، نزیک بووەوە .

- کێهە خوێڕییەتان جگەرە دەکێشێت .

- بابا گیان ، کەسمان جگەرە ناکێشین !

ڕوخساری قەشەکە سوور هەڵگەڕا .

- جگەرە ناکێشن ، ناڕەسەنینە ، ئەدی کێ تووتنی ماخوراکای بە سەر هەویرەکەدا کردووە ؟ ( ماخورکا : جۆرە تووتنێکە ، بە پەڕە سیغار دەپێچرێتەوە ) دەی بابزانین ! گیرفانەکانتان دەربێنن ! دەی خێرا ! گیرفانەکانتان هەڵگێڕنەوە ! ...

سیانیان کەوتنە هەڵگێڕانەوەی گیرفانەکانیان وشتەکانی ناویان دەرهێنان وهەڵیانڕشتنە سەر مێزەکە .

کەشیشەکە زۆر بە وردی کەوتە تەمەشای درزی درومانی گیرفانەکانیان ، بەڵام هیچ شوێنەوارێکی ماخورکای نەدۆزییەوە ، سیانی یەکەمیانی تەواوکرد ، ئەوجا هاتە سەر چوارەم کە منداڵێکی چاوڕەش بوو و کراسێکی کەوەیی وپانتۆڵێکی خەنەیی لەبەر بوو کە هەردوو سەر ئەژنۆکانی پینە کرابوو .

- تۆ بۆچی وەکو بت وەستاوی ؟ ...

منداڵە چاو ڕەشەکە کە بەڕقێکی پەنهانەوە تەمەشای دەکرد بە دەنگێکی نەوی بەرسڤی دایەوە : - من گیرفانم نییە

ئەوسا دەستی بە تەقەڵ ودرومانی پانتۆڵەکەیدا هێنا .

- ئەها ! گیرفانت نییە ! تۆ پێت وایە کە من نازانم کێ ئەم کارە ناجۆرەی لێ دەوەشێتەوە و هەویرەکەی خراپ کردووە ! تۆ پێتوایە ، ئیدی لەم قوتابخانەیە دەمێنێتەوە ؟ نە گیانە ئەمجارەیان تەواو ، لێت بە سەر ناچێ . جاری پێشوو لە بەرخاتری دایکت ، کە بۆت پاڕایەوە وشەفاعەتی بۆ کردیت ، لە قوتابخانەکە هێڵاتیانەوە ، بەڵام ئەمجارەیان تەواو ، کار لە کار ترازاوە . بڕۆ دەرەوە ، لە پۆلەکە وەدەربکەوە !

کەشیشەکە گوێچکەی منداڵەکەی گرت ، تووند سووییەوە و تووڕی دایە ڕاڕەوەکە و دەرگای لە دوایەوە داخست .

پۆلەکە کپ وبێدەنگ بوو . بەخۆیا ڕۆچوو . کەس نەیزانی بۆچی پاڤکا کورچاگینیان لە قوتابخانەکە وەدەرنا ( پاڤکا : سووکەڵە ناوی پاڤلە ) تەنیا سریوژکابروزژکای هاورێ و دۆستی پاڤکا ( سریوژکا یان سریوژا : هەردووکیان سووکەڵە ناوی سێرگین ) . بینی بووی کە چۆن لەوێ ، لە ئاشخانە و موبەقەکەی یارۆی کەشیشدا ، کە شەش قوتابی ئیکمال ، چاوەڕوانی کەشیشیان دەکرد ، باڤکا

، یەک چنگ ماخورکای کردبوو بە هەویرەکەی جەژنی پاکی قەشەکەدا ( جەژنی پاک : جەژنێکی مەسیحیەکانە کە کەمێک دوای نەورۆزی کوردانە ) . ئەم قوتابیانە بە ناچاری هاتبوون تا لە ماڵی قەشەکە ئیمتیحان بدەنەوە .

پاڤکای دەرکراو لە سەر دوا پلیکانەی دەرگای چوونەژوورەوە ڕۆنیشت ولە بیری ئەوەدا بوو چۆن بۆ ماڵ بگەڕێتەوە . چی بە دایکە زەحمەتکێشەکەی بڵێ کە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لە ماڵی موفەتیشی گومرکدا ، کارەکەری دەکرد . گریان لە ئەوکی پاڤکا گیرابوو .

" هەنووکە چیبکەم ؟ هەر هەموو ئەمە لە ناوچەوانی ئەم کەشیشە مەلعوونەوە . شەیتان هاتە بن کلێشەمەوە کە ماخورکا بکەمە هەویرەکەیەوە ؟ سریوژکا دنەی دام . گوتی : وەرە شتێک بڕێژینە ناو هەویرەکەی ئەم ئەژدیها موزیرەوە . بە قسەم کرد ، سیرگی ( سریوژ ) بە سەلامەتی دەرچوو ، بەڵام من ، بە دڵنیاییەوە دەرم دەکەن " .

ئەم دژمنایەتیە لە گەڵ بابا ڤاسیلیدا ، لە مێژ بوو دەستی پێکردبوو. جارێک پاڤکا ( پاڤل ) دەگەڵ میخائیلوفیچوکوفدا بە شەڕ هاتبوو ، ئەو ڕۆژە نیوەڕۆژەیان نەدایە ، جا بۆ ئەوەی لاساری وشەیتەنەت لە پۆلێکی چۆڵ و هۆڵدا نەکات مامۆستاکە بردی بۆ ناو قوتابییە گەورەترەکانی پۆلی دووەم . پاڤڵ لە ڕەحلەکەی دوای دواوە دانیشت .

مامۆستا ، ڕەقەڵەکە کە چاکەتێکی ڕەشی لە بەردا بوو ، باسی زەوی وتەنە ئاسمانییەکانی دەکرد . پاڤڵ گوێی دەگرت ، کە گوێی لێبوو زەوی وهەسارەکان ملیونەها ساڵە هەن لە سەرسامیا حەپەسابوو ودەمی داچەقی بوو . بە ڕادەیەک واقی وڕمابوو ، کە حەزیدەکرد هەستێت وبە مامۆستاکە بڵێت : " شتی وا لە کتێبی خوادا نە نووسراوە " لێ لەوە دەترسا کە تەریقی بکەنەوە و تەمبێی بکەن .

یارۆی قەشە هەمیشە لە دەرسی لاهوتدا نمرەی تەواو ، پێنج لە پێنجی دەدا بە پاڤکا ( پاڤڵ ) . پاڤڵ هەموو سفرەکانی تەورات و ئینجیلی ئەزبەر بوو ، زۆر چاک دەیزانی پەروەردگار ، لە هەر ڕۆژێکی هەفتەدا ، ئەفراندووە .

پاڤکا ، لێبڕا ، پرسیار لە بابا ڤاسیلی بکات ، لە وانەی دواترا ، کە وانەی لاهوت وخواناسی بوو ، هەرکە قەشە ڤاسیلی لە سەر کورسییەکەی دانیشت ، پاڤکا ئەنگوستی بەرزکردەوە و پاش ئەوەی مۆڵەتی درایە ، هەستایە سەرپێیان و گوتی :

- بابا ، بۆچی مامۆستای پۆلی گەورەکان دەڵێت کە زەوی ملیۆنان ساڵە هەیە ، نەک پێنج هەزار ساڵ وەکو لە کتێبی پیرۆزدا نووسراوە ...

قەشە ڤاسیلی لە ناکاوا قیژەیەکی بە سەریا کرد ، یەکسەر لە جێی خۆی دانیشتەوە :

- ئەوە چیت گوت هەی نارەسەن ؟ ئاوا فێری کەلامی خوا دەبی !

پێش ئەوەی پاڤڵ فزەبکات ، یارۆی قەشە هەردوو گوێی گرت و تا هیلاک بوو سەری بە دیوارەکەدا کێشا . دوای یەک دەقیقە ، پاڤڵی لێدراوی ترسێنراو، توورِ درایە ناو ڕاڕەوەکە .

دایکیشی بە توندی سەرزەنشتی کرد .

دایکی بۆ ڕۆژی دوایی چوو بۆ قوتابخانە و لە بابا ڤاسیلی پاڕایەوە کە ئەمجارەش کوڕەکەی لە قوتابخانە وەربگرێتەوە .  ئیدی پاڤڵ لەو ڕۆژەوە ڕقی دنیای لە قەشەی ناڤبری هەڵگرت . پاڤڵ هەم ڕقی لێبوو وهەم ترس . وای لێهات بە بچووکترین شت دەڕەنجا وبچووکترین شتی لە کەس قەبووڵ نە دەکرد ، ئەو لێدانە نارەوایەی قەشەکەشی لە دڵ دەرنەچوو، ئیدی مجێزی تێکچوو وبە سەر خۆیدا هەڵکوڕما .

ئەم کوڕە زۆر وردە غەدری دیکەشی لە لایەن بابا ڤاسیلیەوە لێدەکرا : یارۆی قەشە لە پۆل دەری دەکردە دەرەوە . لە سەر شتی زۆر بچووک ، بە درێژایی

هەفتە ، هەموو ڕۆژ ، لە سووچێکا لە سەر پێ ڕایدەگرت . بۆ تاقە جارێکیش دەرسەکەی لێنەدەپرسییەوە ، بۆیە پێش جەژنی پاک ، ناچار بوو لە گەڵ قوتابییە دەرنەچووەکانا بچێت بۆماڵی قەشە تا لەوێ تاقیکردنەوە بکات . پاڤڵ ، لەوێ ، لە موبەقەکەدا ماخورکای ( تووتن ) کرد بە هەویری جەژنی پاکەوە . هیچ کەسێک نەیبینی ، کەچی قەشەکە یەکسەر زانی ئەمە کاری کێیە .

... وانە تەواو بوو ، منداڵ ومەزنەکان ڕژانە حەوشەکە ، دەوری پاڤێلیان گرت . گرژ وپەست ، مات وبێدەنگ وەڵامی پرسیارەکانی نەدەدانەوە . سریوژکا بروزژاک ، هەستیدەکرد کە ئەویش تاوانبارە . لێ بە هیچ کلۆجێ نەیدەتوانی یارمەتی هاوڕێکەی بدات .

یەفریم ڤاسیلیڤچی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە لە پەنجەرەی ژووری مامۆستایانەوە سەری کێشایە دەرێ وپاڤڵ لە دەنگە گەورەکەی ڕاچڵەکی ، کە هاواری کرد : - یەکسەر کورچاگینم بۆ بێرن .

پاڤڵ ، بە دەم دڵە لەرزێوە خۆی بە ژووری مامۆستایانا کرد .

***

خاوەنی بۆفیە وبارِی وێستگاکە ، کە پیاوێکی پیری ڕەنگزەردی نیگا خەمین بوو ، تەمەشایەکی ڕەوتەنی پاڤڵی کرد کە لە سووچێکا وەستابوو.

- تەمەنی چەندە ؟

دایکی بەرسڤی دایەوە : - دوازدە ساڵە ...

- زۆر چاکە ، با لێرەبێت ، بەم مەرجانە : مانگی بە هەشت ڕۆبڵ ، هەموو ڕۆژێک کار بکات ، فراڤین وشێوی لە سەر ئێمە دەبێ ، شەو وڕۆژێک کاردەکات وشەو وڕۆژێک ئیسراحەت و نابێ دزی بکات .

داکی بە ترسەوە گوتی : – ببورە ، پێویست بەو قسەیە ناکات ، خەمت نەبێ دزی ناکات . من کەفالەتی دەکەم .

خاوەن کار ئەمری کرد : – دەیسا با لە ئەمڕۆوە دەستبەکار بێ .

ئەوسا ڕوویکردە ئەو کیژە فرۆشیارەی کە لە نزیکی ئەوەوە لە پشت مێز وپێشخوانەکەوە وەستابوو وگوتی :

– زینا ئەم کوڕە ببە بۆ ژووری قاپشۆری و بە فروسنکا بڵێ کە کارەکەی گریشکای بداتێ .

کیژە فرۆشیارەکە ئەو کێردەی کە باسترمەی پێدەبڕی ، لە سەر ئەرزەکە دانا ، بە سەر ئاماژەی بۆ پاڤکا کرد و بە نێو هۆڵەکەدا ، بەرەو دەرگایەکی لاوەکی چوو کە بە سەر ژووری قاپ شۆرییەکەدا دەکرایەوە . پاڤکا دووی کەوت . دایکی بە پەلە کەوتە شانی ولە بن لێوانەوە وپەیتا پەیتا دەیگوت :

– پاڤکا گیان ، ئیدی هەوڵبدە ئاقڵ بی ، هیچ لاساری وبێ حەیاییەک نەکەی .

دوای ئەوەی بە نیگایەکی خەمناک کوڕەکەی بەڕێکرد، بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیی .

کار ، لە ژووری قاپشۆری گەرم بوو : خەرمانێک قاپ وئامان و چەتاڵ و کەوچک ومراک وچەقۆ لە سەر مێزێک هەڵدرابووەوە وچەند ژنێک کە خاولیان بە شانیاندا دابوو ، خەریک بوون وشکیان دەکردنەوە .

کوڕێکی ڕەنگ خەنەیی ، قژلوولی شانە نەکراو ، کە کەمێک لە پاڤڵ گەورەتر بوو ، بە دوو سەماوەری گەورەوە مژووڵ بوو . مەغسەلی قاپ و ئامانەکان ، لە هەڵمی ئاوی مەنجەڵێکی گەورەی لە کوڵدا ، کە ئامانەکانیان تیا دەشۆرد ، دیار نەبوو . پاڤکا ، لە سەرەتاوە نەیدەتوانی لە بەر هەڵمەکە سەروسیمای ژنە کارکەرەکان بە جوانی بدینێ . وەستابوو ، نەیدەزانی چیبکات وبۆ کوێ بڕوات .

زینا ، کیژه فرۆشیارەکە ، لە یەکێک لە ژنە قاپشۆرەکان نزیک بووەوە ، دەستی خستە سەر شانی وگوتی : - فروسنکا ، ئەمە کوڕێکی تازەیە ، لە شوێنەکەی گریشکا دایبنە وپێی بڵێ کە چیبکات .

زینا ، ڕووی کردە پاڤکا وئاماژەی بۆ ئەو ژنە کرد کە ئێستا بە فروسنکا ناوی برد وگوتی : - ئەو لێرە ، کرێکار باشیە ، هەرچییەکت پێ دەڵێت وابکە .

کیژە فرۆشیارەکە ، گەڕایەوە وڕۆیی .

پاڤکا ، بە کاوەخۆ بەرسڤی دایەوە :- باشە .

ئەوسا نیگایەکی پرسیار ئامێزی فروسیا ( فروسنکا = فروسیا ) ی کە لە بەردەمیا وەستابوو کرد . فروسیا ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی ، وەکو ئەوەی بیەوێ لیاقەت وتوانای پاڤکا هەڵسەنگێنێ ، سەراپای بە نیگا دابێژت و بە دەم هەڵکردنی قۆڵی کراسەکەیەوە کە لە ئانیشکی هاتبووە خوارەوە ، بە دەنگێکی سەیری خۆش ودڵگیر گوتی :

- کاری تۆ گیانە کەمە : بەیانیان ئەم مەنجەڵە دەکوڵێنی ، دەبێ هەمیشە ئاوی گەرمی تیابێ . هەڵبەتە دەبێ داریش بشکێنی ، ئەم جووتە سەماوەرەش کاری تۆن . هەروەها لە کاتی پێویستدا دەبێ کێرد وچەنگاڵەکانیش پاک بکەیتەوە و چڵکاویش بڕێژی . ئیدی بە ئەندازەی کافی کار هەیە و ، ماندووش دەبیت گیانە .

فروسنکا بە زمانی کوسترومایی ( کوسترو : ناوی شارێکە ) قسەی دەکرد وزیاد دانی بەپیتی ( ئا ) دا دەنا ، ئەم زمان وفۆنەتیکە و، دەموچاوە سوور وکەپووە چکۆلە بەرزەکەی ، جۆرە ئۆخژنێکی خستە دڵ ودەروونی پاڤکاوە .

پاڤکا لە دڵی خۆیدا دەیگوت : ئەم پوورە خانمە ، پێدەچێ زۆر خراپ نەبێت ، پاشان ، جورئەتێکی زیاتری پەیداکرد و ڕوو لە فروسیا گوتی :

- هەنووکە چ کارێک بکەم ، پوورە خانم ؟

ئەوەی گوت وزمانی گیرا ، قاقای پێکەنینی ئەو ژنانەی کە لە سەر مەغسەلەکە ئامانیان دەشۆرد ، بە سەر قسەکانی ئەودا زاڵ بوو ونەیهێشت دوا وشەکانی بێنە بیستن .

- ها ، ها !! ... فروسنکا ، لە خوت وخۆڕایی بوو بە خاوەن برازاش ... ها ، ها ...

فروسنکا ، خۆی لە هەموو ئەوانی تر پتر پێکەنی .

پاڤڵ ، بە هۆی هەڵمەکەوە ، چارەی فروسیای کە هەژدە ساڵان بوو ، نەدیبوو .

پاڤڵ ، بەوپەڕی دەسەپاچەیی ، ڕوویکردە کوڕێژگەکە وپرسی :

- من هەنووکە دەبێ چ کارێک بکەم ؟

بەڵام کوڕێژگەکە ، لە وەڵاما تەنیا سووکە خەندەیەکی کرد وگوتی :

- لە پووره خانمت بپرسە ، ئەو هەموو شتێکت پێدەڵێت . من لێرە موەقەتم ( کاتیم ) .

ئەوجا وەرگەڕا و لەو دەرگایەوە کە دەچووە سەر موبەقەکە، وەدەرکەوت .

پاڤکا ، گوێی لە دەنگی یەکێک لە ژنە ئامانشۆرەکان بوو ، کە تەمەنی گەنجی بوارد بوو :

- وەرە ئێرە یارمەتیمان بدە ئەم چنگاڵانە وشک بکەوە . چییە بە چ پێدەکەنن ؟ ... ئەم کوڕە چی گوتووە ، واپێدەکەنن ؟ ... وەرە براله ، خاولییەکی قاپ سڕینی دایە پاڤکا . سەرێکی بە ددان بگرە و سەرەکەی دیکەی بەبەینی ددانەکانی چنگاڵەکەدا بێنە . ئەم چنگاڵانە هەڵگرە وبەینی ددانەکانیان وشک بکەوە وبیسڕە ، ئیدی ئەوەندە قەراخی خاولییەکەی بەبەینا بێنە کە یەک زەڕە پیسیان پێوە نەمێنێ . لێرە ، زۆر جەخت لە سەر ئەم کارە دەکەنەوە . ئاغایان بە وردی دیقەتی چنگاڵەکان دەدەن ، ئەگەر زەڕەیەک یسی بە دی بکەن ، ئیدی وای بەحاڵت ،خانم یەکسەر و لە چاو تروکانێکا دەرت دەکات .

- بۆچی خانم ؟ پاڤڵ سەری لە کاروبارەکان دەرنەدەچوو — مەگەر خاوەن کارەکەی ئەنگۆ ، هەمان ئەو پیاوە نییە کە منی لێرە بە کرێکاری وەرگرت !

ژنە قاپشۆرەکە پێکەنی : - ئاغامان ، کوڕەکەم ، وەکو هەر کەلوپەلێکە ، لە عەرەبانە دەچێ ، ئاغاژن لێی دەخوڕێ . هەمەکارەی ئێمە ئاغا ژنە . ئەمڕۆ ئاغاژن لێرە نییە . کاری خۆت بکە و هەموو شتێکت بە دەم کارکردنەوە بۆ دەردەکەوێ .

دەرگای ژووری قاپشۆرییەکە ڤەبوو ، سێ گارسۆن یەکی بە یەک بار ئامانی پیسەوە وەژوور کەوتن .

یەکێکیان کە کابرایەکی چوارشانەی خێلی دەم وچاو چوارگۆشە بوو گوتی :

- دەست وبرد بکەن هاکا قیتاری سەعات دوازدە گەییە جێگا وئێوەش هەر خاوەخاوتانە .

نیگایەکی پاڤکای کرد وگوتی : - ئەمە کێیە ؟

فروسیا بەرسڤی دایەوە :- کرێکاری تازەیە.

- ئەها ، تازەیە ، کەواتە گوێ بگرە .

ئەوسا دەستە قورسەکەی نایە سەرشانی پاڤکا وبەرەو لای سەماوەرەکان دەڵەکی دا : - ئەمانە دەبێ هەمیشە ئامادە بن ، تەمەشاکە ، یەکێکیان کوژاوەتەوە ، دووەمیشیان هەناسەی سوار بووە . ئەمڕۆکە مەعافی ، بەڵام سبەینێ ئەگەر دووبارە ببێتەوە ، دەم وقەپۆزت دەشکێنم ، حاڵی بوویت ؟

پاڤڵ چ قسەیەکی نەکرد ، خەریکی سەماوەرەکان بوو .

ژیانی کرێکاری ئەو بەم شێوەیە دەستپێکرد . پاڤکا ، هەرگیز وەکو یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی خۆی ، خۆی ماندوو نەکرد بوو . دەیزانی ئەمە ماڵەوە نییە کە بشێت بە گوێی داکی نەکات . کابرای خێل ، بە ئاشکرا پێی گوت ئەگەر گوێڕایەڵ نەبیت ، کوتەک دەخۆی .

کاتێ پاڤکا سەماوەرە چوار سەتڵییە ورگن و زەلامەکانی بە تاکێک لە چەکمەکانی باوەشێن دەکرد ، پزیسکییان لێدەبووەوە وبە هەر لایەکا بڵاودەبوونەوە . پاڤکا ، سەتڵە چڵکاوەکانی هەڵدەگرت و بلەز بەرەو چاڵی چڵکاوەکەی دەبردن ، دار وئێزنگی دەخستە ژێر مەنجەڵەکە ، خاولییە تەڕەکانی دەدا بە سەر سەماوەرە لە کوڵەکاندا و وشکی دەکردنەوە، هەرچییەکیان پێدەگوت ئەنجامی دەدا . پاڤکا ، درەنگانی شەو ، شەکەت وماندوو چوو بۆ موبەقەکە . ئانیسیای قاپشۆری پیر ، ڕوانیە ئەو دەرگایەی کە پاڤکا لێوە ئاودیو بوو ، وگوتی :

- ئەم کوڕە نا ئاساییە ، تۆ تەمەشا وەکو شێت کاردەکات ، وا دیارە بە نیەتی باش بۆ ئێرەیان نە ناردووە.

فروسیا ( فروسنکا ) گوتی :

- ئەرێ ، کوڕێکی گوێڕایەڵە ، ئەمانە پێویستیان بە نەقیزە نییە .

لوشا ، بەرپەرچی دایەوە : - زوو دەڕوات ، هەمووان لە هەوەڵەوە ، باش مل بە کارەوە دەنەن ...

پاڤکا ، بەیانی سەعات حەوت ، شەکەت وماندوو ، سەماوەرە لە کوڵەکانی ڕادەستی ئەو کوڕەی دوای خۆی کرد کە کوڕێکی دەم وچاو پانی چاو زەق بوو .

کوڕە دوای ئەوەی دڵنیابوو کە هەموو شتێک لە جێگای خۆیەتی و سەماوەرەکان دەکوڵێن ، دەستەکانی تەپاندنە گیرفانەکانییەوەو لیکاوەکەی دەمی لە میانی ددانە نوقاوەکانییەوە تفکردەوە و لە ڕووی خۆ بەزلزانییەوە ، بە چاوانی هەندێک سپییەوە ڕوانییە پاڤکا و بە تۆنێک کە هیچ چەند وچوونێکی هەڵنەدەگرت گوتی : - ئەهۆی ، کوڕۆ ، لە گەڵ تۆمە ! سبەی سەعات شەش وەرە من بگۆڕە .

پاڤکا پرسی :- بۆ سەعات شەش ؟ ئەوانی دی سەعات حەوت یەکتر دەگۆڕن !

– ئەوان کەیفی خۆیانە ، کەی یەکدی دەگۆڕن بابیگۆڕن . بەڵام تۆ سەعات شەش وەرە . زۆریش مینگەمینگ بکەی دەم وچاوت شین دەکەمەوە . تەمەشای قەد وقەڵافاتی ، لە ئێساوە هێشتا دەستبەکار نەبووە خۆی دەنوێنێ !

ژنە قاپشۆرەکان کە نۆرەگۆڕکێیان کرد بوو ، زۆر بە وردی گوێیان لە گفت وگۆی ئەم دووە دەگرت ، قسەی ناخۆش وڕەفتاری بێئەدەبانەی کوڕەکە پاڤکای تووڕە کرد . هەنگاوێک لە دومانەکەی چووە پێشەوە و ئامادە بوو زللەیەکی مزر وئاودار لە بناگوێی کوڕە بسرەوێنێ ، بەڵام لە ترسی ئەوەی نەبا لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونییەوە ، دەریبکەن ، ئەوکارەی نەکرد ، ڕەنگی ڕەش داگەڕا وگوتی :

– هێواش هێواش ، ئاگات لە خۆ بێ و سنووری خۆت بزانە ، دەنا سنووری خۆت پێنیشان دەدەم ، سبەی سەعات حەوت دێم ، ئەگەر شەڕ دەفرۆشیت کڕیارم ها ! ئەگەر باوەڕناکەی ئەوە ئەرزو ئەوە گەز !

یارۆی حەریف هەنگاوێک بەرەو مەنجەڵەکە کشایەوە وبە سەرسامی ڕوانیە پاڤکای قژبژ . چاوەڕوانی ئەم وەڵامە بنجبڕ وددان شکێنەی نەدەکرد ، کەمێک شڵەژا ولەبن لێوانەوە گوتی : – زۆرچاکە بابزانین !

ڕۆژی یەکەم بە سەلامەتی بووری و پاڤکا بە هەستی کەسێکەوە کە ئابڕوومەندانە وبە ڕەنجی شان مافی ئیسراحەتی بە دەست هێنابێ ، بەرەو ماڵ دەبووەوە . هەنووکە ئەویش کاری دەکرد و کەس مافی ئەوەی نەبوو پێی بڵێ مشەخۆرە .

هەتاوی بەیانی ، بە ئەسپایی لە پشت بینای بەرز وزەلامی کارخانەی دارتاشییەکەوە سەری دەردێنا . دوای تۆزێکی دی خانووە بچووکەکەی ماڵی پاڤڵش دەردەکەوت . ماڵیان لێرەیە ، کەوتووەتە پشت پارکی ( باخ ) لشچنسکییەوە .

" هەڵبەتە دایکم هەستاوە ، من لە کار دەگەڕێمەوە – هەرکە ئەم بیرەی بە مێشکا هات ، بە دەم فیکە لێدانەوە پێی هەڵگرت – وا دیارە دەرکردنەکەم لە قوتابخانە زۆر خراپ نەبوو . بە هەرحاڵ ئەو قەشە نەعلەتییە ، وازی لێنەدەهێنام ، بەڵام ئێستا حیسابی سەگیشی بۆ ناکەم – پاڤکا بە دەم ئەو بیرانەوە لە ماڵ نزیک دەبووەوە . لە کاتێکا کە خەریک بوو دەرگای دەکردەوە ، بیری کەوتەوە : – " بەڵام ئەو قژ زەردە لێی بە سەر ناچێت ، هەر دەبێ سەروچاوی شین ومۆر بکەمەوە " .

دایکی لە حەوشەدا خەریکی سەماوەرەکە بوو . هەرکە کوڕەکەی بینی بە شلەژاوی پرسی : – ها چۆن بوو ؟

پاڤکا بەرسڤی دایەوە : – باش بوو .

دایکی دەیویست شتێکی بە گوێدا بدات ، لێ پاڤڵ خۆی تێگەیی . لە پەنجەرە کراوەکەی ژوورەکەوە شانە پانەکانی ( ئارتیم )ی برای بینی . پاڤڵ بە شەرمەوە پرسی : – چییە ئارتیم هاتووەتەوە ؟

– دوێنێ هاتەوە وئیدی لێرە دەمێنێتەوە . لە فیتەرخانەی مەکینەی قیتاران ( دەبۆ ) کاردەکات .

پاڤکا ، بە دوو دڵییەوە دەرگای ژوورەکەی کردەوە . ئەو کەلەشە زەلامەی کە لە کەنار مێزەکە دانیشتبوو ، وەرسووڕا . ئارتیم ، لە ژێر برۆ چڕ وڕەشەکانیەوە چاوە بە سامەکانی بڕییە پاڤکای برای .

– ئەها هاتیەوە ، توتنچی ؟ دەی باشە سڵاو ! ...

قسەکانی ئارتیم ، کە تازە هاتبووەوە ، چ مژدەیەکی خۆشیان بۆ پاڤڵ نەدەنواند . پاڤڵ لە فکران ڕاچوو : " کەواتە ئارتیم بە هەموو شتێکی زانیوە ، ئێستا هەم دەتوانێ جنێو بارانی بکات وهەم دەتوانێ دارکاری بکات .." پاڤکا لە ئارتیمی برای دەترسا .

لێ ئارتیم نیازی شەڕی نەبوو . لە سەر کورسییەک دانیشت و ئانیشکی دادایە سەر مێزەکەی بەردەمی و چاوی کە دیار نەبوو تەوسامێزە یا هەڕەشە ئامێز لە پاڤکا نە دەگواستەوە گوتی :

- وادیارە تۆ زاستگەت تەواو کردووە وهەموو زانستەکانت خەتم کردووە وهەنووکە گەییویتە چڵکاو وزێراب ؟

پاڤکا چاوی بڕییە زەمینە تەختەپۆشە شەقار شەقارەکەی ناو ژوورەکە ونیگای بە سەری زەقی بزمارێکەوە گیرسایەوە . ئارتیم هەستا وچوو بۆ موبەقەکە .

پاڤڵ هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا و دەبیرەوە چوو : "وا دیارە مەسەلەکە بە بێ کوتەککاری تێدەپەڕێ " .

ئارتیم بە دەم چای خواردنەوە ، بە هێمنی باسی کێشەی قوتابخانەکەی لە پاڤڵ پرسی ، پاڤکاش هەموو شتێکی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە .

دایکی بە خەمبارییەوە گوتی : - تۆ کە لە ئێستاوە بەم لاساری وشەڕانییە گەورەبیت ، نازانم ئاقیبەتت چ دەبێ ؟

ئەوسا بە دەم سکاڵا وگلەییەوە گوتی : - نازانم چی لێبکەم ؟ ئەم کوڕە بە کێ چووە ؟ خودایا ، چۆن بە دەست ئەم کوڕەوە گیرۆدە بووم .

ئارتیم ، کووپە بەتاڵەکەی دایە لاوە و ڕوویکردە پاڤکا وگوتی :

- گوێبگرە برا ، ئەوەی چوو چوو ، ئیدی لەمەو دوا ئاگاداربە ، لە کارکردنا ، ئاقڵ بە ، بە جوانی کار وئەرکی خۆت ئەنجام بدە ، ئەگەر لەوێش دەرتبکەن ، لێدانێکت لێدەدەم ئەوسەری دیار نەبێ . ئەم قسانەت لە بیربێ و وەکو گوارە لە گوێی بکە . بەسە لەوەی پتر دایکت ئەزیەت مەدە . لاسار ڕوو دەکەیە هەرشوێنێ ئاژاوەیە دەنێیتەوە ، هەرا وفەڕتەنەیەک بەرپا دەکەی . ئیدی ئەمە بەسە . ئەگەر یەک ساڵ کاربکەی ، هەوڵت بۆ دەدەم کە بە شاگردی لە دەبۆکە (فیتەرخانەی مەکینەی قیتاران ) وەرت بگرن ، چونکە لەو گەنداوەدا هیچ بە هیچ ناکەی ، نابی بە بەشەر ،

پێویستە فێری پیشەیەک ببیت . جارێ منداڵیت ، بەڵام دوای ساڵێک داوا دەکەم ، لەوەیە وەرتبگرن . من بۆ ئێرە نەقڵ دەبم ولێرە کاردەکەم . ئیدی داکمان نابێ کاربکات ، ئیدی بەسە ، مرد ئەوەندە لە بەر هەر کەس وناکەسێک دابنەوێتەوە ! ئیدی پاڤڵ ئاگات لە هەڵسوکەوتی خۆت بێ و پیاو بە پیاو، ببە بە بەشەر .

ئارتیم بە کەلەشە زەلامەکەیەوە هەستایە سەر پێ ، چاکەتەکەی ، کە دابووی بە پشتی کورسییەکەدا ، لە بەرکرد و بە داکی گوت :

- من کاری سەعاتێکم هەیە دەچمە دەرێ .

لە چوارچێوەی دەرگاکەدا خۆی دانەواندەوەو وەدەرکەوت ، کاتێ گەییە ناو حەوشە وبە بەر پەنجەرەکەدا ڕۆیی گوتی :

- جووتێ پێڵاو وچەقۆیەکم بۆ هێناوی ، دایکم وێتی دەدا .

***

بۆفیە وباڕی وێستگاکە ، شەو وڕۆژ لە یەکبینە کاری دەکرد . ئەم وێستگەیە شەش هێڵی لە خۆ گرتبوو . لە خەڵکیدا جمەی دەهات . شەوێ تەنیا دوو – سێ سەعات لە فاسیلەی نێوان دوو قیتاردا ئارام دەبوو . سەدان قیتاری سووپایی دەگەیینە ئەم وێستگەیە وبە ئاراستەی جۆراوجۆر لەم شەڕگەوە بۆ ئەو شەڕگە دەڕۆیشتن . لە شەڕگەوە خەڵکانی شەل وشیت ، وبرینداریان بۆ ئێرە دێنا و لێرەوە ، خەڵکانی تازە نەفەسیان بە جل وبەرگ وپاڵتۆی خاکییەوە بۆ شەڕگەکان دەگواستەوە .

پاڤڵ ، دووساڵی لەم کارەدا بە سەربرد ، لەم دوو ساڵەدا جگە لە موبەقەکە وژووری قاپشۆرییەکە هیچی دی نەبینی . لە موبەقە گەورە ژێر زەمینییەکەدا ، کار هەڵدەقولا ، لە تەواو بوون نە دەهات . پتر لە بیست کەس لەم موبەقەدا کاریان دەکرد . دە دانە گارسۆن ، بەردەوام لە نێوان بۆفیەکە وموبەقەکەدا لە هاتوچۆدا بوون .

پاڤڵ ، ئیدی مانگانه ده ڕۆبڵی وەردەگرت نەک هەشت ڕۆبڵ ، له ماوەی ئەم دووساڵەدا گەورە وبەهێز بوو بوو ، لەم ماویەدا مەینەتی دنیای کێشا . شەش دانه مانگ وەکو شاگرد ئاشپەز ، له موبەقەکەدا دووکەڵی هەڵمژی ، پاشان ، له نوێ ناردیانەوە بۆ ژووری قاپشۆری . کابرا زەلامه خێلەکه ناردییەوە بۆ ژووری قاپ شۆرییەکە. ئەم کوڕە کەللەڕەقەی به دڵ نەبوو ... هەمیشه لەوە دەترسا ، له سەر بچووکترین دەمەبۆڵە وقەرقەشه بەر چەقۆی بدات ، خۆ ئەگەر له بەر ئێشکەرییەکەی نەبوایه ، که زۆر ئیشکەر بوو ، له مێژبوو دەریانکردبوو ، پاڤڵ دەیتوانی بێ هیچ ڕەخاوەتێک له هەموویان پتر کاربکات .

لەو کاتانەدا که گەرمەی کاری بوفیه وباڕەکه بوو ، پاڤکا وەکو کەسێکی گڕگرته ، سینی له سەردەست بەملا وبەولادا غاری دەدا ، چوار پێنج پلەی به جارێ دەبڕی و دەچووە خوارەوە بۆ موبەقەکه و دووباره بۆ سەرەوە دەگەڕایەوە .

شەوان کاتێ هەردوو هۆڵی بۆفیەکه چۆڵ دەبوون ، گارسۆنەکان له خوارەوە له عەمارەکانی موبەقەکەدا کۆدەبوونەوە وقومارێکی شێتانه دەستی پێدەکرد . یاری بیست ویەکیان دەکرد . پاڤڵ زۆرجار له سەر مێزەکه ئەسکەناسی بەهاداری دەوڵەتی زۆری دەبینی . بەڵام سەری لەم هەموو پارەیه نه دەسوڕما ، چونکه دەیزانی هەریەکێک لەو کەسانه ، له شەو وڕۆژی خزمەتی خۆیاندا ، سی – چل ڕۆبڵ بەخشیشیان وەردەگرت . نیو ڕۆبڵ ، نیو ڕۆبڵ ، یەک ڕۆبڵ یەک ڕۆبڵ کۆیان دەکردەوە وپاشان مەست ومەیزەده دەستیان به قومار دەکرد . پاڤڵ ، ڕقی لێیان بوو ، حەزی لێیان نەدەکرد .

پاڤکا ، دەبیرەوە دەچوو : " بەراز بابینەی نەعلەتی . ئارتیم باشترین تەنەکەچی و بەڕاده ، چل وهەشت ڕۆبڵ وەردەگرێت . من ده ڕۆبڵ وەردەگرم ، بەڵام ئەمانه له بیست وچوار سەعاتدا ئەم هەموو پارەیه وەردەگرن ، ئاخر بۆچی ؟ هەموو کارەکەیان بریتییه له سینی بردن وسینی هێنانەوە ، هەرچییەک پەیدا دەکەن دەیدەن به خواردنەوە و له قومارا دەیدۆڕێنن " .

پاڤکا ، ئەمانەشی وەکو خاوەن بوفیەکە بە دوژمن وبێگانە دەزانی " ئەم خوێڕیانە لێرە نۆکەری وخزمەتکاری دەکەن ، بەڵام ژن ومنداڵەکانیان لە شارەکاندا وەکو دەوڵەمەندان دەژین " . ئەمانە کوڕەکانیان بە جلکی فەرمی قوتابیانەوە و ژنەکانیان کە لە پڕخۆریدا هەڵئاوسابوون ، بۆ ئێرە دێنن . پاڤکا ، لە فکران ڕادەچوو : " وا دیارە ئەمانە پارەیان لەو ئاغایانە زۆرترە کە ئەمان خزمەتیان دەکەن " . هەروەها ئەو پێشهاتانەی کە شەوان لە پەنا وپەسێری تاریکی موبەقەکە وعەمارەکانی باڕ وبوفیەکەدا ڕوویان دەدا ، ئەویان سەرسام نەدەکرد ، پاڤکا زۆر چاک دەیزانی کە ئەگەر هەر ئافرەتێکی قاپشۆر یا هەر ئافرەتێکی فرۆشیار ئەگەر لە هەنبەر چەند ڕۆبڵێکدا ، خۆ بە خەڵکانی دەستڕۆ وزۆرداری ئێرە نەفرۆشن ، ناتوانن ماوەیەکی زۆر لە سەر کارەکانیان بمێننەوە .

پاڤکا ، کە تینووی هەر شتێکی تازە ونادیار بوو ، چووە قووڵایی ژیانەوە ، چووە بنج وبناوانی ، بۆنی بۆگەنی و کەڕوو ، شێی زەلکاو وباتلاغ چوو بە سەروچاو ولووتیا .

ئارتیم نەیتوانی براکەی بە شاگردی لە دەبۆکە دامەزرێنێ . خەڵکی خوار پازدەساڵیان وەر نەدەگرت . پاڤکا چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد کە لێرە ڕزگار بێ . چاوی لەو بینا بەردینە گەورەیە بوو ، کە لە تەنیدا ڕەش هەڵگەڕابوو . زوو زوو دەچوو بۆ ئەوێندەر بۆلای ئارتیم . لە گەڵیا دەچوو بۆ پشکنینی فارگۆنەکان ، هەوڵیدەدا یارمەتی بدات .

بێزاری ئەو ، وەختێ زیادی کرد کە فروسیا لەوێ ڕۆیی . ئیدی ئەو کیژە ڕووخۆش و خەنۆڵە لەوێندەر نەما ، پاڤکا زیاتر هەستی بە دۆستایەتی ئەو کرد ، کاتێ بەیانیان خۆی بە ژووری قاپشۆرییەکەدا دەکرد و هەراوزەنا وهاواری ژنانی هەڵاتووی دەژنەوت ، هەستی بە جۆرە بێزاری و تەنیاییەک دەکرد .

***

لە کاتی پشووی شەوا ، پاڤکا، دەرکی کوانگەکەی ژێر مەنجەڵەکەی کردەوە دار وئێزنگی تێکرد ، دەرکەکەی دانەخستەوە . لەبەردەمیا چنچکی دایەوە ، چاوەکانی بچووک کردنەوەو دەیڕوانییە ئاگرەکە ، گەرمی ئاگرەکەی لە گیان خۆشبوو . کەس لە ژووری قاپشۆرییەکە نەبوو .

خۆیشی نەیزانی چۆن بیری چووەوە سەر ئەو شتەی کە ماوەیەک لەمەپێش ڕوویدابوو ، جووە سەر فروسیا و دیمەنی ئەو ڕووداوەی بە ڕوونی لە بەرچاو بەرجەستە بوو .

شەممە بوو ، پاڤڵ ، لە کاتی پشووی شەوانەدا ، لە پلیکانەکانەوە بۆ موبەقەکە دادەگەڕا ، لە پێچەکەدا و لە ڕووی کونجکاویەوە چووە سەر کۆما دارەکان تا لەوێندەرەوە تەمەشای ناو ئەو عەمارە بکات کە قومارچییەکان تیا خڕدەبوونەوە .

یارییەکە زۆر گەرم بوو ، زالیڤانوف ، بەوپەڕی هەڵچوونەوە قوماری دەکرد ، سوور بوو بووەوە .

دەنگی پێ لە سەمتی پلیکانەکانەوە هاتە گوێ . پاڤڵ ئاوڕی دایەوە و سەیری کرد "پروخوشکا" (سووکەڵە ناوی پروخور)ە ، لە سەرەوە دادەگەڕێ . پاڤکا ، خۆی بە ژێر قادرمەکەدا کرد تا پرۆخور بۆ موبەقەکە بڕوات . ژێر قاڵدرمەکە تاریک بوو و پروخوشکا نەیدەتوانی ئەو بدینێت .

پروخوشکا ، داگەڕا و پاڤکا ، لە پشتەوە شانە پانەکان و سەرە زلەکەی ئەوی دەبینی . کەسێکی دیکەش بە هەشتاو لە سەرێڕا دادەگەڕا . دەنگێکی ئاشنا هاتە گوێی پاڤڵ : - پروخوشکا ڕاوەستە .

پروخوشکا ڕاوەستا ، ئاوڕی دایەوە و ڕوو لە سەرەوە بۆڵەیەکی کرد : - چیت دەوێ ؟

دەنگی پێیان بەرەو خوار دەهات ، پاڤڵ فروسیای ناسی ، فروسیا ئاسینی ( قۆڵی کراس )ی گارسۆنەکەی گرت و بە دەنگێکی پچڕپچڕ و گیراو گوتی : - ئەو پارەیەی ملازم دایتێ چی لێهات ؟

پروخۆر ، بە توندی قۆڵی ڕاپسکاند و بە تووڕەیی گوتی :

- چی ؟ پارە ؟ ئەدی نەمدایتێ ؟

- ئاخر ئەو سێ سەد ڕۆبڵی دایتێ .

هەست بە گریانێکی پەنگ خواردوو بە دەنگی فرۆسیاوە دەکرا . پروخۆر ، بە تەوسەوە گوتی :

- دەڵێی سێ سەد ڕۆبڵ ؟ ناشێ بتەوێ هەر سێ سەد ڕۆبڵەکە وەربگری ؟ یانی خانمی ئازیز پێت وانییە ئەم پارەیە بۆ کەسێکی قاپشۆر زۆر زۆرە ؟! من پێموایە ئەم پەنجا ڕۆبڵەی دامیتێ سەرو زیادە . زۆر مەمنوون بە یەک شەو باخەڵی ، پەنجا ڕوبڵ دەرامەت . خەڵکی کەر نین . پازدە بیست ڕۆبڵی دیکەشت دەدەمێ وتەواو ، ئەگەر ئاقڵ بی ، پارەی دیکەشت دەستدەکەوێ ، من یارمەتیت دەدەم .

پاشان پروخوشکا ، گەڕایەوە و بۆ موبەقەکە ڕۆیی .

فروسیا لە دوایەوە هاواریکرد : - هیچ وپووچ ، حەیوان !

ئەوجا خۆی بە سەر کۆمادارەکاندا دا و، بە دەنگێکی نزم کەوتە گریان .

پاڤکا، کاتێ گوێی لەو گفتوگۆیە بوو ولە تاریکە شەوی ژێر پلیکانەکانەوە دەیبینی فروسیا چۆن بە دەم هەنسکەوە دەلەرزی و سەری خۆی بە ئێزنگەکاندا دەکوتی ، هەستێک سەراپای داگرت کە لە وەسف کرن نەدەهات . پاڤکا خۆی نیشان نەدا ، لە کاتێکا بە گرژی پایەی ئاسنینی پلیکانەکانی لە دەستی خۆیدا دەگوشی ، بێدەنگ بوو و ئەم هزرەی بە ڕوونی بە مێشکا هات و لە مێشکیا چەسپی : "ئەم مەلعوونانە ئەمشیان فرۆشت . ئاخ ، فروسیا ، فروسیا گیان ! " .

هێندەی دی ڕقی لە پروخور هەستا ، لە هەموو شتێکی دەوروبەری بێزاربوو : " ئاخ ، ئەگەر زۆرم دەبوو ، بزانە چۆن ئەم خوێڕییەم دەتۆپان ! بۆچی منیش وەکو ئارتیم زەلام وبە هێز نیم ؟ " .

بڵێسەی ئاگرەکە لە نێو ئاگردانەکەدا بە دەم سەماوە بەرز ونزم دەبووەوە . زمانە سووورباوەکانی ئاگرەکە دەلەرزین و وەکو شریتی بەرز وشینباو دەچوو ، پاڤکا وای خەیاڵدەکرد کە کەسێک بە تەوسەوە زمان لەو دەردێنێ .

بێدەنگی باڵی بە سەر ژوورەکەدا کێشابوو ، تەنیا جارجار دەنگی سووتانی ئێزنگی نێو ئاگردانەکە و چکەچکی داچۆڕانی ئاوی بەلۆعەکە دەهاتە گوێ .

کلیمکا (سووکەڵە ناوی کلیمە) دوا مەنجەڵی پاک کردەوە ، بریقاندییەوە و لە سەر ڕەفەکەی دانا ودەستەکانی سڕی . کەس لە موبەقەکە نەبوو . ئاشپەزی خەفەر و ژنە کارکەرەکان لە بینەکەدا خەوتبوون ، موبەقەکە شەوان سێ دانە سەعات ئیسراحەتی هەبوو . کلیمکا ، ئەم سێ سەعاتەی لە سەرەوە ، لە تەک پاڤکا بە سەردەبرد . ئەم ئاشپەزە چکۆلەیە و ئاو گەرمکەرە چاوڕەشەکە ، بووبوونە برادەر . کاتێ کلیمکا هاتە سەرێ سەیری کرد پاڤکا لە بەر ئاگردانەکە هەڵتروشکاوە . پاڤکا ، سێبەری سەروسیمای ژاکاوی کلیمکای بە سەر دیوارەکەوە بینی و بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە گوتی : – دانیشە کلیمکا .

شاگرد ئاشپەزەکە ، چووە سەر کۆمادار وئێزینگەکە و ڕاکشا ، ڕوانییە پاڤکا کە مات و بێدەنگ ڕۆنیشتبوو ، بە دەم بزەیەکەوە گوتی :

– چییە ، ئاگرەکە ئەفسوون دەکەی ؟

پاڤکا ، بە زەحمەت چاوی لە بڵێسە وزمانەی ئاگرەکە هەڵگرت و چاوە درشت و گەشەکانی بڕینە کلیمکا . کلیمکا خەمێکی پەنهانی لەو چاوانەدا بەدی کرد . کلیمکا یەکەمجار بوو ئەم خەمەی لە چاوانی هاوڕێکەیدا دەبینی .

– پاڤڵ ئەمڕۆ جۆرێک دیاری ، ئاسایی نیت .

دوای بێدەنگییەکی کەم پرسی : – هیچ پێشهاتێکت هاتووەتەپێش ؟

پاڤکا هەستا و لە تەنیشت کلیمکاوە دانیشت وبە دەنگێکی نەوی و کەسەردار گوتی :

– هیچ ڕووی نەداوە ، بەڵام من لێرە هەست بە بێزاری دەکەم .

دەستەکانی کە بە سەر ئەژنۆکانییەوە بوون گوشین .

کلیمکا ، بە یارمەتی ئانیشکەکانی کەمێک خۆی بەرز کردەوە ولە سەری ڕۆیی :
– ئەمڕۆکە تەواو نیت ، چیت لێقەوماوە ؟

– ئەمڕۆ چی ڕوویداوە ؟ ئەوەی ئەمڕۆ ڕوویداوە ، لەوەتای هاتوومەتە ئێرە ، هەمیشە هەر ڕوویداوە . تۆ تەمەشا چی لێرە ڕوو دەدات ؟ ئێمە وەکو وشتر کاردەکەین و کەچی لە جیاتی قەدرزانی ورێز ، هەر کەسێک ئارەزووی لێبێ ، پێتا دەکێشێت ، بێئەوەی کەسێک داکۆکیت لێبکات . ئێمە ، خودان کار بە کرێیان گرتووین ، تا خزمەتیانبکەین ، بەڵام هەر کەسێک هێزی هەبێ بۆی هەیە دارکاریمان بکات . خۆ ئەگەر خۆشت بکوژی وببڕی ناتوانی هەموو کەسێک ڕازی بکەیت ، هەر کەسێکیش ڕازی نەکەیت ، ڕقت لێهەڵدەگرێت و تۆڵەت لێدەکاتەوە . چەند هەوڵدەدەم ، هەموو کارەکان وەکو پێویست ئەنجام بدەم تا هیچ کەس نەتوانێ گلەییم لێبکات و ئیرادم لێبگرێت ، ئەم سەرو ئەو سەر دەکەم ، بەڵام فایدەی نییە ، ئەنجام کاری نەفەرێک لە کاتی خۆیدا نایەتە ئەنجامدان و هەنگێ بە بێ ئەوەی خەتایەکت هەبێ ، خۆت بگرە بۆلێدان ...

کلیمکا ، بە ترسەوە هەڵێدایێ : – هاوار مەکە ، نەبا یەکێک بێتە ژوورەوە وگوێی لێت بێ .

پاڤڵ ، ڕاپەڕی :

– با گوێیان لێبێ ، بە هەرحاڵ من لێرە دەڕۆم . پیاو لە کوچە وکۆڵاناندا ، بەفر ماڵی بکات باشترە ... بەڵام ئێرە گوڕستانە ، گەندەڵخانەیە ، دزبازاڕە ، هەموویان

پارەدارن ! بەڵام من و تۆ بە حەیوان وئاژەڵ دەزانن ، بە ئارەزووی دڵی خۆیان بە کچەکان ڕادەبوێرن ، خۆ ئەگەر کچێکی بەرچاوی ڕادەست نەبێ و دەستەمۆیان نەبێت یەکسەر لە چاو تروکانێکدا دەریدەکەن . ئاخر بۆ کوێ بچن ؟ ئەمانە بێ داڵدە وپەنان ، بێ ماڵ وحاڵن ، برسی وداماوان بە کرێیان دەگرن ، ئەوانە ئاتاج بە پاروەو ونانێکن ، لێرە بەلای کەمەوە نانێک هەیە بیخۆن ، لە برسا مل بۆ هەموو شتێک دەدەن .

پاڤکا ، ئەم قسانەی هێندە بەکینەوە دەگوت کە کلیمکا لە ترسی ئەوەی نەبا کەسێک گوێی لە قسەکانیان بێت لە جێی خۆی هەستا وئەو درگایەی کە دەهاتە سەر موبەقەکە ، داخست . بەڵام پاڤکا ، هێشتا هەر دەردەدڵی خۆی دەکرد : – بۆ نموونە تۆ کلیمکا ، کاتێ لێتدەدەن ، قسە ناکەیت ، بۆچی هیچ ناڵێیت ؟

پاڤکا ، لە سەر تەپڵەکێکی بەردەم مێزەکە دانیشت و شەکەت وماندوو سەری نایە ناو هەردوو دەستی . کلیمکا داری خستە ئاگردانەکەوە . لە بەردەم مێزەکە دانیشت و لە پاڤکای پرسی : – ئەمڕۆ ناخوێنینەوە ؟

پاڤڵ بەرسڤی دایەوە : – کتێبمان نییە . کوشکەکە داخراوە .

کلیمکا بە سەرسامی گوتی :– بە ڕاست ، مەگەر ئەمڕۆ کار ناکات ؟

پاڤل بەرسڤی دایەوە :– پۆلیس کتێبفرۆشەکەیان گرتووە ، شتێکیان لە لا دۆزیوەتەوە .

– شتی چی و دەربارەی چی ؟

– دەڵێن دەربارەی سیاسەتە .

کلیمکا ، بە سەرسامی ڕوانییە پاڤل : – ئەم سیاسەتە مانای چییە ؟

پاڤل شانەکانی هەڵتەکاندن :

– خوا دەیزانێ ، خەڵکی دەڵێن هەرکەسێک دژبەریی تزار بکات ئەوە سیاسەتە .

کلیمکا ، لە ترسا تەزوویەکی پێداهات .

- باشە خەڵکی واش هەن ؟

پاڤکا بەرسڤی دایەوە : نازانم .

دەرگا کرایەوە ، گڵاشا ، بە چاوی خەواڵووەوە خۆی بە ژووری قاپ شۆرییەکەدا کرد .

- کوڕینە بۆ ناخەون ، دەتوانن بۆماوەی سەعاتێک سەرخەوێ بشکێنن تا قیتارەکە دێت . پاڤکا تۆ برۆ من ئاگام لە مەنجەڵەکە دەبێت .

***

نۆرە کاری پاڤل تەواو بوو ، هەر هەستی پێنەکرد چۆن تەواو بوو .

لە ڕۆژێکی سەهۆڵبەندانی مانگی کانوونی دووەما ، پاڤکا کە خەریک بوو نۆرە کاری خۆی تەواو دەکرد و خۆی ئامادە دەکرد کە بۆ ماڵ بڕواتەوە ، بەڵام کوڕەکەی دوای ئەو هێشتا دیار نەبوو . پاڤکا ، چوو بۆ لای خانمی خاوەن بۆفیە وبارەکە و گوتی گەرەکیە بۆ ماڵ بڕواتەوە ، بەڵام خانم ئیزنی نەدا . پاڤکای شەکەت وماندوو ناچار بوو ، شەو و ڕۆژی دووەمیش لە سەر کار بمێنێتەوە ، لە نیوە شەوا تەواو ماندوو بوو ، شەکەتی زەیفی لێسەند . دەبوا لە کاتی پشوودا مەنجەڵەکان لە ئاو پڕکات و بۆ قیتاری سەعات سێ ئامادە بێت و بێتەکوڵ . پاڤڵ بەلووعەکەی کردەوە و ، ئاوی پێدا نەدەهات ، وا دیاربوو لە ترومپا سەرەکییەکەوە بەر نەدرابووەوە، بەلووعەکەی بەکراوەیی هێشتەوە و لە سەر کۆما ئیزنگەگە ڕاکشا و ، ماندوویەتی زۆری بۆهێنا و خەو بردییەوە .

دوای چەند دەقیقەیەک بەلووعەکە کەوتە بڵقەبڵق وبەرە بەرە مەنجەڵەکە لێوڕێژ بوو ، لە سەری ڕژاو وزەمینەی ژووری قاپشۆرییەکە ، کە شایگەر کرابوو ، پڕبوو لە ئاو ، هەڵبەتە کەس لە ژوورەکە نەبوو . ئاوەکە زۆر و زۆرتر بوو ، لە ژێر دەرگاکەوە بۆ هۆڵەکە دزەی کرد .

جۆگەلەی ئاو گەییە ژێر کەل و پەل و جانتای ئەو ڕێبوارانەی کە لە هۆڵەکەدا نووستبوون ، کەس ئاگای لەمە نەبوو ، تا ئاوەکە چووە ژێر یەکێک لەو ڕێبوارانەی کە لە سەر ئەرزەکە نووستبوو . ئەو لە خەو ڕاپەڕی و هاواریکرد ، هەموو ڕێبوارەکان پڕیان دایە جانتا وپریاسکەی خۆ ، ئیدی هەرا وزەنا بەرز بووەوە.

ئاوەکە پەیتا پەیتا زیاتر وزیاتر دەبوو .

پروخوشکا، کە لە هۆڵی دووەما مێزەکانی دەسڕی و پاک دەکردەوە ، بە دەم هاواری ڕێبوارەکانەوە هات ،بە دەم بازدانەوە بە سەر جۆگەلە ئاوەکاندا ،خۆی گەیاندە دەرگاکە وکردییەوە. ئاوەکە کە لە پشت دەرگاکەوە پەنگابووەوە ، بە جارێ وەکو لافاو هێرشی بۆ ناو هۆڵەکە هێنا.

هەراو زەناکە زۆرتر بوو. گارسۆنە ئێشکگرەکان بە غاردان خۆیان گەیاندە ژووری قاپشۆری ، پروخور ، بلەز بەرەو لای پاڤل، کە خەوتبوو ، چوو. پاڤل بگرە کوێت دێشێت . پاڤل ، لە تاو ئازار شێت بووبوو . پاڤکای خەواڵۆو نەیدەزانی مەسەلە چییە .گڕ لە چاوانی دەبووەوە، ئازای لە ئازارا دەیزریکاند . پاڤل ، وەکو ماری هەنجراو ، شەکەت و ماندوو، بە خورتی و بەدەم خۆ بکێشکردنەوە خۆی گەیاندە ماڵەوە.

بەیانی ئارتیمی برای ، بە ڕووی گرژ وپەستەوە پاڤلی پرسیار پێچ کرد و هەواڵی ئەو ڕووداوەی لێپرسی. پاڤکاش ڕووداوەکەی لە نووکەوە و موو بە موو بۆ گێڕایەوە . ئارتیم بە دەنگێکی گڕ پرسی : - کێ لێیدایت ؟

- پروخوشکا .

- زۆر چاکە، بخەوە .

ئارتیم، چاکەتە چەرمەکەی لەبەر کرد وبێئەوەی چ قسەیەک بکات لە ماڵ وەدەرکەوت.

***

کرێکارێکی نه ناسراو له گلاشای پرسی:- ئایا دەتوانم پروخوری گارسۆن بدینم؟

گلاشا بەرسڤی دایەوە : - چاوەڕوانکه، ئێستا دێت.

کرێکاره زەلامەکه ، شانی دا به لاشیپانەی دەرگاکەوە.

- باشه، چاوەڕوان دەکەم.

پروخور، که سینییەکی پڕ له قاپ وئامانی به دەستەوه بوو، به پا دەرگاکەی کردەوه وخۆی به قاپشۆرییەکەدا کرد . گلاشا ئاماژەیەکی بۆلای پروخور کرد و به یارۆی کرێکاری نەناسی گوت : ئەمه خۆیەتی.

ئارتیم لێی چووه پێشەوەو دەسته قورسەکەی خسته سەرشانی گارسۆنەکه و به دەم خێسەوه پرسی : - بۆچی له پاڤلی برامت داوە؟

پروخور ،دەیویست شانی له ژێر دەستی دەربێنێ ،بەڵام ئارتیم به یەک بۆکس تەختی ئەرزەکەی کرد . پروخور ویستی هەستێتەوه ،بەڵام بۆکسی دووەم که له یەکەم قورستر بوو ،له ئەرزەکەی چەقاند.

ژنه قاپشۆرەکان ترسان و لاکەوتن . ئارتیم وەرسووڕایەوه و بەرەو دەرگای دەرەوه ڕۆیی . پروخور به سەروچاوی خوێناوییەوه ، له ئەرزەکه گینگڵی دەدا .

ئارتیم ،شەوێ له دەبۆ نەگەڕایەوه . دایکی زانی که له پۆلیسخانه حەپسه.

ئارتیم ،دوای شەش شەو و ڕۆژ ، درەنگانه شەوێک ، که داکی خەوتبوو ،بۆ ماڵ گەڕایەوه. چوو به لای پاڤکاوه که له سەر تەخته خەوەکه دانیشتبوو و به میهرەبانییەوه لێی پرسی : - چۆنی براگیان ،چاک بوویتەوە؟

له لایەوه دانیشت: - گوێ مەدەیه ، لەمەش خراپتر دەبێت. دوای بێدەنگییەکی کەم له سەری ڕۆیی : - قەیدی نییه ، بڕۆ بۆ وێستگەی کارەبا ، باسی تۆم له گەڵدا کردوون ،لەوێ فێری پیشه دەبیت.

پاڤكا ، بە هەردوو دەستان ،دەستە زەلامەكەی ئارتیمی گوشی .

## فەسلّی دووەم

هەوالّێكی بروسكە ئاسا بە باژێرۆكەكەدا بلّاوبووەوە:"تزاریان سەرنگون كرد " خەلّكی شارۆچكەكە ، باوەڕیان نەدەكرد .

دوو خوێندكار، لەو قیتارەی كە بە نێو بەفر وكرێوەدا ،بە هانكەهانک خۆی بە وێستگەكەدا كرد ،دابەزین. سەروپالّتۆیان لە بەربوو و تفەنگەكانیان لە ملیان حەمایل كردبوو ،ئەمانە دەستەیەک سەربازی شۆڕشگێڕیان لە گەلّدا بوو ، كە سەرو بازووبەندی سووریان بە قۆلّەوە بوو . ئەمانە جەندەرمەكانی وێستگەكە و سەرهەنگە پیرەكەی فەرماندەی سەربازگەكەیان گرت. هەنگێ خەلّكی شارۆچكەكە باوەڕیان كرد. هەزاران كەس لە كوچە وكۆلّانە پڕ بەفرەكانەوە بەرەو مەیدانەكە هاتن وبە كەمالّی تاسەوە گوێیان لە وشە وزاراوەی تازەی وەک : ئازادی ،برایەتی ، یەكسانی دەگرت.

ڕۆژانی پڕ هەرا وزەنا و ، سۆز وگوداز و هەلّچوون تێپەڕین و قۆناغی ئارامی دەستی پێكرد ، تاقە نیشانەی گۆڕانكاری ئەو ئالّا سوورە بوو كە بە سەر بینای شارەوانییەوە هەلّواسرابوو ومەنشەویكەكان و بوندەكان (بوند : ناسیونالیستانی جووانی باشووری ڕووسیان) هاتبوونە ناوی وخۆیان بە خودان دەسەلّات دەزانی ، ئیدی هەموو شتەكانی دی وەكو خۆی مابووەوە .

لە ئاخر وئۆخری زستاندا ، فەوجێكی سوارەی گارد لە شارۆچكەكەدا ئۆردو بەزی كرد . ئەمانە بەیانیان دەستە دەستە بە سواری ئەسپەكانیان دەچوون بۆ وێستگەكە. تا ئەو سەربازانە دەستگیر بكەن كە لە بەرەی باشووری ڕۆژئاواوە هەلّدەهاتن.

سوارانی گارد ، هەموو بە ڕەنگ وڕوو ، قوت وقەلّەو، بەژن و بالّا تۆكمە و ساغلّەم بوون . ئەفسەرەكان، زۆربەیان كۆنت ومیر ومیرزادە بوون . كەتافیەكانیان

زێڕین بوو، نەوار وتیلماسکی زێوینیان بە پانتۆڵە سوارییەکانیانەوە درووبوو. هەموو شتێک وەکو سەردەمی تزار بوو . لە تۆ وایە هیچ شۆڕشیک بەرپا نەبوو بوو.

سالی ١٩١٧ بە خشکەیی بووری. بۆ پاڤکا و کلیمکا و سیرگی بروزچاک ، هیچ شتێک نەگۆڕا . دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی کۆن لە جێی خۆیان مابوونەوە. تەنیا لە هەیڤی پڕبارانی نۆڤەمبەرا هەندێک بوویەری نا ئاسایی ڕوویان دا . خەڵکانی تازە لە وێستگەکە دەستیان بە هاتوچۆ کرد . هەموو ڕۆژێک ژمارەی ئەو سەربازانەی لە شەڕگەوە دەهاتن زۆرتر دەبوو و ناوێکی سەیر و عەجیبیان پێوە بوو : "بۆڵشەویک ".

کەس نەیدەزانی ئەم ناوە ، ئەم ناو ونازناوە مەند وبتەوە لە کوێوە پەیدا بووە. بۆ سوارانی گارد زۆر زەحمەت بوو کە پێش بە سەربازانی هەڵاتوو لە شەڕگە بگرن و دەستگیریان بکەن.

ڕۆژ بە ڕۆژ بە هۆی تەق وتوقی تفەنگانەوە، شووشەی زیاتری پەنجەرەکانی وێستگەکە دەشکان. سەربازان پۆل پۆل لە شەڕگەکەوە هەڵدەهاتن و سەنگەرەکانیان بەردەدا ، هەرکاتێ پێشیان پێ بگیرایە بە دەم شەڕە نێزەوە خۆیان دەرباز دەکرد. لە سەرەتاکانی دێسەمبەرا ، چەند قیتارێکی پڕ لە سەربازانی هەڵاتوو ، گەیینە وێستگەکە.

سوارانی گارد، بە سەر وێستگەکەدا دابارین . ویستیان سەربازەکان دەستگیربکەن، بەڵام سەربازە هەڵاتووەکان بە دەسترێژی ڕەشاشان وەڵامیان دانەوە و لە مەیدانەکەیان وەدەرنان . ئیدی پیاوانێک کە خوویان بە مەرگەوە گرتبوو ، لە فارگۆنەکانەوە بە لێشاو دابەزینە خوارەوە.

سەربازانی خاکیپۆشی شەڕگە ، سوارانی گاردیان بۆ ناو شارۆچکەکە ڕاونا وخۆیان بۆ وێستگەکە گەڕانەوەو ئیدی قیتارەکان یەک لە دووی یەک ڕێگەی خۆیان گرتەبەر.

***

له بەهاری ساڵی ١٩١٨ دا ، هەرسێ دۆست ،له ماڵی سیرگی بروزجاکەوە وەدەرکەوتن ،لەوێندەر وەرەقبازیان دەکرد . بە دەم ڕێگاوە، خۆیان بەباخی "کورچاگین" دا کرد، له سەر چیمەنەکە ڕاکشان. زۆر بێزار ودڵتەنگ بوون . لە هەموو کارێکی ئاسایی بێزار بووبوون . له بیری ئەوەدا بوون کە چۆن بە شێوەیەکی باشتر ڕۆژ بە سەربەرن.

له پشتەوە گوێیان لە خرمەخرمی سمی ئەسپ بوو. سوارێک لە سەر جادەکە دەرکەوت. ئەسپەکە بە سەر ئەو جۆگەیەدا کە کەوتبووە بەینی شۆستەکە وپەرژینی نزمی باخەکەوە، بازی دا . سوارەکە، بە قامچیەکەی دەستی ئاماژەی بۆ پاڤل و کلیمکا کە لە سەر چیمەنەکە ڕاکشابوون، کرد : – ئەهۆی منداڵینە ، وەرن بۆ ئێرە! ...

باڤل وکلیمکا، ڕاپەڕین و هەستانە سەرپێیان. بە غار بەرەو تەیمانی باخەکە چوون، سوارەکە، سەراپای لە گەرد وتۆزا هەڵکشابوو. کاسکێتەکەی بە پشتا چووبوو، ئیدی توێژە گەرد وتۆزێکی ئەستووری ڕێگا نیشتبووە سەرکاسکێت و کراس وپانتۆڵە خاکییەکەی . دەمانچەیەکی "ناغان"و دوو نارنجۆکی ئەڵمانیش بە نیتاقە(کەمەربەند) مکوومەکەیەوە شۆڕ بووبوونەوە.

سوارەکە تکای کرد : – کوڕینە ئاوی خواردنەوەم بۆ بێنن.

کاتێ باڤڵ بەغار بەرەو ماڵ بووەوە تا ئاو بێنێ، سوارەکە بە سیرگی، کە تەمەشای ئەوی دەکرد ، گوت:– کوڕی باش پێم بڵێ کێ لە شارا حکومەتە ؟ ...

سیرگی، بە پەلە کەوتە باسکردنی هەموو بویەرە تازەکانی شار :

– دوودانە هەفتەیە هیچ حکومەتێک لە شارا نییە. شاری بێ حاکمە، کێ فریا بکەوێ ئەوە حاکمە، کوڕ ئەو کوڕەیە بەرگری لە خۆی بکات. هەموو خەڵکی شار، شەوان بە نۆرە ئێشکی شار دەگرن.

ئەوجا سیرگی پرسی : – ئەدی ئێوە کین ؟

سوارەکە بە دەم بزەیەکەوە گوتی :

– ئۆو، ئەگەر زۆر بزانی زوو پیر دەبیت.

باڤل، بە خۆ و پەرداخێ ئاوەوە بلەز لە ماڵەوە دەهات. سوارەکە، زۆر تینوو، بە جارێ پەرداخە ئاوەکەی خواردەوە. پەرداخەکەی بە پاڤل دایەوە، جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو، یەکسەر ئەسپەکەی تاودا و بەغار بەرەو کاژستانەکە ڕۆیی.

پاڤل، بە سەرسامی، لە کلیمکای پرسی : – ئەمە کێ بوو؟

کلیمکا ، شانەکانی هەڵتەکاند و بەرسڤی دایەوە : – لە کوێ بزانم؟

– بێگومان دیسان حکومەت دەگۆڕێت، بۆیە دوێنێ لیشنسکییەکان ڕۆیشتن . مادامێکی دەوڵەمەندەکان دەڕۆن ، مانای وایە پارتیزانەکان دێن سێرگی، بەو دڵنیاییەوە ئەم مەسەلە سیاسییەی شرۆڤە وڕاڤە کرد .

بۆچوونەکانی بە ڕادەیەک بنجبڕ وقەناعەت بەخش بوون کە پاڤکا و کلیمکا یەکسەر باوەڕیان پێکرد.

هێشتا منداڵەکان، فریا نەکەوتبوون، بە کامی دڵ دەربارەی مەسەلەکە قسە بکەن، کە دەنگی خرمەخرمی سمی ئەسپ لە جادەکەوە هاتەگوێ. هەرسێکیان بەرەو پەرژینی باخەکە غاریان دا. لە جەنگەڵ ودارستانەکەوە لەپشت ماڵی جەنگەڵەوانەکەوە، کە منداڵەکان بەزەحمەت دەیانبینی، برێک خەڵکی وگالیسکان وەدیارکەوتن، لە سەر شۆستەکەوە نزیکەی پازدە سوار، کە تفەنگەکانیان بە ئاسۆیی لەسەر زینی ئەسپەکان گرتبوو، بەدیار کەوتن. دوو کەس لە پێشی پێشەوەی سوارەکانەوە بوون : یەکێکیان پیربوو، چاکەتێکی خاکی لە بەربوو، حەمایلێکی چەرمی ئەفسەری بە سەریا بەستبوو، دووربینێک بە سەر سینگیدا شۆڕ بووبووەوە، ئەوەی دووەمیان هەمان ئەو سوارە بوو کە تۆزێ لەوە پێش داوای

ئاوی لەمنداڵەکان کردبوو. نەوارێکی سوور بە سەر چاکەتەکەی سوارە پیرەکەوە بوو.

سێرگی، سیخورمەیەکی بە قەبرغەی پاڤلدا کێشا : نەمگوت؟ نەوارە سوورەکەی دەبینی؟ واتە پارتیزانەکانن ...چاوم کوێرە بن ئەگەر پارتیزانەکان نەبن... بە دەم هاوارەوە، وەکو باڵندەیەک بەسەر پەرژینەکەدا هەڵفڕی و خۆی گەیاندە شەقامەکە.

هەردوو برادەرەکەی دووی کەوتن. ئێستا هەرسێکیان لە ڕەخی شەقامەکەوە وەستابوون وتەمەشای ئەو سوارانەیان دەکرد کە نزیک دەبوونەوە.

سوارەکان تەواو نزیک بوونەوە. منداڵەکان، سوارە ئاشناکەیان بینی کە سەری بەرەو ئەوان تەکاندا وبە شەلاخەکەی ئاماژەی بۆ ماڵی لیشنسکی یەکان کرد وپرسی : – کێ لەم خانووەدا دەژی؟

پاڤل ،لە کاتێکا هەوڵیدەدا لە ئەسپەکە دوا نەکەوێت ، بەدەم ڕێوە گوتی :

– لیشنسکی پارێزەر لێرە دەژی. دوێنێ هەڵات. ڕەڤی ، پێدەچێ لە ئێوە ترسابێت.

سوارە پیرەکە بە دەم زەردەخەنەوە گوتی : – تۆ چوزانی ئێمە کێین؟

پاڤکا، ئاماژەی بۆ نەوارە سوورەکە کرد وگوتی : – ئەدی ئەمە چییە ؟ لە دوورەوە دیارە...هاواردەکات...

خەڵکەکە ڕژانە سەرجادەکە. بە کونجکاوی دەیانڕوانییە ئەو پۆلە سوارەی کە دەهاتنە ناو شارەکە. منداڵەکانی دۆستمان لە سەر شۆستەکە وەستان و وەکو ئەوانی دی تەمەشای گاردە سوورەکانیان دەکرد کە شەکەت وماندوو لە گەرد وتۆزا هەڵکشابوون.

کاتێ تۆپ تاقانەکەی دەستەکە، بە تەقەتەق بە سەر سەلبەندەکەدا، لە گەڵ عارەبانەی ڕەشاشەکاندا تێپەڕی، منداڵەکان دووی پارتیزانەکان کەوتن و دوای

ئەوەی دەستەی پارتیزانەکان لە ناوەندی شارا وەستان و پارتیزانەکان بە سەر ماڵەکاندا دابەشبوون، ئەوجا بۆ ماڵی خۆیان ڕۆیشتنەوە.

شەوێ لە ژووره گەورەکەی میوانداری ماڵەکەی لیشنسکییەکاندا، کە دەستەی سەرکردایەتی کردبوویان بە بارەگا، چوارکەس لە پشت مێزێکەوە کە پایەکانی کەندەکاری بوو، دانیشتبوون، سێ ئەفسەر بوون لە گەڵ فەرماندەی دەستەکەدا بە ناوی هاوڕێ بۆلگاکوف. پیرە پیاوێکی قژ ماش وبرنج بوو.

بۆلگاکوف ، نەخشەی دیار ودەڤەرەکەی لە سەر مێزەکە والا کردبووەوە و نینۆکی بە سەردا دێنا و تاقیبی هەندێک هێڵی دەکرد. ڕووی کردە ئەو پیاوەی لە هەنبەریا دانیشتبوو وگوتی :

– هاوڕێ یەرماچنکو تۆ دەڵێی پێویستە لێرە شەڕبکەین. بەڵام من پێموایە کە پێویستە سبەی بەیانی لێرە دووربکەوینەوە. خۆ ئەگەر بکرابا هەر ئەمڕۆ لێرە بڕۆین زۆر چاکتر بوو، لێ زەلامەکانمان ماندوو بوون. ئەرکی ئێمە ئەوەیە تا ئەڵمانەکان پێشمان نەکەوتوون، خێرا خۆمان بگەیەنینە کازاتین. بە ڕاستی ئەم هێزە کەمەی ئێمە و مقاوەمەتیان نەگوتووە، بەڕاستی مایەی پێکەنینە .. یەک دانە تۆپ بە سێ گولە تۆپەوە، دوو سەد سەرەنێزە و شەست شمشێرەوە، بە ڕاستی هێزێکی ترسناکە ! ئەڵمانییەکان وەکو سێڵاوێکی ئاسنین دێنە پێشێ . ئێمە تەنیا کاتێ دەتوانین جەنگ بکەین، کە پەیوەندی بە یەکە سوورەکانی ترەوە، کە لە حاڵی پاشەکشەدان، بکەین. چونکە هاوڕێیان ئێمە دەبێ ئەوە ڕەچاوبکەین کە بە دەم ڕێگاوە جگە لە شەڕی ئەڵمانەکان، ئەگەری ئەوەش دابنەین کە تووشی جۆرەها باند ودەستەی ئەنتی شۆڕش دەبین، بۆیە بە ڕای من پێویستە سبەی بەیانی، سارەزی پاشەکشە بکەین وپردە بچووکەکەی پشت وێستگەکە بتەقێنینەوە. تا چاکی دەکەنەوە، دوو سێ ڕۆژیان پێدەچێ. هەنگێ پێشڕەوی وان لە هێڵی ئاسنەوە دوا دەکەوێت. بولگاکوف، ڕووی کردە ئەو کەسانەی کە لە دەوری مێزەکە دانیشتبوون و گوتی :

- ئێوە چ دەڵێن هاوڕێیان؟... وەرن با قەرار بدەین.

ستروژکوف، کە لە لابەلای بولگاکوفەوە ڕۆنیشتبوو لێوەکانی جولاند، تەمەشایەکی نەخشەکەی کرد وئەوسا ڕوانییە بولگاکوف، ئەنجام بە خورتی ئەو وشانەی دەربڕی کە لە ئەوکی گیرابوون : - من .. لە .. گەڵ ڕایەکەی بولگاکوف دام.

هەرە گەنجەکەیان کە بلوزێکی کرێکاری لەبەردا بوو گوتی :

- پێشنیازەکەی بولگاکوف ماقووڵە.

بەڵام یەرماچنکو، ئەو پیاوەی کە بە ڕۆژەکەی قسەی دەگەڵ منداڵەکاندا کردبوو، سەری نەرێی بادا .

- باشە بۆچی ئەم فەسیڵەمان کۆکردووەتەوە؟ بۆ ئەوەی بەبێ تەقە لەبەر ئەڵمانەکان هەڵێین وپاشەکشە بکەین؟ بە باوەڕی من پێویستە لێرەدا بە گژیانا بچینەوە. مردین ئەوەندە پاشەکشە بکەین وهەڵێین. ئەگەر مەسەلەکە بە دەستی من بوایە، بێگومان لێرەدا شەڕیانم دەکرد. بە توندی کورسییەکەی دایەلاوە و هەستایە سەرپێ و بە ژوورەکەدا کەوتە هاتوچۆ.

بولگاکوف، نیگایەکی ناڕازیانەی کرد .

- شەڕ دەبێ ئەنجامی هەبێ یەرماچنکو. بەڵام بێین خەڵکی بخەینە تالووکە ولە ناوچوونەوە، نابێ شتی وابکەین. ئێمە ناتوانین کاری وابکەین ، ئەمە بێئەقڵییە، مایەی پێکەنینە . یەک لەشکری تەواو بە تۆپخانەی قورس وزرێپۆشەوە لە دوومانن... نابێ کاری منداڵانە بکەین هاوڕێ یەرماچنکو... ئەوجا ڕوویکردە دوو پیاوەکەی دیکە وکۆتایی بە قسەکەی هێنا: - کەواتە تەواو ، سبەی بەیانی دوور دەکەوینەوە ..

بولگاکوف ، درێژەی بە شیرەت وڕاوێژی خۆی دا .

– مەسەلەی دووەم پەیوەندی بە تەماس ومخابەرەوە هەیە جا چونکە ئێمە دوا یەکەین کە پاشەکشە دەکەین، بۆیە مەسەلەی دابینکردنی پەیوەندی لە پشت شەڕگەی ئەڵمانەکانەوە دەکەوێتە ئەستۆی مە. ئێرە مەڵبەند وناوەندی یەکتربڕی هێڵی ئاسنە ، ئەم شارۆچکەیە دوو ویستگەی قیتاری تیایە، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە هاوڕێیەکی باوەڕپێکراو لەم وێستگەیە کاربکات. ئێستا دەبێ بڕیار بدەین کە کێ لە هاوڕێکانمان بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان لێرە دابنەین . ناوی چەند کاندیدێک پێشنیاز بکەن.

یەرماچنکو ، لە مێزەکە هاتەپێشەوە وگوتی :

– بە ڕای من هەقە ژوخرای دەریاوان لێرە بمێنێتەوە. یەکەم ژوخرای خەڵکی ئەم ناوچەیەیە. دووەم ئەو پیاوێکی بەڕاد ومیکانیکی کارەبایە و دەتوانێ لە وێستگەکەدا کاربکات . فیودور ( سووکەناوی زوخرای یە ) کەس لە فەسیڵەکەی مەدا نەیدیتووە، ئەو تەنیا بە شەوان دێت. ئەو گەنجێکی وریایە و کاروبارەکانی ئێرە بەڕێوە دەبات. بە باوەڕی من ئەو گونجاوترین کەسە.

بولگاکوف، سەری لەقاند : – دروستە ، من لە گەڵ بۆچوونەکەی تۆدام یەرماچنکو.

ئەوسا ڕووی کردە ئەوانی دی و پرسی : – ئەدی ئێوە چ دەڵێن هاوڕێیان، گلەییتان نییە؟ نیتانە ، کەواتە تەواو ، مەسەلەکە چارەسەربوو و بڕایەوە. کەواتە بڕێک پارە و وەکالەتنامەیەک بۆ ژوخرای بەجێدێڵین .

بولگاکوف، لەسەری ڕۆیی : – هاوڕێیان ، ئێستا با بینە سەر سێیەم ودوا مەسەلە. واتە مەسەلەی ئەو چەکانەی کە لە شاردا هەن . ئێرە عەمارێکی پڕ لە چەکی تیایە . بیست هەزار تفەنگ، کە لە شەڕی سەردەمی تزاریدا ماوە. ئەم چەکانە لە عەمارێکی جووتیاریدا کەڵەکە کراوەو لەو گۆڕە کەتووە و لە بیری کەس نەماوە. کابرای جووتیار، خاوەنی عەمارەکە پێی گوتم، دەیەوێ ئەو چەکانە لە کۆڵ خۆی بکاتەوە... هەڵبەتە نابێ ئەم عەمارە بۆ ئەڵمانەکان بەجێ بهێڵرێ . پێموایە دەبێ هەر ئێستا ئاگری تێ بەربدرێ، تا بۆ بەیانی هەموو شتێک ئامادەبێت. بەڵام سووتاندنی

له مەترسی بەدەر نییە، چونکە عەمارەکە کەوتۆتە قەراخ شارەوەولە بەینی ماڵە هەژارەکاندایە، ڕەنگە ماڵە جووتیارەکان ئاگر بگرن.

ستروژکوف، کە زەلامێکی تێکسمراوی تۆکمە بوو و ڕدێنە زبرەکەی لە مێژ بوو نەتاشی بوو، لە جێی خۆ جوولا :

– بۆ... بۆ... بسوتێنرێ ؟ من ڕام وایە ئەو چەکانە بە سەر خەڵکیدا دابەشبکەین.

بولگاکوف، بلەز ئاوڕی لێدایەوە : – یانی دابەشی بکەین هاوڕێ؟

یەرماچنکو ، بە جۆش وخرۆشەوە هاواریکرد :

– دروستە، ڕاستە! چەکەکان بە سەر کرێکاران وهەموو خەڵکیدا، هەرکەسێ گەرەکی بێ، دابەش بکەین. بەلای کەمەوە کاتێ ئەڵمانەکان گوشاریان هێنا، شتێک دەبێ کە سڵی لێبکەنەوە. بێگومان گوشاریان زۆرتر دەبێت، کاتێ کێرد گەییە ئێسقان، خەڵکی دەست دەدەنە چەک. ستروژکوف ڕاستدەکات، قسەیتی : با چەکەکان دابەشبکرێ، خۆ ئەگەر بۆ گوندەکانیش بگوازرێتەوە خراپ نییە. جووتیارەکان لە شوێنی باشتر تاقەتی دەکەن. کاتێ ئەڵمانەکان بکەونە مسادەرەی هەموو شتێک، هەنگێ ئەم تفەنگانە سوودی خۆیان دەبێت.

بولگاکوف پێکەنی : – بەڵێ، بەڵام کاتێ ئەڵمانەکان ئەمر دەکەن چەکەکان ڕادەست بکەن ، هەر هەمووی ڕادەست دەکەن.

یەرماچنکو، بەرپەرچی دایەوە :

– نا ، هەموویان نا ، هەندێکیان ڕادەستی دەکەن و هەندێکی دیکەیان ، ڕادەستی ناکەن.

بولگاکوف، نیگایەکی پرسیارئامێزی ئامادەبوانی کرد. کرێکارێک پشتیوانی لە بۆچوونەکەی یەرماچنکو و ستروژکوف کرد وگوتی :

– باشە، با تفەنگەکان دابەشبکەین.

بولگاکوف، بە ڕەزامەندییەوە گوتی :

– باشە با دابەشی بکەین . ئەوسا لە پشت مێزەکەوە هەستاو گوتی :

– ئەمە هەموو مەسەلەکان بوو. ئێستا دەتوانین تا بەیانی ئیسراحەت بکەین. هەرکاتێ زوخرای هات، با بێت بۆلای من، من قسەی لە گەڵدا دەکەم . تۆش یەرماچنکۆ، بڕۆ سەرێکی پۆستەکان بدە.

بۆلگاکوف، کە لێبووەوە، چوو بۆ ژووری نووستنی خاوەن ماڵەکە کە بە تەنیشت ژووری میوانەوە بوو، پاڵتۆکەی بە سەر دۆشەکەکەدا ڕاخست و ڕاکشا.

***

پاڤل، بەیانی لە وێستگەی کارەبایەکە گەڕایەوە، یەک ساڵ بوو کە یاریدەدەری توونچی وێستگەکە بوو.

لە شارە چکۆلەکەدا جم وجولێکی نائاسایی فەرمانڕەوا بوو. ئەم جم وجووڵە یەکسەر سەرنجی ئەوی ڕاکێشا، لە ڕێگادا کەسانێکی زۆری خەڵکی شارەکەی بینی. کە سەرو یەک، دوو ، سێ تفەنگیان پێبوو. پاڤکا ، بە هەشتاو بۆ ماڵ ڕۆیشتەوە. نەیدەزانی چ باسە. لە نزیکی پارکی لیشنسکیدا، ئەو پیاوانەی دوێنێی بینی خەریک بوو سواری ئەسپەکانیان دەبوون.

پاڤکا، بە هەڵەداوان خۆی بە ماڵدا کرد، دەم وچاوی شۆرد و هەرکە لە دایکی بیست کە ئارتیم هێشتا نەهاتووەتەوە، خێرا هەستاو چوو بۆلای سیرگی بروزژاک ، کە ماڵیان لەوپەڕی شاردا بوو.

سیرگی ، کوڕی یاریدەدەری شوفێری قیتار بوو . بابی ماڵێکی بچووک و کێڵگەیەکی بچووکی بەتەنیشت ماڵەکەیەوە هەبوو. سریوژگا ( سیرگی ) لە ماڵ نەبوو. دایکی کەژنێکی قەڵەوی دەم وچاو سپی بوو ، نیگایەکی ناڕازی پاڤگای کرد : – خوا دەزانێ لە کوێیە! لە بەیانی زووەوە لە ماڵ دەرکەوتووە. دەڵێی شەیتان چووەتە کلێشەیەوە، دەڵێت لە شوێنێک چەک دابەشدەکەن، دیارە دەبێ لەوێ بێت.

ئێوەی جەنگاوەرانی چڵمن دەبێ لێتان بدرێ. بە تەواوەتی لە دەست دەرچوون. جڵەوتان نایەتە گرتن. هێشتا بۆنی شیری خاوتان لە دەم دێ و تاقیبی چەک دەکەن . بەو لاسار وگوێ نەبیستە بڵێ : ئەگەر یەک فیشەک بێنێتەماڵەوە، ملی هەڵدەکێشم . هەر گەند وگویەکی بەردەست دەکەوی دەیهێنێتە ماڵەوەو دەبێ ئێمە تەحەمولی مەسئولیەت بکەین. چیە، تۆش گەرەکتە بۆ ئەوێندەر بڕۆیت؟

لێ پاڤل، لەوەی پتر گوێی لە بۆڵەبۆڵی داکی سیرگی نەگرت و بە هەڵەداوان بە ناو جادە وبانان کەوت. کابرایەک بە سەر شۆستەکەدا دەڕۆیی، سەرو تفەنگی کردبووە هەر یەکێک لە شانەکانی. پاڤل بەرەو ڕووی ئەوچوو : – هاپۆگیان، ئەم تفەنگانەت لە کوێ پەیدا کرد؟

– لەوێ، لە ڤیرخوڤینا دابەشی دەکەن.

پاڤل، بلەز بەرەو ئەو شوێنە ڕۆیی کە کابرا ناونیشانەکەی بۆ هەڵدا. پاش ئەوەی دوو شەقامی بڕی، تووشی کوڕێک بوو کە تفەنگێکی قورسی قەمەداری هێزی پیادەی پێبوو . پاڤکا کوڕەی ڕاگرت :

– ئەم تفەنگەت لە کوێ هێناوە؟

– پارتیزانەکان لە بەردەم قوتابخانەکەدا دابەشیدەکەن . بەڵام هیچ نەماوە ، هەموویان دابەشکرد. بە درێژایی شەو هەر دابەشیان دەکرد، ئێستا تەنیا سەندووقی بەتاڵ ماوە.

کوڕەکە بە شانازییەوە لە سەری ڕۆیی : – ئەمە تفەنگی دووەمە کە دەیبەم .

پاڤل، بەم هەواڵە زۆر دڵتەنگ بوو. بەکەسەرەوە لە فکران ڕاچوو: "شەیتان بەنەحلەت بی، هەق بوو یەکسەر بۆ ئەوێندەر چووبام، نەک بۆ ماڵەوە. چۆن ئەمەم بە بیرا نەهات، ها؟! " .

لە ناکاوا بیرێکی بە مێشکا هات، بە توندی پێچی کردەوەو بە سێ قەڵەمباز خۆی گەیاندە کوڕەکە کە خەریکبوو دەڕۆیی، بە زۆر تفەنگەکەی لە دەستی دەرهێنا

و به تۆنێک که هیچ چه‌ند وچوونێکی هه‌ڵنه‌ده‌گرت گوتی : – تۆ تفه‌نگێکت له ماڵه‌وه هه‌یه و ئه‌وه‌ت به‌سه‌، ئه‌مه بۆ من!

کوڕه‌که که له‌م تالآنییه و به ڕۆژی ڕووناک تووڕه بووبوو، په‌لاماری پاڤكای دا، لێ پاڤكا، یه‌ک هه‌نگاو چووه دواوه وڕووی قه‌مه‌ی تفه‌نگه‌که‌ی کرده کوڕه وهاواریکرد : – لاکه‌وه، ده‌نا بریندار ده‌بیت!

کوڕه، له حه‌ژمه‌تان ده‌ستی به گریان کرد، به غاردان گه‌ڕایه‌وه‌و له بێتوانایی خۆیدا جنێوی ده‌دا، پاڤڵ شادمان و ڕازی به‌ره‌و ماڵ غاریدا ، به سه‌ر په‌رژینه‌که‌دا بازی دا و خۆی به عه‌ماره بچووکه‌که‌دا کرد . تفه‌نگه تالآنییه‌که‌ی خسته سه‌ر له‌وحه‌کانی بنمیچه‌که‌، له کاتێکا له خۆشیا فیکه‌فیکی ده‌کرد، خۆی به ماڵدا کرد.

***

شه‌وانی هاوینی ئۆکرانیا چه‌ند جوانه‌، به تایبه‌تی باژێرۆکانی وه‌کو چیپتوکا که ناوه‌نده‌که‌ی شاره‌و ده‌وروبه‌ره‌که‌ی گوند ودێهاته‌.

له‌و شه‌وه ئارامانه‌دا، هه‌موو گه‌نجه‌کان دێنه سه‌ر شه‌قامه‌کان. کوڕان وکچان ، کۆمه‌ڵ کۆمه‌ڵ ، دوو دوو ، له به‌ر ماڵه‌کان، باخه‌کان ، باخچه‌کان ، له خودی شه‌قامه‌کاندا، له سه‌ر ئه‌و کاریتانه که بۆ بینا هه‌ڵچنراون، به ده‌م پێکه‌نین و گۆرانییه‌وه کۆده‌بنه‌وه .

هه‌وای پڕ بۆن و به‌رامه‌ی گوڵان شه‌پۆل ده‌دات. له قوڵایی ئاسماندا ستێران وه‌کو ئه‌ستێرۆک ( گوڵه ئه‌ستێره ) به زه‌حمه‌ت ده‌دره‌وشینه‌وه‌. ده‌نگ له دووری دووره‌وه ده‌بیسترێ .

پاڤكا، ئۆکۆردیۆنه‌که‌ی خۆی خۆشده‌وێ. به میهره‌وه ئه‌م ئامێره ده‌نگ خۆشه‌ی خۆی له سه‌ر ئه‌ژنۆکانی داده‌نێت و په‌نجه مه‌علانه‌کانی به سه‌ر هه‌ردوو ڕیزی دوگمه‌کانیا دێنێ، به په‌له له سه‌رێڕا بۆ خوارێی داده‌گیرێ . شه‌پۆله ئاوازێک

کۆتایی دێ وشەپۆلێکی دیکەی بە دوودا دێت، ئیدی ئاوازی ئۆکۆردیۆنەکە هاماجەکە پڕدەکات.

ئۆکۆردیۆنەکە وەکو مار پێچ دەخوات و ئاه هەڵدەکێشێت چۆن دەشێت مرۆڤ نەخاتە سەما؟ تەحەمووڵ ناکرێت ، لاقەکان خۆبەخۆ دێنە جووڵە. ئۆکۆردیۆنەکە بە گەرمی هەناسە دەدات و ژیان هێندەی دی خۆشدەکات!

ئەم ئێوارەیە، ئێوارەیەکی خۆشبوو، لاوانی شۆخ وشەنگ لە نزیک ماڵی پاڤکا، لە سەر کاریتە وشاتیرەکان خڕبوونەوە، گالوچکای دراوسێی ماڵی پاڤکا، لە هەمووان چالاکتر ودەنگخۆشتر بوو. ئەم گالوچکایە کیژی کابرایەکی بەنا بوو، ئەم کیژە حەزیدەکرد دەگەڵ کوڕاندا سەما بکات و ستران بڵێت ودەنگی یەجگار خۆش وزوڵاڵ بوو. دەنگی لە ناخی ناخییەوە دەردەچوو.

پاڤل، لە زمانی دەترسا. زمانێکی تیژی هەبوو، گالوچکا، لە سەر شاتیرە وکاریتەکان، لە تەنیشت پاڤلەوە دانیشتووە، بە تووندی باوەشی پێدا دەکات وقاقا پێدەکەنێت :

- ئەی سازڤانی بوێر وبێباک! حەیفێ هێشتا کەمێک منداڵی، ئەگینا مێردێکی زۆر لەبار دەبووی بۆ من. من سازڤانانی ئۆکۆردیۆنم خۆشدەوێن، کاتێ کە چاوم پێیان دەکەوێ، خەریکە سۆم بۆیان دەبێتەوە.

پاڤکا ، لەشەرما سوور دەبێتەوە. بەوەی باشە کە دنیا شەوە ولە تایکیەکەدا دیارنییە. پاڤکا، لەم کیژە شەیتانە دوور دەکەوێتەوە، بەڵام گالوچکا توووند دەیگرێت ودەستبەرداری نابێت و بە سوعبەتەوە دەڵێت :

- بۆ کوێ هەڵدێی گیانەکەم ؟ عەجەب دەنک ودەزگیرانێکی!

پاڤکا، هەست بە مەمکە نەرمەکانی لە سەرشانی خۆی دەکات وهەست بە جۆرە هەڵچوون وپەشۆکانێک دەکات. قاقای پێکەنین شەقامەکە، کە زۆربەی کات ئارام وبێدەنگە، دەهەژێنێ.

پاڤكا، به دەست شانی گالوچکا، له خۆی دوور دەخاتەوه ودەڵێت :

– تۆ نایەڵی ئۆکۆردیۆنەکەم لێبدەم ، تۆزێک لاکەوه.

دیسان نۆره قاقا وپێکەنین وگاڵته وشۆخی، بەرزدەبێتەوه. ماروسیا هەڵدەداتێ و دەڵێت : – پاڤكا، ئاوازێکی خەمین لێده که ژییەکانی دڵ بهەژێنێ.

ئۆکۆردیۆنەکه، به هێواشی پڕو بەتاڵ دەبێتەوه، پەنجەکان به کاوەخۆ دەجوڵێن، ئەم ئاوازه ئاشنا وباوه. بەر له هەمووان گالینا ودوای ئەو ماروسیا و پاشان هەموو ئەوانی دی دەگەڵ ئۆکۆردیۆنەکەدا هاوئاواز دەبن.

هەموو بورلاکەکان له شوێنێکا خڕ بوونەوه

له زاگەی خۆدا، له ناو کوختەکانا

به یەک دەنگ ئەمەیان دەخوێند

ئێمه لێره خوشحاڵین، ئێره جێی مەیه

ئێمه لێره خوشحاڵین، ئێره ئەشقی مەیه

دەنگی زوڵاڵ وسازگار وگەنجانەی دەنگبێژەکان، دەڕۆیی تا دوور، له لێرەوار وکاژستانەکەدا دەنگی دایەوه.

دەنگی ئارتیمه : – پاڤكا!

پاڤكا، هەوادانی ئوکۆردیۆنەکەی دێنێتەوه یەک و قایشەکەی دادەخات.

– بانگم دەکەن، من دەڕۆم.

ماروسیا، به پاڕانەوەوه دەڵێت :

– تۆزێکی دیکه دانیشه و ئاوازێکی دیکه لێبده، خۆ ماڵ ڕاناکات.

بەڵام پاڤل پەله دەکات.

- نا، سبەی دەژەنم ، لێ ئێستا دەبێ بڕۆم، ئارتیم بانگم دەكات.

پاڤكا، لە ناوەندی شەقامەكەوە، بەرەو ما ڵە بچووكەكەیان غار دەدات. كە دەرگا دەكاتەوە ڕومانی هاوڕێی ئارتیم و كەسێكی دیكەی نەناسراو دەبینێ كە لەدەوری مێزەكە دانیشتوون. پاڤل پرسی : - تۆ بانگت كردم؟

ئارتیم سەری لەقاند و ڕوویكردە پیاوە نەناسەكە وگوتی :- ئەمە پاڤلی برامە.

كابرا دەستە چرچ ولۆچەكانی بۆ درێژكرد . ئارتیم بە پاڤلی گوت :

- تۆ پێت گوتم كە كابرای كارەباچی لە وێستگەی كارەبای ئێوە نەخۆشە . سبەی بپرسە بزانە ئاخۆ لە جیاتی ئەو كەسێك كە لە عویەی ئەم كارەبێت، قەبوول دەكەن؟ ئەگەر پێویستیان پێی بوو، ئاگادارم بكەوە.

كابرای نەناس هەڵیدایە : - نا، من خۆم لە گەڵیا دەرۆم، بە خۆم قسە دەگەڵ خاوەن وێستگەكەدا دەكەم.

- هەڵبەتە پێویستیان پێی هەیە، ئەمڕۆ وێستگەكە نەخرایەكار چونكە ستانكوفیچ نەخۆش بوو. خاوەن موەلیدەكە دووجار هات لەوە دەگەڕا كە یەكێك لە جیاتی ئەو پەیدا بكات، بەڵام بۆی پەیدا نەكرا. نەوێراش بە یەك كارەباچی، وێستگەكە بخاتەكار. ئەندازیارە كارەباچییەكە تووشی تیفۆ بووە.

كابرای نەناس گوتی : - كەواتە كارەكە ڕایی بوو . ئەوجا ڕوویكردە پاڤل وگوتی : - سبەی دێم بە دووتا و پێكەوە دەڕۆین.

- باشە.

چاوانی پاڤكا، لە چاوە سەیرە قاوەیی ومەندەكانی كابرای نەناس هەڵەنگوت كە بە وردی تەمەشای ئەمی دەكرد.

پاڤكا، كەمێك بە نیگا قووڵەكانی كابرای نەناس كە نەدەترووكان پەشۆكا وسوور بووەوە. كابرا چاكەتێكی قاوەیی لە بەربوو كە لە سەرێ تا خوارێ دوگمەكانی

داخستبوو، که ناوشانه پانەکەی تیایدا جەڕی بوو. دیاربوو که به بەری تەنگە، گەردنێکی ئەستوورو قەوی که له گەردنی گا دەچوو، سەر وشانەکانی دەدانه دەم یەکەوه وئەوەنده تۆکمه وبه خۆوه بوو زیاتر له دار بەڕوویەکی به تەمەن و ڕیشەداری به هێز دەچوو.

له کاتی خوا حافیزیدا، ئارتیم گوتی : – جارێ خواحافیز زوخرای، سبەی وەره، له گەڵ براکەمدا بڕۆ و یەکسەر کارەکه ڕایی بکه.

***

سێ دانه ڕۆژ پاش ڕۆیشتنی فەسیڵەکه، ئەڵمانەکان هاتنه ناو شارۆچکەکه. شووتی قیتاری وێستگەکه که لەو ڕۆژانەی دواییدا چۆڵ وبێ سەر پەرشتیاربوو، هەواڵی هاتنی ئەڵمانەکانی ڕاگەیاند : دەنگوباس بڵاوبووەوه که ئەڵمانەکان دێن.

شار وەکو مێروستان هاڕوژا. هەرچەنده هەموو خەڵکی ماوەیەکی زۆربوو دەیانزانی ئەڵمانەکان زوو یا درەنگ هەردێ، بەڵام وا دیاربوو مەسەلەکەیان زۆر به هەند وەر نەگرتبوو. ئەمێستا ئەڵمانه ترسناکەکان، له شوێنێکی دەرێی شاردا نەبوون، بەڵکو له ناوجەرگەی خودی شارۆچکەکەدا بوون.

خەڵکەکه هەموو، خۆیان دایه پەنا وپاساری ماڵەکانیان ودەترسان بێنه سەر جاده وشەقامەکان.

ئەڵمانەکان، به ئونیفورمی سەوزی تۆخەوه، تفەنگەکانیان له مل کردبوو و به دوو ڕیز بەم بەرو بەو بەری جادەکەدا دەڕۆیشتن وناوەندی جادەکەیان به چۆڵی بەجێهێشتبوو. قەمەی پانی کێرد ئاسایان به سەری تفەنگەکانیانەوه کردبوو، کڵاوخودی پۆڵاییني قورسیان له سەر کردبوو و کۆڵەپشتی گەورەیان دابوو به کۆڵا. له وێستگەکەوه تا ناو شارەکه ڕیزیان بەستبوو و وەکو لافاو، به پارێزەوه دەهاتن و ئامادەی هەر هێرش و پەلامارێک بوون. هەرچەند هیچ کەسێکی خەڵکی شار به تەمای بەرخۆدان وبەرەڤانی و پەلاماردانیان نەبوو.

دوو ئەفسەری ماوزەر بە دەست لە پێشی پێشەوە بوون. لە ناوەڕاستی شۆستەکەدا، هیتمان و( هیتمان : نازناوی قوزاقانی ئوکرانی بوو. هیتمانەکان دژی شۆڕش بوون وماوەیەک حوکمی ئۆکرانیایان کرد) دیلمانجێک ڕێی دەکرد کە پاڵتۆیەکی ئۆکرانی شینباوی لە بەر وکڵاوێکی قووچی فەرووی لە سەربوو.

ئەڵمانەکان، لەمەیدانەکەی ناوەندی شارا بە شێوەیەکی چوار گۆشە ڕیزیان بەست، تەپڵ لێدران، ژمارەیەکی کەم لە ڕەش وڕووتان و کاسبکارانی شار، ئەوانەی کە وێران بوون، لە دەوریان خڕبوونەوە. ئەفسەرە هیتمانیەکە، ئەوەی کە پاڵتۆیەکی ئۆکرانی لە بەربوو، چووە سەر سەکۆی بەردەم دەرمانخانەکە وبە دەنگێکی بەرز فەرمانی مێجەر کورفی خوێندەوە . دەقی فەرمانەکە ئەمە بوو :

١ – پێویستە لە سەر هەموو خەڵکی شار لە ماوەی بیست وچوار سەعاتدا هەرچی چەکی گەرم وسارد هەیە ڕادەستی بکەن، سزای سەرپێچی لەم فەرمانە، ئیعدامە.

٢ – حوکمی عورفی لە شاردا پیادە دەکرێت و لە سەعات هەشتی شەو بە دواوە، چوونە دەرەوە قەدەغەیە.

فەرمانداری شار : مێجەر کورف.

سەرکردایەتی ئەڵمانەکان لەو خانووەدا کە جاران بارەگای ئیدارەی شاربوو و پاش شۆڕش کرا بە بارەگای ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرێکاران ، گیرسانەوە. پاسەوانێک لەبەر دەرگا وەستابوو کە لە جیاتی کڵاوخودی پۆڵایین، کاسکێتێکی فەرمی، کە داڵێکی گەورەی تزاری پێوە بوو، لە سەربوو. لێرەدا و لە ناو حەوشەکەدا شوێنێک بۆ کۆمکردنی ئەو چەکانە تەرخان کرابوو کە ڕادەست دەکران.

ئەو خەڵکە هەژار وکاسبکارانەی کە لە هەڕەشەی ئیعدام ترسابوون بە درێژایی ڕۆژ هەر چەکیان ڕادەست دەکرد. پیاوانی گەورە وبە تەمەن خۆیان نیشان نەدەدا،

زیاتر گەنجەکان چەکەکانیان ڕادەست دەکرد. ئەڵمانەکان کەسیان دەستگیر نەدەکرد.

ئەو خەڵکانەی کە نەیاندەویست چەکەکان ڕادەست بکەن، شەوان چەکەکانیان، فڕێ دەدایە سەر شەقامەکان و دەورێیەکانی ناو شار کۆیان دەکردەوە و لە گالیسکەی سوپاییان باردەکرد و بۆ ئینزیباتخانەیان دەبرد. .

لەسەعای دوازدە بەدواوە ، کەمۆڵەتی ڕادەستکردنی چەک تەواو بوو ، سەربازانی ئەڵمانی کەوتنە ژماردنی دەستکەوتەکانیان . تێکڕا چواردە هەزار تفەنگ ڕادەست کرابوو،بەم حیسابە شەش هەزار تفەنگ مابوو کە ڕادەست نەکرابوو، ئەڵمانەکان کەوتنە تەحەڕی و پشکنینی سەرانسەری، بەڵام شتێکی ئەوتۆیان دەست نەکەوت.

بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر، لە دەرێی شاردا، نزیکی گۆڕستانی کۆنی جوولەکان، دوو کرێکاری هێڵی ئاسن کە لە کاتی پشکنینە گشتییەکەدا، تفەنگیان لەلا گیرابوو، گوللەباران کران.

***

کاتێ ئارتیم بەم هەواڵەی زانی بە هەشتاو بۆماڵ گەڕایەوە، لە حەوشەدا تووشی پاڤکا بوو، شانی گرت، بە ئەسپایی، بەڵام لێبڕاوانە پرسی :

– تۆ لە عەمارەکەوە هیچت بۆ ماڵ هێناوەتەوە؟...

پاڤکا، دەیویست باسی تفەنگەکە نەکات، بەڵام حەزی نەکرد درۆ لە گەڵ براکەیدا بکات، ئیدی هەموو شتێکی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە.

بە دوو قۆڵی بۆ عەمارەکە چوون. ئارتیم ئەو تفەنگەی کە خرابووە پشت لەوح وشاتیرەکانەوە داگرت، میل و قەمەکەی لێ جیاکردەوە، ئەوجا لوولەی تفەنگەکەی گرت وتاهێز لە بازوویدا بوو کێشای بە ئەستوونی پەرژینەکەدا، قۆناغی تفەنگەکە پارچەپارچە بوو، پاشماوەی تفەنگەکەی تووڕدایە چۆڵاییەکی پشت باخەکە. قەمەومیلەکەشی خستە ئاودەستەکەوە.

ئارتیم پاش ئەوەی لەو کارانە بووەوە ، ئاوڕی لە براکەی دایەوە وگوتی : - تۆ ئیتر بچووک نیت، منداڵ نیت، پاڤل گیان بە خۆت دەزانی کە گەمەکردن بە چەک بڤەیە. من بە جددی پێت دەڵێم هیچ شتێک بۆ ماڵ مەیەنەوە، بەخۆت دەزانی ئێستا ڕەوشەکە چۆنە، لەوەیە لە سەر شتێکی وا ئینسانێک بکوژرێ. نەخەڵەتابی فێڵم لێبکەی، دەنا ئەگەر شتی وا بۆ ماڵ بێنیتەوە ، یەکەم کەس من گوللەباران دەکەن، دەست بۆ تۆی منداڵ نابەن . ئێستا ڕەوشەکە خراپە ، تێدەگەی؟ پاڤکا بەڵێنی دا هیچ بۆ ماڵ نەیەنێ.

کاتێ هەردووکیان بە دووقۆڵی لە حەوشەکەوە بۆماڵەوە دەچوونەوە گالیسگەیەک لەبەر خانووی لیشنسکییەکان ڕاوەستا، پارێزەرەکە وژنەکەی و هەردوو منداڵەکەی ، نیلی وڤیکتۆر لە گالیسکەکە دابەزین .

ئارتیم، بە ڕقەوە گوتی : - چۆلەکە تەرەکان هاتنەوە، هەر ئێستا فەرتەنە بەرپادەبێت، نەحلەتیان لێبێ .

ئەوجا چوونە ژوورەوە .

پاڤکا، بە درێژایی ئەو ڕۆژە خەفەتی لە تفەنگەکە خوارد. لەو کاتەدا سریوژکای هاوڕێی بە هەموو هێزێکی خۆیەوە لە عەمارێکی کۆنی چۆڵا تەقەلای دەدا و ئەرزەکەی بەردەم دیوارەکەی هەڵدەکەند . ئەنجام چاڵەکە ئامادەبوو. سریوژکا، سێ دانە تفەنگی نوێ ی ، کە لە کاتی دابەشکردنەکەدا، بە دەستی هێنابوون و لە پەڕۆکۆنییەوە پێچابوون وخستنیە ئەو چاڵەوە. بە نیاز نەبوو ئەو تفەنگانە ڕادەستی ئەڵمانەکان بکات. بۆیە بە درێژایی شەوەکە ، ئەو عەزابەی خۆی دابوو تا بە ئاسانی دەستبەرداری دەستکەوتەکەی خۆی نەبێت. چاڵەکەی بە گڵ پڕکردەوە، جوان کوتایەوە، ئەوسا زڕوبڵ وخاشاکی ئەوناوەی بە سەردا کرد ، ئەوسا بە چاوی هەڵسەنگاندنەوە ڕوانیە ئەنجامی کارەکەی خۆی و ئەنجامەکەی بە دڵ بوو. کڵاوەکەی داکەن و ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی ولە دڵی خۆیدا گوتی :" ئێستا با

بگەڕێن . ئەگەر دۆزیشیانەوە کێشە نییە ، خۆ ئەم عەمار وکەلاوە چۆڵە هی کەس نییە ".

***

پاڤکا ، بەرە بەرە ، بەبێ ئەوەی بە خۆ بحەسێت، دەگەڵ ، ئەو کارەباچییە جدییەی کە یەک مانگ بوو لە وێستگەی کارەباکە کاریدەکرد، بوو بە دۆست.

ژوخرای، بونیادی دینەمۆی مەکینەی کارەباکەی بە شاگرد کارەباچییە بچووکەکە ، واتە پاڤل نیشان دا و فێری کارکردن و خستنە ئیشی کرد .

ژوخرای دەریاوان، ئەم کوڕیژگە زیرەنگ و هۆشنەی چووە دڵەوە. ژوخرای ، زۆرجار لە ڕۆژانی پشوودا بۆلای ئارتیم دەهات. ئەم دەریاوانە بەویقار وجدییە، بە سەبر وحەوسەڵەی زۆرەوە گوێی بۆ هەموو حیکایەتەکانی مەشغەڵەتەکانی ژیان و گوزەرانەوە، بە تایبەتی گلەیی وگازندەکانی داکی ئارتیم ، لە لاساری و نەژنەوییەکانی پاڤل، دەگرت . بە جۆرێ کاری لە ماریا یاکوڤلیڤنا دەکرد و دڵخۆشی دەدایەوە کە ناکامی ونەگبەتییەکانی خۆی فەرامۆش بکات و دڵی خۆشبێ وتین وتاوی وەبەر بێتەوە.

جارێکیان ژوخرای، پاڤکای لە حەوشەی وێستگەی کارەباکە، لە نێو لێژنەدار وئێزنگەکاندا ڕاگرت و بە دەم بزەیەکەوە لێی پرسی :

– دایکت دەڵێت تۆ حەزت لە شەڕە وشەڕانیت، دایکت دەڵێت: " کوڕێکم هەیە دەڵێی کەڵەبابی جەنگییە " ژوخرای پێکەنی و لە سەری ڕۆیی : شەڕ بە شێوەیەکی گشتی خراپ نییە ، بەڵام دەبێ بزانی لە کێ دەدەیت و بۆچی لێی دەدەیت.

پاڤکا، بێئەوەی بزانێ کە ژوخرای گاڵتەی پێدەکات یان بە جدییەتی، بەرسڤی دایەوە :

– من هەرگیز لە خۆڕایی شەڕ ناکەم . هەمیشە لە سەر هەق شەڕدەکەم .

ژوخرای ، لە ناکاوا پێشنیازی کرد :

- دەتەوێت فێری شەڕی ڕاستەقینەت بکەم؟...

پاڤل، بە واق وڕماوی تەمەشای کرد: - چۆن؟

- ئێستا پێتی نیشاندەدەم .

پاڤکا، گوێی لە یەکەمین وانەی کورت ، سەبارەت بە بۆکسێنی ئینگلیزی گرت. پاڤکا، ئەم وانەیەی بە ئاسانی وەرنەگرت، بەڵام زۆر بە چاکی فێری بوو . پاڤکا، زۆرجار بە دەم بۆکسێکی ژوخرایەوە دەکەوت و دەتلایەوە . بەڵام قوتابییەکی کۆشا و بە سەبر وپشوو درێژ بوو!

لە ڕۆژێکی گەرما، پاڤکا لە لای کلیمکا گەڕایەوە، بە بێکار بە ژوورەکەدا دەهات ودەچوو، لە پڕ لێبڕا بچێت بۆ شوێنە دڵخوازەکەی خۆی ، بچێتە سەربانی کەپرە دارینەکە. بە نێو حەوشەکەدا ڕۆیی، خۆی بە باخە بچووکەکەدا کرد کە گەییە عەمار وکەپرە دارینەکە ، لە پلیکانەکانەوە چووە سەربان، بە نێو لق وپۆپی دار گێلاسەکاندا ، کە سەریان بە سەربانی عەمارەکەوە شۆڕ کردبۆوە تێپەڕی و گەییە ناوەندی سەربانەکە و لەبەر هەتاوەکە هەڵاژا .

لایەکی سەربانی کەپرەکە دەیڕوانیە باخچەکەی ماڵی لیشنسکی، لە سەربانەکەوە هەموو باخەکە ولایەکی کۆشکەکە دەبینرا. پاڤکا لە سووچێکی سەربانەکەوە سەری قوت کردەوە وبەشێکی حەوشەکەی ، کە گالیسکەیەکی تیا ڕاگیرابوو، لێ بە دیارکەوت. چاوی بە موراسیل و خولامەکەی ئەو ملازم یەکەمە ئەڵمانییەی هاتبووە ماڵەکەی لیشنسکی یەوە، کەوت کە بە ماهوتی پاککەرەوە، پێداویستییەکانی ئاغای خاوێن دەکردەوە. پاڤکا ، چەندین جار ، ملازمی لە بەر دەرگای ماڵەکە بینی بوو.

ملازم، پیاوێکی چوارشانەی کورتەباڵای، دەم وچاو سووری سمێڵ کورت بوو، عەینەکی لە چاو دەکرد، کاسکێتێکی قەراخ پانی بریقەداری کەسکی لە سەر دەکرد.

پاڤل دەیزانی کە ملازم یەکەمەکە ، لەو ژووره دادەنیشێت کە پەنجەرەکەی بە سەر باخەکەدا دەکرایەوە و لە سەربانەوە دەبینرا .

ملازم یەکەمەکە، لەو دەمەدا، لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو وشتی دەنووسی، پاشان نووسینەکانی هەڵگرت ولە ژوورەکە وەدەرکەوت . نامەکەی دایە دەست موراسیل وخولامەکەی بە ڕارەوی بە ینی باخچەکاندا، بەرەو دەرگای دەرەوە ڕۆیی . لە بەردەم کەپرێکی بە پێچ وپەنادا وەستا. وا دیاربوو دەگەڵ کەسێکدا قسان دەکات. " نلی لیشچنیسا" ( لەزمانی ڕووسیدا ناوی خانەوادەییش نێر ومێی هەیە، بۆ نموونە لیشچنیسکا بۆ مێیە ولیشچنیسکی بۆ نێرە. کورچاگین بۆ نێرە ، کورچاگینا بۆ مێیە ) . لە کەپرەکە هاتەدەرێ. ملازمەکە دەستی گرت و لە گەڵیا بەرەو دەروازەکە ڕۆیی و بە دووقۆڵێ وەدەرکەوتن .

پاڤل، هەموو ئەو دیمەنانەی بینی ، خەریک بوو خەو دەیبردەوە کە بینی خولامەکە چووە ژوورەوە وجلە فەرمییەکانی بە عەلاگەکەوە هەڵواسی. پەنجەرەی سەر باخچەکەی کردەوە ودەستی بە خاوێنکردنەوەی ژوورەکە کرد، پاشان لە ژوورەکە وەدەرکەوت و دەرگاکەی لە دووی خۆی داخست. پاشان پاڤکا، هەمان موراسیلی لە بەر تەوێڵەکەدا، کە ئەسپەکان لەوێندەر وەستابوون ، بینی.

پاڤل، لە پەنجەرە وازەکەوە، ناو ژوورەکەی بە تەواوی وبە باشی دەبینی. چەند پشتێنێک وشتێکی بریقەدار بە سەر مێزەکەوە دیاربوو. پاڤل لە کاتێکا خرووی کونجکاوی کەوتبووە گیانی، لە سەربانەوە ، خۆی بە قەد دارگیلاسێکەوە شۆڕکردەوە ولە ناو باخەکەی ماڵی لیشنسکی گیرسایەوە. خۆی دانەواندەوە وبە ماتە مات خۆی گەیاندە بەر پەنجەرە وازەکە وچاوی بڕییە ناو ژوورەکە. کەمەربەندێک وشمشێربەندێک وکیفێک کە دەمانچەیەکی مالینخۆی دوازدەخۆری عال، لە سەر مێزەکە بوو.

هەناسەی پاڤکا، توووند بوو ، چەند چرکەیەک بە دوودڵی تێپەڕی . بەڵام ئەنجام بە سەر خۆیدا زاڵ بوو ، خۆی بە ژوورەکەدا کرد، پڕی دایە کیف ودەمانچەکەی

هەڵگرت وبازی دایە ناو باخەکە، بە وردی ڕوانییە دەور وبەر، بە پارێزەوە دەمانچەکەی ، لە بەرکی نا، بە نێو باخەکەدا بەرەو دار گیلاسەکە ڕۆیی، خێرا وەکو مەیموون بە نیخەنیخ پێیدا هەڵگەڕا و خۆی گەیاندە سەربان . پاشان ئاوڕی پاشی دایەوە ، موراسیلەکە هێدی هێدی لە گەڵ مەیتەرەکە قسەی دەکرد . ئارامی باڵی بە سەر باخەکەدا کێشابوو . . پاڤکا ، لە کەپرەکە دابەزییە خوارەوە و بەغار بەرەو ماڵ بووەوە .

داکی، لە موبەقەکەدا، خەریکی ئامدەکردنی فراڤین بوو وئاگای لە هاتنەوەی ئەو نەبوو.

پاڤکا، پارچە پەڕۆکێکی لە پشت سەندووقەکەوە هەڵگرت و لە بەرکی خۆی نا و بە ئەسپایی لە دەرگاکەوە وەدەرکەوت و بە هەڵەداوان بە ناو باخەکەدا تێپەڕی و بە سەر پەرژینەکەدا بازی دا وگەییە ئەو جادەیەی کە دەگەییە لێرەوارەکە . پاڤکا، دەمانچەکەی، کە زۆر بە توووندی بەر ڕانی دەکەوت ، بە دەست گرت و تاهێز لە لاقیا بوو، بەرەو کۆنە کارخانە خشت سازییە وێرانەکە، غاری دا .

لاقەکانی بە خورتی بەر ئەرزەکە دەکەوتن ، بایەکە لە گوێیدا دەیلوراند ، شوێنی کۆنە کوورەخانەکە نقومی بێدەنگی بوو . ئەم لاو ئەولای سەربانی کورەخانەکە داڕوخابوو، کۆمەڵە خشتی شکاو وکورەێن داڕوخاو، بینەریان خەمبار ودڵتەنگ دەکرد. گیای خۆڕسک لە هەموو لایەکەوە ڕووا بوو . تەنیا سێ دۆستەکە جارجار دەهاتنە ئێرە و بۆ خۆ گەمانیان دەکرد . پاڤل زۆر پەنا وپەسێری نهێنی لێرەدا شک دەبرد کە دەشیا گەنجە دزراوەکەی تیا بشارێتەوە.

پاڤکا، خۆی گەیاندە دەمی کوورەخانەکە. بە پارێزەوە چاوی بە دەوروبەرا گێڕا، ڕێگاکە چۆڵ بوو، دارکاژەکان بە دەم شنەباوە، خشەخشیان دەکرد، نەرمە بایەک گەرد وتۆزی دەوروبەری بەرز دەکردەوە، بۆنی تیژی قەترانی دارکاژ دەهات .

پاڤل، دەمانچەکەی، کە لە کۆنە پەڕۆکێکەوەی پێچابوو، لە قووڵایی کوورەکەدا ، لە گۆشەیەکدا دانا و، بە خاکە وپارچە خشتی کۆن داپۆشی . پاش ئەوەی لە

وێندەر دەرهات، دەمی کوورە کۆنەکەی بە خشت وکەرپووچان گرت وچۆنییەتی دانانی کەرپووچەکانی لە زەینی خۆیدا دیاریکرد وخۆی گەیاندەوە سەر جادەکە وهێدی هێدی بۆ ماڵ ڕۆیشتەوە.

ئەژنۆکانی کەمێک دەلەرزین ، لە دڵی خۆیدا دەیگوت : " ئاقیبەتی ئەم کارە چ دەبێت؟ " . جۆرە نیگەرانییەکی قورس وترسناک دڵی دەگوشی .

پاڤل، بۆ ئەوەی لە ماڵەوە نەبێ، زوو چوو بۆ وێستگەی کارەباکە. کلیلەکەی لە دەرگاوانەکە وەرگرت و دەرگا پانەکەی ئەو بینایەی کردەوە کە موەلیدەکانی تیابوو. لە کاتێکا کە هەواکێشی کوورەکەی پاک دەکردەوە، بە ترومپا ئاوی دەکردە مەنجەڵەکەوە و ئاگردانەکەی هەڵدەکرد ، لە دڵی خۆیدا دەیگوت : " ئاخۆ ئێستا لە ماڵەکەی لیشنسکیدا چ باس بێ؟"

دوای ماوەیەکی زۆر، دەور وبەری سەعات یازدە ، ژوخرای هات بۆ لای پاڤل وبانگیکرد بۆ ناو حەوشەکە وبە ئەسپایی پرسی :

– بۆچی ئەمڕۆ ماڵەکەی ئێوەیان دەپشکنی؟

پاڤکا، لە ترسا ڕاچڵەکی : – پشکنینی چی؟

ژوخرای کەمێک بێدەنگ بوو وپاشان لە سەری ڕۆیی :

– ئا، شتێکی خراپە ، نازانی ئەوانە لە چی دەگەڕان؟

پاڤکا، زۆر چاک دەیزانی کە ئەوانە لە دووی چی بوون ، لێ زاتی نەکرد ،حیکایەتی دزینی دەمانچەکە بۆ ژوخرای باسبکات وبیگێڕێتەوە ، لە کاتێکا سەراپای لە نیگەرانی و پەشێویدا دەلەرزی پرسی :

– ئارتیمیان دەستگیر کردووە؟

– کەسیان دەستگیر نەکردووە، بەڵام هەرچییەک لە ماڵەکەدا بووە، ژێر وژووریان کردووە.

ئەم قسانە بڕێک هێوریان کردەوە وسوکنایی بە دڵیا هات . بەڵام ترس ونیگەرانییەکەی نەڕەوییەوە. هەریەکەیان بۆ چەند چرکەیەک دەبیرەوە چوون. یەکێکیان بە هۆی ئەوەوە کە ئەنگێزە وسەدەمی پشکنینەکەی دەزانی شپرزە بوو، دووەمیان بە هۆی ئەوەوە کە سەدەمی پشکنینەکەی نەدەزانی شپرزە وگوێ قوڵاخ بووبوو.

ژوخرای، لە دڵی خۆیدا دەیگوت : "مەگەر خوا بزانێ چ نیازێکیان لە دڵدایە، ڕەنگە بۆنی شتێکیان دەربارەی من کردبێت! خۆ ئارتیم هیچ شتێک دەربارەی من نازانێت، ئیدی بۆ ماڵەکەی دەپشکنن ؟ دەبێ زۆر وریابم " .

هەردووکیان بە بێدەنگی چوون بەلای کاری خۆیانەوە . بەڵام لەم کاتەدا لە ماڵەکەی لیشنسکیدا ، هەرا وهەنگامە وغەڵبەغەڵبێکی گەورە بەرپا بوو.

ملازمەکە ، دوای ئەوەی دیارنەمانی دەمانچەکەی بۆدەرکەوت موراسیل وخوڵامەکەی بانگکرد، ملازمەکە پیاوێکی بە ئەدەب وهێمن بوو، کە بە دیارنەمانی دەمانچەکەی زانی ، تاهێز لابازوویدا بوو ، زللەیەکی لەبناگوێی موراسیلەکەی خێواند ، موراسیلەکە بەدەم زللەکەوە ، کەوتە لارەلار، بە تۆبزی خۆی گرتەوە وپاشان لە لایەکەوە خەبەردار وەستا و وەکو گوناهکارێک چاوەڕوانی ئاکامی کارەکە بوو .

هەروەها پارێزەرەکەش، واتە خاوەن ماڵەکەش کە بە مەبەستی پرس وجۆ و ڕوونکردنەوە بانگکرابوو، پەشۆکا وتەوازی بۆ یارۆی ملازم هێنایەوە کە ئەو بویەرە لە ماڵەکەی ئەمدا ڕووی دابوو.

ڤیکتور لیشنسکی کە لەم دیدارەدا ئامادە بوو. بە باوکی گوت کە لەگینە دراوسێکان، بە تایبەتی پاڤل کورچاگینی بەرەڵڵا ولات ئەم کارەیان کردبێ . بابەکە، خێرا بیرۆکەی کوڕەکەی بۆ ملازمەکە ڕوونکردەوە. ئیدی ملازمەکە یەکسەر دەستووری دا کلێشەی پشکنینی بۆ بێنن.

پشکنین هیچ ئاکامێکی نەبوو. ئیدی مەسەلەی دیارنەمانی دەمانچەکە ، پاڤلی گەیاندە ئەو قەناعەتەی کە تەنانەت ئەم جۆرە ڕیسکە پڕ مەترسیانەش، هەندێجار بە سەلامەتی تێدەپەڕێ .

(١- بورلاک : بەو کەسانە دەگوترا ، کە پەتی بەلەم و قەیاغیان لە ملی خۆ دەکرد، بەلەمەکانیان لە کەنارەکەوە بۆ ناو ڕووبارەکان ڕادەکێشاو ئەمە کارێکی فرە زەحمەت وقورس بوو.)

## فەسڵی سێیەم

تونیا، لەبەر پەنجەرە وازەکەدا وەستابوو، بە سۆزەوە دەیڕاونیە باخە ئاشنا وئازیزەکە، دەیڕوانییە دارچنارە بەرزەکان کە بەدەم شنەباوە، بە ئارامی شەپۆلیان دەدا. هەرچی دەکرد باوەڕی نەدەکرد یەک دانە ساڵی تەواوەماڵەکەی بەجێهێشتووە، وای خەیاڵدەکرد، دوێنێ ئەم شوێنەی کە لە منداڵییەوە رموودەی بووبوو، وپێی ڕاهاتبوو، بەجێهێشتووە وئەمڕۆ بە قیتاری بەیانی گەڕاوەتەوە .

هیچ شتێک نەگۆڕابوو، هەمان دار ودەوەنە پەرچ کراوەکان، لە شوێنی خۆ وەستابوون، ڕاڕەوەکانی ناو باخەکە ڕاست دەتگوت بە ئەندازە کێشراون، ئەم بەرو ئەو بەریان هەمان ئەو گوڵە وەنەوشە فەرەنگیانە بوو کە داکی حەزی لێدەکردن . هەموو شتێکی ناو باخەکە خاوێن وڕێک وپێک بوو، هەموو شوێنێک جێدەستی باخەوانە شارەزاکەی پێوە دیاربوو . ئەم ڕاڕەوە پاک وخاوێن و ڕاست وئەندازەییانە تونیایان دڵتەنگ دەکرد .

تونیا، دەستی دایە ئەو ڕۆمانەی کە دەیخوێندەوە، دەرگای هەیوانەکەی کردەوە، بە پلیکانەکاندا بۆ ناو باخەکە دابەزی. ئەوسا دەرکۆکە چکۆلەکەی باخەکەی کردەوە وهێدی هێدی چوو بۆلای حەوزە ئاوەکەی وێستگەکەی نزیکی بورجی ئاوەکە.

تونیا، له پرد وقەنتەرە چکۆلەکە پەڕییەوە وگەییە جادەکە، ئەم بەرو ئەو بەری ڕێگاکە دار ودرەخت بوو، بە دەستەڕاستدا حەوزێک هەبوو چوار دەوری شۆڕەبی وسپیدار بوو، بە دەستە چەپا ، لێرەوارەکە بوو .

تونیا خەریک بوو بۆلای حەوزەکە و کانە بەردە کۆنەکان دەڕۆیی کە لە خوارەوە قولابێکی ماسیگری بە سەر ئاوەکەوە بینی و وەستا، تونیا دانەوییەوە، لقی شەنگەبییەکی کە شۆڕ بوو بووەوە، بە دەست لادا وکوڕیژگەیەکی دەم وچاو تاوەسووتی، پێخاوسی بینی کە پانتۆڵەکەی تا سەرووی ئەژنۆکانی هەڵکردبوو، قوتوویەکی ژەنگنی لای خۆیەوە دانابوو کە پڕ بوو لەکرم . کوڕەکە ، سەرگەرمی کارەکەی خۆی بوو، هەستی بە تونیا نەکرد کە زەق زەق تەمەشای دەکرد .

- باشە ئەم گۆلاوە ماسی تیایە کە ڕاو بکرێت؟

پاڤکا، بە تووڕەیی، ئاوڕی پاشی دایەوە . کچێکی نەناس بە دەست شەنگە بییەکەی گرتبوو، بە تەواوەتی خۆی بەرەو حەوزەکە دانەواندبووەوە. کیژێ کراسێکی دەریاوانی یەخە ڕێڕێی شینباو و تەنوورەیەکی کورتی کەوەیی کاڵی لە بەربوو. کیژێ جووتێ پێڵاوی قاوەیی لە پێ بوو. جووتێ گۆرەوی کورتی قەراخ ڕەنگین، پاو پۆزە ئەسمەر وجوانەکەیان لە خۆ گرتبوو، قژە خورمایییەکەی لە شێوەی کڵافەیەکی ئەستورا هۆنی بووەوە . ئەو دەستەی کە داری قولاپەکەی گرتبوو، کەمێک لەرزی . تەپەدۆرەکەی سەر ئاوەکە تەکانێکی دا وئیدی ئاوە مەنگەکە کەوتە شەپۆلدان و شەپۆلان بە شیوەی بازنەیی بەرەو کەنار دەهاتن .

دەنگێکی ناسکی پڕ هەڵچوون، لە پشت پاڤلەوە هاتەگوێ .

- پەتەکە ڕادەکێشێت، ماسییە، خەریکە چەشەکە تاقیدەکاتەوە .

پاڤکا، بە تەواوەتی دەسە پاچە بوو، قولاپەکەی ڕاکێشایە دەرەوە، کرمێکی چکۆلە کە بە سەری قولاپەکەوە هەڵدەپلا، بە دەم چۆڕاوگەی ئاوی سەر قولاپەکەوە هاتە دەرێ .

پاڤكا، دەبیرەوە چوو : "شەیتان بە نەحلەت بی. ماسی بەم حاڵە دەگیرێت! ئاخر چی ئەم كیژەی بۆ ئێرە هێنا! " بۆ ئەوەی شڵەژان وتەریق بوونەوەكەی خۆی وەشێرێ، قولاپەكەی دوورتر هەڵدایە ئاوەكەوەو لە نێوان دوو پەنجەی ورچدا ( جۆرە گیایەكە ) گیرسایەوە، یانی هەڵیدایە شوێنێكی نەگونجاوەوە، چونكە ئەگەری ئەوە هەبوو قولاپەكە لە ڕەگ وڕیشەی بنجە گیایەكان گیربێت .

پاڤكا، هەستی بەمەكرد، بێئەوەی ئاوڕ لە كیژەكە بداتەوە، كە لە سەرەوە دانیشتبوو، لەبن لێوانەوە گوتی :

- ئەم ورتە ورتەت لە چییە ؟ هەموو ماسییەكان دەڕونەوە .

ئەوجا لە سەرێڕا دەنگێكی تەوسامێزی هاتەگوێ :

- لە مێژە ڕەویونەتەوە، لە چرۆچارەی تۆ دەڕونەوە. باشە بە ڕۆژەوە ڕاوە ماسی دەكرێت؟ كە ڕاوچییەكی كڵۆڵ وناشیت!

بۆ كەسێكی وەكو پاڤل، كە هەوڵیدەدا، سەنگ وئیحتوباری خۆی ڕاگرێت ، ئەو قسەیە زۆر قورس بوو، بۆیە هەستاو وەكو هەمیشە بە تووڕەیی كڵاوەكەی هێنایە سەر هەنیەی و بەو پەڕی نەزاكەتەوە گوتی :

- كیژەخان، خۆزگە تەشریفت دەبرد و لێرە دوور دەكەوتیتەوە .

چاوانی تونیا كەمێك بچووك بوونەوە، بزەیەكی ڕەوتەنییان كەوتە سەر .

- باشە من ڕێم لە تۆ گرتووە؟

تۆنە تەوسامێزەكەی دەنگی ڕەوییەوە . تۆنێكی دۆستانە و ئاشتیخوازانە جێگای گرتەوە. پاڤكا، كە لێبڕابوو، بە توندی بەگژ ئەم كیژەدا، كە هەر خوا دەیزانی لە كوێوە هاتووە، بچێتەوە، بێدەنگ بوو .

- دەیسا باشە، ئەگەر حەزدەكەی بۆ خۆت دانیشە و هەر تەمەشا بكە خۆ ئەمە ئەرزی بابم نییە .

پاڤکا ڕازی بوو ودووباره دانیشتەوه وکەوتە تەمەشای تەپەدۆری سەر قولاپەکە. دیار بوو قولاپەکە لە پەنجە ورچەکە گیر بوو بوو. پاڤکا نەیدەوێرا قولاپەکە ڕاکێشێت . لە دڵی خۆیدا گوتی : " ئەگەر لە بنچکەکە گیربێ، ئیدی بە ئاسانی لێی ناکرێتەوه . هەڵبەتە ئەم کیژە پێم پێدەکەنێ، گاڵەتەم پێدەکات . خۆزگە زوو دەڕۆیی! " .

بەڵام تونیا، لە سەر لقە چەماوەکەی شەنگەبییەکە، کە بە ئاستەم دەجووڵا، ڕەحەت تر دانیشت و کتێبەکەی نایە سەر ئەژنۆکانی وکەوتە تەماشاکردنی کوڕیژگەی چاوڕەشی تاوەگاز کە بەو زبری ودڕییە پێشوازی لەم کردبوو و ئێستاش بە ئانقەست ئاوڕی لێی نەدەدایەوه .

پاڤکا، بە چاکی وێنەی کچۆڵە دانیشتووەکەی، لە ناو ئاوه ئاوێنە ئاساکەدا دەبینی . کیژێ خەریکی خوێندنەوەی کتێبەکەی بوو، لێ پاڤل ، بە ئەسپایی پەتی قولاپەکەی کە گیربوو بوو ڕادەکێشا، تەپەدۆری سەر قولاپەکە زیاتر دەچووه بن ئاوەکەوه. پەتی قولاپەکە گیر بووەو ڕاناکێشرێت .

"نەعلەتیە گیربووه!" بە دەم بیرکردنەوەوه، ژێراو ژێر و بە دزییەوه تەمەشای ڕوخساری خەندانی کیژەکەی لە ناو ئاوەکەدا دەکرد .

دوو گەنجی پۆلی حەوتەمی گیمنازیوم ( گیمنازیوم : لە ڕووسیای کۆندا قوتابخانەی ئامادەیی تایبەت بە منداڵە دەوڵەمەندان بوو، کە دوای تەواو کردنی قوناغی خوێندنی گیمنازیوم واتە ئامادەیی دەیانتوانی بچنە زانکۆ ) لە قەنتەره (پرد) ی لای بۆرجی ئاوەکەوه پەڕینەوه . یەکێکیان کوڕی ئەندازیار سوخارکوی سەرۆکی دەبۆی ڤیتاران بوو . ئەمە کوڕێکی قژ زەردی، دەم وچاو نمووسی، سەرکێشی بێپەروای هەڤدە ساڵان بوو ، کە هاوڕێکانی لە قوتابخانە بە (شوراکونج) بانگیان دەکرد، قولاپێکی ماسیگیری چاکی بە دەستەوه بوو، جگەرەیەکی بە لێویەوه دانا بوو. ڤیکتور لیشنسکی لە گەڵدا بوو کە ناسکە کوڕێکی شووش وباریکەلە بوو.

سوخارکو، بەدەم چاو داگرتنەوە ، بەلای ڤیکتوردا دانەوییەوە وگوتی :

– ئەو کیژە زۆر جوانە، لێرەدا لینگەی پەیدا نابێ، باوەڕبکە کەسایەتیەکی ڕۆمانتیکە . لە کییف دەخوێنێ، سالّی شەشەمیەتی . بۆ پشووی هاوینە هاتووە بۆ لای بابی . باوکی باخەوان وجەنگەلّوانی ئێرەیە . ئەم کیژە، ئاشنا ودۆستی لیزای خوشکمە. جارێک نامەیەکم بۆ نارد، نامەیەکی ڕازاوە . لە نامەکەمدا پێم گوتبوو، من شێت وشەیدای تۆم و بەو پەڕی شەیدایی و دلّە لەرزەوە چاوەڕوانی وەلامی تۆم، تەنانەت شیعرێکی (نادسون ) شم تێهەلّکێش کردبوو ( نادسون : ١٨٦٢ – ١٨٨٧، شاعیرێکی ڕووسە ) .

ڤیکتور، بە لاپرەسەنی و کونجکاوییەوە پرسی :

– ئێ، ئەنجام چی بوو؟

سوخارکو، بە کەمێک شپرزەییەوە گوتی :

– هیچ، نازدەکات، خۆی گران دەگرێت، دەلّێ بە خۆڕایی ئەم کاغەزانە خەسار مەکە . بەلّام جوابی نامەی دلّداری لە هەوەلّەوە هەر وا دەبێ، من لەم کارانەدا شارەزام ، بە ڕاستی حەوسەلّەی ئاشقێنی و چاوەڕوانی دوور ودرێژم نییە – دەی برۆ دووی بکەوە، نازی بکێشە وچاوەڕوان بکە . حەیف نییە، پیاو دەتوانێ شەوان بڕوات بۆ کەمپی کرێکاران، دەتوانێ بە سێ ڕوبلان، جوانترین ئافرەت هەلّبژێرێ و هیچ ناز ونووزێکیش هەلّنەگرێت. من وڤالکاتیخونوف، پێکەوە دەچووین، دەیناسیت ؟ چاودێری سکەی قیتارە .

چارەی ڤیکتور، بە قێز وبێزەوە گرژ بوو :

– شورا ، تۆ ئەم کارە کرێتانەش دەکەی؟

شورا، جگەرە جووراوەکەی لە دەمی دەرهێنا وتفێکی کرد وبە تونێکی تەوسامێزەوە گوتی :

- که پاکیت، لێم بووه به فریشته، ئێمه دەزانین چی دەکەن ، هەر ئێمه دەتانناسین ...

ڤیکتور، قسەکەی پێبڕی وپرسی : - دەتوانی بەم کچەم بناسێنی؟

- هەڵبەتە، تا نەڕۆیشتووە، با پێ هەڵگرین . دوێنێ بەیانی بە خۆی هاتبووە ڕاوەماسی .

جووتە هاوڕێ خەریک بوو لە تونیا نزیک دەبوونەوە. سوخارکو، جگەرەکەی لە دەمی دەرێناو، بە نەزاکەتەوە دانەوییەوە وکڕنۆشی بۆبرد .

- سڵاو مادموزیل تومانوڤا . چیە ماسی دەگریت؟

تونیا بەرسڤی دایەوە : - نا، تەمەشا دەکەم، بزانم چۆن ماسی ڕاو دەکرێت .

- ئەنگۆ یەکدی ناناسن؟

سوخایکۆ بەپەلە دەستی ڤیکتوری ڕاکێشا وگوتی :

- ئەمە ڤیکتور لیشنسکی هاوڕێمە .

ڤیکتور، سووربووەوە، بە پەشێوی دەستی بۆ تونیا درێژکرد. سوخارکو کە دەیویست سەری قسان دابمەزرێنێ گوتی :

- چۆنە ئەمڕۆ ڕاوەماسی ناکەیت؟

تونیا بەرسڤی دایەوە : قولاپم نەهێناوە!

سوخارکو بلەز گوتی :

- ئێستا قولاپێکی دیکەت بۆ دێنم، ئێستا بە قولاپەکەی من ڕاوبکە، هەر ئێستا قولاپێکی دی دێنم .

سوخارکو، قسەکەی خۆی بردەسەر ڤیکتور وتونیای بە یەکدی ناساند و ئێستاش هەوڵیدەدا بە تەنیا، بە دوو قۆڵی بەجێیان بێڵێت . تونیا بەرسڤی دایەوە : – نا، یەکێک خەریکە لەوێ ڕاودەکات، نامەوێ لێی تێکبدەم .

سوخارکو پرسی : – لە کێی تێک بدەی؟ ئەها ، ئەوە دەڵێی؟

تازە هەستی بە پاڤکا کرد، کە لە پەنا پنچکێک دانیشتبوو .

– هەر ئێستا لە چاوتروکانێکا دەریدەکەم .

پێش ئەوەی تونیا فریابکەوێ وڕێگەی لێبگرێ، سوخارکو بلەز بەرەولای پاڤل کە خەریکی ڕاوەماسی بوو، داگەڕا وبە پاڤلی گوت :

– خێرا قولاپەکەت دەربێنە .

کە بینی پاڤل، بە کاوەخۆ درێژە بە ڕاوی خۆی دەدا، گوتی :

– دەی ، خێراکە .

پاڤکا، سەری هەڵبڕی ، تەمەشایەکی توندی سوخارکوی کرد وگوتی :

– بێدەنگ ، چیە، خێرە چارەت داوە بە یەکدا؟

سوخارکو، زۆر تووڕە بوو و هاواریکرد :

– چ ... ی؟ هێشتا تۆ قسەدەکەی، خوێڕی بەرەڵڵا! هەیدێ گۆڕت لەم ناوە گوم بکە!

بە نووکی پێڵاوەکەی شەقێکی بە قوتووی کرمەکاندا کێشا و قوتووەکە پەڕی و شڵپ کەوتە ناو ئاوەکە . پریشکی ئاوەکە بە دەم وچاوی تونیادا پرژا . تونیا هاواریکرد : – سوخارکو، ئەوە تۆ شەرم ناکەیت!

پاڤکا، لە جێی خۆی ڕاپەڕی . دەیزانی کە سوخارکو کوڕی سەرۆکی ئەو عەمار ودەبۆیەیە کە ئارتیم لەوێندەر کاردەکات . ئەگەر ئێستا دەم وقەپۆزە شل وشیواوەکەی بکوتێتەوە، بێگومان دەچێ لە لای بابی شکاتی لێدەکات و بێگومان

مەسەلەکە دەگاتەوە بە ئارتیم . ئەمە تاقە هۆیەک بوو کە نەیدەهێشت یەکسەر تۆڵەی خۆی بکاتەوە .

سوخارکۆ، کە هەستیکرد، هەر ئێستا پاڤل لێی هەڵدەگەڕێتەوەو لێی دەدات ، خێرا چووە بەرەوەو بە هەر دوو دەست پاڵی بە سینگی پاڤلەوە، کە لە نزیک ئاوەکە وەستابوو، نا. پاڤکا هەردوو باسکی بەرزکردەوە، بەلادا هات ، بەڵام خۆی گرتەوە ونەکەوتە ئاوەکەوە .

سوخارکو، دوو ساڵ لە پاڤل گەورەتر بوو، بە یەکەم شەڕانی وشەقاوە بە نێوبانگ بوو .

پاڤکا، کە ئەو جەزرەبەیەی خوارد ، بە جارێ دەهری بوو .

- وای لێهات؟ کەواتە بگرە!

تاتوانی زللەیەکی توندی بە دەم وچاوی سوخارکودا کێشا . بێئەوەی بێڵێ وەخۆبێتەوە، توند یەخەی چاکەتە فەرمییەکەی قوتابخانەکەی گرت و بەرەو خۆی ڕایکێشا و دەڵەکی دایە ناو ئاوەکە.

سوخارکو، لە کاتێکا، تا ئەژنۆی لە ئاوەکەدا بوو و پێڵاوە بریقەدار و پانتۆڵەکەی تەڕی تەڕ بووبوو، بە هەموو هێزی خۆیەوە هەوڵیدەدا خۆی لە چنگ پاڤکا ڕزگاربکات .

پاڤکا، دوای ئەوەی خوێندکارەکەی هەڵدایە ئاوەکەوە، خۆی هەڵدایە سەر کەنارەکە.

سوخارکو، بەوپەڕی تووڕەیی دووی پاڤل کەوت و ئامادە بوو پارچە پارچەی بکات .

پاڤکا، دوای ئەوەی لە ئاوەکە بە دەرکەوت، بلەز بەرەو سوخارکو وەرگەڕایەوە ورێک لەو ساتەدا بیری کەوتەوە : " خۆت بدە بە سەر قاچی چەپدا، لاقی ڕاستت

درێژبکەوە، کەمێک خواری بکەوە، جەزرەبەکە نەک هەر بە دەست، بەڵکو بە هەموو بەدەنت، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، بسرەوێنە ژێر چەناگەی بەرانبەرەکەت" .

– شریق! ...

ددانەکانی تەق کەوتن بە یەکدا، سوخارکو لە تاو ئازاری چەناگەی و ئازاری زمانی کە بەر ددانەکانی کەوتبوو، هاواریکرد و دەستەکانی بێهودە بەم لاو بەو لادا وەرچەرخاند وپاشان، بە هەموو قورسایی خۆیەوە کەوتە ناو ئاوەکەوە.

تونیا، کە لە کەنار و بەستێنەکەدا، خۆی پێنەگیرا ولە قاقای پێکەنینی دا . بە دەم چەپڵە لێدانەوە هاواریکرد :– براڤۆ، براڤۆ، جوانە، زۆر باشتکرد! ...

پاڤکا، قولاپەکەی ڕاکێشا، قولاپەکەی دەرهێناو ملی ڕێگای خۆی گرت وڕۆیی، بە دەم دوورکەوتنەوەوە گوێی لێبوو ڤیکتور، بە تونیای دەگوت :

– ئەم پاڤل کورچاگینە، گەورەترین شەقاوەیە .

***

بەرە بەرە هەرا وهەنگامە لە وێستگەی ڤیتاردا دەستی پێکرد . دەنگۆ بڵاو دەبووەوە کە کرێکارانی ڕێگای ئاسن، بە نیازی مانگرتنن لە وێستگا گەورەکەی تەنیشتیانەوە، کرێکاران تەواو خۆیان ئامادە کردبوو. ئەڵمانەکان، دوو شوفێری ڤیتاریان، بە گومانی ئەوەی بەیاننامەیان پێ بووە، دەستگیرکرد . هەرا وفەرتەنە، لە نێو ئەو کرێکارانەی کەپەیوەندییان بە دێهاتەکانەوە هەبوو، دژی خاوەن مۆڵکەکان کە گەڕابوونەوە سەر زەوی وزارەکانیان، بەرپا بوو، مانگرتنی گەورە دەستی پێکرد . شەلاخی پۆلیسی هیتمانیان، پشتی جوتیارانی شەقار شەقار دەکرد . بزووتنەوەی پارتیزانی لە دەڤەر وشارۆچکەکەدا پەرەی دەسەند. لەو کاتەدا بۆلشە ویکەکان ، نزیکەی دە دەستە پارتیزانیان ڕێکخستبوو .

ژوخرای لەو ڕۆژانە، ئارامی نەبوو . لەو ماوەیەدا کە لە شارۆچکەکەدا بوو، کارێکی زۆری کردبوو. ناسیاوی دەگەڵ زۆرێک لە کرێکارانی ڕێگای ئاسندا پەیدا

کردبوو. دەچووە کۆبوونەوەو شەوکۆڕی گەنجەکان. دەستەیەکی زۆر بەهێزی لە بەڕادانی دەپۆکە وکرێکارانی کارخانەی دارتاشی دروستکردبوو. هەوڵیدابوو هەڵوێستی ئارتیمیش بزانێت . لێی پرسی بوو کە ڕاو بۆچوونی دەربارەی بۆڵشەویکەکان وحیزبی بوڵشەوی چییە ، بەڕادی بەکەلەش و زەلام ، گوتبووی :

– من، فیودور، باش سەرم لە مەسەلەی حیزبان دەرناچێ، بەڵام هەرکاتێ پێویست بکات ئامادەی هەر یارمەتییەکم ، دەتوانی پشت بە من ببەستیت .

فیودور بەوەندە ڕازی بوو، چونکە دەیزانی کە ئارتیم کوڕێکە، خاوەن قسەی خۆیەتی، هەر قسەیەک بکات دەیباتەسەر. یارۆی دەریاوان لە دڵی خۆیدا گوتی : "هێشتا نەگەییوەتە ئەو ئاستەی پەیوەندی بە حیزبەوە بکات ، قەیدی نییە، بەڵام زەمانە زوو فێری دەکات " .

فیودور، لە وێستگەی کارەباوە بۆ دەبۆی قیتاران نەقڵ بوو، ئەوێ بۆ چالاکی سیاسی گونجاوتر و لە بارتر بوو ، لە دایەرە و وێستگەی کارەبادا، لە کرێکارانی ڕێگەی ئاسن دابڕابوو. هات وچۆ لە ڕێگەی ئاسن زۆر زۆر بوو. ئەڵمانییەکان هەزاران ڤارگۆنی پڕ لە چارەوێ و ماڵات، وگەنم وشۆڤانیان، کە لە ئۆکرانیایان تاڵان کردبوو، بۆ ئەڵمانیا دەگواستەوە .

***

پۆلیسی هیتمانی، لە ناکاوا پونومارینکوی تەلەگرافچیان لە وێستگەی قیتار دەستگیر کرد، لە بارەگای سەرکردایەتیدا ، زۆر خراپ لێیان دابوو، وا دیاربوو ئیعترافی لە سەر رومان سیدوڤینکوی هاوڕێ وهاوکاری ئارتیم ، لە دەبۆکە، کردبوو .

دوو ئەڵمانی وکەسێکی هیتمانی کە یاریدەدەری بەرپرسی وێستگەکە بوو، لە کاتی گەرمەی کاردا، لە دووی رومان هاتن . یارۆی پۆلیسی هیتمانی هاتە دیار

مێزی کارکردنەکە و بێئەوەی هیچ قسەیەک بکات، شەلاخەکەی دەستی کێشا بە سەروچاوی روماندا و پاشان گوتی :

- دوام کەوە گەماڵ باوک! لەوێ قسەت لە گەڵ دەکەین .

کابرای هیتمانی بە شێوەیەکی ترسناک ددانی لێدەکرۆشت، ئاسینی یارۆی بەڕادی ڕاکێشا : وەرە لەوێ هانمان بدە ! ...

ئارتیم کە لە وەرشەکەی تەنیشتەوە کاری دەکرد ، بڕبەندەکەی فڕێ دا و ، بە کەلەشە زەلامەکەیەوە بەرەو کابرای هیتمانی ڕۆیی . تووڕەییەکەی خۆی خواردەوە وبە دەنگێکی گڕ گوتی :

- چۆن زات دەکەی لێی بدەی هەی خوێڕی؟

کابرای هیتمانی، هێواش هێواش چووە دواوە ودوگمەی کیفی دەمانچەکەی کردەوە . یەکێک لە ئەڵمانەکان ، تفەنگە قورسەکەی، بە قەمە پانەکەیەوە، لەشانی داگرت و سواری کرد . کابرایەکی کورتەباڵای لاق کورت بوو . ورتە ورتێکی لێوەهات و گوتی : - هالت! واتە بوەستە .

ئامادەبوو لە گەڵ کەمترین جووڵەدا بەر فیشەکی بدات. بەڕادی کەتە وباڵابەرز لە بەردەم کابرای ئەڵمانی کورتەباڵا، بەبێ دەسەڵاتی وەستا ونەیدەتوانی هیچ کارێک بکات. هەردووکیانیان دەستگیرکرد. پاش سەعاتێک ئارتیمیان ئازادکرد ، بەڵام رۆمانیان لە ژێرزەمینی عەماری ئازووقەکەدا حەپسکرد .

دوای دە دەقیقە هەموو کرێکارانی دەبۆکە دەستیان لە کارکردن هەڵگرت . کرێکارانی دەبۆکە، لە ناو باخی وێستگەکەدا کۆبوونەوە . هەموو کرێکارانی دیکەش: مقەسچییەکان و کرێکارانی عەمارەکانیش پەیوەندییان پێوەکردن . هەموویان زۆر تووڕە بووبوون . هەندێکیان بەیاننامەیەکیان نووسی، لە بەیاننامەکەدا داوای ئازادی رۆمان و پونومارینکویان کردبوو.

کاتێ ئەفسەرانی پۆلیسی هیتمانی لە گەڵ دەستەیەک پۆلیسی سوارەدا ، هات بۆ باخەکە و، دەمانچەی لێ دەرهێنان و هەڕەشەی لێکردن :

– ئەگەر بڵاوەی لێنەکەن ، هەر ئێستا ولێرەدا هەمووتان دەستگیردەکەم و هەندێکتان گوللەباران دەکەم .

کرێکارەکان هێندەی دی پەست وتووڕە بوون. هاواری کرێکارە تووڕەکان، واداریان کرد پاشەکشە بکات و بۆ وێستگەکە بگەڕێتەوە . لەم کاتەدا ولە سەر داوای ئامری ئینزباتخانەی وێستگەکە، چەندین ئوتومبیلی پڕ لە سەربازی ئەڵمانی ، لە ناو شارەوە بەرەو وێستگەکە هاتن .

ئیدی هەموو کرێکارەکان بڵاوەیان لێکرد وبەغار بەرەو ماڵی خۆ بوونەوە . تەنانەت خەفەر وپاسەوانی وێستگەکەش کارەکەی بەجێ هێشت. دیاربوو باندۆر وکاریگەری کارەکانی ژوخرای بە فیڕۆ نەچووبوو. ئەمە یەکەمین چالاکی وبزاڤی جەماوەری بوو لە وێستگەکەدا .

ئەڵمانەکان، ڕەشاشێکی قورسیان لە سەر شۆستەی وێستگەکە دامەزراند . ڕەشاشەکە لە سەر دووپایە وەکو تاژی ڕاوی ئامادەی پەلامار بوو. عەریفێکی ئەڵمانی دەست لە سەر پەلەپیتکە بە دیارییەوە چۆکی دادابوو.

وێستگەکە چۆڵ بوو.

شەوێ، ڕەشبگیر دەستی پێکرد، ئارتیمیش دەستگیرکرا، ژوخرایان نەدۆزییەوە، چونکە لە ماڵەوە نەخەوتبوو. هەموو گیراوەکانیان لە بارەندازە گەورەکەدا خڕکردەوە ودوو ڕێگایان بۆ دانان : یان گەڕانەوە بۆ سەر کار یان دەدرێنە دادگای سوپایی عورفی.

لە ڕێگەی ئاسن، تەقریبەن هەر هەموو کرێکارەکان لە حاڵی مانگرتندا بوون. بە درێژایی یەک شەو ورۆژی تەواو تاقە ڤیتارێکیش تێنەپەڕی و لە دووری

سەدوبیست کیلومەتری وێستگەکەش، شەڕ دەگەڵ دەستەیەک پارتیزاندا کە هێڵەکەیان بڕیبوو و پردەکانیان تەقاندبووەوە هەڵگیرسابوو.

شەوێ قیتارێکی پڕ لە سەربازێن ئەڵمانی گەییە وێستگەکە. بەڵام شوفێرەکە وسەکنەکە و تونچی قیتارەکە هەڵاتن و قیتارەکەیان بەجێهێشت . جگە لەم قیتارە سوپاییە، دوو قیتاری دیکەش لە وێستگەکە بوون و چاوەڕوانی دەرچوون بوون.

دەرگا قورسەکەی بارەنداز وکۆگایەکە کرایەوە. ئامری وێستگەکە و ئەفسەرێکی ئەڵمانی ویاریدەدەرەکەی ودەستەیەک لە ئەڵمانییەکان وەژوورکەوتن . یاریدەدەری ئینزیباتخانەکە بانگیکرد :

– کورچاگین، پولیتوڤسکی و بروزژاک، ئێوە ئێستا دەبێ بڕۆن قیتارەکە باژۆن، ئەگەر ئەم کارە نەکەن هەر ئێستا لێرەدا گوللەباران دەکرێن، دەڕۆن یا نا؟

هەرسێکیان، بە نەبەدڵی سەریان داخست، پاسەوانێک بردنی بۆلای قیتارەکە، لەم کاتەدا یاریدەدەری ئامر ئینزیباتەکە، ناوی شوفێر وسەکن و تونچی قیتارێکی دیکەی دەخوێندەوە.

***

قیتارەکە، بە تووڕەیی، گورزەیەک پریشکی ڕوناکی دەردا وهەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا وتاریکییەکەی دادڕی و، بە هەشتاو بە سەر ڕێگەکەدا بەرەو قوڵایی شەو ڕۆیی .

ئارتیم، خەڵوزی خستە ئاگردان و توونەکەوە، بە نووکی پێ دەربیجە ئاسنەکەی داخست . ئەوجا قومێک ئاوی لەو کترییە لووت پسە خواردەوە کە لە سەر سەندووقێک دانرابوو و ڕووی کردە پولیتوڤسکی، شوفێری پیر وگوتی : – باوکە گیان، یانی ئێمە دەیانبەین، ها؟

شوفێرەکە، لە ژێر برۆ چرەکانییەوە ، بە تووڕەیی چاوێکی داگرت وگوتی : – بەڵێ، ئەگەر زەبری سەرەنێزەت بە دیارەوە بێ، ناچاری دەبێ بیانبەی ...

بروزژاک، که ژێراوژێر دەیڕوانییە ئەو سەربازە ئەڵمانیەی لە سەر مەنجەڵی ئاوەکە دانیشتبوو، پێشنیازی کرد :

– با واز لە هەموو شتێک بێنین وخۆمان لە قیتارەکە هەڵدەینە خوارەوە .

ئارتیم لە بن لێوانەوە ورتە ورتێکی کرد :

– منیش هەمان ڕەئیم هەیە . بەڵام یارۆ لە پشتمانەوە ڕەق ڕاوەستاوە .

بروزژاک، مینگەمینگێکی گونگی کرد : " بە ... لێ" و سەری لە پەنجەرەکەوە بردە دەرێ.

پولیتوڤسکی هاتە نزیک ئارتیمەوە و بە چپەوە گوتی :

– ئێمە ناتوانین قیتارەکە بگەیەنینە جێ دەزانی؟ چونکە لە ڕێگا شەڕە، پارتیزانەکان هێڵەکەیان بڕیوە . خۆ ئەگەر ئێمە ئەم سەگانە ببەین، ئەوا یەکسەر پاکتاویان دەکەن . دەزانی کوڕی خۆم ، من لە سەردەمی تزاردا، لە کاتی مانگرتندا، هەرگیز قیتارم نەداژۆ، ئێستاش کاری وا ناکەم. خۆ ئەگەر لەشکر و قۆشەنان بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی خۆمان بەرین، دەبین بە پەند وعیبرەتی ڕۆژگار و بۆ هەتا هەتایە ئەم ڕیسوایی ونەنگەمان لێ نابێتەوە. بە هەرحاڵ، ستافی ئاژوتنی قیتارەکە گیانی خۆیان خستە مەترسییەوە وهەڵاتن، جا ئێستا ئەم قیتارە بە هیچ جۆرێ بە ئێمە ناگاتەجێ . تۆ چ دەڵێی؟

– من لە گەڵ تۆم باوکە گیان، هەمان بۆچوونم هەیە، ئارتیم بە چاو ئاماژەی بۆلای سەربازەکە کرد وگوتی :– بەڵام چی لەم کابرایە دەکەی؟

شوفێرەکە، برۆی وێکهێنایەوەو بە پارچە کەتانێک، ئارەقەکەی سەر هەنیەی سڕی وئەوسا بە چاوانی سوورهەڵگەڕاوەوە تەمەشایەکی مینومەترەکەی (گوشارپێو) کرد، وەکو ئەوەی بە ئومێدی ئەوەبێت وەڵامی ئەم پرسیارە بە سوێیە لەو ئامێرەدا بدۆزێتەوە، ئەوسا لە نائومێدیدا کەوتە جنێودان.

ئارتیم، له کترییه‌که ئاوی خوارده‌وه . هه‌ردووکیان بیریان له یه‌ک شت ده‌کرده‌وه . به‌ڵام شتاقیان زاتی ئه‌وه‌یان نه‌ده‌کرد، که له پێش ئه‌ویتره‌وه ، ڕای خۆی ده‌رببڕێت. ئارتیم قسه‌کانی ژوخرای بیرکه‌وته‌وه " براله، تۆڕات چییه ده‌رباره‌ی حیزبی بولشه‌ویکو بیروباوه‌ڕی کۆمۆنیستی؟ "وه‌ڵامه‌که‌ی خۆیشی بیرکه‌وته‌وه که گوتبووی : " من هه‌میشه ئاماده‌م یارمه‌تیان بده‌م ، ده‌توانی پشت به من ببه‌ستی، متمانه‌م پێبکه‌ی ... " .

" باشه ئه‌مه کۆمه‌ک ویارمه‌تیه، که تاقم وده‌سته‌ی سه‌رکوتکاران بگوازینه‌وه! " .

پولیتوڤسکی، به سه‌ر سه‌ندووقی ئه‌وزاره‌کاندا دانه‌وییه‌وه وشانی گه‌یانده شانی ئارتیم و به پارێزه‌وه گوتی : – ده‌بێ ئه‌م کابرایه له ناو ببه‌ین تێده‌گه‌ی؟

ئارتیم ڕاچڵه‌کی . پۆلیتوڤسکی ددانه‌کانی لێکدی سوو وله سه‌ری ڕۆیی :

– جگه له‌مه چ چارێکی دیکه نییه . ده‌بێ شیشێک بکێشین به تۆقی سه‌ریاو ئه‌وزار وئامێره‌کان ده‌خه‌ینه ئاگردان و توونه‌که‌وه‌و، وه‌مه‌کینه‌ی قیتاره‌که جۆرێ ڕێکده‌خه‌ین که به‌ره به‌ره خێراییه‌که‌ی هێواش ببێته‌وه‌و هه‌نگێ خۆمان له مه‌کینه‌که‌وه هه‌ڵده‌ده‌ینه خواره‌وه .

ئارتیم وه‌کو ئه‌وه‌ی بارێکی قورسی له کۆڵ بووبێته‌وه گوتی : زۆر چاکه.

ئارتیم، سه‌ری برده په‌نا گوێی بروزژاکی سه‌کنی شوفێره‌که‌وه‌و پلان ونه‌خشه‌که‌ی بۆ باسکرد. بروزژاک، یه‌کسه‌ر وه‌ڵامی نه‌دایه‌وه، هه‌موویان خۆیان ده‌خسته تالووکه ومه‌ترسییه‌کی گه‌وره‌وه. هه‌موویان، ماڵ ومنداڵ وماڵباتیان له ماڵه‌وه به‌جێهێشتبوو. به‌تایبه‌تی پولیتوڤسکی ڕه‌شه خێزانێکی به‌سه‌ره‌وه بوو. نۆ نانخۆری به سه‌ره‌وه بوو، به‌ڵام هه‌ر هه‌مووشیان قه‌ناعه‌تیان وابوو که نابێ ئه‌م قیتاره بگه‌یه‌ننه جێ . بوزژاک گوتی :

– زۆر چاکه ، من ڕازیم، به‌ڵام کێ ئه‌و ...

بروزژاک، ئه‌و ڕسته‌یه‌ی که به لای ئارتیمه‌وه ڕوون وخویا بوو، ته‌واو نه‌کرد.

ئارتیم، ئاوڕی لای شوفێرە پیرەکەی دایەوە کە سەرقاڵی گێچی خێرایی قیتارەکە بوو. سەرێکی لەقاند، ئەوی تێگەیاند کە بروزژاکیش هەمان بۆچوونی ئەوانی هەیە ، بەڵام ئارتیم کە نیگەرانی پرسە بێ وەڵامەکە بوو ، لە پولیتوڤسکی نزیک بووەوەو، پرسی :

– بەڵام چۆن ئەم کارە ئەنجام بدەین؟

پولیتوڤسکی نیگایەکی ئارتیمی کرد :

– تۆ بیکە، تۆ لە هەمووومان بەهێزتری، یەک لۆسە دەکێشین بە سەریا وتەواو .

یارۆی پیرەمێرد زۆر شپرزە و پەشیو بوو .

ئارتیم، برۆکانی وێک هێنانەوە :

– من ناتوانم ئەم کارەبکەم، دەستم تێی ناچێت . خۆ ئەگەر جوان بیر لە مەسەلەکە بکەینەوە، ئەم عەسکەرە هیچ گوناحێکی نییە . ئەویشیان بە زۆر بۆ جەنگ هێناوە .

چاوانی پولیتوڤسکی، درەوشانەوە :

– دەڵێی هیچ گوناحێکی نییە؟ ئێمەش گوناحمان نییە کە بۆ ئێرەیان ناردووین، ئێمە دارودەستەی سەرکوتکاران ناگوازینەوە؟ ئەم بێگوناحانە پارتیزانەکان گوللەباران دەکەن . باشە ئەوان ، پارتیزانەکان گوناحکارن؟ هەی دڵنەرم ... تۆ وەکو ورچ بە کەلەش زەلامی، لێ هیچت لە دەست نایەت ...

ئارتیم، بە دەنگێکی گیراو گوتی : – زۆرچاکە

ئەوسا لۆسەکەی هەڵگرت، پولیتوڤسکی بە چپەوە گوتی :

– قەیدی نییە، من ئەم کارە دەکەم ، من لۆسەکە هەڵدەگرم ، تۆ بێڵەکە هەڵگرە . بچۆ سەر توونی ئاگرەکە و خەڵوزەکە برێژە خوارەوە، ئەگەر پێویستی کرد ، بە بێڵەکە کاری یارۆی ئەڵمانی بکە ومنیش وادەنوێنم دەچم خەڵووز ورد دەکەم .

بروزژاک، سەری لەقاند : – ماقووڵە .

ئەوجا لەلای مونەزیمی خێرایی قیتارەکەوە وەستا.

یارۆی ئەڵمانی بە کڵاوە لبادە قەراخ سوورەکەیەوە لە قەراخ مەنجەڵە ئاوەکە دانیشتبوو، تفەنگەکەی لە نێوان هەردوو لاقی دانابو، جگەرەی دەکێشا وناو بە ناو تەمەشای ئەو کرێکارانەی دەکرد کە لە ناو مەکینەی قیتارەکەدا خەریکی کاربوون . وەختێ ئارتیم سەرکەوتە سەرێ تا زوخاڵ بخاتە خوارەوە، پاسەوانەکە زۆر گوێی نەدایە. پاشان وەختێ پولیتوڤسکی ، وەکو ئەوەی بیەوێ کڵۆ خەڵوزە گەورەکان بخاتەژێر مەنجەڵە ئاوەکەوە بە ئاماژە داوای لە سەربازە ئەڵمانییەکە کرد کە لە جێی خۆی هەستێ، یارۆی ئەڵمانی گوێڕایەڵانە بەرەو خوارەوە، بۆ لای ئەو دەریچەیەی کە بە سەر ڤارگونی مەکینەکەدا دەکرایەوە ڕۆیی .

ڕێک لەو کاتەدا، جەزرەبەیەکی بێدەنگ، کاسەی سەری یارۆی ئەڵمانی داغان کرد. ئارتیم وبروزژاک، وەکو پشکۆی ئاگریان پێدا بچزێ ، لە جێی خۆیان ڕاپەڕین. جەستەی یارۆی ئەڵمانی وەکو هۆڕێک لە ڕاڕەوی قیتارەکەدا کەوت. کڵاوە خاکییەکەی لە خوێنا سوور بوو ، تفەنگەکەی بە تەق وهوڕ کەوت بە بودیە ئاسنەکەی فارگۆنەکەدا .

پولیتوڤسکی، لەبن لێوانەوە گوتی : – تەواو!

لۆسەکەی فڕێ دا ، ڕوو وڕوخساری گرژ بوو ولە سەری ڕۆیی :

– تەواو ئیدی ڕێگای گەڕانەوەمان نەما .

دەنگی بڕا، بەڵام دوای تۆزێک، ئەم دەنگە بە سەر ئەو بێدەنگییەدا کە ئەوانی گرتبوو، زاڵ بوو، نەخێر بوو بە هاوار :

– مونەزیمی خێراییەکە دەربێنە ، خێرا دەری بێنە.

دوای ده دەقیقە هەموو شتێک تەواو بوو، قیتارەکە بەبێ مونەزیم ، بەرە بەرە خاو دەبووەوە .

تاپۆی ئەو درەختانەی ئەم بەرو ئەو بەری ڕێگاکە ناو بە ناو بە تیشکی گڵۆپێن مەکینەی قیتارەکە ڕوناک دەبوونەوەو پاشان لە تاریکییە ئەنگوستە چاوەکەدا ون دەبوون. گڵۆپێن مەکینەی قیتارەکە تەنیا دە مەترێکی پێش خۆی ڕوناک دەکردەوە. مەکینەی قیتارەکە وەکو ئەوەی دوا هێزی خۆی سەرف کردبێ، کەوتە هانکە هانک وبەردەوام لە ڕۆیشتن خاو دەبووەوە.

ئارتیم، لە پشتەوە گوێی لە دەنگی پولیتوڤسکی بوو .

– خۆت هەڵدە خوارەوە کوڕم!

ئەوجا دەستی کە تووند بە موحەجەرەی مەکینەی قیتارەکەوەی گرتبوو ، شلکرد، خۆی هەڵدا ولاقی بە توووندی بەر ئەرزەکە کەوت. ئارتیم دوو هەنگاوێک ڕۆیی و بە سەرا وبە دەم تەقلە لێدانەوە کەوتە سەر ئەرزەکە .

لە هەمان کاتدا، دوو تارمایی دیکەش لەم دیو وئەو دیوی مەکینەی قیتارەکەوە خۆیان هەڵدا.

***

خەم وپەژارە باڵی بەسەر ماڵی پروزژاکدا کێشابوو . ئانتونینا ڤاسیلیڤنا ، دایکی سریوژا (سیرگی) لەو چوار ڕۆژەی دواییدا ، تەواو بێتاقەت بوو بوو، هیچ هەواڵێکی شووەکەی نەدەزانی. دەیزانی ئەڵمانەکان، مێردەکەیان لە گەڵ کورچاگین و پولیتوڤسکیدا ، بردووە بۆ قیتار ئاژۆتن . دوێنێ سێ پۆلیسی هیتمانی هاتن وبە زبری و بە دەم جنێودانەوە پرسوجۆیان لە گەڵدا کرد.

ئانتونینا ڤاسیلیڤنا بە قسەکانی ئەواندا مەزەندەیەکی گۆنگی لەلا چێبوو کە ڕەنگە ڕووداوێکی ناخۆش ڕووی دابێت . کاتێ پۆلیسەکان ڕۆیشتن، ژنەی خەمین وخەمبار لەچکەکەی بە سەریا داو، بە هەشتاو چوو بۆلای ماریا یاکوڤلیڤنا ، تا

بەڵکو هەواڵێکی مێردەکەی بزانێت . کیژە گەورەکەی ، واتە ڤالیا کە خەریکی پاککردنەکەی مووبەقەکە بوو، کە بینی دایکی دەڕواتە دەرێ، پرسی : – دایکە بۆ کوێ دەڕۆیت؟

ئانتونینا ڤاسیلیڤنا، بە چاوانی ڕوندکبارەوە، ڕوانییە کیژەکەی و بەرسڤی دایەوە : – دەڕۆم بۆ ماڵی گورچاگین . بەڵکو لەوێ هەواڵێکی بابت بزانم ، ئەگەر سیرگی هاتەوە پێی بڵێ بچێ بۆ ماڵی پولیتوڤسکی لە لای وێستگەکە.

ڤالیا، بە گەرمی باوەشی بە شان وملی دایکیا کرد وهێوری کردەوە و تا بەر دەرگا بەڕێی کرد وگوتی : – دایکەگیان نیگەران مەبە!

***

ماریا یاکوڤلیڤنا، وەکو هەمیشە بەگەرمی وڕووخۆشی پێشوازی لە ژنەکەی پروزژاک کرد . ئەم دوو ژنە هەردووکیان بە تەمای ئەوە بوون هەواڵی تازە لە یەکترەوە بژنەون، لێ دوای هەوەڵین قسە، ئەو چاوە ڕەشەیان کاڵ بووەوە . شەوێ ماڵەکەی ماڵباتی کورچاگینیشیان پشکنی بوو. تاقیبی ئارتیمیان کردبوو. پۆلیسەکان کە ڕۆیی بوون، بە ماریا یاکوڤلیڤنایان گوتبوو هەرکاتێ کوڕەکەی هاتەوە بە پەلە ئینزیباتخانە ئاگادار بکاتەوە.

داکی ئارتیم، لە هاتنی شەوانەی دەورییەکان زۆر ترسابوو. هەر خۆی بە تەنیا بوو بوو. پاڤل وەکو هەمیشە شەوێ لە وێستگەی کارەبا کاری دەکرد .

پاڤل، بەیانی زوو هاتەوە . کاتێ دایکی باسی ئەوەی کرد کە چۆن شەوێ هاتوون ماڵەکەیان پشکنیون وتاقیبی ئارتیمیان کردووە ، هەستی کرد چۆن خەمی برایەکەی وچارەنووسی براکەی سەراپای دادەگرێت. هەرچەند ئەم جووتە برایە سرووشت وتەبیعەتیان لێکدی جیابوو، بەڵام یەکتریان زۆر خۆشدەویست. بەڵام ئەم خۆشەویستیەیان بە زمان دەرنەدەبڕی . پاڤل، بە ئاشکرا هەستیدەکرد کە ئەگەر

پێویست بکات ئامادەیە بێ چەند وچوون، هەر جۆرە فیداکارییەک لە پێناو براکەیدا بکات

پاڤل، بێئەوەی ئیسراحەت بکات ، چوو بۆ وێستگەکە بۆ دەبۆی قیتاران ، تا ژوخرای بدینێ، بەڵام ژوخرای نەبینی. هیچ هەواڵێکی سەبارەت بە براکەی و ئەوانی دی، لە کرێکارە ناسراوەکانەوە دەست نەکەوت. خانەوادەی پولیتوڤسکیش هیچ هەواڵێکیان نەدەزانی . پاڤل، لە حەوشەدا تووشی بوریسی کوڕە بچووکی پولیتوڤسکی بوو . پاڤل، لە قسەکانی بوریسەوە بۆی دەرکەوت کە شەوێ چوونەتە سەرماڵی ئەوانیش و پشکنیویانە وتاقیبی بابیان کردووە .

بەمجۆرە پاڤل، بە دەستی بەتاڵ بۆلای داکی گەڕایەوە ، شەکەت و ماندوو خۆی بە سەر تەختەکەدا دا ویەکسەر خەوێکی پچڕپچڕ بردییەوە .

***

... ڤالیا، گویی لە تەقەی دەرگابوو ، پرسی : – کێیە؟

وکێلونی دەرگاکەی کردەوە .

دەرگا کرایەوە، سەرە سوورە لوولەکەی کلیمکامارچنکو لە ناو چوارچێوەی دەرگاکەوە دەرکەوت . وا دیاربوو کە کلیمکا بە غاردان هاتبوو . ئەوەندە ڕایکرد بوو سوور بووبووەوە وهانکەهانکی پێکەوتبوو . لە ڤالیای پرسی : – دایکت لەماڵە؟

– نەخێر، چووە دەرەوە .

– بۆ کوێ چووە؟

– وابزانم بۆماڵی کورچاگین چووە .

کلیمکا، دەیویست بە پەلە بگەڕێتەوە ، لێ ڤالیا ئاسینی گرت و ڕایگرت .

کلیمکا، بە دوودڵییەوە تەمەشایەکی ڤالیای کرد وگوتی :

- هیچ، ئیشێکم بە دایکت هەبوو .

ڤالیا، کوڕەکەی ڕاتەکاند و بە دەنگێکی ئامیرانەوە گوتی :

- ئیشی چی؟ دەبیڵێ ، خێرا بیڵێ، ورچەسوور دە قسەبکە دڵم تەقی .

کلیمکا، هەر هەموو ئامۆژگارییەکانی ژوخرای دەربارەی ئەوەی کە کاغەزەکە جگە لە ئانتونینا ڤاسیلیڤا ، بە کەسی دی نەدات فەرامۆشکرد و کاغەزە گرمۆڵەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەستی ڤالیا .

کلیمکا، توانای ئەوەی نەبوو کە دەست بە ڕووی خوشکە قژ زەردەکەی سریوژکاوە بنێت، چونکە کلیمکا قژ سوور، بەرانبەر بەم کیژە جوانە زۆر لاواز بوو . هەڵبەتە ئەم شاگرد ڕیستورانە بە هیچ جۆرێ و لە لای هیچ کەسێک وتەنانەت لە دڵی خۆشیدا دانی بەوەدا نەدەنا کە دڵی بەم خوشکەی سریوژاوەیە .

ئیدی بەو جۆرە کاغەزەکەی دایە ڤالیا وڤالیا بە پەلە کەوتە خوێندنەوەی : "تونیای ئازیز! (تونیا : سووکەڵە ناوی ئانتونینایە) نیگەران مەبە ، خەمت نەبێ هەموو شتێک باشە ، بە دڵی خۆمانە، هەموومان ساغ وسەلامەتین . بەم زووانە زانیاری زیاترت پێدەگات، ئەوانی دیکەش ئاگاداربکەرەوە کە هەموو شتێک باشە وهیچ خەمیان نەبێ . ئەم کاغەزە بدڕە ... زاخار " . ڤالیا، کاغەزەکەی خوێندەوە وهێرشی بۆ کلیمکا برد .

- ورچە سوور، گیانەکەم ، ئەم کاغەزەت لە کوێ هێناوە؟ پێم بڵێ لە کوێ هێناوتە ورچە دەست خوار؟

ڤالیا، بە هەموو هێزی خۆیەوە، کلیمکای ، کە حەپەسابوو، ڕادەتەکاند و کلیمکا خۆشی نەیزانی چۆن کەوتە هەڵەی دووەمەوە گوتی :

- ژوخرای، لە وێستگەکە دایمێ.

هەرکە بیری کەوتەوە کە نەدەبوو ئەو قسەیە بکات، لە سەری ڕۆیی : – بەڵام ئەو گوتی کە ئەمە بە کەس نەڵێم و نامەکە بە کەس نەدەم .

ڤالیا پێکەنی وگوتی : – قەینا، قەینا، خەمت نەبێ من بە کەس ناڵێم، دەی قژ سوور، ڕاکە بڕۆ بۆلای پاڤکا، دایکم لەوێیە .

ڤالیا، بە ئەسپایی، لە دواوەوە شاگرد ڕیستۆرانەکەی دەڵەک دا . دوای تۆزێک سەرە سوورەکەی کلیمکا لەو بەری باخەکەوە دەبریقایەوە .

هیچ یەکێک لەو سێ کەسە بۆ ماڵ نەگەڕابوونەوە، ژوخرای شەوێ چوو بۆ ماڵی ماریا یاکوڤلیڤنا و ڕووداوی قیتارەکەی لە سیری تا پیازی بۆ ماریا گێڕایەوە وبە پێی توانا ژنەی شپرزە وترساوی هێورکردەوە و ئاگاداری کردەوە کە هەرسێکیان لە شوێنێکی دوور، لە کوێرە دێیەک، لە ماڵی مامی بروزژاک گیرساونەتەوەو گوتی شوێنەکەیان ئەمینە، بەڵام جارێ ناتوانن بگەڕێنەوە. هەڵبەتە ڕەوشی ئەڵمانەکان خراپە، لەوەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆڕانکاری بێتە ئاراوە .

ڕووداوەکە، زیاتر خانەوادەکانی ئەو سێ کەسەی لێکدی نزیک کردەوە . ئەو نامە زۆر کەمانەی کە لە پیاوەکانەوە بۆ خانەوادەکانیان دەهات، بە خۆشییەکی زۆرەوە دەخوێندرانەوە. بەڵام ماڵەکان چۆڵتر وئارام تر بووبوون .

ڕۆژێک ژوخرای سەری ژنە پیرەکەی پولیتوفسکی دەدات و بڕێک پارە وپولی دەداتێ و دەڵێت : – دایکەگیان، ئەم پارەیە مێردەکەتان بۆی ناردوویت، بەڵام ئاگادار بە ، لای هیچ کەسێک باسی نەکەیت .

پیرەژن، بە سوپاسەوە تەوقەی لە گەڵدا کرد :

– مەمنوونم، نەداری تەواو تەنگی پێ هەڵچنی بووین، هیچمان نەبوو منداڵەکان بیخۆن .

ئەم پارەیە، لەو پارەیە بوو کە بولگاکوفی سەردەستەی پارتیزانەکان لە لای ژوخرای بەجێی هێشتبوو، ژوخرای کە لە ماڵی پولیتوفسکی وەدەرکەوت وبەرەو

دەبۆکە کەوتەڕێ، بەدەم ڕێگاوە بە خۆشییەوە بیری دەکردەوە : "دەی بابزانین چۆن دەبێ، ئایندە چی پێیە، هەرچەندە مانگرتنەکە سەری نەگرت وکرێکارەکان بە تۆبزی ولەژێر هەڕەشەی گوللەباران کردنا، کاردەکەن، بەڵام ئاگرەکە هەڵگیرساوە و ئیدی بە ئاسانی نایەتە دامرکاندنەوە . بەڵام ئەو سیانە ، ئافەرین بۆ خۆیان، بوێر و ئازان ، بە ڕاستی پرولیتارن " .

***

له ئاسنگەرخانەیەکی کۆندا کە دیوارەکەی پێشەوەی لە دووکەڵ و تەنی دا ڕەشهەڵگەڕابوو و، لە قەراخ گوندی فروبیوڤا بوو، پولیتوڤسکی لە بەردەم کوورەکەدا وەستا، بۆ ئەوەی گڕی کوورەکە چاوی ئەزیەت نەدا ، بە ئاستەم چاوانی بچووک کردنەوە، پارچە ئاسنێکی بە دوو مقاشی درێژ ، وەردەگێڕا .

ئارتیم، بە هۆی پەمپێکەوە، هەوای دەکردە ئەو موشە دەمەیەوە، کە بە سەر ستوونێکەوە هەڵواسرابوو .

شوفێری قیتارەکە بە دەم بزەیەکەوە کە لە میانی ڕدێنە چڕەکەیدا ون دەبوو گوتی : – ئێستا کرێکار و وەستای کارامە لەم گوندەدا پەکیان ناکەوێ ، چەندت بوێ کار هەیە . ئەگەر هەفتەیە دووان کار بکەین، ڕەنگە ئەوەندە پارە بە دەست بێنین کە بتوانین هەندێک ئارد و ڕۆن بۆ ژن و منداڵەکانمان بنێرین .کوڕی خۆم ، ئاسنگەر لە نێو جووتیارانا هەمیشە ڕیز وحورمەتی هەیە. لێرە وەکو بورژواکان تێروپڕین، دەخۆین ودەخۆینەوە ها، ها! بەڵام زاخار کەمێک لە ئێمە جیاوازە، ئەو زیاتر حەزی لە کشت وکاڵە، وەکو مامی خۆی ڕەگی لە زەوی وزاردایە . نە هەقیشی نییە، بەڵام من وتۆ ئارتیم گیان، نە گۆڕمان هەیە و نە کفن. هەمانە ونیمانە تەنیا پشت ودەستمان هەیە، ئێمە پشتاو پشت هەر ڕەنجبەر وپرولیتاریا بووین ها، ها! بەڵام زاخار دوو لایەنەیە پێیەکی لە ناو قیتارە وپێیەکی لە گوندییە.

پولیتوڤسکی، بە دوو مقاشان پارچە ئاسنە سوور بووەکەی جوڵاند، ئەمجارەیان بە تۆنێکی جدی لە سەری ڕۆیی :

– بەڵام ڕەوشی ئێمە، کوڕەکەم خراپە، ئەگەر بەم زووانە ئەڵمانەکان وەدەر نەنرێن، ناچار دەبین بۆ یەکاترینوسلاڤ یان بۆ رۆستوڤ بڕۆین ، دەنا یەخەمان دەگرن و لە بەینی ئەرز وئاسماندا هەڵماندەواسن و وای بە حاڵمان .

ئارتیم لەبن لێوانەوە گوتی : – دروستە .

– ئاخۆ حاڵی کەس وکارەکەمان چۆن بێ، تۆ بڵێی هایداماکەکان ئەزیەتیان نەدەن ( هایداماک : بەو تاقم و دەستانە دەگوترا، کە لە شەڕی ناوخۆی ئوکرانیادا، دژی شۆڕش بوون ) .

– بەڵێ، کارێکمان کردووە ، دەبێ بیگەیەنینە سەرو، جارێ ماڵ ومنداڵ و کەس وکار لە بیری خۆمان دەربکەین.

شوفێری قیتارەکە، ئاسنە گەرمە شین هەڵگەڕاوەکەی لە کوورەکە دەرهێنا و بە پەلە نایە سەر سندانەکە وگوتی :

– دەی کوڕی باش، بیکوتە بزانم!

ئارتیم، چەکوشە قورسەکەی نزیکی سندانەکەی هەڵگرت وبەرزی کردەوەو بە هەموو هێزی خۆیەوە بە ئاسنەکەیدا کێشا. ئیدی پریشکێکی زۆر، بە قرچە قرچ بە ناو ئاسنگەرییەکەدا بڵاوبووەوە وبۆ ساتێک، گۆشە تاریکەکانی ناو ئاسنگەرییەکەی ڕووناک کردەوە .

پولیتوڤسکی، پارچە ئاسنەکەی لە ژێر جەزرەبەی سەنگینی چەکوشەکەدا وەردەگێڕاو ئاسنەکە وەکو مۆمی نەرم لە ژێر چەکوشەکەدا پان دەبووەوە .

شەوی تاریک، هەناسەی گەرمی خۆی لە دەرگا وازەکانەوە بە ناو دووکانی ئاسنگەرییەکەدا کرد .

***

له خوارەوە دەریاچەیەکی تاریک و بەرین هەبوو، دار سنۆبەران هەر چوار نکالیان گرتبوو وسەریان بە سەر یەکدا دادا بوو. تونیا دەبیرەوە چوو : "دەڵێی زیندەوەرن " . تونیا لە دەستی کەنارە بەردەڵانەکەدا ولە سەر تەختانییەکی سەوزەلاندا ڕاکشابوو . زۆر لە سەروو تەختانییەکەوە کاژستانەکە بوو، لە خوارەوە، ڕێک لە داوێنی هەڵدێرێکی ڕکدا، دەریاچەکە بوو. ئەو تاوێرە بەردانەی دەوری دەریاچەکەیان داوە، کەنارەکانی دەریاچەکە هێندەی دی تاریک دەکەن . ئێرە گۆشە دڵخوازەکەی تونیایە . لێرەدا، لە دووری یەک کیلومەتری وێستگەکەدا ، لە ناو کۆنە کانە بەردێکدا، چەند کانییەک هەڵدەقوڵێن وئێستا بوون بە سێ دەریاچە وچوون بە ناو یەکدا. لە خوارەوە، لە نزیکی شیوێکدا کە دەڕوانێتە دەریاچەکە، دەنگی خوڕە خوڕی ئاو دێت.

تونیا سەری هەڵدەبڕێت ، بە دەست لقەدارەکان لادەداتە لاوەو تەمەشای خوارەوە دەکات: جەستەیەکی تاوەگاز، بە دەم مەلەوە لە کەنار دەریاچەکەوە، بە خێرایی بۆ ناوەندی دەریاچەکە دەڕوات. تونیا، پشتە ئەسمەرو سەرەڕەشەکەی یارۆی مەلەوان دەبینێ، کە وەکو ماینی بەحری ، بە دەستە کورتەکانی ئاوەکە شەق دەکات، وەردەگەڕێتە سەرپشت، تەقلە لێدەدات، دەچێتەژێر ئاوەکە ، پاشان شەکەت وماندوو دەکەوێتە سەر پشت، چاوەکانی لەبەر تیشکی تووندی هەتاوەکە بچووک دەکاتەوەو دەستەکانی بەرز کردوونەتەوە، بەدەنی کەمێک خواردەکاتەوە و جوڵە لە خۆی دەبڕێت. تونیا ، لقە درەختەکانی بەردا ولە دڵی خۆیداو بەشۆخییەوە گوتی : " ماقووڵ نییە ، تەمەشا بکەم " . ئەوسا کەوتە خوێندنەوە . تونیا، سەرگەرمی خوێندنەوەی ئەو کتێبە بوو کە لیشنسکی دابوویە، ئیدی ئاگای لەوە نەبوو چۆن یەکێک خۆی گەیاندبووە سەر ئەو تاشە بەردە ڕەقەی کە تەختانییەکەی لە لێڕەوارەکە جیا دەکردەوە. تەنیا کاتێک وە ئاگا هاتەوە کە ورتکە بەردێک لە سەرێڕا هاتەخوارێ و کەوتە سەر کتێبەکەی تونیا . تونیا چاوەڕوانی شتی وەها نەبوو، سەری هەڵبڕی و، پاڤکا کورچاگینی لە هەنبەر خۆیدا بینی .

پاڤکا، لەم دیدارە چاوەڕوان نەکراوە حەپەسا ولێبڕا بڕوات . تونیا کە قژە تەڕەکەی پاڤکای بینی، هەستیکرد" ئەو بوو کە تۆزێ لەمە پێش خەریک بوو مەلەی دەکرد " .

پاڤل لەبن لێوانەوە گوتی : – چییە، ترساندمیت؟ نەمزانی تۆ لێرەیت، بەڕێکەوت هاتم بۆ ئێرە ...

ئەوسا خۆی بە تاوێرەکەوە گرت ، ئەویش تونیای ناسییەوە .

– نە، نەت ترساندم، ئەگەر حەزدەکەیت دەتوانین بۆ خۆمان قسەش بکەین.

پاڤل، بە سەرسامی ڕوانییە تونیا .

– باسی چ بابەتێک بکەین؟

تونیا، بزەیەکی بۆ کرد :

– باشە بۆ وەستاویت؟ دەتوانی لێرە، لە سەر ئەم تاوێرە دانیشیت . پێم بڵێ ناوت چییە؟

– ناوم پاڤل کورچاگینە .

– منیش ناوم تونیایە . ئیدی تەواو تەعاروفمان کرد .

پاڤل، بە شەرمەوە، کڵاوەکەی لە دەستیا دەگوشی . تونیا بێدەنگییەکەی شڵەقاند .

– کەواتە تۆ ناوت پاڤکایە؟ بۆ پاڤکا؟ پاڤکا لە سەر زمان خۆش نییە ، پاڤل جوانترە ، من بە پاڤل بانگتدەکەم . تۆ زوو زوو لێرە ... دەیویست بڵێت : ... مەلە دەکەی، بەڵام چونکە نەیدەویست ئەوە بدرکێنێ کە ئەوی لە کاتی مەلە کردندا دیتووە، لە سەری ڕۆیی : – لێرە پیاسە دەکەیت ؟

پاڤل، بەرسڤی دایەوە : – نە، زوو زوو بۆ ئێرە نایەم ، هەرکاتێ دەرفەتم هەبێ دێم.

تونیا، بە کونجکاوییەوە پرسی : – تۆ کار دەکەیت؟

- لە وێستگەی کارەبادا کار دەکەم .

تونیا، لە ناکاوا پرسیارێکی چاوەڕوان نەکراوی کرد :

- پێم نالّێی، لە کوێوە بەو کارامەییە فێری شەڕ بوویت؟

پاڤل، بە نارەزاییەوە ورتە ورتێکی کرد :

- تۆ هەقت بە شەڕکردنی منەوە چییە؟

تونیا، کە هەستیکرد، پاڤکا، بەو پرسیارە نارەحەتە، گوتی :

- تووڕە مەبە کورچاگین، من ئەم مەسەلەیەم زۆر بەلاوە گرینگە. جەزرەبەکەت زۆر توند بوو! نابێ بەو بێڕەحمیە دەست بوەشێنی.

ئەوسا لە قاقای پێکەنینی دا .

پاڤکا پرسی :- چییە، بەزەییت پێدا هاتەوە.

- نا، بە هیچ جۆرێ دڵم پێی ناسووتێ، بەپێچەوانەوە، سوخارکو هەقی خۆی وەرگرت، زۆر بەو دیمەنە خۆشحاڵ بووم . دەڵێن تۆ کەسێکی شەڕانیت، زۆر شەڕفرۆشیت .

پاڤل، گوێی قولاخ کردەوە : - کێ گوتی؟

- بۆ نموونە ڤیکتور لیشنسکی دەڵێت کە تۆکار وپیشەت شەڕە.

ڕوخساری پاڤل تاریک بوو .

- ڤیکتۆر، کەسێکی شلەشاری، دەست وپێ سپییە. دەبێ مەمنوون بێ کە ئەو ڕۆژە کوتەکی نەخوارد . من گوێم لێبوو چی دەربارەم گوت، بەڵام حەزم نەکرد دەستی خۆم بەوەوە پیس بکەم .

تونیا، هەڵیدایە وگوتی :

- پاڤل، تۆ بۆچی بەمجۆرە جنێو دەدەیت؟ ئاخر ئەمە باش نییە .

پاڤل، توورە بوو ولە دڵی خۆیدا گوتی :

" چۆن خۆم تووش کرد و لەگەڵ ئەم بوونەوەرە سەیرەدا، سەری قسانم دامەزراند؟ خەریکە فەرمانیش دەدات. جارێ حەزی لە ناوی پاڤکا نییە وجارێ دەڵێ جنێو مەدە! " .

تونیا، پرسی : - بۆچی ڕقت لە لیشنسکییە؟

پاڤل، بە هەڵچوونەوە گوتی :

- لیشنسکی، کچە وپانتۆڵی کوڕی لەبەرە، حەزدەکەم سەری هەڵکەنم . کوڕێکی نازنازوکی خوێڕییە، کە ئەم جۆرە کوڕانە دەبینم، دەستم بۆ لێدانیان دەخورێ. دەیەوێ خۆی بە دەوڵەمەندییەکەیانەوە هەڵکێشێت، هەموو شتێک بۆ ئەو ڕەوایە، تف لەو سەروەتەش کە هەیانە. ئەگەر دەستم بۆ بێنێ دەستی دەشکێنم، ئەوانە دەبێ بە شەق بکرێن بە بەشەر.

تونیا، پێی ناخۆش بوو کە لە قسەکانیا ناوی لیشنسکی هێنایە ناو ناوان ، وا دیار بوو پاڤل، کۆنە قینی لەم خوێندکارە نازدارە هەبوو. بۆیە تونیا بابەتی قسەکەی بە بارێکی ئارامتردا گۆڕی. ئیدی پرسیاری ڕەوشی خانەوادەگی وکاری پاڤلی کرد . پاڤل، بەبێ ئەوەی بەخۆ بزانێ، بە دوور ودرێژی بەرسڤی پرسیارەکانی کیژێی دەدایەوەو ئەوەی بیر چووەوە کەدەیویست بڕوات. تونیا پرسی :

- باشە بۆچی لە سەر خوێندن بەردەوام نەبوویت؟

- لە قوتابخانە دەرینکردم.

- بۆچی؟

پاڤل، سوور بووەوە .

– له بەر ئەوەی ماخورکام (تووتن) کرد بە هەویری کەشیشەوەو ئیدی لەسەر ئەوە دەریانکردم . کابرای کەشیش زۆر نارەسەن وبوغزن بوو، لە دەستی ئەو ژیانم لێ تاڵ بووبوو.

پاڤل، هەموو شتەکانی بۆ باسکرد .

تونیا، بە کونجکاوی گوێی لێدەگرت . پاڤل، شەرمەکەی خۆی لە بیرکرد و وەکو ئاشنایەکی کۆن بۆی گێڕایەوە کە چۆن برایەکەی نەهاتووەتەوە . هیچ کامیان ئاگایان لە خۆ نەما کە چۆن بەدەم قسە وباسی دۆستانەوە چەندین سەعاتیان لەو تەختانییە بە سەربرد. ئەنجام پاڤل، بیری کەوتەوە وڕاپەڕی و لە جێی خۆی هەستا .

– ئیدی وەختی کارەکەمە. زۆرم چەنەبازی کرد، دەبێ فریابکەوم، مەنجەڵەکان داگیرسێنم. ئێستا دانیلا بۆڵەبۆڵی دنیا دەکات. پاڤکا بە نیگەرانییەوە گوتی : – دەی خواحافیز . مادموزیل، دەبێ بە غار بۆ شار بڕۆم.

تونیا، بە هەشتاو چاکەتەکەی لەبەرکرد :

– کاتێ ڕۆیشتنی منیش هاتووە، با پێکەوە بڕۆین.

– نا، من بە غار دەڕۆم، تۆ بە پێی مندا ناگەی!

– بۆچی؟ پێکەوە غار دەدەین، پێشبڕکێ دەکەین، با بزانین کیهەمان خێراترین.

پاڤکا، بە بێ موبالاتییەوە سەیری کرد :

– پێشبڕکێ بکەین؟ ئاخر تۆ چۆن بە مندا دەگەی؟

– با بزانین، با جارێ لێرە وەدەربکەوین.

پاڤل، لە سەر تاوێرەکە خۆی هەڵدایە خوارەوە، دەستی دایە دەستی تونیا . بە دوو قۆڵی، هاتنە سەر تەختانی و ڕێگەیەکی ناو لێرەوارەکە، کە دەچووەوە سەر وێستگەکە . تونیا لە ناوەڕاستی ڕێگاکە وەستا.

- دەی، ئێستا غاردەدەین ، یەک .. دوو .. سێ ، دەی بمگرە . ئەوەی گوت و وەکو با بۆی دەرچوو. پاژنەی پێڵاوەکانی، لە بەرز بوونەوەو نزم بوونەوەدا دەبریقانەوە.

چاکەتە شینباوەکەی بەدەم بایەکەوە، دەشەکایەوە.

پاڤل بە غار دووی کەوت . لە کاتێکا بە دووی چاکەتە شینباوەکە کەوتبوو، لە دڵی خۆیدا دەیگوت : " هەر ئێستا دەیگرمەوە" بەڵام تەنیا لە ڕاستە ڕێگاکەی نزیکی وێستگەکە پێی گەیی. پاڤل بە هەموو هێزی خۆیەوە تاوی دا ، خۆی پێدا دا وبە توندی هەردوو شانی گرت، لە کاتێکا هانکەهانکی پێکەوتبوو، بە خوشحاڵییەوە گوتی :

- گرتمیتەوە، چۆلەکەکە کەوتە داوەوە .

تونیا، بە دەم بەرگرییەوە گوتی : - بەرمدە، تۆ ئەزیەتم دەدەی .

هەردووکیان بە دەم هەناسە بڕکێو، دڵە کوتێوە، ڕاوەستابوون و تونیا، کە تەواو شەکەت بوو بوو، بە ئەسپایی و بۆ ساتێک، بەبێ مەبەست، خۆی بە پاڤلەوە گرت و لێی نزیک بووەوە، هەڵبەتە ئەمە لە چاوتروکانێک زیاتری نەخایاند، بەڵام لە یادەوەری پاڤلدا تۆمار بوو.

تونیا، لە کاتێکا خۆی لە دەستەکانی پاڤل دەردێنا گوتی :

- تا ئێستا هیچکەسێک لە ڕاکردنا پێم نەگەیی بوو.

ئیدی خێرا لە یەکدی جیابوونەوە. پاڤل، لە کاتی خوا حافزیدا، کڵاوەکەی بە ڕێزەوە بۆ داگرت و بەغاردان بەرەو شار ڕۆیی.

کاتێ پاڤل دەرگای ژووری مەنجەڵەکانی کردەوە، دانیلای ئاتەشکار(وقاد)، مژوولی هەڵگیرساندنی ئاگری ژێر مەنجەڵەکان بوو. بە تووڕەیی ئاوڕی دایەوە وگوتی :

- دەبوا دێرتر بکەوتبای، چییە دەتەوێ مەنجەڵەکانیشت بۆ گەرم بکەم؟

لێ پاڤکا، بە شادییەوە دەستی دا بە شانی ئاتەشکارەکەدا وبە شیوەیەکی ئاشتیانە گوتی :

- پیرەمێرد، خەمت نەبێ، هەر ئێستا مەنجەڵەکە لە چاو تروکانێکدا ئامادە دەبێت.

ئەوسا پاڤل، چوو بە لای دار وئیزنگە هەڵچنراوەکانەوە. لە نیوە شەوا، کاتێ دانیلا، لە سەر لێژنەدارەکە ڕاکشابوو و وەکو ئەسپ دەیپرخاند، پاڤل بە یەغدانەکە هەموو مەکینەکەی چەور وگریس کرد، دەستی بە پەڕۆیەک سڕی و ژمارە شەست ودووی (جوزپیە گاریباڵدی) لە سەندووقەکە دەرهێنا و بە تاسەوە کەوتە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دڵگیرە دەربارەی سەربهوردە زۆرو زەبەندەکانی کاریباڵدی پێشەوای ئەفسانەیی ( گرووپی کراس سوورانی ) ناپۆلی.

"ئەو کیژە ، بەچاوە شینە جوانەکانی ڕوانییە هەتسوک ( شازادە ) ."

پاڤل بیری کەوتەوە : " ئەم کیژەش چاوی شینن . ئەمە کیژێکی دەگمەنە ، لە کیژانی نازپەروەردەی دەوڵەمەند ناچێت، وەکو شەیتان غارددەدات" .

پاڤل، لە بیرەوەرییەکانی ڕۆژی بووری نقوم بووبوو و، گوێی لە دەنگی بەرزی مەکینەکە نەبوو: مەکینەکە لە گوشاری زیاددا دەینەڕاند، پانکەی مەکینەکە بە خێراییەکی شێتانە دەخولایەوە، ئەو بنکە چیمەنتۆیەی مەکینەکەی لە سەری دانرابوو، بە تووڕەیی دەلەرییەوە.

پاڤل، تەمەشایەکی مونومەترەکەی کرد، گێچەکەی چەند نمرەیەک لە هێڵە سوورەکەش بووری بوو.

- ئاه، شەیتان بە نەعلەت بی!

پاڤل، لە سەر سەندووقەکە هاتەخوارەوە، بلەز بەرەولای ئەگزۆزی دووکەڵەکە ڕۆیی، دوو جاری بادا. لەو سەری ئاگردانەکەوە، دەنگی فشەفشی ئەو بوخارو دووکەڵەی لە لوولەکەی دەرەوە دەچووە ناو ڕووبارەکەوە، هاتەگوێ. پاڤکا، دەسکی مەکینەکەی هێنایە خوارەوە، قایشەکەی خستەوە سەر چەرخی ترومپایەکە.

پاڤل ئاوڕی لای دانیلای دایەوە . دانیلا، دەمی کردبووەوەو بێخەم وخەیاڵ لە غوڕابی خەودا بوو، دەنگێکی ترسناک لە کەپوویەوە دەهاتە دەرێ.

دوای نیو دەقیقە گێچی مینومەترەکە، گەڕایەوە شوێنی خۆی.

***

تونیا، پاش ئەوەی خواحافیزی لە پاڤل کرد، بۆ ماڵی خۆیان ڕۆیشتەوە . بیری لە دیدارەکەی ئەم کوڕە چاو ڕەشە دەکردەوەو بەبێ ئەوەی بەخۆ بحەسێت، بەم دیدارە شاد بوو.

"چەند کەسێکی بە ورەو پڕجۆشە! ئەوەندەش زبر وناقوڵا نییە وەکو وێنام دەکرد . بە هەرحاڵ، بە هیچ جۆرێ لەو خوێندکارە نازنازۆکیانە ناچێت" .

ئەو لە قوماشێکی دیکەبوو، پەروەردەی ژینگەیەک بوو کە تونیا تا ئێستا لە نزیکەوە تەماسی لە گەڵیا نەبوو. تونیا لە دڵی خۆیدا گوتی : "دەشێت ڕام بکرێت و هەنگێ ئەو دۆستایەتییە شتێکی خۆشی لێدەردەچێت" .

کاتێ تونیا گەییە نزیکی ماڵەوە، سەیری کرد لیزا سوخارکۆ، نیلی وڤیکتور لیشنسکی لە باخچەکەی ئەواندا دانیشتوون.

ڤیکتۆر، کتێبێکی دەخوێندەوە، وا دیاربوو چاوەڕوانی تونیایان دەکرد. تونیا سڵاوی لە هەموویان کرد ولە سەر تەختەکە دانیشت . بەدەم قسەی بۆش و بەتاڵ

و ئاساییەوە ڤیکتۆر لیشنسکی لە لای تونیاوە دانیشت و بە ئەسپایی لێی پرسی : - تۆ ڕۆمانەکەت خوێندەوە؟

- ئاه، بەڵی، ڕۆمانەکە .

تونیا بیری کەوتەوەو لەزگ بوو بڵێت کە کتێبەکەی لەلای دەریاچەکە لە بیر چووە.

ڤیکتۆر، بە وردی ڕوانییە تونیا وپرسی: - باشە ڕۆمانەکەت بەدڵ بوو؟

تونیا، دەبیرەوە چوو، بە نووکی پێڵاوەکانی خۆی، وێنەی خەیاڵی لە سەر لمی ڕاڕەوی باخچەکەدا دەکێشا، سەری هەڵبڕی و تەمەشای ئەوی کرد .

- نەخێر، دەستم بە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی دیکە کردووە کە زۆر لەو ڕۆمانە خۆشترە کە تۆ بۆت هێنابووم.

ڤیکتۆر، بە خەمینییەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:- ئاوها، نوسەرەکەی کێیە؟

تونیا، بە چاوانی گەش و پڕ بزەوە تەمەشای کرد : - کەس نییە ...

داکی تونیا، کە لە بانێژەکەدا وەستابوو گوتی :

- تونیا، میوانەکانت بێنەژوورەوە، چای ئامادەیە!

تونیا، دەستی هەردوو کیژەکەی گرت وچوون بۆ ژوورەوەو ڤیکتۆر، کە لە دوایانەوە دەڕۆیی، بەدەم مێشک گوشینەوە بیری لەو وشانە دەکردەوە کە تونیا گوتبوونی و ئەم لێیان تێنەدەگەیی.

***

ئەم هەوەڵین هەستەی کە هێشتا وەکو پێویست دەرک نەکرابوو و بەشێوەیەک سەیرو گۆنگ، لە هەست ونەستی یارۆی ئاشتەکاری جەواندا مێرولەی

دەکرد،شتێکی زۆر تازە بوو وبۆ ئەو مایەی نیگەرانی بوو. ئەم هەستە کوڕەی سەرکێش ویاخی ناڕەحەت وشپرزە کرد.

تونیا، کیژی سەرۆکی جەنگەڵوانان بوو. سەرۆکی جەنگەڵوانان بەلای پاڤلەوە هاوتای پارێزەر لیشنسکی بوو. پاڤل کە لە هەژاری ونەداری و برسیەتیدا گەورە بووبوو، هەستێکی دوژمنانەی سەبارەت بە هەموو ئەوانە هەبوو کە بەلای ئەوەوە دەوڵەمەند بوون. پاڤل، هەستێکی گونگی سەبارەت بە تونیا هەبوو، بە ترس و گومانەوە سەیری دەکرد . تونیای وەکو گالینای کیژی بەردتاش و بەنا، بە خۆیی وسادە نەدەزانی . لە تونیا دڵنیا نەبوو، بە گومانەوە بەرخوردی لەگەڵدا دەکرد ، ئامادە بوو، وەڵامی توندی هەر گاڵتە وتەوس وتوانجێکی ئەم کیژە جوان وخوێندەوارە بداتەوە.

یەک هەفتەی تەواو بوو کە پاڤل کیژی سەرۆکی جەنگەڵوانانی نەبینی بوو، ئەمڕۆ بڕیاری دا کە بۆ دەریاچەکە بڕوات. پاڤل بە ئانقەست و بۆ ئەوەی تونیا بدینێ بەلای ماڵی ئەواندا ڕۆیی . بە ئەسپایی بە قەراخ پەرژینی ماڵەکەی ئەواندا دەڕۆیی . لە کۆتایی باخەکەدا کراسە دەریاوانییە ئاشناکەی بینی. بەرە سنۆبەرێک لە لای پەرژینەکەوە کەوتبوو، هەڵیگرت و سرەواندییە کراسە سپییەکە . تونیا، بلەز ئاوڕی دایەوەو هەرکە پاڤلی بینی، بە هەشتاو بەرەو ئەو ڕۆیی و بە خۆشحاڵییەوە بزەیەکی کرد و تەوقەی لە گەڵیا کرد وگوتی : - ئاخری پەیدا بوویت . دیار نەبووی ، ئەم هەموو ماوەیە لە کوێ بوویت؟ من لای دەریاچەکە بووم، کتێبێکم لەوێ لەبیر چووبوو. وام تەسەور دەکرد تۆش دێیت. وەرە ناو باخچەکەمان .

پاڤل، سەری نەرێنی بادا و گوتی : - نایەم .

تونیا، بە سەرسامی برۆیەکانی هەڵبڕی و گوتی : - بۆچی؟

- وا تەسەور دەکەم بابت دەرم دەکات، بە بۆنەی منەوە تۆ جنێوباران بکات و بڵێت بۆچی ئەولات و لەوێرەت هێناوەتە ماڵەوە.

تونیا بە توورەییەوە گوتی :- پاڤل تۆ قسەی بێ مانا دەکەی، دەی خێرا وەرە ژوورەوە. بابم هیچ نالێت، ئێستا بە چاوی خۆت دەبینی، دەی وەرە ژوورێ .

تونیا، بە هەشتاو ڕۆیی، دەرگای باخچەکەی کردەوە، پاڤل بە دوودڵی دووی کەوت. کاتێ لە دەوری مێزێکی بازنەیی، کە لاقەکانی لە عاردی چەقی بوون، دانیشتن، تونیا پرسی : – حەز لە کتێب خوێندنەوە دەکەیت؟

پاڤل، بە گەرمی بەرسڤی دایەوە : – زۆرم حەز لێیە.

– خۆشترین کیتابێکی کە خوێندبێتەوە کامەیە؟

پاڤل، دوای بیرکردنەوەیەکی کەم بەرسڤی دایەوە : – جوزپا گاریباڵدی.

تونیا، ناوەکەی بۆ ڕاست کردەوە :

– جوزپیە گاریباڵدی . زۆرت حەز لەم کتێبەیە؟

– بەڵێ، شەست وهەشت بەشم لێی خوێندووەتەوە، هەرجارێ کە مووچە وەردەگرم، پێنج بەشی دەکڕم .

ئەوسا پاڤل، بە ستایشەوە گوتی : ئەم گاریبالدییە، عەجەب پیاوێک بوو . قارەمانە قارەمان! بەمە دەگوترێ قارەمان. چەندین جار ناچار بوو شەڕی دژمن بکات و هەمیشەش هەر سەردەکەوت. وڵاتانی دنیا گەڕاوە! ئەگەر لە ژیاندا بوایە پەیوەندیم پێوە دەکرد. ئەو سنعەتکارانی لە دەستەکەی خۆی وەردەگرت و هەمیشە لە پێناوی هەژار و بێنەوایاندا دەخەبەتی.

تونیا، دەستی پاڤلی گرت وگوتی :

– دەتەوێ کتێبخانەکەی خۆمانت پێ نیشانبدەم؟

پاڤل، بە تۆنێکی بنجبڕ بەرسڤی دایەوە :

– نە، نە، نە، نایەمە ژوورەوە .

- بۆچی سەرسەختی دەکەی؟ یان دەترسیت؟

پاڤل، ڕوانییە پێیە پەتییەکانی خۆی کە زۆریش خاوێن نەبوون، پاشان لاملی خوراند.

- باشە، دایکت یان باوکت دەرم ناکەن؟

تونیا، پەشۆکاو وگوتی :

- واز لەم قسانە بێنە، دەنا بە ڕاستی زویر دەبم.

- ئاخر نەهەقم نییە . لیشنسکی، ڕێگەی ئێمەمانان نادات بچینە ماڵیان . لە مووبەقەکەدا قسە دەگەڵ خەڵکانی وەکو ئێمەدا دەکات. جارێکیان بە کارێک چووم بۆ ماڵیان. بەڵام نیلی ڕێگەی نەدام بچمە ژوورەوە. خوا دەزانێ لە بەرچی بوو، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ نەبا مافورەکانیان پیس ببێ.

پاڤل، بە دەم ئەو قسانەوە بزەیەکی بۆکرد.

تونیا، شانی پاڤلی گرت و دۆستانە ئەوی بۆ بانێژەکە پاڵنا :- بڕۆ، بڕۆ، با بڕۆین.

تونیا، ئەوی بە ناوەندی مووبەقەکەدا بۆ ژوورێک برد کە دۆلابێکی یەجگار گەورەی تیابوو. دۆلابەکە لە دار بەڕوو دروستکرا بوو،تونیا دەرگاکانی دۆلابەکەی کردەوە، پاڤل چەند سەد کتێبێکی بینی کە لە نێو دۆلابەکەدا بە ڕیز سەفتە کرابوون، سەری لەم هەموو کتێبە سوڕما.

- ئستا کتێبێکی زۆر خۆشت بۆ دەدۆزمەوەو تۆش بەڵێنم بدەیە هەموو جارێ بێی کتێب بە ئەمانەت ببەیت، باشە؟

پاڤل، بە شادمانییەوە، سەری لەقاند :

- من زۆرم حەز لە کتێب خوێندنەوەیە.

چەند سەعاتێکی زۆر خۆشیان پێکەوە قەتاند. تونیا، پاڤلی، بە دایکی ناساند و، ئیدی دەرکەوت ئەم مەسەلەیە ئەوەندەش ترسناک نەبوو . پاڤل ، داکی تونیای زۆر بەدڵ بوو. تونیا، پاڤلی، بۆ ژوورەکەی خۆی برد، ئیدی کتێبە خارجی و کتێبە دەرسییەکانی خۆی نیشاندا.

ئاوێنەیەکی بچووک بە سەر مێزی تەوالێتەکەوە بوو. تونیا، پاڤلی هێنایە بەر ئاوێنەکە وبە پێکەنینەوە گوتی :

– قژت بۆچی وا بژ وشێواوە؟ قەت چاک و شانەی ناکەیت؟

پاڤل، سەراسیمە، خۆی پەڕاندەوەوگوتی :

– کە دێتەوە، لە بنەوە دەیتاشم، ئیدی چی لێبکەم؟

تونیا بە دەم پێکەنینەوە، شانەکەی سەر مێزی تەوالێتەکەی هەڵگرت و بە پەلە کەوتە شانەکردنی قژە بژو تێک ئالاوەکەی پاڤل وتەمەشایەکی پاڤلی کرد وگوتی :

– ئێستا بووی بە کوڕێکی دی، لە پاڤلەکەی جاران ناچیت. قژ دەبێ بە جوانی چاک بکرێت، دەنا وەکو کێوییان دێیتە بەرچاو.

تونیا، بە چاوی مشتەری ڕوانییە کراسە خاکییە کاڵەوە بوو وپانتۆڵە شڕەکەی پاڤل، بەڵام هیچی نەگوت . پاڤل، هەستی بە تەمەشاکردنەکەی کرد و بە هۆی جلە شڕۆڵەکانیەوە بە خۆیا شکایەوە.

لە کاتی خواحافیزیدا، تونیا، دەعوەتی کرد کە هەموو جار بێتە سەردانیان، بەڵێنی لێوەرگرت کە دوای دوو ڕۆژی دی بێت وپێکەوە بچنە ڕاوەماسی.

پاڤل، لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵدایە نێو باخچەکە : حەزی نەدەکرد، دیسان بە ناوەندی مووبەقەکەدا بڕوات و تووشی داکی تونیا ببێت.

***

... دوای دیار نەمانی ئارتیم، ڕەوشی دارایی و ژیان وگوزەرانی خانەوادە ومالّباتی کورچاگینان، زۆر دژوار بوو، موچەکەی پاڤل، بەشی نەدەکرد.

ماریا یاکوڤلیڤنا لیبڕا قسە لە گەڵ کوڕەکەیدا بکات وبگەڕێتەوە سەر کارکردن، بە تایبەتی مالّباتی لیشنسکی پێویستیان بە ئاشپەز بوو، بەلاّم پاڤل قاییل نەبوو و گوتی :

– نا، دایکە، من هەوڵدەدەم ، کارێکی دیکەش بکەم . لە کارخانەی دارتاشیدا، کرێکاریان بۆ تەختە هەڵچنین دەوێ . تاقێک لەوێ کاردەکەم. ئیدی تێکڕای مووچەکەم بەشی من و تۆ دەکات . ئیدی تۆ کار مەکە، دەنا ئارتیم لە من تووڕە دەبێت ودەڵێت : نەیتوانی بەبێ من ماڵەکە بەڕێوە بەرێ ودایکمانی ناردە ئیشکرن.

دایکی، کارکردنی بە پێویست دەزانی، بەلاّم پاڤل، قەبوولّی نەکرد و ئەنجام دایکی قاییل بوو کە کار نەکات.

لە سبەیەوە پاڤل، لە کارخانەی دارتاشی دەست بە کاربوو. ئەو لەوح وتەختانەی، کە تازە لە هەڕە درابوون، ڕیز دەکرد تا وشک ببنەوە . لەوێ تووشی دوو کوڕی هاوتەمەنی خۆی بوو کە دەیناسین. یەکێکیان میشکالّوچوکوف بوو کە لە قوتابخانە پێکەوە دەیانخوێند وئەویتریان ڤانیا کولیشوف بوو.

پاڤل ومیشکا ڕێکەوتن، کە بە لەبڕ کاربکەن وپارەیەکی تا ڕادەیەک باشیان دەستدەکەوت. پاڤل، لەو ڕۆژەوە لە کارخانەی داربڕی کاری دەکرد و شەوێ دەچووە وێستگەی کارەبا.

پاڤل، لە کۆتایی ڕۆژی دەیەمدا، ئەو پارانەی کە وەریگرتن، بۆ داکی هێنایەوە. کاتێ پارەکەی دایە داکی، بە کەمێک شەرمەوە کەوتە مینگەمینگ و ئەنجام گوتی :
– دەزانی چییە دایکە، کراسێکی ساتینی شینم بۆ بکڕە، وەکو ئەو کراسەی پارم، لە بیرتە. ئەم کراسە نیوەی ئەم پارەیەی تێدەچێت، بەلاّم گوێ مەدەیە پارەی دی بە دەست دێنم، ئەم کراسەم زۆر کۆن بووە.

پاڤل، بەم بیانووەوە داواکەی خۆی تێپەڕاند، وەکو ئەوە بوو، تەوازی بۆ داواکارییەکەی خۆی بێنێتەوە.

ماریا یاکولڤینا، بە سۆز ومیهرەوە ڕوانییە جگەرگۆشەکەی و گوتی :

– باشە، زۆر باشە، ئەمڕۆ بۆتی دەکرم و سبەینێ دەیدوورم، ڕاستە تۆ کراسی تازەت نییە.

***

پاڤل، لەبەر دەلاکخانەیەک وەستا، بە دەست تاقە ڕۆبڵەکەی ناو گیرفانی سەح کردەوە وخۆی بە دەلاکخانەکەدا کرد.

دەلاکەکە کە کوڕێکی زیتەڵە بوو، هەر کە مشتەرییە تازەکەی بینی، بە ئاماژەی سەر کورسییەکەی نیشاندا وگوتی : – فەرموو دانیشە.

پاڤل، لە سەر کورسییەکی نەرم وڕەحەت وقووڵ دانیشت و لە ئاوێنەکەدا سەروسیمای پەشۆکاو وشەرمن وسەراسیمەی خۆی بینی. دەلاکەکە پرسی : – سفری بکەم؟

– بەڵێ، مەبەستم ئەوەیە نەخێر ... بە هەرحاڵ بە شیوەیەکی ئاسایی بۆم چاک بکە، ئیدی تۆ هەر ناوێکی لێدەنەی گرینگ نییە.

ئەوسا پاڤل، بە دەست حەرەکەتێکی شپرزانەی کرد. دەلاکەکە بزەیەکی کرد وگوتی : – تێگەیشتم.

پاڤل، دوای چارەکە سەعاتێک، شەکەت وئارەقاوی لە دەلاکخانەکە هاتەدەرێ. بەڵام قژەکەی بە تەرتیب وشانەکراو بوو. کابرای دەلاک ماوەیەکی زۆر خەریکی قژە لوول وگڤەکەی بوو، بەڵام ئەنجام بە زەبری ئاو وشانە قژەکەی جوان خەواند.

پاڤل، کە گەییە سەر شەقامەکە هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا و کڵاوەکەی زیاتر لەسەری توووند کرد، دەبیرەوە چوو: " ئەگەر داکم بمبینێ چ دەڵێت؟"

***

پاڤل، که وەعدی بە تونیا دابوو بچنە ڕاوەماسی، وەعد وبەڵێنەکەی خۆی نەبردە سەر وتونیا، لەمە زۆر پەست بوو. تونیا بە کەسەرەوەو لە دڵی خۆیدا دەیگوت : " وا دیارە ئەم کوڕە ئاتەشکارە، کەسێکی جددی وبە بەڵێن نییە" بەڵام کاتێ لە ڕۆژانی دواتریشدا سۆراغی نەبوو، دڵی تەنگ بوو.

تونیا، خەریک بوو خۆی ئامادە دەکرد کە بچێتە گەشت وپیاسە، داکی دەرگای ژوورەکەی کردەوە وگوتی :

– تونچکا، میوانت هاتووە بێتە ژوورەوە؟

پاڤل، لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا بوو، تونیا لە هەوەڵەوە نەیناسییەوە . کراسێکی شینی ساتینی لەبەر و پانتۆڵێکی ڕەشی لە پێدا بوو. پێڵاوە بۆیاخ کراوەکانی دەدرەوشانەوەو ئەوەی کە لە یەکەم نیگاوە سەرنجی تونیای ڕاکێشا، قژە چاککراوەکەی بوو. ئیدی قژی وەکو تووکی ورچ نەچووبوو بەیەکا وگڤ نەبووبووەوە. یارۆی ئاتەشکاری ڕەشتاڵە تەواو گۆڕا بوو.

تونیا، دەیویست سەرسامی خۆی دەربڕێت. بەڵام نەیدەویست کوڕەکە، کە خۆی لە خۆیدا شەرمی دەکرد، هێندەی دی ئیحراج بکات، بۆیە وای نواند کە هەستی بەم گۆڕانکارییە زەقە نەکردووە. تونیا، کەوتە سەرزەنشتی پاڤل :

– باشە تۆ شەرم ناکەی! ... بۆچی بۆ ڕاوەماسی نەهاتی؟ ئاوا بەڵێنی خۆت دەبەیەسەر؟

– من ئەم چەند ڕۆژە لە کارخانەی داربڕی کارم دەکرد ونەمدەتوانی بێم

نەیتوانی بڵێت ئەو ڕۆژانە لە پێناوی کڕینی کراس وپانتۆڵدا، لە توانا بەدەر کاری کردووە. بەڵام تونیا، بەمەزەندە پەی بەمە برد، بۆیە هەرچییەکی سەبارەت بە پاڤل لە دڵ گرتبوو، سڕییەوەو هیچی لە دڵدا نەما.

تونیا پێشنیازی کرد : - با بۆ پیاسە بچینە لای ئەستێڵ وئاوەکە.

ئیدی چوونە ناو باخچەکە ولەوێندەرەوە چوونە سەر ڕێگاکە. پاڤل، وەکو دۆستێک ڕازە گەورەکەی خۆی، مەسەلەی ئەو دەمانچەیەی کە لە ملازمەکەی دزی بوو، بە وردی بۆ تونیا گێڕایەوەو، بەڵێنی دایە کە لە چەند ڕۆژی ئایندەدا بڕۆن بۆ قوڵایی لێڕودارستانەکە ولەوێندەر تەقە بکەن. ئەوسا بە تۆنێکی زۆر خۆیی و چاوەڕوان نەکراو بە تونیای گوت :

- نەکەی خەبەرم لێبدەی ها.

تونیا، سوێندی خوارد وبەڵێنی دایە وگوتی : - من هەرگیز ولای هیچ کەسێک خەبەرت لێنادەم.

## فەسڵی چوارەم

خەباتێکی توندو دژواری چینایەتی ئۆکرانیای گرتەوە. ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی ئەوانەی چەکیان هەڵدەگرت، ڕووی لە زیادی دەکرد، لەگەڵ هەر شەڕێکدا، شەرڤانانی تازە دەهاتنە مەیدانی شەڕەوە. ڕۆژانی ئارامی و تەناهی لە خەڵکی ڕەش وڕووت چوونە قاتی، بوون بە ڕابردووی دوور، مەگەر هەر بیانگوتبا ئەم نانە بەو ڕۆنە.

قڵیشایەوە، خانووو بینا کۆن و لەرزۆکەکان بە دەم گرم وهۆڕی تۆپبارانەوە دەلەرینەوەو هەرەسیان دێنا، عەوامی خەڵکی پەنایان دەبردە بەر ژێرزەمینە بچووکەکان و ئەو خەندەکانەی خۆیان لێیان دابوون، وڵات پڕبوو لە جۆرەها باندو دەستە وشەقاوانی وەک پیتلورا، سەرانی بچووک وگەورە، گولوبانان، ئارخانگلان، گوردینانی جۆراوجۆر وژمارەیەکی زۆری چەتە وڕێگران و شەقاوە، شاریان کۆنترۆڵکرد.

کۆنە ئەفسەرانی ( S.R - سوسیالیستانی شۆڕشگێڕ) چەپ وڕاستێن ئۆکراینی، بە کورتیەکەی هەر ڕیسککارێکی بێباک و دوو ئاتەشە، چەند سێبەندی

وپیاوکوژێکی له دەوری خۆی خڕدەکردەوەو ناوی خۆی دەنا ئەتامان ( ئەتامان : وشەیەکی ئۆکرانییە، به مانای سەرۆکی باند وپێشەنگ دێ ) وهەندێجار ئاڵای زەرد وشینی لایەنگرانی (پتلیورا) ی هەڵدەکرد وله سنووری توانا وئاقاری خۆیدا، حکوومەت ودەسەڵاتێکی قوت دەکردەوه. "کولونوی ئەتامان" (ئاتامانی گەورە) پتلیورا، فەوج وهێز و لەشکرەکانی خۆی لەم باندانەدا که له لایەن موڵکداران وفەوجەکانی گالیسییەوە، سوپا ئابلۆقه دراوەکەی کونوڤالتس بەهێز دەکرا، پێکدەهێنا. کاتێ دەستەکانی پارتیزانانی سوور، به تووندی کەوتنه لێدانی ئەم هێزه دەرەبەگییه ئەنتی شۆڕشانه، زەوی له ژێر سمی سەدان هەزار ئەسپ وعەرەبانەی تۆپخانەدا هاته لەرزین.

له هەیڤی نیسانی ساڵی فەرتەنه ویاخیبوونەکەی ساڵی ۱۹۱۹دا، ڕەش وڕووتانی خەڵکی، ترساو وتۆقیو، بەیانیان، چاوی خەواڵوویان هەڵدەگلۆفی و پەنجەرەی ماڵەکانیان دەکردەوەو بەترس ولەرزەوە لەو دەراوسێیانەی، که پێش ئەوان له خەو ڕابووبوون، دەپرسی :

- ئەرێ ئەفتونوم پیتروفیچ، کێ فەرمانڕەوای شارە؟

ئەفتونوم پتروفیچ، پانتۆڵەکەی خۆی هەڵدەکێشاو به ترسەوە وەڵامی دەدایەوە :
- نازانم ئافاناسی کیریلوفیچ، شەوێ خەڵکانێک هاتنه ناو شارەوە، با چاوەڕوان بکەین، ئەگەر جوولەکەکان تالانبکەن مانای وایه جەماعەت ودارودەستەی پتلیوران، ئەگەر (هاوڕێیان) ش بن یەکسەر به قسه ودەم ودوویاندا دەناسرێنەوە. منیش چاوەڕوانی ئەوەم تابزانم چ وێنەیەک هەڵواسم تا تووشی کێشەو سەریەشه نەبم. (گیراسیم لیونتوفیچ )ی دراوسێم، به باشی تەمەشای نەکرد، هەر هەستاو وێنەی لینینی هەڵواسی، هەنگێ سێ زەلام که دەرکەوت له دارودەستەی پتلیوران خۆیان به ماڵەکەیدا کرد. هەرکه چاویان به وێنەکه کەوت پەلاماری خاوەن ماڵەکەیان دا و بیست دانه جەڵدەیان لێدا وپێیان گوت :" هەی سەگبابی، سەر وسەکوت

کۆمۆنیستی مەلعوون، پێستت دەگرووین پێست" . ئیدی هیچ پاکانە وپاڕانەوە ولالانەوەیەک دادی نەدا وفایدەی نەبوو.

کاتێ ڕەمەکی مەردوم، تاقمێک چەکداریان دەبینی بە سەر شۆستەکاندا دەڕۆیشتن، بۆ ئەوەی تووشی بەڵاو وەیشوومە نەبن، خێرا پەنجەرەکانیان دادەخست و خۆیان دەدایە پەنا.

بەڵام کرێکاران، بە نەفرەتێکی پەنهانەوە تەمەشای ئاڵای زەرد وشینی پیتلیوراییەکانیان دەکرد. کرێکاران لە هەنبەر ئەم شەپۆلە شۆڤینستیە خۆڕسکەدا دەستەوەستان بوون وتەنیا ئەو کاتە هەناسەیەکی ئۆخەیان هەڵدەکێشا کە یەکە سوورەکان دەهاتن وبە تووندی لە هەڵگرانی ئاڵای زەرد وشینیان دەدا ولە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دەدان ودزەیان دەکردە ناو شارەوەو ئاڵا سوورە خۆشەویستەکە یەک دوو ڕۆژان بە سەر بینای شارەوانییەوە دەشەکایەوە . بەڵام هەرکە پارتیزانانی سوور پاشەکشەیان دەکرد، دووبارە ڕۆژانی ڕەش دەستی پێدەکردەوەو تاریکی باڵی بە سەر شاردا دەکێشایەوە.

ئێستا، شار یەکپارچە لە ژێر دەسەڵاتی عەقید گلوپی فەرماندەی لەشکری ئەودیوی دەنیپەڕە.

دوێنێ هێزێکی دوو هەزار کەسی لە پیاوکوژانی ئەو بە تەنتەنە وسەنسەوە خۆیان بە شاردا کرد. ئاغای عەقید لە پێشی هێزەکەوە، سواری ئەسپێکی جوانی عال بووبوو. هەرچەندە هەتاوی هەیڤی نیسان گەرم بوو، بەڵام عەقید، جبەیەکی قەفقازی لەبەر وکڵاوێکی فەرووی زاپوروژی (ناوی دەڤەرێکی ڕووباری دەنیپەرە)گوڵینگ سووری لە سەر نابوو، جلە چەرکەسییەکەی لە چەکا نقوم بووبوو: خەنجەر، شمێشری زیو نیشان ...

ئاغای عەقید گولوپ، پیاوێکی قۆزە، برۆکانی ڕەشن، ڕوخساری بە هۆی خواردنەوەی بەردەوامەوە، مەیلەوزەردە. پایپێکی بە دەمەوەیە. ئاغای عەقید بەر لە شۆڕش، لە مەزرا وکێڵگەکانی کارخانەی قەندا، ئەندازیاری کشتوکاڵی بوو. بەڵام

ئەمە ژیانێکی تاقەتبەر بوو، لە گەڵ پێگەی ئەتامانیدا نایەتە بەراوەرد کردن. ئیدی ئەم ئەندازیارە کشتوکاڵییە، لە گەرمەی هەراو هەنگامە وئاژاوەی وڵاتا بوو بە ئاغا و(موڵکدار وخاوەن زەوی) سەرهەنگ (عەقید) گولوب.

لە تاقە شانۆکەی شارا، بە بۆنەی هاتنی هێزەکانی سەرهەنگ گولوپەوە ،شەونشینییەک بەرپا کرابوو. (بژاردەی) ڕۆشنبیرانی پتلیورایی: مامۆستایانی ئۆکرانی، دوو کیژی کەشیش: ( کیژە گەورەکە ئانیای ناو بوو و خوشکە بچووکەکەی دینای ناوبوو) ، خوردە ئاغایان، کارمەندانی گراڤ (پوتوتسکی) ، کۆمەڵە کاسبکارێک کە خۆیان بە "ڤیلنی کازاچستو" ( قوزاقانی ئازاد ) دەزانی ولە ڕاستیدا لە پەیڕەوانی ئوکراینی ( R – S ) ەکان بوون، لەم شارەدا ئامادە بوون.

شانۆکە پڕبوو . تاتۆستایان (معلمات)، کیژانی کەشیش، کیژانی کاسبکاران، بە جلێن ئالاو والاو هەرزەکارانەو جلفی ئوکراینی گۆڵدۆزییەوە ئامادە بوون. گرووپێک لەو سەردەستانەی کە ئاوزەنگی و مامێزەکانیان هێنابووە تەق وتوق و ڕێک دەتگووت، موو بە موو لە بەر تابلۆێن کۆنی قوزاقان (زاپوروژیە) گیرابوونەوە، دەوریان گرتبوون .

ئورکستەری لەشکر دەستی پێکرد. لە سەر تەختەی شانو بە پەلە مژوولی ئامادەکردن و تەدارەکی شانۆنامەی ( نازار ستودولی) بوون .

کارەبا نەبوو. لە سەرکردایەتیدا، سەرهەنگ ئاگادار کرایەوە کە گولوب، بە تەمایە بە خۆی بێتە ئاهەنگ و شەونشینییەکە وسەربەرزیان بکات، سەرهەنگ ئەمری بە گاردەکەی خۆی کە نەقیب بوو، کرد وگوتی :

– ئەگەر مردوویت دەبێ کارەبا پەیدا بکەیت، ئەگەر لەبنی ئەرزدا بووە دەبێ کارەباچی پەیدا بکەیت و وێستگەی کارەباکە بخەیتەکار.

– ئەمرەکەی جەنابی سەرهەنگ.

گاردی نێوبراو نەمرد وکارەباچی پەیدا کرد .

دوای سەعاتێک دووکەس لە دارودەستەی پتلیورا، پاڤلیان بۆ وێستگەی کارەباکە دایەپێش، میکانیک وکارەباچییەکەشیان بۆ وێستگەی کارەباکە هێنان.

گاردەکە، واتە خورونژی بالینتسیا، بەکورتی گوتی :

- ئەگەر تا سەعات حەوت کارەبا نەیەتەوە، هەرسێکتان لە سێدارە دەدەم

بەدەم ئەو قسانەوە ئاماژەی بۆ عامودێکی ئاسنین کرد. ئەم هەڕەشەیە جێگەی خۆی گرت، کارەبا لە کاتی خۆیدا هاتەوە.

ئاهەنگەکە لەوپەڕی گەرمی دابوو کە ئاغای عەقید لەگەڵ، سوتلییەکەیدا، هاتە ژوورەوە . کچی ئەو بارمەن وکافەچییە بوو کە سەرهەنگ، لە ماڵی ئەودا لای دابوو، کچێکی سینگ نەرم ونۆڵی قژ زەرد بوو. باوکە دەوڵەمەندەکەی خستبوویە قوتابخانەیەکی ناوەندی شارەوە .

ئاغا سەرهەنگ، لە لۆژێکی تایبەتی بەردەمی شانۆکە دانیشت وئاماژەی دانێ کە دەست پێبکەن. یەکسەر پەردە لادرا، پشتی دەرهێنەرەکە، کە بلەز لە شانۆیەکە وەدەردەکەوت، لە تەمەشاڤانەکانەوە دەرکەوت.

لەکاتی نمایشەکەدا، ئەفسەرو سەردەستەکان وهاوجووتەکانیان، ناوبە ناو لە باڕەکەوە ئارەقی دەستکردی (پرفاچ)ی بە ناوبانگیان، کە لە لایەن بالینتسیای ئەسکوێی هەموو مەنجەڵانەوە پەیداکرابوو، بە سەرا دابەش دەکرا، هەڵبەتە لەگەڵ جۆرەها مەزەدا کە لە ڕێگەی تالانییەوە ئامادە کرابوو. هەڵبەتە لە کۆتایی نمایشەکەدا هەموو فول سەرخۆش بوون.

پالینتسیا، بلەز سەرکەوتە سەر شانۆکە وبە شێوەیەکی نمایشی دەستی بەرز کردەوەوگوتی:- خانمان وبرادەرانی بەڕێز، ئێستاش نۆرەی سەمایە.

هاڕەی چەپڵە لە هۆڵەکەدا دەنگی دایەوە، هەموو ئامادەبوان چوونە حەوشەکە، تا سەربازانی پتلیورائی، کە بۆ حیمایە وپاراستنی کۆڕ وئاهەنگەکە هاتبوون، بتوانن کورسییەکان ببەنە دەرەوەو هۆڵەکە چۆڵ بکەن .

دوای نیو سەعات، سەمایەکی گەرمی شێتانە دەستی پێکرد. ئەفسەران و سەردەستە پتلیوراییەکانی دەوروبەر دەگەڵ کچانی جوانی شارا کە لە گەرما سوور بوو بوونەوە، بێپەروایانە کەوتنە سەمای گوپاک (جۆرە سەمایەکی میللی ڕووسیە). دیواری شانۆ کۆنەکە بە دەم گرمەگرمی پێی ئەوانەوە دەلەرییەوە.

لەم کاتەدا، لە سەمتی ئاسیاوەکەوە پۆلێک سوارەی چەکدار خۆیان بە شارۆچکەکەدا کرد .

دەروازەوانانی پتلیورایی، لە دەوری شارا کە ڕەشاشیان پێبوو، هەرکە جم وجوڵی سوارەکانیان بەدی کرد دەستەپاچە بوون وبە هەشتاو خۆیان گەیاندە ڕەشاشەکان وبوو بە خرم وهۆڕی میل هێنانەوەو دەنگی هاوارێکی تیژ لە تاریکی شەوەکەدا دەنگی دایەوە.

- ئیست! زەلام کێی؟

دوو تارمایی لە تاریکییەکەوە وەدەرکەوتن، یەکێکیان لە دەروازەوانەکان هاتەپێشێ وبە دەنگێکی گڕ گوتی :- من ئەتامان (پاڤلیوک)م لە گەڵ دەستەکەمدا، ئێوە جەماعەتی گولوبنن؟

ئەو ئەفسەرە نیگابانەی هاتبووە پێشەوە گوتی : - بەڵێ .

پاڤلیوک پرسی : - من دەستەکەم لە کوێ دابکەم؟

ئەفسەری نیگابان گوتی :

- ئێستا، بە تەلەفۆن بارەگای سەرکردایەتی ئاگادار دەکەمەوە.

ئەو قسەیەی کرد وخۆی بە خانوویەکی چکۆلەی سەر ڕێگاکەدا کرد. دوای چرکەیەک لەوێندەر هاتەدەرێ وعازیدا :

- کوڕینە ڕەشاشەکان لابدەن و ڕێگەی پان (ئەربابی خاوەن زەوی وزار) ئەتامان بکەن با بڕوات.

پاڤلیوک، جڵەوی ڕاکێشا و ئەسپەکەی خۆی، لەلای شانۆکە کە نقومی ڕووناکی وعەیش ونۆش بوو، ڕاگرت. ئەوسا ڕویکردە ئەو ئەفسەرە یاساوڵەی کە لە لایەوە وەستابوو، گوتی:

- ئەها، لێرە ئاهەنگ وکەڕنەڤاڵە، بڕوانە چ بەزم و هەرا وعەیش و نۆشێکە ، گوکماج با دابەزین وئێمەش خۆمانی پێدا بکەین و بای باڵێکی خۆمان بدەین و دوو ژنی لەبار بۆ خۆمان هەڵدەبژێرین، تەمەشا ئەم هەموو ژنە!

ئەوسا هاواریکرد:- ستالیژکۆ، سەربازەکان بە سەر ماڵەکاندا دابەش بکە! خۆمان لێرە دەمێنینەوە. با پاسەوانەکان لە گەڵما بمێننەوە.

پاڤلیوک، بە قورسی خۆی لە ئەسپەکەی، کە لارە لاری پێکەوتبوو، هەڵدایە خوارەوە .

دوو زەلامی چەکداری جەماعەتی پتلیورا، لە بەر دەروازەی شانۆیەکە، پاڤلیوکیان ڕاگرت : - بلیت؟

لێ پاڤلیوک، تەمەشایەکی حەقارەت ئامێزی کردن وبە شان یەکێکیانی کەنار خست. دوا بە دوای ئەو دوازدە نەفەری دی لە گاردەکانی، کە ئەسپەکانیان لە حەوشەی شانۆیەکەدا و لەبن دیوارەکە بەستبووەوە، بەو شێوەیە وەژوورکەوتن. تازە هاتگەکان، یەکسەر سەرنجی ئاپۆڕای ئاهەنگێڕەکانیان ڕاکێشا، بە تایبەتی پاڤلیوک بەو کەلەشە زەلامەیەوە کە چاکەتێکی ماهووتی زۆر چاکی ئەفسەری وپانتۆڵێکی شینی ئەفسەرانی گاردی لە بەر وکلاوێکی فەرووی لە سەربوو، مایەی سەرنج بوو، دەمانچەیەکی ماوزەڕی شەیالەداری بە قەدەوە بوو، ونارنجۆکێکی دەستی لە گیرفانیەوە سەری هێنابووە دەرەوە .

ئەوانەی بە دەوری بازنەی سەماکارەکانەوە وەستابوون کە لەو کاتەدا متلیتسای یاریدەدەری "گولوب"ش زۆر لۆتیانە وهەرزەکارانە سەمای دەکرد، کەوتنە چپەچپ:
- ئەمە کێیە؟

جووت ولفی یاریدەدەرکەی گولوب لە سەمادا، کیژە گەورەکەی کەشیش بوو. داوێنی تەنوورەکەی بە دەم سوڕانەوەوە بەرز دەبووەوە ودەرپێ ئاورێشمەکەی کیژی کەشیش، کە لە ڕادەبەدەر سەرگەرم وشەنگوڵ بووبوو، دەردەکەوت و جەنگاوەرەکانی مەست وخومار دەکرد .

پاڤلیوک، بە شان درِی بە ئاپۆڕاکە دا وخۆی گەیاندە ناوەندی بازنەکە . پاڤلیوک چاوە حیزەکانی بڕییە لاقەکانی کیژی کەشیش، بە زمان لێوە وشکەکانی خۆی تەڕکرد، بە ناو بازنەی خەڵکەکەدا ڕاستەوڕاست چووبۆ لای ئورکستەرەکە و لە بەردەم ڕووناکی و گڵۆپێن پێشەوەی شانۆکەدا ڕاوەستاو، قامچیە بادراوەکەی دەستی تەکان دا.

– ئاوازی گوپاک لێبدەن!

لیدەری ئورکسترەکە، گوێی نەدایە. هەنگێ پاڤلیوک، قامچیەکەی بە توندی بادا وتاتوانی بە پشتی یارۆی لیدەریدا کێشا. یارۆی لیدەر وسازڤان وەکو ئەوەی شتێک پێوەی دابێ لە جێی خۆی ڕاپەڕی. موزیکەکە یەکسەر وەستا و، هۆڵەکە بێدەنگ بوو .

کیژی بارِمەنەکە، تووڕە بوو وبە هەڵچوونەوە گوتی :

– بە ڕاستی ئەمە گۆساخییە ! تۆ نابێ ڕێگەی ئەم کارانە بدەیت .

کیژێ کە لە تەنیشت گولوبەوە دانیشتبوو، بەدەم ئەو قسەیەوە وبە تووڕەیی، ئانیشکی ئەوی "گولوب " گوشی .

گولوب، بە قورسی هەستایە سەرپێ، بە نووکی پێ ئەو کورسییەی بەردەمی دەڵەک دا، سێ شەقاو لە پاڤلیوک چووە پێشێ و ڕوو بە ڕووی وەستا . یەکسەر پاڤلیوکی ناسییەوە . گولوب، کە لە حوکمڕانی ناوچەکەدا ڕکابەری ئەوی دەکرد، هێشتا کۆمەڵێک کۆنە حیسابی تەسفیە نەکراوی لەگەڵ ئەودا هەبوو.

پاڤلیوک، هەفتەیەک لەوەپێش، بە نامەردانەترین شێوە، جەزرەبەی لە پان سەرهەنگ (گولوب) دابوو. لە گەرمەی شەڕێکدا، دەگەڵ هێزێکی سووردا، کە چەند جارێک هێزەکەی گولوبیان تەفروتونا کردبوو، پاڤلیوک ، لە بری ئەوەی لە دواوەوە پەلاماری هێزی بۆڵشەویکەکان بدات و سەنگەری پاسەوانانی سوورەکان تێک بشکێنێ وڕاویان بنێت، بە خۆی پەلاماری ئاوایی دابوو و تاڵان وبڕۆیەکی بێوێنەی کردبوو. جا چونکە خۆی بە پتلیوراییەکی ڕەسەن زانیبوو، تا توانی بووی زیاتر جوولەکەکانی تاڵان کردبوو.

ئیدی یەکینە سوورەکان، لەو کاتەدا فرسەتیان هێنابوو، دابوویان بە سەر قۆڵی ڕاستی هێزەکانی گولوبدا و تار وماریان کردبوو وڕۆیی بوون

جا ئێستاش ئەو ئەفسەرە ڕووداره گۆساخە خۆی بێرەدا کردبوو و ڕێگەی بە خۆی دابوو کە لە حوزوری پان سەرهەنگدا، لە لیدەری ئۆرکستراکەی بدات. نا، هەرگیز ئەمەی پێ قووت نەدەچوو، هەرگیز نەیدەتوانی چاوپۆشی لە کاری وابکات. گولوب، دەیزانی ئەگەر هەر ئێستا ولەم ساتەدا، شەوکەتی ئەم ئەتامانە لە خۆڕازییە نەشکێنێ، لە نێو لەشکرەکەی خۆیدا پێگەی تەواو لەق دەبێ و، هەیبەتی دەشکێ و، ئابڕووی دەچێت.

ئەم دووانە، چەند چرکەیەک، وەکو ئەوەی چاوبەزێنە بکەن، چاویان بڕییە یەک ولە هەنبەر یەکدا وەستان .

گولوب، بە دەستێک، دەسکی شمشێرەکەی گوشی و بە دەستەکەی دیکەی دەمانچە "ناغان" ەکەی لە ناو گیرفانیدا سەح کردەوە وهاواریکرد : - چۆن زات دەکەی لە پیاوانی من بدەی، هەی ناکەس بەچە؟

دەستی پاڤلیوک، بە ئارامی بەرەو کیفی ماوزەرەکەی داخزی .

- هێواش پان گولوب هێواش، دەنا ساتمە دەدەی. پێ لە تەختەی چرووک مەنە، بە خۆت دەزانی من زوو تووڕە دەبم .

ئەو وەڵامە کاسەی سەبری گولوبی سەرڕێژ کرد . گولوب هاواریکرد :

– ئادەی ئەمانە بگرن وبیانبەنە دەرەوەی شانۆکە وسەر وبیست وپێنج شەلاخ لە هەریەکەیان بدەن !

ئەفسەر وسەردەستەکان، وەکو تاژی ڕاوێ ، لە هەموو لایەکەوە بە سەر پاڤلیوک و جەماعەتەکەیدا دارژان .

دەنگی فیشەکی کەسێکی نادیار، وەکو ئەوەی گڵۆپێک لە پڕا بتەقێ و بکەوێتە سەر ئەرزەکە، دەنگی دایەوە . شەڕکەرەکان، وەکو دوو گەلە سەگ، لە ناو هۆڵەکەدا کەوتنە گیانی یەکدی .

لە تاریکی هۆڵەکەدا، کوێرانە یەکتریان بەر شمشێر دەدا، دەستیان دەنایە کاکۆڵ و گەرووی یەکدی، ژنان کە زیڕەی مەرگیان کردبوو، وەکو بێچووە ورچان بە زیڕەزیڕ لە شەڕکەرەکان دوور دەکەوتنەوە وهەڵدەهاتن .

دوای چەند چرکەیەک، جەماعەتی پاڤلیوک، دەرکرانە نێو حەوشە وبە چەک کراوی و تێهەڵدراوی تووڕ درانە سەر شەقامەکە .

پاڤلیوک، لەم شەڕەدا کڵاوە فەرووەکەی لە دەست دا، سەروچاوی برینداربوو، چەکیان کرد . پاڤلیوک، لە داخا هۆشی بە خۆی نەبوو، لە گەڵ جەماعەتەکەیدا چووەدەرێ وسواری ئەسپەکانیان بوون و بە یۆرغە وچوارناڵە بۆی دەرچوون. شیرازەی ئاهەنگ وشەوکۆڕەکە تێکچوو بوو . دوای ئەو بویەر وڕووداوە کەس تاقەت وزەوقی هیچی نەما .

ژنەکان، بە هیچ کلۆجێ ئامادەی دانس وسەما نەبوون، داوایان دەکرد بۆ ماڵیان بەرنەوە. لێ گولوب، هەردوو پێی کردنە تاکێ کەوشەوە و دایە تانی سەرسەختی وفەرمانی دا :

– مەیەڵن چ کەسێک لە هۆڵەکە وەدەربکەوێ، پاسەوان دابنەن .

پالینتسیا بلەز کەوتە جێبەجێکردنی فەرمانەکەی ئەو .

گولوب، لە وەڵامی ئەو نارەزاییانەوە کە لە هەموو لایەکەوە بە سەریا داباربن، بە سەرسەختی گوتی :

– خانمان و ئاغایان، ئاهەنگ وسەما تا بەیانی بەردەوام دەبێت، لە گێمی یەکەمدا من سەمای ڤاڵس دەکەم .

موزیک دووبارە دەستی پێکردەوە. بەڵام وێڕای ئەوەش شادی بۆ ئامادەبووان نەگەڕایەوە. هێشتا سەرهەنگ یەک دەورەی لەگەڵ کیژی کەشیشەکەدا تەواو نەکردبوو، کە پاسەوانەکان بەغار خۆیان بە ژووردا کرد و هاواریان کرد : – جەماعەتی پاڤلیوک دەوری شانۆکەیان گرتووە!

لەو ساتەدا شووشەی پەنجەرەیەکی شانۆکە کە ڕوو لە شەقامەکە ڤەدەبوو، بە تەق وتریق ورد وخاش بوو. لە چوارچێوەی پەنجەرە شکاوەکەوە لوولەی ڕەشاشێک سەری هێنایە ژوورەوە. لوولەی ڕەشاشەکە دەسووڕایەوەو ئاپۆڕای خەڵکەکە وەکو ئەوەی جنۆکەیان لێ پەیدا بووبێ، بە ترس ولەرزەوە بەم لاو ئەو لادا ڕایاندەکرد. هەر هەموویان وەکو ئەوەی لە شەیتان هەڵێن، بەرەو ناوەندی هۆڵەکە هێرشیان هێنا .

پالینتسیا، فیشەکێکی نا بە گڵۆپێکی نیونی بن میچەکەوە و گڵۆپەکە وەکو بۆمبان تەقییەوە و وردە شووشە وەکو باران بە سەر ئاپۆڕای ئامادە بوانا داباری . دنیا تاریک بوو . لە شەقامەکەوە هاواریان دەکرد :

– هەموو وەرنە ناو حەوشە .

ئەوسا هەزار ویەک جنێوی سەر بە کوڵکە دەستی پێکرد . هاواری پڕ ترس وهیستریکی ژنان، فرمانی شێتانەی گولوب، کە بە هەڵەداوان بە ناو هۆڵەکەدا دەهاتو دەچوو و دەیویست ئەفسەر وسەردەستە حەپەساوەکان کۆبکاتەوە، لە گەڵ تەقە وهاواری ناو حەشەکەدا، هەرهەمووی تێکەڵ بووبوون و هەرا وزەنایەکی

وەهایان نابووەوە کە وێنا نەدەکرا . کەس نەیزانی پالینتسیا چۆن وەکو ماسی دەرفرتا ولە دەرگایەکی پشتەوە خۆی گەیاندە شەقامێکی چۆڵو لەوێندەرەوە بە هەڵەداوان بۆ بارەگای سەرکردایەتی هێزەکەی گولوب تێی تەقاند .

دوای نیو سەعاتێک، شەڕێکی گەرم لە شاردا هەڵگیرسا، هاڕەی دەستڕێژی بەردەوام، بێدەنگی شەوەکەی شڵەقاند، ڕەشاشان کەوتنەکار . گوللە وەکو باران دادەباری. خەڵکی بە واقی وڕەوە، بە ترس ونیگەرانییەوە، لە ناو جێگای گەرم هاتنەدەرێ و خۆیان دایە پەنا و لە پەنجەرەکانەوە دەیانڕوانییە دەرەوە .

دەنگی دەستڕێژی گوللە بەرەبەرە ئارام دەبوو، تەنیا جارجارێک لە قەراخ شارەوە دەنگی دەستڕێژی ڕەشاشێک وەکو سەگ دەیلوراند. ئەنجام شەڕەکە تەواو دەبێت و بەیان دەنگێوێ .

***

دەنگۆ و واتەوات سەبارەت بە کوشتار وتالانی وچەپاو لە شارۆچکەکەدا بڵاودەبێتەوە. ئەم دەنگۆیانە دەگاتە ماڵە جوولەکەکانیش کە ماڵەکانیان بچووک ونزم وپەڕپووت بوون، پەنجەرەی ماڵەکانیان خواروخێچ وەکو چاوانی خێل وقیچ دەیانڕوانییە دەرەوە و، ماڵەکانیان کەوتبوونە سەر هەڵدێرێکی پیسی دیار ڕووبارێکەوە . لەم قوتووە بە ناو خانووانەدا، هەژارانی جوولەکە، لە قەرەباڵغی وتەنگانەیەکی باوەڕ نەکردەنیدا دەژیان.

لەو چاپخانەیەدا کە سریوژکا بروزژاک، ماوەی ساڵێک وهەندێک بوو کاری تیادەکرد زۆربەی پیتچن وکرێکارەکان جوولەکە بوون . سریوژکا، بەجۆرێ ڕمەوودە وتێکەڵاویان بووبوو، لە تۆ وایە خزم وکەس وکاری خۆین . هەر هەموویان وەکو خانەوادەیەکی تەبا ویەکگرتوو دژی ( ئاغای بلومشتین) ی خۆشگوزەران و لە خۆبایی خودان چاپخانەکە دەوەستانەوە و داکۆکیان لەخۆ دەکرد. هەمیشە ململانێ وهەڤدژی لە نێوان خاوەن چاپخانەکە و کرێکارەکاندا هەبوو. بلومشتین، هەموو هەوڵێکی ئەوەبوو کە زۆرترین کاریان بە کەمترین کرێ

پێ ئەنجام بدات. ئیدی کرێکارەکان لە سەر ئەمە مانیان دەگرت، چاپخانەکە بۆ دووسێ هەفتە دادەخرا . چواردە کرێکار لەم چاپخانەیەدا کاریان دەکرد کە بچووکترینیان سریوژکا (سیرگی) بوو کە ڕۆژی دوازدە سەعات چەرخی مەکینەی چاپەکەی دەچەرخاند.

سریوژکا، ئەمڕۆ هەستی بەنیگەرانی وناڕەحەتی کرێکارەکان کرد . لەم مانگانەی داییدا، ولە بەر کەمی ئیش، ناو بەناو کاری دەکرد . زیاتر قەرار وبەیاننامەکانی ئەتامانی گەورەی چاپدەکرد .

مەندلی پیتچینی سیلاوی، سریوژکای بانگکردە گۆشەیەکەوە . بە چاوە خەمینەکانی تەمەشایەکی کرد وگوتی :

- تۆ دەزانی شار پوگروم ( پوگروم : قەتڵ وعام وتالان وبڕۆ وتێ هەڵدان وجنێو ودەستدرێژی ئەخلاقی ... ) دەکرێ؟

سریوژکا، بە حەپەساوی تەمەشای کرد وگوتی : - نا، نازانم .

مەندل، دەستە لاواز وزەردەکەی نایە سەرشانی سیرگی و، بە زمانێکی باوکانەی پڕمتمانەوە گوتی :

- با پوگروم دەکرێت، ئەوە حەقیقەتە. لە جوولەکەکان دەدەن .من پرسیارێکم لە تۆ هەیە . ئایا دەتەوێ لەم نەگبەتیەدا یارمەتی هاوڕێکانت بدەی یان نا؟

- هەڵبەتە، ئەگەر بتوانم یارمەتیان دەدەم . مەندل قسەی خۆت بکە .

پیت چنەکان، گوێیان بۆ گفتوگۆیەکەیان هەڵخست .

- تۆ، سریوژکا، کوڕێکی باشیت ، ئێمە باوەڕ ومتمانەمان پێت هەیە، ئاخر باوکی تۆش کرێکارە . هەرئێستا بەغار بۆماڵ بڕۆوە ولە گەڵ بابتدا قسە بکە : بزانە قاییل دەبێت چەند پیرەمێرد و پیرەژنێک لە ماڵی خۆیدا پەنا بدات وبیشارێتەوە ؟ ئێمەش لای خۆمانەوە بڕیاردەدەین کە کێهان بۆ ماڵی ئێوە ڤڕێبکەین . لە گەڵ کەس

وکارەکەتدا قسەبکە وبزانە جگە لە ماڵی ئێوە چ ماڵێکی دیکە ئامادەن هەندێ خەڵکمان بۆ پەنا بدەن و بگرنەخۆ . ئەم چەتە وڕێگرانە جارێ هەقیان بە سەر ڕووسەکانەوە نییە . سیرگی گیان ڕاکە، کات درەنگ دەبێ ها .

– زۆر باشە مەندل ، خەمت نەبێ، هەر ئێستا دەچم بۆلای پاڤکا وکلیمکا، بێگومان ئەوان خەڵکانێکتان دەگرنەخۆ .

مەندل، نیگەران بوو، سریوژکای، کە لە سەر ڕۆیشتن بوو، ڕاگرت وگوتی : – ڕاوەستە، ئەم پاڤکا وکلیمکایە کێن، باشیان دەناسیت ؟

سیرگی، بەمتمانەوە سەری لەقاند .

– ئەدی مەعنای چی، هاوتەمەن وبرادەری منن. پاڤکا کورچاگین، براکەی بەڕادە .

مەندل، هێور بووەوە وگوتی :

– ئەها کورچاگین، دەیناسم. پێکەوە لە یەک ماڵ بووین. جێی باوەڕ ومتمانەیە . هەرە سیرگی، خێرا بگەڕێوە و وەڵامەکەمان بۆ بێنەوە .

سیرگی خێرا خۆی گەیاندە سەر شەقامەکە .

***

پوگروم لە ڕۆژی سێیەمی شەڕ وپێکادانەکەی نێوان پیاوانی پاڤلیوک وچەکدارانی گولوبدا ، دەستی پێکرد .

پاڤلیوک، بە شکاوی لە شارۆچکەکە وەدەرنرا وپاشەکشەی کرد. پاڤلیوک، پاش ئەوەی لە شەڕەکەی شەوێدا بیست زەلامی لێکوژرا، دەست لە گونان شۆڕتر، بەرەو گوندەکەی ئەولای شار پاشەکشەی کردو ئەوێندەری داگیرکرد. بیست زەلامیش لە دارودەستەکەی گولوب کوژران .

کوژراوەکان، بە پەلە بۆ سەر قەبران بران و، هەرهەمان ڕۆژ بەبێ هیچ ڕێ ورەسم وتەشریفاتێک نێژران . چونکە چونکە شتێک لە ئارادا نەبوو مایەی شانازی بێ.

چونکە ئەم جووتە ئەتامانە وەکو دوو سەگی خوێڕی وبەرەڵڵا لاق ولەتەری یەکتریان هەڵدڕی بوو، ڕووی ئەوەیان نەبوو لە کاتی ناشتنی جەندەکی کوژراوەکاندا، هیچ ڕێ ورەسمێک بەرپابکەن. پالینتسیا، دەیویست ڕێورەسمێکی گەورە بۆ ناشتنی کوژراوەکان بەرپابکات و بە خەڵکی بڵێت کە پاڤلیوک کابرایەکی چەتەی سوورە، لێ لیژنەی سوسیال شۆڕشگێڕان بە سەرۆکایەتی قەشە ڤاسیلی دژی ئەو هەڵوێستە وەستا . شەڕەکەی شەوێ، ناڕەزاییەکی زۆری لە نێو سریەکەی گولوب لێکەوتەوە . بە تایبەتی کە زۆرترین کوشتار لەوان کرابوو، جا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ناڕەزایەتییە وبەرزکردنەوەی ورەی چەکدارانی سریەکەی گولوب، پالینتسیا پێشنیازی ( سەرگەرمی ) بۆ گولوب کرد. پالینتسیا، بە تەوس وتوانجەوە بە (پوگروم) ی دەگوت (سەرگەرمی). پالینتسیا، ناڕەزایی گاردەکانی گولوبی کرد بە بەڵگەی زەرورەتی (پوگروم) .

سەرهەنگ لە سەرەتاوە، کە خەریکی خوازگاری وزەماوەند بوو لە گەڵ کیژی کابرای خاوەن باڕدا، قاییل نەبوو جارێ ئارامی شار بشێوێ . بەڵام لە ئەنجاما ولە ژێر هەڕەشەکانی پالینتسیادا قاییل بوو.

هەڵبەتە ئەم کارە، بڕێک پان سەرهەنگی، بە بۆنەی پەیوەندی کردنی بە حیزبی سوسیال شۆڕشگێرانەوە، نیگەران وئیحراج کرد. ئەمە زەمینەی بۆ دژمنان فەراهەم دەکرد، کە قسە وقسەڵۆکی دواخەن وبڵێن پان سەرهەنگ (گولوب) کابرایەکی "پوگرومچیە" (تالانچی) وبێگومان لە لای (ئەتامانی گەورە) شکات و گلەیی لێدەکەن . بەڵام ئەو جارێ پێویستییەکی زۆری بە ئەتامانی گەورە نەبوو و هەر بە دارو دەستەکەی خۆی و بە مەسئولیەتی خۆی پێداویستییەکانی قۆشەنەکەی دابین دەکرد. ئەمە جگە لەوەی کە ئەتامانی گەورە، بەخۆیشی دەیزانی کە چ کەسانێک لە

ڕیزی چەکدارەکانی ئەودا کاردەکەن، وپتر لە جارێک داوای پارە وبودجەی کردبوو بۆ پێداویستییەکانی ئیدارەی گشتی، هەڵبەتە پارە وبودجە لەو سەروەت وسامانەی بە خورتی دەستیان بە سەرا گیرابوو. بەڵام سەبارەت بە ناو وشۆرەتی تالانچیاتی، ئەمە ناوێک بوو پێشتریش بە باڵای گولوبدا بڕدرابوو.

پوگروم وتالان وبڕۆ، بەیانی زوو دەستی پێکرد، شار لە تەنکە تەمێکی کەوەیی سەحەریدا مەلەی دەکرد . شەقامە چۆڵەکان، دەتگوت پشتێنی کەتانی تەڕن وبە شێوەیەکی ناڕێک لە دەوری گەڕەکە پەرت وبڵاو وناڕێکەکانی جوولەکەکان ئالاوە. پەردەی پەنجەرە چکۆلەکانیان دادرابوونەوە و پەنجەرەکان توند داخرابوون. ئەم گەڕەکانە لە دەرێڕا وا دەهاتنە بەرچاو کە لە غوڕابی خەوی سەحەریدان. بەڵام خەڵکانی ناو ماڵەکان نەک هەر نەخەوتبوون، بەڵکو جلیان لە بەرکردبوو وحازر وئامادە، چاوەڕوانی ئەو بەڵاو وەیشومەیان دەکرد، کە بەڕێوە بوو بەرۆکیان بگرێت . لە ژوورێکی بچکۆلەی ماڵەکەدا خڕدەبوونەوە، تەنیا منداڵانی ساوا وبچووک کە لە هیچ حاڵی نەدەبوون، بێخەم وخەیاڵ بە باوەشی دایکیانەوە خەوتبوون.

سالومیگا رەشی ڕوخسار قەرەجی، سەرۆکی دەستەی گاردی تایبەتی گولوب کە شوێنەواری کۆنەزامێکی شمشێر، بە سەر گۆنایەوە سوور دەچووەوە، ئەو بەیانییە ماوەیەکی زۆر خەریکی بێدارکردنەوەی بالینتسیای یاوەری گولوب بوو .

بالینتسیا، بە بێتاقەتی لە خەو ڕابوو . بە هیچ جۆرێک نەیدەتوانی خۆی لە شوێنەواری خەونێکی گەوجانە ڕزگاربکات. شەیتانی قەموور کە بە درێژایی شەو بەرۆکی بەرنەدابوو، هێشتا چنگی لە گەرووی نابوو . کاتێ لە ئەنجاما سەری، کە خەریک بوو لە ئازارا شەقی دەبرد، هەڵبڕی، هەنگێ بۆی دەرکەوت ئەمە سالومیگا بوو کە خەریک بوو بێداری دەکردەوە. سالومیگا ، شانەکانی ڕاتەکاندن وگوتی :

- ڕابە، هەستە بەڵا هەستە، کات درەنگە، دەبێ دەست پێبکەین. دوێنێ بە قەد بەرازێکت خواردووەتەوە .

بالینتسیا، بە تەواوەتی بێدار بووەوە، دانیشت، بە دەم دڵەکزێوە ڕوخساری گرژ بوو ، تف ولیکاوێکی تاڵی ڕۆکردە ئەرزەکە .

بالینتسیا، بە دووچاوی گێژو وێژەوە ڕوانییە سالومیگا و گوتی :

– دەست بە چی بکەین؟

– دەست بە تالآن و بڕۆی جوولەکەکان بکەین، دەست بە کوشت وبڕیان بکەین، یانی لە بیرت چوو؟

پالینتسیا، بیری کەوتەوە، بەڵێ هەر لە بیریشی نەمابوو، دوێنێ لەو مەزرایەی کە "پان" سەرهەنگ لە گەڵ دەزگیرانەکەی و چەند هاوپیاڵەیەکیا بۆی چووبوون، ئەم بادەیەکی زۆری نۆشی بوو .

بۆ گولوب، وا چاکبوو، لە کاتی کوشت وبڕەکەدا لە شار وەدەربکەوێ و پاشان دەیتوانی بڵێ ئەو کوشت وبڕو بەدحاڵی بوونە لە غیابی ئەودا ڕوویداوەو پالینتسیاش دەیتوانی لەغیابی ئەودا، مەسەلەکە بە گوێرەی ویژدانی خۆی ئیدارە بدات. بە لێ پالینتسیا، لە کاری "سەرگەرمی" (پوگروم ) دا وەستا وپسپۆڕ بوو.

پالینتسیا، یەک سەتڵ ئاوی بە سەری خۆیدا کردو وەخۆهاتەوەو هۆشی وەبەر هاتەوە. چوو بۆ بارەگای سەرکردایەتی وکەوتە دەرکردنی فەرمانانی جۆراو جۆر. دەستەی سەد نەفەری گارد بە سواری ئەسپەکانیانەوە ئامادەبوون. پالینتسیای دوربین، دەستووری دا بۆ جیاکردنەوەی گەڕەکی کرێکاران و وێستگەکە لە شار و بۆ پێشگیری لە هەر ڕووداوێکی نەخوازراو، دەستەیەک پاسەوان لەو بەینە دابنرێ .

لە باخەکەی ماڵی لیشنسکیدا ڕەشاشێک دامەزرا کە لوولەکەی ڕوو لە جادەکە بوو، بۆ ئەوەی ئەگەر کرێکارەکان بیریان لە ڕوو بە ڕوو بوونەوە بکردایە ، بە دەسترێژی گوللە پێشوازیان لێبکرێت .

پاش ئەوەی هەموو ئامادەگییەک فەراهەم کرا، یاوەر وسالومیگا خۆیان هەڵدایە سەر ئەسپەکانیان . پالینتسیا بەدەم ڕێگاوە بیری کەوتەوە :

– ڕاوەستە، خەریک بوو لە بیرم بچێت، باشبوو بیرم کەوەتەوە، کوا دوو عەرەبانە بێنە : با دیاری وجیازی بۆ گولوب فەراهەم بکەین ... هاها ... یەکەمین دەستکەوت وەکو هەمیشە بۆ فەرماندەیە، یەکەم ژن، ها ، ها ، ها بۆ یاوەرەکەیەتی کە منم .

ئەوسا ڕوویکردە سالومیگا وگوتی : – تێگەیشتی کەللەپووتی کافر؟

سالومیگا، چاوە ئامال زەردەکانی تێبڕی وگوتی :

– ئەوەندە زۆرن، بەشی هەمووان دەکەن .

بە سەر جادەکەدا کەوتنەڕێ، یاوەرو سالومیگا لە پێشەوە بوون وسوارەکانیش وەکو گەلە گورگی بێ نەزم ونیزام لە دوویانەوە دەڕۆیشتن.

تەم ومژەکەی بەرەبەیان ڕەوییەوە . پالینتسیا، لە بەردەم بینایەکی دوو نهۆمیدا، کە تابلۆیەکی ژەنگنی پێوەبوو ولێی نووسرابوو (وردەواڵە فرۆشی فوکس) جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا و وەستا. ماینە لاق باریکە کوێتەکەی، بە تووڕەیی سمی بە بەردی سەرئەرزەکەدا دەکوتا.

پالینتسیا، بە دەم دابەزینەوە گوتی : – بەیاری خوا لێرەوە دەست پێ دەکەین.

ئەوسا ڕوویکردە ئەو پاسەوانانەی دەوریان دابوو، گوتی :

– کوڕینە، دابەزن .

ئەوسا بۆی ڕوونکردنەوە کە ئەمە سەرەتای نمایشەکەیە .

– کوڕینە کەللەی کەس مەپژێنن، ئەمە وەختی خۆی هەیە، دەست بۆ ژنانیش مەبەن، ئەگەر خۆتان پێدەگیرێ ئەمە بۆ شەوێ هەڵبگرن .

یەکێک لە پاسەوانەکان، دانەکانی جیرکردنەوەو بە ناڕەزاییەوە گوتی :

–شتی واچۆن دەبێ، سەرکار خورونژی (پلەیەکی سوپاییە) ئەی ئەگەر مەسەلەکە بە حوسن وڕەزای بەرانبەر بێ؟

ئەوانەی دەوروبەر دەستیان بە پێکەنین کرد. پالینتسیا، بە ستایشەوە ڕوانییە ئەو کابرایەی کە ئەو قسەیەی کرد .

– هەڵبەتە، ئەگەر حوسن وڕەزای بەرانبەری لەگەڵ بێ، کەس بۆی نییە ڕێگەت لێبگرێ، هەنگێ بە دڵی خۆتی لەگەڵ بکە.

پالینتسیا، لە دەرگا داخراوەکەی دووکانەکە چووە پێشێ، بەڵام دەرگا مکومە دار بەڕووەکە، نەجولا.

نەدەبوا لێرەوە دەست پێبکەن . یارۆی یاوەر، دەست لە سەر دەسکی شمشێرەکەی چوو بەرەو ئەو کۆلانەی کە دەرگای خانووەکەی فوکسی تیابوو، سالومیگاش دووی کەوت .

خەڵکی ماڵەکە، لە ژوورەوە ، گوێیان لەدەنگی سمی ئەسپەکان بوو کە بە سەر ئەرزە سەلبەندەکەوە دەهاتن وکاتێ دەنگی سمی ئەسپەکان لە بەر دووکانەکەدا، بڕاو دەنگی زەلام لە دیوارەکەوە بەرز بووەوە، دڵی خەڵکانی ناو ماڵەکە داخورپا، لە جێی خۆیان وشک بوون. سێ کەس لە ماڵەوە بوون .

فوکسی دەوڵەمەند دوێنێ لە گەڵ ژنەکەی و کچەکانیا لە شار ڕۆیی بوو و ڕیڤای کارەکەری نۆزدە ساڵانی، کە کیژێکی بەستەزمان بوو بە دیار ماڵەکەوە بەجێهێشتبوو تا ئاگای لە ماڵەکە بێ. ئیدی بۆ ئەوەی کیژێ بە تەنیا لەماڵەوە نەترسێت، پێشنیازی بۆ کردبوو کە داک وبابە پیرەکەشی بێنێتەلای خۆی و تا ئەمان دەگەڕێنەوە، بە سێ قۆڵی لێرە بژین .

ڕیڤا، سووکە ناڕەزاییەک دەردەبڕێت، بەڵام بازرگانی فێڵباز، دڵنیای کردبووەوە کە لەگینە پوگروم هەر ڕوو نەدات : ئاخر هەژاران چییان هەیە تا ئەم چەتانە تاڵانی بکەن؟

ئیدی بەڵێنی دەداتێ کە لە گەڕانەوەدا کراسێکی گرانبەهای بە دیاری بۆ دێنێت.

هەرسێکیان بەدەم ئومێدێکی پڕ ئازارەوە گوێیان دەگرت : ئێ، بەڵکو ئەمە خوایە چەکدارەکان ماڵی ئەمان ببوێرن ولامسەرلایی تێپەڕن و بڕۆن . لەوەیە ئەمان بەهەڵەدا چووبن، لەوەیە چەتەکان لەبەر ماڵی ئەماندا نەوەستابن، ڕەنگە ئەمان وایان بەخەیاڵدا هاتبێ. بەڵام لە پڕا وەک ئەوەی بویستری ئەم چاوە ڕەشەیان کاڵ بکرێتەوە، بە توندی و لێکدا لێکدا لە دەرگای ماڵەکە درا .

پیساخی پیرەمێردی سەرسپی، چاوشینی، وەکو چاوی منداڵان ترساو، لەبەر ئەو دەرگایەی کە بە سەر دووکانەکەدا دەکرایەوە وەستا ولەبن لێوانەوە کەوتە پسکەپسک، بە جۆش وخرۆشی کەسێکی پڕباوەڕی ئیماندارەوە، لە بەر دەرگای "یەهوە" ی توانا دەپاڕایەوە کە ئەم بەڵایە لەم ماڵە دووربخاتەوە. پیرەژن کە لەلایەوە وەستابوو، لەبەر دوعا ونزا وفسکەفسکی ئەو، هەستی بەنزیک بوونەوەی دەنگی ئەو هەنگاوانە نەکرد کە بەرەو ماڵەکە دەنران.

ریڤا، پەنای بۆ دوورترین ژوور، بۆ پشت کومەدی ودۆڵابێکی دار بە ڕوو برد.

بە توندی لە تەقەی دەرگا درا ، پیرەمێرد وپیرەژن ڕاچڵەکین وئازایان کەوتە لەرزین.

ئەمجارە توندتر لە جاری یەکەم لە تەقەی دەرگا درا، ئەوجا بەدەم دەمرێژی جنێوی پیسەوە هاوارکرا : – دەرگا بکەوە.

بەڵام پیرەمێرد وپیرەژن، توانای ئەوەیان نەبوو دەست بەرزبکەنەوە و کێلونی دەرگاکە بکەنەوە.

ئیدی چەکدارەکان لە دەرێڕا بە قۆناغە تفەنگ بەربوونە دەرگاکە، ئیدی پیرە دەرگا لە گرێژەنە دەرچوو وکەوتە سەرگازی پشت.

ماڵەکە پڕبوو لە چەکدار، هەر چەکدار بوو، لە کون وکەلەبەرانا دەگەڕان . دەرگای دووکانەکەیان بە قۆناغە تفەنگ شکاند . خۆیان بە دووکانەکەدا کرد

وکێلونی دەرگاکەی دەرەوەیان کردەوە. ئیدی پوگروم(تالان وچەپاو) دەستی پێکرد . کە جووتە عەرەبانەکە لە قوماش وپێڵاو ودەستکەوتێن دی پڕبوون، سالومیگا بۆ ماڵی گولوبی بردن، کاتێ بۆ هەمان ماڵ هاتەوە گوێی لە هاوارێکی ترسناک بوو . پالینتسیا، کە تالانکردنی دووکانەکەی بە پیاوەکانی سپاردبوو، خۆی چووبووە ناو ژوورەکە، بە چاوە ئامال سەوزەکانی کە لە چاوی تولە پڵنگ دەچوون، هەرسێکیانی بە نیگا دابێژت و بە پیرەمێرد و پیرەژنی گوتبوو : – دەی گوم بن، بڕۆنە دەرەوە .

لێ کەس لە جێ خۆی نەبزووت، نە دایکەکە و نە بابەکە. پالینتسیا، چووە پێشەوەو بە ئەسپایی شمشێرەکەی لە کێلان دەرکێشا. کچە بە دەنگێکی جگەربڕ هاواریکرد : – دایکە!

ئەمە ئەو دەنگە بوو کە سالومیگا گوێی لێبوو.

پالینتسیا، ڕووی کردە ئەو هاوڕێیانەی خۆی کە بەدەم هاوارەکەوە هاتبوون و، ئاماژەی بۆ پیرەژن وپیرەمێرەکە کردو بە کورتی بە هاوڕێکانی گوت : – ئەمانە بکەنە دەرەوە.

کاتێ پیرەمێرد وپیرەژنەکەیان بە تۆبزی کردنە دەرەوە، پالینتسیا، بە سالومیگای، کە هاتبووەوە نزیکەوە گوت :

– تۆ لێرە لە پشت دەرگاکەوە بوەستە تا من دوو قسە لەگەڵ ئەم کیژەدا دەکەم .

وەختایەک "پیساخ"ی پیر گوێی لە هاواری کیژەکەی بوو، بە هەشتاو بەرەو دەرگاکە هێرشی برد، بەڵام جەزرەبەیەکی توونd بە سینگیا کێشرا، کەوت بە دیوارەکەدا و لە تاو ئازار هەناسەی سوار بوو. ئەوسا توبا، پیرەژنە هەمیشە ئارامەکە، وەکو دێڵە گورگ شالاوی بۆ سالومیگا بردو هاواریکرد : – ڕێمکە با بچمە ژوورەوە، ئەوە ئێوە چ دەکەن؟

پیرەژن بە خورتی خۆی بەرەو دەرگاکە بکێش دەکرد وسالومیگا، نەیدەتوانی ئەنگوستە پیرەکانی کە لە پانتۆڵەکەی ئەوی گیر کردبوو، لە خۆی دوور بخاتەوە.

پیساخ وەخۆ هاتەوە و بە پرتاو چووە کۆمەکی ژنەکەی .

– ڕێمکە ، ڕێمکە بچمە ژوورەوە ... ئاخ کچەکەم!

پیرەمێرد وپیرەژن، هەردووکیان بە دوو قۆڵی سالومیگایان لەبەر دەرگاکە لادا. سالومیگا، بە تووڕەیی هەڵیکێشایە دەمانچەو دەسکە پۆڵایینەکەی بە سەری یارۆی پیرەمێردا کێشا وکابرا بە بێدەنگی تەختی زەوی بوو.

هاواری ڕیڤا، لە ژوورەکەوە دەگەییە گوێ . کاتێ توبایان، کە خەریک بوو شێت دەبوو، بە ڕاکێش ڕاکێش هێنایە سەر جادەکە، شەقامەکە لە هاوار وپاڕانەوەی مەدەدخوازی ئەوا پڕبوو .

فریاد وهاواری ناو خانووەکە دامرکایەوە .

پالینتسیا، لە ژوورەکە وەدەرکەوت، سالومیگا کە دەستی خستبووە سەر دەستی دەرگاکە دەیویست بچێتە ژوورەوە، پالینتسیا، بێئەوەی چاوی هەڵبڕێ و تەمەشای بکات، ڕایگرت وگوتی :

– مەچۆ بۆلای کیژێ، خنکا، سەرینێکم کەمێک نایە سەردەمی و بۆخۆی خنکا. ئەوسا بە سەر جەندەکەی پیساخدا ڕۆیی و پێی نایە لینجاوێکی چڕەوە .

کە گەییە سەرشەقامەکە، بە زەحمەت گوتی :

– سەرەتایەکی سەرکەوتوو نەبوو.

ئەوانی دیکە بە بێدەنگی بە دوویدا ڕێیان دەکرد وشوێنەواری خوێنینی پێیەکانیان لە نێو ژوورەکەداو بە سەر پلیکانەکەوە نەخش دەبوو. پوگروم و زێدەگاڤی ودەستدرێژی لە شاردا دەستی پێکردبوو . هەندێک سووکە پێکادان و پێکا هەڵشاخانی گورگ ڕەفتارانە لە نێوان تالآنچییەکاندا، لە سەر دابەشکردنی

دەستکەوتان ڕووی دەدا ، لە هەندێ شوێنا کار دەگەییە شمشێر لێکدی هەڵکێشان. شەڕە مست و دەم وقەپۆز کوتانەوەی یەکدی ئەوە هەرباسی مەکە، شتێکی زۆر ئاسایی بوو.

هەر بۆشکە بیرەی دە سەتڵی بوو و لە کارخانەکەوە غل دەکرایەوە ولە سەر شۆستەکە ڕیز دەکرا. پاشان خۆیان بە ماڵەکاندا کرد .

هیچ کەسێک بەرگری نەدەکرد، دەرگای ژوورەکان بە تەق وهوڕ دەخرانە سەرپشت، هەموو پەنا وپەسێرێک بە پەلە دەگەڕان. بە باری قورسی تالانی و دەسکەوتەوە دەهاتنە دەرێ و پەڕۆ وپاتاڵ و پەڕی ناو سەرینی هەڵدراویان لە دووی خۆ بەجێدەهێشت . لە ڕۆژی یەکەمدا تەنیا دووکەس بوونە قوربانی: ڕیڤا وباوکی، بەڵام شەو کە بەڕێوە بوو بێگومان کوشت و کوشتاری لە گەڵ خۆیدا دێنا .

ئێوارەی درەنگ، نزیکی شەو، هەموو دارودەستەی چەقەڵانی جۆراوجۆر ، کە مەستی مەست بوون، لە مەستیا شین بووبوونەوە، بێئاگا لە خۆ چاوەڕوانی هاتنی شەو بوون. پتلیوراییەکان سیامەست وخومار چاوەڕوانی هاتنی شەو بوون، لە تاریکیدا دەستیان کراوەتر بوو. خنکاندن و کوشتنی ئینسان ئاسانترە : تەنانەت چەقەڵ و تۆریش زیاتر بە شەوان پەلاماری نێچیری داماو دەدات!

ئەو دوو شەو وسێ ڕۆژە، لە یادەوەری زۆر کەسدا دەمایەوە وهەرگیز لە بیریان نەدەچووەوە. زۆرکەس لەم سەعاتە خوێناویانەدا، ژیانیان مەسخ بوو، ڕشتەی عومریان پچرا . زۆر سەری ڕەش لەو سەعاتە خوێناویانەدا سپی بوون، دەریای فرمێسکان هاتەڕشتن . کەس نەیدەزانی ئاخۆ ئەو کەسانەی کە بە زیندوویەتی دەرچووبوون، بە دڵی پڕ لە خوێنەوە، بە ڕۆحی بۆش وبەتاڵەوە بە دڵ ودەروونی پڕ لە نەنگ و شەرمەزارییەوە شادمان بوون یان نا! جەندەکی کیژانی گەنج کە بەدەم ئەشکەنجەوە کوژرابوون، لە کوچە وکوێرە کۆڵانەکان کەوتبوون و دەست وبازوویان بەم لاو ئەو لادا هاوێشتبوو و باکیان بە هیچ نەبوو.

تەنیا لە گوێی ڕووبارەکە، لە ماڵە پەڕپووتەکەی نەعومی ئاسنگەردا، خێڵی چەقەڵان، کە بە سەر ژنە گەنجەکەیدا داباریبوون، بەرپەرچی تووند درانەوە. ئەو ئاسنگەرە گەنج وتۆکمەیە کە لە تەمەنی بیست وچوارساڵیدا بوو و چەکوش وەشاندن قاڵی کردبووەوە، بەرانبەریان وەستابوو وبەرگری لە هاوسەرەکەی کردبوو .

لەو شەڕو پێکدادانە کورتەی کە لە ماڵە چکۆلەکەی یارۆی ئاسنگەردا بەرپابوو، سەری دوو پتلیوراییی وەکو دوو کاڵەکی بڵ وبۆگەن چوون بە ئاسمانا. یارۆی ئاسنگەر، سەر ڕێژ لە تووڕەیی، دەست شۆردوو لە گیانی خۆی، بەوپەڕی غەزەبەوە بەرگری لە دووگیان، لە دوو ژیان دەکرد. دەنگی تەقە ماوەیەکی زۆر لە سەمتی ڕووبارەکەوە دەهاتە گوێ، پیاوەکانی گولوب، هەستیان بە مەترسی کرد وبە غار بەرەو قوڵی ڕووبارەکە چوون .

" نەعوم " هەموو فیشەکەکانی بەکار برد و دوافیشەکی بە " سارا " وە نا، بەخۆیشی بە قەمەیەکەوە، دەرچوو تا بە گژ مەرگا بچێتەوە . نەعوم لە سەر یەکەم پلیکانەی قاڵدرمەکەیان، بەرڕێژنەی گوللە درا وجەستە زەلامەکەی بە قورسی کەوتەسەر ئەرزەکە.

جووتیارانی تێر وپڕ وبۆشناخ، بە سواری ئەسپێن تێر وپڕەوە، لە گوندە نزیکەکانی دەورو بەرەوە بۆ شارۆچکەکە هاتبوون، چاویان دەگێڕاو هەرچیەکیان بە دڵ بوایە لە عارەبانەیان باردەکرد ودەگەڵ کوڕو خزمانیاندا کە لە ڕیزی چەکدارانی گولوبدا بوون، پەلە پەلی ئەوەیان دەکرد، کە زوو برۆن و خێرا بێنەوە تا کاروانی دووەم و سێیەم ... بکەن.

سیرگی، کە لەگەڵ بابیا نیوەی هاوڕێیانی چاپخانەکەی لە ژێرزەمین و هەورەبانی ماڵەکەیاندا شاردبووەوە کە بە نێو باخەکەدا بۆ ماڵی خۆیان دەگەڕایەوە کابرایەکی بینی کە بە سەر ڕێگاکەدا غاری دەدا. ئەم پیاوە پیرەمێردێکی جوولەکەی سەرکۆت بوو، چاکەتێکی درێژی پینە پیناوی لە بەربوو، بە هانکەهانک غاری دەدا، لە ترسا

ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو، دەستی بادەدا و غاری دەدا. سوارێکی پتلیورایی، بە سواری ئەسپێکی کوێتەوە دووی کەوتبوو و خۆی ئامادە دەکرد لە پشتەوە بەر شمشێری بدات. کابرای پیرەمێرد، گوێی لە خرمەخرمی سمی ئەسپەکە بوو، دەستەکانی بەرزکردنەوە، دەتگوت دەیەوێ خۆی بپارێزێ . سریوژا، ڕێک لەو دەمەدا بە ڕاکردن خۆی گەیاندە سەر جادەکە، بەرەو ئەسپەکە چوو، خۆی وەپێش ئەسپەکەداو لە دواوە بەدەنی خۆی کرد بە قەڵغانی پیرەمێردەکە .

- دەستی لێنەدەی، دز، سەگ !

سوارەکە کە نەیدەویست جەزرەبەکەی بەفیڕۆبچێت، تاتوانی شمشێرەکەی بە پانی کێشا بە سەرە قژ زەردەکەی کوڕێژگەکەدا .

## فەسڵی پێنجەم

هێزە سوورەکان، بە تەواوەتی تەنگیان بە هێز وملیشیاکانی " ئەتامانی گەورە" هەڵچنی بوو. هێزەکەی گولوب بۆ شەڕگە بانگکرا . تەنیا هێزێکی کەم بۆ پشتیوانی شەڕگەکە و لە بارەگای فەرماندەیی، لە ناو شارا مایەوە

خەڵکی کەوتنە جم وجوڵ . جوولەکەکان ئەو هێوری و ئارامیە کاتییەیان بەهەل زانی و کوژراوەکانی خۆیان بە خاک سپاردن. ژیان، لە ماڵە پەڕپووت وبچووکەکانی گەڕەکە جوولەکە نشینەکان سەر لە نوێ دەستی پێکردەوە . لە شەوانی کڕ وکپدا، گرمەگرمێکی دوور وگونگ دەهاتە گوێ . وا دیاربوو لەو نزیکانە شەڕ لە ئارادا بوو .

کرێکارانی هێڵی ئاسن، ئاوارەو سەرگەردان، بە گوندەکاندا بڵاوبوو بوونەوەو لە کار دەگەڕان .

قوتابخانەکە داخرا .

لە شارا حوکمی عورفی ( حکومەتی سوپایی ) ڕاگەیەندرا .

***

... شەوێکی ئەنگوستە چاوی گرژ ومۆن بوو. لەم جۆرە شەوانەدا تەنانەت بیلبیلەی گەورەش ناتوانێ تاریکییەکە ببڕێت. خەڵکی، لە ترسی ئەوەی بکەونە جۆگاوە، لە ترسی دەست وپێ شکان، لە ترسی ئەستۆ ورد بوون ، بەپێ خشکە وکوێرە کوێر، بە دەست ماڵین بە دەرودیوارانەوە ڕێیان دەکرد. خەڵکی چاک دەزانن، کە لەم کات وبارو دۆخانەدا، باشترین وسەلامەتترین کار ئەوەیە کە لە ماڵەوە دانیشن و نەیەنە دەرێ و، هیچ گڵۆپ وڕووناکییەک هەڵنەکەن، چونکە لەگینە ڕووناکی گڵۆپان، خەڵکانی نامۆ وبێگانە ڕاکێشن. ئیدی باشتروایە بە تاریکی، بارسووک وسەرسەلامەت دانیشن. خەڵکانێک هەن کە هەمیشە نەسرەوتن، با ئەوانە بە کەیفی دڵی خۆبکەن، کێوە دەچن با بچن، ڕەمەکی مەردووم هەقیان بەسەر ئەوانەوە نییە، بۆ خۆ ئاقڵ وئاغر کونجی ماڵەوە دەگرن وبە هیچ لایەکا ناڕۆن.

لە شەوێکی ئاوادا بوو کە کەسێک ڕێگەی دەکرد. گەییە بەرماڵی کورچاگین، بە پارێزەوە لە چوارچێوەی پەنجەرەکەی دا. کە وەڵام نەدرایەوە، ئەمجارەیان توونتر و مکورتر لە چوارچێوەی پەنجەرەکەی دا

پاڤکا، خەونی دەبینی : لە خەونیا گووراوێکی سەیر کە لە بەشەر نەدەچوو، لوولەی ڕەشاشێکی تێدەکرد و ئەمیش هەوڵیدەدا هەڵێت، بەڵام هیچ مەفەڕێکی نەبوو وڕەشاشەکە بە شیوەیەکی ترسناک وپەیتا پەیتا تەقەی دەکرد .شووشەی پەنجەرەکە بە دەم دەستڕێژی ڕەشاشەکەوە دەلەرییەوە. پاڤل، لە ناو جێگە ڕاپەڕی، بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیی . هەوڵیدا بزانێ کێ لە پەنجەرەکە دەدات. بەڵام جگە لە تاپۆیەکی تاریک وگونگ هیچی دی نەبینی . پاڤل بە تەنێ لە ماڵەوە بوو. داکی چووبوو بۆماڵی کیژە گەورەکەی کە مێردەکەی لە کارخانەی قەند شۆفێر ومیکانیک بوو. ئارتیمیش لە گوندێکی ئەو دیار ودەڤەرانە کاری ئاسنگەری دەکردو بە زەبری چەکوش وەشاندن، قووت وڕۆزی خۆی دەردێنا. تەنیا ئارتیم دەیزانی بەو شیوەیە لە دەرگا بدات .

پاڤل، بڕیاڕی دا پەنجەرەکە ڤەکا، لە ناو تاریکییەکەوە پرسی : – کێیە؟

تاپۆیەک، لەودیو پەنجەرەکەوە جما، دەنگێکی گڕی نەوی بەرسڤی دایەوە : – منم، ژوخرای .

دوو دەست لە سەر قەراخی پەنجەرەکە گیرسایەوە. سەری فیودور کەوتە بەرچاوی پاڤل ولەبن لێوانەوە گوتی :

– من هاتووم ئەمشەو لای تۆ ڕۆژ بکەمەوە، جێگەم دەکەیەوە برالە؟

پاڤل، دۆستانە گوتی :– بێگومان، جا ئەمە گوتنی دەویٚ؟ یەکسەر لە پەنجەرەکەوە وەژوور بکەوە .

فیودور، بە کەلەشی زەلامییەوە وەژوورکەوت، پەنجەرەکەی لە دوای خۆیەوە داخست، بەڵام یەکسەر لەبەر پەنجەرەکە لانەکەوت. لە جێی خۆی وەستا، گوێی دەگرت، کەمانگ لە پشت هەورانەوە بە دیارکەوت ورێگاکەی ڕووناک کردەوە، فیودور بە دیقەت تەمەشای کرد، پاشان ئاوڕی لای پاڤلی دایەوە .

– دەترسم دایکت بێدار بکەینەوە، بێگومان خەوتووە.

پاڤل، فیودوری ئاگادار کرد کە هەرخۆی لە ماڵەوەیە. ژوخرای دەریاوان ، هەستی بە ئازادییەکی پترکرد وبە دەنگی بەرزتر گوتی: – برالە، ئەم چەتانە پیس دووم کەوتوون، دەیانەویٚ تۆڵەی ئەو پێشهاتەی ئەم دواییەی وێستگەکەم لێبکەنەوە. ئەگەر برایانی کرێکارانمان کەمێک یەکگرتووتر و کۆکتر ویەک قسەتر بوایەن، دەمانتوانی، لە کاتی تالآن و بڕۆی شارا، چێشتێک بۆ (پاڵتوخاکیان) لێبنەین یەک بست ڕۆنی بە سەرەوەبێ، بەڵام وەکو ئاگات لێیە، خەڵکەکە هێشتا زاتی ئەوە ناکەن خۆ بە ئاگردا بدەن ونەخشەکەمان سەری نەگرت و ئێستاش ڕاوەدووم دەنەن وتاقیبم دەکەن. دووچەل داویان بۆنامەوە . ئەمڕۆ زۆری نەمابوو گیرۆدە ببم . لە حەوشەکەی پشتەوە بۆ ماڵ دەڕۆیشتمەوە، کە گەیمە بەرسابات و عەمارەکەی ماڵەوە، چاوم گێڕا، سەیرم کرد کەسێک لە باخچەکەدا، بە پێوە خۆی

داوەتە پاڵ دارێک، بەڵام قەمەکەی بە دەرەوە بوو. ئیدی منیش پێم وەغارێوە نا وئەوەتا هاتووم بۆلای تۆ. جا برای ئازیز حەزدەکەم چەند ڕۆژێک لەلای تۆ لەنگەر بگرم . خۆ ناڕازی نیت؟ دەیسا زۆرباشە ...

ژوخرای، بە هانکەهانک پووتە قوڕاوییەکانی داکەند . پاڤل بە هاتنەکەی ژوخرای خۆشحاڵ بوو. لەو ماوانەی دواییەدا وێستگەی کارەبایەکە کاری نەدەکرد و پاڤل بە تەنیا بەبێ کار لە ماڵەوە بێزار بووبوو .

هەردووکیان، پاڵکەوتن تا بخەون . پاڤل یەکسەر خەوی لێکەوت، بەڵام ژوخرای ماوەیەکی زۆر بە دەم سیغارکێشانەوە مایەوە، پاشان لە سەر تەختەخەوەکە ڕابوو، بە پێی پەتی بەرەو پەنجەرەکە ڕۆیی . ماوەیەکی زۆر تەمەشای شەقامەکەی کرد، ئەوسا هاتەوە سەر تەختە خەوەکە، ماندوویەتی زۆری بۆهێنا وخەو بردییەوە. دەستەکانی کە نابوونیە ژێر بالیفەکە، خستبوونە سەر دەمانچە قورسەکەی وبە گەرمی خۆی گەرمی دەکردەوە .

***

هاتنی لە ناکاوی شەوانەی ژوخرای وژیانی هاوبەش لەگەڵ ئەودا، لە ماوەی ئەم هەشت ڕۆژەدا، بۆ پاڤل ، زۆر گرینگ وپڕبایەخ وماندار بوو. بۆ یەکەمجار، زۆر بابەتی گرینگ وتازەی لە یارۆی دەریاوان بیست . ئەم ڕۆژانە بۆیارۆی ئاتەشکاری جەوان (پاڤل) بوون بە ڕۆژانی چارەنووس ساز .

یارۆی دەریاوان، وەکو مشکێک کە بکەوێتە تەڵەوە، لە دوو لاوە گرفتار بووبوو . ئیدی ئەم بێکارییە ناچارییەی قۆستەوە وهەرچی ڕق وکینەیەکی ئاگرینی لە ناسیونالیستە ئۆکرانییەکان (خودان ئاڵای زەرد وشین) کە دەڤەرەکەیان لە زەواق نابوو، هەبوو ، بۆ گوێگرە تینوو وتامەزرۆکەی، بۆ پاڤل هەڵڕشت . ژوخرای، بەڕوونی، خۆیا وزەلاڵ، بە زمانێکی سادەی فامکری قسەی دەکرد . بەلای ئەوەوە هیچ کێشەیەک نەبوو چارەسەری نەبێت . ئەم دەریاوانە، ڕێگەی خۆی زۆرچاک دەزانی . پاڤل، وردە وردە بۆی دەردەکەوت کە ئەم هەموو حیزبانە و بەو ناوە

جوانانەوە کە لە خۆیان ناوە : سوسیال شۆڕشگێڕان، سوشیال دیموکراتان، سوسیال پولونیان، هەر هەموویان دژمنانی خوێنەخۆری کرێکارانن وتەنیا یەک حیزب هەیە کە شۆڕشگێڕ وپایەدار ودژی دەوڵەمەندانە، ئەویش حیزبی بولشەفیکە.

جاران پاڤل، لە ناو ئەم حیزبانەدا گومڕا بووبوو، نەیدەزانی باوەڕ بە کامیان بکات. تا ئەم پیاوە زەلام وتۆکمەیە (فیودور ژوخرای) ، دەریاوانی دەریای باڵتیک، ئەم پیاوە گەورە وبەهێزە، ئەم پیاوە بولْشەفیکە، کە لە بۆتەی باهۆز وزریانی دەریادا قاڵ بووبووەوە ولە ساڵی ١٩١٥وە بووبوو بە ئەندامی حیزبی سوسیال دیموکراتی کرێکارانی ڕووسی (بۆلْشەفیک) ، باسی حەقیقەتی ژیانی سەخت و دژواری بۆ ئەم مەولیدەچییە گەنجە گێڕایەوە کە بە دوو چاوی ئەفسووناوییەوە تەمەشای ئەم پیاوەی دەکرد ، ژوخرای گوتی :

– براله، منیش لە منداڵیما وەکو تۆ بووم . نەمدەزانی لە کوێ گوزارشت لە وزەی خۆم بکەم . تەبیعەتێکی سەرکێشانەم هەبوو، کوڕە هەژار بووم ، کە تەمەشای کوڕانی ئازیزی دوڕدانەی تێرخۆر و بۆشناخ وشیک پۆشم دەکرد، ڕق وکینە سەراپای دەگرتم، زۆرجار بێ بەزەییانە لێمدەدان. بەڵام هیچم لەم کارانە نەدەچنییەوە جگە لە کوتەک خواردنی تووند، بە دەستی بابم . بە خەباتی فەردی وتاکە کەسی ژیان نایەتە گۆڕین . تۆش" پاڤلوشا" هەموو مەرج وخەسڵەتێکی تێکۆشەرێکی باشت لە پێناوی دۆزی کرێکاراندا تیایە، تەنیا ئەوە نەبێ کە هێشتا زۆر گەنجی وبۆچوونت سەبارەت بە خەباتی چینایەتی زۆر لاوازە. برای ئازیز، من ڕێگای ڕاستەقینە ودروستت پێ نیشاندەدەم، چونکە دەزانم بۆ تۆ سوودی دەبێت . من حەز لە منداڵانی گوێڕایەڵ وملکەچ وبێدەنگ ناکەم . ئێستا لە هەموو دنیادا ئاگرێک هەڵایساوە . کۆیلە وبەندە هەستاون، دەبێ ژیان ودنیای کۆن بێتە گۆڕین . بەڵام ئەم کارە پێویستی بەپیاوانی مەردو ڕەندو ئازاو بوێر هەیە نەک بە منداڵانی نازپەروەردە. پێویستی بە خەڵکانی ورەبەرز و کوڕێن تەنگانە هەیە، نەک بەو کەسانەی لە ڕۆژی تەنگانەدا، وەکو سیسرکانی هەڵاتوو لە ڕووناکی، خۆ لە کون

وکەلەبەر وپەنا وپەسێران دەنەن . پێویستی بە کوڕانی جەربەزە و دەست وەشێن هەیە، بە خەڵکی کۆڵنەدەر هەیە.

ژوخرای، کۆڵەمستی بە توندی بەمێزەکەدا کێشا. ژوخرای هەستا ودەستەکانی نانە گیرفانەکانی، برۆکانی وێکهێنایەوەو بە ناو ژوورەکەدا کەوتە هات وچۆ. بێکاری ئەزیەتی دەدا. پەشیمان بوو لەوەی لەم شارۆچکەیەدا مابووەوە. چونکە مانەوەی خۆی لێرە بە بێهودە دەزانی، بەجددی بڕیاریدا کە هەرچۆنێ بووە لە سنوور ئاودیوبێ وخۆی بگەیەنێتە یەکینە سوورەکان.

دەستەیەکی نۆ نەفەری ئەندامی حیزب لە شارەکەدا مابوونەوە کە دەبوایە کاروبارەکان بەڕێوەبەرن . ژوخرای بە نیگەرانی لە فکران ڕاچوو : " بەبێ منیش کارەکان بەڕێوەدەچێت، بەڵام من ئیدی ناتوانم لەوەی پتر دەست لە سەردەست دانیشم، بەسە، دە دانە مانگم بەفیڕۆ دا. ئەم دە مانگە بەسە " .

ڕۆژێک پاڤل لێی پرسی : – فیودور، تۆ کێی؟

ژوخرای هەستا، دەستەکانی تەپاندە گیرفانەکانییەوە، هەوەڵجار لە پرسیارەکە حاڵی نەبوو.

– یانی تۆ بە ڕاستی نازانی من کێم؟

پاڤل، بە هێمنی وەڵامی دایەوە :

– من وا تەسەور دەکەم کە تۆ بولشەفیک یا کۆمۆنیستی .

ژوخرای، بە دەم پێکەنین وشۆخییەوە، کێشای بە سەر سینگی خۆیدا کە کراسێکی خەت خەتی دەریاوانی لە بەربوو گوتی :

– ئەمە شتێکی ئاشکرایە براگیان، وەکو چۆن ئاشکرایە کە بولشەفیک و کۆمۆنیست دوو زاراوەی هاو واتان، بەو ئاوایە خۆیا وزەلاڵە .

ژوخرای یەکسەر کەوتە جدیات:- ئێستا کە ئەمەت بۆ بەدیارکەوت، دەبێ ئەوە بزانیت کە نابێ ئەمە بە هیچکەسێک ولە هیچ شوێنێک بڵێی، چونکە کەشف کردنی ئەم ڕازە دەبێتە بایسی سەری من، تێگەیشتی؟

پاڤل، بە جدی وەڵامی دایەوە : تێگەیشتم .

هەندێک دەنگ لە حەوشەکەوە هات. دەرگا بێئەوەی لێبدرێ کرایەوە . ژوخرای بلەز دەستی بۆ گیرفانی برد، بەڵام زوو دەستی کێشایەوە . "سریوژکا پروززاک" لاواز ورەنگ زەرد، بە سەری پێچراوەوە خۆی بەژوورەکەدا کرد، ڤالیا و کلیمکاش لە دووی ئەوەوە وەژوورکەوتن . سریوژکا، بە دەم بزەیەکەوە دەستی هێنا وتەوقەی دەگەڵ پاڤلدا کرد وگوتی:- سڵاو عیفریت، ئێمە بە سێ قۆڵی هاتوینە سەردانی تۆ. ڤالیا دەترسێ ومن بە تەنیا جێناهێڵێ وکلیمکاش، ڤالیا بە تەنێ جێنایەڵێت. هەرچەندە ئەو قژی سوورە بەڵام، دەزانێ بە تەنیا جێهێشتنی کەسێک لەکوێ وکەنگێ خەتەرە .

ڤالیا، بە شۆخییەوە ناولەپی خستەسەر زاری ئەو وبە پێکەنینەوە گوتی : - تەمەشا چەند چەنەبازە، ئەمڕۆ ژیانی لە کلیمکا حەرامکرد .

کلیمکا، بە خۆشییەوە پێکەنی و ددانە سپییەکانی بە دیارکەوتن .

- ئیدی چ لە مرۆڤی نەخۆش دەکەی؟ سەری شکاوە ووڕینە دەکات . ئستۆپی چەناگەی پچڕاوە.

هەموویان پێکەنین .

سریوژا، هێشتا جێگا شمشێرەکەی سەری چاک نەبوو بووەوە وبە تەواوی گوڕی تێنەگەڕابوو بووەوە. لە سەر تەختە خەوەکەی پاڤل دانیشت و زوو بەزوو گفتگۆیەکی گەرم لە نێو دۆستاندا چێبوو. سیرگی، کە کوڕێکی هەمیشە شاد وڕووخۆش بوو وهیچ کاتێ خەمبار ونائومێد نەدەبوو وئێستا ئارام وبێدەنگ

بووبوو، حاڵ وحیکایەتەکەی خۆی بۆ ژوخرای گێڕایەوە، کە چۆن کابرایەکی پتلیورایی شمشێرێکی بە سەریا کێشابوو .

ژوخرای، هەموو میوانەکانی پاڤلی دەناسین . چەند جار چوو بووە ماڵی پروژاک. ژوخرای، ئەم جەوانانەی بە دڵ بوو، هەرچەندە هێشتا لە باهۆز وزریانی خەباتدا، ئاراستەی خۆیان نەدۆزی بووەوە، بەڵام بە ئاشکرا گوزارشتیان لەمەیلی چینایەتی خۆیان دەکرد. ژوخرای بە وردی گوێی لێدەگرتن کە باسی ئەوەیان دەکرد کە چۆن هەریەکەیان یارمەتی خێزانە جوولەکەیان داوەو شاردوویاننەوەو ڕزگاریان کردوون. ژوخرای ئەوشەوە بە تێرو تەسەلی باسی بولشەفیکیەکان ولینینی بۆکردن ویارمەتی دان کە بە باشی لە دیاردە وڕووداوەکان تێبگەن.

پاڤل، درەنگانی شەو، میوانەکانی بەڕێکرد. ژوخرای ئێواران لە ماڵ وەدەردەکەوت وشەوان دەگەڕایەوە . دەبوایە بەر لە سەفەرەکەی، دەگەڵ ئەو هاوڕێیانەیدا کە لە شارەکەدا دەمانەوە لە سەر بەرنامەی کار وچالاکییەکانیان ڕێک بکەوێ ئەوجا بەجێیان بێڵێ.

ژوخرای، ئەو شەوە نەگەڕایەوە. بەیانی وەختایەک پاڤل لەخەو ڕابوو، تەمەشای کرد جێگاکەی خاڵییە. پاڤل، ترسێکی ئاڵۆزی لێنیشت، بلەز خۆی گۆڕی ولە ماڵ وەدەرکەوت، دەرگاکەی قفڵ داو، کلیلەکەی لە جێگا قەراردادیەکە دانا . بەو ئومێدەی هەواڵێکی فیودوری دەستبکەوێ، چوو بۆلای کلیمکا. دایکی کلیمکا، کە ژنێکی کورتەباڵای ، دەم وچاو پانی کونج بوو، خەریکی جل شۆردن بوو. کاتێ پاڤل، پرسیاری فیودوری لە ژنەی تاین کرد ، ژنە بە توندی بەرسڤی دایەوە :

– یانی بە خەیاڵی خاوی تۆ، من هیچ کارێکم نییە ئەوە نەبێ چاودێری فیودوری لەمەڕ تۆ بکەم؟ بە هۆی ئەم شەیتانەوە هەموو ماڵەکەی "رازولیخا" یان ژێر وبان کرد. تۆ هەقت چییە بە سەریەوە؟ چما ئەو هاوڕێی تۆیە؟ نۆبەتی ئەو قەوانەیە ... باش یەکتان دۆزیوەتەوە: تۆ وکلیمکا هاوڕێ ئەون ...

دایکی کلیمکا بە توندی جلەکانی گوشی .

داکی کلیمکا، ژنێکی زماندرێژی، توورە تەبیعەت بوو. پاڤل، لە ماڵی کلیمکاوە، بۆ ماڵی سیرگی چوو، نیگەرانی خۆی بۆ دەربڕی . ڤالیا خۆی لە قسەکانیان هەڵقورتاند .

– باشە بۆ دەترسیت؟ خەمی چیتە؟ لەگینە لە ماڵە ئاشنایەک مابێتەوە .

بەڵام هیچ جۆرە متمانەیەک بە دەنگییەوە دیارنەبوو. پاڤل، نەیدەویست لە ماڵی بروزژاک دانیشێت. هەرچەندە زۆریان هەوڵ لە گەڵی دا کە بۆ نیوەڕۆژە بمێنێتەوە، بەڵام پاڤل نەمایەوە ڕۆیی .

پاڤل، بە ئومێدی دیتنی ژوخرای، بە رەوماڵ بووەوە . دەرگاکە قفڵ بوو ، پاڤل بەدڵی تەنگەوە ڕاوەستا :حەزی نەدەکرد بچێتە ماڵێکی چۆڵ وهۆڵەوە . چەند دەقیقەیەک لە حەوشەدا وەستا ، لە فکران ڕاچوو، ئەوسا بەدەم هەستێکی گۆنگەوە بەرەو عەمار وساباتەکە ڕۆیی . خۆی لە میچی عەمارەکە نزیک کردەوە، جۆڵا تەنەکانی لابرد، دەمانچە"مالینخۆ" قورسەکەی ، کە لە پەڕۆیەکەوە پێچرابوو، لە شوێنە نهێنییەکە دەرهێنا .

پاڤل، لە عەمارەکە وەدەرکەوت، لە کاتێکا هەستی بە قورسی دەمانچەکە ، لە ناو گیرفانیا دەکرد، بەرەو وێستگەکە کەوتەڕێ .

هیچ هەواڵێکی ژوخرای بە دەست نەهێنا ولە کاتی گەڕانەوەدا لە ئاستی بینا ئاشناکەی لەمەڕ یارۆی جەنگەڵوانەکە، پێی سووک کرد. بەدەم ئومێدێکی ئاڵۆزەوە ڕوانییە پەنجەرەکانی خانووەکە، بەڵام باخ وخانووەکە چۆڵ بوون ، کەسیان تیا نەبوو. کاتێ لە ماڵەکە تێپەڕی، ئاوڕێکی پاشی دایەوە، چاوی بڕییە ڕێڕەوەکانی ناوباخەکە، کە گەڵای زەردی پار داپۆشی بوون . باخەکە بێ خزمەت وچۆڵ بوو، دیاربوو دەستی خاوەنە بە سەلیقەکەی لێ دوور بوو. پاڤل کە ئەم چۆڵەوانی وبێدەنگیەی بینا کۆنەکەی بینی، هێندەی دی خەم وپەژارەی زیادی کرد .

دواشەڕ ودەم بۆڵەی لەگەڵ تونیادا ، کە نزیکەی هەیڤەک لەمەپێش بوو ، لە هەموو شەڕ وزوير بوونەکانی پێشووتری جديتر بوو .

پاڤل، هێدی هێدی بە ناوشار کەوت، هەر دوو دەستی لە قووڵایی گیرفانەکانی نابوون، بیری لە چۆنیەتی ڕوودانی شەڕەکەیان دەکردەوە .

جارێک بە ڕێکەوت وبەدەم ڕێگاوە تووشی یەکتربوون وتونیا، دەعوەتی کرد کە لە ماڵەوە سەری بدات :

- داک وبابم بە بۆنەی جەژنی ناونانی بولشانسکی دەچن بۆماڵی وان و هەرخۆم لە ماڵەوە دەبم، پاڤلوشا وەرە کتێبەکەی لیونیدئەندرییڤ "ساشکاجیگولیف" دەخوێنینەوە، کتێبێکی یەجگار خۆشە . من ئەم کتێبەم خوێندووەتەوە، بە خۆشی تۆوە لە گەڵ تۆشدا دووبارەی دەکەمەوە وئێوارەیەکی خۆش دەگوزەرێنین . دێی؟

تونیا، لە ژێر شەپقە سپییەکەیەوە، کە قژە خورماییە چڕەکەی لە خۆ گرتبوو، بە تامەزرۆییەوە چاوە گەورەکانی بڕینە کورچاگین .

- ئا، دێم .

ئەوسا لێکدی هەڵبڕان .

پاڤل بلەز چوو بەلای موەلیدەکانییەوە. لە خۆشی ئەوەی ئێوارەیەکی خۆش لەگەڵ تونیادا بە سەردەبات، وای دەهاتە بەرچاو کە ئاگردانەکان ، لە جاران باشتر دەسووتێن و دار وئیزنگەکان باشتر دەگەشێنەوە بە تەق وتریق پریشک دەهاون .

تونیا، ئەو ئێوارەیە کە گوێی لە دەنگی لێدانی دەرگا بوو، بلەز ڕۆیی، دەرگا گەورەکەی حەوشەی لێکردەوەو بەسووکە نیگەرانی وشپرزەییەکەوە گوتی :

- میوانم هەن، بە بێ مەوعید هاتوون. بەڵام پاڤلوشا تۆ نابێ بڕۆیت، وەرە ژوورەوە .

کورچاگین، بەرەو دەرگاکە گەڕایەوە، دەیویست بڕوات .

- مەڕۆ (تونیا سەری قۆڵی گرت) بۆ ئەوانیش خۆشە تەعاروفیان لە گەڵ بکەی .

ئەوسا تونیا دەستی خستە ناوقەدی و لە ژووری نانخواردنەوە بردی بۆ ژوورەکەی خۆی .

وەختێ تونیا چووە ژوورەوە، بە دەم زەردەخەنەوە، ڕوویکردە ئەو گەنجانەی کە دانیشتبوون و گوتی :

- ئەنگو تەعاروفتان نییە؟ ئەمە پاڤل کورچاگینی برادەری منە .

مێزێکی چکۆلە لە ناوەندی ژوورەکەدا بوو و ئەم کەسانە لە دەوری دانیشتبوون : لیزا سوخارکوی خوێندکاری (قوتابی ئامادەیی) جوانکیلەی ئەسمەری دەم چکۆلەی ناسک، قژەکەی وەکو کچۆڵانی عیشوەگەر ڕێک خستبوو. کوڕێکی درێژ داهۆڵی لاواز کە پاڤل نەیدەناسی، چاکەتێکی ڕەشی جوانی لە بەربوو، قژە نەرمەکەی لە ڤازلیندا دەبریقایەوە، چاوانی قاوەیی بوون ونیگای خەمین. ڤیکتور لیشنسکی لە بەینی ئەواندا، بەچاکەتی شیکی خوێندکارییەوە دانیشتبوو. هەرکە تونیا دەرگای ژوورەکەی کردەوە، پاڤل بەر لە هەمووان چاوی بە ڤیکتۆر کەوت .

ڤیکتۆر، یەکسەر پاڤلی ناسییەوەو لە سەرسامیا برۆ باریکەکانی بەرز بوونەوە.

پاڤل بۆ چەند چرکەیەک لە بەر دەرگاکە وەستا وڤیکتۆری بە نیگای تووڕە دابێژت. تونیا، بلەز کەوتە هەوڵی ڕەواندنەوەی ئەم بێدەنگییە ترسناکە. خوڵکی پاڤلی کرد وەژوور بکەوێ و ڕوویکردە لیزا وگوتی : - یەکدی بناسن.

لیزا سوخارکو، بە کونجکاوی هەڵیڕاونیە پاڤل و هەستایە سەرپێیان .

پاڤل، بە توندی گەڕایەوەو بە پەلە بە ناو ژووری نانخواردنەکەدا، کە نیمچە تاریک بوو بەرەو دەرگای حەوشە ڕۆیی. تونیا، دووی کەوت، لەبەر دەرگای دەرەوە پێی گەیی وشانی گرت وبە کەسەرەوە گوتی :

- بۆچی ڕۆیشتی؟ من بە ئانقەست دەمویست ئەوانت پێبناسێنم .

بەڵام پاڤل، دەستەکانی تونیای لە سەرشانی خۆی لاداو بە توندی گوتی :- ئاشنایەتی ئەم میملانەم ناوێ، نامەوێ تێکەڵاوی ئەم شلە شاریانە ببم. ڕەنگە بەدڵی تۆ بن، دۆستی تۆ بن، بەڵام من حەزیان لێناکەم . ئەگەر بمزانییبا تۆ دۆستایەتی ئەمانە دەکەی، قەت بۆ لات نەدەهاتم .

تونیا، تووڕەییەکەی خۆی خواردەوەوقسەکەی پێبڕی :

- کێ ڕێگەی پێداوی بەمجۆرە قسەم لەگەڵدا بکەی؟ من لە تۆ ناپرسم دۆستایەتی کێ دەکەیت و، کێ دێ بۆلات!

پاڤل، لە کاتێکا لە پلیکانەکانەوە بۆ ناو باخەکە دادەگەڕا بە توندی گوتی :- با ئەوانە بۆ خۆیان بێن بۆلات، لێ من لە ئێستا بە دواوە سەردانت ناکەم .

ئەوسا، بە هەشتاو بەرەو دەرگای باخەکە ڕۆیی . لەو کاتەوە تا ئێستا تونیای نەبینی بوو . لە کاتی پوگروم و هات هات وتالان وبرۆکەدا، کاتێ پاڤل دەگەڵ کارەباچییەکەدا ئەو ماڵە جوولەکانەی کە عەودالی پەنا وپەسێران بوون، لە کارخانەی کارەبادا شاردبووەوە، پاڤل شەڕەکەی لە گەڵ تونیادا فەرامۆش کردبوو وهیچی لە دڵدا نەمابوو. بەڵام ئەمرۆ جارێکی دی کەڵکەڵەی دیداری ئەوی کەوتبووە سەر. دیار نەمانی ژوخرای و ئەو تەنیایەی لە ماڵەوە چاوەڕوانی دەکرد، دڵیان دەگوشی.

ڕێگا خاکییەکە، کە هێشتا هەر تەڕی باوبۆرانی بەهار بوو و یەک پارچە چاڵ وچۆڵی پڕ لە قوڕاو بوو و وشک نەبووەوە بە دەستە ڕاستدا لایدەدا . لە پشت خانوویەکەوە کە کەفماڵ ولەبخی دیوارەکانی لێرەو لەوێ بەربوو بوو، دوو شەقام یەکیان دەگرتەوە .

***

... ڤیکتۆر لیشنسکی، لە چوارڕێانی بەردەم کۆشکێکی تالان کراوا، کە دەرگاکەی شکێنرابوو وتابلۆکەی سەر دیوارەکەی " فرۆشگەی ئاوی مەعدەنی"

هەڵگەڕابووەوە، خواحافیزی لە لیزا کرد. ڤیکتۆر، دەستی لیزای لە نێو دەستی خۆی نا ، نیگایەکی بە ماناوەی چاوەکانی ئەوی کرد وگوتی :- مەعلوم دێی؟ کڵاوم لە سەر نانەی؟

لیزا، بە ناز وعیشوەوە بەرسڤی دایەوە :- دێم، دێم . چاوەڕوانم بکە.

لیزا، لە کاتی جیابوونەوەدا، بە چاوە خومارە قاوەییەکانی تەمەشاییەکی ئەوی کرد .

لیزا، دوای ئەوەی چەند هەنگاوێک ڕۆیی، دوو کەسی بینی کە لە پێچەکەوە، هاتنەسەر جادەکە. کرێکارێکی زەلامی چوارشانەی سینگ شیری، سینگ پان لە پێشەوە دەڕۆیی کە دوگمەکانی چاکەتەکەی کرابوونەوەو کراسە خەت خەتە دەریاوانییەکەی لە ژێرییەوە دیاربوو، کڵاوێکی ڕەشی لە سەر بوو کە هێنابوویە سەر برۆکانی. ژێر چاوەکانی شین بوو بووەوە. جووتێ نیو پووتی زەردی لە پێدا بوو. لاقەکانی کەمێک خواربوون، بە مکوومی هەنگاوی دەنا. چەکدارێکی پتلیورایی، بە دوو سێ هەنگاو لە دوایەوە دەڕۆیی، چەکدارەکە پاڵتۆیەکی خاکی لە بەربوو، دوو کیفی فیشەکانی بە نیتاقەکەیەوە کردبوو. قەمەکەی سەر تفەنگەکەی چیوای نەمابوو بەر پشتی کابرای کرێکار بکەوێ .

کابرای چەکدار، بە دوو چاوی چکۆلەی وریاوە، لە ژێر کاسکێتەکەیەوە دەیڕوانیە پشتەملی یارۆی دەستگیرکراو. سمێڵە زەردەکانی کە لە دووکەڵی تووتنا نقوم بووبوو، بەم لاو بەو لادا دەرچوو بوو .

لیزا، کەمێک پێی سووک کردو بۆ ئەو بەری ڕێگاکە پەڕییەوە. پاڤلیش لە دووی ئەوەوە پەڕییەوە. پاڤل دوای ئەوەی بە لای ڕاستاو بەرەو ماڵی خۆیان پێچی کردەوە، چاوی بە جووتە ڕێبوارەکە کەوت . لاقی لە عاردی چەقین. یەکسەر زەلامەکەی پێشەوەی، کە ژوخرای بوو، ناسییەوە. "تومەز لەبەر ئەمە نەگەڕابووەوە ! " .

ژوخرای نزیک بووەوە. دڵی پاڤل بە توندی کەوتەلێدان . هەر بیر بوو بەمێشکیدا دەهات، بیرە جۆراو جۆرەکانی بۆ کۆنە دەکرایەوە، دەرفەتی بیرکردنەوەی زۆر کەم بوو. تیا مابوو چ بڕیارێک بدات. بیرەکان گونگ ونادیار بوون، تاقە یەک شت بە دوور لە هەر گومانێک خۆیا وزەلاڵ بوو ،ئەویش ئەوە بوو کە ژوخرای بەرەو مەرگ دەڕۆیی. پاڤل لە کاتێکا دەیڕاونییە ئەو جووتە ڕێبوارەی کە لێی نزیک دەبوونەوە، شەپۆلە هەستێکی سەیر دەیگرت.

" تەگبیر ؟ " .

لە دوا چرکەدا بیری کەوتەوە :دەمانچەکەی لەگیرفاندایە. "هەرکە لە من تێپەڕین، لە پشتەوە تەقە لەم تفەنگ بە دەستە دەکەم وهەنگێ فیودور ئازاد دەبێت". ئەم بڕیارە لە ناکاوە نیگەرانییە هزرییەکانی لە کۆڵ کردەوە . بە توندی لێوی خۆی گەست. دوێنی بوو کە ژوخرای بەمی گوت " ئەم کارە کوڕی جەربەزە و ڕۆژانی تەنگانەی دەوێ ..." .

پاڤل، ئاوڕێکی لەزگینی پاشی دایەوە . ئەو شەقامەی بۆ ناوشار دەچوو ، چۆڵ بوو. کەس کەسی پێوە نەبوو . لە پێشەوە تارماییەکی ژنانە، بە پاڵتۆیەکی تەنکی کورتی بەهارەوە بە هەشتاو ڕێی دەکرد. ئەو، کێشە نەبوو. پاڤل نەیدەتوانی شەقامی دووەمی لای چوارڕیانەکە بدینێ. لە دووری دوورەوە، لە سەر ئەو ڕێگایەی کە بۆ وێستگاکە دەچوو، هەندێ تارمایی بەشەری دەبینران.

پاڤل، لە کەناری ڕێگاکە نزیک بووەوە .. ژوخرای کە کورچاگینی لە چەند هەنگاوی خۆیەوە بینی، تەمەشایەکی کرد، برۆچرەکانی وێکهاتنەوە، پاڤلی ناسییەوە، لەم ڕێکەوتە چاوەڕوان نەکراوە حەپەسا، هەنگاوەکانی خاو بوونەوە، نووکی قەمەکە بەر پشتی کەوت . کابرای پاسەوان، بە دەنگێکی تیژ تێی خوڕی :- بجوولێ، ئەگینا بە قۆناغە تفەنگ دەتجولێنم .

ژوخرای پێی هەڵگرت. دەیویست شتێک بە پاڤل بڵێ، بەلام جڵەوی خۆی گرت . دەستی جووڵاند، وەکو ئەوەی بەو شێوەیە سڵاوی لێبکات. پاڤل، لە ترسی ئەوەی

نەبا سەرنجی یارۆی چەکداری سمێڵ سوور ڕاکێشێت، لە ژوخرای تێپەڕی وڕووی بۆ لایەکی دی وەرگێڕا . وەکو ئەوەی ئەو شتەی بە بەرچاویەوە ڕووی دەدا، پەیوەندی بەمەوە نەبێت.

بیرۆکەیەکی، پڕ نیگەرانی بە مێشکا هات :

"باشە ئەگەر من تەقەم کرد وکابرام نەپێکا، خۆ لەوەیە فیشەکەکە بەر ژوخرای بکەوێ ...".

باشە، لەو دەمەدا، کە یارۆی چەکدار خەریک بوو لەم نزیک دەبووەوە ، ئەو دەرفەتەی هەبوو بیربکاتەوە؟ ... سەر بهوردەکە بەم شێوەیە ڕوویدا : وەختی کابرای سمێڵ سوور گەییە ئاستی پاڤل، کورچاگین، لە ناخافڵا پەلاماری دا، دەستی گەیاندە تفەنگەکەی، بە توندی بەرەو ئەرزەکەی دانەواندەوە. قەمەکە بە تەقەتەق، بە بەردێکدا کەوت. پاسەوانە پتلیوراییەکە ، کە چاوەڕوانی ئەم هێرشەی نەدەکرد، غافڵگیر بوو، بەڵام یەکسەر وەخۆ هاتەوەو بە هەموو هێز وتوانای خۆیەوە تفەنگەکەی بەرەولای خۆی ڕاکێشا. پاڤل، تفەنگەکەی گرتبوو و بە هەموو هێزی خۆیەوە، خۆی دابوو بە سەریا ولە پڕ گوللەیەک تەق دەرپەڕی ، تیغی کرد وبە گیز وهوڕ کەوتە ناو جۆگا ئاوەکەوە.

ژوخرای، کە گوێی لە تەقەکە بوو، خۆی دایە لاوە وئاوڕی دایەوە. کابرای پاسەوان بە هەموو هێزی خۆیەوە خەریک بوو تفەنگەکەی لە دەستی پاڤل ڕادەپسکاند. دەستی پاڤلی بادەدا تا تفەنگەکەی لە دەست دەربێنێ، پاڤل تفەنگەکەی توند گرتبوو وبە ئامان وزامان بەری نەدەدا . ئەوسا کابرای پتلیورایی، بە تەکانێکی توند پاڤلی دا بە عاردیدا، بەڵام ئەمەش دادی نەدا و تفەنگەکەی هەر بەر نەدا. پاڤل کەوتە سەر شۆستەکە وکابرای پاسەوانیشی لە گەڵ خۆیدا ڕاکێشا . هێز نەبوو لەم کاتەدا بتوانێ تفەنگەکەی لە دەست دەربێنێ .

ژوخرای، بە دوو باز خۆی گەیاندێ . کۆڵە مستی ئاسنینی بەرزکردەوە ، بایدا وتا توانی کێشای بە سەر سەری کابرای پاسەواندا . دوای یەک چرکە، کابرای

پاسەوانی سەر پاڤل، کە لە سەر ئەرزەکە کەوتبوو، لادا ودوو مستی قورقوشمینی کێشا بە دەم وچاویا وکابرا وەکو جەنازە کەوتە ناو جۆگاکەوە. بە هەمان ئەو دەستە بە هێزانە، پاڤلی لە ئەرزەکە هەڵگرتەوەو خستیەوە سەرپێیان .

***

ڤیکتور، کە سەد هەنگاوێک لە چوارریانەکە دوور کەوتبووەوە، بە دەم ڕێکردنەوەو بە فیکە ئاوازی "دڵی ڕندان مایل بەخیانەتە"ی لێدەدا ( پارچە ئاوازێکە لە ئۆپرای ریگولیتوی ئیتاڵیایی،نووسینی فردی ) و هێشتا مەستی دیدارەکەی لیزاو ئەو بەڵێنە بوو کە دابویە وگوایە سبەی بۆ ژوانی دێتە لای کەلاوەکانی کارخانە چۆڵ وتەرک کراوەکە.

لیزا سوخارکو، لە نێو کوڕانی دوو ئاتەشەی کچبازانی قوتابخانەکەدا بەوە بە ناوبانگ بوو، کە لەواری ئەشق وئاشقێنیدا، زۆر بە جورئەت وبوێرە.

سیمون زالیڤانوڤی ڕوودار وخۆپەسەند جارێک بۆ ڤیکتوری گێڕابووەوە کە گوایە هەپەی لیزای ناوە (واتە بۆی تێخستووە، لاقەی کردووە). هەرچەندە ڤیکتور زۆر باوەڕی بە قسەکانی سیمون نەکردبوو، بەڵام وێڕای ئەوەش زۆری تەماع کردبووە لیزا. بۆیە بڕیاری دا سبەینێ دروستی ونادروستی قسەکەی زالیڤانوڤ تاقیبکاتەوە. " کە بێت مەجالی نادەم، ئەو بە ماچ ڕازییە.  ئەگەر سیمون درۆی لە گەڵ کردبم، هەنگێ دەردەکەوێ ..." هەودای بیری پچڕا ، خۆی لادایە لاوە تا ڕێگای دوو چەکداری پتلیوراییی بدات بە لایا تێپەڕن. یەکێکیان سواری ئەسپێکی چکۆلەی کلک بڕاو بوو بوو، سەتڵێکی لاستیکی بە دەستەوە بوو، پێدەچوو بڕوات ئەسپەکەی ئاوبدات.

چەکداری دووەم چاکەتێکی کورت وپانتۆڵێکی شینی دەڵبی لە بەربوو، دەستی بە ئەژنۆی سوارەکەوە گرتبوو کە شتێکی خۆشی بۆ دەگێڕایەوە.

کاتێ ئەوان تێپەڕین، ڤیکتور دەیویست درێژە بە ڕێگەی خۆی بدات، کە دەنگی تەقەیەک ڕایگرت، ئاوڕی دایەوەو بینی کابرای ئەسپ سوار، بە چوار ناڵە بەرەو سەرچاوەی تەقەکە ڕۆیی، چەکدارەکەی دیکەش بە خۆ وشمشێرەکەیەوە بە غار دووی کەوت .

"لیشنسکی" ش بە دووی ئەواندا کەوتە غاردان ، کاتێ گەییە نزیکی ڕێگاکە ، گوێی لە تەقەیەکی دیکەش بوو. سوارەکە لە پێچی ڕێگاکەوە، بە تاو بەرەو لای ڤیکتۆر دەهات. بە سەتڵەکەی دەستی وبە هەردوو لاق لە ئەسپەکەی دەدا . خۆی بە یەکەمین دەرگادا کرد. هاواری لەوانەی نێو حەوشە کرد: – کوڕینە دەست بدەنە تفەنگ، فریاکەون یەکێکیان لێکوشتین

دوای یەک دەقیقە، چەند کەسێک بە دەم خرم وهۆڕی میل هێنانەوە، بە هەشتاو لە حەوشەکە وەدەرکەوتن.

ڤیکتوریان دەستگیرکرد .

چەند کەسێک بەسەر ڕێگاکەوە بوون، یەکێک لەوانە لیزا بوو، کە وەکو شایەد حاڵێک گرتیان. کاتێ ژوخرای وکورچاگین بە غاردان بەلایدا تێپەڕین، لیزا لە ترسا لە جێی خۆی وشک بوو. لیزا، کە بینی ئەو گەنجەی هێرشی کردبووە سەر چەکدارە پتلیوراییەکە، هەمان ئەو کوڕە بوو کە تونیا لە ماڵی خۆیان ویستبووی تەعاروفیان پێبکات، زۆر سەرسام بوو. ئەو دووانە، یەک لە دووی یەک بە سەر پەرژینی باخی ماڵێکی نە ناسیاودا بازیان دا ویەک تۆز دوای ئەوان سوارێک لە جادەکەوە بە تاو دەرکەوت. کاتێ سوارەکە، ژوخرای بینی بە تفەنگەکەوە غاردەدات و پاسەوانەکە لە ئەرزەکە کەوتبوو و هەوڵیدەدا هەستێتەوە، کابرای سوار بە چوار ناڵە بەرەو پەرژینەکە ڕۆیی .

ژوخرای، لێی گەڕایەوە، تفەنگەکەی لە شانی داگرت، سێرەی لێگرت وبەرفیشەکی دا. سوارەکە بە سەرا کەوت . پاسەوانەکە کە بە زەحمەت دەم ولێوە داغانەکەی دەجووڵاند، کەوتە گێڕانەوەی سەربهوردەکە .

– هەی کەر . گێژو وێژ، چۆن دێڵی بابایەکی دیل وئەسیر لە دەستت هەڵێ ؟! ئێستا بیست وپێنج شەلاقت حەلاڵ کرد. پاشەڵت ئامادە بکە .

پاسەوانەکە، بە توورەیی لێوی کرۆشت و لەبن لێوانەوە گوتی :

– تۆ زۆر بە ئاوەزی، بە ڕاستی ئاقڵی، سەلا لەو ئەقڵەت " لە دەستت هەڵات"! کێ باوەڕی دەکرد ئەو نارەسەنی نانەجیبە، وەکو ئەژدیها خۆیم پێدا دەدات !" .

پرس وجۆ لە لیزاش کرا، ئەویش هەمان قسەکانی یارۆی پاسەوانی کردەوە، بەڵام نەیگوت کە یارۆی هێرشکار دەناسێت. بەڵام وێڕای ئەمەش هەموویانیان بۆ فەرماندەیی برد.

شەوێ، بە فرمانی بەرپرسی ئینزیباتخانە وفەرماندەیی ئازادیان کردن . ئامیر ئینزیباتخانەکە، ئامادەیی خۆی دەربڕی کە بە خۆی لیزا تا ماڵەوە بەرێتەوە، بەڵام لیزا پێشنیازەکەی ڕەتکردەوە. ئامیر ئینزیباتەکە بۆنی عارەقی لێدەهات وئەم پێشنیازەی ئەو نوقلانەی خێری پێوە نەبوو.

ڤیکتور، دەگەڵ لیزا دا ڕۆیی، لێرەوە تا وێستگەکە ڕێگایەکی زۆر بوو، ڤیکتور کە دەست لە نێو دەستی لیزا ڕێی دەکرد، لە کەیفان لە پێستی خۆی نەدەهێوری . لیزا، لە نزیکی ماڵی خۆیان، لە ڤیکتوری پرسی :

– دەزانی کێ دیلەکەی ڕزگار کرد؟

– نا، لە کوێ بزانم؟

– شەوەکەت بیرە کە تونیا دەیویست کوڕێکی گەنجمان پێبناسێنێ؟

ڤیکتور هەڵوێستەیەکی کرد وبە سەرسامییەوە پرسی :

– پاڤل کورچاگین دەڵێی؟

- بەڵێ، وابزانم نێوی شۆرەتی کورچاگینە. بیرتە کە بە چ شێوەیەکی سەیر ڕۆیی؟ دەقاودەق ئەو کوڕە خۆی بوو.

ڤیکتور، بە سەرسامی ڕاوەستا ولە لیزای پرسی :

- یانی تۆ بە هەڵەدا نەچوویت؟ دڵنیایت خۆی بوو؟

- نەخێر، ڕوخساریم ناسییەوە، ئێستاش ڕوخساریم لە بەرچاوە.

- ئەدی بۆچی ئەمەت بە ئامیر ئینزیباتەکە نەگوت؟

لیزا تووڕە بوو :- تۆ پێت وایە ئەم کارە ڤیزەونەم لێبوەشێتەوە؟

- بۆچی بە ڤیزەونی دەزانی؟ پێتوایە ناوبردنی ئەو کەسەی پەلاماری پاسەوانەکەی داوە، کارێکی ڤیزەون ودزێوە؟

- ئەدی تۆ بە کارێکی ئابڕوومەندانەی دەزانی؟ تۆ بیرت چووەوە کە ئەوانە چ دەکەن؟ چما تۆ نازانی چەند خوێندکاری جوولەکەی هەتیو لە قوتابخانەکەماندان، وێڕای ئەوەش تۆ دەتەوێ من خەبەر لە کورچاگین بدەم ؟ سوپاس بۆ تو، تەسەورم نەدەکرد تۆ وابیت .

لیشنسکی، پێشبینی ئەم وەڵامەی نەدەکرد، لە بیری ئەوەشا نەبوو، لەگەڵ لیزادا بە شەڕ بێ، بۆیە هەوڵیدا بابەتەکە بگۆڕێ .

- لیزا گیان زیز مەبە، سوعبەتم کرد، نەمدەزانی تۆ کەسێکی ئەوەندە بە پرەنسیبی.

لیزا بە هیشکی بەرسڤی دایەوە :

- سوعبەتەکەت سەرکەوتوو نەبوو. نیوەی سوعەبت ڕاستە .

ڤیکتور، لە بەر ماڵی سوخارکودا ، لە کاتی خواحافیزیدا بە لیزای گوت : - لیزا، سبەی دێیت؟

وەڵامەکەی لیزا، تەم ومژاوی بوو : - نازانم .

ڤیکتور، بەدەم ڕێوە بۆناوشار، لە فکران ڕاچوو : " ئەگەر تۆ، مادموزیل ئەم کارە بە نامەردی وبێشەرەفی دەزانی، ئەوا من ڕایەکی تەواو پێچەوانەی ڕای تۆم هەیە. هەڵبەتە بۆ من فەرق ناکات کە کێ، کێی ڕزگار کردووە؟

بۆ ئەو، واتە لیشنسکی، کە پشتاوپشت، کە بابەل باب لە ماڵباتێکی پۆلۆنی خانەدان بوو، هەردوو بەرەکە، خەڵکانی قیزەون وبێزراو بوون. بە هەر حاڵ بەو زووانە هێزە پۆلۆنیەکان دەهاتن وئەوسا حوکمی ڕاستی، حوکمی ئەشرافان ونەجیمزادانی پۆلۆنی بەرپادەبووئەم فەرتەنە وئاژاوەیە دەبڕایەوە. هەنگێ دەرفەتی پاکتاوکردنی کورچاگینی خوێڕی هەڵدەکەوێ وئەمانە دەزانن چۆن ملی هەڵدەکێشن.

ڤیکتور، بە تەنیا لە شارەکەدا مابووەوە . لە ماڵی پووری کە ژنی جێگری بەڕێوبەری کارخانەی قەند بوو، دەژیا . بەڵام داک وبابی و نیلی، لەمێژبوو لە وارشۆ دەژیان وبابی، سیگیزموند لیشنسکی، لەوێندەر پۆستێکی گەورەی هەبوو.

ڤیکتور، بەرەو ئینزیباتخانەکە ڕۆیی، گەییە ئەوێندەر لە دەرگایەکی کراوەوە خۆی بە ژووردا کرد. دوای ماوەیەکی کورت چوار پتلیورایی بە گەڵ خۆی خست وبەرەو ماڵی کورچاگین کەوتنەڕێ. ڤیکتور، ئاماژەی بۆ پەنجەرەیەکی ڕوناک کرد وبە ئەسپایی گوتی : – ئەوەتا، ئێرەیە.

ئەوسا ڕوویکردە ئەو "خورونژی"یەی ( پلەیەکی سوپاییە ) کە لە لایەوە وەستابوو و پرسی : – من دەتوانم بڕۆم؟

– فەرموو، ئێمە خۆمان کارەکە ڕایی دەکەین . سوپاس بۆ ئەم خزمەتەت . ئەزیەتت کێشا.

ڤیکتور، بە هەشتاو بە سەر شۆستەکەدا کەوتەڕێ .

***

پاڤل، پاش ئەوەی دوا جەزرەبەی وەپشت کەوت ، دەستەکانی درێژکرد وبە دیواری ئەو ژووره تاریکە خۆی گرتەوە کە ئەویان بۆی هێنابوو. دەستی بەرشتێک کەوت کە لە تەختێکی دارین دەچوو، شەکەت وماندوو، ئەشکەنجەدراو ولێدراو وداماو، لە سەری دانیشت .

پاڤلیان، لە کاتێکا دەستگیرکرد کە هەرگیز چاوەڕوانی نەدەکرد. چۆن پتلیوراییەکان پێیان زانی؟ خۆ کەس بە ڕێگاوە نەبوو. ئێستا چ ڕوودەدات ؟ ژوخرای لە کوێیە؟

ئەو لە ماڵی کلیمکا لە دەریاوانەکە جیابووەوە و چوو بۆ لای سیرگی . "ژوخرای"ش چاوەڕوانی شەوی دەکرد تا لە شار وەدەربکەوێت.

پاڤل، دەبیرەوە چوو :" خۆم وبەختم، زۆرباش بوو کە دەمانچەکەم لە هێلانە قەڵەکەدا تاقەتکرد، ئەگینا ئەگەر بیاندۆزیباوە، ئیدی حیسابم دەڕۆیی، تیادەچووم . بەڵام چۆنیان پێ زانیم؟" ... ئەم پرسیارە ئاڵۆزە زۆر عەزاب دەدا .

پتلیوراییەکان، شتێکی ئەوتۆیان لە ماڵی کورچاگیندا دەستنەکەوت کە بەری دڵ بگرێت. براکەی چاکەت وپانتۆڵ و ئۆکۆردیۆنەکەی لە گەڵ خۆیدا بۆ گوندی بردبوو. دایکیشی سەندوقچەکەی خۆی بردبوو . بۆیە پتلیوراییەکان کە هەموو پەناو پەسێری ماڵەکەشیان سەنگ وسوژن نابوو ، شتێکی زۆر کەمیان دەستکەوتبوو.

پاڤل، ڕێگای نێوان ماڵەوەو ئینزیباتخانەکە لە بیرناکات. شەو هێندە تاریک بوو کە چاو چاوی نەدەبینی. هەوری توونید وتاریک بەری ئاسمانی گرتبوو . لە دوو لاوە پاڤلیان دەڵەک دەداو لە دواوە بێ بەزەییانە بەرشاپان دەدرا . ئەویش بەجۆرە بێخودییەکەوە ڕێی دەکرد.

هەندێ دەنگی لە پشت دەرگاکەوە هاتنەگوێ. ژوورەکەی تەنیشت، ژووری گاردەکانی ئینزیباتخانە بوو. تیلماسکە ڕوناکییەک لە ژێر دەرگاکەوە

دەدرەوشایەوە. کورچاگین هەستا. بە لەپە کوتێ وبە پاڵ دیوارەکانەوە، بە چوار دەوری ژوورەکەدا سووڕایەوە . بە لەپە کوتێ، پەنجەرەیەکی لە هەنبەر تەختەکەدا دۆزییەوە. پەنجەرەکە، کەتیبەی مکوومی ئاسنی بۆکرابوو. بە دەست کەتیبەکەی تاقیکردەوە. کەتیبەکە زۆر قایم بوو. پێدەچوو ئەم ژوورە پێشتر، عەماری موونە وئازووقە بووبێ .

بە پێ دزکە هاتە نزیک دەرگاکەوە، دەقیقەیەک وەستا وگوێی هەڵخست، ئەوسا بە ئەسپایی دەسکی دەرگاکەی بادا، جیڕەیەکی ناخۆشی لێ هەستا . پاڤل لە دڵی خۆیدا جنێوێکی دا :

- بێشەرەفانە، دڵیان نە هاتووە تۆزێ چەوری بکەن .

پاڤل، لەمیانی درزێکی باریکەوە لە قەراخ تەختەکەوە دوو پێی ناقۆڵای بینی، پەنجەکانی خواروخێچ و گرێ گرێ بوون . پاڤل، جارێکی دی بە ئەسپایی دەسکی دەرگاکەی بادا . جیڕەجیڕێکی بێپەروا وحەیابەرەی لێ هەستا . تارمایی کەسێکی سەروقژ شێواوی دەم ودان ناشیرین، لە سەر تەختەکە هەستا، بە دەم جنێودانەوە، بە هەر پێنج قامکان کەوتە خوراندنی سەرە ئەسپێونەکەی . کاتێ دەمڕێژی دوور ودرێژی جنێوەکان کە بە دەم وپلێکی خاوەوە دەدران، تەواوبوو، ئەو کابرایە دەستێکی دا لە تفەنگەکەی ژوورسەری و، بە خوێنساردییەوە گوتی :

- دەرگاکە داخە، ئەگەر جارێکی دی سەرت لێرەوە دەربێنی وای بە حاڵت

پاڤل، دەرگاکەی داخست، لە ژوورەکەی تەنیشتەوە دەنگی قاقا بەرز بووەوە.

پاڤل، ئەو شەوە زۆری بیرکردەوە. یەکەم هەوڵی تێکۆشانی ئەو بەو جۆرە بە ناکامی شکایەوە. لە یەکەم هەنگاودا گیراو وەکو مشک کەوتە تەڵەوە.

کاتێ بە دانیشتنەوە لە جێی خۆیەوە کەوتە وەنەوزدان ونیمچە خەوێکی لێکەوت، سەروسیمای دایکی هاتە بەرچاو، ڕوخساری لاواز و پڕچرچ ولۆچی، چاوە کەوی

وئاشناکانی، لە بەردەمیا بەرجەستەبوون. لە دڵی خۆیدا گوتی : " زۆر باش بوو لە ماڵ نەبوو، خەمی کەمترە" .

ڕوناکییەکی چوار گۆشە، لە پەنجەرەکەوە دای لە ناو ژوورەکە. تاریکی کەمێک ڕەوییەوە . سپێدە نزیک دەبووەوە.

## فەسڵی شەشەم

لە ماڵە گەورە کۆنەکەدا ، تەنیا یەک پەنجەرە کە پەردەکەی دادرابووەوە ،ڕووناک بوو . (تریزور) کە بە زنجیر بەسترابووەوە ، لە ناو حەوشەکەدا دەوەڕی ئەما وەڕین.

تونیا، بە دەم خەوە نوچکەوە، دەنگی هێواشی دایکی دەژنەوێ :

- نا، هێشتا نەخەوتووە، وەرە ژوورەوە لیزا .

هەنگاوی سووک ودەست لە ملانێی نەوازشئامێز وپڕسۆزی دەستە خوشکەکەی، خەوەنوچکەکەی تونیا دەڕەوێنێتەوە. تونیا بە دەم زەردەخەنەیەکی ماندووەوە دەڵێت :- زۆرباش بوو هاتی لیزا، ئەمڕۆ دڵمان خۆشە. دوێنێ قەیرانی نەخۆشییەکەی بابم بە سەلامەتی تێپەڕی و ئەمڕۆکە بە درێژایی ڕۆژەکە خەوتووە، من ودایکم، دوای چەندین شەوان لە شەونخونی، ئەمڕۆ ئیسراحەتمان کردووە .

تونیا، دوا لە دەستە خوشکەکەی دەکات کە لە سەر قەنەفەکە ولای ئەوەوە دانیشێت.

- دەی لیزا، هەموو هەواڵە تازەکانم بۆ بگێڕەوە .

- هەواڵی تازە زۆرن، هەندێکیان تەنیا دەتوانم بۆ تۆی بگێڕێمەوە .

لیزا، پێکەنی وتەمەشایەکی بە مانەوەی یکاترینا میخائیلوفنای دایکی تونیای کرد.

داکی تونیا، ئافرەتێکی سەنگین وبە ویقارە. هەرچەندە تەمەنی سی وشەش ساڵە، بەڵام گورج وگۆڵی کچۆڵانی هەیە. چاوە قاوەییەکانی زیرەکیان لێدەباریٚ، هەرچەندە ڕوخساری جوان نییە، بەڵام خۆشەویستە و لەبەر دڵان و گەنجانەیە. بە دەم زەردە خەنەیەکەوە گوتی :

– دوای چەند دەقیقەیەک بە کەماڵی مەیل بە تەنیا بەجێتان دێڵم.

ئەوسا کورسییەکی بردە نزیکی قەنەفەکەوە وبە سوعبەتەوە گوتی :

– جاریٚ ئەو خەبەر وباسانە بگێڕەوە کە نهێنی نین ودەشێت هەموو کەس بیانزانیٚ.

– هەوەڵین خەبەر ئەوەیە کە ئێمە ئیدی ناخوێنین . ئەنجوومەنی قوتابخانە بڕیاری داوە کە شادەتنامەی تەواوکردنی خوێندن بە خوێندکارانی پۆلی حەوتەم بدات . من زۆر خۆشحاڵم ... ( لیزا بە شادییەوە ) گوتی : – مردم بە دەست جەبر وئەندازەوە! نازانم بۆچی دەبیٚ ئەم وانانە بخوێنین! کوڕان لەگینە درێژە بە خوێندن بدەن، هەرچەندە ئەوانیش نازانن لە کویٚ درێژە بە خوێندن بدەن. بۆ هەرکویٚ دەڕۆی شەڕگەیە، ڕوو دەکەیە هەرکویٚ شەڕە ... بەڵام ئێمە چارەنووسمان شووکردنە، وهیچ شتێک لە ژن داوا ناکرێت.

لیزا بە دەم ئەو قسانەوە، بزە نیشتبووە سەر لێوانی.

یکاترینا میخائیلوفنا، دوای ئەوەی کەمێک لە گەڵ کیژەکاندا ڕۆنیشت، ئەوجا هەستا وبۆ ژوورەکەی خۆی چوو .

لیزا، لە تونیا نزیک بووەوە، باوەشی پێدا کرد و بە چپەوە باسی پێکادان و شەڕەکەی چوارڕیانەکەی بۆکرد.

– تونچکا، تەسەور ناکریٚ، وەختیٚ ئەو کوڕەم ، کە ڕایدەکرد، ناسییەوە، چەند حەپەسام ... بەڕای تۆ کیٚ بیٚ باشە؟

تونیا، کە بە کونجکاوی گوێی دەگرت، حایر وحەپەساو شانی هەڵتەکاند

لیزا، یەکسەر گوتی : – کورچاگین بوو!

تونیا، ڕاچڵەکی و بە ئازارەوە لوول بوو: – کورچاگین؟!

ئەوسا لیزا، باسی شەڕەکەی خۆی لە گەڵ ڤیکتوردا کرد. هەڵبەتە زۆر بەوە خۆشحاڵ بوو کە تونیا بە هەڵوێستەکەی رازی بوو. دیارە لیزا، کە سەرگەرمی گێڕانەوەی چیرۆکەکەی خۆی بوو، هەستی بەوە نەکرد کە تونیا چۆن پەشۆکاو ورەنگی زەرد هەڵگەڕا وچۆن، بە توورەیی قامکە ناسکەکانی بە سەر بلوزە شینباوەکەی خۆیدا دێنا . لیزا، هەستی بەوە نەکرد کە دڵی تونیا بە چ نیگەرانییەک لێی دەدا. لیزا نەیدەزانی بۆچی برژانگە درێژ وچڕەکانی چاوە جوانەکانی تونیا بەو ناڕەحەتیە دادەخران و دەکرانەوە.

تونیا چیتر گوێی لە چیرۆکی خورونژییە (پلەیەکی سوپاییە) سەرخۆشەکە نەدەگرت، بیری تەنیا لەلای یەک شت بوو: "ڤیکتور لیشنسکی دەزانێ کێ هێرشەکەی کردووە، باشە لیزا بۆ ئەمەی پێ گوتووە بە ڤیکتور ) ؟" . بێ ویستی خۆی ئەم ڕستەیەی کۆتایی بە دەنگی بەرز گوت .

لیزا، لە مەبەستەکەی حاڵی نەبوو، بۆیە پرسی : – چیت گوت؟

– باشە تۆ بۆچی باسی پاڤلوشات (کورچاگین) بۆ لیشنسکی کرد؟ ئاخر لیشنسکی خەبەری لێدەدات.

لیزا، بەرپەرچی دایەوە :– نا! ... باوەڕ ناکەم! بۆچی کاری وادەکات؟

تونیا، هەر دوو ئەژنۆی بەتووندی گرتنە باوەش و بە جۆرێکی گوشین کە ژانیان هاتێ.

– لیزا گیان تۆ هیچ نازانی، ئەو وکورچاگین دژمنن. حەز لە چارەی یەکدی ناکەن . تۆ هەڵەیەکی گەورەت کردووە کە ناوی پاڤلت لە لای ڤیکتور بردووە.

لیزا، یەکسەر پەی بە نیگەرانییەکەی تونیا برد و وەختێ وشەی پاڤلوشا (سووکەڵە ناوی پاڤلە بۆ خۆشەویستی) کە بە ڕێکەوت لە زاری تونیا دەرپەڕی، چاوانی لیزای کردەوە وهەندێ شتی بۆ ئاشکرا بوو، کە پێشتر تەنیا مەزەندەی گۆنگ وتەم ومژاوی بوون لەلای . لیزا، خۆ بەخۆ هەستی بە جۆرە گوناهبارییەک کرد، سەری لە بەرخۆ نا وبە بێدەنگی لە فکران ڕاچوو . " کەواتە مەسەلەکە دروستە. سەیرە کە تونیا بەو جۆرە ئاشق بووە. ئاشقی کێش؟ بابایەکی کرێکاری سادە ..." لیزا پڕ بەدڵ حەزیدەکرد باسی ئەم بابەتەی لە گەڵدا بکاتەوە، بەڵام لە ڕووی نەزاکەتەوە خۆی لەم بابەتە بوارد. بەو مەبەستەی قەرەبووی هەڵەکەی بکاتەوە، هەردوو دەستی تونیای لە نێو دەستانی خۆی نا وگوتی :- تونچکا، تۆ زۆر ناڕەحەتی؟

تونیا بەبێ حەواسی بەرسڤی دایەوە :

- نا، لەوەیە ڤیکتور، لەوە شەریف تر و پیاوتر بێ کە من وێنای دەکەم .

دوای ماوەیەکی کەم دمیانوف هات. دمیانوف کوڕێکی شەرمنی خاو وخلیچکی هاوڕێ وهاوپۆلی قوتابخانەیان بوو.

تا هاتنی ئەویش، جووتە کیژ کە لە قسەکردن دابڕابوون، دەستیان بە قسان نەکردەوە. تونیا پاش بەڕێکردنی هەردوو میوانەکەی، واتە لیزا ودمیانوف، ماوەیەکی زۆر بە تەنیا وەستا. شانی دادایە سەر دەرگای باخەکە، چاوی بڕییە ئەو ڕێگا تاریکەی کە بۆ ناوشار دەڕۆیی. بایەکی شێداری ساردی بارگاوی بە بۆگنخی بەهاری بە سەردا دەهات.

پەنجەرە چکولەکانی ماڵەکانی شار، لە دوورەوە، وەکو چاوانی سوور ولێڵی، شەڕ ئەنگێز، چاوبڕکێیان لە گەڵ ئەمدا دەکرد. لەوێ، لەو شارە نامۆیەدا، لە ژێر میچێکدا، هاوڕێ سەرکێشەکەی ئەم ڕاکشاوە وبێ ئاگایە لەو مەترسییەی کە هەڕەشەی لێدەکات. لەگینە ئەمی هەر لە بیریش نەبێ ، فەرامۆشی کردبێت . چەند ڕۆژ بە سەر دوا دیداریدا بوریوە؟ ئەو ڕۆژە هەق بە هاوڕێکەی نەبوو، بەڵام لە

مێژبوو هەموو شتەکان بیر چووبوونەوە، تونیا سبەی ئەو دەبینێ، دۆستایەتییەکەیان، دۆستایەتییە خۆشەکەیان تازە دەبێتەوە. ئەم دۆستایەتییە دەگەڕێتەوە، تونیا ئەمە دەزانێ. لەمە دڵنیایە، ئەگەر شەو خیانەتی لێ نەکردبێ ، شەو زۆر دڵڕەش و کینە کێشە. لە تۆ وایە خۆی لە بۆسە ناوە وچاوەڕوان دەکات ... دنیا ساردە.

تونیا، دوا تەمەشای جادەکەی کرد و وەژوورکەوت. لە ناو جێگاکەیدا، لە کاتێکا خۆی لە لێفەکەیەوە دەپێچا، بەم بیر وخەیاڵەوە خەوی لێکەوت : ئاخ، ئەگەر شەو خیانەتی لێنەکردبێ !

تونیا، بەیانی زوو، لە کاتێکا هەموو خەڵکی ماڵەکە لە غورابی خەودا بوون، هەستا وبلەز خۆی گۆڕی . بۆ ئەوەی کەس بێدار نەکاتەوە، هێدی هێدی بۆ ناو حەوشە چوو، زنجیرەکەی تریزۆر، سەگە زەلامە تووکنەکەی کردەوەو پێکەوە بەرەو شار بوونەوە . بۆ ماوەی یەک دەقیقە ، بە دوودڵی لە بەر ماڵی کورچاگیندا وەستا. ئەوسا دەرگای باخەکەی کردەوە و خۆی بە حەوشەکەدا کرد. تریزۆر بە کلکە سووتێ پێشی کەوت.

ئارتیم، هەمان ڕۆژ بەیانی زوو لە گوند گەڕایەوە. ئارتیم لە گەڵ ئەو ئاسەنگەرەدا کە کاری دەکرد، بە عارەبانە هاتەوە. ئارتیم، ئەو کیسە ئاردەی کە لە بری کرێی کاری خۆی بەدەستی هێنابوو، دا بە سەر شانیا و خۆی بە حەوشەکەدا کرد. کابرای ئاسنگەریش، لە دوای ئەو، هەموو کەل وپەلەکانی دیکەی هەڵگرت.

ئارتیم لەبەر دەرگا وازەکە (کراوە) کیسە ئاردەکەی لە سەر شانی داگرت و بانگی کرد :- پاڤکا (سووکەڵە ناوی پاڤلە) .

بەڵام هیچ وەڵامێک نەبوو. ئاسنگەرەکە کە گەییبووە ئاستی ئارتیم گوتی : - بیبەرە ژوورەوە، ماتەڵی چیت!

ئارتیم، شتەكانی لە موبەقەكەدا دانا وخۆی بە ژوورەكەدا كرد. لە جێی خۆی هیشک بوو. هەموو شتەكان ژێر وبان وبڵاوكرابوونەوە. كۆنە جلكان بە ناو ژوورەكەدا توورِ درابوون.

ئارتیم، حایر وحەپەساو ئاوڕی لە ئاسنگەرەكە دایەوەو بە توورەیی بۆڵاندی : - ئەمە كاری چ شەیتانێكە!

ئاسنگەرەكە گوتی: - چ گێرەشێوێنییەكە!

ئارتیم توورە بوو : - ئەم كورە بۆكوێ چووە؟

بەڵام كەس لەماڵەوە نەبوو تا پرسیاری لێبكات.

ئاسنگەرەكە خواحافیزی لە ئارتیم كرد ورۆیی .

ئارتیم چووە نێو حەوشە وكەوتە چاوگێڕان بە دەوروبەرا ." سەر لەم حیكایەتە دەرناكەم ! دەرگای ماڵەكە كراوەیە وپاڤكا دیارنییە " .

ئارتیم، لە دواوە گوێی لە دەنگی پێیان بوو، ئاوڕی دایەوە، سەگێكی زەلامی لە بەردەم خۆیا بینی كە گوێچكەكانی قوت كردبوونەوە. كیژێكی نەناس لە دەرگاكەوە بەرەو ژوورەكە دەهات. كیژێ تەمەشایەكی ئارتیمی كرد و بەئارامی گوتی : - دەمەوێ پاڤل كورچاگین بدینم.

ئارتیم، ڕوویكردە كچەكە وگوتی :

- منیش دەمەوێ بیدینم. خوا دەزانێ كێوەچووە. من ئێستا هاتمەوە، سەیرم كرد دەرگای ماڵەكە وازە وپاڤكا دیارنییە، كارێكت بە پاڤكا هەبوو؟

كیژێ وەڵامی دایەوە : - تۆ ئارتیمی برای كورچاگینی؟

- بەڵێ، چ كارێكت هەبوو؟

کیژێ بێئەوەی وەڵامی ئارتیم بداتەوە، بەترسەوە ڕوانیە دەرگا کراوەکە . لەدڵی خۆیدا دەیگوت: " باشە بۆ دوێنێ نەهاتم! ... تۆ بڵێی؟ ناکا ... ؟ ... " هێندەی دی دڵی تەنگ بوو .

تونیا، لە ئارتیمی، کە تەمەشای ئەمی دەکرد، پرسی :

– کاتێ تۆ هاتیتەوە، دەرگاکە واز بوو وپاڤلیش لەماڵەوە نەبوو؟

– دەی جەنابت بفەرموو چ کارێکت بە پاڤل هەیە؟

تونیا، زیاتر لێی هاتەپێشەوە، بە ترسەوە تەمەشای دەوروبەری خۆی کرد وبە هەڵچوونەوە گوتی :

– من بە دروستی نازانم، بەڵام مادامێکی پاڤل لە ماڵ نییە، دەبێ گیرابێ .

ئارتیم، بە تووڕەیی ڕاچڵەکی: – لە بەرچی؟

تونیا گوتی: – با بچینە ژوورەوە.

ئارتیم، بە بێدەنگی گوێی لێدەگرت. کاتێ تونیا هەموو ئەو شتانەی، کە دەیزانین، بۆ گێڕایەوە. ئارتیم ترسی لێنیشت وبە تووڕەیی گوتی :

– دەک بە نەفرەت بی! خۆمان خەم وپەژارەمان کەم بوو، هی تۆشی هاتەسەر! ئێستا تێگەیشتم کە ئەم ماڵە بۆچی وا داڕژاو وداپژاوە. نازانم چ ڕۆحێکی چەپەڵ، ئەوی خستووەتە ئەم ئاستەنگەوە. باشە ئێستا کوێی بۆ بگەڕێم؟ تۆ مادموزیل، کیژی کێی؟

– من کیژی تومانوفی جەنگەڵوانم. من پاڤلم دەناسی.

ئارتیم، مینگەمینگێکی نامەفهوومی کرد: – ئەها! ... من ئاردم هێنابوو دەرخواردی کوڕەی بدەم، کەچی ئەوەتا ...

تونیا وئارتیم، بە بێدەنگی تەمەشای یەکیان دەکرد.

تونیا، لە کاتی خواحافیزیدا، بە ئارامی بە ئارتیمی گوت :

- من دەڕۆم، تۆش بەڵکو بیدۆزیتەوە. ئێوارە دێمەوە بەڵکو خەبەرێکت لێی هەبێ.

ئارتیم، بە بێدەنگی سەری لەقاند .

***

مێشێکی لات، لە گۆشەیەکی پەنجەرەکەدا، لە خەوی زستانە خەبەری بووبووەوەو گیزەگیزی دەکرد. ژنێکی جووتیاری گەنج لە قەراخ کۆنە قەنەفەیەک دانیشتبوو، ئەژنۆکانی لەباوەش گرتبوون وزەق زەق چاوی بڕی بووە، ناو ژوورە پیسەکە.

ئامیرئینزیبات، کە جگەرەکەی بەلالێویەوە نابوو، لە نووسینی کاغەزەکەی بەردەستی بووەوە. لە کۆتایی نووسراوەکەدا، بەکەش وفشەوە، لە ژێر دەستەواژەی "سەرۆکی ئینزیباتخانە" شپتوڤکا خورونزی، بە لەزەتێکی زۆرەوە، ئیمزای خۆی کرد کە کلکێکی درێژی پێوەبوو، ولە شەڕە پشیلە دەچوو . ئەوجا لە دەرگاکەوە دەنگی ئاوزەنگی ومامێزی هاتەگوێ. ئامیر ئینزیبات (سەرۆکی ئینزیباتخانە ) سەری هەڵبڕی. سالومیگا، بە دەستی بەستراوەوە لە بەردەمیا وەستابوو. ئامیرئینزیبات(خورونژی) خێرهاتنی کرد و پرسی :- ها، چ بایەک بۆ ئێرەی غل کردوویتەوە؟

- بای خێرە! گوللە تا سەر ئێسقان دەستی سمیوم.

سالومیگا، بێئەوەی گوێ بەو ژنە بدات کە لە ژوورەکەیا دانیشتبوو، جنێوێکی مزر وئاوداری دا .

- ئەدی ئێستا چیە، بۆ چاکبوونەوە بۆ ئێرە هاتوویت؟

- واز لە چاکبوونەوە بێنە بۆ ئەو دنیا. لە شەڕگەکاندا ئەوەندە گوشار دەکەن، وەکو ئەوەی بیانەوێ تەڕاییمان تیا نەهێڵن.

ئامێر ئینزیباتەکە، بە سەر ئاماژەی بۆلای ژنەکە کرد، ڕێگەی قسەکردنی لەم گرت : – دوایی قسان دەکەین .

سالومیگا، بە قورسی خۆی دا بە سەر تەپڵەکێکدا و دانیشت، کڵاوەکەی نیشانەی (کۆماری نەتەوەیی ئوکرانیا)ی پێوە بوو، لە سەری داکەندو بە ئەسپایی دەستی بە قسان کرد :

– گولوب، منی ناردووە: بەم زووانە لەشکری تیرەندازی بۆ ئێرە نەقڵ دەبێت. بە شێوەیەکی گشتی کاروباری ئێرە دەشێوێ وئاژاوە بەرپا دەبێت و، من دەبێ نەزم وزاکونی بەرقەرار بکەم. لەوەیە ئەتامانی گەورە لەگەڵ یەکێک لە قازە بیانییەکان (مەبەست لە شیرەتکارانی بێگانە ونوێنەرانی سوپای بێگانەیە لە فەرماندەیی پتلیورا)بێت بۆ ئێرە. بۆیە نابێ هیچکەسێک لێرە باسی پوگروم (تالان، چەپاو) بکات. ئەوە چ دەنووسی؟

سەرۆکی ئینزیباتخانە، جگەرەکەی بۆ لا لێوەکەی تری گواستەوە :

– کوڕیژگەیەکی خوێڕی لێرە زیندانییە. تۆ لە بیرتە ژوخرای ناوێک لە وێستگاکەدا، کرێکارانی ڕێگای ئاسنی لێهاندابووین، ئەو کابرایە دەستگیر کرا.

سالومیگا، تەپڵەکەکەی بردە پێشەوەو بە کونجکاوی گوتی : – ئێ؟

– ئەو ئومیلتچنکۆ بێ ئەقڵەی سەرۆکی ئینزیباتخانەی وێستگاکە، ئەوی دابووە دەست قۆزاقێک و بۆ لای ئێمەی ناردبوو. ئەم کوڕیژگەیەی کە لێرە زیندانییە، بە ڕۆژی ڕوناک، ژوخرای لە دەست یارۆی قوزاق ڕفاندبوو و کابرای قۆزاقی چەک کردبوو و دەم وقەپۆزی کوتابووەوەو لە گەڵ ژوخرایدا پێ وەغارەوە دەنەن. ژوخرای دەرباز بوو، کەس نەیزانی ئەرز قووتی دا، ئاسمان هەڵیکێشا، بەڵام کوڕیژگەکە دەستگیرکرا . وەرە ئیفادە ودۆسیەکەی بخوێنەوە. سەرۆکی ئینزیباتخانە، یەک سەفتە کاغەزی ڕەشەوە کراوی بۆ لای سالومیگا درێژکرد.

سالومیگا، به دەستی چەپی کە ساغ بوو، کەوتە هەڵدانەوەی کاغەزەکان .دوای ئەوەی لە خوێندنەوەی بووەوە، بە خێسەیەکەوە تەمەشای یارۆی سەرۆکی ئینزیباتخانەی کرد.

– تۆ هیچت لێ دەرنەهێنا؟

سەرۆکی ئینزیباتخانە، بە توورەیی، قەراخی کڵاوەکەی هێنایەخوارێ :

– پێنج دانە ڕۆژە شەڕی ئەو دەکەم، کەچی هەر بێدەنگە، دەڵێت: " هیچ نازانم، من کەسم ڕزگار نەکردووە" . هەتیوێکی زۆر سەرسەختە. یارۆی پاسەوان (قۆزاق) لێرە ناسییەوە، خەریک بوو ملی ئەو کوڕیژگە مەلعوونە هەڵکێشێت، بە خورتی لە دەستم دەرهێنا. بەو بوایە بیکوژێت، چونکە ئومیلتچنکو، لەوێ، لە وێستگاکە، دەستووری دابوو، لە سەر ئەم کوڕە، بیست وپێنج شەلاقیان لە یارۆی پاسەوان دابوو، بۆیە دەیویست لێرە تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە. هێشتنەوەی لێرە، مانای نییە، نووسراو بۆ سەرکردایەتی دەنێرم کە ڕێگەمان بدەن سەرفی بکەین (گوللەبارانی بکەین).

سالومیگا، تفێکی بە قێزوبێزەوەی کرد :

– ئەگەر لە بەردەستی مندا بوایە، دەمهێنایە زمان. تۆ وپرس وجۆیان نەگوتووە بەچە کەشیش. ئاخر خوێندکاری خوێندنگەی ڕۆحانی دەبێ چ ئامێرێکی لێدەربچێت؟ خستتە بەرشەلاخان؟

سەرۆکی ئینزیباتخانەکە توورەبوو.

– تۆ خەریکە پێ لە بەرەی خۆت دەردەکەی. ئەم تانە وتەشەرانە بۆ خۆت هەڵگرە. لێرە من سەرۆکی ئینزیباتخانەم، تکایە خۆت لە کاری من هەڵمەقورتێنە.

سالومیگا تەمەشایەکی(سەرۆکی ئینزیباتخانەی) کە وەکو کەڵەبابی جەنگی خۆی فش کردبووەوە، کردو لە قاقای پێکەنینی دا :

- ها ها ... ها ها! ... بەچە کەشیش، خۆت پڕبا مەکە دەنا دەتەقی! خۆت وکارەکانت بە شەیتان دەسپێرم، تۆ پێم بڵێ لە کوێ دوو قاپ عەرەقی قاچاغی دەستکردی ماڵانم دەست دەکەوێ؟

سەرۆکی ئینزیباتخانە کەمێک وەخۆ هاتەوە:- ئەمەیان ئاسانە پەیدا دەبێت

- بەڵام ئەمەیان – سالومیگا، بە قامکان کێشای بە کاغەزەکاندا – ئەگەر دەتەوێ سەرفی بکەی و لە کۆڵی بکەیتەوە، تەمەنی زیاد بکە، لە بری شازدە ساڵ بنووسە "هەژدە ساڵە" ئا ئەلێرەوە سەری قەڵەمەکە خوار بکەوە، بە ئاسانی شەشەکە دەبێ بە هەشت، دەنا ئەگەر بەم دەقەوە بینێریت، پەسەندی ناکەن.

❊❊❊

عەمارەکە سێ کەسی تیابوو: پیرەمێردێکی ڕیشن بە کەوایەکی شڕی کۆنەوە، لە سەرلا لە سەر تەختێک ڕاکشابوو، لاقە باریکەکانی لە ناو پانتۆڵێکی دەڵبدا قانگڵە کردبوو. ئەم پیرەمێردەیان لە سەر ئەوە حەپس کردبوو کە ئەسپی چەکدارێکی پتلیورایی ، کە لە ماڵی ئەودا لایدابوو، لە تەویلەی ئەودا دیار نەمابوو. پیرەژنێکی چەناکە درێژیش بە دووچاوی فێڵاوی دزانەوە لە ئەرزەکە دانیشتبوو، ئەم پیرەژنە، لە ماڵەوە بە دزییەوە عەرەقی قاچاغی دەفرۆشت، بە تۆمەتی دزینی سەعات وشتێن گرانبەهاوە حەپس کرابوو. پاڤل کورچاگینیش، لە سووچێکی ژێر پەنجەرەکە، کڵاوە گرمۆڵە بووەکەی نابووە ژێر سەری ونیمچە بێحاڵ بوو.

❊❊❊

ژنێکی گەنجیان بۆ عەمارەکە هێنا، لەچکێکی ڕەنگاو ڕەنگی بە شێوەی دێهاتیان لە سەر کردبوو، دووچاوی گەورەی ترساوی پێوە بوو. ئەم ژنە بۆماوەی دەقیقەیەک وەستا، ئەوسا لەلای پیرەژنە عارەقفرۆشەکەوە دانیشت. پیرەژن بە کونجکاویەوە، لە ژنەی تازە هاتگ ڕاماو بە خێرایی لێی پرسی : - تۆش حەپسی کیژۆڵە؟

پیرەژن، هیچ وەڵامێکی نەژنەوت، بەڵام کۆڵی نەدا :

-بۆچی بۆ ئێرەیان هێناوی، ناشی لە سەر فرۆتنی عەرەقی قاچاغ گیرابی؟

ژنەی دێهاتی، هەستایە سەرپێیان، تەمەشایەکی ژنەی قیرسچمەی کرد وبە ئەسپایی بەرسڤی دایەوە : – نا، لە سەر برایەکەم گرتوویانم.

پیرەژن دەستبەردار نەبوو، پرسی : – براکەت کێیە، چ کارەیە؟

پیرەمێردەکە هەڵیدایە : – بۆچی ئەزیەتی دەدەی؟ ڕەنگە ئەو ئێستا لە گیانی خۆی وەڕز بێ و تۆش گەنم گردی داتگرتووەتەوە.

پیرەژن، بلەز ئاوڕی لای تەختەکەی دایەوە :

– ئەوە چیتە؟ تۆ کێی تا ئامۆژگاری من بکەی؟ قسەم لەگەڵ تۆدا کردووە

پیرەمێردەکە تفێکی کرد : – پێمگوتیت زۆری لێمەکە.

بێدەنگی باڵی بە سەر عەمارەکەدا کێشا. ئەو ژنە دەسماڵێکی گەورەی ڕاخست، ڕاکشا وسەری نایە سەر دەستی.

پیرەژنی عارەقفرۆش دەستی بە نانخواردن کرد. پیرەمێردەکە لاقی لە سەر تەختەکە هێنایە خوارەوە. بە کاوەخۆ سیغارێکی لە تووتنی "کوزیانوژکا" پێچایەوەو دەستی بە کێشانی کرد. بۆنی بۆگەنی دووکەڵ بە ناو عەمارەکەدا بڵاوبووەوە. پیرەژن، بەدەم پاروو گلانەوەو لەبن لێوانەوە کەوتە خوتەخوت :

– بەلای کەمەوە، سەبرێکت بکردایە تا نانەکەمان بە بێ بۆگەنە سیغار دەخوارد. ئەمە چییە، بەردەوام سیغار دەکێشی.

پیرەمێردەکە، بە دەم تەوسخەنێکەوە گوتی :

– دەترسی لاواز بیت؟ ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێت، دوای ماوەیەکی دی بە دەرگاکەوە ناچیت. هەق وابوو تۆزێ خواردنت بەم کوڕیژگەیە بدابا، نەک هەموو خواردنەکە بخۆیت و خۆت بئاخنی.

پیرەژن، بە خەمینییەوە داکۆکی لە خۆی کرد :

– چی لێبکەم، پێی دەڵێم بخۆ، ناخوات. سەبارەت بە خواردنی من دەمت تێکنێ و باسم مەکە، خۆ ماڵی تۆ ناخۆم.

ژنە گەنجەکە ئاوڕی لای عەرەقفرۆشەکەی دایەوە، بە سەر ئاماژەی بۆلای کورچاگین کرد وپرسی : – نازانی لە سەرچی گیراوە؟

پیرەژن، خواخوای قسەی بوو، بە خۆشحاڵییەوە گوتی :

– ئەم کوڕە خەڵکی ئێرەیە. ئەمە کوڕە چکۆلەی کورچاگینای ئاشپەزە.

ئەوسا دەمی لە پەناگوێی ژنە گەنجەکە ناو، بە چپەوە گوتی :

– بۆلشەفیکێکی ڕزگار کردووە، لە دەست حەرەسەکەی دەربازکردووە . یارۆی بۆلشەفیک کابرایەکی دەریاوان بوو، کرێچی زازولیخای دراوسێی من بوو.

ژنەی گەنج قسەکەی ئامیر وسەرۆکی ئینزیباتخانەکەی بیرکەوتەوە : " نووسراو بۆ سەرکردایەتی دەنێرم کە ڕێگەمان بدەن سەرفیبکەین( مەبەستیان پاکتاوکردنە) .

***

ڤیتارێن سوپایی یەک لە دووی یەک دەگەیشتنە وێستگاکەو وێستگاکە پڕدەبوو لە سەرباز. ئیدی سەربازانی لەشکری تیرەندازی بە لێشاو دادەبەزین. ڤیتاری زرێپۆشی چوار فارگۆنەی زاپوروژتس(شارێکە لە ناوچەی دەنیپەر، لە ئۆکرانیا) بە ئەسپایی بە سەر هێڵە ئاسنینەکاندا دادەخزی. تۆپەکانیان لە ڤارگۆنە سەر بە تاڵەکان داگرت. ئەسپەکانیان لە فارگۆنە بارییەکان دادەگرت وهەر لەوێندەر زینیان دەکردن وسواریان دەبوون، دریان بە ئاپۆڕای سەربازانی پیادە دەدا وخۆیان بە حەوشی وێستگاکەدا دەکرد، کە شوێنی دەستە ئارایی هێزی سوارە بوو.

ئەفسەر وسەردەستەکان، بە هەڵەداوان دەهاتن ودەچوون وتاقیبی ژمارەی یەکینەکانی خۆیان دەکرد.

وێستگاکە وەکو شارە زەردەواڵە وروژابوو. ژاوەژاو ودەنگە دەنگێک بوو سەگ ساحیبی خۆی نەدەناسی. بەرەبەرە فەسێڵێن چوارڕیز لە ئاپۆڕا تێکەڵ وپێکەڵەکە دروستکرا، ئیدی دوای کەمێک لێشاوی خەڵکی چەکدار، ڕژانە ناو شار. ئیدی تا شەوێکی درەنگ، هەر دەنگی تەق وهوڕی هاتوچۆی عەرەبانە دەهات. پاشینەی یەکینەکانی لەشکری تیرەندازی پشت شەڕگە، کە هاتبوونە شارەوە لە جم وجووڵی بەردەوامدا بوون. سریەی سەرکردایەتی، لە دوای دواوەی ڕاپەیماییەکەوە بوو. سەد وبیست کەس بەجارێ هاواریان دەکرد و ئەم سروودەیان دەگوتەوە :

ئەم هەرا وهەنگامەیە چییە

ئەم قەرەباڵغییە چیە

پتلیورایە کە لە ئۆکرانیادا

سەری دەرهێناوە وپەیدا بووە..

کورچاگین، ڕاپەڕی. چووە بەر پەنجەرەکە . لە میانی بولێڵی ئێوارەوە، دەنگی تەق وهوڕی چەرخی گالیسکە لە سەر جادەکەوەو دەنگی پێی خەڵکانی پیادە و دەنگی سروود وگۆرانی دەستەجەمی دەهاتە گوێ.

لە پشتەوە گوێی لە دەنگێکی هێواش بوو، گوتی :

– پێدەچێ، لەشکر بچێتە ناوشارەوە.

کورچاگین، ئاوڕی دایەوە .

ئەم دەنگە، دەنگی ئەو کچەبوو کە دوێنێ بۆ ئێرەیان هێنابوو.

پاڤل، گوێی لە چیرۆکو بەسەرهاتی کیژێ بوو. پیرەژنە عەرەقفرۆشەکە بە مەرامی خۆیی گەیی . ژنە گەنجەکە، ناوی خریستینا بوو، خەڵکی گوندێک بوو کە حەوت کیلۆمەتران لە شارەوە دوور بوو. برا گەورەکەی ، گریتسکۆ، پارتیزانێکی

سوور بوو وله سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتیدا، مەسئول کومیتەی جووتیارانی هەژار بوو.

کاتێ سوورەکان ڕۆیشتن، گریتسکۆش ڕەخت وفیشەکدانی لە خۆ بەست ورۆیی. ئیدی ئێستا خانەوادەکەیان ژیانی لێ تاڵ بوو بوو. حەوانەوەیان نەبوو. تاقە یەک ئەسپیان هەبوو، ئەویشیان لێسەندرا. بابیان بۆ شار براو لە زینداندا زۆریان ئەشکەنجە دا . کوێخای گوند یەکێک بوو لەوانەی کە گریتسکۆ ئەزیەتی دابوو وزیانی پێگەیاندبوو، ئێستا ، لە تۆڵەی ئەوەدا، بەردەوام سەرباز وچەکداری دەکردە سەر خانەوادەکەیان و ناچاری دەکردن، ئەو سەرباز وچەکدارانە ڕابگرن. ئیدی ئەم خانەوادەیە ،کەوتە سەر ساجی عەلی. دوێنێ سەرۆکی ئینزیباتخانە بە مەبەستی دەستگیری هەڵاتوان وپشکنین وتەحەڕی هاتبوو بۆ گوندەکەیان، کوێخا بردبووی بۆ ماڵی گریتسکۆ. سەرۆک کیژەی بە دڵ دەبێت وبۆ بەیانی بەناوی " پرس وجۆوە " لە گەڵ خۆیا بۆشاری هێنابوو.

کورچاگین، خەوی زڕا. ئۆقرەی لەبەر بڕا، تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە : " ئەنجام چ دەبێ؟ " .

ئازای بە دەم ئازاری ئەشکەنجەوە دەیزریکاند، یارۆی پاسەوان، زۆر هۆڤیانە ئەشکەنجەی دابوو. پاڤل، بۆ ئەوەی خۆی لە بیربکات و ئەو بیرە تاڵانە لە مێشکی خۆی بڕەوێنێتەوە، کەوتە گوێگرتن لە چپەدووی، دووژنەکەی دراوسێی.

کچەکە، زۆر بە ئەسپایی باسی ئەوەی دەکرد کە سەرۆکی ئینزیباتخانە چاوی تەماعی تێبڕیوە وگێچەڵی پێدەکات وهەڕەشەی لێدەکات. بەڵام کیژێ جوابی کردبوو، خووی دڕندەی گرتبوو گەڤی لێکردبوو وگوتبووی : – " دەتخەمە ڕەشچاڵێکەوە و دەرچوونت نابێ ...".

تاریکی باڵی بە سەر گۆشەکاندا دەکێشا. شەوێکی خەفە وناخۆش وپڕ نیگەرانی بەڕێوە بوو. دیسان بیر وخەیاڵی ئایندەی نادیار بەرۆکی مێشکی گرت. ئەمە شەوی حەوتەمە، بەڵام دەتگوت چەند مانگێکە لێرەیە، وەختی لێنەدەڕۆیی. شوێنی

خەوەکەی زبرە، ئازای جەستەی دانەمرکاوەتەوە. ئێستا تەنیا سێ نەفەر لە عەمارەکەدان.

پیرەمێردەکە، لە سەر تەختەکەی، وەکو ئەوەی لە ماڵی خۆیدا بێ بەدەم خەوەوە دەیپرخاند. ئەم پیرەمێردە، شەوان بێخەم وخەیاڵ، لێی دەخەوت . پیرەژنە عەرەقفرۆشەکەش، یارۆی "خورونژی" بەری دابوو بەو مەرجەی ڤۆدکای بۆ بێنێ. خریستینا وپاڤلیش لە ئەرزەکەداو لە نزیکی یەکەوە دەخەوتن. پاڤل، دوێنێ لە پەنجەرەکەوە سریوژکای بینی بوو، بە خەم وکەسەرەوە لە سەر جادەکە وەستابوو وتەمەشای پەنجەرەکانی خانووەکەی دەکرد: "دەڵێی دەزانێ من لێرەم " .

سێ دانە ڕۆژی یەک لە سەر یەک، نانی ڕەشی ترشاویان دەدایە، بەڵام پێیان نەگوت، کێ ئەو نانەی بۆ دێنێ. ئامیر ئینزیباتخانەکە، دوو دانە ڕۆژ لە پرسیاری گرت. ئەمە مانای چیە؟ ...

پاڤل، نکۆڵی لە هەموو شتێک کرد وهیچی نەگوت. خۆیشی نەیدەزانی بۆچی قسە ناکات. دەیویست وەکو ئەو کەسانەی کە لە کتێباندا، شتی دەربارە خوێندبوونەوە، ئازا وبە ورە وپایەدار بێ، بەڵام کاتێ دەستگیریان کرد وشەوێ بردیان و یەکێک لە پاسەوانەکان لە بەر ئاسیاوە گەورەکەدا گوتی : " سەرکار خرونژی بۆچی ئەمە بەرین، بۆچی خۆت ماندوو دەکەیت، با لە پشتەوە گوللەیەکی پێوە بنەین ولە کۆڵی بکەینەوە وتەواو" . ترسی لێنیشت . بەڵێ ، مردن لە تەمەنی شازدە ساڵیدا شتێکی ترسناکە! چونکە مردن، دابڕانی هەمیشەییە لە ژیان، یانی جارێکی دی هەرگیز ژیان بە چاو نابینی.

خریستیناش لە بیری خۆیدا غەرق بووە . ئەوەی ئەم دەیزانێ ئەم کوڕە نایزانێ. کوڕە هێشتا لە چارەنووسی خۆی دڵنیا نەبوو، نەیدەزانی چییان بۆ حەشارداوە... بەڵام خریستینا بە گوێی خۆی گوێی لێ بوو بوو کە چییان دەربارەی ئەم کوڕە گوتبوو. کوڕە خەوی زڕاوە، شەوان خەوی لێناکەوێ، هەر گینگڵ دەدات، خریستینا دڵی پێی دەسووتێ. بەڵام ئەویش خەم وپەژارەی خۆی هەیە: ناتوانێ، قسە

ترسناکەکانی سەرۆکی ئینزیباتخانە فەرامۆش بکات، گوتبووی : " من تا سبەی چاوەڕێت دەکەم، ئەگەر لە گەڵم نەکەی، ئەوا بۆ قەرەوڵخانە دەنێردرێی، لەوێ قوزاقان بستت بە قەرز نادەن، کۆمەڵگێت دەکەن، ئیدی بۆ خۆت سەرپشک بە! " .

" ئاخ، چ وەزعێکی دژوارە، هیچ ئومێدێک نییە! ئەم گوناحی چییە کە گریتسکو بە گەڵ سوورەکان کەوتووە؟ ئاخ، ژیان لەم دنیایەدا چەند سەختە! " .

ئازارێکی تیژ ئەوکی دەگوشی. ترس ونائومێدی خەریک بوو خەفەی دەکرد. ژێراو ژێر بە بێدەنگی دەگریا و هەنسکی دەدا. بەدەنی ناسکی لە حەژمەتان ولە سووواندا دەلەرزی. لە سووچێکا، لە پەنا دیوارەکەوە سێبەرێک، تارماییەک جوڵا وگوتی : - چیتە؟

خریستینا، بە چپە، دەردی دڵی خۆی بۆ کوڕە بێدەنگەکەی دراوسێی هەڵڕشت. پاڤلیش بە بێدەنگی گوێی لە خرستینا دەگرت ودەستی نابووە سەر دەستی خریستینا . خریستینا بە ترس ولەرزەوە، ڕووندکەکانی قووت دایەوەو لەبن لێوانەوە گوتی :

- ئەمانە، ئەم نەعلەتیانە بە ئەشکەنجە دەمکوژن. من تازە تیاچووم، کەوتوومەتە بەر دەستی ئەم زۆردارانە . کە زۆر هات قەواڵە بەتاڵە.

پاڤل، دەیتوانی چی بەم کیژە بڵێ؟ وشەی لێ دەچنە قاتی، شتێکی پێ نەبوو بە کیژێی بڵێ. ژیان لە مەنگەنەی دابوون.

سبەی نەیەڵێ بیبەن، بە گژیانا بچێتەوە؟ هێندەی لێدەدەن، کە هەزار خۆزگە بە مەرگ بخوازێ. لەوەیە بە قەمە سەری لەت بکەن وبێکەس کوژی بکەن. بەڵام بۆ ئەوەی کەمێک دڵخۆشی ئەم کیژە بداتەوە کە خەم وپەژارە ژیانی تاڵ کردبوو، پاڤل بە نەرمی دەستی نەوازش کرد .

هەنسک هەڵدانەوەی کەمێک هێور بووەوە. پاسەوانەکەی بەردەرگای دەرەوە، ناو بەناو لە ڕێڤینگانی سەر ڕێگاکانی دەخوڕی و هاواریدەکرد : - زەلام کێی؟

ودووباره بێدەنگی بەرقەرار دەبووەوە. پیرەمێرد لە غورابی خەودایە. کات، بە خاوی دەڕۆیی . پاڤل، نەیزانی کەی وچۆن کیژێ باوەشی پێداکرد وبە سینگی خۆیەوەی گوشی. کیژێ لێوە گەرمەکانی هەڵێنا و بە چپەوە گوتی : - گوێ بگرە گیانەکەم . من تازە تیاچووم چووم، ئەگەر ئەفسەرەکەش زەوتم نەکات، ئەوا ئەشکەنجەچییەکان زۆرگێم دەکەن. ناوەڵڵا کوڕی باش وەرە تۆ پەردەی کچێنیم بکەرەوە، زۆرباشترە لەوەی ئەو سەگە زەوتم بکات.

- ئەوە تۆ چ دەڵێی خریستینا؟

بەڵام بازووە بە هێزەکانی لە پاڤل نەدەبوونەوە، لێوەکانی گەرم ڕاهاتبوون و... قسەکانی کیژێ ڕوون وڕەوانن، سادە وساکارن، پاڤل دەزانێ بۆچی ئەو قسانە دەکات ومەبەستی چییە؟

لە ناکاوا هەموو شتێک ئاوادەبێ، قفڵی دەرگاکە لە بیر دەکات . قوزاقە قژ سوورەکە، یارۆی ئامیر ئینزیبات، ئەشکەنجەی دڕندانە، حەوت شەوی دژوار وبێ ئارامی هەر هەمووی ئاوادەبن و لە بەر چاوی ون دەبن، بۆ ساتێک تەنیا لێوانی گەرم وڕوخساری شەلاڵی ڕوندکی لە بەرچاو بەرجەستە بوون.

لە ناکاوا تونیای بیرکەوتەوە : "چۆن دەشێت لەبیری بکەم؟ ... چۆن چاوە ئەفسووناوییەکانی لە بیر بکەم؟ " .

بە توندی خۆی ڕاپسکاند و خۆی لە دەستی دەرهێنا، وەکو سەرخۆش هەستا وکەتیبەکانی پەنجەرەکەی گرت، بەڵام دەستەکانی خریستینا دووبارە دۆزیانەوە.

- باشە بۆ نایەی؟

مەگەر خوا بزانێ، چ هەستێک لەم پرسیارەدا پەنهان بوو! پاڤل، بە سەر خریستینادا دادەنەوێتەوە، توند دەستەکانی دەگوشێت ودەڵێت :

- خریستینا، من ناتوانم، تۆ کیژێکی شەریفی، کچێکی باشی.

و هەندێ قسەی دیکەشی کرد، کە خۆیشی نەیزانی چی گوت. لە جێی خۆی هەستا، بۆ ئەوەی لەو بێدەنگییە قورس وکوشندەیە بخەلەسێت، چوو بۆ لای تەختەکە، لە قەراخ تەختەکە ڕۆنیشت، یەک دوو جار پیرەمێردەکەی ڕاتەکاند، بێداری کردەوە وگوتی:- باپیرە ، تکایە سیغارێکم بدەیە.

کیژێ، لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا، خۆی لە دەسماڵەکەیەوە پێچابوو، بە دەم هەنسکەوە دەینالاند. کە ڕۆژ بووەوە سەرۆکی ئینزیباتخانە هات، قوزاقەکان خریستینایان برد. کیژێ بە چاو خواحافیزی لە پاڤل کرد، هەڵبەتە گلەیی وگازاندە لە چاوانیا بەدی دەکرا. کە کیژێ دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، پاڤل زیاتر دڵی گوشرا وهێندەی دی دڵ ودەروونی تەنگ وتاریک بوو. پیرەمێردەکە، بە درێژایی ڕۆژەکە وتا حەوتی نیوەشەو، نەیتوانی تاقە وشەیەک لە کورێژگەکە دەربێنێ. قەرەوڵ و یاساولانی ئینزیباتخانەکەیان گۆڕی . سەر لە ئێوارە زیندانییەکی تازەیان هێنا. پاڤل ناسییەوە ، " دولینیک "ی دارتاشی کارخانەی قەند بوو .دولینیک پیاوێکی تۆکمەی کورتە باڵا بوو، لە ژێر چاکەتە شڕو شەپڕێوەکەیەوە کراسێکی زەردی کاڵەوەبووی لە بەر کردبوو. بە وردی چاوی بە ناو عەمارەکەدا گێڕا.

پاڤل، لە شوباتی ساڵی ١٩١٧دا، کاتێ شەپۆلی شۆڕش گەیی بووە شارۆچکەکەی ئەوان، ئەوی بینی بوو . دولینیک تاقە بولشەفیکێ بوو، کە پاڤل، لە نێو خۆپیشاندانە جەنجاڵەکاندا گوێی لە وتاری بوو بوو. چووبووە سەر دیوارێک ولەوێندەرەوە قسەی بۆ سەربازەکان دەکرد. هێشتا دوا ڕستەکانی گوتارەکەی ئەوی لە بیر مابوو: "سەربازینە، لایەنی بوڵشەفیکەکان بگرن، ئەوان ناتان فرۆشن! " .

ئیدی لەوساوە تا ئێستا یارۆی دارتاشی نەبینی بووەوە. پیرەمێردەکە، بە هاتنی ئەم میوانە تازەیە خۆشحاڵ بوو. چونکە وەکو دیاربوو، زۆری لەبەر گران بوو، تا ئێوارێ قڕ وقەپ دانیشێت. دولینیک، لە تەنیشت ئەوەوە دانیشت، سیغارێکی لە

گەڵیا کێشا ولە پرسیاری گرت، پرسیار لە بارەی هەموو شتێکەوە. پاشان چووە لای پاڤلەوە لێی پرسی :

- ئەدی کوڕی باش دەنگ وباسی تۆ؟ چۆنە کەوتوویتە ئێرە؟

دولینیک، بە وەڵامە کورتەکانی پاڤلدا، بۆی دەرکەوت کە یارۆ لێی بە گومانە ومتمانەی پێی نییە، بۆیە بەو کورتیە وەڵام دەداتەوە . لێ کاتێ دارتاشەکە، تۆمەتی کوڕیژگەکەی زانی، تەمەشایەکی ئاقڵانەی کرد، لە تەنیشتییەوە دانیشت و لێی پرسی :

- گوتت تۆ "ژوخرای"ت ڕزگارکرد؟ ئاوها؟ من نەمدەزانی کە تۆیان دەستگیر کردووە.

پاڤل، کە غافڵگیر بووبوو، لە سەر ئانیشک خۆی بەرزکردەوە .

- کام ژوخرای؟ من هیچ شتێک نازانم. ئەمانە بە کەیفی دڵی خۆیان دەکەن، هەر تۆمەتێکیان بوێ دەیدەنە پاڵم .

بەڵام دولینیک بزەیەکی کردو، زیاتر لێی نزیک بووەوە :

- هاوڕێ واز لەم قسانە بێنە، لە من مەترسە . من زۆر شت دەزانم .

ئەوسا، بە ئەسپایی و بۆ ئەوەی پیرەمێردەکە گوێی لێنەبێ، لە سەری ڕۆیی : - من خۆم، "ژوخرای" م بەڕێکرد، بێگومان ئێستا گەییوەتە مەزڵ . فیودور، هەموو شتێکی ئەم ڕووداوەی بۆ گێڕاومەتەوە.

کەمێک لە فکران ڕاچوو و لە سەری ڕۆیی :- کوڕی باش، تۆ لەو گەنجانەی کە جێگەی ئومێدی، بەڵام کە لە زینداناای وئەوانە هەموو شتێک دەزانن، ئەمە خراپە، دەشێت بگوترێ کە کارێکی زۆر خراپە.

دولینیک، چاکەتەکەی داکەند، لە نێو ژوورەکەدا ڕایخست، دانیشت وپشتی بەدیوارەکەوە دا ودووبارە کەوتە سیغارکێشان.

ئەم قسانەی دوایی دولینیک، هەموو شتێکیان بۆ پاڤل ڕوناک کردەوە : دولینیک جێگەی باوەڕە، مادامێکی ژوخرای بەڕێکردووە مانای وایە کەسێکی خۆییە. کە ئێوارە داهات پاڤل بۆی دەرکەوت کە دولینیک لە سەر ئەوە گیراوە کە لە نێو قوزاقانی پتلیورادا بەیاننامەی بڵاوکردووەتەوە. لەوکاتەدا کە بەیاننامەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی شارۆچکەکەی بڵاو کردووەتەوەو داوای لە قوزاقانی پتلیورایی کردووە کە خۆ ڕادەست بکەن وپەیوەندی بە سوورەکانەوە بکەن، بە بەڵگەوە گیراوە. دولینیک، هەموو شتێکی بە پاڤل نەگوت، چونکە لە دڵی خۆیدا دەیگوت: " هێشتا، منداڵە، ئەگەر بیگرنە ژێر ئەشکەنجە، لەوەیە ... بە چ مەعلوم " .

درەنگانی شەو، کاتێ خۆی بۆ خەو ئامادە دەکرد، بەم دەستەواژە کورتە، ترس وگومانی خۆی دەربڕی : – کورچاگین، ڕەوشی من وتۆ زۆر خراپە، با بزانین ئەم ڕەوشە دەگاتە کوێ.

ڕۆژی دوایی زیندانییەکی تازە لە عەمارەکەدا پەیدا بوو، ئەم زیندانییە تازەیە "شلوما زلتسر"ی بەربەر بوو، کە دوو گوێی گەورە وملێکی باریکی هەبوو، هەموو خەڵکی شار دەیان ناسی. بە گەرمی و بە ئاماژەی دەست وسەروچاو قسەی بۆ دولینیک دەکرد :

– بەمجۆرە فوکس وبلومشتین وتراختنبرگ دەیانەوێ بە نان ونمەک بچنە پێشوازی . من دەڵێم : ئەگەر حەزدەکەن فەرموو بابچن، بەڵام کێ لە تێکڕای جوولەکەکان، پشتیوانیان لێدەکەن؟ بمبورە ، هیچ کەس . ئەم سێ کەسە بەرژەوەندی خۆیان لەم کارەدا هەیە. فوکس دوکانی هەیە، تراختنبرگ ئاسیاوی هەیە، من چیم هەیە؟ ڕەش و ڕووتەکانی دی چیان هەیە؟ ئەو نەدار وهەژارانە هیچیان نییە . منیش زمانێکی درێژم هەیە. ئەمڕۆکە کە خەریک بووم ڕدێنی یەکێک لەم ئەفسەرانەم دەتاشی کە ماوەیەکی کەمە هاتوون، لێم پرسی: "پێم بڵێ ئایا ئەتامان پتلیورا ئاگای لەم تاڵان وبرۆیەی شار هەیە؟ ئایا پێشوازی ئەم شاندە دەکات؟" ... ئاخ، لەم زمانەی من، چەند جازی تووش کردووم! بە تەسەور و

مەزەندەی تۆ ، ئەم ئەفسەرە دوای ئەوەی ڕدێنم بۆ تاشی و قۆڵەنیا وبۆنم لێدا، چی کردبێ باشە؟ هەستا ولە جیاتی پارەم بداتێ، بە بیانوو و هەنجەتی ئەوەی بانگەشەم دژی حکوومەت و دەسەڵات کردووە ، دەستگیری کردم.

زلتسر، بە هەردوو دەست کێشای بە سینگی خۆیدا :

– بانگەشەی چی؟ ئاخر من چیم گوتووە؟ تەنیا پرسیارێکم لێکرد ... ماقوولە لە سەر پرسیار بگیرێی!

زلستر، گەرم بووبوو، لە پەشۆکاوی وتوڕەیی خۆیدا دوگمەیەکی کراسەکەی دولینیکی با دەدا، جارێک بەم دەستەی وجارێک بەو دەستەی تری.

دولینیک، لە کاتێکا گوێی لە قسەکانی شلومای ئاشوفتە دەگرت، خۆبەخۆ بزەیەکی کرد . وەختێک بەربەرەکە (سەرتاش، دەلاک) بێدەنگ بوو، دولینیک بە جدی گوتی :
– ئاە، شلوما گیان تۆ کوڕێکی ئاقڵی، بەڵام ئەمجارە شێتایەتیت کردووە . ئیدی لە کاتێکی نەگونجاوا، زمانت گێڕاوە . ئەگەر من بوایەم، ڕێگەی ئێرەم پێ نیشان نە دەدایت.

زلتسر، نیگایەکی تەفاهوم ئامێزی کرد وبە نا ئومێدییەوە دەستیهەڵتەکاند . دەرگا کرایەوە ، پیرەژنە عەرەقفرۆشەکەیان، کە پاڤل دەیناسی ، دەڵەک دایە ژوورەوە. پیرەژن ، بە تووڕەیی جنێوی بەو قۆزاقە دەدا کە بۆ ئێرەی هێنابووەوە :

– خۆزگە تۆ وئامیرەکەت بە گوللەی غەیبەوە دەبوون، ئیشەڵڵا عەرەقە گەرمەکەی من دەی تۆپێنێ.

پاسەوانەکە بە تەق وهوڕ دەرگاکەی لە سەر داخست. گوێیان لێبوو کە چۆن قفڵەکەی دادەخست . پیرەژن لە سەر تەختەکە دانیشت .پیرەمێردەکە بە شۆخییەوە خێرهاتنەوەی کرد .

– چییە زیک زیکە هەمدیس هاتیتەوە؟ چارچییە، دانیشە، میوانی ئێمە بە.

عەرەقفرۆشەکە، نیگایەکی تووندی پیرەمێردەکەی کرد. بوخچەکەی هەڵگرت و چوو لە ناو ژوورەکە، لە تەنیشت دولینیکەوە دانیشت . دوای ئەوەی چەند بوتڵە "ساموگون" یێکیان ( عەرەقی خۆماڵی، قاچاغ ) لێ کێشابووەوە، دووبارە بۆ زیندانیان هێنا بووەوە .

لە پشت دەرگاکەوە، لە ژووری پاسەوانیدا ، دەنگە دەنگ دەهات . هەست بە هاتوچۆ دەکرا. دەنگی تیژی کەسێک دەهات کە ئەمرو نەهی دەکرد .هەموو زیندانییەکان سەریان بۆلای دەرگاکە وەرگێڕا .

***

لە مەیدانەکەی بەردەم کڵێسا بچووکەکەی شارا، کە کڵێسایەکی بێ نموود بوو بە بۆرجێکی کۆنەوە، ڕووداوێک لە ئارادا بوو کە بۆ خەڵکی شارۆچکەکە نا ئاسایی بوو. یەکینەکانی لەشکری تیرەندازی، بە چەک وتەدارەکی جەنگی تەواوەوە، بە شیوەیەکی لاکێشەیی ڕێک وپێک وەستابوون و لە سێ لاوە دەوری مەیدانەکەیان گرتبوو.

سێ لیوای پیادە، لە بەردەم کڵێساکەدا وپشت لە دیواری قوتابخانەکە ، لە شیوەی چوارگۆشەی شەترەنج ئاسادا بە ڕیز وەستابوون.

سەربازانی حکومەتی پتلیورا، کە لە ڕووی ئامادەگی جەنگییەوە لە هەموو لەشکرەکانی دی بەهێزتر بوو. هەموو تفەنگ لە تەنیشت بە چڕی ڕاوەستابوون . ئەمانە هەموو نقومی ڕەخت وفیشەکدان بوون، هەموویان کڵاوخودی پولاییینی ناشیرینیان لە سەر بوو، کە زیاتر لە کولەکەی دوو لەت دەچوون.

ئەم لەشکرە، لەشکرێکی پڕچەک وپۆشتە وپەرداخ بوو، هەموو ئەو پێداویستیانەیان لە عەمارەکانی سوپای جارانی تزارەوە بە دەست هێنابوو . نیوەیان زیاتر لەو کۆلاکانە(دەرەبەگ ومولکدار) بوون کە بە ئاگاییەوە دژایەتی سۆڤییەتیان دەکرد. جا ئێستا ئەم لەشکرە بۆیە بۆ ئەم شارۆچکەیە نێردرابوو،

تابەرگری لەم ڕێگا ئاسنە، کە بایەخێکی ستراتیژی گرینگی هەبوو، بکەن. لێرەوە ، واتە لە سپتوڤکاوە ، پێنج هێڵی ئاسن، بۆ پێنج شوێنی جیا دەڕۆیی. لە دەستدانی ئەم خاڵە بۆ پتلیورا، دەیکردە لە دەستدانی هەمووشتێک. حکوومەت و دەسەڵاتی پتلیورا، تەنیا ناوچەیەکی بچووکی بە دەستەوە مابوو، ئیدی پتلیوراییەکان شارۆچکەی ڤینتسایان کرد بە پایتەختی خۆیان.

ئەتامانی گەورە، لێبڕا بە خۆی یەکەکان بە سەربکاتەوە، بۆیە هەموو ئامادەکارییەک بۆ پێشوازی ئەو فەراهەم کرا.

لیوای تازە سەربازەکان، لە ڕیزەکانی دواوەو لە سووچێکی نەدیوی دوور لە چاو، دانرا. سەربازانی ئەم لیوایە بریتی بوون لە گەنجانی دێهاتی پێ خاوسی، جل وبەرگی جۆراو جۆری شڕۆڵە. هیچ یەکێک لەم گەنجە دێهاتیانە، کە شەوانە بە خورتی لە باوەشی خانەوادەکانیان دەرهێنرا بوون یا لە جادە و بانان دەستگیر کرابوون، نیازی چوونە شەڕیان نەبوو . دەیانگوت : - خۆ کەر نەبووین، با بڕۆن، کەرانی دی بۆ خۆ بدۆزنەوە.

گەورەترین سەرکەوتنی ئەفسەرانی پتلیورا، ئەمە بوو کە تازە سەربازەکانیان، بە چاودێری مامورانی پاسەوانی بۆ شارهێناو، لە شیوەی فەوج وبەتالیۆناندا دابەشیان کردن وچەکیان دانێ. بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی سێ یەکیان، خۆیان دزییەوەو دیارنەمان، ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان لە کەمی دەدا.

دابەشکردنی پۆستاڵ و چەکمە بە سەریاندا، کارێکی زۆر نابەجێ بوو، لە نابەجاییش، نابەجێتر بوو، پۆستاڵ وچەکمە کەم بوو، بۆیە ئەمر درا، هەرتازە سەربازێک بە پێڵاوی خۆیەوە بێ بۆ تەجنیدو لە نمایشی سوپاییدا بەشدار بێت. ئەم ئەمرە کۆمەڵێک ئەنجامی سەیری لێکەوتەوە. ئیدی هەرتازە سەربازیک، بەجووتێ نەعلی شڕەوە، یان چەکمەیەکی بەتەل وپەت بە ستراوەوە هاتبوو! بە پێ خاوسی بۆ مەیدانی نمایش نێردران. لیوای سوارەی گولوب، لە دوای هێزی

پیادەوە ڕیزبوو. سوارەکان بەردەمیان لە ئاپۆڕای ئەو خەڵکە فزوڵانە دەگرت کە هاتبوون بۆ دیتنی نمایشە سوپاییەکە.

ئەتامانی گەورە (فەرماندەی گشتی) بە خۆی دێت! ئەمجۆرە بویەرانە بەدەگمەن لە شاردا ڕوویان دەدا. بۆیە هیچکەسێک نەیدەویست لە بینینی ئەم نمایشە خۆڕاییە بێبەش ببێت.

هەموو سەرهەنگ ونەقیبەکان، هەر دوو کیژەکەی کەشیش، چەند مامۆستایەکی ئوکراینی، دەستەیەک قۆزاقی ئازاد، سەرۆکی شارەوانی کە کەمێک قەموور بوو، بە کورتیەکەی دەم ڕاست ونوێنەرانی کۆمەڵگە لەسەر پلەکانی کڵێساکە کۆ بووبوونەوە. سەرپەرشتیاری گشتی هێزی پیادە، کە جلێکی چەرکەسی لە بەربوو و لە ناوەندی ئاپۆڕاکەوە دیاربوو، فەرماندەیی نمایشە سوپاییەکەی دەکرد.

کەشیش ڤاسیلی بە جلکی جەژنی پاکەوە لە نێو کڵێساکە بوو.

ئامادەکارییەکی گەورە بۆ پێشوازی پتلیورا فەراهەم کرابوو. ئاڵا زەرد وشینەکەیان هێنا وهەڵیانکرد. تازە سەربازەکان دەبوایە سوێند بەم ئاڵایە بخۆن.

فەرماندەی لەشکر، بە سواری ئوتومبێلێکی (فورد)ی شەق وشڕ، بە نیازی پێشوازی پتلیورا، چوو بۆ وێستگاکە. سەرپەرشتیاری گشتی هێزی پیادە، سەرگەنگ "چرنیاک"ی ، کە پیاوێکی باڵابەرز وسمێڵ قیت بوو، بانگ کردو پێی گوت:

– یەکێک لە گەڵ خۆتا ببە وتەمەشایەکی ئینزیباتخانەکە وپشتی شەڕگەکە بکەن ولە پاک وخاوێنیان دڵنیا ببن. بزانە ئەگەر زیندانی هەبوون، بیان پشکنە ولات ولەوێران لە کۆڵ بکەوەو دەریان بکە.

چرنیاک، لاقی پێکدا کوتان و نەقیبێکی لەو ناوە بینی، لە گەڵ خۆیدا بردی و بە پەلە بەرەو ئینزیباتخانە ڕۆیی .

سەرپەرشتیاری گشتی، ئاوڕێکی لە کیژە گەورەکەی قەشەکە دایەوەو بە میهرەبانی پرسی :

- ڕەوشی دەعوەت و نیوەڕۆژە لە ماڵی ئێوە چۆنە، هەمووشتێک تەرتیبە؟

کیژە گەورەکەی کەشیش، چاوی بڕییە سەر وسیمای جوانی سەرپەرشتیارەکە وگوتی : - بەڵێ، سەرۆکی ئینزیباتخانە لەوێ خەریکە.

لە ناکاوا جم وجوڵ کەوتە هەمووان، سوارێک خۆی بە سەر گەردنی ئەسپەکەیدا دابوو وبە تاو دەهات. بەدەم جوڵاندنی دەستییەوە هاواری دەکرد : - وادێن، بەڕێوەن، وادێن!

یارۆی سەرپەرشتیار هاواریکرد : - لەجێی ... خۆ ...!

ئەفسەر وسەردەستەکان، بە ڕاکردن خۆیان گەیاندە یەکەکانی خۆیان. کاتێ فۆردەکە بە قرخەقرخ لە بەر دەرگای کڵێساکە وەستا تیپی موزیک ئاوازی "ئوکرانیا نەمردووە "ی لێدا .

لە دوای فەرماندەی لەشکرەوە، "ئەتامانی گەورە خودی پتلیورا" بە زەحمەت لە ئوتومبیلەکە دابەزی. ئەتامانی گەورە (فەرماندەی گشتی) پیاوێکی دەستەباڵا بوو، سەرێکی سێگۆشە بە سەر ملە قەوییەکەیەوە، کە لە ملی گا دەچوو، قووت بوو بووەوە. پتلیورا، کراسێکی شینی فاسۆنی باشی لە بەربوو، نیتاقێکی(کەمەربەند)زەردی لە سەر بەستبوو، دەمانچەیەکی برونینکی بچووکی، لە کیفێکی شاموادا، پێدا کردبوو. کڵاوێکی خاکی لە سەر بوو کە هێمای سەوڵەجانێکی سێ چوکڵەی پێوە بوو.

هیچ شەقڵێکی جەنگاوەری بە سەر وسیمای "سیمون پتلیورا" وە نەبوو. بە هیچ جۆرێ لە کابرایەکی سوپایی نەدەچوو.

گوێی لە وتارە کورتەکەی سەرپەرشتیار گرت، جۆرە ناڕەزاییەک بە ڕوخساریەوە دیار بوو. ئەوسا بەرپرسی شار، دەستی بە خوێندنەوەی وتاری

خێرهاتنی ئەوکرد، پتلیورا ، لە سەر سەری ئەوەوە ڕوانیە ئەو لیوا ویەکانەی کە بەڕیز وەستابوون. لە کاتێکا بە حەواسپەرتی گوێی لە وتارەکەی ئەو دەگرت، بە سەرپەرشتیارەکەی گوت:- با دەست بە تەفتیش بکەین.

پتلیورا، چووە سەر سەکۆیەکی بچووکی بەردەم ئاڵاکە. گوتارێکی دە دەقیقەیی بۆ سەربازەکان دا. وتارەکەی قەناعەتبەخش نەبوو، پتلیورا، وتارەکەی بە بێتاقەتی دەدا. لەوە دەچوو ماندووی ڕێگا بێ، وتارەکەی بەدەم هورای "بژی، با بژی!"ی سەربازەکانەوە تەواوکرد. لە سەر سەکۆیەکە هاتە خوارەوە، ئارەقەکەی سەر هەنیەی بە دەستەسڕەکەی سڕی وئەوجا لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەو فەرماندەی لەشکردا کەوتە بە سەر کردنەوەو پشکنینی یەکەکان. کاتێ گەییە بەردەم ڕیزی تازە سەربازەکان، بە حەقارەتەوە چاوەکانی تەنگ کردنەوەو بە تووڕەیی لێوی کرۆشت و دانی بە چیڕەوە برد.

لە کۆتایی نمایشەکەدا، تازە سەربازەکان، دەستە دەستە و بە ڕیزی ناڕێکوپێک هاتنەپای ئەو ئالایەی کە قەشە ڤاسیلی بە خۆی وئینجیلەکەیەوە لە لایەوە وەستابوو، لە پێشا ئینجیلەکەو پاشان سووچێکی ئاڵاکەیان ماچ دەکرد . لەم کاتەدا بویەرێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوویدا .

کەس نەیزانی شاندێک، چۆن خۆی بە مەیدانەکەدا کردو خۆی گەیاندە لای پتلیورا. "بلومشتین"ی گەورە بازرگانی دارو تەختە وخاوەن کارخانەی دارتاشی بە نان ونمەکەوە خۆی گەیاندە لای پتلیورا وفوکسی بازرگانی وردەواڵە وسێ گەورە بازرگانی دیکەش لە دوایەوە هاتن.

بلومشتین، نۆکەرانە لە بەردەمیا دانەوییەوەو سینییەکی پێشکەش بە پتلیورا کرد، ئەفسەرێک کە لای پتلیوراوە وەستابوو سینییەکەی لە دەست وەرگرت.

- خەڵکی جوولەکە، ڕێز وحورمەت وسوپاسیان بۆئێوە، سەرۆکی وڵات هەیەو بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییتان لێدەکەن وئەم پیرۆزبایی نامەیەیان ناردووە.

پتلیورا، بلەز چاوێکی بە نامەکەدا خشاند و لەبن لێوانەوە گوتی:- باشە .

دوای ئەو فوکس هاتە پێشەوەوگوتی :

- جا ئێمە ملکەچانە تکاتان لێدەکەین کە ڕێگەمان بدەن پرۆژەکانمان بکەینەوە ولە "پوگروم " (تالان وچەپاو) بمان پارێزن .

فۆکس، زۆر بەزەحمەت وشەی "پوگرومی" دەربڕی.

پتلیورا، بە تووڕەیی برۆکانی وێکهێنایەوەو گوتی :

- لەشکر وسوپای من تالان و بڕۆ "پوگروم" ناکەن، ئێوە دەبێ ئەمە چاک بزانن.

فوکس، بێدەسەلاتانە، هەردوو دەستی بڵاوکردنەوە. پتلیورا، بە تووڕەیی شانەکانی هەڵتەکاند ، لە هاتنی ئەم شاندە زۆر پەست بوو. ئاوڕی دایەوە ، گولوب لە دوایەوە وەستابوو وسمێڵە ڕەشەکەی دەکرۆشت.

- پان سەرهەنگ، ئەوانە سکالایان لە تالان وبڕۆی قوزاقەکانت هەیە! لەم مەسەلەیە بکۆڵەوە وئیجرائاتی پێویست بکە.

پتلیورا، بە دەم ئەو قسانەوە ڕوویکردە سەرپەرشتیارەکە وگوتی :

- با نمایش وڕێپێوانەکە دەست پێبکات.

ئەم شاندە ناکامە بە هیچ جۆرێ پێشبینی ئەوەی نەدەکرد گولوب بدینێ ، بۆیە خۆیان دزییەوە.

هەموو تەمەشاڤانان هۆش وبیریان لای دەستپێکی فەرمی ڕێپێوانەکە بوو ، دەنگی تیژ و بەرزی فرمانداران دەنگی دایەوە .

گولوب، بەرەو لای بلومشتین چوو، ڕوو وڕوخساری بە ڕواڵەت ئارام بوو، بە چپەوە گوتی :

- کافرینە، خێرا لێرە بڕۆن ، دەنا گۆشتەکەتان دەکەم بە قاورمە.

به هەرحاڵ گروپی میوزیک فووی پێداکرد، یەکەکانی پێشەوە بە مەیدانەکەدا کەوتنەڕێ، هەرکە دەگەیشتنە ئاستی ئەو شوێنەی پتلیورا لێی وەستابوو، هەموو وەکو ئەوەی قورمیش کرابن، بە یەکدەنگ هورایان دەکێشا: "بابژی!" و لە ڕێگاکە لایان دەدا و بۆشەقامە لاوەکییەکان پێچیان دەکردەوە.

ئەفسەرەکان، بە جلی خاکی تازەو پاک وخاوێنەوە، لەپێشی سریەکانەوە ، بە کاوەخۆ وئازادانە، بەدەم بادانی دۆنکیەکانی دەستیانەوە، وەکو ئەوەی لە سەیرانگادا پیاسە بکەن، بەو ئاوایە ڕێیان دەکرد. دیاردەی ئەمەی کە لە ڕێپێوان ونمایشی سوپاییدا ئەفسەران دۆنکیان بە دەستەوەبێ و سەربازان زمە وپەتی پاککرنەوەی تفەنگیان بە دەستەوە بێ، مۆدێک بوو، بۆ یەکەمجار لەشکری تیرەندازی دای هێنابوو.

تازە سەربازەکان ، لە دوای دواوەو زۆر بەبێ سەروبەری ڕێیان دەکرد وبە هەڵە هەنگاویان دەنا وبە سەر یەکا دەکەوتن و لاقیان بەرلاقی یەکدی دەکەوت. دەنگی خشەخشی پێیە خاوسەکانیان بە ئاستەم دەهاتە گوێ . ئەفسەرەکان بە هەموو توانای خۆیانەوە هەوڵیاندەدا، ڕێکردنەکەیان ڕێک بخەن، بەڵام ئەم کارە مەحاڵ بوو. کاتێ سریەی دووەم نزیک دەبووەوە ، گەنجێک لە دەستی ڕاستەوە کە کراسێکی کەتانی لە بەربوو، لە سەرسامیا زاری بەش کردبووەوەو دەیڕوانیە ئەتامانی گەورە (فەرماندەی گشتی) و ئاگای لە خۆ نەمابوو، لە پڕ پێی کەوتە چاڵێکەوەو نووچی دا و یەک تەختە لە سەر جادەکە تەختی زەوی بوو.

تفەنگەکەی بە تەق وهوڕ بە سەر ئەرزەکەدا پەڕی. کوڕەی تاین ویستی هەستێتەوە، بەڵام ئەوانەی لە دوایەوە بوون، دووبارە خستیانەوەو بە سەریا ڕەتبوون .

قاقای پێکەنین لە ناو ئاپۆڕای تەماشاڤانەکانەوە، بەرز بووەوە. نەزم ونیزامی ڕێپێوانی سریەکە شێوا. ئیدی بەبێ سەروبەری بە مەیدانەکەدا تێدەپەڕین. کوڕەی

ناکام، بە هەرحاڵێ بوو تفەنگەکەی هەڵگرتەوەو دەستی بەغاردان کرد تا بە جەماعەتەکەیدا بگاتەوە.

پتلیورا، کە ئەم دیمەنە دزیوەی بینی، بە تورەیی ڕووی وەرگێڕا وبێئەوەی چاوەڕوانی کۆتایی نمایشەکە بکات بەرەو ئوتومبیلەکەی ڕۆیی . سەرپەرشتیارەکە دووی کەوت وبە پارێزەوە پرسی :

- پان ئەتەمان، بۆ نیوەڕۆژە نامێنیتەوە؟

پتلیورا، بە کورتی وەڵامی دایەوە : "نە ".

سیریوژکا بروززاک وڤالیا وکلیمیکا، لە ناو ئاپۆڕای حەشامەتەکەوە لە پشت محەجەرەی حەوشەی کڵێساکەوە تەمەشای نمایش و ڕێپێوانەکەیان دەکرد.

سێرگی، بە توندی شیشی محەجەرەکەی گرتبوو، بە نیگایەکی نەفرەت ئامێزەوە، زەق زەق تەمەشای ئەوانەی دەکرد کە لە خوارەوە وەستابوون . سریوژکا، شیشەکانی بەردا، بە دەنگێکی بەرزو بە تۆنێکی بێباکانەی ئەوتۆ کە هەمووان گوێیان لێبێت گوتی :

- ڤالیا، با بڕۆین ، دووکانەکە خەریەکە دادەخرێ .

هەموو تەمەشاڤانەکان بە سەرسامی ئاوڕیان لێدایەوە. سریوژکا، بێئەوەی گوێ بە کەس بدات، لە محەجەرەکە دوورکەوتەوەو بەرەو دەرگای باخەکە ڕۆیی. خوشکەکەی و کلیمکاش دوا بە دوای ئەو ڕۆیشتن

***

سەرهەنگ چرنیاک ونەقیبەکەی یاوەری بە چوارناڵە خۆیان گەیاندە ئینزیباتخانەکەو لە ئەسپەکانیان دابەزین. ئەسپەکانیان بە موراسیلەکە سپارد وبە هەشتاو خۆیان بە ئینزیباتخانەکەدا کرد .

چرنیاک، بە توندی لە موراسیلەکەی پرسی :

– سەرۆکی ئینزیباتخانەکە لەکوێیە؟

موراسیلەکە، بەدەم مینگەمینگەوە گوتی :

– نازانم، بۆ شوێنێک چووە.

چرنیاک، چاوی بە ژووری گاردەکاندا گێڕا، ژوورێکی پیس ودارڕژاو و داپڕژاو بوو، پێخەفی قوزاقە خەفەرەکان کۆ نەکرابووەوە، قوزاقەکان بێ خەم وخەیاڵ پاڵیان دابووەوە، بێ ئەوەی ڕێز بۆ ئەفسەر وپلەداران دابنەن و لەبەریان هەستن. چرنیاک نەڕاندی : – ئەمە چ تەویلەیەکە؟

ئەوجا هێرشی کردە سەر ئەو قوزاقانەی پاڵیان دابووەوە وگوتی :

– ئێوەچین، بۆچی وەکو بەرازی دابەستە پاڵتان داوەتەوە؟

یەکێک لە قوزاقە پاڵکەوتووەکان، ڕاست بووەوە، دانیشت وقرقێنەیەکی تێری لێدا وبە زمانێکی زبر گوتی :

– ئەم زیقەزیقەت لەچییە؟ خۆمان خەڵکی زیقاوڵەمان هەیە.

چرنیاک، ڕاپەڕی وبۆی چوو :

– ئەوە چیتە؟ لەگەڵ کێدا قسان دەکەی، هەی خوێڕی؟ من سەرهەنگ چرنیاکم! گوێت لێیە سەگ دایک؟ خێرا هەستە سەر پێیان، دەنا ئەمردەکەم هەموویان لەژێر شەلاقدا بپچڕێنن.

سەرهەنگ شێت ئاسا بە ناو ئینزیباتخانەکەدا، دەهات ودەچوو. دەبێ لە ماوەی یەک دەقیقەدا هەموو ئەم پوخڵەواتە خاوێن بکرێتەوە، یەتاخەکان ڕێک بخرێ و کۆبکرێتەوە. دەست بە خۆتانا بێنن تا لە بەشەر بچن! ئاخر ئێوە چۆن بەشەرێکن؟ ئێوە قوزاق نین، بەڵکو چەتە وڕێگرن.

تووڕەییەکەی لە ڕادەبەدەر بوو، بە نووکە پێ ئەو سەتڵە ئاوانەی کە لە بەردەمیا بوون دەڵەک دا.

یارۆی نەقیبیش، لەو تووڕەتر بوو، کەوتە جنێوبارانیان، جنێوی پیس، جنێو بە خوشک ودایکیان. قامچیە سێ سووچەکەی بادەدا و هەڕەشەی لێدەکردن، لەش بە دۆشاوانی، لەش داڕزاوانی لە سەر تەختە خەوەکان دەردەپەڕاند و هاواریدەکرد :

– ئەتامانی گەورە (فەرماندەی گشتی) یەکەکان بەسەر دەکاتەوەو لەوەیە بێت بۆ ئێرە، دەی خێرا بجوولێن ! پەلەبکەن.

قوزاقەکان کە هەستیان کرد مەسەلەکە جدییە ولەوەیە بە ڕاستی شەلاخ بخۆن . چونکە هەموویان ناوی چرنیاکیان بیستبوو ودەیانناسی، بە پەلە وەکو مارانگەستە کەوتنە خۆ. مەسەلەکە بوو بە جدی. نەقیبەکە پێشنیازی کرد :

– دەبێ زیندانییەکان بدینین. کێ دەزانێ کێیان لێرە زیندانی کردووە! ئەگەر ئەتامانی گەورە سەربدات، حەیامان دەچێت.

چرنیاک، لە موراسیلەکەی پرسی :

– کلیل بە کێیە؟ خێرا دەرگای زیندانەکە بکەنەوە .

عەریفێک هات و بلەز قفڵەکەی کردەوە.

– سەرۆکی ئینزیباتخانە لە کوێیە؟ تا کەی چاوەڕوانی بکەم؟ هەڕە بیدۆزەوەو یەکسەر بۆ ئێرەی بنێرە. گاردەکان بەرنە ناو حەوشە، با لەوێ ڕیز ببن. خەبەردار بوەستن؟ بۆچی قەمەتان لە تفەنگەکان نەبەستووە؟

کابرای عەریف کەوتە پاکانە: – ئێمە لە دوێنێوە خەفارەتمان وەرگرتووە.

کابرای عەریف بلەز لە دەرگا وەدەرکەوت، تا بڕوات لە سەرۆک ئینزیباتخانەکە بگەڕێ.

نەقیبەکە، بە لەقە دەرگای عەمارەکەی (زندان) کردەوە. چەند کەسێک هەستانە سەرپێ وئەوانی دی ڕاکشابوونو لە جێی خۆ نەجوولاّن. چرنیاک عازی دا : – ئەو دەرگایە بکەنەوە، ژوورەوە تاریکە .

چرنیاک، بەوردی دیقەتی سەروسیمای گیراوەکانی دا. بە توندی لە پیرەمێردێکی، کە لە سەر تەختەخەوێک دانیشتبوو، پرسی:– بۆچی گیراوی ؟

پیرەمێرد، ئاخیزێکی بۆ کرد. پانتۆڵەکەی هەڵکشا، کە لە هاوارە توندەکەی چرنیاک پەشۆکا بوو، بە دەمەلاڵکێوە گوتی: – من خۆیشم نازانم. ئەوەندە دەزانم گرتیانم وئەوەتا لێرە زیندانیم. ئەسپێک لە حەوشەکەی منا دیار نەماوە، بەلاّم من هیچ خەتایەکم لەم کارەدا نییە.

نەقیبەکە قسەکەی پێبڕی : – ئەسپەکە هی کێیە؟

– ئەسپی حکومەتە، ئەو سەربازانەی کە لە ماڵەکەی مندا لایان دابوو، فرۆشتیان وبە پارەکەی مەیان خواردەوەو، تاوانەکەیان بەملی مندا دا .

چرنیاک، سەراپای بە نیگایەکی لەزگین دابێژت وبە بێتاقەتی شانەکانی هەڵتەکاند و هاواریکرد : – جل وپەلاّسەکەت کۆبکەوەو برۆ لێرە گوم بە!

چرنیاک، ئەوسا ڕوویکردە پیرەژنە عەرەقفرۆشەکە .

کابرای پیرەمێرد لە هەوەڵەوە باوەڕی نەدەکرد کە بەری دەدەن. ڕوویکردە نەقیبەکە و بەدەم تروکاندنی چاوە پرووشەکانییەوە پرسی :

– یانی، بۆم هەیە برۆم؟

نەقیبەکە، سەرێکی لەقاند وبە ئاماژە تێی گەیاند کە :

– دەی خێراکە و گۆڕت لێرە گوم بکە .

یارۆی پیرەمێرد، بلەز بوخچەکەی لە تەختە خەوەکە کردەوەو، لە سەرلا وبە هەشتاو لە دەرگاکە وەدەرکەوت. لەم کاتەدا چرنیاک، پیرەژنە عەرەقفرۆشەکەی لە پرسیارگرت : – ئەدی تۆ بۆچی گیراوی؟

پیرەژن، بەدەم جووینی پارچە سەپکێکەوە، وەکو ئەوەی بەڕوو لە دەمیا بتەقێنێتەوە، خێراگوتی :

– قوربان، جەنابی ڕەئیس، منیان بە نەهەق زیندانی کردووە . من بێوەژنم ،عەرەقە خۆماڵی ودەستکردەکەمیان خواردەوەو پاشان، لە زیندانیان پەستام .

چرنیاک پرسی :

– باشە تۆ چکارەی کڕین وفرۆشتن بە عەرەقی خۆماڵییەوە دەکەی؟

پیرەژن بە خەمینی بەرسڤی دایەوە :

– بەمەش دەڵێن مامەڵەو فرۆتن؟ سەرۆکی ئینزیباتخانەکە چوارقاپی لێسەندم وتاقە پولێکی نەدامێ ، هەموویان عارەقە خۆماڵییەکەم دەخۆنەوە وپارەکەیم نادەنێ، ئەمەش بوو بە کاسبی!

– بەسە، خێرا ملی خۆت بشکێنە ولێرە بڕۆ.

پیرەژن چاوەڕوانی نەکرد، تا ئەمرەکەی دووبارە بکاتەوە. زەمیلەکەی هەڵگرت و ئیکلامی کرد و پاشەو پاش ڕۆیی و لە دەرگاکە وەدەرکەوت.

– جەنابی سەرۆک، خوا ڕاوەستاو وسەلامەتت بکات.

دولینیک، بە چاوانی ئەبڵەقەوە دەیڕوانیە ئەم کومیدیایە. هیچ یەکێک لە زیندانیەکان، نەیاندەزانی مەسەلە چییە. تەنیا ئەوە ڕوون وخۆیا بوو : ئەوانەی کە هاتبوون ، لەو گەورە بەرپرسانە بوون ، کە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبوو، بڕیار لە چارەنووسی زیندانیەکان بدەن. چرنیاک، لە دولینیکی پرسی : – ئەدی تۆ بۆچی لێرەیت؟

نەقیبەکە، هاواریکرد : - لە بەر جەنابی پان سەرهەنگ، هەستە سەرپێ.

دولینیک، بە کاوەخۆ و کەمێک بە قورسی لە سەر ئەرزەکە هەستایە سەر پێیان. چرنیاک پرسیارەکەی دووبارە کردەوە :

- گوتم لە بەرچی زیندانی کراویت؟

دولینیک، بۆ چەند چرکەیەک ڕوانیە سمێڵە قیت وبادراوەکانی سەرهەنگ ، ڕوانیە وخساری کە ساف ولووس تاشی بووی، پاشان ڕوانیە قەراخی کاسکێتە تازەکەی کە نیشانەیەکی سێ چکوڵەی پێوە بوو. لە ناکاوا بیرۆکەیەکی مەستانەی بە مێشکا تێپەڕی: "بەڵکو گرتی!" یەکەم بیرۆکەی کە بە سەریا هات، گوت :

- بۆیە گیراوم، چونکە لە دوای سەعات هەشتەوە، بەشارا سووڕاومەتەوە

بەدەم دوو دڵییەکی پڕ سوێوە، کەوتە چاوەڕوانی.

- باشە بۆ بەو نیوەشەوە دەسوڕێیتەوە.

- نیوەشەو نەبوو، دەوروبەری سەعات یازدە بوو.

ئەو قسەیەی کردو بەڵام لەوە ئەرخایەن نەبوو، کە ئەو درۆیەی سەربگرێت. کاتێ گوێی لە کورتە فرمانی: "هەستە، بڕۆ" بوو ، ئەژنۆکانی کەوتنە لەرزین. دولینیک بەرەو دەرگاکە ڕۆیی، لە نەباوەڕی خۆیدا چاکەتەکەی لە بیرچوو. لەم کاتەدا نەقیبەکە خەریک بوو پرس وجۆی لە گەڵ زیندانییەکەی دواتردا دەکرد.

کورچاگین، دواکەسیان بوو . لە سەر ئەرزەکە دانیشتبوو،بە تەواوەتی حەپەسابوو، باوەڕی بەو دیمەنانە نەدەکرد، کە بە بەر چاوییەوە ڕوویان دەدا . باوەڕی نەدەکرد ، کە دولینیک بەڕاستی ئازاد کرابێ .

هەمووان ئازاد دەکدەن، بەڵام "دولینیک " ... "دولینیک" ... گوتی لە سەر ئەوە گیراوە و لەزیندان پەستراوە، چونکە بە شەو سوڕاوەتەوە ... ئەنجام تێگەیی.

سەرهەنگ، بە هەمان پرسیارە ڕۆتینییەکەی خۆی لە گەڵ "زلتسر"ی باریک وبنێسدا کەوتە پرس وجۆ : - بۆچی گیراوی؟

یارۆی بەربەری ڕەنگزەردی پەشۆکاو، بە پچڕپچڕی بەرسڤی دایەوە :

- دەلێن من بانگەشە دەکەم، بەڵام من نازانم چ بانگەشەیەکم کردووە؟

چرنیاک، گوێی قوتکردەوە :

- چی، بانگەشە؟ دەربارەی چی بانگەشە دەکەی؟

زلتسر، حایر وحەپەساو دەستەکانی بڵاوکردنەوە :

- نازانم بەڵام تەنیا ئەوەم گوتووە، سکالایەک، عەرزوحاڵێک بە ئیمزای جوولەکەکان، بۆ "ئەتامانی گەورە" بەرز دەکرێتەوە.

یارۆی نەقیب وچرنیاک لە زلتسر نزیکتر بوونەوە :

- عەرز وحاڵی چی؟

- عەرزوحاڵێک بۆ حەرامکردن ونەهێشتنی پوگروم. خۆتان دەزانن چ پوگرومێکی ترسناک لێرە ڕوویدا. خەڵکی دەترسن.

چرنیاک قسەکەی پێبڕی :

- تێگەیشتم، من عەرزوحاڵت بۆ دەنووسم جوولەکەی چرووک.

ئەوسا ڕوویکردە نەقیبەکە وگوتی :

- پێویستە ئەم گووراوە لە شوێنێکی دوورتر حەپس بکرێ. بینێرن بۆ بارەگای فەرماندەیی. بە خۆم لەوێ قسەی لەگەڵدا دەکەم. تابزانین کێ دەیەوێ عەرزوحاڵ پێشکەش بکات.

زلتسر، دەیویست ئیعترازبگرێ، لێ نەقیبەکە دونکیەکەی بەرزکردەوە وکێشای بە پشتیا : - بێدەنگ بە، خوێڕی سەگباب!

زلتسر، لە ئازارا کووڕ بووەوە، خۆی خزاندە گۆشەیەکی عەمارەکەوە . لێوەکانی کەوتنە تەتەڵە، گریان لە ئەوکیا گیرا.

لە دوا دیمەنا، کورچاگین هەستایە سەرپێیان. تەنیا ئەو وزلتسر لە عەمارەکەدا مابوونەوە. چرنیاک، لە بەردەم کورێژگەکەدا وەستا، بە چاوە ڕەشەکانی سەراپای کوڕەکەی دابێژت : - ئێ، ئەدی تۆ بۆ لێرەیت؟

پاڤل، بە هەشتاو بەرسڤی سەرهەنگی دایەوە :

- چونکە پارچە چەرمێکم لە زینێک بڕیوە تا بنی نەعلی لێدروست بکەم .

سەرهەنگ تێنەگەیی، دووبارە پرسی : - لە چ زینێک؟

- دوو قوزاق، هاتبوونە ماڵی مە، لایەکم لە کۆنە زینێک بڕی تا بنی نەعلی لێدروست بکەم . قوزاقەکانیش لە سەر ئەوە ڕەوانەی ئێرەیان کردم ..

بە ئومێد وتامەزرۆیی ئازادییەوە لە سەری ڕۆیی :- من چوزانم، ئەگەر دەمزانی شتی وا قەدەغەیە ...

سەرهەنگ، بە قێز وبێزەوە ڕوانییە کورچاگین :

- ئەم سەرۆکی ئینزیباتخانەیە لێرە چیکردووە؟ مەگەر هەر شەیتان سەر لە کارەکانی دەربکات، بڕوانە چ زیندانیانێکی لێرە کۆ کردووەتەوە!

ئەوسا ڕوویکردە دەرگاکە وهاواری کرد :

- دەتوانی بۆ ماڵ بڕۆیتەوە، بە بابیشت بڵێ باش تەمبێت بکات، دەبڕۆ گوم بە لێرە.

کورچاگین، باوەڕی بە گوێی خۆی نەدەکرد. خەریک بوو دڵی لە قەفەزەی سینگییەوە دەردەپەڕی، چاکەتەکەی دولینیکی کە لە ئەرزەکە هەڵگرتبوو هەڵگرت

وبه هەشتاو بەرەو دەرگا ڕۆیی. بە غار لە ئینزیباتخانەکە وەدەرکەوت. لە دوای چرنیاکەوە، کە خەریک بوو لە دەرگاکەوە وەدەردەکەوت، هاتە نێو حەوشەکە و لەوێوە بە هەشتاو بەرەو شەقامەکە ڕۆیی.

"زلتسر"ی کلۆڵ بە تەنێ لە عەمارەکەدا مایەوە. بە حەسرەتێکی پڕ سوێوە ڕوانییە دەوروبەری خۆی، خۆ بە خۆ چەند هەنگاوێکی بەرەو دەرگای دەرەوە نا، بەڵام لەو کاتەدا پاسەوانەکە هاتە ناو ئینزیباتخانەکە، دەرگای عەمارەکەی قفڵ داو، لە سەر تەپڵەکێکی بەر دەرگاکە دانیشت.

چرنیاک، لە بەر دەرگای ئینزیباتخانەکە، بە کەش وفشەوە بە نەقیبەکەی گوت :

– چەند ڕێکەوتێکی باش بوو کە سەری ئێرەمان دا ، تۆ تەمەشا چ لات ولەوێرانێک لێرە کۆکرابوونەوە. لە سەر ئەمە یەک دوو هەفتە سەرۆکی ئینزیباتخانەکە حەپس دەکەین. بڕۆین ها؟

سەردەستەی پاسەوانەکان، دەستەکەی خۆی لە حەوشەدا ڕیزکرد. هەرکە سەرهەنگی بینی، بە پەلە چوو بۆ لای و ئاگاداری کردەوە :

– جەنابی سەرهەنگ، هەموو شتێک ئامادەیە.

چرنیاک، پێی خستە سەر ئاوزەنگیەکە وبە سووکی خۆی هەڵدایە سەر زینەکە. نەقیبەکە هێشتا خەریکی ئەسپە چەمووشەکەی خۆی بوو .

چرنیاک، هەوساری ئەسپەکەی ڕاکێشا وبە عەریفەکەی گوت :

– بە سەرۆکی ئینزیباتخانەکەت بڵێ، من هەموو ئەم لات ولەوێرانەم، کە ئەو لێرەی پەستابوون، ئازادکرد، پێشی بڵێ لە سەر ئەو هەموو پوخڵەواتەی کردوویەتی، دوو دانە هەفتە حەپسی دەکەم. بەڵام ئەو یەکەش، ئەوەی کە ئێستا لێرە حەپسە، هەر ئێستا بۆ بارەگای فەرماندەیی بنێرن. با پاسەوانەکان ئاگاداربن.

عەریفەکە، ئیکلامێکی بۆکرد وگوتی :

- به سەرسەر وبە سەر چاو پان سەرهەنگ.

سەرهەنگ، مامێزێکی لە ئەسپەکەی دا و لەگەڵ نەقیبەکەدا، بە چوار ناڵە بەرەو ئەو مەیدانە ڕۆیی، کە نمایشەکە خەریک بوو تەواو دەبوو.

❊❊❊

کورچاگین، دوای ئەوەی لە پەرژینی حەوتەم تێپەڕی، پرزەی لێبڕاو لە ڕاکردن کەوت.

ڕۆژانی برسیەتی ناو عەمارە خەفە وتەنگەکە، پرزەی لێبڕی بوو. نەدەکرا بۆ ماڵی خۆیان بڕواتەوە. ئەگەر بۆ ماڵی پروزژاک بڕوات ویەکێک پێی بزانیَ، هەموو خانەوادەکە تووش دەبیَ و دەر بە دەر وسەرگەرادن دەبن ، ئەدی ڕووبکاتە کویَ؟

نەیدەزانی چ بکات، ڕایدەکرد، بێستان وزەراعاتی لە دووی خۆ بەجێدەهێشت، لە باخی ماڵان تێدەپەڕی. کاتیَ وەخۆهاتەوە کە سینگ وبەرۆکی بەر پەرژینی باخێک کەوت. حایرو حەپەساو، وێڵ وسەرگەردان ڕوانییە دەور وبەر، ئەو بەرەوە پەرژینە دارین وبەرزەکەی باخەکەی ماڵی جەنگەڵوانەکە بوو. تەمەشا،لاقە شەکەت وماندووەکانی گەیاندبوویانە کویَ؟ یانی بە نیاز بووبوو بۆ ئێرەبیَ؟ نەخێر ...

ئەدی بۆچی، بە تایبەتی لێرە، لە بەرماڵی کابرای جەنگەڵواندا سەری دەرهێناوە؟ هەرچی دەکردو دەکۆشا وەڵامی ئەو پرسیارەی پیَ نەدەدرایەوە.

دەبیَ لە شوێنێکدا پشوویەک بدات وپاشان بیر لە شوین وماوایەک بکاتەوە. دەیزانی لە باخەکەدا کەپرو کابینەیەکی دارین هەبوو، ئەگەر لەوێندەر خۆی بشارێتەوە هیچ کەسێک نایبینیَ.

کورچاگین، خۆی هەڵدا، دەستی گەیاندە سەرەوەی تەختەدارەکە، چووە سەر پەرژینەکەو لە وێوە خۆی هەڵدایە ناو باخەکەوە، تەمەشای خانووەکەی کرد کە ئاستەم لەنێو چڕە دارستانەکەوە دەبینرا، ئەوسا چوو بۆلای کەپرو کابینەکە.

کەپرەکە تەقریبەن لە هەموو لایەکەوە کراوە بوو. هاوینان تەرزی مێوی کێوی خۆی پێوە هەڵدەواسی. بەڵام هەنووکە هەمووشتێک ڕووت وقووت بوو.

ویستی بەرەو پەرژینەکە بگەڕێتەوە، بەڵام تازە دێر بوو، لە دواوە گوێی لە حەپەیەکی تووند بوو. سەگێکی زەلام، لەو ڕاڕەوەوە کە یەکپارچە گەڵای زەرد داپۆشیبوو، بۆی هات. دەنگە ترسناکەکەی لە سەرانسەری باخەکەدا دەنگی دایەوە.

پاڤل، خۆی ئامادەکرد کە بەرگری لە خۆی بکات. بە لەقەیەک هێرشی یەکەمی سەگەکەی دایە دواوە. لێ سەگەکە خۆی بۆ پەلاماری دووەم ئامادە دەکرد. کەس نەیدەزانی ئەنجامی ئەم شەڕە چۆن دەکەوێتەوە. ئەگەر ئەو دەنگە زوڵاڵەی کە بە گوێی پاڤل ئاشنا بوو، بەرز نەبوایەتەوە و هاواری نەکردبا : - تریزور، وەرە دواوە!

تونیا، بەغار بە ڕاڕەوەکەدا هات، ڕستەکەی ملی سەگەکەی ڕاکێشا. ڕوویکردە پاڤل کە لەبەر پەرژینەکەدا وەستابوو، گوتی :

- چۆنە گەییویتە ئێرە؟ خۆ لەوەبوو سەگەکە هەڵتبدڕێ ... هەرباش بوو من...

تونیا، زمانی بەسترا، چاوانی ئەبڵەق بوون. ئەم کوڕە کە کەس نەیدەزانی چۆن گەییوەتە ئێرە، چەند لە کورچاگین دەچێ! ئەو تارماییەی کە لە بەر پەرژینەکە وەستابوو. جوڵا وبە ئەسپایی گوتی : تۆ .. تۆ من ناناسیتەوە؟

تونیا هاوارێکی کرد وبە هەڵچوونەوە بەرەولای کورچاگین چوو .

- پاڤلوشا، ئەمە تۆی؟

تریزور، هاوارەکەی تونیای بە هێما وعازی هێرش زانی و، تەکانێکی توندی بەرەو پێش دا.

- هەڕو، لاکەوە! ...

تونیا، چەند نووکە شەقێکی لە تریزور دا وتریزور بە تەریقی کلکی لە گەلۆزی ناو دەست لە گونان شۆڕتر بۆ ماڵ زڤڕییەوە.

تونیا، دەستی کورچاگینی گوشی وگوتی : - ئازادیان کردیت؟

- تۆ بە مەسەلەکەت دەزانی؟

تونیا، کە هەناسە برکێی پێکەوتبوو، هێشتا توانای خۆ هێورکردنەوەی نەبوو، بە پچڕپچڕی بەرسڤی دایەوە :

- هەموو شتێک دەزانم . لیزا بۆی گێڕامەوە. بەڵام پێم بڵێ چۆن گەیشتیە ئێرە؟ ئازادیان کردوویت؟

کورچاگین، کە ماندوویەتی پێوە دیاربوو، بەرسڤی دایەوە :

- بە هەڵە ئازادیان کردووم. هەڵاتووم. بێگومان ئێستا تاقیبم دەکەن. بە ڕێکەوت خۆم لێرەدا بینییەوە. دەمویست لە ژێر کەپرەکەدا پشوویەک بدەم .

بە تۆنێکی تەوازی ئامێز لە سەری ڕۆیی :- زۆر ماندووم .

تونیا، بۆ چەند ساتێک لێی ڕاما، هەستی بەزەیی وسۆزوگوداز ونیگەرانی و شادی سەراپای داگرت، بە توندی دەستی پاڤلی گوشی.

- پاڤلوشا، پاڤل، پاڤکای ئازیزی دڵەکەم! گیانەکەم، ڕۆحی شیرینم، من تۆم خۆشدەوێ ... گوێت لێیە؟ ... هەی سەرکێش بۆچی ئەو ڕۆژە ڕۆیشتی؟ ئێستا ئیدی تۆ دەبێ لێرە، لە لای ئێمە، لە لای من بمێنی، بە هیچ جۆرێ نایەڵم بڕۆیت . ماڵی ئێمە ئەمینە. چەند دەمێنیتەوە، بمێنەوە.

کورچاگین، سەری ناڕەزایی بادا.

- ئەگەر من، لە ماڵی ئێوەدا بدۆزنەوە، هەنگێ چ دەقەومێ؟ نا نامەوێ لە ماڵی ئێوەدا بمێنمەوە.

تونیا، به توونده‌ی ده‌ست وپه‌نجه‌کانی پاڤلی گوشی، به‌ده‌م فڕینی برژانگه‌کانییه‌وه، چاوه‌کانی دره‌وشانه‌وه .

– ئه‌گه‌ر نه‌مێنیته‌وه، ئیدی جارێکی دی من نابینیته‌وه. ئاخر ئارتیم له ماڵه‌وه نییه، به تۆبزی وده‌ستبه‌سه‌ری بۆ وێستگه‌که‌یان برد تا قیتاریان بۆ باوژۆیّ، هه‌موو کرێکارانی سکه‌ی قیتار ده‌به‌ن، ئیدی تۆ بۆ کویّ ده‌چیت؟

کورچاگین له خه‌م وپه‌ژاره‌ی ئه‌و حاڵی ده‌بوو، ده‌یزانی نیگه‌رانی چییه، به‌ڵام له ترسی ئه‌وه‌ی ئه‌م کیژه ئازیزه له سۆنگه‌ی ئه‌مه‌وه تووشی کێشه ومه‌ترسی بێت، حه‌زی نه‌ده‌کرد به گوێی بکات وله لای ئه‌و بمێنێته‌وه. به‌ڵام چونکه زۆر شه‌که‌ت وماندوو بوو وحه‌زی ده‌کرد پشوویه‌ک بدات وپارووه نانێک بخوات، به ناچاری ملی دایه خه‌ت.

له‌و کاته‌دا که پاڤل، له ژووره‌که‌ی تونیادا له سه‌ر قه‌نه‌فه‌یه‌ک ڕۆنیشتبوو ، ئه‌م گفتوگۆیه، له مووبه‌قه‌که‌دا، له نێوان داک وکیژدا ڕووی دا :

– دایکه گویّ بگره، ئێستا کورچاگین له ژووره‌که‌ی مندا ڕۆنیشتووه، پاڤل کورچاگین، قوتابییه‌که‌ی من، بیرت دێته‌وه؟ من نامه‌وی هیچ شتێک له تۆ بشارمه‌وه. ئه‌م کوڕه له سه‌ر ئه‌وه‌ی ده‌ریاوانێکی بۆڵشه‌فیکی ڕزگار کردبوو، ده‌ستگیرکرا بوو وله سووچی زیندان توونده کرابوو. جا ئێستا هه‌ڵاتووه‌و هیچ په‌نایه‌کی نییه . – ده‌نگی تونیا له‌رزی – دایکه من تکات لێده‌که‌م، قاییل به با جاریّ له‌لای ئێمه بمێنێته‌وه.

کیژیّ، به دووچاوی پڕ پاڕانه‌وه‌وه ڕوانییه دایکی.

دایکه‌که، به ترس وکونجکاوییه‌وه ده‌یڕوانییه چاوانی تونیا.

– ده‌ی باشه، من ڕازیم، به‌ڵام له کوێی داده‌نه‌ی.

تونیا سوور بووه‌وه وبه شه‌رم وشوڕه‌ییه‌وه به‌رسڤی دایه‌وه :

– له ژوورەکەی خۆما، با له سەر قەنەفەکەی ژوورەکەی من بخەوێت، دەتوانین جارێ ئەوشتە له بابم وەشێرین وپێی نەڵێین.

داکەکە، زەق زەق ڕوانیە تونیا.

– یانی تۆ، بۆ ئەمە دەگریای وفرمێسکت دەڕشت؟

– بەڵێ.

– هێشتا زۆر منداڵە.

تونیا، به تووڕەیی ئاسینی بلووزەکەی خۆی ڕاکێشا.

– بەڵێ، بەڵام ئەگەر هەڵنەهاتبا وەکو خەڵکی گەورە گوللەبارانیان دەکرد.

یکاترینا میخائیلوفنا، له لایەکەوە مانەوەی کورچاگینی له ماڵی خۆیانا بەلاوە گران بوو وله لایەکی دیکەوە خەمی گرتنەکەی پاڤلی بوو، هەروەها لەمەیلی بێ چەند وچوونی تونیا بەلای کوڕەدا ولەوەی که به هیچ جۆرێ کوڕەی نەدەناسی ناڕەحەت ونیگەران بوو.

بەڵام تونیا، خێرا، وەکو کابانێکی به سەلیقە کەوتە مشوور خواردن .

– بەڵام دایکە، ئەوپێویستی به حەمامە، من ئیستا تەگبیری ئەمە دەکەم، وەکو ئاتەشکارێکی راستەقینه پیسە، ماوەیەکی زۆرە خۆی نەشۆردووە.

تونیا، کەوتە خۆ، هات، چوو، حەمامی گەرم کرد. تەشتی دانا، بێ هیچ ڕوونکردنەوەیەک دەستی پاڤلی گرت وبۆ حەمامەکەی برد.

– دەبێ چ جلێکت لەبەرە هەمووی دابکەنیت. ئەوە جلن لەوێدا، ئەوانە لەبەربکە، جلەکانی خۆت دەبێ بشۆردرێن . ئەم جلانە له بەربکە – تونیا، ئاماژەی بۆ کورسییەک کرد که کراسێکی دەریاوانی شینی یەخە سپی خەت خەت وپانتۆڵێکی دەلنگ پانی له سەر دانرابوو–

پاڤل، حاير وسەرگەردان دەيڕوانييە دەور وبەری خۆی. تونيا بزەيەكی كرد :

– ئەمە جلكی بالماسكەی منە . لە ئاهەنگێن خۆگۆڕكێيياندا لەبەری دەكەم . بە بەری تۆدەكات. دەی برۆ خۆت بشۆ، من دەڕۆم تا تۆ خۆت دەشۆی و لێدەبيتەوە، منيش خواردنت بۆ ئامادە دەكەم.

تونيا، دەرگاكەی بە توندی پێوەدا، ئيدی پاڤل چاری نەما، جلەكانی داكەند وخۆی بە نێو تەشتەكەدا كرد.

دوای يەک سەعات، داک وكيژ وكورچاگين، بە سێ قۆڵی لە موبەقەكەدا نانيان دەخوارد. پاڤلی ژەمبردە بێئەوەی بە خۆ بزانێ قاپی سێيەمی تەواوكرد. لە سەرەتاوە شەرمی لە يكاتريناميخائيلوفنا دەكرد، بەڵام وەختێ ڕەفتاری دۆستانەی ئەوی بينی، بەرە بەرە شەرمی شكا وڕووی كرايەوە.

دوای نانخواردن لە ژوورەكەی تونيا كۆبوونەوە. يكاترينا داوای لە پاڤل كرد كە باسی سەربهورد وكول وكۆڤانەكانی خۆی بكات.

يكاترينا ميخائيلوفنا پرسی: – باشە بە تەمای لەمە بە دواوە چی بكەيت؟

پاڤل، دەبيرەوە چوو :– دەمەوێ ئارتيم بدينم و پاشان لێرە برۆم.

– بۆ كوێ؟

– بە نيازم بۆ ئۆمان يان كييف برۆم. جارێ خۆيشم بە تەواوی نازانم، بەڵام بێگومان دەبێ لێرە برۆم.س

پاڤل، باوەڕی نەدەكرد، هەموو شتەكان بەم خێراييە بگۆڕێن. ئەم بەيانييە لەزيندانا بوو، مەرگی بە چاوی خۆی دەبينی، كەچی ئێستا لە تەنيشت تونياوە دانيشتووە، جلەكانی پاک وخاوێنن ولەوەش گرنگتر ئازادە.

ئیدی هەندێجار ژیان بەو جۆرە دەگۆڕێت. هەندێجار تاریکە تاریکە، هەندێ جاری دی هەتاو بە ڕووتا پێدەکەنێ. ئەگەر ترسی ئەوەی نەبووایە دووبارە دەستگیر بکرێتەوە، هەنووکە بە گەنجێکی شادو کامەران دەژمێردرا.

بەڵام ئێستا، کە لەم ماڵە گەورە وئارامەدا بوو، ترسی ئەوەی هەبوو دووبارە دەستگیر بکرێتەوە. دەبوایە بۆ هەرشوێنێک بڕۆشتبایە، لێ لێرە نەماباوە.

بەڵام پیاو هەرچی دەکا دڵی نایەت ئەم ماڵە بەجێبێڵێ، شەیتان بەنەعلەت بێ! خوێندنەوەی چیرۆک وسەربردەی "گاریباڵدی" چەند خۆشبوو! پاڤل بەغیلی بە گاریباڵدی دەبرد، خۆزیای پێدەخواست! ژیانی گاریباڵدی زۆر سەخت ودژوار بوو، لە هەموو جێگایەک ڕاوەدوو دەنرا، دەر بە دەر وئاوارە لە هیچ شوێنێ نەدەحەوایەوە. بەڵام پاڤل، تەنیا حەوت ڕۆژی لە تەنگانە وکول وکۆڤانی دژواردا بەسەر بردبوو، ئەو حەوت ڕۆژەی بەساڵێک لێڕۆیی بوو. پێدەچوو بۆ ئەوە دروست نەبووبێ کە ببێ بە قارەمانی ڕاستەقینە. تونیا بە سەریا دانەوییەوەو پرسی: - بیر لە چی دەکەیتەوە.

چاوە شینەکانی تونیا، لە دەریایەکی بێ بن دەچوون.

- تونیا دەتەوێ باسی "خریستینکا"ت بۆبکەم؟

تونیا بە تاسەوە گوتی: - باسی بکە.

- ... ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیی، ئیدی نەهاتەوە.

پاڤل، زۆر بە زەحمەت دوا وشەکانی لە زار دەرهات.

تەنیا دەنگی یەکنەوای چرکەچرکی سەعاتەکە لە ژوورەکەوە دەهات. تونیا سەری لە بەرخۆ نابوو، بە خورتی گریانی خۆی دەخواردەوە وبە توندی لێوی دەکرۆشت.

پاڤل، تەمەشایەکی کرد ولێبڕاوانە گوتی: - من دەبێ ئەمرۆ لێرە بڕۆم.

– نا، نا، ئەمڕۆ بۆ هیچ کوێ ناڕۆیت.

قامکە ناسک وگەرمەکانی بە ئەسپایی خستە قژە بژەکەی پاڤل وبە میهرەبانی کەوتە نەوازشکردنی ...

– تونیا، دەبێ یارمەتیم بدەی. دەبێ بڕۆیت بۆ دەبۆی قیتاران و هەواڵێکی ئارتیمم بۆبێنی و کاغەزێکم هەیە بۆم بگەیەنیتە سێرگی : من دەمانچەیەکم لە هێلانەی قەلە ڕەشەکەدا شاردووەتەوە. من خۆم ناتوانم بڕۆم بۆ ئەوێندەر، پێویستە سریوژکا بچێ ودەری بێنێ. تۆ دەتوانی ئەم کارە بکەی وبچی بە سریوژکا بڵێی؟

تونیا، هەستا .

– من هەر ئێستا دەڕۆم بۆلای لیزا سوخارکو و، لەگەڵ ئەودا دەچین بۆ دەبۆی قیتاران. تۆ کاغەزەکە بنووسە، من بۆ سریوژکای دەبەم . ماڵیان لە کوێیە؟ ئەگەر ویستی تۆ بدینێ، شوێنەکەتی پێ بڵێم؟

پاڤل، کەمێک لە فکران ڕاچوو وبەرسڤی دایەوە :

– پێی بڵێ با شەوێ دەمانچەکە بێنێ بۆ باخچەکەی ماڵی ئێوە.

تونیا، درەنگانێکی شەو بۆ ماڵ گەڕایەوە. پاڤل لە غورابی خەودا بوو، لە تەماسی دەستی تونیا بێدار بووەوە. بە دڵخۆشییەوە پێدەکەنی.

– ئێستا ئارتیم دێت. تازە بە قیتار هاتبووەوە، بە زەمانەتی بابی لیزا یەک سەعات مۆڵەتی دەدەنێ. قیتارەکە لە دەبۆکەدا وەستابوو، نەمتوانی پێی بڵێم تۆ لێرەی. گوتم، پەیامێکی زۆر گرینگم بۆی هەیە. ئەوەتا خۆی هات .

تونیا، بە هەشتاو بەرەو دەرگاکە ڕۆیی. ئارتیم، باوەڕی بە چاوانی خۆی نەدەکرد. بە حەپەساوی لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا. تونیا دەرگاکەی لە دوای ئەوەوە داخست، تا بابی کە تووشی تیفۆ بوو بوو و لەنووسینگەکەی خۆیدا، لە جێدا

کەوتبوو، گوێی لە دەنگی وان نەبێت . کاتێ ئارتیم باوەشی بە پاڤلدا کرد، هەموو ئێسکەکانی تەقین.

- براکەم، پاڤل!

***

بڕیاردرا، پاڤل سبەینێ سەفەربکات. ئارتیم لێبڕا بە قیتارەکەی پروزژاک کە بۆ کازاتین دەڕۆیی، ڕەوانی بکات. ئارتیم، کە پیاوێکی بە باشارو ورە بەرز بوو، لە دووری براکەی بە تایبەتی کە هیچ سوراغێکی نەدەزانی، تەواو کەسیرە بوو بوو. بۆیە ئێستا لە ڕادە بەدەر شاد وخۆشحاڵ بوو.

- کەواتە، سەعات پێنجی بەیانی لە بەشی عەمارەکان ئامادە دەبیت، لەوێ ئیزینگ وداری سووتاندن باردەکەن. تۆش خۆت بە بەینی چرپی و دارەکاندا دەکەی. حەزم دەکرد قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام درەنگە، دەبێ بگەڕێمەوە. سبەینێ بەڕێت دەکەم. بە تەمان فەوجی ڕێگای ئاسنمان بۆ بکەنەوە. ئیدی وەکو سەردەمی ئەڵمانەکان، دایمە پاسەوانمان بە دیارەوەیە، بۆ هەرکوێ دەڕۆین، پاسەوانمان بەگەڵ دەخەن.

ئارتیم، خواحافیزی لە براکەی کرد وڕۆیی.

شەو زوو هات، میعادی هاتنی سێرگی هات، دەبوا بێتە لای پەرژینی باخەکە. کورچاگین بەدەم چاوەڕوانییەوە بە ناو ژوورە تاریکەکەدا دەهات ودەچوو. تونیا ودایکی لای تومانوف بوون.

پاڤل، سێرگی لە تاریکییەکەدا بینی وجووتە هاوڕێ بە گەرمی تەوقەیان کرد، ڤالیاش لەگەڵ سێرگیدا هاتبوو. بە ئەسپایی قسانیان دەکرد.

-دەمانچەکەم نەهێنا. ماڵەکەتان پڕە لە چەکدارانی پتلیورایی. گالیسکەکانیان لەبەر ماڵی ئێوەدا ڕاگرتووەو ئاگریان کردووەتەوەو مەحاڵ بوو بتوانم بە دارەکەدا هەڵزنێم . ئیدی خۆمان وشانسمان.

سریوژا، بەو جۆرە پاکانەی بۆخۆی کرد. پاڤل، هێوری کردەوە :

– دەی قەیدی ناکات! لەگینە خێری پێوەبێ. ئەگەر لە ڕێگا بم پشکنن ملم هەڵدەکەنن . بەڵام تۆ دوایی بیبە.

ڤالیا لێی نزیک بووەوە : – تۆ کەی دەڕۆییت؟

– سبەی بەیانی زوو، ڤالیا.

– باسی ئەوەمان بۆ بکە چۆن ڕزگار بوویت؟

پاڤل، بە چپە وبە پەلەپەل باسی کول وکۆڤانانی خۆی بۆ کردن و بە گەرمی دوعاخوازیان لێکدی کرد، سریوژکا نیگەران وخەمین بوو، ڤالیا گوتی : – سەفەر بەخێر پاڤل گیان! لە بیرمان مەکە.

ڕۆیشتن ویەکسەر لە تاریکی شەوەکەدا مەحوو بوونەوە.

بێدەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشاوە. تەنیا میلی سەعاتەکە بێ وچان دەسووڕێتەوە. کەسیان بیر لە نووستن ناکەنەوە. تەنیا شەش سەعاتێکی دیکەیە ودەبێ لێکدی جوودا ببنەوە ولەگینە هەرگیز جارێکی دی یەکتر نەبیننەوە. باشە دەکرێ لەم ماوە کەمەدا، ئەو هەزاران هەزار بیر وخەیاڵ وئەندێشە وقسانەی لە دەروونی هەریەکێکیاندا دەپەنگایەوە، بێتە گێڕانەوە ؟

گەنجیەتی، گەنجاتی بێئەندازە جوانە! کاتێ کە شەهوەت هێشتا مەفهووم نییە وتەنیا خورپە وداخورپانی لەزگینی دڵ، بە شیوەیەکی گونگ وئاڵۆز دێتە هەست پێکردن، ئا لەوکاتەدا، چ شتێک لەوە خۆشترە، کە مەحبووب دەست لەملت وەرێنێ، ماچە ئاگرینەکانی وەکو تەزووی لە ناکاوی کارەبا ڕات بچڵەکێنێ!

بە درێژایی تەمەنی دۆستایەتیان ئەمە ماچی دووەم بوو. کورچاگین، تا ئەم ساتە، جگە لە نەوازشی داکی، ئیدی میهر ونەوازشی لە کەسی دی نەدی بوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە، زۆریش سەرزەنشت کرابوو، شکێنرا بووەوە، بۆیە ئەم ڕامووسان

ونەوازشەی زۆر لە گیان خۆشبوو. لە ژیانی سەخت ودژواری خۆیدا، هەرگیز تەسەوری ئەوەی نەکردبوو کە ئەم جۆرە شادی ولەزەتەش لە ژیاندا هەیە. ئاشنا بوونی لەگەڵ ئەم کیژەدا بۆ خۆی شادمانییەکی گەورە بوو. پاڤل هەست بە بۆنی قژەکەی دەکات، وا هەستدەکات، چاوەکانی، لە تاریکییەکەدا دەبینێ.

– تونیا، چەندم خۆشدەوێی! ناتوانم خۆشەویستی خۆمت بۆ دەرببڕم ..

بیرەکانی پەرت بوون. جەستەی نەرم ونیانی کیژێ لە بەردەستیا بوو ... بەڵام دۆستایەتی وڕاستگۆیی گەنجایەتی لە هەموو شتێک بەهێزترە.

– ... کاتێ ئەم باهۆز وگێژاوە دەنیشێتەوە، بێگومان من دەبم بە میکانیکی کارەبا، ئەگەر تۆ پێم ڕازی بیت، ئەم سۆز وگودازەت بە ڕاستی بێ، من دەتخوازم، بەڵێنت دەدەمێ مێردێکی نموونەیی بم، قەت لێتنادەم، قەت لەگەڵتا خراپ نابم، خوا بمکوژێ ئەگەر کەمترین ئاسیوت پێبگەیەنم!

لە ترسی ئەوەی نەبا بە باوەشی یەکەوە خەو بیانباتەوەو دایکی تونیا بێت بە سەریاندا و خەیاڵی خراپ بکات، لە یەکدی هەڵبڕان.

دوای ئەوەی بەدەم قسانەوە بەڵێنیان دا کە یەکدی لە بیرنەکەن، نزیکی سپێدە خەویان پیاکەوت.

یکاترینا میخائیلوفنا، بەیانی زوو کورچاگینی بێدارکردەوە. پاڤل، بلەز هەستا. تا ئەم چوو لە حەمامەکە جلەکانی خۆی وچاکەتەکەی دولینیک لەبەر بکات وپێڵاوەکانی لەپێ بکات، داکی تونیا، تونیای لە خەو هەستاند.

بە دوو قۆڵی، بە ناو تەم ومژی شێداری بەیانیدا، بلەز بەرەو وێستگاکە نشێو بوونەوە، لە لاڕێیەکەوە چون بۆلای عەماری دارەکان، ئارتیم، بە نیگەرانییەوە، لەلای ئەو قیتارەی کە چرپی وداری بارکردبوو، چاوەڕوانی دەکردن.

قیتارێکی گەورە، نقوم لە هەڵم وبوخارا، بەدەم فشەفشەوە، هێدی هێدی نزیک دەبووەوە. بروزژاک، شوفێری قیتارەکە لە پەنجەرەکەوە سەری دەرهێنا. بلەز

دوعاخوازیان لێکدی کرد. پاڤل بە تووندی خۆی بە محەجەرەی پلیکانی قیتارەکەوە گرت وسەرکەوتە سەری وئاوڕی دایەوە . دوو تارمایی ئاشنا، لە سەر ڕاڕەوەکە وەستابوون: یەکێکیان کەلەشی زەلامی ئارتیم وئەویتریان ئەندامی وردیلەی تونیا بوو. بایەکی توونت، بە تووڕەیی یەخەی بلوزەکەی تونیای دەشەکاندەوەو قژە خورماییەکەی پەخش وپەرێشان دەکرد. تونیا پەیتاپەیتا دەستی ماڵاوایی تەکان دەدا.

ئارتیم، نیگایەکی تونیای کرد کە گریان لە ئەوکیا گیرابوو، وئاهێکی هەڵکێشا ولە فکران ڕاچوو: " یا من شێتم ولە هیچ حاڵی نابم، یا ئەم دووانە پەتاکەیان گرتووە. ئاخ، بەڵام من پێموایە پاڤل، هێشتا منداڵە! " .

کاتێ قیتارەکە پێچی کردەوەو کەوتە نەدیوی، ئارتیم ئاوڕی لای تونیای دایەوە.

– دەی باشە، بووین بە هاوڕێ، ها؟

دەستە چکۆلەکەی تونیا، لە نێو دەستە گەورەکانی ئەودا ون بوو. دەنگی قیتارەکە، کە بەرەبەرە خێراتر دەبوو، لە دووری دوورەوە دەهاتە گوێ.

## فەسڵی حەوتەم

شارە چکۆلەکە، کە هەر چوارنکالی بە خەندەق دەورە درابوو ولە هەموو لایەکەوە تەلبەند کرابوو، یەک هەفتەی تەواو بوو بە دەنگی تۆپ ومەترەلۆزان ودەستڕێژی تفەنگان دەخەوت وبێدار دەبووەوە. تەنیا درەنگانی شەو ئارام وبێدەنگ دەبوو. تەنانەت لەم کاتانەشدا، جارجارێ دەستڕێژێکی ترسزەدە بێدەنگییەکەی دەشڵەقاند: پاسگاکان بۆ تاقیکردنەوە ویەکدی ئاگاداردکردنەوە، ئەو دەستڕێژانەیان دەکرد. بەیانانی زوو خەڵکی لە دەوری تۆپخانەکانی وێستگاکە دەسووڕانەوە. لوولەی ڕەشی تۆپەکان بە ڕق وسامەوە دەکەوتنە کۆکین، خەڵکی بە هەشتاو دەچوون، تا بە خوراکی تازەی ئاسن وقورقوشم تێریان بکەن. تۆپچییەکە پەتەکەی ڕادەکێشا وزەوییەکە دەلەرییەوە. ئیدی گوللە تۆپەکان بە گڤ

وهۆڕ لەسەر ئەو گوندە دەتەقینەوە کە سوورەکان داگیریان کردبوو، گوندی ناڤبری کەوتبووە سێ کیلۆمەتری شارۆچکەکەوە. گرم وهۆڕی گوللە تۆپەکان هەموو دەنگەکانی دیکەی دەکردە ژێرەوە، گوللە تۆپەکان کە دەکەوتنە سەر ئەرزەکە ئەرزەکەیان هەڵدەکەند وخاک وخۆڵی دنیایان دەبرد بە ئاسماندا.

تۆپخانەی سوورەکان، لە حەوشەی دێرێکی کۆنی پۆلونیدا کە لە سەر گردێک ولە ناوەڕاستی گوندەکەدا بوو، دامەزرابوو.

کۆمیسەری سوپایی تۆپخانەکە کە هاوڕێ زاموستین بوو، لە جێی خۆی ڕاپەڕی، سەری نابووە سەر لوولەی تۆپەکە وخەوتبوو. بە پەلە کەمەربەندەکەی، کە دەمانچەیەکی قورسی ماوزەڕی پێوە بوو، هەڵگرت و لە پشتی بەست. بەدەم چاوەڕوانی تەقینەوەی گوللە تۆپەکەوە، گوێی بۆ فڕینی گوللە تۆپەکە دەگرت. دەنگی زولاڵی هاوڕێ زاموستین، سەرانسەری حەوشەکەی پڕکرد:- هاوڕێیان خێرا ڕابن، پاشماوەی خەوەکەمان بۆ سبەی هەڵدەگرین.

دەستەی تۆپخانەکە لە نزیکی تۆپ ومەترەلۆزەکان خەوتبوون، ئەوانیش وەکو کۆمیسەری سوپایی تۆپخانەکە بلەز ڕابوون، تەنیا "سیدورچوک " نەبێ کە خاوەخاوی بوو، بە نەبەدڵی سەرە خەواڵووەکەی بەرزکردەوە وگوتی:- چەند بێشەرەفن، بەم سبای سالّحانە کەوتوونەتە وەڕین. ئەمانە چتۆ بەشەرێکن! بە ڕاستی خوێڕین! ...

زاموستین پێکەنی :- سیدورچوک، ئەوانە خەڵکی ناهوشیارن، گوێیان لەوە نییە کە تۆ تێرخەو نەبوویت و ئارەزووی خەو دەکەیت.

سیدورچوکی، اماموری تۆپخانەکە بە بێزاری وبەدەم پرتەو بۆڵەوە هەستا.

دوای چەند دەقیقەیەک، تۆپەکان لە ناو حەوشەکەوە کەوتنە گرم وهۆڕ. گوللە تۆپەکان لە ناو شارا دەتەقینەوە. ئەفسەرێکی هێزی پتلیورایی وسەربازێکی بێتەل، لە سەر چەند لەوحێک کە نرابوونە سەر دووکەڵکێشێکی زۆر بەرزی کارخانەیەکی

قەند، دانیشتبوون. ئەو ئەفسەر وسەربازە، لە پەیژەئاسنەکەی ناو دووکەڵکێشەکەوە سەرکەوتبوونە ئەوێندەر، لەوێوە سەرانسەری شاریان دەبینی. لەوێوە تۆپبارانی تۆپخانەکەی خۆیان ئاراستە ورێنمایی دەکرد. بە دووربین، هەموو جم وجوڵێکی یەکینە سوورەکانیان، کە شاریان گەمارۆ دابوو دەبینی. ئەمڕۆ لە سەنگەری بوڵشەفیکەکانەوە، جم وجوڵێکی یەجگار زۆر هەبوو. قیتارێکی زرێپۆش، بە بێئەوەی دەستبەرداری تۆپباران ببێت، بە خاوی بەرەو وێستگەی پودولسک دەهات. دوا بە دوای ئەو هێزی پیادە بە دیارکەوت. سوورەکان چەندینجار بە نیازی داگیرکردنی شار هێرشیان هێنابوو، بەڵام هێزی پتلیوراییەکان، واتە هێزو لەشکری تیرەندازان خەندەکیان لە چواردەوری شار لێدابوو و سەرنگەریان گرتبوو. ئیدی لە خەندەکەکانەوە، ئاگر هەڵدەقوڵا، دەستڕێژی گوللە وتۆپباران دنیای پڕدەکرد، دەنگی دەستڕێژی گوللە لە هاڕەو هاژەی چەم وڕووباران دەچوو ، بە تایبەتی لە کاتی هێرشدا دەگەییە لوتکە … بوڵشەفیکەکان، بەرگەی ئاگربارانی گوللەیان نەدەگرت وپاشەکشەیان دەکرد وجەنازەو جەندەکی کوژراوەکانیان لە مەیدانی شەڕەکەدا بەجێدەهێشت.

ئەمڕۆکە، هێرشەکان بۆ سەر شارۆچکەکە سات بە سات توندترو بەردەوام تر دەبوو. هەوا بە دەم ئاگری تۆپخانەوە دەلەرییەوە. ئەو جووتە پتلیورانەی کە بە سەر دووکەڵکێشی کارخانەی قەندەکەوە بوون، لەو سەرەوە هێزێن بۆڵشەویکەکانیان دەبینی کە چۆن خۆیان بە عاردیدا دەدا و لە هیچ نەدەگەڕانەوەو سەرسەختانە پێشڕەوی دەکەن. بولشەویکەکان خەریک بوو وێستگەکەیان دەگرت، پتلیوراییەکان، هەموو هێزەکانی خۆیان هێنایە مەیدانی شەڕەوە، بەڵام نەیانتوانی ئەو کەلێنە پڕبکەنەوە کە لە قوڵی وێستگەکەوە دروست بووبوو. هێزی بولشەفیەکان فیداکارانە و لافاوئاسا دەهاتنەپێشێ وخۆیان بە شەقامەکانی نزیک وێستگەکەدا دەکرد. پتلیوراییەکانی فەوجی سێیەمی لەشکری تیرەندازی کە ئەرکی بەرگری لە وێستگەکەیان لە ئەستۆبوو، لەگەڵ یەکەم پەلاماری بولشەویکەکاندا نەترەیان بەردا ودوا سەنگەرەکانی خۆیان، واتە باخ وبێستانەکانی قەراخ شاریان

بەردا و، بە پەلە پروزێ و لە شێوەی دەستە وکۆمەڵی پەراگەندەدا خۆیان بە نێو شاردا کرد. هێزەکانی سوپای سوور، بێئەوەی دەرفەتی پتلیورایی‌یەکان بدەن ، وەخۆبێنەوە وپشوویەک بدەن و هێزە پەراگەندەکانیان ڕێکبخەنەوە، بە قەمە، ئەو پۆستانەیان دەڕوخاند کە پتلیورایی‌یەکان دروستیان کردبوون وخۆیان بە شەقامەکانی شاردا دەکرد.

هێز نەبوو بتوانێ سریوژا بروزژاک لەو ژێرزەمینەدا، کە خانەوادەکەی و دراوسێ نزیکەکانیان تیایدا خڕبوو بوونەوە، ڕابگرێ. خەریک بوو باڵ بگرێ بۆ چوونە دەرەوە. بێئەوەی گوێ بە نارەزایی دایکی بدات لە ژێرزەمینە ساردەکە وەدەرکەوت. ئوتومبیلێکی زرێپۆشی مۆدیلی "ساگای داچنی" لە کاتێکا بە هەموو لایەکدا تەقەی دەکرد، بە تەق وهۆڕ وبلەز بەلای ماڵی ئەواندا تێپەڕی. چەکدارو سەربازانی پتلیورایی لە دوای زرێپۆشەکەوە، سەراسێمە وتۆقیو، پەشۆکاو و سەرلێشێواو، وپەراگەندە بە هەڵەداوان غاریاندەدا. یەکێک لە چەکدارانی لەشکری تیرەندازی خۆی بە حەوشەکەی ماڵی سێرگیدا کرد، ڕەخت وفیشەکدان وکڵاوخود وتفەنگەکەی بە پەلەپروزێ لە خۆی داماڵی وتووڕیدان، بە سەر پەرژینەکەدا پەڕییەوە وخۆی لە نێو باخەکەدا شاردەوە. سیرگی، لێبڕا تەمەشایەکی شەقامەکە بکات. پتلیورایی‌یەکان بەرەو وێستگاکەی باشووری ڕۆژئاوا هەڵدەهاتن. ئوتومبێلێکی زرێ پارێزگاری لە پاشەکشەکەیان دەکرد. ئەو جادەیەی بەرەو ناوشار دەڕۆیی چۆڵ بوو. بەڵام لە ناکاوا سەربازێکی سوور، هاتە سەر جادەکە، خۆی بە عاردیدا دا و، بە درێژایی جادەکەدا کەوتە تەقەکرن. دوای ئەو سەربازی دووەم وسێیەم هاتن ... سیرگی دەیبینین کە دادەنەوینەوە و بەدەم ڕاکردنەوە تەقەیان دەکرد.

سیرگی کابرایەکی چینی تاوەسووتی، چاوخەواڵووی بە تۆی فانیلەیەکەوە بینی، کە شریتێکی دوور ودرێژی فیشەکی ڕەشاشی لە پشت خۆی ئاڵاندبوو، بێئەوەی سڵ لە هیچ بکاتەوە یان خۆی بداتە پەنایان غاریدەدا، ئەمما غاردان. دوو نارنجۆکیشی بە دەستەوە بوون. سەربازێکی، سووری منداڵکار، بە خۆ ورەشاشێکەوە لە پێش هەمووانەوە غاریدەدا. ئەمانە پێشەنگی ئەو سوورانە بوون کە خۆیان بە شاردا

کردبوو. هەستی شادی سریوژکای داگرت. بلەز خۆی گەیاندە سەرجادەکە وتا هێز لە گەرویا بوو هاواری کرد : - بژی هاوڕێیان!

کابرای چینی کە چاوەڕوانی ئەم شتە نەبوو، چیوای نەمابوو بیکوژێ. ویستی پەلاماری سریوژا بدات. بەڵام سەروسیمای گەش وشادی سریوژ ، ساردی کردەوە. کابرای چینی بە هانکەهانک لە سریوژی پرسی :

- پتلیوراییەکان بەرەو کوێ هەڵاتن؟

لێ سریوژا گوێی نەدایە، خۆی بە حەوشەدا کرد، ئەو تفەنگ وڕەختەی هەڵگرت کە سەربازە پتلیوراییەکە بەجێی هێشتبووو ودووی سەربازە سوورەکان کەوت. کەس بە سریوژای نەزانی تا ئەو کاتەی گەیشتنە وێستگەکەی باشووری ڕۆژئاوا، کە لەوێ ڕێگەیان لە چەند قیتارێکی بارهەڵگری پڕ لە گوللە تۆپ وتەقەمەنی بڕی ودوژمنیان بەرەو لێرەوارەکان ڕاونا. ئەوسا وەستان تا پشوویەک بدەن وهێزەکانیان ڕێکبخەنەوە. ڕەشاش بە دەستێکی گەنج لە سیرگی نزیکبووەوە وبە سەرسامی لێی پرسی : - تۆ کوێندەریت هاوڕێ؟

- من خەڵکی ئێرەم، خەڵکی ئەم شارۆچکەیەم، من چاوەڕوانی ئێوە بووم تا بێنە ناوشارەوە.

- سەربازە سوورەکان لە دەوری سریوژا خڕبوونەوە. کابرا چینییەکە، بە زمانێکی ڕووسی تێکشکاو، کە پیتی (ڕێی) دەکرد بە (لام) گوتی:

- من دەیناسم. هاواڵی (هاواری) دەکرد: "بژی هاوڵێیان!" (هاوڕێیان) و لە سەری ڕۆیی :- بوڵشەفیکە، کوڕێکی باشە.

وبە خۆشەویستییەوە دەستی دا بەشانی سێرگیدا. سێرگی زۆر دڵی خۆش بوو، یەکسەر لە ڕیزەکانی خۆیاندا وەریانگرت، ئیدی شان بە شانی ئەوان و لە شەڕی دەستەویەخەی داگیرکردنی وێستگەکەدا بەشداری کرد . شار گیانی وەبەر هاتەوە، جم وجووڵی تێکەوت، خەڵکە داماوەکە لە ژێرزەمینان وەدەردەکەوتن وبلەز خۆیان

دەگەیاندە بەر دەرگاکان تا ئەو یەکینە سوورانە بدینن کە دەهاتنە ناوشارەوە. ئەنتونینا ڤاسیلیڤنا و ڤالیا، سریوژایان لە ڕیزی سوورەکاندا بینی کە بە بیَ کڵاو ورەخت وفیشەکدان ،تفەنگ بە سەرشانەوە ڕیَی دەکرد.

ئانتونینا ڤاسیلیڤنا بە تووڕەیی دەستەکانی دان بەیەکدا. سریوژای کوڕی خۆی ئارداوی کردووە. ڕاوەستەبۆم! تۆ تەمەشا چۆن تفەنگ بە شان بە بەرچاوی هەموو خەڵکی شارۆچکەکەوە ڕێدەکات. هیچ بیر لە ئایندە ناکاتەوە! ئەنتونینا ڤاسیلیڤنا، لەوەی پتر بە خۆی نەوەستا وهاواریکرد :

– سیردی، یەکسەر بۆماڵەوە! با بێیتەوە پێتی نیشاندەدەم. شەڕی ڕاستەقینەت نیشاندەدەم!

ئەوسا بە هەشتاو بەرەو کوڕەکەی چوو، تا لە ڕیزی چەکدارەکان دەری بێنیَ. بەڵام سریوژکا، ئەو سریوژکایەی کە جارەهای جار گوێچکەی ڕاکێشابوو، مۆڕەیەکی لە دایکی کرد، لە شەرم وتوڕەییدا سوور بووەوە وهاواری بە سەردا کرد :

– هاوار مەکە! لێرە ناڕۆم.

سریوژکا، بێئەوەی بوەستیَ بەلایا تێپەڕی .

ئانتونینا ڤاسیلیڤنا ، زۆر تووڕە بوو :

– ئاوها قسە دەگەڵ دایکتا دەکەی! کەواتە نەخەڵەتابی بۆماڵ بێیتەوە.

سریوژا، بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە هاواریکرد : – نا، هەر نایەمەوە!

ئانتونینا ڤاسیلیڤنا، حایر وحەپەساو، بەو دەقەوە لە سەر جادەکە مایەوە ، ڕیزی جەنگاوەرانی تاوەگاز وتەپ وتۆزاوی بە بەردەمیا تێدەپەڕین.

دەنگێکی تەوسامێزی توند بەرز بووەوە:

- مەگری دایکەگیان ! کوڕەکەت بۆ کۆمیسەری هەڵدەبژێرین.

جەنگاوەرەکان کە گوێیان لەو تەشەرە بوو هەموو بە شادییەوە پێکەنین . لە ڕیزی پێشەوەی جەنگاوەرەکانەوە دەنگێکی زوڵاڵ بەرز بووەوە کە بە هاوئاهەنگی وبە کۆمەڵ ئەم سروودەیان دەگوتەوە :

ئەی هاوڕێیان هەڕنەپێش

بوێر وپتەو وەکو پۆڵا، هەڕنەپێش

سینگی خۆ بکەین بە قەڵغانی گولله

بەعەزمی جەزم، بە لوولە تفەنگ

ڕێگای ئازادی وڵات بکەینەوە

خێرا هەڕنەپێش.

سروودەکە بە یەک دەنگ هەموو ڕیزەکانی گرتەوەو دەنگی زوڵاڵی سریوژکاش، لەم کۆڕەدا بەشدار بوو. خانەوادەیەکی تازەی بۆ خۆ دۆزییەوە، کە نێزەکەی بوو بە یەکێک لە نێزەکانی ئەوان.

***

... کارتۆنێکی سپی بە سەر دەرگای ماڵەکەی لیشنسکییەوە هەڵواسرابوو کە لە سەری نووسرابوو ( Revkom = لیژنەی شۆڕشگێڕ ) .

لە تەنیشت کارتۆنەکەوە تابلۆیەکی زەق وێنەی سەربازێکی سووری بە سەرەوە بوو، ڕاستەو ڕاست دەیڕوانیە خوێنەر وقامکی بۆ سینگی خۆی درێژ کردبوو، لە ژێر ئەم تابلۆیەدا نووسرابوو: " تۆ پەیوەندیت بە سووپای سوورەوە کردووە ؟" .

کادیرانی بەشی سیاسی لەشکر، شەوێ ئەم نووسراوە بانگەشەییانەیان هەڵواسی بوو. هەروەها یەکەمین بەیاننامەی کۆمیتەی شۆڕش، کە ئاراستەی هەموو زەحمەتکێشانی شیتوڤکا کرابوو، بە هەمان شوێنەوە هەڵواسرابوو.

"هاوڕێیان! هێزێن پرولیتاریا، دەستیان بە سەر شاردا گرتووە. دووبارە حکوومەتی سۆڤیاتی دامەزراوەتەوە. داوا لە خەڵکی شار دەکەین، ئارامی شار بپارێزن. تالآنچییە خوێنڕێژەکان، لە شار دەرکراون، بەڵام بۆ ئەوەی جارێکی دی نەگەڕێنەوە وبە یەکجارەکی لە ناو ببرێن، پێویستە پەیوەندی بەڕیزەکانی سووپای سوورەوە بکەن وبە هەموو هێزو توانایەکی خۆتانەوە پشتیوانی لە حکومەت ودەسەڵاتی زەحمەتکێشان بکەن. دەسەڵاتی سووپایی شار، لە لایەن فەرماندەیی سوپاوە بەڕێوە دەبرێ و دەسەڵاتی مەدەنیش، لە لایەن لیژنەی شۆڕشەوە بەڕێوە دەبرێ .

سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕش – دولینیک "

***

خەڵکانی تازە لە ڤێلاکەی لیشنسکی پەیدابوون . وشە وزاراوەی هاوڕێ، کە تا دوێنێ خەڵکی لە سەر دەکوژرا، هەنووکە لە هەموو شوێنێ بەکار دەبراو کەوتبووە سەرزاری گەورە وبچووک. ئەم زاراوەیە، لە ڕادە بەدەر بەزار ولە سەر زار خۆشە!

دولینیک، خەو وخوراکی لە بیر کردبوو. ئەم دارتاشە خەریک بوو دەسەڵات وفەرمانڕەوایی سوڤیاتی دادەمەزراند.

کاغەزێک، بە دەرگای ژوورێکی بچووکی نێو ڤیلاکەوە هەڵواسرابوو، کە بە قەڵەمی ڕەساس لێی نووسرابوو: "کۆمیتەی حیزبی" ئەم ژوورە، ژووری کاری هاوڕێ "ئیگناتیڤا" بوو، هاوڕێی ناڤبری ژنێکی سەلار وسەنگین بوو . بەشی سیاسی لەشکر

ئەو ودولینیکی ڕاسپارد بوو، کە دام ودەزگاکانی فەرمانڕەوایی وحکەموتی سوڤیاتی دابمەزرێنن.

ڕۆژێک بووری. ئێستا کارمەندانی کارگێڕی لە پشت مێزی کارەکانیانەوە دانیشتوون و دەنگی تەقەتەقی تایپ دێت. کۆمیساری ولیژنەی ئازووقە بە سەرۆکایەتی "تیژتیسکی" دامەزراو. ئەم پیاوە ، کەسێکی چالاک ولە هەمان کاتدا توورەیە. تیژتیسکی لە کارخانەی قەندا، یاریدەدەری میکانیسین بوو . لە ڕۆژی یەکەمی بەرقەراربوونی دەسەلاتی سوڤیەتیەوە ،بە ڕژدی پۆلۆنیانی خۆییەوە، کەوتە بەربەرەکانی، ئەو گەورە ئەرستۆکراتانەی کە لە ئیدارەی کارخانەکەدا بوون وژێراوژێر دژایەتی بولشەفیزمیان دەکرد.

تیژیتسکی، لە کۆبوونەوە وجڤینێکی کارخانەکەدا، بە جۆش وخرۆشەوە ، کۆڵەمستی بە قەراخ تریبوونەکەدا کێشا ورووی کردە ئەو کرێکارانەی کە دەوریان دابوو، بە زمانێکی توند وبە پۆلۆنی گوتی :

– هەڵبەتە، ئەوەی چووچوو، جارێکی دی ناگەڕیتەوە. ئیدی بەسە، چ باب وباپیرانمان و چ خۆمان یەک عومری تەواو ڕەنجمان بۆ "پوتوتسکی" دا ، نۆکەریمان بۆکرد. ئێمە کۆشک وتەلارمان بۆ دروستکرد، بەلام خاوەن شکۆ، کۆنت، لە هەنبەر ئەمەدا، تەنیا نانێکی بژی ومەمری دەداینێ. یانی تەنیا ئەوەندەی دەداینێ کە نەمرین ولە کارکردن بۆ ئەو، بەردەوام بین. چەند ساڵە کۆنتانی وەکو پوتوتسکی ومیزادانی وەکو سانگوشکی سواری کۆڵمان بوون؟

– چما لە نێو ئێمەی کرێکارانی پۆلۆنیدا ئەو کرێکارانە کەمن کە پوتوتسکی ، وەکو هەر کرێکارێکی ڕووس وئۆکرانی، چەوساندوونیەوە؟ هەنووکە لە نێو ئەو کرێکارانەدا، دەنگۆیەک لە لایەن نۆکەرانی کۆنتەوە بلاودەکرێتەوە، کە گوایە دەسەلاتی سوڤیاتی، بە دەستێکی پۆلایین هەرهەموویان دەگوشێت.

هاوڕێیان، ئەمە جگە لە بۆختان وئیفترایەکی بێ ئابڕوانە، هیچی دی نییە! هیچ کاتێک کرێکارێکی نەتەوە جیاوازەکان، ئازادییەکی وەکو ئەم ئازادییەی ئێستایان بە

خۆوه نەدیتووه. هەموو پرولیتارەکان بران. بەڵام دڵنیابن، سەری پان ودەرەبەگە پولونیەکان پان دەکەینەوه ...

به دەم قسانەوه دەستی بەرزکردەوەو جارێکی دی به قەراخ تریبوونەکەیا کێشایەوه.

... کێ هانی براکوژی دەدات؟ سوڵتان ونەجیمزادەکان، له کۆنی کۆنەوه، جوتیاره پۆلۆنییەکانیان هاندەدا ودەیانناردنه شەڕی توورکەکان. هەموو کاتێک میللەتێکیان له میللەتێکی دیکه هانداوەو چ نەگبەتیەک به سەر میللەتاندا نەهێنراوه، چ تالآن وبرۆ، کوشت وبڕێک ڕووی نەداوه! ئەمه به قازانجی کێ بووه؟ به قازانجی ئێمه بووه؟! بەڵام بەم زووانه هەموو ئەو دیاردانه کۆتاییان دێ. کۆتایی ئەو مێرووانه نزیک بووەتەوه، دوا دواییانه ئیدی بولشەویکەکان، له سەرانسەری دنیادا دروشمێکیان بەرز کردووەتەوه که بورژاکان زیرەیان کردووه" کرێکارانی جیهان، یەک بگرن !". ئەمه سەرەتای ڕزگای ئێمەیه، ئومێدی ژیانی شادمانی لەوەدایه که کرێکار برای کرێکاربێ. هاوڕێیان پەیوەندی به ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستەوه بکەن! ...

کۆماری پۆلۆنیا دادەمەزرێ ، بەڵام پۆلۆنیایەکی سوڤیاتی ، خاڵی له پوتوتسکیەکان ، ئەوانه لەڕەگ وڕیشەوه هەڵدەکێشین . ئێمه فەرمانڕەوایی پۆلۆنیای سوڤیاتی دەکەین . کێ لەئێوه ( برونیک پتاشینسکی ) ناناسێت ؟ ئەو لەلایەن کۆمیتەی شۆڕشەوه ، به کۆمیسەر وبەرپرسی کارخانەکەی ئێمه دانراوه . ( ئەوەی هیچ نەبوو، دەبێ به هەموو شتێک"، هاوڕێیان، ڕۆژ،ڕۆژی ئێمەیه، هەموو شتێک بەدڵی خۆمان دەبێت، بەڵام گوێ لەو ئەژدیها نادیارانه مەگرن! ئەگەر توانیمان، دۆزی کرێکاران بکەین بەخەم ودۆزی ڕاستەقینەی خۆمان، برایەتی کرێکاران مسۆگەر بکەین، هەنگێ دەتوانین برایەتی هەموو گەلانی جیهان مسۆگەر وبەرقەرار بکەین!

ڤاتسلاڤ تیژیتسکی، له ناخی دڵییەوه ئەو قسه تازانەی کرد، له ناخی دڵی کرێکارێکی سادەوه .

کاتێ لە تریبوونەکە هاتەخوارەوە، کرێکارە گەنجەکان بە چاوانی پڕ لە هاوسۆزی وخۆشەویستیەوە پێشوازیان لێدەکرد و کەوتنە هوراکێشان و بابژی. بەڵام کرێکارە پیرەکان، نەدەوێران هەستی خۆ دەربڕن. لە ئایندە دەترسان: " کێ دەزانێ . لەوەیە سبەینێ بولشەویکەکان پاشەکشە بکەن، هەنگێ دەبێ هەر کەسە وباجی ئەو قسەیە بدات کە کردوویەتی. ئەگەر لە سێدارەش بخەلەسێت، بەلای کەمەوە لەکارخانەکە دەریدەکەن" .

کۆمیسەری فێرکردن وپەروەردە، مامۆستایەکی لاوازی درێژبوو بە نێوی "چرنوپیسکی" ئەمە لە نێو هەموو مامۆستایانی دەڤەرەکەدا، تاقە مامۆستای سەر بە بولشەفیکەکان بوو. سریەی تایبەتی، لە بەرانبەر بارەگای کۆمیتەی شۆڕشدا، بنکەی کردبووەوە. سەربازانی سووری ئەم سریەیە، لە کۆمیتەی شۆڕشدا ئێشکیان دەگرت. شەوان ڕەشاشێکی جۆری ماکسیمیان لەبەر دەرگای باخەکەی کۆمیتەدا، دادەبەست، شریتێکی دوور ودرێژی فیشەک لە مەخزەنەکەیەوە شۆڕ بوو بووەوە. دوو پاسەوانی تفەنگ بەدەست بە دیارییەوە ئێشکیان دەگرت.

هاوڕێ ئیگناتیڤا بەڕێوە بوو بۆ کۆمیتەی شۆڕش، سەربازێکی سووری منداڵکار کە ئێشکی دەگرت، سەرنجی ڕاکێشا. لێی پرسی:- تەمەنت چەندە هاوڕێ؟

- پێم ناوەتە ناو هەڤدەساڵی.

- خەڵکی ئەم شارۆچکەیەی؟

سەربازە سوورەکە، بە پێکەنینەوە دەڵێت :

- بەڵێ، لە پێرێوە پەیوەندیم بە سوپای سوورەوە کردووە.

ئیگناتیڤا، سەراپای لە نیگا گرت .

- بابت کێیە؟

- سەکن شوفێری قیتارە.

دولینیک، لەگەڵ نەفەرێکی سوپاییدا، لە دەرگاکەوە وەژوورکەوت. ئیگناتیڤا، ڕوویکردە دولینیک وگوتی:

– سەرۆکێکم بۆ کومسومولی ناوچەکە دۆزیوەتەوە وخەڵکی ئێرەیە.

دولینیک، نیگایەکی خێرای سیرگی کرد ولێی پرسی :

– تۆ کوڕی کێی؟ ئەها ، کوڕی زاخاری . دەی زۆر باشە. بچۆ گەنجەکان بێنە ڕیزەوەو ڕێکیان بخە.

سریوژا (سیرگی) بە سەرسامی تەمەشای کردن .

– ئەدی سریەکە چی لێبکەم؟

دولینیک، کە بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت، گوتی :

– خۆمان تەگبیری دەکەین.

شەوی، ڕۆژی دواتر، کۆمیتەی یەکێتی لاوانی کۆمۆنیستی ئوکرانیا (کومسومول) دامەزرا .

ژیانی تازە، زۆر بە خێرایی و لە ناکاوا دەستی پێکرد، سەراپای بوونی سریوژای داگیرکرد و خستیە گێژاوی خۆیەوە، سریوژا، خانەوادەکەی خۆی لە بیرکرد، هەرچەندەماڵیان ، زۆر لەم ناوەوە نزیک بوو.

سریوژا بروزژاک، ئێستا بولشەفیکە! بۆ جاری دەیەم ئەو پارچە کاغەزە سپیە مۆرکراوەی لە گیرفانی دەرهێنا کە لە ژێر سەرناڤی کۆمیتەی حیزبی کۆمۆنیستی ئوکرانیادا، لێی نووسرا بوو سریوژا کومسومول و سکرتێری کۆمیتەی لاوانە. خۆ ئەگەر یەکێک باوەڕی نەکردبایە یان گومانی لێکردبا، ئەوا ئەو دەمانچە (مانلیخر)ەی کە لە سەر چاکەتەکەیەوە و لە کیفێکی جانفاسی دەستدرووودا، لە خۆی بەستبوو باشترین بەڵگە بوو، ئەم دەمانچەیە دیاری پاڤل بوو، ئەمە بەڵگەیەکی تەواو

قەناعەتبەخش بوو بۆ کەسانێ کە باوەڕیان نەدەکرد. ئاخ، حەیفێ کە پاڤلوشا لێرە نییە!

سریوژا، ڕۆژ تا ئێوارێ سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەوکارانە بوو کە کۆمیتەی شۆڕش پێی دەسپارد. ئیگناتیڤا هەنووکە چاوەنۆڕی ئەوە. قەرارە بچن بۆ وێستگە، بۆ بەشی سیاسی لەشکر، تا بلاڤۆک وکتێب ورۆژنامە بۆ کۆمیتەی شۆڕش بەرن. سریوژگا، بە هەشتاو خۆی دەگەیەنێتە سەر شەقامەکە. کارمەندێکی بەشی سیاسی، لە بەر دەروازەی کۆمیتەی شۆڕشدا، بە ئوتومبیل چاوەڕوانیان دەکات.

وێستگەکە دوورە، سەرکردایەتی وبەشی سیاسی لەشکری یەکەمی ئوکرانیای سوڤیاتی، لە ناو فارگۆنەکاندا بنکە وبارەگایان دانابوو. ئیگناتیڤا بەدەم ڕێگاوە دەرفەت دێنێ و هەندێ پرسیار لە سیرگی دەکات :

– تۆ لە بوارەکەی خۆتا چ کارێکت کردووە؟ ڕێکخراوەکەت دامەزراندووە ؟ تۆ دەبێ برادەرەکانی خۆت. کوڕە کرێکاران لە خۆ بکەیەوە وڕێکیان بخەیت. دەبێ بەم نزیکانە دەستەی لاوانی کۆمۆنیست دابمەزرێنی. سبەینێ بەیاننامەی کومسومول دەنووسین وچاپی دەکەین. پاشان لاوان لە شانۆکەدا خڕدەکەینەوەو میتینگێک ساز دەکەین، بە شیوەیەکی گشتی و بە کورتی لە بەشی سیاسیدا، بە (ئوستینوڤیچ)ت دەناسێنم، ئەویش لە نێو لاوانا کاردەکات.

ئوستینوڤیچ، کیژێکی هەژدە ساڵانی قژ ڕەش بوو، کە قژی تەواو کورت کردبووەوە. چاکەتێکی تازەی خاکی لە بەربوو، کە پشتێنێکی باریکی لە سەر بەستبوو. سیرگی زۆر شتی تازەی لێوە فێر بوو، بەڵێنی لێوەرگرت لە کارەکەیدا یارمەتی بدات. ئوستینوڤیچ، لە کاتی خواحافیزیدا، یەک بەستەی گەورە بلاڤوک وبڵاوکراوەی دا بە سەریا، نامیلکەیەکی بچووکیشی بە جیا دایێ کە پرۆگرام وپەیڕەوی ناوخۆی کومسومول بوو.

سیرگی، درەنگانی شەو بۆ کۆمیتەی شۆڕش گەڕایەوە. ڤالیا، لە باخچەکەدا چاوەڕوانی دەکرد. یەکسەر بەگلەیی وسەرزەنشتەوە ڕوو بە ڕووی سیرگی بووەوە :

– باشە تۆ شەرم ناکەیت؟ چیە بە یەکجارەکی دەست لە ماڵ هەڵگرتووە؟ دایکمان هەموو ڕۆژێ بۆت دەگری، بابم تووڕە دەبێت، شەڕ دەفرۆشێت.

– ڤالیا گیان خەمت نەبێ، هیچ شتێ ڕوو نادات، کاتی ئەوەم نییە بۆ ماڵ بگەڕێمەوە، بە شەرەفم کاتم نییە، نامپەرژێ. ئەمڕۆش نایەمەوە. بەڵام حەزدەکەم دوو قسەت لە گەڵدا بکەم. وەرە با بچینە ژوورەکەی من.

ڤالیا، خەریک بوو براکەی نەناسێتەوە. تەواو گۆڕابوو. دەتگوت یەکێک بە کارەبا شەحنی (چرچ )کردووە. خوشکەکەی خۆی لە سەر کورسییەک دانیشاند و یەکسەر وبێ هیچ پێشەکییەک گوتی:

– بێ پێچ وپەنا، مەسەلەکە ئەمەیە وەرە ڕیزی کومسومولەوە. تێناگەی؟ مانای کومسومول نازانی؟ واتا یەکێتی لاوانی کۆمۆنیست. من بەرپرسی ئەم کارەم . باوەڕ ناکەیت؟ فەرموو ئەمە بخوێنەوە! ...

ڤالیا، کاغەزەکەی خوێندەوەو بە پەشۆکاوی وسەرسامی ڕوانیە برایەکەی : – من لە کومسومولدا چ بکەم؟

سریوژا، هەردوو دەستی، بەم لاو بەو لادا بڵاوکردنەوە وەک ئەوەی بپرسێت :– چۆن؟ پێت وایە کار نییە؟ گیانەکەم من شەوانیش ناخەوم، شەو وڕۆژ هەر خەریکم. ئیگناتیڤا دەڵێت: دەبێ هەموو لاوان لە هۆڵی شانۆکە کۆبکەینەوەو باسی دەسەڵاتی سوڤیاتی بکەین. بە قسەی ئەو دەبێ منیش لە میتینگەکەدا قسان بکەم، پێموایە ئەمە بێهودەیە، چونکە من نازانم چۆن وتار بدەم. دەی چ دەڵێی، پەیوەندی بە کومسومولەوە دەکەی؟

– نازانم، دایکم ئەوسا بە تەواوەتی تووڕە دەبێت.

سریوژا، بەرپەرچی دایەوە :

- تۆ خەمی دایکت نەبێ، ئەو لەم شتانە تێناگات، تەنیا بیری لای ئەوەیە کە منداڵەکانی لێوەی نزیک بن. ئەو هیچ دژمنایەتییەکی لەگەڵ دەسەڵات و فەرمانڕەوایی سوڤیاتیدا نییە. بەڵکو بە پێچەوانەوە، هاوسۆزیشی لە گەڵدا دەبێت. بەڵام حەزدەکات، لە شەڕگەدا خەڵک بجەنگن ، نەک منداڵەکانی ئەو ، بەڵام ئایا ئەمە ڕەوایە؟ لە بیرتە ژوخرای چی پێدەگوتین؟ تۆ تەمەشای پاڤل بکە، ئەو گوێی لە دایکی نەدەگرت. ئیدی ئەو مافەمان هەیە، کە لە دنیادا بە مەیلی خۆمان بژین. ڤالیا ناشێ دوودڵ بی؟ چەند خۆشە تۆ لە نێو کیژانا و من لە نێو کوڕانا کار بکەین. ئەمڕۆکە ، سەری ئەو شەیتانە قژسوورە، کلیمکا وەردەگێڕم و دەیخەمە ژێر باری کارکرنەوە . دەی ڤالیا ، بڵێ بزانم کارمان لە گەڵدا دەکەیت یان نا؟ فەرموو ئەم نامیلکەیەش دەربارەی ئەم مەسەلەیەیە ...

نامیلکەکەی لە بەرکی دەرهێنا ودایێ. ڤالیا بێئەوەی چاو لە براکەی بگوازێتەوە، بە ئەسپایی پرسی:

- باشە ئەگەر پتلیوراییەکان دووبارە هاتنەوە هەنگێ چ دەبێ؟

سیرگی بۆ یەکەمجار بیری لە وەڵامی ئەو پرسیارە کردەوە.

- من هەڵبەتە لەگەڵ هەمووواندا دەڕۆم. بەڵام سەبارەت بە تۆ چ دەبێ وچۆن دەبێ؟ بێگومان دایکمان بەد بەخت دەبێ.

ئیدی بێدەنگ بوو.

- سیروژا، ناوی من بنووسە، بەڵام با نە دایکم و نەکەسی دی بەمە نەزانن، تەنیا بەینی خۆم وخۆت بێ وتەواو، من لە هەموو شتێکدا یارمەتیت دەدەم، واهی باشترە.

- ڤالیا، هەق بە تۆیە.

ئیگناتیڤا، هاتە ژوورەوە .

- هاوڕێ ئیگناتیڤا ئەمە ڤالیای خوشکمە. باسی بیرۆکەکەم لەگەڵیا کرد. هەموو ئامادەییەکی تیایە، بەڵام دایکمان ژنێکی هەستیار وجدیە، دەکرێ ڤالیا بەدزییەوە، واتا بێئەوەی کەس پێبزانێ، لە ڕێکخراوەکەمان وەربگرین ؟ بۆ نموونە ئەگەر پاشەکشەمان کرد، من چەک هەڵدەگرم ودەڕۆم، بەڵام ئەم دڵی نایەت داکمان بەجێ بێڵێ ...

ئیگناتیڤا لە قەراخ مێزەکە دانیشت وبە وردی گوێی لێدەگرت .

- زۆرچاکە، دەبێت، واباشترە.

***

ئاگادارییەکی زۆر سەبارەت بە سازدانی زوو بە زووی میتینگەکە بە دەرو دیوارەکانی شارەوە هەڵواسرا. گەنجانێکی زۆر بە دەنگ ئەو ئاگاداریانەوە هاتبوون، هۆڵەکە پڕبوو. ئورکستەری هەوایی کرێکارانی کارخانەی قەند، خەریکی موزیک ژەندن بوو. زۆربەی هەرە زۆری ئامادەبووان کوڕ وکچێن خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی پەیمانگاکان بوون. ئەمانە زیاتر بۆ دیتنی نمایشنامە هاتبوون تا بۆ بەشداری لە میتینگ.

ئەنجام پەردە هەڵدرایەوە، هاوڕێ "ڕازین" ی سکرتێری کۆمیتەی ناوچە کە تازە لە ناوچەوە هاتبوو، لە سەر سەکۆی شانۆیەکە دەرکەوت. هاوڕێ رازین، پیاوێکی ئەندام وردیلەی لاوازی کەپوو چکۆلە بوو، سەرنجی هەموو ئامادەبووانی بۆ خۆی ڕاکێشا. زۆر بە وردی گوێیان لە وتەکانی دەگرت، باسی ئەو خەباتەی دەکرد کە سەرانسەری وڵاتی گرتبووەوە و داوای لە لاوان دەکرد کە لە دەوری حیزبی کۆمۆنیست خڕببنەوە. وەکو وتاربێژێکی کارامە قسەی دەکرد. وتارەکەی پڕبوو لە وشە وزاراوەێن وەک "مارکسیانی توندڕەو، سوسیال شوفینیزم" وگەلێ وشەی تری لەو بابەتە کە هەڵبەتە گوێگران لێی تێنەدەگەیشتن. کاتێ وتارەکەی تەواوکرد،

ئامادەبوان بە چەپڵەی گەوم دەستخۆشیان لێکرد. ئیدی ڕێگەی بۆ سیرگی خۆشکرد تا قسە بکات.

ئەوەی سیرگی لێی دەترسا، ڕوویدا. دەنگی دەر نەدەهات، قسەی بۆ نەدەهات، وشەی لێ چووبوونە قاتی " چی بڵێم ؟ دەربارەی چی قسە بکەم؟" لە کاتێکا بۆ وشە دەگەڕاو هیچ وشەیەکی بۆ نە دەهات، ئیگناتیڤا فریای کەوت و لە پشت مێزەکەوەو بە چپە گوتی :

- باسی دامەزراندنی ڕێکخراو بکە.

سریوژا، یەکسەر کەوتە باسی هەنگاو وڕێکارە پراکتیکیەکانی ئەو بوارە.

- هاوڕێیان، گوێتان لە هەموو بابەتەکان بوو، هەنووکە دەبێ دەست بەدامەزراندنی ڕێکخراو بکەین، کێ لە گەڵ ئەم کارەدایە؟

بێدەنگی باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشا .

ئوستینوڤیچ، فریاکەوت. کەوتە باسی ڕێکخراوی لاوانی مۆسکۆ بۆ ئامادەبووان، سیرگی بە پەشۆکاوی لا کەوتە لاوە. ئەم هەڵوێستە سارد وسڕەی سەبارەت بە دامەزراندنی ڕێکخراوەکە لە بەرگران بوو، نیگایەکی تووڕە وناڕازی بە هۆڵەکەدا گێڕا. ئامادەبووان بە بێموبالاتیەوە گوێیان لە قسەکانی ئوستینوڤیچ دەگرت. زالیڤانوڤ، شتێکی بە گوێی لیزا سوخارکودا چپاند وبە ڕقەوە تەمەشایەکی ئوستینوڤیچی کرد.

لە ڕیزی پێشەوە کیژانی دوا ساڵی ئامادەیی، کە دەم وچاویان لە مکیاجدا هەڵکێشابوو وچاوە باشقاڵەکانیان بە هەموو لایەکدا دەگێڕا، لە بەینی خۆیاندا قسانیان دەکرد.

کۆمەڵێک سەربازی گەنجی سوپای سوور، لە سووچێکی دەروازەی سەکۆی شانۆکەدا دانیشتبوون. سیرگی لە ناو ئەو سەربازانەدا، ڕەشاشچییە گەنجە ئاشناکەی ناسییەوە. ڕەشاشچیەکە لە قەراخ سەکۆی شانۆکە دانیشتبوو، نیگەران

وناڕەحەت وبێئۆقرە، بە نەفرەتەوە دەیڕاونیە "لیزا سوخارکو و ئانا ئادەمۆسکایا" کە جل وبەرگی شیکیان پۆشی بوو. ئەوانە بێ هیچ لە ڕوو دامانێک، بێ هیچ شەرم وشوورەییەک دەگەڵ کاڤالیەکانیاندا قسەیان دەکرد.

ئوستینوڤیچ، کە هەستی کرد وەکو پێویست گوێ لە قسەکانی ناگیرێت، بلەز وتارەکەی خۆی تەواوکرد وتریبونەکەی بۆ ئیگناتیڤا چۆڵکرد. ئیگناتیڤا بە وتارە نەرم وئارامەکەی خۆی، ئامادەبووانی بێدەنگ کرد. گوتی:

– هاوڕێیانی لاو، هەر یەکێک لەوە دەتوانێ بیر لەو قسانە بکاتەوە کە لێرە گوێی لێبوون. من دڵنیام لە نێو ئێوەدا کەسانێک هەن، دەیانەوێ وەکو هاوڕێ ڕاستگۆ، بە کردەوە بەشداری لە شۆڕشدا بکەن. نەک لە دوورەوە تەمەشاڤان بن. دەرگا لە بەردەم ئێوەدا کراوەیە. ئیدی بڕیار بڕیاری ئێوەیە، ئێوە سەرپشکن و ئێمە گەرەکمانە خۆتان بڕیاری خۆتان بدەن. داوا لە ئارەزوومەندان دەکەین قسەی خۆیان بکەن وبۆچوونی خۆیان دەربڕن.

جارێکی دی بێدەنگی باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشایەوە. لێ لەم کاتەدا دەنگێک لە ڕیزەکانی دواوە بەرز بووەوە:

– من گەرەکمە قسە بکەم.

میشالیڤچوکوف، بە چاوانی کەمێک خێلەوە، کە لە بێچووە ورچ دەچوو، هاتە سەر شانۆ.

– ئەگەر وایە، دەبێ یارمەتی بولشەفیکەکان بدرێ، من ڕازیم، سیرگی من دەناسێت، من پەیوەندی بە کومسومولەوە دەکەم.

سریوژا، لە خۆشیا بزەیەکی هاتێ وگەشایەوە، لە ناکاوا خۆی بە ناوەندی شانۆکەدا کرد وگوتی :

– هاوڕێیان، ئێوە بە خۆتان دەبینن، من هەمیشە گوتوومە کە میشا کوڕێکی زۆرباشە، کوڕە نە گاڵتە. چونکە بابی مقەسچی قیتاران بوو و کەوتە ژێر قیتارەوە،

بۆیە میشکا لە خوێندن بێبەش بوو، وهەر چەندە مەکتەبی تەواو نەکردووە، بەڵام یەکسەر لە دۆزەکەی ئێمە تێگەیی.

سەروسەدا لە هۆڵەکە بەرزبووەوە. "ئوکوشیف "ی خوێندکاری ئامادەیی وکوڕی دەرمانساز، کە کاکۆڵەکەی بە ڕێک وپێکی شانە کردبوو، مۆڵەتی قسەکردنی خواست. دەستێکی بە چاکەتەکەیدا هێنا ودەستی بە قسان کرد : – هاوڕێیان، من مەعزەرەت دەخوازم. من نازانم چییان لەمە گەرەکە. ئایا دەیانەوێ کاری سیاسی بکەین؟ ئەدی کەی بخوێنین؟ ئێمە پێویستە خوێندن تەواو بکەین. ئەگەر مەسەلەکە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی وەرزشەوانی یان یانەیەک بوایە بۆ گردبوونەوە وکتێب خوێندنەوە، شتێکی دیکە بوو. بەڵام ئەگەر کاری سیاسەت بکەین، ئەوا سەرمان دەخوات وپاشان لە سێدارە دەدرێین، داوای بوردن دەکەم. باوەڕ ناکەم کەس، بۆ ئەم  کارە ئامادە بێت.

دەنگی پێکەنین لە هۆڵەکەدا بەرز بووەوە. ئوکوشیف لە شانۆکە هاتەخوارەوە ولە جێگای خۆی دانیشتەوە. دوای ئەو، سەربازە گەنجە ڕەشاشچیەکە بۆ قسەکردن هەستا، بە ڕقەوە کڵاوەکەی هێنایە سەر هەنیەی وبە تووڕەیی چاوی بە ڕیزی ئامادەبووەکانا گێڕاو بە توندی هاواریکرد: – بە چی پێدەکەنن نامەردینە؟

  چاوەکانی دەتگوت دوو کوڵۆ زوخاڵی داگیرساون . هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا ، لە کاتێکا سەراپای لە تووڕەییدا دەلەرزی، دەستی بە قسان کرد :

– من نێوم ژارکی ئیڤانە. من نە بابم دەناسم و نە داکم. من بە بێکەسی گەورە بووم، دەر بە دەر وئاوارە لە پەنا دیوارانا پەروەردە بووم، بەسکێ تێر وبە دە سک برسی بووم، بە عەزرەتی پەنایەکەوە بووم. ژیانم ، ژیانی سەگ بوو، نەک وەکو ژیانی ئێوەی بە ناز پەروەردە، بەڵام کە حکومەت ودەسەڵاتی سوڤیاتی بەرپابوو، سەربازانی سوپای سوور هەڵیانگرتمەوە، لە ڕیزەکانی خۆیاندا قەبووڵیان کردم، جل وبەرگیان دامێ، پۆشتەیان کردمەوە، پێڵاویان دامێ، فێری خوێندن ونووسینیان کردم، لە هەموو ئەمانە گرینگتر، چەمکی ئینساندۆستیان لا چەسپاندم. لە ڕێگەی

ئەوانەوە بووم بە بوڵشەفیک و تا دەمرم هەر بوڵشەفیک دەبم. من زۆر چاک دەزانم کە خەبات لە پێناوی چیدایە، لە پێناوی ئێمەدایە، لە ڕای هەژاراندایە، لە پێناوی دەسەڵاتی چینی کرێکاراندایە. کەچی ئێوە ئێستا وەکو یابوو دەحیلێنن ونازانن، دوو سەد هاوڕێ لە دەورو بەری شارا کوژراون ولە خاک وخۆڵا کەوتوون ... - لێرەدا دەنگی ژارکی وەکو ژێی تووندکراو لەرییەوە- ئەوانە بێ هیچ دوودڵییەک، ژیانی خۆیان لە پێناوی شادمانی ئێمەدا، لە ڕێی دۆزەکەی ئێمەدا بەختکرد... خەڵکی لە سەرانسەری وڵاتدا دەمرن، لە هەموو شەڕگەکاندا دەکوژرێن، کەچی ئێوە بۆ خۆتان لەکەیف وسەیراندان، ئێوە هاوڕێیان - ژارکی لە ناکاوا ڕووی کردە دەستەی بەڕێوەبەری میتینگەکە، ئەمانە- ژارکی بە قامک ئاماژەی بۆناو هۆڵەکە کرد - ئەمانە دەدوێنن . باشە ماقووڵە ئەمانە لە ئێوە تێبگەن ؟ نەخێر تێر ئاگای لە برسی نییە، تێر برای برسی نییە. لە هەموو هۆڵەکەدا، تەنیا یەک کەس بە دەنگتانەوە هاتووە، ئەویش بابایەکی هەژاری سێوییە. ئێمە پێویستیمان بە ئێوە نییە- بە تووڕەیی ئاماژەی بۆ ئامادەبووان کرد- بەبێ ئێوەش کارمان ڕایی دەبێت، لێتان ناپاڕێینەوە، خێرتان نییە، شەڕتان بە پای سەگ! - دواجار، بە دەم هانکە هانکەوە هاواریکرد:- ئەم خەڵکانە هەر بۆ ئەوە باشن بەر دەستڕێژی ڕەشاش بدرێن!

ئەوسا بێئەوەی تەمەشای کەس بکات، بەرەو دەرگای دەرەوە چوو.

هیچ کەسێک لە دەستەی بەڕێوەبەر بۆ ئاهەنگەکەی شەوێ نەمایەوە.

کاتێ گەیینەوە کۆمیتەی شۆڕش، سریوژا بە خەمبارییەوە گوتی :

- عەجەب گاڵتەجاڕییەک بوو! هەق بە ژارکییە. هیچمان لەم مەکتەبلیانە هەڵنەکڕاند. پیاو خوای بە دەستیانەوە نامێنێ.

ئیگناتیڤا، قسەکەی پێبڕی :

– شتێکی سەیر نییە، تەقریبەن هیچ لاوێکی پرولیتاری لێرەدا نییە. زۆربەی خەڵکەکە یان وردەبورژوان یان ڕۆشنبیرانی شاری و کاسبکارانی بیر تەسکن. دەبێ لە نێو کرێکاراندا کاربکەین. پشت بە کارخانەکانی داربڕین و قەند ببەستین. بەڵام بە هەرحاڵ ئەم میتینگانە سوودی خۆشیان دەبێت، لە نێو خوێندکاراندا خەڵکانی باش پەیدا دەبن.

ئوستینوڤیچ، قسەکەی ئیگناتیڤای بەگەن کرد وگوتی :

– سیرگی، ئەرکی ئێمە ئەوەیە بە بێ کۆڵدان، ئایدیاو دورشمەکانی خۆمان بڵاوبکەینەوەو بیبەینە مێشکی هەر ئینسانێکەوە. حیزب هەموو زەحمەتکێشان لە هەموو بویەر وڕووداوێکی نوێ ئاگادار دەکاتەوە.

ئێمە زنجیرەیەک میتینگ وکۆبوونەوەو کۆنفرانس بەرپادەکەین. بەشی سیاسی لەشکر، لە وێستگاکەدا، شانۆیەکی هاوینە دەکاتەوە. لەم ڕۆژانەدا قیتاری بانگەشە وڕاگەیاندن دەگاتە جێ وئیدی بە هەموو توانایەکەوە پەرە بە کارەکانمان دەدەین. ئەو قسەیەی لینین بکەن بە سەرمەشق کە دەیگوت: ئەگەر ملیۆنان ملیۆن زەحمەتکێش ڕانەکێشنە ناو خەباتەوە، سەرکەوتن بە دەست نایەنین.

سریوژا، درەنگانێکی شەو، ئوستنیوڤیچای گەیاندە وێستگاکە، لە کاتی خواحافیزیدا دەستی گوشی، بۆ چرکەیەک دەستی ئەوی لە نێو دەستی خۆیدا ڕاگرت. بزەیەکی کاڵ، کە بە ئاستەم هەستی پێدەکرا، نیشتە سەر لێوی ئوستنیوڤیچ .

سیرگی، لە گەڕانەوەدا، بەرەو ماڵی خۆیان لایدا، بە بێدەنگی و بێ هیچ ناڕەزاییەک، هێرشەکانی دایکی تەحوموول کرد. بەڵام کاتێ بابی، واتە زاخارڤاسیلیڤچ کەوتە گلەیی و هێرش، سیرگی زۆر بە توندی بەرپەرچی دایەوەو بێدەنگی کرد:– گوێ بگرە باوکە. کاتی خۆی، لە زەمانی ئەڵمانەکاندا کاتێ ئێوە مانتان گرت ولە ناو قیتارەکەدا پاسەوانەکەتان کوشت، تۆ هیچ بیرت لە ماڵ ومنداڵ کردەوە؟ هەڵبەتە بیرت لێکردوونەتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەش هەر ئەو کارەت کرد، چونکە ویژدانی کرێکارانەت واداری ئەو کارەی کردبوویت. منیش بیرم لە کەس

وكار كرووەتەوە. من دەزانم كە ئەگەر پاشەكشە بكەین، لە سەر من سۆراخ وتاقیب دەكرێن، ڕاوەدوو دەنرێن. بەڵام ئەگەر سەركەوتنیش بە دەست بێنین، ئەوا قسەمان دەڕوات. بە هەرحاڵ ئەز ناتوانم دەستەو ئەژنۆ لەماڵەوە دابنیشم. باوكە گیان، تۆ بە چاكی لەمە تێدەگەی. ئیدی ئەم خوتەخوت وبۆڵە بۆڵە بۆدەكەیت؟ من لە پێناوی دۆزێكی گەورەدا دەخەبتم، هەق وایە هانم بدەی، لە جیاتی یارمەتیم بدەیت، شەڕم پێ دەگێڕیت. باوكە وەرە با ئاشت ببینەوە ، هەنگێ داكیشم هێور دەبێتەوەو هاوارم بە سەردا ناكات.

بە چاوە شینە زەلاڵەكانی ڕوانیە بابی وپشت بە هەقانییەتی خۆی، بزەیەكی میهرەبانانەی بە ڕووی باوكیدا دا.

"زاخارڤاسیلوڤیچ " بە نیگەرانییەوە لە سەر تەختەكە جوڵا وبزەیەكی كرد وددانە زەردەكانی لە ژێر سمێڵە چڕو زبرەكەی و ڕدێنە نەتاشراوەكەیەوە دەركەوتن.

- تۆ ختوكەی سۆزو ویژدانی كرێكارانەم دەدەی هەی نارەسەن؟ پێت وایە ئەگەر دەمانچەت بەستبێ، ناتوانم بەر كەمەربەندت بدەم ومار هەنجنت بكەم؟

بەڵام هیچ ماك ونیشانەیەكی گەڤ بە دەنگییەوە دیارنەبوو. ئەوجا خۆی هێور كردەوەو دەستە قلێشاوەكانی بۆ كوڕەكەی درێژكرد ولە سەری ڕۆیی :- سریوژكا، برۆ، كاری خۆت بكە، مادامێكی ئەوە باوەڕ وقەناعەتتە ، ڕێگریت لێناكەم ، بەڵام ئێمە لە بیر نەكە، سەرمان بدە.

***

شەوە، تیلماسكە ڕووناكییەكی باریك لە دەرگا نیوە وازەكەوە داویە لە پلیكانەكان. لە ژوورێكی گەورەی موبیلەكراو بە قەنەفەێن نەرم ونۆڵی مەخمەڵ پۆشدا، لە پشت مێزە پان وگەورەكەی پارێزەری دادگاوە پێنج كەس دانیشتوون كە بریتین لە دولینیك، ئیگناتیڤا، سەرۆكی "چكا" (هەواڵگری، كۆمیتەی نا ئاسایی دژی دژبەرانی شۆڕش)، تیموشنكو كە بە خۆ وكڵاوە فەرووەكەیەوە هەر لە قرغیزیان دەچوو.

لەگەڵ دوو نەفەری دیکەی ئەندامێن کۆمیتەی شۆڕشدا : شودیک کە کرێکارێکی لەندەهۆری ڕێگای ئاسن و "ئوستاب چوک" کە کرێکاریکی کەپوو پسی دەبۆکە بوو. کۆبوونەوەی کۆمیتەی شۆڕشە.

دولینیک، بە سەر مێزەکەدا دانەوی بووەوەو نیگای تیژی بڕی بووە ئیگناتیڤا و بە دەنگێکی گیراو قسەی دەکرد :

– شەڕگە پێویستی بە ئازووقەیە. کرێکاران پێویستیان بە خواردنە. هەرکە ئێمە گەیشتینە ئێرە، دوکاندار وکاسبکاران نرخی کەل وپەل وشتیان بەرز کردەوە. پارەی سوڤیاتی وەرناگرن. سەواو مامەڵەیان بە پارەی کۆنی تزار نیکۆلای یان بە "کرنکا "ی زەمانی حکومەتی کاتی کرنسکییە . دەبێ ئەمڕۆکە نرخی پێداویستیان دیاری بکەین. هەر چەندە چاک دەزانین هیچ کەسێک لەو مۆنۆپۆلیست وسووخۆرانە، شت بە نرخێن دیاریکراو نافرۆشن و کاڵا وشمەکەکان دەشارنەوە. لەم حاڵەتەدا، دەبێ بکەوینە تاقیب ودەست بەسەر هەر هەموو کالا وشمەکەکانی ئەم گرانجانانەدا بگرین. جا نابێ هیچ چاوپۆشییەک لە هیچ کەسێک بکەین. نابێ ڕێگە بدەین کرێکاران لەوەی پتر برسیەتی بکێشن. هاوڕێ ئیگناتیڤا، جەخت لەوە دەکات کە نابێ توندڕەوی لەم کارەدا بکەین. جا بەڕای من ئەمە زادەی نەرمکێشی ڕۆشنبیرانەی ئەوە. زویر مەبە " زویا" من باسی واقیع دەکەم، باسی ئەو شتە دەکەم کە لە واقیعدا هەیە. ئەمە جگە لەوەی کە مەسەلەکە، لە گەڵ خوردە بازرگاناندا نییە.

من ئەمڕۆکە زانیاریم دەستکەوتووە کە لە ماڵی "بوریس زون"ی مەیخانەچیدا، ژێرزەمینێکی نهێنی هەیە کە خاوەن موغازە گەورەکان، تەنانەت بەر لە هاتنی پتلیوراییەکانیش، بەشێکی زۆری کالاکانی خۆیان لەوێندەر شاردووەتەوە.

ئەوجا بە دەم ژارخەنێکەوە نیگایەکی بە ماناوەی تیموشنکوی کرد.

تیموشنکو، بە شپرزییەوە گوتی : – ئەمەت لە کوێوە زانی؟

تیموشنکو، پێی ناخۆشبوو که دولینیک هەموو زانیارییەکی لە پێش ئەوەوە پێدەگەیی! لە کاتێکا دەبوو تیموشنکو، بەر لە هەموو ئەوانی دی، ئەو زانیاریانەی پێبگات.

دولینیک بە دەم پێکەنینەوە گوتی :

– ها، ها، براگیان من هەموو شتێک دەبینم. من هەر ئاگام لە مەسەلەی ژێرخانەکە نییە، بەڵکو ئەوەش دەزانم کە تۆ دوێنێ دەگەڵ شوفێرەکەی فەرماندەی لەشکردا، نیوقاپ "ساماگون"(عەرەقی خۆماڵی)ت خواردووەتەوە.

تیموشنکو، لە سەر کورسییەکەی جوڵا، ڕوخسارە زەردەکەی سوور هەڵگەڕا . تیموشنکو بە نەبەدڵییەوە گوتی :

– عەجەب جنێکی، ئەی ئافەرین بۆخۆت!

بەڵام هەرکە چاوی بە ئیگناتیڤای پەست وتووڕە کەوت، بێدەنگ بوو. تیموشنکو، لە کاتێکا کە دەیڕوانیە سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕش لە دڵی خۆیدا گوتی : " ئەمە چ دارتاشێکی ئیبلیس سیفەتە! بۆ خۆی دەزگایەکی هەواڵگری تایبەتی هەیە" .

دولینیک، بەردەوام بوو :

– من ئەم زانیاریەم لە "سیرگی بروزژاک"ەوە زانیوە، ئەو برادەرێکی هەیە ، لە بوفە ومەیخانەدا کاردەکات وئەو زانیاریانەی لە ئاشپەزەکانەوە زانیوە کە گوایە زون کاتی خۆی هەموو پێویستییەکی بە زیادەوە بۆدابین کردوون. دوێنێ سریوژا، زانیاری وردی بەدەست هێناوە : ئەو ژێرزەمینە ، ڕاستە وهەیە، بەڵام دەبێ بدۆزرێتەوەو بزانرێ لە کوێیە. جا تیموشنکۆ، هەندێک لە هاوڕێکان، با سیرگیشیان لەگەڵ بێ، لەگەڵ خۆتا ببە، هەر ئەمڕۆ هەموو شتێک کەشف بکە! ئەگەر بەختمان یار بوو و ژێرزەمینەکە دۆزرایەوە، هەنگێ پێداویستیە خوراکییەکانی کرێکاران وکۆمیتەی ئازووقەی لەشکر دابین دەکەین.

دوای نیوسەعات، هەشت چەکدار خۆیان بە ماڵەکەی خودان مەیخانەکەدا کرد، دوو نەفەریش لە سەر جادەکە ولە بەر دەرگای حەوشە وەستان.

خاوەن ماڵەکە، کە پیاوێکی کورتەبالای، قەڵەوی بەرمیل ئاسا بوو ورِدێنە زبر وسوورەکەی ڕوخساری داپۆشی بوو، بە لاقە دارینەکەیەوە، بە تەقەتەق هاتە بەردەم ئەو چەکدارانەی هاتبوونە ژوورەوە، بە ڕووبینی و ڕیاوە، بە دەنگێک کە لە بنەبانی گەروویەوە دەردەهات پرسی :

- هاوڕێیان خێرە؟ بۆچی بەم درەنگانە هاتوون؟ ...

کچەکانی زون، خۆیان لە ڕۆبەکانیانەوە پێچابوو و چاویان لە بەر تیشکی لایتەکەی دەستی تیموشنکو بچووک کردبووەوەو لە پشت باوکیانەوە وەستابوون، ژنە قەڵەوەکەشی لە ژوورەکەی تەنیشتەوە بە هانکە هانک خەریکی جل لە بەرکردن بوو.

تیموشنکو، بە دوو وشە هۆی هاتنەکەیانی ڕوونکردەوە :

- پشکنین دەکەین .

بست بە بستی ماڵەکە هاتە پشکنین . عەمارێکی گەورە کە پڕبوو لە دار وئیزینگ، مووبەقەکە، ژێرزەمینێکی گەورە، ئیدی هەموو شوێنێک هاتە پشکنین. بەڵام ژێرزەمینە نهێنییەکەیان بۆ نەدۆزرایەوە و نەدۆزرایەوە.

کارەکەرەکەی خودان مەیخانەکە، لە ژوورێکی بچکۆلەی پێش مووبەقەوە ، خەوێکی قووڵی لێکەوتبوو، بە ڕادەیەک خەوەکەی خۆشبوو، کە لە دەنگەدەنگ وهاتنە ژوورەوەی ئەوان بێدار نەبوونەوە. سیرگی بە پارێزەوە بێداری کردەوە و هەر بە خەواڵوویەوە لێی پرسی :

- تۆ لێرە کاردەکەی؟

کیژێ، لێفەکەی دا بەسەر شانی خۆیدا، بە دەست بەری ڕووناکییەکەی گرت وهێشتا نەیدەزانی مەسەلە چیە، بە سەرسامی بەرسڤی دایەوە :

- بەڵێ لێرە کاردەکەم . ئێوەکێن؟

سیرگی، بۆی ڕوونکردەوە ولە ژوورەکە دەرکەوت تا ئافرەتەکە خۆی پۆشتە بکاتەوە.

تیموشنکو، لە ژوورە گەورەکەی نانخواردندا، پرس وجۆی لەگەڵ خودان مەیخانەکەدا دەکرد. خاوەن مەیخانەکە، بە هانکەهانک وبە دەم تف پرژانەوەو بە هەڵچوونەوە قسەی دەکرد :

- ئێوە چیتان دەوێ؟ من هیچ ژێرزەمینێکی دیکەم نییە، ئێوە بە خۆڕایی خۆتان ماندوو دەکەن. ڕاستە من کاتی خۆی باڕ ومەیخانەم هەبوو، بەڵام ئێسا بابایەکم هەژار وبێنەوا. چەکدارانی پتلیورا تالانیان کردم، چیوای نەمابوو بمکوژن، من زۆر بە حکومەتی سوڤیاتی خۆشحاڵم، من هەرچیەکم هەیە، ئەوەیە بە بەرچاوتانەوە.

لێرەدا، باسکە کورت وقەڵەوەکانی بڵاوکردنەوە. چاوە سوورەکانی لەسەرۆکی چکاوە (چکا : هەواڵگری، کۆمیتەی نا ئاسایی، سەرانسەری ڕووسیا، تایبەت بە دژایەتی، دژبەرانی شۆڕش) گواستنەوە بۆ سەر سیرگی ولە سەر سیرگییەوە بۆ سووچێکی ژوورەکە وئەوسا بۆ ساپیتەی ژوورەکە.

تیموشنکۆ، بە تووڕەیی، لێوی خۆی دەکرۆشت :

- یانی ئامادەنیت، ژێرزەمینەکەمان پێ نیشانبدەیت؟ بۆ دوایەمین جار، پێت دەڵێم ژێرزەمینەکەمان پێ نیشانبدە.

ژنەکەی، کابرای مەیخانەچی، هەڵیدایە :

- ئەوە تۆ چ دەڵێی هاوڕێ ئەفسەر. ئێمە خۆمان برسین! ئاخر ئەوانە دارو نەداریان تالان کردین.

هەوڵیدا، بگری بەڵام نەیتوانی . سریوژا، هەڵیدایە :

– ئەگەر برسی بوونایە، کارەکەرتان ڕانەدەگرت.

– کارەکەری چی! کیژێکی بێنەوایە و لە ماڵی ئێمەدا دەژی . هیچ شوێنێک شک نابات تا بڕوات. خودی خریستینا گازبکەن، با خۆی قسەتان بۆ بکات

تیموشنکو، کاسەی سەبری پڕبوو وهاواریکرد :

– دەی باشە، با دەست بەکاربین! ...

دنیا ڕووناک بووبووەوە، بەڵام سوراخ وپشکنین هێشتا لە ماڵی خاوەن مەیخانەکەدا بەر دەوام بوو. تیموشنکو، کە لە بێ ئەنجامی گەڕان وپشکنینە سیازدە سەعاتیەکەی خۆیان تووڕە بووبوو، خەریک بوو بڕیاری ئەوەی دەدا دەست لە گەڕان وپشکنین هەڵگرن وبڕۆن، کە سریوژا، لە کاتێکا لە سەر ڕۆیشتن بوون، لە ژووره بچکۆلەکەی کارەکەرەکەدا گوێی لە چپەی ئەوبوو کە گوتی :

– وابزانم، لە ژێر سوپاکەی ناو مووبەقەکەدایە.

دوای دە دەقیقە، سۆپا ڕووسیەکەیان لابردو لە ژێر سۆپاکەدا، قەپاخێکی ئاسنیان بە سەر کونێکەوە بەدی کرد. دوای سەعاتێک پیکابێکی دووتەنی ، پڕ لە بەرمیل وجلیکانە وکیسە وتەلیسانی پڕ لە شت، لە بەرماڵی کابرای مەیخانەچیەوە، بە ناو ئاپۆڕای تەماشاڤانانی حایرو حەپەساوەوە کەوتەڕێ.

***

ماریا یاکوفلیڤنا، لە ڕۆژێکی گەرما، بە خۆی وبۆخچەیەکی بچووکەوە لە وێستگاکەوە بۆماڵ هاتەوە. کاتێ بەسەرهاتی پاڤکای لە ئارتیم بیست، ئیدی کونی فرمێسکانی بەرەڵڵا بوو وگریا وئەمما گریان. ئیدی ژیانی بە تەواوەتی ناخۆشبوو، بە ناچاری جلشۆری سەربازانی سووری دەکرد، ئەوانیش لە بری ئەو کارە جیرەیەکی سوپاییان بۆ دابینکرد .

ئێوارەیەک ئارتیم زووتر لە کاتی ئاسایی ڕۆژانە هاتەوە. تەپ لە پەنجەرەکەی دا. ئارتیم پاڵی وەدەرگاکەوە ناو لە ئاستانەی دەرگاکەوە گوتی : - هەواڵی پاڤکا هاتووە .

پاڤکا نامەی ناردبوو، لە نامەکەدا نووسی بووی :

"برای ئازیزم ئارتیم، هەرچەندە سیحەتم زۆرباش نییە، بەڵام دڵنیابە کە زیندووم گوللەیەک بەر ڕانم کەوتووە، بەڵام بەرەو چاکبوونەوە دەڕۆم. دوکتۆر دەڵێت، گوللەکە ئیسقانی نەگرتووە. خەمی منت نەبێ، چاک دەبمەوە، لەوەیە مادوونی وەربگرم ، کە لە خەستەخانە دەرچووم دێمەوە . من بە خزمەتی دایکم نەگەییم وئێستا سەربازی سوورم لەو تیپەی کە بە ناوی هاوڕێ" کوتوفسکی "یەوە ناونراوە. کە پێموایە بە هۆی قارەمانیەتێکانیەوە ناویت بیستووە، من تاکو ئێستا پیاوی وام نەدیتووە ، ڕێز وحورمەتێکی یەجگار زۆرم بۆی هەیە. ئاخۆ دایکمان هاتووەتەوە؟ ئەگەر هاتووەتەوەو لە ماڵە سڵاوی گەرمی کوڕە چکۆلەکەی پێبگەیەنە. داوای بوردن دەکەم کە بووم بە مایەی نیگەرانیتیان . برای خۆت ...

ئارتیم، بڕۆ بۆ ماڵی جەنگەڵوانەکە و، هەواڵی ئەم نامەیەی پێبگەیەنە " .

ماریا یاکوفلیڤنا، فرمێسکێکی زۆری هەڵڕشت . بەڵام کوڕە نارەسەنەکەی تەنانەت ئەدرەسەکەی خۆیشی نەنووسی بوو.

***

سریوژا، زوو زوو هاتوچۆی ئەو ڤارگۆنە سەوزەی وێستگاکەی دەکرد کە لێی نووسرابوو: " بنکەی ڕاگەیاندن ومیدیایی بەشی سیاسی لەشکر " . ئوستینوڤیچ ومیدفیدیفا، لێرە، لە کەرەڤانەیەکی بچووکدا کاریان دەکرد. میدفیدیفا، هەمیشە جگەرەیەکی بە لا لێوەوە بوو وبزەیەکی مەکربازانە نیشتبووە سەر لێوی.

سیرگی، کە سکرتێری کۆمیتەی کومسومولی ناوچەکە بوو، بە بێئەوەی بە خۆ بحەسێت، تەواو هۆگر وڕمموودەی ئوستینوفیچ بوو بوو، کە لە وێستگەکە

دەگەڕایەوە، تەنیا بە کۆمەڵێک کتێب وبڵاڤۆک ورۆژنامە وبڵاوکراوەوە نە دەگەڕایەوە، بەڵکو هەستێکی گونگی شادمانیشی، هەستی ئەو دیدارە کورتەی ئۆستینوڤیچیشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنایەوە.

بەشی سیاسی لەشکر، شانۆیەکی کراوەی هەبوو، ئەم شانۆیە هەموو ڕۆژێ لە کرێکاران وسەربازانی سوور پڕدەبوو. قیتاری ڕاگەیاندنی سەر بە سوپای دوازدە، کە سەراپای لە دروشمی ڕەنگاو ڕەنگدا نقوم بوو، لە سەر سکەی لاوەکی دەوەستا . ئەم دەزگایە شەو ورۆژ کاری دەکرد، ئاوا وئاوەدان ژیانی لێهەڵدەقولا. ئەم قیتارە چاپخانەیەکی تیابوو، بەردەوام کاری دەکرد، ڕۆژنامە و بڵاوکراوە وبەیاننامەی چاپدەکرد.

بەرەی شەڕ لێرەوە نزیک بوو، سریوژا، ئێوارەیەک بە ڕێکەوت ڕێی کەوتە ئێرە، ئۆستینوڤیچی لە ناو سەربازە سوورەکاندا بینی.

درەنگانێکی شەو، کاتێ سیرگی ئەوی بۆ وێستگەکە، بۆ بارەگای کارمەندانی بەشی سیاسی لەشکر دەبردەوە، لە پڕێکا، کە بۆ خۆیشی چاوەڕوان نەکراو بوو پرسی :

– ئەرێ هاوڕێ ڕیتا، نازانم بۆچی هەمیشە حەزدەکەم تۆ بدینم؟

ئەوسا لە سەری ڕۆیی :

– کە تۆ دەبینم، هەست بە ئاسوودەیی دەکەم، دوای دیتنی تۆ، گوڕ وتینێکی ئەوتۆم لە دڵ ودەروون دەگەڕێ، بە من بێ، لە پەستاو بێ بڕانەوە کاربکەم.

ئۆستینوڤیچ وەستا وگوتی :

– دەزانی چییە، هاوڕێ بروزژاک، وەرە با ڕێک بکەوین کە لە ئێستا بە دواوە، تۆ خۆت ڕادەستی هەست وسۆزێن شاعیرانە نەکەیت. من حەزم لەم شتە نییە.

سریوژا، وەکو منداڵە مەکتەبلییەک کە سەرزەنشت کرابێ، سوور بووەوە وگوتی :- من وەکو دۆستێک ئەو قسەیەم کرد کەچی تۆ ... باشە من شتێکم گوت کە دژی شۆڕش بێ؟. هاوڕێ ئوستینوڤیچ من لە ئێستا بە دواوە، ئەو جۆرە قسانە ناکەم.

ئەوسا، تەوقەی دەگەڵ ئوستینوڤیچدا کرد وبە نیمچە ڕاکردنێکەوە بەرەو شار گەڕایەوە.

سریوژا، چەند ڕۆژێکی دوا بە دوای یەک، نەدەچوو بۆ وێستگەکە. کاتێ ئیگناتیڤا دەی نارد بە شوێنیا، ئەو بەهەنجەتی زۆری کار ونەپەژران، تەوازی بۆ دێنایەوە. ئەلهەق زۆریش پڕکار بوو.

***

شەوێک ، کاتێ ( شودیک ) لەو شەقامەوە کەزۆربەی دانیشتووەکانی ، کارمەندێن پلەباڵای پۆکۆنیانی کارخانەی قەند بوون ، بۆماڵ دەگەڕایەوە ، تەقەی لێکرا . بەهۆی ئەم ڕووداوەوە ، زنجیرەیەک تەحەڕی وپشکنین کرا ، لەو تەحەڕیانەدا کۆمەڵێک چەک وبەڵگەنامەی "یەکێتی فاشیستی سترلیس" دۆزرایەوە.

ئوستینوڤیچ، بۆ ڕاوێژ هات بۆ کۆمیتەی شۆڕش. کە چاوی بە سیرگی کەوت، بردیە لایەکەوەو بە ئارامی لێی پرسی :

- چیە، تووشی خۆپەسەندی خوردە بورژوایانە بوویت؟ بۆچی قسەی تایبەتی، تێکەڵ بە کار دەکەیت؟ هاوڕێ ئەمە هەڵوێستێکی ناپەسەندە.

ئیدی سیرگی، گەڕایەوە سەر دۆخەکەی جاران وهەرکاتێ بۆی لوابا، سەری فارگۆنە سەوزەکەی دەدا.

سریوژا، لە کۆنفرانسی ناوچەدا بەشداری کرد، دوو ڕۆژی تەواوی لە گەنگەشە وموناقەشەی گەرمدا بەسەر برد . ڕۆژی سێیەم دەگەڵ هەموو ئەندامانی پلینۆمەکەدا، چەکی هەڵگرت و یەک شەو ورۆژی تەواو کەوتە تاقیب وڕاوەدوونانی باندەکەی "زاردونی"، زاردونی یەکێک بوو لەو ئەفسەرە پتلیوراییانەی کە هەڵاتبوو

وله لێرەوارەکانی ئەو بەری ڕووبارەکە خۆی شاردبووەوە. کە گەڕایەوە ئوستینوفیچی لە لای ئیگناتیڤا بینی، تا وێستگەکەی برد وله کاتی خواحافیزیدا، زۆر بە توندی دەستی گوشی.

ئوستینوڤیچ ، بە توورەیی دەستی لە نێو دەستی دەرهێنا. دیسان سریوژا ، ماوەیەکی زۆر هاتوچۆی فارگونی ڕاگەیاندنی تەرککرد. بە ئانقەست هەوڵیدەدا، تەنانەت لە کاتی پێویستیشدا، خۆی لە ڕیتا بدزێتەوە. کاتێ ئوستینوڤیچ، زۆری لێکرد کە هۆی ئەم ڕەفتارەی بۆ ڕوون بکاتەوە، سریوژا لێبڕاوانە بەرسڤی دایەوە:

– نازانم چی بڵێم؟ هەرچییەک بڵێم، یا تۆمەتی بیری خوردە بورژواییم دەدەیەپاڵ، یا تۆمەتی خیانەت بەچینی کرێکار.

***

قیتارانی لەشکری قەفقاز، بە خۆو ئاڵا سوورەکەیانەوە، گەیشتنە وێستگەکە . سێ ئەفسەری ئەسمەر هاتن بۆ کۆمیتەی شۆڕش. یەکێکیان کە پیاوێکی لاوازی باڵابەرز بوو وکەمەربەندێکی بە نەخش ونیگاری لە پشتی بەستبوو لە دولینیک هاتە پێشەوە ویەکسەر گوتی :

– بێ هیچ چەند وچوونێک سەد عەرەبانە کامان بدەیە: ئەسپەکان دەتۆپن.

سریوژا، لەگەڵ دوو سەربازی سووردا نێردرا بۆ پەیداکردنی کا. لە ڕێگا ، لە یەکێک لە گوندەکانا، باندێکی کولاکەکان پەلاماریان دەدەن و سەربازە سوورەکان چەک دەکەن وشلکوتی عەمریان دەکەن و دەیانگەیەننە حاڵی مردنێ. سریوژا، لەوانی دی کەمتر لێدان دەخوات، بەزەییان بە منداڵیەکەیدا دێتەوە. چەند کەسێکی کۆمیتەی جوتیارانی هەژار، بۆ شاریان دێننەوە.

دەستەیەک بۆ گوند نێردرا ، بۆ ڕۆژی دوایی کایان پەیداکرد . سریوژا، ماوەی چاکبوونەوەکەی لە ژوورەکەی ئیگناتیڤادا بە سەربرد، چونکە حەزینەدەکرد کەس وکار وخانەوادەکەی خۆی ناڕەحەت بکات. "ئوستینوڤیچ "یش سەری دا. ئەو

شەوە بۆ یەکەمجار هەستی بەوە کرد کە ئوستینوڤیچ بەمیهر وگەرم وگوڕییەکی ئەوتۆوە دەستی گوشی ونەوازشتی کرد، کە خۆی هەرگیز جورئەتی نەدەکرد ئەو هەستە دەرببڕێت.

***

... سریوژا، لە نیوەڕۆیەکی گەرما، بە هەشتاو خۆی بە فارگۆنەکەدا کرد و نامەیەکی کورچاگینی بۆ ڕیتا خوێندەوە. باسی پاڤلی هاوڕێی بۆ ڕیتا کرد ، سریوژا لە کاتی ڕۆیشتندا گوتی :

– دەچم بۆ لێرەوارەکە، تا لە دەریاچەکەدا مەلە بکەم .

ئوستینوڤیچ، وازی لە کارەکەی هێنا وسیریوژای ڕاگرت :

– بوەستە با پێکەوە برۆین.

لە نزیکی دەریاچە مەنگەکەدا کە دەتوگت ئاوێنەیە وەستان. زولاڵی وگەرمی ئاوە سافەکە، تەماحی مەلەی بزواندن . ئوستینوڤیچ داوای لە سیرگی کرد:– تۆ برۆ لە نزیکی جادەکە چاوەڕوان بکە تا من لە مەلە دەبمەوە.

سریوژا، لە سەر بەردێک، لە بەردەم قەنتەرەی پردێکی بچووکدا ، ڕوو لە هەتاوەکە دانیشتبوو، ئاوەکە لە پشتییەوە شڵپ وهۆڕی دەکرد.

لە بەینی درەختەکانەوە "تونیا تومانوڤا" و "چوژانین"ی کۆمیسەری عەسکەری قیتاری ڕاگەیاندنی بینی کە بە دوو قۆڵی بەسەر جادەکەدا دەڕۆیشتن. چوژانین، جلێکی شیکی لە بەر بوو وحەمایلی شمشێرێکی لە مل وجووتێ چەکمەی تازەی بریقەداری لەپێ بوو، دەستی تونیای گرتبوو وبە دەم ڕێکردنەوە شتێکی بۆ تونیا دەگێڕایەوە.

سیرگی، تونیای ناسییەوە، تونیا نامەکەی پاڤلی بۆ هێنابوو. تونیاش، بە دیقەت تەمەشای ئەمی دەکرد، پێدەچوو ناسی بێتییەوە. کاتێ ئەوان گەیینە ئاستی سریوژا

، سریوژا کاغەزەکەی لە گیرفانی دەرهێنا وتونیای ڕاگرت : – هاوڕێ، دەقیقەیەک، نامەیەکم لەلایە کەمێک پەیوەندی بە تۆشەوە هەیە.

سریوژا، کاغەزێکی نووسراوی بۆ تونیا درێژکرد. تونیا، دەستی لە دەستی هاوڕێکەی دەرهێنا ودەستی بە خوێندنەوەی نامەکە کرد: کاغەزەکە لە دەستیا بە ئاستەم لەرزی. تونیا، لەو کاتەدا کە نامەکەی دەدایەوە دەست سریوژا، پرسی:

– تۆ جگە لەمە هیچ شتێکی دی دەربارەی ئەو دەزانی؟

سیرگی بەرسڤی دایەوە :– نەخێر.

لە پشتەوە گوێی لە دەنگی بەردێک بوو کە لە ژێر پێی ئوستینوڤیچەوە خل بووەوە. چوزانین کە ڕیتای بینی بە چپە بە تونیای گوت :– بابڕۆین.

دەنگی حەقارەت وتەوسامێزی ئوستینوڤیچ ڕایگرت :

– هاوڕێ چوزانین! لە بەیانییەوە لە ڤیتارەکەدا چاوەڕێی تۆ دەکەن .

چوزانین، بە لاچاوێکەوە تەمەشایەکی نادۆستانەی کرد :

– قەیدی نییە، بە بێ منیش کاری خۆیان ڕایی دەکەن.

ئوستینوڤیچ، لە دواوە تەمەشایەکی تونیا وکۆمیسەری عەسکەری کرد وگوتی: – کاتی ئەوە هاتووە ئەم قەشمەرە دەربکرێ!

بایەکە ترۆپکی داربەڕووە زەلامەکانی هێنایە هەژان. دەریاچەکە بە مەنگیەکەی خۆی تەماحی مەلەی دەخستەبەر ئینسان . سیرگی ئارەزووی مەلەکردنی بزوا. دوای مەلەکردنەکە، ئوستینوڤیچی لە نزیکی ڕێگاکە، لە سەر دار بەڕوویەکی بڕاوەدا بینییەوە. بە دەم قسانەوە بەرەو قووڵایی لێرەوارەکە ڕۆیشتن. بە دەم ڕێکردنەوە گەیینە تەختانیەکی بچکۆلەی سەوزەڵان و بڕیاریان دا ئیسراحەتێک بکەن. لێرەوارەکە کڕ وکپە. دار بەڕووەکان لە تۆ وایە بە چپە یەکدی دەدوێنن، ڕاز ونیاز دەکەن. ئوستینوڤیچ لە سەر سەوزەگیایە نەرم وناسکەکە ڕاکشا ودەستی

خسته ژێر سەری. لاقە درێژەکانی بە جووتێ پێڵاوی کۆن و پینەکراوەوە، لە ناو گیا بەرزەکاندا پەنهان بوون. سریوژا، بە ڕێکەوت نیگای لە سەر پێیەکانی ئەو گیرسایەوە، پینەکانی سەر پێڵاوەکانی ئەوی بینی. ئەوجا ڕوانیە چەکمە کۆنەکانی خۆی کە قامکەکانی سەریان لێوە هێنابووە دەرەوە وپێکەنی.

- چیتە؟

سیرگی ئاماژەی بۆ چەکمەکەی خۆی کرد :

- ئێمە چۆن بەم چەکمانەوە شەڕ دەکەین؟

ڕیتا وەڵامی نەدایەوە. لاسکە گیایەکی بە ددانەکانی دەجوو. ئەو لە بیر وخەیاڵێکی دیدا بوو:

- چوزانین کۆمۆنیستێکی خراپە. هەموو هاوڕێیانی بەشی سیاسی جل وبەرگی شرۆڵەیان لەبەرە، بەڵام ئەو هەرخەریکی خۆ ڕازاندنەوەیە . ئەمە نامۆیە بە حیزبی مە، بە ڕێکەوت ڕێی کەوتووەتە ناو حیزبی مە… بارودۆخی شەڕگە بە ڕاستی خراپە. وڵاتی مە ناچارە بەرخودان بکات و بچێتە شەڕی سەخت ودرێژخایەنەوە.

کەمێک بێدەنگ بوو ولە سەری ڕۆیی :

- سیرگی، ئێمە دەبێ هەم بە قسە وهەم بە چەک بخەبتین. بەو قەرارەی کۆمیتەی ناوەندیت زانیوە، کە چوار یەکی ئەندامانی یەکێتی لاوان (کومسومول) دەبێ بڕۆن بۆ شەڕگە؟ من پێموایە، ناتوانین ماوەیەکی زۆر لێرە بمێنینەوە و بەرخودان بکەین.

سریوژا، گوێی لێدەگرت وهەستی کرد تۆنێکی غەریب ونائاسایی  لە دەنگیایە. چاوە ڕەشە نمدار وپرشنگدارەکانی بڕی بوونە سریوژا . چیوای نەمابوو، خۆی ژبیربکات وبڵێت چاوانی ئەو " ئوستینوڤیچ " ئێژی ئاوێنەیە وئەم هەموو شتێکی تیادەبینێ، بەڵام باشبوو فریاکەوت وزوو وەخۆ هاتەوە.

"ریتا " لە سەر ئانیشک کەمێک خۆی بەرزکردەوە .

- دەمانچەکەت لە کوێیە؟

سیرگی، بە کەسەرەوە دەستی بۆ کەمەری خاڵی خۆی برد :

- باند وتاقمی کۆلاکەکان، لە گوندەکە لێیان سەندم.

ریتا، دەستی بە بەرکی چاکەتەکەیدا کرد ودەمانچەیەکی زۆر چاکی "برونینگ "ی بریقەداری دەرهێنا.

- ئەو دار بە ڕووە دەبینی سیرگی؟

ئوستینوڤیچ، بە لوولەی دەمانچەکەی ئاماژەی بۆ لای دار بەڕووە شەقار شەقارەکە کرد، دارەکە هەر بیست وپێنج شەقاوێک لە مانەوە دوور بوو، تەقریبەن بەبێ سێرەگرتن فیشەکێکی تەقاند و، توێکڵی دارەکە بە ئاسمانا پەخش وبڵاو بووەوە و ڕژایە سەر ئەرزەکە.

ئوستینوڤیچ، بەڕەزامەندییەوە گوتی: "بینیت؟" و فیشەکێکی دیکەی تەقاند ، دووبارە توێکڵی دارەکە بە خشەخش ڕژایە سەر گیایەکە.

ڕیتا، دەمانچەکەی دایە دەست سریوژا و بە تەوسەوە گوتی :

- وەرە بزانم تۆچۆن تیرەندازی دەکەیت؟

سریوژا، لە کۆی سێ فیشەکدا، یەکێکیان هەڵەکرد. ڕیتا بزەیەکی کرد وگوتی :- وام وێنا دەکرد، لەمە خراتر تیرەندازی بکەی.

دەمانچەکەی لە سەر ئەرزەکە دانا. لە سەر گیایەکە ڕاکشا. مەمکە نەرمەکانی لە درزی کراسەکەیەوە دەرکەوتبوون. بە دەنگێکی نزم گوتی : - سیرگی وەرە ئێرە.

سیرگی لێی نزیک بووەوە .

- ئاسمان دەبینی؟ شینە . چاوانی تۆش شینن . ئەمە باش نییە . دەبێ چاوانی تۆ قاوەیی بن، قاوەیی وەکو پۆڵا. چاوانی شین لە ڕادە بەدەر ناسکن.

له ناکاوا ، سەرە زەردەکەی ئەوی گرت، بە توندی لێوەکانی ماچ کرد.

***

دوو هەیڤ بووری، پاییز هات .

شەو بە خشکەیی هات، پەردەیەکی ڕەشی بە سەر درەختەکاندا دا. بێتەلچی، فەرماندەیی لەشکر، لە بارەگای لەشکردا، خۆی بە سەر ئامێری بێتەلەکەدا دابوو کە مۆرسەکانی هێدی هێدی دەدایە دەرەوە، وخەریک بوو نەوارە پێچاوپێچە مار ئاساکەی کۆدەکردەوە. بە خێرایی ئەو خەت وخاڵ ونوقتانەی ئەو ڕێکی دەخستن لە سەر کاغەزەکە دەبوون بە وشە ونووسین: بۆ سەرۆکی سەرکردایەتی لەشکر، وێنەیەک بۆ کۆمیتەی شۆڕشی شارۆچکەی شپتوفکا. ئەمر دەکەم، هەرکە ئەم بروسکەیەتان پێ گەیی، لەزەرفی دە سەعاتدا هەموو دام ودەزگا ئیدارییەکانی شار چۆڵ بکەن. تەنیا یەک فەوج بەفەرماندەیی ئامر فەوجی "س" کە ڕابەرایەتی ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکانی هێڵی پێشەوە دەکات، لە شاردا بمێنێتەوە. بارەگای فەرماندەیی لەشکر، بەشی سیاسی لەشکر، هەموو دام ودەزگا سوپاییەکان بۆ وێستگەی بارانچف دەگوازرێنەوە. فەرماندەی لەشکر لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە ئاگادار بکرێتەوە.

ئیمزا

دوای دە دەقیقە، ماتۆرسکیلێ بە شەقامەکانی شارۆچکە بێدەنگەکەدا دەسووڕایەوە و لایتە ستیلینییەکانی لە تاریکییەکەدا دەدرەوشانەوە. بە تەپەتەپ لەبەر دەرگای کۆمیتەی شۆڕشدا وەستا، ماتۆرسوارەکە، بروسکەکەی دایە "دولینیک"ی سەرۆکی کۆمیتەی شۆڕش. خەڵکەکە کەوتنە جم وجوڵ. سریەی تایبەتی ڕیزی بەست. دوای یەک سەعات، کەلوپەلێن کۆمیتەی شۆڕش، لە عەرەبانان بارکراو، عەرەبانان بە تەق وهۆڕ لە شار بەڕێکەوتن. لە وێستگەی "پودولسک" دا کەل وپەلەکان ، لە فارگۆنانی قیتار بارکران. سیرگی کاتێ بە

بروسکەکەی زانی، بە ڕاکردن دووی ماتۆر سوارەکە کەوت ولێی پرسی: – هاوڕێ دەکرێ لەگەڵ تۆ بێم بۆ وێستگەکە؟

– لە تەرکی منەوە دانیشە، بەڵام خۆت توونڈ بگرە.

لە دووری دە مەترێک لەو فارگۆنەی کە بە قیتارەکەوە بەسترابوو، سریوژا، هەردوو شانی ڕیتای گرت، لە کاتێکا وای هەستدەکرد، شتێکی زۆر ئازیز و گرانقەدر لە دەست دەدا لەبن لێوانەوە گوتی:

– خوداحافیز ڕیتا گیان، هاوڕێ ئازیزەکەم! پەیوەندیمان دەبێت، یەکدی دەبینینەوە، تکایە لە بیرم مەکە.

سریوژا، هەستیکرد گریان لە ئەوکی گیرا، ترسا لە پڕ لە هۆڕژنی گریان بدات. دەبوایە بڕوات. کە هەستیکرد، توانای قسەکردنی نییە، بەوەندە قەناعەتی کرد، کە توونڈ توونڈ، تا ڕادەی ئازار دەستی ڕیتای گوشی.

***

... کە ڕۆژ بووەوە، شارو وێستگەکە چۆڵ وهۆڵ بوو. دوا قیتار، وەکو ئەوەی ماڵاوایی بکات بەدەم شووت لێدانەوە کەوتەڕێ. ئیدی ئەو فەوجەی کە لە شاردا مابووەوە، لەم بەر ولەو بەری سکەی قیتارەکەوە سەنگەری گرت. گەڵای زەردو سووری خەزان دەوەرین ودرەختەکان ڕووت دەبوونەوە. بایەکە یاری بە گەڵا ڕژاوەکانی سەر ئەرزەکە دەکردو لەگەڵ خۆیدا بە سەر ڕێگاکەوە ڕایدەماڵین.

سیرگی، پاڵتۆی سەربازی لەبەر کردبوو، ڕەخت وفیشەکدانی لە خۆ دابوو ولەگەڵ دەستەیەکی دە نەفەریدا چوارڕیانەکەی پێش کارخانەی قەندەکەیان گرتبوو. خۆیان لە بۆسە نابوو وچاوەڕوانی پۆلۆنیەکانیان دەکرد.

***

ئافتونوم پتروڤیچ، له دەرگای ماڵی"گراسیم لیونتۆفیچ"ی هاوسێیانی دا. گراسیم که هێشتا خۆی نەگۆڕی بوو، له کەلێنی دەرگاکەوه سەری دەرهێنا :– چییه؟

ئافتونوم، ئاماژەیەکی بۆلای ئەو سەربازه سوورانه کرد که تفەنگەکانیان له شان کردبوو ودەڕۆیشتن و چاوێکی له دراوسێکەی داگرت گوتی : – دەڕۆن .

گراسیم لیونتوڤیچ، به پەشۆکاوی سەیری دراوسێیەکەی کرد .

– تۆ نازانی نیشانەی پولۆنیاییەکان چۆنه؟

– وابزانم هەڵۆیەکی یەک سەره .

– له کوێ دەستدەکەوێ؟

ئافتونوم پتروفیچ، پشت ملی خوراند وله فکران ڕاچوو. دوای کەمێک بیرکردنەوه گوتی :

– ئەوان هیچیان نییه، سەر سەلامەت وبار سووک، خۆیان پێچایەوه وڕۆیشتن. بەڵام تۆ وەره بیربکەوه ومێشکی خۆت بگوشه که چۆن لەگەڵ دەسەڵاتی تازەدا خۆت بسازێنه.

دەنگی دەستڕێژی ڕەشاشێک بێدەنگیەکەی شڵەقاند. له وێستگاکەوه دەنگی شووتی قیتارێک له ناکاوا بەرزبووەوه. هەر لەوێوه دەنگی مەترەلۆزێک دەنگیدایەوه. گولله تۆپێک بەگیزو هوڕ بەرز بووەوه وئاسمانی شەقکرد وپاشان له پشت کارخانەکەوه، له سەر جادەکه کەوتەوه وبنچک و دەوەنەکانی سەر ڕێگاکەی له دووکەڵی شینا غەرق کرد.

چەکدارانی سوپای سوور، مات وبێدەنگ، برۆیان وێکدێنایەوه وهەر سا ناساتێ ئاوڕێکی دوایان دەدایەوەو پاشەکشەیان دەکرد.

چەند دڵۆپه ڕوندکێکی سارد به گۆنای سریوژادا هاتنه خوارێ، بلەز سڕینی، تەمەشایەکی هاوڕێکانی کرد، باش بوو کەس نەیدی بوو.

"ئانتک کلوپتوڤسکی" کرێکاری کارخانەی دارتاشی، کە پیاوێکی باڵا بەرزی باریکەلە بوو، شانبەشانی سریوژا ڕێی دەکرد. قامکی لە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکەی بوو. ئانتک پەست وگرژە. نیگای لە نیگای سریوژا هەڵەنگوت. بیرە پەنهانەکانی خۆی ئاشکرا دەکات.

– کەس وکارمان ئەزیەت دەدەن، بە تایبەتی کەس وکاری من . پێیان دەڵێن : "پۆلۆنییە وچووەتە شەڕی پۆلۆنیان" . بابە پیرەکەم لە کارخانەی دارتاشی فنش دەکەن وبەر شەلاخیشی دەدەن. پێمگوت لەگەڵ ئێمەدا بێت ، بەڵام نەیتوانی خانەوادەکەمان بەجێ بێڵێ.

ئاخ مەلعوونانە، چەند حەزدەکەم زوو بە زوو ڕوو بە ڕوویان ببمەوە. ئانتک، بە تووڕەیی کڵاوخودەکەی کە هاتبووە سەر چاوەکانی بەرز کردەوە.

... بە دوعا ئەی شارە چکۆلە خۆشەویستەکەم، شارە بێ نموودەکەم، شارە بێ ڕێگە وبانەکەم. بە دوعا کۆڵانە پڕ پێچ وپەناکەم، بە دوعا ئەی خزم وخوێشان، بە دوعا ڤالیا گیان، بە دوعا ئەی هاوڕێیان، ئەی ئەوانەی ماونەتەوە وخەباتی ژێر زەمینی دەکەن! لەشکری سپی پۆلۆنیای بێگانەی کینەکێشی دڵڕەقی بێ بەزەیی، بەرەو شارۆچکەکەمان پێشڕەوی دەکەن.

کرێکارانی دەبۆی قیتاران، بە بەدلە گریساویەکانیانەوە، بە نیگای خەمناک ، سەربازە سوورەکانیان، بەڕێ دەکرد.

سریوژا ، بە سۆز وگودازەوە هاواریکرد :– هاوڕێیان، دووبارە دێینەوە!

## فەسڵی هەشتەم

ڕوبارەکە بەدەم درەوشانەوەیەکی ماتەوە، لە هەمێزی تەنکە تەمی سەحەریا بە خوڕە خوڕ بە سەر چەو ولمی کەنارەکەدا تێدەپەڕی، چەند لە قەراخی ڕووبارەکە دوور بکەویتەوەو بەرەو ناوەڕاست بڕۆیت، ڕوبارەکە ئارامتر ومەنگتر، ڕەنگی

کەوەیی وبرێک مات دەبێت... بەڵام ناوەڕاستی ڕوبارەکە تاریک وسامناکە. وادێتە بەر چاوو، کە زۆر بەخێرایی نشێو دەبێتەوە. ڕوبارەکە جوان وبەسام وشکۆیە. گوگول، بەرهەمە بێهاوتاکەی خۆی " پەرجووئاسایە دەنیپەر ... "ی دەربارەی ئەم ڕوبارە نووسیوە. کەناری ڕاستی ڕوبارەکە کە زۆر بەرزە وەکو هەڵدێرێکی ڕژد، بە سەر ئاوەکەدا دەڕوانێ، وەکو کێوێک بەرەو دەنیپەر دەچێتە پێشێ، پاشان دەوەستێ، وەکو ئەوەی پانی ڕوبارەکە وەستاندبێتی. لە کەناری چەپا لە خوارەوە، پەڵە لمەلان ، لە ناو ڕوبارەکەوە، وەکو کۆمەڵە سەرێکی ڕووتاوە، سەریان قوت کردووەتەوە، دەنیپەر، کە دوای لافاو وخێزاوی بەهارە، بەجێیان دێڵێت و بۆ بەستێنی خۆی دەگەڕێتەوە.

پێنج کەس لە قەراخ ڕوبارەکە، سەنگەرێکی تەنگیان لێدابوو ودۆستانە بە دیار ڕەشاشێکی جۆری "ماکسیم" ەوە ڕاکشابوون . ئەمانە " ڕوانگە "ی پێشەوەی لەشکری حەوتەمی تیرئەندازن.

سریوژا بروزژاک، لە سەرلا لە تەنیشت ڕەشاشەکەوە پاڵکەوتبوو و ڕووی لە ڕوبارەکە بوو.

دوێنێ، لە حاڵێکا لە ژێر تۆپبارانی پۆڵۆنییەکانا، داغان دەبوون، دوای زنجیرەیەک شەڕی سەخت و دژوار، شکستیان هێنا، کییفیان لە دەست دا ، گواستیانەوە بۆ کەناری چەپی ڕوبارەکە و لەوێندەر سەنگەریان گرت.

بەڵام پاشەکشە و زیانی زۆر و ڕادەستکردنی کییف بە دژمن، کارێکی یەجگار بە سوێی لە دڵ ودەروونی جەنگاوەرەکان کردو ورەی تەواو ڕووخاندن. لەشکری حەوتەم قارەمانانە گەمارۆی دژمنی شکاند، ورێگای دەربازبوونی بۆ خۆی کردەوە. بە ناو لێرەوارەکاندا بەرەو هێڵێ ئاسنی لای وێستگەی مالین بووەوە، پەلاماری ئەو یەکە پۆلۆنیانەی، کە وێستگەکەیان داگیرکردبوو، دا وبەرەو لێرەوارەکە پاشەکشەی پێکردن و ڕێگای کییفی ئازاد کرد.

ئێستا که ئەم شاره جوانه تەسلیم بوو بوو، سەربازانی سوپای سوور زۆر خەمبار وپەشێو بوون.

پۆلۆنییەکان، یەکینه سوورەکانیان له دارنیتسا دەرکردبوو و له ڕەخی چەپا، نزیک پردێکی هێڵی ئاسندا، پانتاییەکی بچووکیان گرت. بەڵام وێڕای هەموو هەوڵێکی خۆیان، ڕوو به ڕووی بەرخۆدان و مقاوەمەتی سەخت و توندی سوورەکان بوونەوە ونەیانتوانی لەوەی پتر پێشڕەوی بکەن.

سریوژا، دەڕوانێته ڕەوتی لەزگینی ڕووبارەکه وبه هیچ جۆرێ ناتوانێ بیر له ڕووداوەکانی دوێنێ نەکاتەوە.

دوێنێ نیوەڕۆ، له ژێر باندۆر وکاریگەری تووڕەیی وحیدەتی گشتیدا ، دژ به پۆلۆنیانی سپی، هێرشێکی پێچەوانەی کرد. دوێنێ بۆ یەکەمجار، له شەڕێکی دەستەویەخەدا ڕوو به ڕووی پۆلۆنیەکی دەم ڕووت بووەوە. یارۆی پۆلۆنی (پۆلاندی) تفەنگەکەی خۆی به قەمەیەکی درێژی شمشێر ئاساوە دابووە پێش خۆی و بەرەو ئەم هێرشی دێنا، وەکو کەروێشک به هەڵقوون هەڵقوون تاوی دەدا وبه دەنگێکی بەرز شتێکی بێسەرو بەری دەگوت: سیرگی له چاو تروکانێکا، چاوی به چاوانی ئەو کەوت که له تووڕەییدا ئەبڵەق بوو بوون. دوای چرکەیەک سیرگی نووکی قەمەکەی کێشا به قەمەکەی ئەوداو قەمه ناوازه فەرەنسییەکه پەڕی. کابرای پۆلۆنی کەوت. دەستی سیرگی نه لەرزی چونکه دەیزانی ، وێڕای هەموو دڵناسکی ومیهرەبانییەکی، وێڕای هەموو مرۆڤدۆستییەکی، ناچاره دەبێ بکوژێت، ئەو گەنجێکی بەد ڕاو بەد خواو دڵڕەق نییه. بەڵام دەزانێت ئەم سەربازه گومڕایانه، که به بوغز وکینه گۆشکراون و له لایەن دیکتاتۆرانی دنیاوە ڤڕێکراون، تا به نەفرەتی دڕندانەوە پەلاماری کۆماره ئازیزەکەی ئەم بدەن ، سیرگی بۆیه پەنا وەبەر کوشتن دەبات تا ساتێ زووتر ئەو ڕۆژه بێ که لەم دنیایەدا مرۆڤ مرۆڤ نەکوژێت.

پارامانوف، دەست به شانیا دەدات :

- سیرگی با بگەڕێینەوە، دەنا خێرا به شوێنەکامان دەزانن.

***

... یەک ساڵی تەواو بوو کە پاڤل، بە سەر عەرەبانەی مەترەلوزانەوە، بە سەر عەرەبانەی ئازووقەوە، یان بە سواری ئەسپە خاکییە گوێ براوەکەیەوە، سەراپای وڵاتە خۆشەویستەکەی تەی دەکرد، گەروە دەبوو ، بەهێز دەبوو ولە ناو ئازاری کارەسات وتەنگانەدا قاڵ دەبووەوە . پشتی کە بە هۆی کۆڵەپشتی وتفەنگەوە بریندار بوو بوو، سارێژ بوو بوو، ئیدی شانی لە ژێر قایشی تفەنگدا خارا بوو.

پاڤل، لە ماوەی ئەم ساڵەدا، زۆر ڕووداوی ترسناک وکارەساتباری بینی . دەگەڵ هەزاران سەربازی دیکەی وەکو خۆی شڕپۆش وڕووت وڕەجاڵ ، بەڵام لە هەمان کاتدا، سەررێژ لە ئاوری لە کوژانەوە نەهاتووی خەبات لە ڕای دەسەڵاتی چینەکەی خۆیاندا بە پای پیادە سەرانسەری وڵاتی خۆی تەی کردبوو، بە درێژایی ئەم ساڵە تەنیا دوو چەلان بە ناچاری لە باهۆزی شەڕو کوشتاردا بەشداری نەکردبوو. جارێکیان بە هۆی برینداربوونی ڕانییەوەو جارێکیش لە مانگی بەستەڵەکی شوباتی ساڵی ١٩٢٠ دا کە تووشی تیفۆ بوو بوو.

تیفۆی ئەسپی، حەشری بە فەوج و لەشکرییانی سوپای دوازدە دەکرد، ئەوندەی تیفۆ سەربازانی سوپای دوازدەی کوشت، شەڕو تۆپبارانی پۆڵۆنیەکان ئەوەندەیان لێنەکوشت. ئەم سوپایە، پانتاییەکی یەجگار فراوانی بە دەستەوە بوو، زۆرینەی هەرەزۆری باکووری ئۆکرانیای بە دەستەوە بوو، ڕێگەیان لە پێشڕەوی دواتری پۆڵۆنییەکان گرتبوو. پاڤل، هێشتا بە تەواوەتی چاک نەبوو بووەوە کە بۆ یەکەکەی خۆی زڤڕییەوە.

ئێستا، یەکەکەی پاڤل لە سەر ئەو هێڵە ئاسنەی کە لە "کازاتین "ەوە بۆ "ئومان" دەڕۆیی، لە نزیک وێستگەی فرونتوفکا، سەنگەری گرتبوو، فرونتوفکا، کەوتووەتە ناو لێرەوارەوە. وێستگەیەکی بچووک وکۆمەڵێک خانووی پەڕپووت و وێرانە دەوری داوە کە خەڵکەکەی چۆڵیان کردبوو. ئەم دەڤەرە ژیانی تیا نەماوە. ئەمە

ساڵی سێیەمە کە ئێرە لە شەڕدایە، ئیدی چ شەڕی سووک وچ شەڕی سەخت وقورس.

فرونتوفکا، تا ئێستا داگیرکەرانی دنیای بە خۆوە دیتووە!

هێشتاش زۆر بویەر ورووداوێن گەورە بە ڕێوەبوون، لە کاتێکا سوپای دوازدەیەم، بەرە بەرە کەم دەبوویەوەو تا ڕادەیەک شیرازەی پچڕابوو، لە ژێر گوشاری سوپای پۆڵۆنیدا بەرەو کییف پاشەکشەی دەکرد، کۆماری پرولیتاری خۆی بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە جەزرەبەیەکی توند وکوشندە لەو پۆڵۆنیە سپیانە بدات، کە سەرمەستی پێشڕەوی وسەرکەوتنی خۆیان بوون.

هێزەکانی سوپای یەکەمی سوارە کە لە شەڕدا قاڵ بوو بوونەوە بەڕێ پێوان وئۆپەراسیۆنێکی جەنگی بێوێنە لە مێژووی عەسکەریدا، لە قەفقازی باکووری دوورە دەستەوە بۆ ئۆکرانیا دەهاتن. لەشکری سوارەی چوارەم ، شەشەم ، یازدەیەم و چواردەیەمیش، دوا بە دوای یەک لە دەڤەری ئومان نزیک دەبوونەوە. لە پشت شەڕگەکەوە، خۆیان ڕێکدەخستەوە وسەنگەریان دەگرت وجەزرەبەی کوشندەیان لە باندەکانی "ماخنو" دەدا. (ماخنو : یەکێکە لە سەرکردەکانی باندە ئەنارشیستی ودەرەبەگیەکانی ئوکرانیا ) و لە ڕێگا دووریان دەخستەوە.

ژمارەیان شازدە هەزار وپێنج سەد شمشێر، شازدە هەزار وپێنج سەد جەبگاوەر بوو، کە گەرمای دەشت وبیابان سووتاندبوونی. هەموو هەوڵ وخەمێکی فەرماندەیی باڵای سوپای سوورو فەرماندەیی بەرەی باشووری ڕۆژئاوا، ئەوەبوو کە بەم جەزرەبە کوشندەیە، کە لە حاڵی تەداروک وئامادەکاریدا بوو "پیلسودسکیەکان" غافڵگیر بکات ونەکارن پێش بەم هێزە گەورەیە بگرن. (پیلسودسکی : فەرماندەی دارودەستەی ناسیونالیستی پۆڵۆنیا بوون) ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کۆمار لە بەرەکانی شەڕدا زۆر بە وردی وبە بایەخەوە چاودێری ڕێکخستنی ڕیزەکانی ئەم سوارەیەی دەکرد.

له بەرەی ئوماندا، ئوپەراسیونە توندەکان وەستا. بێتەل بەردەوام لە بەینی موسکۆ و بەرەی "خارکوف"دا کاری دەکرد، لە بەینی خارکوف و سەرکرادیەتی سوپاکانی چوارەدەیەم ودوازدەیەمدا کاری دەکرد. نەواری باریکی بێتەلەکە، فەرمانەکانی بە جفرە چاپدەکرد: " نەیەڵن، پۆڵۆنیەکان، بە خڕبوونەوەی سوپای سوارە بزانن". شەڕی گەورە تەنیا ئەوکاتە دروست دەبوو، ئەگەر هاتنی هێزی سوارەی بودیونی، بۆ شەرگە، هەڕەشەی لە پێشڕەوی پۆڵۆنیەکان بکردایە. ( بودیونی: مارشال بودیونی قارەمانی جەنگە ناوخۆییەکان بوو).

بڵێسەی سورباوی ئاگر بەرز ونزم دەبێتەوە، سەما دەکات. دووکەڵ، لە شیوەی بازنەێن کەوەیی، لوول دەخوات ودەچێت بە ئاسمانا. مێشوولە حەز لە دووکەڵ ناکەن، ئیدی تۆپەڵ تۆپەڵ، بە بێزارییەوە دوور دەکەونەوە. سەربازان لە دەوری ئاگرەکە خڕ بوونەتەوە . تیشکی ئاگرەکە ڕەنگی مسی بە ڕوخساریان بەخشیوە. تاوەو سەفەرتاسی سەربازان نرابوونە سەر خۆڵەکەوەی قەراخ ئاگرەکە ودەکوڵان. ئاوی ناویان قوڵپی دەدا. گڕێک لە ژێر دارێکی نیوە سووتەوە دەرپەڕی وبەر سەرێکی قژلوول کەوت، خاوەنەکەی سەری هێنایە دواوە وبە تووڕەیی بۆڵاندی :

- تفو، شەیتان بە نەعلەت بی!

ئەوانەی دەور وبەری هەموو پێکەنین. سەربازێکی سووری پیر، کە چاکەتێکی ماهووتی ئەستووری لە بەربوو، ڕدێنی تاشی بوو وسمێڵی ڕێک خستبوو وتازە لە تەمەشاکردنی لوولەی تفەنگەکەی، لە بەر ڕۆشنایی ئاگرەکە بوو بووەوە، بە دەنگێکی ئەستوور گوتی :

- ئەم گەنجە بە ڕادەیەک لە دەریای زانستدا غەرق بووە، هەست بە ئاگرەکە ناکات.

- کورچاگین پێمان بڵێ چیت دەخوێندەوە؟

سەربازە سوورەکە، دەستێکی بە قژە هەڵکوڕوزاوەکەی خۆیدا هێنا وبزەیەکی بۆکرد : - ئەوەی ڕاستی بێ هاوڕێ ئاندروشچوک، کتێبێک بوو لەوکتێبانەی لەوەتای دەستم داوەتێ، بە هیچ جۆرێ ناتوانم دەستبەرداری بم.

ئەو کوڕەی تەنیشت کورچاگین، کە گەنجێکی لووت کوڵ بوو، وخەریکی قایشی ژێر کۆڵەپشتیەکەی بوو وخەریک بوو بە ددان داوێکی لێدەقرتاند، بە کونجکاوی پرسی: - ئەو کتێبە باسی چی دەکات؟

داوە دەزووەکەی لەو دەرزییەوە، کە کردبووی بە کڵاوخودەکەیەوە، پێچا ولە سەری ڕۆیی : - زۆر حەزدەکەم باسی عەشق بکات.

هەموو ئەوانەی دەورو بەریان لە قاقای پێکەنینیان دا . ماتنیچوک، سەرە تاشراوەکەی هەڵبڕی، چاوێکی بە تەوسەوەی داگرت وڕوویکردە گەنجەکە وگوتی : - عەشق وڤیان شتێکی جوانە "سیریدا ) تۆش گەنجێکی قۆزی، نموونەی جوانیت. ڕوو دەکەینە هەر کوێیەک، کیژان شێت وشەیدات دەبن . بەڵام یەک عەیبت هەیە، ئەویش کەپووە بچووکەکەتە، ئەوەش ئاسانە چاک دەکرێت، نارنجۆکێکی دە ڕەتڵی پێوە هەڵواسە، بە تاقە یەک شەو دێتە خوارەوەو درێژ دەبێت.

ئەو ئەسپانەی کە لە عەرەبانەی ڕەشاشەکان بەسترابوون، لە قاقای سەربازەکان ڕاچڵەکین و کەوتنە پڕماندن.

سیریدا، بە تەمەڵییەوە ئاوڕی دایەوە :

- گرینگ قۆزی وجوانی نییە. گرنگ ئێرەیە. (بە تەشەرەوە دەستی بۆ سەری خۆی برد) تۆ تەمەشای خۆت بکە ، زمانێکی تیژ وگەزندەت هەیە بەڵام خۆت گێل وگەلحۆی، مێشکت بۆش وبەتاڵە. گوێت درێژە.

"تاتارینوف" ی ئامر مەفرەزە، جووتە برادەری ، کە ئامادەی پەلاماردانی یەکدی بوون، لێکدی جیاکردنەوە :

– ده دەی کوڕینە، سەڵاوات بدەن، ئەمە شەڕی بۆ چیە؟با ئەگەر کورچاگین شتێکی باشی لا هەیە بۆمانی بخوێنێتەوە، باشتر نییە!

لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە :

– دەی پاڤل، تەقەی خوێندنەوەت بێ.

کورچاگین، زینێکی لە ئاگرەکە نزیک کردەوە، لە سەری دانیشت، کتێبێکی ئەستووری چکۆلەی لە سەر ئەژنۆکانی دانا وکردییەوە.

– هاوڕێیان ئەم کتێبە ناوی مۆزەشینەیە (خەرەنگەز). من لە کومیسەری سوپایی فەوجم وەرگرتووە، ئەم کتێبە زۆرم کار تێدەکات.

کاتێ فەرماندەی فەوج هاوڕی ""پوزیروڤسکی" لەگەڵ کومیسەردا بە ئەسپایی وبێئەوەی کەس هەستی پێبکات لە ئاگرەکە نزیک بووەوە، سەیری کرد یازدە جووت چاو بەبێ جووڵە، بڕدراونەتە یارۆی خوێنەر.

پوزیروڤسکی سەری بۆ لای کومیسەرەکە وەرگێڕا، بە دەست ئاماژەی بۆلای سەربازەکان کرد:

– ئەوانەی نیوەی سەربازانی دەوریەی فەوجەکەن، چواردانەیان ئەندامی تەواوی کومسومولن، هێشتا منداڵن. بەڵام جەنگاوەری زۆر چاک وکارامەن. ئەوەیان کە خەریکی خوێندنەوەیە کورچاگینی ناوە، ئەوی دیکەیان، دەیبینی؟ کە چاوەکانی دەڵێی چاوی بێچوە گورگن، ناوی "ژارکی"یە. ئەمانە برادەر ودۆستن، بەڵام وێڕای ئەوەش، جۆرە حەسوودی وهەڤڕکییەکی پەنهانیان لە نێواندا هەیە. جاران کورچاگین، یەکەمین کەشافی من بوو، بەڵام ئێستا هەڤڕکێکی سەرسەختی بۆ پەیدا بووە. ئەمانە ئێستا، تۆ تەمەشا بکە، بە شێوازێکی نادیار کارێکی سیاسی دەکەن، بەڵام کاریگەرییەکی زۆری هەیە. زاراوەیەکی باشیان بۆ داهێنراوە پێیان دەڵێن " گاردی لاوان ".

کومیسەرەکە پرسی: – ئەوەی دەخوێنێتەوە ڕابەری سیاسی دەورێکانە؟

- نا، ڕابەری سیاسی کرامەرە.

پوزیروڤسکی، مامێزێکی لە ئەسپەکەی دا وچووە پێشەوە وهاواریکرد : - سڵاو هاوڕێیان .

هەموو ئاوڕیان دایەوە. ئامر فەوجەکە، سووکێ خۆی لە ئەسپەکە هەڵدایە خوارەوەو لەوانەی دەوری ئاگرەکە نزیک بووەوە. بەدەم بزەیەکی ئاشکراوە گوتی : - هاوڕێیان چیە، خۆتان گەرم دەکەنەوە؟

فەرماندەی فەوجیان، بە گەرمی و بەخۆشەویتییەوە وەکو هاوڕێیەکی جوامێر وئازیز پێشوازیکرد. کومیسەرە عەسکەرییەکە هێشتا بە سەر ئەسپەکەیەوە بوو ودەیویست درێژە بە سوورانەوەکەی خۆی بدات. پوزیروڤسکی دەمانچە ماوزەڕەکەی بە کیفەکەیەوە بردە پشتەوە ولە بەردەم زینەکەدا و لە تەنیشت کورچاگینەوە ڕۆنیشت وگوتی :

- جگەرەیەک بکێشین؟ من تووتنی چاکم پێیە .

دوای ئەوەی جگەرەکەی پێکرد، ڕوویکردە کۆمیسەرەکە وگوتی :

- دوورونین، تۆ بڕۆ، من لێرە دەمێنمەوە. ئەگەر لە بارەگای سەرکردایەتی پێویستیان بە من بوو ئاگادارم بکەوە.

وەختایەک دوورونین ڕۆیی، پوزیروفسکی ڕوویکردە کورچاگین و گوتی : - بەردەوام بە، منیش گوێ دەگرم.

پاڤل، لە خوێندنەوەی دوا لاپەڕەکانی کتێبەکە بووەوە. کتێبەکەی نایە سەر ئەژنۆکانی و، بە دەم هزرینەوە چاوی بڕینە بڵێسەی ئاگرەکە.

چەند دەقیقەیەک بە بێدەنگی بووری. کەس ورتەی لێوە نەهات. هەمووان خەمباری مردنی مۆزەشینە ، قارەمانی چیرۆکەکە بوون.

پوزیروفسکی، نەفەسی لە جگەرەکەی دەداو چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕی ڕاو بۆچوونان بوو. سیریدا، بێدەنگیەکەی شکاند وگوتی :

– چیرۆکێکی دڵتەزێنە، کەواتە ئەم جۆرە خەڵکانەش لە دنیادا هەن. هیچ کەسێکی ئاسایی بەرگەی ئەوەی نەدەگرت، بەڵام ئەم قارەمانە چونکە دووی ئایدیایەک کەوتبوو، بۆیە تەحەمبولی هەموو ئەوکارانەی دەکرد.

سیریدا، بە هەڵچوون وسۆزوگودازێکی ئاشکراوە قسەی دەکرد . کتێبەکە ، کارێکی زۆری تێکردبوو.

"ئاندریوشا فومیچیف" ی شاگرد پینەدۆز، خەڵکی بیلیاتسیرکوف بە تووڕەیی وبێزاری هاواریکرد :

– ئاخ ئەگەر ئەو کەشیشە کاتولیکە پۆڵۆنیەم، کە خاچەکەی نابووە ژێر ددانی، دەست دەکوت، هەر لە جێوە ئەو مەلعوونەم دەکوشت! "ئاندروشچوک" بە دارێک مەنجەڵەکەی لە ئاگرەکە نزیکتر کردەوەو بە متمانەوە گوتی :

– ئینسان ئەگەر دۆزێکی هەبێ خۆی لە پێناویا بەخت بکات، لە مردن ناترسێت، خۆ بە خۆ و لە خودی خۆیدا هێز وتوانایەک دەخولقێنێ. ئەگەر هەست بکات لە سەر هەقە، هەق بەوە، باکی بە مردن نابێت و بە ویژدانی ئاسوودەوە دەمرێت. ئیدی قارەمانیەتی لێرەوە سەر هەڵدەدات و پەیدا دەبێت. من کوڕێکی گەنجم دەناسی ناوی "پورایکا " بوو . کاتێ سپیەکان لە ئودیسا بەگیریان هێنا وچوار دەوریان گرت، کە هیچ مەفەڕێکی نەما لە داخا، بە تاقی تەنیا ڕوو بە ڕووی یەک فەسیڵ بووەوە ، بەر لەوەی بیگەنێ وبەر سەرەنێزەی بدەن وئەنجن ئەنجنی بکەن، کوڕە نارنجۆکێکی لە بەرپێی خۆیدا تەقاندەوەو خۆی پارچەپارچە کرد ودەستەیەک لە پۆڵۆنیەکانی دەور وبەری خۆشی کوشت. ئەگەر سەیری ڕواڵەت و قەد وباڵایت بکردایە، دەتگوت بە کەڵکی هیچ نایەت. کەس دەربارەی ئەو نانووسێت، لە کاتێکا شایستەی ئەوەبوو لە سەری بنووسرێت. لە نێو هاوڕێیانی ئێمەدا، نموونەی ئەوجۆرە خەڵکانە زۆرن .

به کەوچکێک، کتریەکەی تێکدا، کەمێک چای دەرهێنا، لێوی هێنایە پێشەوە وچای ناو مراکەکەی چەشت و لە سەر قسەکەی ڕۆیی :

– ... خەڵکانێکیش هەن وەکو سەگ دەتۆپن، بێ هیچ شانازییەک سەگ تۆپ دەکەن وگۆڕ بە گۆڕ دەبن، با من شتێکتان بۆ بگێڕمەوە ، لە شەڕێکی نزیک "ئیزیاسلاڤل" کە شارێکی کۆنە لە سەر ڕوباری گورین ، لە سەردەمی شازادەکاندا دروستکراوە. لەوێدا کڵێسایەکی زۆر مکوومی پۆلۆنی هەبوو، وەکو قەڵا ڕێگای چوونە ناوی نەبوو. چووینە ناو شارەکەوە، بە ڕیز بە کوچە وکۆڵانەکانیا ڕۆیشتین، لاتفییەکان، پاسەوانی قۆڵی ڕاستیان دەکردین . کاتێ گەیینە سەر ڕێگا گشتییەکە، سێ ئەسپی زین کراومان بینی کە بە پەرژینی باخێکەوە بەسترابوونەوە . ئێمە بیرمان لەوە دەکردەوە چەند پۆلۆنیەک غافلگیربکەین و بیانکوژین . دە کەسێکمان خۆمان بە حەوشی ماڵەکەدا کرد، بەرپرسی سریەکە، کابرایەکی لاتفی بوو ، دەمانچە بە دەست لە پێشی پێشەوە دەڕۆیی.

– گەیشتینە ماڵەکە، دەرگا کرابووەوە، وەژوورکەوتین. ئێمە وامان وێنادەکرد ئەوانە پۆلۆنین، بەڵام مەسەلەکە بەپێچەوانەوە دەرچوو، مەفرەزەیەکی دەورێکانی خۆمان لەوێ لایاندابوو، بەر لە ئێمە گەیی بوونە ئەوێندەر. ئەوەی ئێمە لەوێندەر دیتمان کارێکی باش نەبوو. سەیرمان کرد ژنە ئەفسەرێکی پۆلۆنییان بەگیر هێناوە ، ئەمە ماڵی ئەفسەرێکی پۆلۆنی بوو، ئەمانە ژنەکەیان دابوو بە عاردیدا. کاتێ یارۆی لاتفی کە چاوی بەودیمەنە کەوت، بە زمانی خۆی وبە دەنگێکی بەرز شتێکی گوت، ئەو سێ کەسەیان گرت وبە ڕاکێش ڕاکێش هێنانیانە ناو حەوشەکە. ئێمەی ڕووس تەنیا دوو کەس بووین، ئەوانی دی هەموو لاتفی بوون. ناوی فامیل وشۆرەتی بەرپرسەکەیان "بردیس" بوو. هەرچەندە من لە زمانی ئەوان نەدەگەیشتم، بەڵام شتەکە خۆیا بوو، ئەو سیانەیان دەکوشت . ئەم لاتڤیانە، خەڵکی سەختگیرن، لە بەرد ڕەقترن. ئەو سێ نەفەرەیان لە بەر ئاخوڕە بەردینەکاندا دانیشاند، لە دڵی خۆمدا دەمگوت : ئێستا دەیانکوژن. تەواو ئەجەلیان هاتووە، یەکێکیان گەنجێکی تۆکمەی تێکسمڕاوی کەپوو زل بوو، هەر بۆ ئەوە باشبوو بەرد باران بکرێ. ئەمە

ملی نەدەداو چوارپەلی دەکوتا ودەپاڕایەوە ودەلالایەوە ودەیگوت: "ناکرێ لە سەر ژنێک گوللەباران بکرێت!" . دووەکەی دیکەش داوای شەفاعەت وبووردنیان دەکرد. ئەم دیمەنانە لەرزیان لێدەهێنام. بە غار چووم بۆلای بریدیس و گوتم: " هاوڕێ فەرماندە، وازیان لێبێنە با دادگای سوپایی دادگاییان بکات ، بۆچی دەستی خۆت بە خوێنی ئەوانە پیس دەکەیت؟ هێشتا شەڕ لە شارا تەواو نەبووە وئێمە خۆمان بەمانەوە سەرقاڵ دەکەین و دەمانەوێ پاکتاویان بکەین".

نیگایەکی ئەوتۆی کردم کە لە قسەکەی خۆم ژیوان بوومەوە . چاوەکانی لە چاوی بەور دەچوون. لوولەی دەمانچەکەی کردە دەمم، ترسێکی وام لێنیشت، کە بە درێژایی ئەو حەوت ساڵەی لە شەڕا بەسەرم بردبوو، تووشی ترسی وەها نەبووبووم. ئەوەم لە دەم وچاویا خوێندەوە کە لێبڕاوە بێ چەندو چوون بمکوژێت . بە زمانی ڕووسی قیژاندی بە سەرما ، زمانێک کە تاقە وشەیەکی لێ حاڵی نەبووم: " ئالاکەمان بە خوێن ڕەنگینە، ئەمانە مایەی شەرمەزاری هەموو سوپان، سزای چەتە وڕێگر، مەرگە" .

خۆم پێ زەوت نەکرا. بە ڕاکردن لە حەوشەکەوە خۆم گەیاندە شەقامەکە . لە پشتەوە دەنگی تەقە هات. لە دڵی خۆدا گوتم: تەواو تیاچوون. کە گەیشتینەوە لای هێزەکانی خۆمان، ئیدی شار کەوتبووە دەستی خۆمان. ئیدی ئەو سیانە وەکو سەگ تۆپین.

ئەو دەورییە، لەو کەسانە بوون کە لە میلتوپول پەیوەندیان بە ئێمەوە کرد، ئەمانە کاتی خۆی لەگەڵ چەکدارانی "ماخنو" دا بوون وبە کەیفی خۆ ڕا و ڕووتیان دەکرد و خەڵکانی سەر سەری وخوێڕی وتۆڕی بوون.

ئاندروشچوک، کترییەکەی هێنایە بەردەم خۆی، جانتای نانەکەی کردەوە :- بەڵێ، ئەم خەڵکە چەپەلانەش خۆیان دەخزێننە ڕیزەکانمانەوە. خۆ ناکرێ چاودێری هەرهەموویان بکەی، بە ڕواڵەت خۆیان وا دەنوێنن کە دڵسۆزی شۆڕشن وکار بۆ شۆڕش دەکەن. کەچی ژێرا وژێر شۆڕش وشۆڕشگێران عەیبدار دەکەن. من تاکو

ئێستاش ئەو بویەرە نەنگینەم لە بیرماوە. دوای ئەوەی قسەکانی تەواو کرد دەستی بە چاخواردنەوە کرد.

درەنگانێکی، درەنگی شەوێ، مەفرەزەی سوارەی دەورێییەکان خەوتن، سیریدا، بە دەم خەوەوە کەپووی دەگیراو مشەمشێکی زۆری دەکرد. پوزیروفسکی زێنێکی نایە ژێر سەری و لێی خەوت. " کرامەر "ی ڕابەری سیاسی دانیشت وهەندێک شتانی لە دەفتەری یاداشتەکانیا تۆمارکرد .

پاڤل، ڕۆژی دوایی لە ماموریەتەکەی گەڕایەوە. ئەسپەکەی خۆی بە درەختێکەوە بەستەوە. کرامەری، کە تازە لە چاخواردنەوە بوو بووەوە، بۆلای خۆی گازکرد :

– گوێ بگرە ڕابەری سیاسی، تۆ ڕات چییە، خۆم بۆ سوپای یەکەمی سوارە نەقڵ بکەم؟ وا دیارە شەڕێکی گەورەیان لە پێشە، خۆم ئەم هەموو خەڵکە بۆ پیاسە وسەیران لێرە خڕ نەبوونەتەوە! بەڵام ئێمە، ناچارین لە یەک شوێنا بمێنینەوە.

کرامەر، بە سەرسامی تەمەشای کرد :

– نەقڵ بوون یانی چی؟ چما سوپای سوور بەلای تۆوە سینەمایە؟ ئەمە مانای چییە؟ یانی ئەگەر هەر کەسەمان لە یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی دی خۆی نەقڵ بکات، ئەمە کارێکی باشە!

پاڤل، قسەکەی بە کرامەر بڕی :

– باشە شەڕ هەر شەڕ نییە، لێرە بێ یان لەوێ فەرقی هەیە؟ ... خۆ من خۆم لە شەڕ نادزمەوە، داوام نەکردووە بڕۆم بۆ شەڕگەی دواوە.

کرامەر، لێبڕاوانە بەر پەرچی دایەوە :

– ئەگەر وابێ و هەرکەسە بە کەیفی دڵی خۆی بکات ئەدی زەبت وڕەبت، دتسپلین کێوە دەچێ؟ پاڤل تۆ کوڕێکی باشیت، بەڵام ماکێکی ئەنارشیزمت تیایە . حەزت لە هەرچییەک بێ ئەوە دەیکەیت، یانی بە کەیفی دڵی خۆت دەکەیت. بەڵام حیزب

ویەکێتی لاوان ( کومسومول ) لە سەر بنەمای زەبت ورەبتی پۆلایین ڕونراون. حیزب لە هەموو شتێک بالاترە. هەر کەسە دەبێ لەو شوێنەدا بێ کە پێویستە، نەک لەو شوێنەدا کە خۆی حەزی لێدەکات. باشە پوزیروفسکی، داوای نەقلەکەتی ڕەت نەکردەوە؟ کەواتە تەواو، ئیدی بڕایەوە.

کرامەر، لە هەڵچوونی خۆیا کۆکەکۆکی پێکەوت. کرامەر پیاویکی بالابەرزی، باریک وبنێسی ڕەنگزد بوو، گەردی قورقوشمی چاپخانە، نیشتبووە قولایی سیپەلاکەکانی. زۆرجار ئالی وسووری نەخۆشین، دەنیشە سەر گۆناکانی.

وەختێ کرامەر، هێور بووەوە، پاڤل بە دەنگێکی نەوی بەلام بنجبڕ گوتی :

– هەموو ئەمانە دروستە، بەلام من دەڕۆم بۆ هێزی سوارەی "بودیونی" ، ئەمە بڕیاری یەکجارەکیمە.

ئێوارەی ڕۆژی دواتر، پاڤل، لە ناو سەربازانی دەوری ئاگرەکەدا نەبوو.

***

سوارانی بودیونی، لە شیوەی بازنەیەکی فراواندا ، لە سەر گردێکی نزیکی قوتابخانەکەی گوندێکی ئەو نزیکانە کۆبوونەوە. سەربازێکی سوارەی زەلامی کەتە، لە دواوەی عەرەبانەیەکی مەترەلۆزدا دانیشتبوو، یاری بە ئۆکوردیونەکەی دەکرد، کلاوەکەی تا پشت ملی بردبووە پاشی . ئوکوردیونەکە دەنگێکی ناهەنجار وناقولای لێوە دەردەهات. سەربازێکی سوارەی بێباک، بێپەروا کە شەرواڵێکی سووری دەڵبی، سواریی لە بەربوو، لەگەڵ ڕیتمی ناقولا ونەشاز وناسازی ئوکوردیونەکەدا، لە کاتی سەمای شێتانەی "گوپاک"دا (جۆرە سەمایەکی میللییە) پێیەکانی تێک دەئالان وبەم لاو بەو لادا دەهات.

کوڕان وکیژانی گوند چوو بوونە سەر گالیسکە ودیوار وپەرژینەکانی دەور وبەر تا تەمەشای سەماکارە بێباک وبێپەرواکانی تیپی سوارە بکەن کە تازە هاتبوونە گوندەکەیان.

- "توپتالو" دەی پێ بە عاردیدا بکوتە، دەی براگیان، لێدە، لێدە! ئوکوردیونەکەت لێدە، بیهێنە زمان.

بەڵام قامکە گەورەکانی یارۆی سازڤان کە دەیانتوانی ناڵ بچەمێننەوە، زۆر بە زەحمەت لە سەر کلیل و دوگمەکان دەجووڵان.

سوارێکی تاوەگاز بە کەسەرەوە گوتی :

- حەیفی "ماخنو" ، " ئافاناسی کولیایکا "ی هاوڕێمانی کوشت، ئافاناسی ، سازڤانی نمرە یەک بوو، لە ڕیزی ڕاستی سواران بوو ، حەیف بۆ ئەو، سەرباز وجەنگاوەرێکی باش بوو، لێ سازڤانێکی باشتربوو.

پاڤل، لە ناو بازنەکەدا وەستابوو، کە گوێی لەو قسانەی دوایی بوو، خۆی گەیاندە عەرەبانەی مەترەکۆزەکەو دەستی خستە سەر دەمەی ئوکوردیونەکە وسازڤانەکە لە سازژەنین کەوت و بە لاچاو سەیرێکی کرد : - چیت گەرەکە؟

توبتالو، لە سەماکرن وەستا، دەنگی ناڕەزایی لەم لاو لەو لاوە بەرز بووەوە : - چی بووە، بۆ وەستای؟

پاڤل ، دەستی بۆ قایشی ئوکوردیونەکە برد وگوتی :

- ڕێگەم بدە با کەمێک بیژەنم .

سوارە بودیونی یەکە، بە گومانەوە ڕوانیە ئەم سەربازە سوورە نەناسە وبە نەبەدڵییەوە قایشی ئوکوردیونەکەی لە شانی داکەند.

پاڤل، زۆر ئاسایی ئوکوردیونەکەی نایە سەر ئەژنۆکانی ودەمە شەپۆلدارەکەی وەکو باوەشێن کردەوەو بە هەموو توانایەکی ئوکوردیونەکەوە، ئاوازێکی خۆش وشادی لێدا :

ئاە سێوەکە کێوە دەڕۆی

لەوەیە ڕووبکەیە چکای شارەکەی مە

ئامان، نەبا بکەویتە ئەوێ

چونکە دڵنیابە ناگەڕێیتەوە.

توبتالو، هەر لە سەرەتاوە دەگەڵ ئاهەنگەکەدا، تێکەڵ بوو، باڵندە ئاسا باڵەکانی کردنەوەو بە دەوری بازنەکەدا کەوتە سەما. جووڵە وئەتوار ورەفتاری سەیری دەنواند، بە هەر دوو دەست دەیکێشا بە هەردوو ڕان و ئەژنۆکانیا، بە نێو چەوانیا، بە چەکمەکانیا و پاشان بەزارە کراوەکەیدا .

ئوکوردیونەکە گەرم بوو، کەوتە سەر ئاوازێکی مەستانە، توبتالو، گەرم بوو، هەڵدەبەزییەوەو وەکو فرفرۆکە لە ناو بازنەکەدا دەسووڕایەوەو هانکەهانکی پێکەوت.

– هە، هە، هە، هە!

***

لە ١٩٢٠/٦/٥دا، سوپای سوارەی یەکەم بە سەرکردایەتی بودیونی، دوای چەند شەڕێکی قورس وکورت، بەرەی پولونیەکانی، لە نێوان هەردوو سوپای سێیەم وچوارەمەوە، بڕی و تیپی سوارەی جەنەراڵ سافیتسکی، کە ڕێگەی پێشڕەوی ئەمی گرتبوو، تێک وپێک شکاند و بەرەو ڕوباری "روژین " پێشڕەوی کرد.

فەرماندەیی پولونییەکان، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە وڕاگرتنی پێشڕەوی دژمن، بە پەلەپەل هێزێکی دەست وەشێنی دروستکرد، پێنج تانکی، کە تازە لە فارگۆنە سەر بەتاڵەکانی وێستگەی " پوگریبیچە " داگیرابوون، بۆ شوێنی شەڕەکە نارد.

بەڵام سوپای سوارە، بە دەوری زاردونیستیدا، کە پۆلۆنیەکان لەوێندەرەوە خۆیان بۆشەڕ سازدەدا، سووڕایەوەو لە پشت جەبهەی پولونیەکانەوە سەری دەرهێنا.

لەشکری سوارە بە سەرکردایەتی جەنەراڵ کورنیتسکی، پێی بە پێی سوپای سوارەی یەکەم، دەڕۆیی وپێشڕەوی دەکرد. ئەم لەشکرە ئەمری پێبوو، کە هێرش بۆ جەبهەی پشت سوپای یەکەمی سوارە بکات، کە بە باوەڕی فەرماندەیی پولونیەکان دەبوایە هێرش بۆ گرینگترین و ستراتیژیترین خاڵی پشت جەبهەی پولونیەکان، واتە بۆ کازاتین بکەن، بەڵام ئەمە بارو ڕەوشی ناهەنجاری پولونیە سپیەکانی سووک نەکرد. ئەگەرچی ڕۆژی دوایی، ئەو کەلێنەیان پڕکردەوە کە کەوتبووە شەڕگەکەیان و جەبهەکەی پشت سوپای سوارەیان گرتەوە، بەڵام هێزێکی سوارەی بەهێز لە دوایانەوە مابوو کە دەبوایە دوای تێکشکانی بنکەکانی دواوەی دژمن، هێرش بۆ سەر ئەو هێزانەی پولونیەکان بکەن کە لە کییف مۆڵیان دابوو. لەشکرێن سوارە بەدەم هێرش وپێشڕەوییەکانی خۆیانەوە، پردە بچووکەکان و ڕێگا ئاسنەکانیان ڕوخاند وتێکدان، تا ڕێگەی گەڕانەوە لە پولونیەکان بگرن.

فەرماندەی سوپای سوارە، لە ڕێگەی دیلەکانەوە زانیاری دەستکەوت کە گوایە پولونییەکان، بارەگای فەرماندەیی سوپاکانیان لە ژیتومیر داناوە (لە ڕاستیدا سەرکردایەتی هەموو بەرەکانی شەڕ لەوێ بوو) ئیدی فەرماندەی سوپای سوارە بڕیاری دا "ژیتومیر" و "بردیچف" بگرێت کە گرینگترین خاڵی یەکانگیری هێڵەکانی ئاسن ومەڵبەندە ئیداریەکان بوون. لەشکری سوارەی چوار بەرە بەیانی ڕۆژی ٦/٧ بەرەو ژیتومیر، کەوتە پێشڕەوی .

پاڤل کورچاگین، لە جیاتی کولیاپکو، کە لە شەڕدا کوژرابوو، لە هەمان سریەی ئەودا وەرگیرابوو، هەڵبەتە لە سەر داوای هەموو ئەندامانی سریەکە وەرگیرابوو، چونکە نەیاندەویست ئەم سازڤانە کارامەیە لە دەست بدەن .

بێئەوەی پشوو بە ئەسپەکانیان بدەن، لە شیوەی باوەشێندا لە بەردەم " ژیتومیر" دا بڵاوبوونەوەو بە شمشێری ڕووتەوە، کە لە بەرتیشکی هەتاوەکەدا زیو ئاسا دەبریسکانەوە، دەستیان بە هێرشکرد.

زەوی لە ژێر سمی ئەسپەکاندا دەینالاند، سوارەکان لە سەر ئاوزەنگیانەوە هەستابوونە سەرپێیان. زەوی دەتگوت لە ژێر سمی ئەسپاندا دەپێچرێتەوە، شارە گەورەکە بە پارک وباخەکانییەوە، پێشوازی لە هێزەکە کرد. بەغار لە هەوەڵین باخەکان ڕەتبوون وبەرەو ناوەندی شار بوونەوە . هاواری پڕسامی شەڕ وکوشتار هەواکەی دەلەراندەوە.

پولونیەکان کە غافڵگیر بووبوون، بەرخودان ومقاوەمەتێکی ئەوتۆیان نەدەکرد. پایەگاکەی شار تەفر وتونا وداغان بوو.

کورچاگین، خۆی دابوو بەسەر ملی ئەسپەکەیدا وبە تاو دەڕۆیی، توپتالوش شانبەشانی ئەو بە سواری ئەسپێکی ڕەشی چوارپەل باریک تاوی دەدا. کورچاگین بە چاوی خۆی بینی کە چۆن ئەم سوارە" بودیونی" یە قارەمان وبێباکە، هەڵۆ ئاسا پەلاماری پولونیەکی سپی داو، هەر لە جێوە کردی بە قوربانی شمشێرێک و نەیهێشت دەست بکاتەوە .

ئەسپەکان، بە سوارەکانیانەوە، بە خرمەخرمی ناڵی تازەوە، بە سەر سەلبەندی شۆستەکاندا، تاویان دەدا ئەمما تاودان. لەپڕ، لە چوار ڕێیانەکەدا، لە ناوەندی ڕێگادا، ڕەشاشێک بە دیارکەوت کە سێ نەفەر بەجلی شین وکڵاوی چوارگۆشەوە، بە دیارییەوە چۆکیان دادابوو. نەفەری چوارەم، کە یەخەی چاکەتەکەی لە شیوەی مارێکی زێڕیندا گوڵدۆزی کرابوو، هەرکە ئەسپ سوارەکانی بینی، لوولەی دەمانچە ماوزەڕەکەی تێکردن.

نە "توپتالو "و نە " پاڤل" شتاقیان نەیاندەتوانی ئەسپەکانیان رابگرن، یان بگەڕێنەوە، ئیدی ڕیک بەرەو پیری مەرگ ، ڕووەو ڕەشاشەکە ملیان نا. کابرای ئەفسەر نیشانەی لە کورچاگین گرتەوەو .. تەقەی لێکرد .. نەیپێکا ... گوللەکە وەکو چۆلەکەیەک، بە جیکەجیک بەلای گۆنایا ڕەت بوو. بەڵام ئەسپەکە ملی نا، ئەفسەرەکە بەرسینگی ئەسپەکە کەوت، پەڕی و سەری بە بەردێکا کەوت و بە دەما کەوت وگیانی دەرچوو.

ڕێک لەو کاتەدا، ڕەشاشەکە هۆڤیانە وبە هەشتاو کەوتە قرمژن "توپتالو " بەخۆ و ئەسپە ڕەشەکەیەوە گلاو وپتر لە دە گوللەی بەرکەوت.

ئەسپەکەی پاڤل، لە ترسا ڕەوییەوەو هەستایە سەر هەردوو پاشو. بەخۆ وسوارەکەیەوە بەسەر دوو جەندەکدا بازی دا ویەکسەر بەرەو ئەو کەسانەی پای رەشاشەکە تاوی دا. پاڤل، شمشێرەکەی بە سەر سەری خۆیا بادا و، دایوەشاند وڕێک بەر چوارگۆشەی کاسکێتە شینەکە کەوت. شمشێرەکە دووبارە بەرزبووەوە، پاڤل دەیویست بیکێشێت بە تەپڵی سەری کابرای دووەمدا، بەڵام ئەسپەکە کە گوڕی بەستبووەوە بە لادا ڕۆیی.

ئەسپ سوار، وەکو ڕوبارێک لە چیاوە دابڕژێتە خواری. بە سەر چوار ڕێانەکەدا دابارین ودەیان شمشێرو ڕمبان بە حەواوە کەوتنە ڕینگ وهۆڕ.

***

ڕاڕەوە تەنگ ودرێژەکانی زیندان، پڕ بوو لە هەرا وزەنا. ژوورەکانی زیندا، لە خەڵکانی ڕەنگ وڕوو سیسەڵە وچرچەڵەدا جمەیان دەهات. شەڕ لە شارا گەرمە. ئایا ئەمە نیشانەی ئەوە بوو کە ئازادی بەر دەرکەی پێگرتوون و ئەمانە جەماعەتی خۆیانن و نازانن لە کوێوە پەیدابوون؟

دەنگی تەقە گەییە ناو حەوشە، خەڵکی لە ڕاڕەوەکاندا کەوتوونەتە هاتوچۆ. لەپڕ گوێیان بە هاوارێکی خۆش، دڵنەواز، باوەڕنەکردەنی زرینگایەوە : "هاوڕێیان وەرنە دەرەوە! ... ".

پاڤل، بە ڕاکردن خۆی گەیاندە بەر دەرگایەکی قفڵ دراو، دەرگاکە کونێکی بچووکی تیابوو، کە دەیان چاو لەو کونەوە تەمەشایان دەکرد . تاتوانی قۆناغە تفەنگێکی بە قفڵەکەدا کێشا. نەخێر دووبارە وسێ بارە وچەند بارەی کردەوە.

"میرونوف" ناوێک، پاڤلی ڕاگرت و نارنجۆکێکی لە بەرکی دەرهێنا وگوتی : – ڕاوەستە، با بە نارنجۆک داغانی بکەم.

"تسیگار چنکو"ی سەردەستە، بلەز نارنجۆکەکەی لە دەست دەرهێنا وگوتی :- ڕاوەستە شێتە، ئەوە شێت بووی؟ ئێستا کلیلەکان دێنن. هەر شوێنێک نەیەتە شکاندن، بە کلیل دەیکەینەوە.

پاسەوانانی زیندانەکەیان، بە ڕاڕەوەکەدا، بە دەمانچەی ڕووتەوە دابووە پێش. ڕاڕەوەکە پڕبوو لە خەڵکانی جل وبەرگ شڕۆڵە وپیس، کە لە خۆشیا لە پێستی خۆ نەدەهێورین.

پاڤل، دەرگا گەورەکەی خستەسەر گازی پشت وبە هەشتاو خۆی بە زندانەکەدا کرد.

- هاوڕێیان ئێوە ئازادن. ئێمە سوارەی "بودیونی" ن. ئێستا هێزی خۆمان لە شاردایە و شار لە خۆمان مەسئولە.

ژنێکی چاوبەگریان، بەرەولای پاڤل تاوی دا، وەکو ئەوەی کوڕی خۆی بێ ، بەو ئاوایە لە ئامێزی گرت و لە هۆڕژنی گریانی دا .

ڕزگارکردنی پێنج هەزار وهەفتاویەک بولْشەفیک، کە لە لایەن پولۆنیانی سپیەوە، لە سووچی ئەم ڕەشچالانەدا توند کرابوون وچاوەڕوانی گوللەباران بوون وئازادکردنی دوو هەزار چالاکوانی سیاسی سوپای سوور، ئەمە بەلای سەربازانی لەشکرەوە، لە هەموو دەستکەوتێک بە نرختر بوو، تەنانەت لە خودی سەرکەوتنەکەش خۆشتر بوو. لە ناکاوا شەوی تاریکی حەوت هەزار شۆڕشگێڕ، ڕەوییەوەو ڕۆژی ڕەخشان و گەرمی هەیڤی حوزەیرانیان لێ هەڵهات.

یەکێک لە زیندانییەکان، بە ڕوخسارێکی زەردی عەینی توێکڵی لیمۆوە، بە شادییەوە بەرەو لای پاڤل ڕۆیی. پاڤل یەکسەر ناسییەوە، "ساموئیل لیخر" ی پیتچنی چاپخانەی شپتوفکا بوو.

***

پاڤل، به ڕوخساری خەمینەوە گوێی لە بەسەرهاتی سامولیل دەگرت. سامولیل باسی ئەو کارەساتە خوێناویەی شارۆچکەکەی پاڤلی گێڕایەوە . وشەکانی وەکو دڵۆپە کانزای تواوە، کزەیان لە دڵی هەڵدەستان.

– شەوێک هەرهەمووومانیان بە کەڕەتێک، خانەبگیر کرد، دیارە نۆکەرێکی خوێڕی ونامەرد خەبەری لێدابووین. ئیدی هەموو خۆمان لە چنگی جەندرمەی عەسکەریدا بینییەوە. پاڤل گیان زۆر پیس لێیان دەداین وئەشکەنجەیان دەداین. من لەوانی دی کەمتر ئەشکەنجەم بینی، چونکە لەگەڵ یەکەم ئەشکەنجەدا بورامەوەو ئاگام لە عەمری دنیا نەما. بەڵام ئەوانی دی لە من بەهێزتر بوون. نکۆڵی کردن وشاردنەوە فایدەی نەبوو، پیاوانی جەندرمە هەموو شتێکیان دەربارەمان دەزانی، لە خۆمان باشتریان دەزانی، ئاگایان لە هەموو جم وجوڵێکمان هەبوو: چۆن نایزانن، ئێمە کە نۆکەر وخاینمان تیابێ، هەموو شتێک لەمەڕ ئێمە دەزانن و ئەولاتریش! ناتوانم باسی ئەو ڕۆژانە بکەم، لە گێڕانەوە نایەن . پاڤل، تۆ زۆر کەس دەناسیت : ڤالیا بروزژاک، روزاگریتسمان، کە خەڵکی دەرێی شار بوو، کیژێکی زۆر منداڵکار بوو، هەر هەڤدەساڵ دەبوو، کیژێکی باش بوو، چاوەکانی متمانەیان لێهەڵدەقولا ... پاشان "ساشابونشافت" دەیناسیت ،پیتچنەکەی لای خۆمان. گەنجێکی خۆشبوو، هەمیشە وێنەی کاریکاتوری خودان چاپخانەکەی دەکێشا. پاشان دوو خوێندکاری قۆناغی ئامادەیی کە تۆ دەیانناسیت، نوفوسیلیسکی و توژیتس. زۆری دیکەی خەڵکی ناوشار و دەرەوەی شار، تێکڕا بیست ونۆکەس، کە شەشیان ژن بوون، گیران. هەرهەموو ئەمانەیان خستەژێر ئەشکەنجەێن بێڕەزا ڤالیا وڕوزا ، لە یەکەم ڕۆژا فەساتکران . ئیدی ئەو گەندەڵ وچەتانە، بە ئارزووی خۆیان هەرچیەکیان بویستبا ئەوەیان دەکرد. ئەم جووتە کیژەیان بە نیمچە مردوویی و بە ڕاکێش ڕاکێش هێنایە ناو زندانەکەوە. ڕۆزا، لەو ڕۆژە بە دواوە کەوتە وڕینە وبزڕکاندن، پاشان، دوای چەند ڕۆژێک بە تەواوەتی شێت بوو و ئەقڵەکەی لە دەست دا .

باوەڕیان نەدەکرد شێت بووە، وایان وێنا دەکرد بە ئانقەست خۆی لە شێتی دەدا . لەگەڵ هەر پرس وجۆیەکدا، تاوێکی باش ئەشکەنجەیان دەدا . دیمەنی گوللەباران

کردنەکەی یەجگار سامناک بوو، دەم و چاوی لە لێدانا ڕەش بوو بووەوە، چاوەکانی کێویانە وشێتانە بوون، لە پیرەژن دەچوو.

– ڤالیا بروزژاک، تا دواسات، خۆڕاگربوو. هەموو ئەمانە وەکو خەباتکارێن ڕاستی گیانیان سپارد. من نازانم ئەم هەموو خۆڕاگری و بەرخۆدانەیان لە کوێوە بەدەست دێنا. بەڵام پاڤل گیان، کورِم دەویَ بتوانێ وەسفی مەرگی ئەمانە بکات؟ شتی وا مەحاڵە .. نا، مەرگی ئەوان بە وشە نایەتە وەسفکردن .. ڤالیا بروزژاک ، خەتەرناکترین کاری دەکرد : ژێراوژێر پەیوەندی بە بێتەلەکانی بارەگای فەرماندەیی پولونیەکانەوە دەکرد. ناردیان بۆ ناوەندی شار تا پەیوەندی بە جەماعەتەکەیەوە بکات، لە کاتی پشکنیندا، دوو نارنجۆک ودەمانچەیەکی "برونینک"یان لەماڵەکەیدا دۆزی بووەوە. هەمان نۆکەر وخاین دوو نارنجۆکەکەی دابوویە. ئیدی هەموو شتێک بەجۆرێ ڕێکخرابوو، کە ئێمە بە نیازی تەقاندنەوەی بارەگای فەرماندەیی پولونیەکان تۆمەتبار بکرێین.

ئاخ، پاڤل گیان، ناتوانم باسی ڕۆژەکانی دوایی بکەم . بەڵام مادامێکی تۆ گەرەکتە باسی بکەم، بۆتی دەگێڕمەوە. دادگای عەسکەری، حوکمی لە سێدارەدانی بۆ ڤالیا و دووانەکەی دی بڕییەوە و حوکمی گوللەبارانی بۆ هاوڕێکانی دی بڕییەوە. ئەو سەربازە پولونیانەی کە ئێمە کارمان لە ناویاندا دەکرد وژێراوژێر لە هێزی پولونیەکانمان هاندەدان، دوو ڕۆژ لە پێش ئێمەیا دادگایی کران. عەریف سنگورکوی بێتەلی پولونیەکان، کە بەر لە جەنگ لە "لودز" میکانیسینی کارەبا بوو بە خیانەتی نیشتمان و بانگەشەی کومونیزم لە نێو سەربازاندا تۆمەتبار کرا، حوکمی گوللەباران درا. ئەم پیاوە داوای شەفاعەتی پێشکەش نەکرد، دوای دەرچوونی حوکمەکە بە بیست وچوار سەعات، گوللەباران کرا.

ڤالیا، وەکو شایەدێک بە سەر ئەم کەیسەوە بانگکرا، ڤالیا بۆ ئێمەی گێڕایەوە کە "سنگورکو" ئیعترافی کردووە کە بانگەشەی کومونیزمی کردووە، بەڵام زۆر بە توندی تۆمەتی خیانەت بە نیشتمانی ڕەتکردبووەوەو گوتبووی: "نیشتمانی من

کۆماری سوڤیاتی سوسیالیستی پۆلاندایە، بەڵێ من ئەندامی حیزبی کومونیستی پۆلاندیم و بە زۆر من کراوم بە سەرباز. من چاوی هەموو ئەو سەربازانەم دەکردەوە کە وەکو خۆمن وئێوە بە زۆر بۆ شەڕگەتان ناردوون، ئێوە دەتوانن لە سەر ئەوشتانە لە سێدارەم بدەن، بەڵام من خیانەتم لە نیشتمانی خۆم نەکردووە ونایکەم. بەڵام من و ئێوە دوو نیشتمانی جیاوازمان هەیە: نیشتمانی ئێوە، نیشتمانی پان وخان ودەرەبەگانە، نیشتمانی من، نیشتمانی کرێکاران وجووتیارانە. لەو نیشتمانەی مندا کە دێتە ئاراوە، هیچکەس من بەخیانەتکار نازانێ " .

دوای دەرچوونی حوکمەکان، هەموویان لە یەک شوێندا کۆکردینەوە . پێش جێبەجێکردنی حوکمەکە، بۆ زیندانیان گواستینەوە. شەوێ سێدارەکانیان لە هەنبەر زندانەکەدا ولە بەردەم نەخۆشخانەکەدا دامەزراند . لە نزیکی لێرەوارەکەشا، مەیدانێکیان بۆ گوللەباران کردنمان هەڵبژارد و کەمێک لەو لاترەوە، لە نزیکی جادەکەدا کە کەندێکی قووڵ هەبوو، لەوێ گوڕێکی بە کۆمەڵیان بۆ ناشتنمان هەڵکەند.

حوکمی دادگا بە دیوارەکانی شارا هەڵواسرا تا هەموو خەڵکی پێی بزانن . پولونیەکان، بڕیاریان دا کە بە ڕۆژی نیوەڕۆ بە بەرچاوی خەڵکییەوە قەتڵ وعاممان بکەن، تا خەڵکی ببینن وچاوترسێن بن. ئیدی لە بەیانییەوە خەڵکیان بە خورتی لە شارەوە بۆ شوێنی سێدارەکان ڕەوانە دەکرد. هەندێ کەس وێڕای ترسناکی دیمەنەکە، لە ڕووی کونجکاوی وفزوڵیەتەوە دەچوون بۆ ئەوێندەر. خەڵکێکی زۆر لە دەوری سێدارەکان خڕبوونەوە. تا چاو بڕدەکات، هەر سەری بەشەران دەبینرا. دەوری زیندانەکە وەکو دەزانی بە لەوحی دار گیراوە: سێدارەکانیان لە بەردەم زندانەکەدا بەرپاکرد. ئێمە دەنگی پێی خەڵکەکەمان دەژنەوت. ڕەشاشیان لە سەر شەقامەکە و لە پشت خەڵکەکەوە دامەزراندو جەندرمەی سوارە وپیادەیان لە هەر چوارنکالی دەڤەرەکەوە هێنابوو .یەک فەوجی تەواو هەموو پارک وشەقامەکانی گەمارۆ دا .. هەر لەوێ، لە نزیکی سێدارەکان چاڵێکیان بۆ ناشتنی ئیعدام کراوەکان هەڵکەند. ئێمە مات وبێدەنگ چاوەڕوانی

مەرگی خۆمان دەکرد، بە دەگمەن یەک دوو قسەی کورتمان لەگەڵ یەکدا دەکرد. شەوێ هەموو قسەیەکی خۆمان کردبووو دوعاخوازیمان لێکدی کردبوو. تەنیا ڕۆزا نەبێ کە لە سووچێکی زیندانەکەدا دانیشتبوو ولەبەر خۆیەوە ولە بن لێوانەوە هەندێ شتی نامەفهوومی دەگوت ودەگوتەوە. ڤالیا، دوای فەساتکردنی ودوای ئەشکەنجەی لە ڕادەبەدەر، خۆی بە پێوە نەدەگرت، نەیدەتوانی ڕێبکات، زۆربەی کات هەر پاڵکەوتبوو. دوو خوشکی کومونیستی خەڵکی دەڤەرەکە دەستیان لەملی یەکدی وەرێنا، بە خۆ نەوەستان و لە هورڕژنی گریانیان دا ، هەنگێ ستیپانوف، کە گەنجێکی ناوەندی شارەدێیەک بوو، گەنجێک بوو بەهێز، لە زۆرانباز دەچوو، کاتێ کە بۆ گرتنی چوو بوون، دوو جەندرمەی داپڵۆسی بوو و بریندارى کردبوون. بەڵێ ستیپانوف، داوای لەو خوشکانەی کردبوو :" هاوڕێیان ، پێویست بە فرمێسک ڕشتن ناکات! لێرە بگرین، تێرتێر بگرین، بەڵام لەوێندەر مەگرین. تا ئەو جەلادە خوێڕیانە پێمان خۆش نەبن . بە هەرحاڵ ئەوانە بەزەییان بە ئێمە نایەتەوە ، ڕەحممان پێناکەن. خۆ ئێمە هەر دەمرین دەمرین، ئیدی با بە مەردی وئابڕومەندانە بمرین، کەسمان بە چۆکا نەیات . هاوڕێیان ئەوەتان لە بیربێ کە دەبێ سەربەرزانە بمرین ، بە کەرامەتەوە بمرین" .

ئەنجام هاتن بە دووماندا. شفارکوفسکی سەرۆکی هەواڵگری کە پیاوێکی سادیست بوو، وەکو سەگی هار پێشیان کەوتبوو. ئەم پیاوە ، ئەگەر بەخۆیشی دەستدرێژی سێکسی نەکردبایە سەر زندانییە مێینەکان، ئەوا ئەوکارەی بە جەندرمان دەسپارد، بە خۆی تەمەشای دەکردو لەزەتی لەو دیمەنی دەستدرێژی زێدەگاڤییە سێکسییە دەبینی. دوو ڕیز جەندرمەیان لەبەر زیندانەکەوە تا مەیدانی سێدارەکان ڕیزکردبوو، ئەم کەناریانە (بۆیە پێیان دەگوتن کەناری چونکە قەیتانەکانی شانیان زەرد بوو )بە شمشێری ڕووتەوە ڕاوەستابوون .

بە قوناغە تفەنگ بۆ حەوشەی زیندانەکەیان بردین. کردیانین بە چوار ڕیزەوەو دەروازەکانیان ڤەکردو بۆ شەقامەکەیان بردین. لەبەر سێدارەکانا ڕایانگرتین تا مەرگی هاوڕێکانی خۆمان بدینین. تا نۆرەی ئێمەش بێت. سێدارەکە بەرز بوو، لە

دیرەکی ئەستوور دروستکرابوو. سێ ئەڵقەی پەتی ئەستووری پێوە هەڵواسرابوو. لە ژێر هەر پەتێکدا، تەپڵەکێکی بزۆز دانرابوو، بۆ ئەوەی بە پاڵێک بکەوێتە خوارەوە. دەریای تەمەشاڤانان شەپۆلی دەدا، مەیدانەکە لە خەڵکیدا جمەی دەهات. ژاوەژاوێکی سەیر دەهاتەگوێ. هەموو چاوەکان بڕابوونە مە. سەروسیمای کەس وکار وئاشناکانمان دەناسییەوە.

لە بەر دەرگای ماڵێکی کەمێک دوورا، پیاو ماقوڵانی پولونی، کە ئەفسەرانیشیان تیابوو، بە خۆو دووربینەوە هاتبوون، تەمەشای لە سێدارەدانی بوڵشەفیکان بکەن.

بەفرەکەی ژێرپێمان نەرم بوو، لێرەوارەکە لە بەفرا سپی دەچووەوە. درەختەکان دەتگوت پەمووی شیکراوەیان بە سەرا کراوە ... کلو بەفران بە حەواوە دەخولانەوەو بە ئەسپایی دەهاتنە خوارەوەو بەسەر ڕوخساری گەرممان‌دا دەنیشتنەوەو دەتوانەوە. پلیکانەکانی سێدارەکە یەکپارچە بەفر بوون، هەر هەموومان نیمچە ڕووت بووین، بەڵام کەسمان هەستمان بە سەرما نەدەکرد، ستیپانوف، تەنانەت ئاگای لەوە نەبوو، بەبێ پێڵاو وتەنیا بە جووتێ گۆرەوییەوە ڕاوەستابوو.

داواکاری گشتی سوپایی وگەورە ئەفسەران لە بەردەم سێدارەکە ڕاوەستابوون. ئەنجام ڤالیا وئەو دوو هاوڕێیەی دیکەیان، کە ئەمری لە سێدارەدانیان بۆ دەرچوو بوو، هێنان . هەموویان قۆڵیان بە قۆڵی یەکتردا کردبوو، ڤالیا لە ناوەڕاستەوە بوو، توانای ڕێکردنی نەبوو، هاوڕێکانی لەنگەریان دەگرت، وێرای ئەوەش هەوڵیدەدا بە سەربەرزی ڕێبکات، چونکە قسەکەی ستیپانوفی لە بیر نەچوو بوو: "دەبێ ئابڕوومەندانە ، بە کەرامەتەوە بمرین". پاڵتۆی لە بەردا نەبوو، تەنیا بلوزێکی خوری لە بەربوو.

وا دیار بوو شفارکوفسکی، حەزی نەدەکرد ئەمانە قۆڵ لە قۆڵی یەکدا ڕێبکەن و پاڵێکی پێوەنان، ڤالیا شتێکی گوت، جەندرمەیەکی سوارە لە سەر ئەو قسەیە، تا هێز لە بازوویدا بوو، شەلاخێکی خێواندە سەروچاوی.

ژنێک لە نێو حەشیمەتەکەوە، هاوارێکی ترسناکی کرد، بەدەم هاواری شێتانەوە، دڕی بە ئاپۆڕاکە دەدا، تا خۆی بگەیەنێتە ڤالیا وهاوڕێکانی . بەڵام گرتیان و دووریان خستەوە. ئەم ژنە بە دڵنیاییەوە داکی ڤالیا بوو. کاتێک هاوڕێیان لە سێدارەکە نزیک بوونەوە، ڤالیا دەستی بە سروود خوێندن کرد، بە دەنگێک ئەو سروودەی دەخوێند بە عەمراتم گوێم لە دەنگی وا نەبوو بوو. تەنیا یەکێک دەتوانێ بەو ویژدان وجۆش وخرۆشەوە سرود بڵێ کە بەرەو مەرگ بڕوات. ڤالیا سروودی شۆڕشگێرانەی ( ڤارشاڤیانکا ) ی دەگوت وجووتە هاوڕێکەشی هاوئاواز لەگەڵیا کەوتنە خوێندن. ئیدی شەلاخی سوارەکان کەوتنەکار. ئیدی وەکو دڕندە بە قامچیەوە تێیان بەربوون. بەڵام ئەوان لە تۆ وایە هەستیان بە جەزرەبەکان نەدەکرد. ئەوەندەیان لێدان لە پێ کەوتن، وەکو کەلاک ڕایانکێشاننە ژێر سێدارەکە. بە پەلە حوکمەکەیان خوێندەوە، سەریان کردن بە پەتەکانەوە . هەنگێ ئێمەش کەوتینە گوتنی سروودی :

ڕابن قوربانیانی چەوساندنەوە ...

لە هەموو لایەکەوە هێرشیان بۆ هێناین. من تەنیا ئەوەندەم بینی کە سەربازێک بە قۆناغی تفەنگەکەی تەپڵەکەکانی ژێر پێی هاوڕێیانی دەڵەک دا وخستنی و، هەرسێکیان بە پەتەکانەوە هەڵواسران ..

بەڵام ئێمە کە حوکمی گوللەبارانمان بۆ دەرچوو بوو، لە پاڵ دیوارەکەدا ڕیزیان کردین . حوکمەکەیان بۆ خوێندینەوە، حوکمی دە کەسیان بە لوتفی جەنەڕاڵ، لە گوللەبارانەوە بۆ کردین بە بیست ساڵ زیندانی بەکاری قورسەوە. ئەوانی دیکەیان کە ژمارەیان هەڤدەکەس بوو، گوللەباران کرد.

ساموئیل، یەخەی کراسەکەی خۆی ڕاکێشا وکردییەوە، وەکو ئەوە بوو خەفەی بکات.

– ئەو هاوڕێیانە سێ دانە ڕۆژ بە سەر سێدارەکەوە هێڵرانەوە، دوای سێ ڕۆژ ئەوسا لە قەنارەکەیان هێنانە خوارەوە. قەنارەکە شەو وڕۆژ پاسەوانی بە دیارەوە

بوو. پاشان دەستگیراوانی دیکەیان، بۆ زندانەکەی ئێمە هێنا. ئەوان بۆیان گێڕاینەوە : "هاوڕێ توبولدین لەوانی دی قورستر بوو، بۆیە ئەو پەتەی کە ئەوی پێوە هەڵواسرابوو، لە ڕۆژی چوارەما پچڕا . هەنگێ ئەوانی دیکەشیان داگرت وجەندەکەکانیان هەر لە هەمان شوێن دا لە چاڵ نا" .

بەڵام سێدارەکە هەر لە هەمان شوێندا مایەوە. کاتێ ئێمەیان بۆ ئێرە گواستەوە، سێدارەکەمان لەوێ وبە پەتەکانەوە بینی کە چاوەڕێی قوربانی دیکەی دەکرد.

ساموئیل، بێدەنگ بوو، نیگای بڕییە خاڵێکی نادیاری دوور. پاڤل، ئاگای لێنەبوو کە قسەکەی ساموئیل تەواو بوو بوو.

بە ڕوونی سێ جەستەی بەشەری کە بە بێدەنگی لوولیان دەخوارد وسەریان بە شێوەیەکی سامناک بەلادا کەوتبوو، لە بەر چاویا بەرجەستە دەبوون.

دەنگی شەیپوری کۆبوونەوە لە شەقامەکەوە بەرزبووەوە. پاڤل، لەم دەنگە بەخۆ هاتەوە. پاڤل، بە دەنگێکی نەوی کە بەزەحمەت دەبیسترا گوتی : - ساموئیل، با لێرە بڕۆین .

تابورێک لە سەربازانی پولونی دیل، بە چاودێری ڕیزێک ئەسپ سوار بە جادەکەدا دەڕۆیشتن. کومیسەری فەوج لە بەر دەروازەی زندانەکەدا وەستابوو وئەمرێکی لە دەفتەرەکەیدا دەنووسی.

- بگرە هاوڕێ ئانتیپوف -کاغەزەکەی بۆ فەرماندە قەڵەوەکەی سوارەکان درێژکرد- دەستە پاسەوانێک ڕاسپێرە با هەموو دیلەکان بۆ نوڤوگراد - ڤولینسکی ببەن. بریندارەکان دەرمانبکەن و بە عەرەبانە بۆ ئەوێیان بنێرن . بیست میلێک لە شار دووریان بخەنەوەو لەوێ بەریان بدەن با بڕۆن، ئێمە کاتی ئەوەمان نییە بە وانەوە سەرقاڵ بین. ئاگاداربن هیچ کەس خراپە لە گەڵ دیلەکاندا نەکات .

پاڤل، کە سوار ئەسپەکەی بوو ، ئاوڕێکی لای ساموئیلی دایەوە :

– گویت لیبوو؟ ئەوان هاوڕێیانی مە لە سێدارە دەدەن، ئێمەش دەبێ سەربازەکانی ئەوان، بە گالیسکە و بەبێ هیچ توونودتیژییەک بۆلای کەس وکاریان بنێرینەوە! ئاخر ئەمە بە کێ دەکرێ؟ ..

فەرماندەی فەوج، ئاوڕێکی لێدایەوە ومۆڕەیەکی لێکرد. پاڤل گوێی لەو وشە توونودو وشکانەبوو کە فەرماندەی فەوجەکە کردنی، دەتگوت بۆخۆی کردبوون : – هەرکەسێک ڕەفتاری نامرۆڤانی دەگەڵ دیلی بێ چەکدا بکات ، گوللەبارانی دەکەین، خۆ ئێمە سپیەکان نین!

پاڤل، کاتێ کە لە دەروازەی زندانەکە دوور دەکەوتەوە، دوا وشەکانی ئەمری ئەنجوومەنی عەسکەری شۆڕشگێڕی بیرکەوتنەوە کە لە بەردەم هەموو فەوجەکەدا خوێنرایەوە : "وڵاتی کرێکاران وجووتیاران سوپای سووری خۆی خۆشدەوێ، شانازی پێوە دەکات و وڵات دەیەوێ ئاڵاکەی پاک بێ، تەنانەت یەک پەڵەی ڕەشیشی پێوە نەبێت".

پاڤل، لە بەرخۆیەوە دەیڵێتەوە : "یەک پەڵەی ڕەشیشی پێوە نەبێت " .

***

... لەو کاتەدا کە ژیتومیر لە لایەن لەشکری چواری سوارەوە گیرا، تیپی بیستەمی لەشکری حەوتەمی تیرەندازیش لە ڕووباری دەنیپەر پەڕییەوەو گەییە دەڤەری گوندی ئوکونوڤ . ئەم هێزانە بەشێک بوون لە هێزی زارییە ودەستوەشێن بە فەرماندەیی هاوڕێ گولیکوف .

ئەمر بۆ ئەم قوەتە هات، کە پێکهاتبوو لە لەشکری بیست وپێنجەمی تیرەندازو لیوای سوارەی باشکیریەکان، کە لە ڕووباری دەنیپەر بپەڕێتەوە وڕێگای ئاسنی کییف – کوروستین، لە نزیکی وێستگەی ئیرشا ببڕێت. بەم مانۆڕە ئیدی تاقە ڕێگەی پاشەکشەی پولونیەکان لە کییفەوە، قوت دەبوو. لەم شەڕەدا، لە کاتی پەڕینەوە لە ڕووبارەکە، "میشکالوچوکوف"ی ئەندامی ڕێکخراوی کومسومولی

شارۆچکەی شپتوفکا کوژرا. ئەمە لەو کاتەدا بوو کە سەربازەکان بەغار بەسەر پردە کاتیە لەرزۆکەکەدا دەپەڕینەوە، لەو بەرەوە لە پشت گردەکەوە گوللە تۆپێک بە گیزوهوڕ هات وبە سەر سەریانا تێپەڕی وکەوتە ئاوەکەوەو تەقییەوە ولەو کاتەدا، میشا کەوتە ژێر یەکێک لە قایەغەکانەوە. ئاوەکە قووتی داو هەڵینەدایە دەرەوە . تەنیا "یاکیمنکو" کە سەربازێکی سووری قژ زەرد بوو، قەراخی کڵاوەکەی دڕا بوو، کە دیمەنەکەی بینی هاواریکرد :

– ئەی وای ئەوە چ بوو؟ میشکا بوو، بەستەزمانە کەوتە ئاوەکەوە، دەر نەهاتەوە. ڕاوەستا، بە حەپەساوی چاوی بڕییە ئاوە لیڵەکە، بەڵام سەربازەکانی دواوە خۆیان پێدا کێشا و دەڵەکیان دا :

– بۆچی حەپەساوی، گەوجە ؟ ڕێکە، هەڕەپێش!

وەختی ئەوەیان نەبوو بیر لە هاوڕێ گوم بووەکەیان بکەنەوە. ئەمە جگە لەوەی کە لیواکە، زۆر لەو یەکینانەی دی، کە کەناری راستیان گرتبوو، دوا کەوتبوو .

سیرگی، دوای چوار ڕۆژ ئەوسا بە مەرگی میشای زانی، لەو ماوەیەدا لیواکە، دوای شەڕێکی قورس وێستگەی "بوچا"ی گرتبوو وبەرەو شەڕگەی کییف ملی دەناو، بە دەم ڕێگاوە بۆ کوروستین، بەر پەرچی هێرشی توندی پولونیەکانی دەدایەوە.

یاکیمنکۆ، لە پاڵ سیرگیدا، لە ڕیزی پێشەوە سەنگەری گرتبوو، لە گەرمەی تەقەکردنا، تفەنگەکەی وەستا، دوای هەوڵێکی زۆر میلە گەرمەکەی تفەنگەکەی دەرهێنا، سەری بەرەو ئەرزەکە نەوی کرد وڕوویکردە سریوژا وگوتی : – ئەم تفەنگە پێویستی بەوەیە سارد بێتەوە ، لوولەکەی داغ بووە، دەڵێیی ئاگرە!

سیرگی، لە بەر گیزو هوڕی گوللە وگرمەگرمی مەترەلۆزان، بە زەحمەت گوێی لە دەنگی یاکیمنکو دەبوو. کە کەمێک دەنگی گوللە هێورتر بووەوە، یاکیمنکو، بە دەم قسانەوە گوتی :

- هاوڕێکەت کەوتە ڕوباری دەنیپەرەوە، نەمبینی چۆن نقوم بوو.

قسەکەی تەواوکرد، دەستێکی لە میلی تفەنگەکەی دا، خستیەوە جێگەی خۆی، ئەوسا شانەیەکی لە کۆڵەپشتیەکەی دەرهێنا وخەریک بوو دەیخستە سەر تفەنگەکەی.

***

لەشکری یازدەیەم، کە نێردرابوو بۆگرتنی "بردیچف" لە شارا، ڕوو بە ڕووی بەرخودان ومقاوەمەتی سەختی پولونیەکان بووەوە .

شەڕێکی خوێناوی لە شەقامەکاندا بەرپا بوو. ئیدی ڕەشاشان خرابوونە کار ورێگەی هێزی سوارەی سوپای سووریان نەدەدا. بەڵام ئەنجام شارەکە کەوت، پاشماوەی هێزە بەزیوەکانی پولونیەکان، کەوتنە هەڵاتن، کوڕ ئەو کوڕە بوو خۆی دەربازبکات. هێزی سوارەی سوور، لە وێستگەکەدا دەستیان بە سەر چەندین قیتاری تەواودا گرت. بەڵام گەورەترین جەزرەبەیەک کە بەر پولونیەکان کەوت، تەقینەوەی عەماری ئەسلەحە وتەقەمەنییەکانیان بوو، لەم عەمارەوە، چەک وتەقەمەنیان بۆ شەڕگەکەیان دەنارد، یەک ملیۆن گوللە تۆپی تیابوو. وردە شووشەی پەنجەرەکان بە سەر شاردا دەباری، ماڵەکان، بەجۆرێ دەهەژان و دەلەرینەوە لە تۆ وایە لە کارتۆن و مقەوا دروستکراون.

جەزرەبەی ژیتومیر وبردیچف، بۆ پولونیەکان، جەزرەبەیەک بوو لە پشتەوە، ناچار بوون بە پەلە لەو دوو قۆڵەوە لە کییف پاشەکشە بکەن و بە هەر نرخێ بووە، ئەو ئابلۆقە ئاسنینە بشکێنن کە دەوری دابوون و ڕێگەیەک بۆ خۆ بکەنەوە.

هەستی تاکایەتی لە لای پاڤل، تەواو سڕدرابووەوە. ئەو ڕۆژانە پڕبوون لە شەڕی گەرم وسەخت، وەکو هەریەکێک لە جەنگاوەرەکانی دی، لە ناو کۆمەڵدا توابووەوە. گیانی من منۆکێی لا نەمابوو، وەکو هەر سەربازێکی دی وشەی "من "ی

فەرامۆشکرد. وشەی "ئێمە"  جێگەی گرتەوە : فەوجی ئێمە، سریەکەی ئێمە، لیواکەی ئێمە.

بەڵام ڕووداوەکان وەکو بروسکە تێدەپەڕین : هەر ڕۆژێک ڕووداوێکی تازە ڕوویدەدا.

هێزی سوارەی بودیونی، پشتیان لە بەرەی پولونیەکان گرتبووەوەو، لە دواوە لە پەستا و بێپسانەوە جەزرەبەیان لە پولونیەکان دەدا وداغانیان دەکردن. لەشکرێن سوارە، کە مەستی سەرکەوتن بوون، پەیتا پەیتا و بەوپەڕی جۆش وخرۆش و ورەبەرزییەوە هێرشیان دەکردە سەر نوڤوگراد - ڤولینسکی ، کە بڕبڕەی پشتی، پاش جەبهەی پولونیەکان بوو.   وەکو شەپۆلێکی توند کە خۆی بکێشێت بە کەنارێکی بەرزی تمتماندا وبگەڕێتەوەو دووبارە بەرەو کەنارەکە بێتەوە، ئەوانیش بەو ئاوایە دەگەڕانەوەو دووبارە بەدەم هاواری: "ڕادەست بن" هێرشیان بۆ دەبردنەوە.

هیچ شتێک دادی پولونیەکانی نەدا، نە لەمپەڕی تەلێن دڕکاوی و نە بەرخودان ومقاوەمەتی بێهودەی ئەو سەربازگەیەی کە لە ناو شارا سەنگەریان گرتبوو. بەیانی ٦/٢٧، سوپاییانی "بودیونی" بە سواری ئەسپەکانیان لە ڕۆخانەی سلوچ پەڕینەوە وهێرشیان بردە سەر نوڤوگراد - ڤولینسکی و پولونیەکانیان چنگ لە سەر شان بەرەو ئاوی "کورتس " ڕاونا. لەم کاتەدا لەشکری چل وپێنجەمی "یاکیر" لە نزیکی "نوڤی- میروپول "ەوە لە ڕوباری "سلوچ" پەڕییەوە وتیپی سوارەی " کوتوفسکی " ش هێرشی بۆ شارەدێی  "لیوبار"  برد.

وێستگەی بێتەلی، سەر بە سوپای سوارەی یەکەم، فەرمانی فەرماندەی شەڕگەی وەرگرت کە هەموو قوەتەکانی لەشکری سوارە، بۆ گرتنی شاری "روڤنو" ڕەوانە بکرێن. هێرشی توندی سەربازانی سوور، تەواو تەنگی بە هێزە پەرێشانەکانی پولونیان هەڵچنی و، شپرزە و ورە ڕوخاو ، لە کەلەبەر ورێگایەک دەگەڕان خۆیانی لێوە دەرباز ورزگار بکەن.

***

ڕۆژێک، پاڤل لە لایەن فەرماندەی تیپەوە بۆ وێستگەکە نێردرا کە قیتارێکی زریێ لەوێندەر وەستابوو، لەوێ تووشی کەسێک بوو کە هەرگیز وێنای نەدەکرد تووشی ببێت. پاڤل، جڵەوی ئەسپەکەی شل کردبوو وبە یورغە بە سەر شۆستەکەدا دەڕۆیی، ئەوجا لە ناکاوا هەوساری ڕاکێشا و لەلای فارگۆنە قاوەییەکەی پێشەوە ڕایگرت. قیتارە زرێپۆشەکە زۆر سامناک دیاربوو، لوولە تۆپەکانی سەرقیتارەکە ڕەش دەچوونەوە. چەند کەسێک بە بەدلەی گریساوییەوە بە دیاریەوە بوون وخەریک بوون قەپاغە پۆلاییینەکانیان لە پێچکەکانی دەکردەوە.

سەربازێکی سوور، چاکەتێکی چەرمی لەبەر وسەتڵێ ئاوی هەڵگرتبوو و دەڕۆیی، پاڤل پرسی :

- ئەرێ فەرماندەی ئەم قیتارە لە کوێ دەبینرێ؟

سەربازە سوورەکە، بە دەست ئاماژەی بۆلای (لکوموتیڤ)ەکە کرد وگوتی : - لەوێندەرە .

پاڤل، لای لکوموتیڤەکە وەستا وپرسی : - کێ فەرماندەیە؟

کابرایەکی کونج، کە خۆی لە بەدلەیەکی چەرم هەڵکێشابوو، ئاوڕی لێدایەوەوگوتی : - منم!

پاڤل، زەرفێکی لە بەرکی دەرهێنا.

- ئەمە ئەمری فەرماندەی تیپە . زەرفەکە ئیمزا بکە.

فەرماندەی قیتارەکە، زەرفەکەی نایەسەر ئەژنۆی وئیمزای کرد. کەسێک یەغدانێکی بەدەستەوە بوو و خەریک بوو پێچکەی ناوەڕاستی لکوموتیڤەکەی چەور دەکرد. پاڤل، تەنیا شانە پانەکانی ئەوی دەبینی، دەسکی دەمانچە ناغانەکەی لە گیرفانی پانتۆڵە چەرمەکەی هاتبووە دەرەوە.

فەرماندەی قیتارەکە، زەرفەکەی بۆ پاڤل درێژ کرد وگوتی :

- هانێ، ئیمزام کرد.

پاڤل، هەوساری ئەسپەکەی کۆکردەوە وخۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد. ئەو زەلامەی کە لە بەردەم لکوموتیڤەکە وەستابوو پشتی ڕاستکردەوە وئاوڕی دایەوە. پاڤل، ڕێک لەو دەمەدا، بەتاو خۆی لە ئەسپەکە هەڵدایە خوارەوە، دەتگوت با لە ئەسپەکە هەڵیداوەتە خوارەوە.

- ئارتیم، کاکەگیان، براکەم!

شوفێری لکوموتیڤەکە، کە سەراپای لە گریسا هەڵکشابوو خێرا یەغدانەکەی لە عاردی دانا وپاڤلی لە هەمێزی ورچ ئاسای خۆی گرت. باوەڕی بە چاوی خۆی نەدەکرد، هاواریکرد :

- پاڤکا! هەی قەشمەر! ئەمەتۆی!

فەرماندەی قیتارە زرێپۆشەکە بە سەرسامی دەیڕوانییە ئەم دیمەنە. ئەو سەربازە سوورە تۆپچیانەی لەو نزیکە وەستابوون، پێکەنین.

- بڕوانە دوو برا بە یەکدی گەییوون .

***

لە نۆزدەی ئابدا، پاڤل لە دەڤەری لڤوڤدا، لە شەڕا کڵاوەکەی لێکەوت، ئەسپەکەی ڕاگرت، بەڵام لەم کاتەدا دەستەیەک لە سوارەکان، خۆیان بە ڕیزەکانی پولونیەکاندا داو شکاندیان. دیمیدوف، بەغار لە نێو دەوەنە جاڕەکانەوە هاتو بەرەو ڕوبارەکە داگەڕا و بەدەم غاردانەوە هاواریدەکرد : - فەرماندەی لەشکر کوژرا!

پاڤل، ڕاچڵەکی "لیتونوف" فەرماندە قارەمانەکەی، ئەو پیاوە ئازا وفیداکارە کوژرا! پاڤل، گڕی گرت، بە جارێ دەهری بوو .

به دەسکی شمشێرەکەی دای لە گیندۆک (ناوی ئەسپەکەی پاڤل بوو)، ئەسپی بەستەزمان زۆر ماندوو بوو، لغاوەکەی لە کەف وخوێنا هەڵکشابوو، پیرە ئەسپی تاوداو یەکسەر بەغار بۆ ناو جەرگەی شەڕەکە چوو.

– بکوژە، ئەو خوێڕیانە بکوژە! دەست مەپارێزە، پارچە پارچەیان بکە! دەرەبەگ و خانانی پولونی، "لیتونوف"یان کوشت! کوێرانە، بێئەوەی قوربانیەکەی خۆی بدینێ، تارماییەکی سەوزپۆشی بینی، بە زەربی شمشێر سەراپا شەقی کرد. هاوڕێکانی دیکەشی لە سووی مەرگی فەرماندەکەیان سەراپا نقومی ڕق وکینە بوو بوون، بە شمشێرەوە، کوێرانە بە ناو کەوتن و یەک فەسیڵی تەواوی پولونییەکانیان قڕکرد.

چنگ لە سەرشان کەوتنە دووی پاشماوەی پولونیە هەڵاتووەکان . بەدەم شەڕەوە گەیینە دەشتایی، بەڵام لەم کاتەدا بەر تۆپان دران، هەر گوللەتۆپ بوو بە گرمەگرم دەهات ومەرگی بە هەر چوارنکالا بڵاودەکردەوە.

لە ناکاوا تیشکێکی سەوزباوی تیژ، چاوانی پاڤلی بە شەوارە خست، گرمەیەکی تووند لە گوێیا دەنگی دایەوە، پارچە ئاسنێکی گەرم سەری داغ کرد. سەری سووڕا، وای هەستکرد ئەرزەکە سووڕایەوە، بەرز ونزم بووەوە. پاڤل وەکو پووشکەیەک، لەسەر زینەکە بەرزبووەوە و بەسەرملی (گیندوک) دا فڕی و بەتووندی کەوتە سەر ئەرزەکە و لەپڕ دنیا تاریک بوو وشەو داهات.

## فەسڵی نۆیەم

چاوانی زەقی جاڵجاڵۆکەی دەریایی بەقەد سەری پشیکەیەک دەبن، ڕەنگیان سوورێکی تۆخە، بیلبیلەکانی سەوزێکی ڕەنگاوڕەنگی زیتەڵی پرشنگدار و ڕەخشانە. جاڵجاڵۆکەی دەریایی، دەیان لاقی هەن، وەکو کڵافە مارێک دەجوولێنەوە. جاڵجاڵۆکەی دەریایی بە پولەکەکانی خشەخشێکی ناخۆش دەکات وهەڵدەپلێ ودەجوڵێتەوە... ئەو هەموو ئەمانە بە بەرچاوی خۆیەوە دەبینێ . چنک ولاقەکانی سارد ودەرزی ئاسا لە بەدەنی دەچەقن . جاڵجاڵۆکەی دەریایی چزوەکەی دەردێنێ و وەکو زەروو بە سەریەوە دەنووسێت وهەڵدەپلێ و خوێنەکەی دەمژێت .

هەستدەکات چۆن خوێنەکە لە بەدەنی ئەمەوە دەڕژێتە بەدەنی هەڵماساوی جاڵجاڵۆکەکەوەو چزوەکەی خوێنەکەی ئەم دەمژێ ودەمژێ. لەو شوێنەدا کە چزوەکە بە سەریا دەچەقێت، هەست بە ئازارێکی بێ ڕەزا دەکات.

لە شوێنێکی دووری دوورەوە، هەندێک دەنگی مرۆڤانی دێنەگوێی :

- ئێستا نەبزی چۆنە؟

پاشان دەنگێکی دی . دەنگێکی نەویتری ژنانە بەرسڤ دەداتەوە :

- نەبزی سەد وسی وهەشتە، گەرمییەکەی سی ونۆ ونیوە. بەردەوام وڕینە دەکات.

جاڵجاڵۆکە دەریاییەکە، دیارنەما، بەڵام ئازاری نێشەکە هەرماوە. پاڤل، هەستدەکات، قامکانێک سەرووی مەچەکی دەگرن. هەوڵدەدات چاوانی هەڵێنێ، بەڵام پێڵوەکانی هێندە قورسن، بۆی هەڵنایەن. بۆچی گیانی ئەوەندە گەرمە ؟ وا دیارە دایکم سۆپاکەی زۆر گەرم کردووە. دیسانەوە دەنگی بەشەر لە شوێنێکەوە دێ.

- ئێستا نەبزی سەد وبیست ودووە.

هەوڵدەدا چاو بکاتەوە، بەڵام ناخی وەکو ئاگرە، هەناسەی تەنگە، حەزی لە ئاوە، ئاخ چقاس تینوویەتی! هەر ئێستا هەڵدەستێ وتێر ئاو دەخواتەوە . ئەدی بۆ هەڵناسێ؟ هەرکە تەکانی دایەخۆ کە هەستێت، هەستیکرد، بەدەنی لە دووی نایەت، وەکو ئەوە بوو بەدەنی ئەو نەبێ، بەدەنی کەسێکی دیکە بێت. ئێستا داکی ئاوی بۆ دێنێ. بانگی داکی دەکات : "تینوومە" شتێک لە لای ئەوەوە دەجوڵێتەوە. ناکا دیسان جاڵجاڵۆکە دەریاییەکە هاتبێتەوە گیانی؟ ئەوەتا، ئەوەتا، تەمەشا ڕەنگی چاوە سوورەکانی ..

دەنگێکی نەوی لە دوورەوە دێ: - فروسیا گیان، تۆزێ ئاو بێنە!

" ئەم ناوە کێیە ؟" پاڤل، مێشکی دەگوشێت تا بیری بێتەوە، هەستدەکات لە تاریکیدا نقوم دەبێت، لە تاریکییەکە دێتە دەرێ و بیری دەکەوێتەوە : "تینوومە" .

دەنگێک : – پێدەچێ وەهۆش هاتبێتەوە.

ئەوسا دەنگێکی ناسکتر وخویاتر ونزیکتری دێتەگوێ :

– نەخۆش، تینووتە؟

"یانی من نەخۆشم ، یان لەگەڵ منیان نییە؟ با من تینوومە". بۆ جاری سێیەم هەوڵدەدات چاوان هەڵێنێ . ئەنجام چاوی بۆ هەڵدێ. یەکەم شتێک ، کە لە درزی تەنگی چاوە کراوەکەیەوە، هەستی پێکرد تۆپێکی سوور بوو بە دیار سەرییەوە، بەڵام شتێکی تاریک دای دەپۆشی. ئەم شتە تاریکە بە سەریا دادەنەوێتەوە. لێوەکانی هەست بە لێواری ڕەقی پەرداخێک دەکات، لێوەکانی هەست بە تەڕاییەک، تەڕاییەکی ژیانبەخش دەکەن و تینی گڕەکەی ناخی دادەمرکێتەوە.

پاڤل، بە ئاسوودەییەوە ورتە ورتێکی کرد : – ئەها، ئێستا باش بوو.

ئەو تارماییەی کە بە دیارییەوە وەستابوو، پرسی :

– هاورێ من دەبینی؟

پاڤل، لە کاتێکا خەریک بوو خەو دەیبردەوەو بەزەحمەت دەیتوانی بەرسڤ بداتەوە، گوتی :

– نابینم، بەڵام دەژنەوم ..

– کێ لەو باوەڕەدا بوو چاک بێتەوە؟ کەچی ئەوەتا، تۆ تەمەشا بکە، بە چنگەکرێ خۆی گەیاندە ژیان. بە ڕاستی بەدەنێکی قایمی هەیە. نینا ڤلادیمیروڤنا، هەقی خۆتە شانازی بە خۆتەوە بکەیت، تۆ لە چنگی مەرگت دەرهێنا و زندووت کردەوە.

دەنگێکی ژنانە بە هەڵچوونەوە گوتی : – ئا، من زۆر خوشحاڵم.

کورچاگین، دوای بێهۆشییەکی سیازدە ڕۆژە، وەهۆش هاتەوە. جەستە بە هێز وگەنجەکەی ملی بۆ مردن نەدا، بەرە بەرە گوڕ وتینی وەبەر دەهاتەوە. وەکو

ئەوەبوو لە نوێ لە دایک بووبێتەوە . هەموو شتەکان تازە ونا ئاسایی دەهاتنە بەرچاو. تەنیا سەری نەبێ کە لە گەچ گیرابوو و هێندە قورس بوو، کە لە سەر سەرینەکە بۆی نەدەجولا، بەلام هۆش وحەواسی وەبەر هاتبووەوە. دەیتوانی قامکەکانی بجولێنێ، دایان بخات وبیانکاتەوە .

***

نینا فلادیمیروڤنا، دوکتوری موقیم لە خەستەخانەی عەسکەری، لە پشت مێزێکی بچووکەوە، لە ژوورێکی چوارگۆشە دانیشتبوو، دەفتەرێکی ئەستووری بەرگ شینی لە بەردەستا بوو وپەڕەکانی هەڵدەدایەوە. بەخەتێکی وردی خوار هەندێک کورتە بیرەوەری تیا نووسرابوو.

:١٩٢٠/٨/٢٦

ئەمڕۆ، بە قیتار، کۆمەڵێک بریندار سەختیان بۆلای ئێمە هێنا. لە سووچێکی نزیکی پەنجەرەکەوە سەربازێکی سوورم بینی کە سەری شکابوو، گەنج بوو و هەڤدە ساڵی تەواو نەکردبوو. زەرفێکیان دا بە من کە هەموو ئەو کاغەز وبەڵگەنامە شەخسیانەی تیابوو کە لە گیرفانیا دۆزرابوونەوە، لەگەڵ ڕەچەتە وراپۆرتێن پزیشکیدا. ناسنامەیەکی دڕاوی شڕ و وڕی تیابوو، ژمارەی ناسنامەکە (٩٦٧) بوو، لە یەکێتی لاوانی کومونیستی ئوکرانیاوە دەرچوو بوو، ناوی پاڤل ئاندرویوفیچ کورچاگینی پێوەبوو. هەروەها کارتێکی دڕاوی لەگەڵدا بوو، کە ڕۆژی پەیوەندی کردنی ئەوی بە سوپای سوورەوە تیا تۆمار کرابوو، هەروەها نوسخەی ئەمرێکی فەوجەکەیانی تیابوو کە سوپاس وستایشی کورچاگین دەکات و دەڵێت: دەورێکی شایستەی لە کاری دەورێ وشناساییدا گێڕاوە، هەروەها یاداشتێکی تیابوو، پێدەچوو بە خەتی یارۆی بریندار هاتبێتە نووسین: " تکا لە هاوڕێانم دەکەم، کە ئەگەر مردم، بەم ئەدرەسە، کەس وکارم ئاگادار بکەنەوە : شارۆچکەی سپتوفکا، دەبۆی قیتاران. بەڕاد ئارتیم کورچاگین" .

یارۆی پێکراو، لەو ڕۆژەوە کە پێکراوە، واتە لە "٨/١٩ "ەوە تا ئێستا بێهۆشە . سبەینێ ئاناتولی ستیپانوفیچ معایەنەی دەکات .

:١٩٢٠/٨/٢٧

ئەمڕۆ معایەنەی زامەکەی کورچاگین کرا . زامەکەی زۆر قووڵە، کاسەی سەری ئاسیوی دیوە ولە سۆنگەی ئەمەوە لای ڕاستی سەری فەلەج بووە و چاوی ڕاستی تووشی خوێنڕێژی بووە و ئاوساوە .

ئاناتولی ستیپانوفیچ، دەیویست چاوی دەربێنێ، تا لە هەوکردن بیپارێزێ ، لێ من قەناعەتم پێکرد مادام ئومێدی نیشتنەوەی ئاوساویەکەی هەیە، ئەو کارە نەکات.

ئەوەی منی هاندەدا تەنیا هەستی ئیستاتیکی بوو. ئەگەر ئەم گەنجە بمێنێ ، بۆچی چاوی دەربێنین و عەیبدار ونوقستانی بکەین؟

بریندارەکە، بەردەوام وڕینە دەکات ، ئەم دیو وئەو دیو دەکات. ناچارین ، بەردەوام بە دیارییەوە ئێشک بگرین. من کاتێکی زۆری بۆ تەرخان دەکەم ، زۆر دڵم بە گەنجاتییەکەی دەسووتێ، دەمەوێ ئەگەر بتوانم لەچنگی مەرگ دەریبێنم.

دوێنێ، پاش تەواوکردنی نۆرە ئێشکی خۆم، چەند سەعاتێک لە قاوشی نەخۆشەکان مامەوە. ڕەوشی ئەو لە هەموو نەخۆشەکانی دی خراتر بوو . بە دیاریەوە دانیشتم، گوێم لە وڕینەکانی دەگرت. هەندێجار بە جۆرێ وڕاوە دەکات لە تۆ وایە چیرۆکێک دەگێڕێتەوە. زۆر شتی ژیانیم بۆ دەردەکەوێ. بەڵام هەندێجار جنێوی زۆر پیس دەدات، جنێوەکان زۆر خەستن، خۆشم نازانم بۆ بەو جنێوانە ئازار دەچێژم. ئاناتولی ستیپانوفیچ دەڵێ ناژی. ئەم پیرەمێردە، لەبەر خۆیەوە دەبۆڵێنێ : "من نازانم چۆن دەشێت ئەم منداڵانە لە سوپادا وەربگیرێن؟ بە ڕاستی عەیبە ".

: ١٩٢٠/٨/٣٠

کورچاگین، هێشتا وەخۆ نەهاتووەتەوە. لە ژوورێکی تایبەتیدا خەوێنراوە .ژوورێکە تایبەتە بەوانەی ئومێدی چاکبوونەوەیان نییە و لە سەرە مەرگدان. " فروسیا "ی پەرستار بە دیاریەوە دادەنیشێت وتەقریبەن لێی دوور ناکەوێتەوە! دیارە فروسیا دەیناسێت. ئەمانە، کاتی خۆی، زوو ، ماوەیەک پێکەوە کاردەکەن. فروسیا زۆر دڵسۆزانە ، مدارای ئەم نەخۆشە دەکات! ئێستا منیش هەستدەکەم ، کە ڕەوشی زۆر خراپە، هیچ ئومێدێکی چاکبوونەوەی نییە.

:١٩٢٠/٩/٢

سەعات یازدە شەوە. ئەمڕۆ بۆ من ڕۆژێکی جوانە. نەخۆشەکەم، کورچاگین، وەهۆش هاتەوە، گیانی وەبەر هاتەوە، لە تالووکە خەلەسی. لەم دوو ڕۆژەی دواییا بۆ ماڵ نەڕۆیشتمەوە. ئێستا، ناتوانم هەست وخۆشی خۆم دەربارەی ئەمەی کە کەسێکی دیکەش ڕزگاری بووە، وەسفبکەم. چەند خۆشە کە یەکێک کەمتر لە قاوشی نەخۆشان بمرێت. خۆشترین شت لە کارە دژوارەکەی مندا، چاکبوونەوەی نەخۆشانە. نەخۆشەکان وەکو منداڵان ڕموودەی من دەبن .

دۆستایەتی وان پاک وسادە وبێڕیایە، کاتێ کە لێکدی جیا دەبینەوە هەندێجار دەگریم . ئەمە هەندێک کومیدیە، بەڵام حەقیقەتە.

: ١٩٢٠/٩/١٠

من ئەمڕۆ یەکەمین کاغەزی کورچاگینم بۆ کەس وکارەکەی نووسی. لە نامەکەیدا دەڵێت بریندارە، بەڵام برینەکەی سووکە، بەم زووانە چاک دەبێتەوە ودەگەڕێتەوە بۆ ناویان، خوێنێکی زۆری لە بەر ڕۆییوە، ڕەنگی بووە بە جاوی سپی و هێشتا زۆر لاواز وبێتاقەتە.

:١٩٢٠/٩/١٤

کورچاگین، بۆ یەکەمجار بزەیەکی هاتێ. بزەکەی جوان وشیرینە. هەرچەندە بە تەمەن منداڵە، بەڵام زۆر سەنگین وبە ویقارە. بە خێراییەکی حیرەت ئەنگێز ڕوو لە

چاکبوونەوەیە. دۆستی فروسیایە. من زۆرجار فروسیا بە دیار تەختەکەی ئەوەوە دەبینم. وادیارە فروسیا باسی منی بۆ کردووەو هەڵبەتە زیاد لە پێویست تاریفی منی بۆکردووە. بۆیە نەخۆشەکە بە ڕوویەکی خۆشەوەو بەدەم بزەیەکی کاڵی ئەوتۆوە کە بە ئاستەم هەستی پێدەکرێت، پێشوازی من دەکات . دوێنێ پرسی: – ئەم پەڵە ڕەشانە چین بە سەر دەستتەوە دکتۆرگیان؟ هەڵبەتە ، من پێم نەگوت ئەمە شوێن قامکەکانی ئەوە کە بەدەم وڕێنەکانیەوە، بە ڕادەیەک دەستی گوشیوم کە شین بووەتەوە.

:١٩٢٠/٩/١٧

زامەکەی سەر هەنیەی کورچاگین، زۆر بە چاکی سارێژ بووە. ئێمەی دوکتۆر سەرمان لە تەحەموول وهەداری لە ڕادە بە دەری ئەم بریندارە سوڕمابوو، بە ڕاستی لە کاتی تیمارکردنی زامەکەیدا زۆر بە هەدار وتەحەموول بوو.

هەڵبەتە لەم جۆرە حاڵانەدا، بریندااران وپێکراوان، ناڵە وهاواری زۆریان دەکرد کە چی ئەو دەمی هەڵنەدەهێنا. کاتێ کە زامە قووڵ وکراوەکەی بە تەنترۆک پاک دەکەینەوەو دەیشۆین، وەکو ژێ گرژ دەبێت، زۆر جار لە خۆ دەچێت، بەڵام بە شیوەیەکی گشتی، تاقە جارێکیش ئۆفێکی لە دەم درنەچوو. ئێستاش هەمووان دەزانن : ئەگەر کورچاگین بناڵێ، مانای وایە لە خۆ چووە، ئاگای لە خۆ نەماوە. ئەم خۆڕاگرییەی لە کوێ هێناوە؟ نازانم .

:١٩٢٠/٩/٢١

بۆ یەکەمجار کورچاگینیان بە عەرەبانە بۆ بالکونە گەورەکەی خەستەخانەی عەسکەری برد. خۆزگە دەتانبینی بە چ چاوێک تەمەشای باخەکەی دەکرد، بە چ تاسە وتامەزرۆییەکەوە، هەوا نمدارەکەی هەڵدەمژی! سەری بە شاش وسارغی پێچرابوو، تەنیا یەک چاوی بەدەرەوە بوو. ئەم چاوە درەخشان و بزۆزە، بە جۆرێ دەیڕوانیە دنیا، دەتگوت ئەمە یەکەمجارە کە دنیا دەبینێ.

:١٩٢٠/٩/٢٦

ئەمڕۆ، منیان بۆ خوارەوە، بۆ ژووری پێشوازی بانگکرد. لەوێ دوو کیژ ، کە یەکێکیان زۆر جوان بوو، چاوەڕوانیان دەکردم. ئەم کیژانە داوای دیدەنی "کورچاگین"یان دەکرد، یەکێکیان ناوی تونیا تومانوفا ودووەمیان ناوی تاتیانا بورانوفسکسایا بوو. ناوی تونیام لە گوێدا ئاشنا بوو، چونکە کورچاگین زۆرجار بە دەم وڕێنەکانییەوە ناوی دەبرد. ئیدی مۆڵەتی دیدارەکەم دان .

:١٩٢٠/١٠/٨

کورچاگین، بۆ یەکەمجار هەرخۆی و بێ یارمەتی هیچ کەسێک لە پارکەکەدا پیاسە دەکات. چەندین جار لێی دەپرسیم کە کەی دەتوانێ لە خەستەخانە دەربچێت. دەمگوت : بەم زووانە هەر دووکیژەکە، لە هەموو ڕۆژانی دیداردا دەهاتنە دیدەنی. من دەزانم بۆچی ئاخ وناڵەی نەدەکرد، بۆچی بە شیوەیەکی گشتی ناناڵێنێ، وەختێ هۆی ئەوەم لێ پرسی، وەڵامی دامەوە : – ڕۆمانی "مۆزە شینە " بخوێنەوە، هەنگێ دەزانی.

:١٩٢٠/١٠/١٤

کورچاگین، لە نەخۆشخانە وەدەرکەوت. دوعاخوازییەکی زۆر گەرممان لێکدی کرد. سارغییەکەی سەریمان کردەوە، تەنیا ئەوەی سەر هەنیەی مایەوە. چاوی کوێر بوو. بەڵام ڕواڵەت و دیمەنی دەرەوەی ئاسایی بوو. من بە جیابوونەوە لەم هاوڕێ باشە، زۆر خەمبار بووم. هەمیشە هەر وایە : چاک دەبنەوەو پاشان دەڕۆن و لەوەیە جارێکی دی بە هیچ کلۆجێ یەکدی نەبینینەوە. کورچاگین، لەکاتی دوعاخوازییەکەدا گوتی :

– خۆزیا چاوی چەپم کوێر بوایە نەک چاوی ڕاست. ئاخر ئێستا چۆن نیشانە بگرمەوە؟

هێشتاش هەر بیری لە شەڕگە دەکردەوە.

***

پاڤل، دوای ئەوەی لە نەخۆشخانەی عەسکەری دەرچوو، ماوەیەک لە ماڵی "بوریانوڤسکی" کە " تونیا " ش لەوێ بوو مایەوە .

پاڤل، لە هەوەڵ ڕۆژەوە، هەوڵیدا تونیا بخاتە ناو کاری گشتییەوە، بۆ کۆبوونەوەی کومسومولی شاری بانگهێشت کرد. تونیا، ڕازی بوو، بەڵام کاتێ لە ژووری خۆگۆڕین هاتەدەرێ، پاڤل لێوی خۆی گەست. بە ئانقەست جلی زۆر جوان وشیکی پۆشی بوو، پاڤل، زاتی نەدەکرد، بەو حاڵەوە بۆ کۆبوونەوەی کومسومولی ببات.

ئەوکاتە یەکەم بەرخوردیان کەوتە نێوان. کە پاڤل، لێی پرسی بوو بۆچی بەو جۆرە خۆی رازاندووەتەوە، تونیا بە پەستی وەڵامی دابووەوە :

- من هیچ کاتێ خۆم هاورەنگ وهاوشێوەی جەماعەت ناکەم، ئەگەر هاتنی منت لەبەر گرانە و بۆ تۆ ناخۆشە، نایەم .

پاڤل، ئەو جارە لە یانەکەدا، کە دیمەنی ڕازاوەی تونیای لە نێو ئەو هەموو خەڵکەدا کە هەموو جل وبەرگی کۆن وشڕۆڵەیان لەبەردا بوو، زۆر نارەحەت بوو، بە خۆیا شکایەوە. گەنجەکانیش وەکو بێگانەیەک پێشوازی تونیایان کرد. تونیاش هەستی بەمە کرد وبە حەقارەتەوە سەیری ئەوانی دەکرد.

پاشان "بانکراتوف " سکرتێری کومیتەی کومسومولی بەندەری بارکردن و داگرتنی کەل وپەلان، کە کوڕێکی زەلامی چوارشانە بوو، کرێکاری بارکردن بوو، کراسێکی مشەمای لە بەربوو، پاڤلی بردە سووچێکەوە وتەمەشایەکی بە تەشەرەوەی کرد وئەوجا بەلاچاوێکەوە تەمەشای تونیای کرد وگوتی : - تۆ ئەو بوکەڵە بە ناز وفیزەت هێناوە؟

پاڤل، بە توندی وەڵامی دایەوە : - بەڵێ، من هێناومە.

پانکراتوف، بە ئانقەست وشەی بەڵێی درێژ کردەوە :

– به ... ڵ ... یٚ ! ڕواڵەتی لە گەڵ ئێمەدا ناگونجیٚ ، لە بورژوایان دەچێت ، چۆن ڕێگەیان داوە بێتە ئێرە!

دەماری لاجانگەکانی پاڤل، بە توندی کەوتنەلێدان.

– ئەمە هاوڕیٚ منە، من بۆ ئێرەم هێناوە . تیدەگەی؟ دژمنی ئێمە نییە، بەڵام سەبارەت بە جلەکانی و خۆ ڕازاندنەوەکەی ڕاست دەکەیت . بەڵام خۆ ناکریٚ هەمیشە جل وبەرگ بکرِیٚ بە پێوەری هەڵسەنگاندنی هەر مرۆڤێک، من دەزانم کیٚ بۆ ئێرە دێنم، پێویست بە چاو سوورکردنەوە ناکات هاوڕیٚ.

پاڤل، دەیویست هەندیٚ شتی زبری دیکەش بڵێت، بەڵام خۆی زەوت کرد ، چونکە دەیزانی پانکراتوف، گوزارشت لە ڕای هەمووان دەکات، بۆیە هەموو خەتایەکەی خستە ئەستۆی تونیا : " من پێمگوت، ئەم هەموو کەش وفش وپۆزلێدانە بە کەڵکی چی دێت ؟" .

ئەو شەوە سەرەتای داڕووخان وهەرەسی پەیوەندییەکانی وان بوو. پاڤل ، بە هەستێکی تاڵ وبە سەرسامی دەیبینی ئەو دۆستایەتییەی کە وای وێنادەکرد دۆستایەتییەکی پتەوە، هەرەس دێنیٚ.

چەند ڕۆژێکی دیکەش بووری، لە گەڵ هەر دیدار وهەر گفتوگۆیەکدا، زیاتر لێکدی دوور دەکەوتنەوە، درز وکەلێنی پتر دەکەوتە پەیوەندییەکانیان. خۆپەسندی وخۆپەرستی تونیا گەییە ڕادەیەک کە لە تەحەمولی پاڤلدا نەما. ئیدی زەرورەتی جودایی ودابڕان بۆ هەردووکیان ئاشکرا بوو.

ئەمڕۆکە هەردووکیان هاتن بۆ "کویچسکی ساد" (باخی بازرگانان) کەیەکپارچە گەڵای زەرد ومردوو داپۆشی بوو تا دوا قسەی خۆیان بەیەکدی بڵێن. هەردووکیان لە بەردەم موحەجەرەی هەڵدێرە ڕژدەکەدا وەستابوون. لە خوارەوە ئاوی ڕوباری دەنیپەر شین دەچووەوە. کەشتییەکی یەدەک کێش لە پشت پردێکی یەجگار گەورەوە، بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاوەکەوە دەڕۆیی و پەروانەکانی بە خاوی

شڵپ وهۆڕ بە ئاوەکەدا دەکێشا و دوو کەشتی تەختی ورگنی بێ ماتۆڕی لە دووی خۆی ڕادەکێشا. تیشکی زەردەپەڕی ئێوارێ دورگەی "تروخانوف "ی زێڕوەشان دەکرد، شووشەی پەنجەرەیماڵەکان، چریسکە چریسک لە بەرتیشکی خۆر لە زەردەی ئێوارە بە جۆرێ پرشنگیان دەدا، لە تۆ وایە بڵێسەی ئاگریان لێ بەرزدەبێتەوە.

تونیا . ڕوانیە تیشکە زێڕینەکە وبە خەمێکی قووڵەوە گوتی :

– یانی بە ڕاستی دۆستایەتی ئێمە وەکو چۆن ئێستا هەتاو ئاوا دەبێت، بەو ئاوایە ئاوا دەبێت و دەکوژێتەوە؟

پاڤل، بێئەوەی چاو لەو بگوازێتەوە، سەیری دەکرد، برۆکانی وێکهێنایەوە وبە ئەسپایی گوتی :

– تونیا، ئێمە ئەو مەسەلەیەمان بڕاندەوە، قسەمان لەوبارەیەوە کرد و تەواو . هەڵبەتە تۆ دەزانی کە من خۆشم دەویستی، تا ئێستاش ئەگەر هەیە هەمان خۆشەویستی بگەڕێتەوە، بەڵام بەو مەرجەی کە تۆ لەگەڵ ئێمەدابی . من ئێستا ئەو پاڤلوشا منداڵەی جاران نیم. تۆپێت باشە من بەر لە هەرشتێک هی تۆ و بۆتۆ بم پاشان هی حیزب وبۆ حیزب بم، بەڵام من بە پێچەوانەوە، بەر لە هەرشتێک هی حیزب وبۆ حیزب دەبم وپاشان بۆ تۆ وخزمانی دیکەم دەبم.

تونیا بە خەمینی چاوی بڕییە ڕوبارە شینەکە، چاوانی تەژی ڕوندک بوون. پاڤل، بە سۆز ومیهرەبانییەوە ڕوانییە ڕوخسارە ئاشناکەی، ڕوانییە قژە چڕە خورماییەکەی. بەزەیییەکی سەیری سەبارەت بەو کیژە کەوتە دڵ کە ڕۆژێ لە ڕۆژان زۆر لە لای ئازیز و لیوەی نزیک بوو.

پاڤل، بە پارێزەوە دەستی خستە سەرشانی :

– واز لە هەموو شتێک بێنە وپەیوەندی بە ئێمەوە بکە. پێکەوە شەڕی دەرەبەگ وخانان دەکەین، ئەگەر بڵێی کیژێن باشی زۆرمان لە گەڵدان کە هاوشانی ئێمە ولە

گەڵ ئێمەدا، هەموو بارێکی قورس وخەباتی دژوار وسەخت هەڵدەگرن، وەکو ئێمە تەحەمولی هەر کول وکۆڤانێک دەکەن. لەگینە ئەوان وەکو تۆ زۆریان نەخوێندبێ، بەڵام تۆ بۆچی ، بۆچی ناتەوێ لە گەڵ ئێمەدا بی؟ تۆ دەڵێیت "چوزانین " دەیویست بە خورتی زەفتت بکات، بەڵام ئەو کابرایەکی سووکە، خۆ سەرباز نییە. دەڵێی ئەوانە ناحەزانە ڕەفتاریان لەگەڵ کردوویت، باشە تۆ بۆچی بە جۆرێ خۆت ڕازاندبووەوە وەکو ئەوەی بچی بۆ کۆڕی سەمای بورژوایان؟ تۆ پێت عەیبە، لە ڕیزی خەڵکانێکی شڕپۆش وجل وبەرگ شڕۆڵە بی، تۆ ئەوەندەت جورئەت هەبوو کە کرێکارێکت خۆشبوێ، بەڵام ناتوانی ئایدیای ئەو کرێکارەت خۆشبوێ. من زۆر بە داخەوەم کە لە تۆ جیا دەبمەوە، حەزم دەکرد بیرەوەرییەکی خۆشم، دەربارەی تۆ لە دڵدا بمایە.

پاڤل بێدەنگ بوو .

پاڤل، ڕۆژی دوایی، لە شەقاما ، فرمانێکی بە ئیمزای ژوخرای، سەرۆکی "چکا" بینی. دڵی داخورپا. زۆری هەوڵدا ئەم دەریاوانە بدینێ، ڕێگەیان نەدەدا. هەرا وفەڕتەنەیەکی ئەوتۆی نایەوە، کە پاسەوانەکان خەریک بوو بیگرن، بەڵام هەرچۆنێ بوو ئەنجام ڕێگەی دیدارەکەیان دا .

فیدور ژوخرای، پێشوازییەکی گەرمی کرد . ژوخرای بۆمبی بەرکەوتبوو و دەستێکی لە دەست دابوو. هەر لەوێدا لە سەر کارکردن ڕێکەوتن . ژوخرای گوتی :
- مادامێکی ناتوانی بۆ شەڕگە بچیتەوە، وەرە لێرە پێکەوە، دژی ، دژبەرانی شۆڕش دەخەبتین، لە سبەیەوە وەرە بۆ ئێرە.

***

شەڕ لە گەڵ پولونیە سپیەکاندا تەواو بوو. سوپای سوور گەیی بووە دەوروبەری وارشۆ، دوای ئەوەی هەموو هێزێکی مادی وفیزیکی خۆیان خستەکارو بەڵام دوا خاڵی سنوورییان بۆ نەگیرا، ئیدی پولونییەکان گوتەنی "پەرجووی ڤیستول " ڕوویدا. واتە سوپای سوور پاشەکشەی کرد ،پولونیەکان،بەم پاشەکشەیەیان

دەگوت "پەرجووی ڤیستول" ئیدی دەرەبەگ وخانانی (پان) پولونی نەجاتیان بوو. ئەوجارە خەونی بەرپابوونی کۆماری سوسیالیستی پولونیا نەهاتەدی . ئەو خەیاڵپڵاوە کەڕووی هەڵهێنا.

وڵات کە غەرقی خوێن بوو بوو پێویستی بە پشوویەک بوو. پاڤل دەرفەتی بۆ نەدەرەخسا، کە بە دیداری کەس وکارەکەی شاد بێتەوە، چونکە شارۆچکەی شیتوفکا، بۆجاری دووەم لەلایەن پولونیە سپیەکانەوە گیرایەوە وبوو بە سنووری کاتی بەرەی شەڕ . گفت وگۆی ئاشتی لە ئارادا بوو. پاڤل، شەو ورۆژ لە (چکا) دا خەریکی ئەنجامدانی ئەرک وکارێن جۆراو جۆر بوو. پاڤل، لە ژوورەکەی ژوخرای دادەنیشت. وەختایەک بیستی پولونیەکان، شارۆچکەکەی ئەویان گرتووتەوە، زۆر خەمگین بوو، گوتی :- چ دەبێ فیدور، یانی ئەگەر بەم واقیع و بارودۆخەی ئێستاوە سولّح بکرێ، دایکم دەکەوێتە ئەودیو سنوورەوە؟

لێ فیدور ژوخرای، دڵی دایەوەو گوتی :

- بێگومان سنوور لە ناوەندی "گورین"ەوە شانبەشانی ڕووبارەکە تێدەپەڕێ. واتە شارۆچکەکە بۆ ئێمە دەبێ، ئیدی بەو زووانە یەکلایی دەبێتەوە.

لەشکرەکان، بەرە بەرە لە بەرەی پولونیەکانەوە بۆ باشوور دەگوازرانەوە. فرانگل (یەکێک بوو لە دوا سەرانی هێزە دژبەرەکانی شۆڕش) هەل ومەرجی گفتوگۆیەکەی بەهەلزانی ولە قرمەوە سەری دەرهێنا. لەو ماوەیەدا کە کۆمار هەموو هێزەکانی خۆی ڕەوانەی بەرەی پولونیا دەکرد، هێزەکانی فرانگل، بە شانی ڕووباری دەنیپەردا، لەباشوورەوە بەرەو باکور هاتن ودزەیان کردە ناو "یکاترینوسلاڤ "ەوە .

وڵات، کۆتایی هاتنی شەڕی لەگەڵ پولونیەکاندا بە هەلزانی وبۆ ئەوەی کۆتایی بەم دوا مۆڵگەیەی دژمنانی شۆڕش بێنێ، هەموو لەشکرەکانی خۆی ڕەوانەی قرم (کریمیا) کرد.

ئیدی قیتارێن سوپایی پڕ له سەرباز وهەڵگرێن گالیسکه ومەترەلۆزو مووبەقی مەیدانی به ناو کییفدا بەرەو باشوور دەڕۆیی . له (چکا)ی گواستنەوەو ڕێگەوباندا کارو چالاکی زۆر گەرم بوو. ئەم لێشاوی قیتارانه ڕێگاکانیان تەواو دەگرت . وێستگەکان، به جۆرێ پڕدەبوون، ڕێگەی هات وچۆ نەدەما. هەموو هێڵەکان دەگیران. بێتەلەکان پەیتا پەیتا پەیامیان بۆدەهات وئاگادار دەکرانەوه که هێڵ بۆ فلان لەشکر بکەنەوه ... ئیدی نەوار له سەر نەوار لەو دەزگایانەوه دەهاته دەرێ وله سەری نووسرابوو :

"فرمانی عەسکەری ... بێ نۆرەکاری ... یەکسەر ڕێگاکه چۆڵ بکەن" له هەر هەموو ئەو نەوار و تیلماسکه کاغەزانەدا، ئەم ئاگاداری وهۆشداریه نووسرابوو، هەر کەسێک ئەم فەرمانه جێبەجێ نەکات، به هەنجەتی سەرپێچی فرمان، دەدرێته دادگای سوپایی شۆڕش. بەشی گواستنەوه وڕێگا وبانی چکا، بەرپرسیاریەتی بەندبوونی ڕێگاکانی هەڵدەگرت.

فەرماندەی یەکینەکان، هەموو دەمانچه بەقەد، خۆیان به بارەگای کۆمیتەدا دەکرد و داوایان دەکرد به گوێرەی بروسکەی ژماره ئەوەندەی فەرماندەی سوپا، یەکسەر قیتاره سوپاییەکان بەڕێبکەن.

شتاقیان، بەوه قاییل نەدەبوون، که ئەمه کارێکی مەحاڵ ونەکردەنییه "ئەگەر مردوویت، دەبێ قیتارەکه بەڕێبکەی! " ئەوسا دەمرێژی جنێو دەستی پێدەکرد. خۆ ئەگەر کێشەکه زۆر ئاڵۆز بوایه، بلەز دەیاننارد به دووی ژوخرایدا . هەنگێ خەڵکه به شەڕ هاتووەکان، که ئامادەبوون یەکدی بەر گولله بدەن، کەمێک هێور دەبوونەوه.

کەسایەتی به سامی ژوخرای، کەلەشی زەلام وپۆلایین و ساردی ئەو، دەنگی بنجبڕی که دەرفەتی هیچ نارەزاییەکی نەدەدا، دەمانچه به دەستەکانی ناچار دەکرد، دەمانچەکانیان بخەنەوه ناو کیفەکانیان.

پاڤل، بەدەم ژانە سەرێکی تووندەوە لە ژوورەکە هاتەدەرێ وخۆی گەیاندە سەر شۆستەی وێستگەکە، کارکردن لە چکا، ئەعسابی تێکدەدا.

جارێکیان پاڤل، سیرگی هاوڕێی بە سەر ڤارگۆنێکی فلاتەوە بینی کە پڕ بوو لە سەندووقە گوللە وتەقەمەنی. سیرگی لە سەر ڤارگۆنە فلاتەکەوە، خۆی بە سەریا هەڵدا، چیوای نەمابوو، بیخاتە سەر ئەرزەکە، هەردوو باسکی بە توندی لەملی وەرێنا .

- پاڤل! هەی عیفریت، ئەمەتۆی . لە دوورەوە ناسیمیتەوە.

جووتە برادەر نەیاندەزانی چی لە یەکتر بپرسن، باسی چی بکەن. لەوەتای لێکدی دابڕابوون، جۆرەها ڕووداویان بینی بوو، هە رخۆیان پرسیاریان دەکرد وبێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکەن، بەرسڤیان دەدایەوە . گوێیان لە شووتی ڤیتارەکە نەبوو ، بەو دەقەوە لە هەمێزی یەک هەڵنەبڕان تا ڤارگۆنەکان هێدی هێدی کەوتنە جوڵان.

دەیانتوانی چ بکەن؟ ڤیتارەکە کەوتەڕێ، لێکدی هەڵبڕان، خێرایی ڤیتارەکە بەرەبەرە زیاتر دەبوو. سریوژا بۆ ئەوەی دوا نەکەوێ، بە هەشتاو وشانبەشانی شۆستەکە ڕۆیی وخۆی بە دەرگای وازی ڤارگۆنێکی زستانەوە هەڵواسی. لەبەر دەرگاکەوە بە دەنگی بەرز شتێکی بە برادەرەکەی گوت وچەند دەستێک ڕایانکێشایە ناو ڤارگۆنەکەوە. پاڤل، ڕەق ڕاوەستابوو و لە جێگای خۆیەوە تەمەشای دەکرد، ئەو ڕۆیی ئەوسا بیری کەوتەوە کە سریوژا ئاگای لە مردنەکەی ڤالیا نییە، چونکە سریوژا، لە زێد وزاگەی خۆی نەبوو. بەڵام پاڤل، کە ئەم دیدارە مەست وحەیرانی کردبوو، ئەو هەواڵەی نەدایێ.

پاڤل، لە دڵی خۆیدا گوتی : "با بەڕەحەتی سەفەرەکەی بکات، باشتر کە نەیزانیوە" . نەیدەزانی کە ئەمە دوا دیداری هاوڕێکەی دەبێت، "سیرگی" ش ، کە بەسەر ڤارگۆنە فلاتەکەوە وەستابوو سینگی دابووە بەر بایە پایزییەکە، نەیدەزانی کە بەرەو پیری مەرگ دەڕوات.

دورشنکو، که سەربازێکی سوور بوو وپاڵتۆیەکی لە بەربوو و لە پشتەوە سووتابوو، بانگی سریوژای کرد کە دانیشێت. سیرگی بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە :

– قەیدی نییە. من وبا دۆستین، لێگەڕێ با لێم بدات.

دوای یەک هەفتە سیرگی لە یەکەم شەڕا، لە پێدەشتە پایزییەکەی ئوکرانیادا کوژرا. گوللەیەکی وێڵ لە دوورەوە هات وپێکای.

هەرکە گوللەکەی پێکەوت، چزە لە سینگی هەستا، بەدەم ئازارێکی کوشندەوە، هەنگاوێکی نا، لارەلاری پێکەوت ، هاواری نەکرد، باوەشی بە هەواکەدا کرد، بە هەموو هێزی خۆیەوە دەستەکانی بە سینگییەوە گوشی ، لە تۆ وایە خۆی بۆ بازدان ئامادە دەکات. خۆی دانەواندەوە، لە پڕ جەستە قورسەکەی بە ئەرزەکەدا کەوت وتەختی ئەرزەکە بوو، چاوە شینەکانی بڕینە ئاسۆی بێ سنووری پێدەشتەکە و لە مۆڵەق وەستان.

***

پاڤل، کە هێشتا بە تەواوەتی چاک نەبوو بووەوە، کاری تاقەتبەری کۆمیتەی "چکا "ش هێندەی دی کاری لە تەندروستی کرد، ناو بە ناو ژانە سەرەکەی بۆ دەهاتەوە. ئەنجام لە دوای دوو شەو بێخەوی بورایەوە. ئەوسا چوو بۆ لای ژوخرای وگوتی :

– فیدور، تۆ ڕات چییە، ئەگەر بچمە سەر کارێکی دی، واز لەم کارەی ئێرە بێنم ؟ من زۆر حەزدەکەم بگەڕێمەوە بۆ وەرشە سەرەکییەکان و بچمەوە سەر کارەکەی جارانم، چونکە هەستدەکەم سەرم زۆر ماندووم دەکات. چونکە لە لیژنەی پزیشکیدا پێیان گوتم کە بەکەڵکی خزمەتی عەسکەری نایەم. بەڵام ئێرە لە جەبهە خراترە. ئەم دوو ڕۆژەی کە خەریکی شەڕی باندی "سوتیر" بووین، بە تەواوەتی لەپەل وپۆی خستم . من دەبێ واز لە شەڕ وچەکداری بێنم. فیدور تۆ بە خۆت دەزانی منێک کە

به تۆبزی خۆ به پێوه دەگرم، ناتوانم کارمەندێکی چالاکی "چکا" بم، بەکەڵکی " چکا" نایەم.

ژوخرای، دەبیرەوه چوو، به بایەخەوه ڕوانیه پاڤل :

– بەڵێ، سەر وسیمات له باش ناچێت، دەبوایه زووتر ئازادم بکردیتایه، خەتای منه، سەرگەرمی کار بووم، تۆم له بیر چووەوه.

له ئەنجامی ئەم گفتوگۆیەوه، پاڤل به نووسراوێک بۆ کۆمیتەی کومسومول نەقڵ کرا وگەییه ئەوێندەر.

کوڕێکی بزیو، که به شێوەیەکی فشەکەرانه کڵاوەکەی هێنابووه سەر کەپووی، چاوێکی به نووسراوەکەدا خشاند، به شادییەوه چاوێکی له پاڤل داگرت :

– له چکاوە؟ دەزگایەکی خۆشه . فەرموو، من له چاو تروکانێکا کارت بۆ دەدۆزمەوه. خواخوای گەنجێکمانه ، بۆ گەنجێک دەچین به ئاسمانا. کوێت دەوێ، له کوێت دابنەین؟ دەتەوێ بۆ کۆمیتەی ئازووقەی شار بڕۆیت؟ ناتەوێ؟ گرینگ نییه. دەتەوێ بۆ بەشی ڕاگەیاندنی بەندەر بڕۆی؟ ناتەوێ ؟ بەداخەوه . شوێنێکی باشه، جیره ومووچه وبەراتێکی زۆر باشی هەیه.

پاڤل، قسەی کوڕەکەی بڕی :

– دەمەوێ بچم بۆ وەرشەی سەرەکی ڕێگای ئاسن.

کوڕە، به سەرسامی تەمەشای پاڤلی کرد :

– بۆ وەرشه سەرەکییەکە؟ ها ... لەوێ پێویستمان به کارمەند نییه. به هەرحاڵ بڕۆ بۆلای ئوستینوڤیچ، ئەو کارێکت له شوێنێکا بۆ پەیدا دەکات.

دوای گوت و وێژێکی کورت دەگەڵ ئەم کیژه ئەسمەرەدا، بڕیاردرا پاڤل به سکرتێری کومسومولی وەرشه سەرەکییەکان دابمەزرێ.

***

لەو کاتەدا، لە دەروازەی قرمدا، لە گەرووی تەنگی نیمچە دورگەکەدا، لە پێش ئەو مەرزە کۆنانەی کە سەردەمانێ تاتارەکانی قرمی لە قوزاقانی زابورووژی جیادەکردەوە، قەڵا وبۆرجی "پیرکوپ" کە نۆژەن کرابووەوەو تەواو مکووم وقایم کرابوو، پڕبوو لە سەرباز وپاسەوانانی سوپای سپی.

جا لە قرمدا، لەو دیوی قەڵا وبورجی پیرکوپەوە، دنیای کۆنی داوەشاو کە لە هەر چوارنکاڵی وڵاتەوە ڕەهەنەی قرم بووبوون بێخەم وخەیاڵ، لە مەستی شەرابدا نقووم بوو بوون.

لە شەوێکی بارانی پاییزدا، هەزاران کەس لە ڕۆڵە زەحمەتکێشەکانی گەل ، خۆیان بە ئاوی ساردی کەنداوی "سیڤاش" دا دا تا بپەڕێنەوە وپشت لە دژمن کە خۆی لە سەنگەر دابوو، بگرنەوەو جەزرەبەیەکی توندی لێبدەن . "ئیڤان ژارکی" ش یەکێک بوو لەو هەزاران نەفەرە، کە بەو پەڕی پارێزەوە ڕەشاشەکەی نابووە سەرسەری.

کاتێ لە بەرەبەیاندا، پیرکوپ، بە دەم ترس ولەرزەوە ڕابوو، هەزاران نەفەر، لەمپەڕ و مەتەڕێزانیان بڕی و بەرەو قەڵا وبۆرجەکە هێرشیان برد ، ئەو تابورانەی کە لە پێشەوە لە کەنداوی سیڤاش پەڕی بوونەوە، بە کەنارەکانی نیمچە دوورگەی ستیڤانیدا سەردەکەوتن. یەکەم کەس کە گەییە کەنارە تمتمان و سەختەکە "ژارکی" بوو.

شەڕێکی یەجگار خوێناوی، بێ وێنە هەڵگیرسا. سوپای سوارەی سپیەکان، زۆر هۆڤیانە پەلاماری ئەوانەیان دا، کە تازە لە ئاوەکە وەدەر کەوتبوون وبە چنگەڕنێ خۆیان دەگەیاندە کەنارەکە. ژارکی، بەدەم ڕاکردنەوە، بێئەوەی بۆساتێک بوەستێ، بەر دەسترێژی ڕەشاشی دەدان و مەرگی بە سەردا دەباراندن. جەستە وجەندەکی زەلام وئەسپان لە ژێر بارانی گوللەدا بە سەریەکدا دەکەوتن وکەڵەکە دەبوون. " ژارکی" بە هەشتاو، لێکدا لێکدا شریتی تازەی دەخستە سەر ڕەشاشەکەی.

دەنگی سەدان تۆپ لە پیرکوپەوە، بەرز دەبووەوە ودەنگی دەدایەوە. دەتگوت خودی زەوی کەوتووەتە بۆشاییەکی قووڵی بێ بنەوە. هەزاران گولله تۆپ، بە گرم وهۆڕی هوڤیانە، ئاسمانیان شەق دەکرد و مەرگیان لەگەڵ خۆدا دەبرد ودەبوون بە هەزار پارچەوە، ورگی ئەرزەکەیان هەڵدەدڕی و ستوونی دووکەڵی ڕەش بەرز دەبووەوەو بەری هەتاوەکەی دەگرت .

سەری ئەژدیهاکە پان کرایەوە، ئیدی لێشاوی سوورەکان بەرەو قرم بووەوە. هێزەکانی سوپای یەکەمی سوارە تووڕە وترسناک، بەدەم دوا جەزرەبەی خۆیانەوە ڕژانە ناو قرمەوە. گاردی سپی ، دنیایان لێبوو بە چەرمی چۆلەکە، دەستەپاچە وتۆقیو، بە غاردان بەرەو کەنار دەڕۆیشتن تا خۆیان بگەیەنێنە ئەو کەشتیانەی لە بەندەرەکە دوور دەکەوتنەوە وخۆیان ڕزگاربکەن.

کۆمار، نیشانەی ئاڵای سووری، لە شیوەی بازنەیەکی بچووکی زێڕنیشاندا، دا لە یەخەی بلوزە دڕاوەکان، ڕێک لەو شوێنەی دا کە دەکەوێتە ئاستی دڵەوە، بلوزەکەی "ئیڤان ژارکی" ڕەشاشچی ئەندامی کومسومول، یەکێک بوو لەو بلوزانە.

***

پەیمانی ئاشتی لە گەڵ پولونیەکاندا بەسترا، شارۆچکەکە، وەکو ژوخرای خۆزیای دەخواست، لە سنوور وچوارچیوەی ئوکرانیای سوڤیاتیدا مایەوە. ئەو ڕوبارەی کە لە سی وپێنج کیلۆمەتری شارۆچکەکەدا بوو، بوو بە سنوور. پاڤل، لە ڕۆژێکی هەیڤی ئەیلوولی ١٩٢٠دا، ئەو ڕۆژەی هەرگیز لە بیری ناچێتەوە، لە گەڵ سپێدەدا گەییەوە زێد وزاگەی خۆی.

پاڤل، گەییە سەر شۆستەی وێستگاکە، کە بەفر داپۆشی بوو، نیگایەکی خێرای تابلۆی (شپتوفکا – ١) کرد، بە سەمتی چەپا بۆلای دەبۆی قیتاران پێچی کردەوە، سوراغی ئارتیمی کرد، بەڵام نەیدۆزییەوە. پاڵتۆیەکەی توندتر لە خۆیەوە پێچا. بلەز بە ناو لێرەوارەکەدا بەرەو شارۆچکەکە بووەوە.

ماریا یاکلوفلیڤنا، لە تەقەی دەرگا وەخۆهاتەوە، ئاوڕی دایەوەو فەرمووی لەو کەسە کرد کە لە دەرگای دەدا. کاتێ سەروسەکوتی بەفرگرتەی کەسیک لە دەرگاکەوە وەدیارکەوت، یەکسەر ڕوخساری کوڕە ئازیزەکەی ناسییەوە، دەستی نایە سەر دڵی و لە شادیدا زمانی بەسترا ولە گۆکەوت.

بە هەموو هێز وتوانایەوە، خۆی لە هەمێزی کوڕەکەی هاوێشت و سەروچاوی لە ڕامووسان گرت وڕوندکی شادی بە چاوانیا هاتە خوارێ . پاڤلیش، ئەوی لە هەمێزگرت وتەمەشای ڕوخساری دایکی کرد، کە چرچ ولۆچی تێکەوتبوو وچاوەڕوانی و داخ وکەسەر، تەواو کەسیرەی کرد بوو و پوکاندبوویەوە. پاڤلیش هیچی نەدەگوت، چاوەڕێی ئەوە بوو داکی هێور ببێتەوە.

شادی، دووبارە لە چاوانی ژنەی خەمزەدەدا، هەڵهات. ئەم دایکە، بە درێژایی چەندین ڕۆژ نە لە قسەکردن دەگەڵ کوڕەکەیدا تێر دەبوو، نە لە دیتنی ئەو، کە دەستی لە دیداری شتبوو، تامەزرۆ و تاسەی دەشکا. دوای سێ دانە ڕۆژ، کاتێ ئارتیم، درەنگانێکی شەو، بە جانتایەکی عەسکەری سەفەرییەوە خۆی بە ژوورە بچووکەکەیاندا کرد، خەریک بوو لە خۆشیا باڵ بگرێ، لە کەیفان لە پێستی خۆی نە دەهێوری.

ماڵباتی کورچاگین گەڕانەوە بۆ خانووە بچووکەکەی خۆیان. برایانی کورچاگین دوای ئەزموون وبەڵا ومەینەتیەکی زۆر، بە سەلامەتی بە یەکدی شاد وشوکر بوونەوە ...

ماریا یاکوفلیڤنا، لە کوڕەکانی پرسی :

– ئێ بە تەمان لە ئێستا بە دواوە چ بکەن؟

ئارتیم بەرسڤی دایەوە :

– دایکەگیان، من دەگەڕێمەوە سەر فیتەرچیاتیەکەی خۆم.

لێ پاڤل، دوای ئەوەی دوو هەفتەیەک لە ماڵ مایەوە، بۆ کییف، کە کار چاوەڕوانی دەکرد، گەڕایەوە.

کۆتایی بەشی یەکەم

چۆن پۆڵامان ئاودا ((٢))

ڕۆمان

ن : نیکۆلای ئۆستروفسکی

و : حەمە کەریم عارف

پێڕست

بەشی دووەم

فەسڵی یەکەم

فەسڵی دووەم

فەسڵی سێیەم

فەسڵی چوارەم

فەسڵی پێنجەم

فەسڵی شەشەم

فەسڵی حەوتەم

فەسڵی هەشتەم

فەسڵی نۆیەم

نیکۆلای ئوسترۆفسکی

# بەشی دووەم

# فەسڵی یەکەم

نیوەشەوە . ماوەیەکی زۆرە، دواترام، بە لەقەلەق، شەکەت وماندوو خۆی گەیاندووەتەوە گەراجەکەی . تریفەی کزو ڕەنگزەردی مانگ داویە لە تاقچەی بەر پەنجەرەکە، هەیڤە شەو بە سەر تەختە خەوەکەوە لە چەرچەفێکی ئاماڵ شین دەچێت، باقی ژوورەکە نیمچە تاریکە . مێزێک لە سووچێکی ژوورەکەدایە، بە هۆی تەیبڵ لامپێکەوە بازنە ڕووناکییەکی کەوتووەتە سەر .

ریتا ( سووکە ڵە ناوی مارگریتایە ) بە تەواوەتی بە سەر دەفتەرێکی ئەستووردا دانەویوەتەوە . ئەم دەفتەرە تۆماری بیرەوەرییەکانی ئەوە .

نووکی تیژی قەڵەمەکەی بە سەر کاغەزەکەدا داخزی :

٢٤/ ئایار

" جارێکی دی دەمەوێ دەست بە نووسینی بیرەوەرییەکانم بکەمەوە، ماوەیەکە لە نووسین دابڕاوم . یەک هەیڤ ونیوە تاقە وشەیەکم نەنووسیوە . ناچارم دەبێ بەم دابڕانە ڕازی بم . ئاخر کات لە کوێ بێنم تا بیرەوەریان بنووسمەوە ؟ ئێسا شەوە، من هێشتا هەر دەنووسم، خەوم زڕاوە . هاوڕێ ( سیگال ) بۆ کار کردن لە کۆمیتەی مەرکەزی، بۆ موسکۆ دەڕوات . ئەم هەواڵە هەمووومانی خەمبار کردووە . ئەم هاوڕێیەمان، لازار ئەلکسندروفیچ سیگال ، مرۆڤێکی یەجگار باشە . ئێستا دەزانم کە دۆستایەتی ئەو، بۆ ئێمە چەند گرینگ و بەهادار بوو . هەڵبەتە بە ڕۆیشتنی سیگال، خولی وانەی مەتریالیزمی دیالکتیکمان لە کیس دەچوو . دوێشەو، تا درەنگانێکی شەو لە جەم ئەو بووین، بە سەرکەوتنێن خوێندکارەکانماندا دەچووینەوە . ئاکیمی سکرتێری کۆمیتەی کومسومولی شار و ( توفتا ) ی بێزراو، سەرۆکی بەشی ئاماریش هاتن . من چاوم بەم ( زانا و فامایەدا ) هەڵنایەت ! سیگال زۆر شاد بوو . چونکە کورچاگینی شاگردی، لە وانەی مێژووی حیزبدا، دەمی توفتای کردبوو بە تەڵەی تەقیو . بە ڕاستی ئەم دوو هەیڤە بە فیڕۆ نەچوو، ئەگەر ئەم ئەنجامانەی لێ بێتە بەر، ئەوە دێنێ خۆتی پێوە ماندوو بکەی .

دەنگۆیەک هەیە کە ژوخرای بۆ بەشی تایبەتی سەر بە ناوچەی سوپایی دەگوازرێتەوە . بۆ دەگوازرێتەوە، نازانم .

( لازار ئەلکسندردوفیچ ) قوتابیەکەی خۆی بە من سپارد . لە کاتی خواحافیزیدا گوتی :

ئەم کارەی کە من دەستم پێکرد، تەواوی بکە، لە نیوەی ڕێگادا مەوەستە . ریتا گیان ئێوە هەردووکتان دەتوانن زۆر شت لە یەکترەوە فێر بن . ئەم کوڕە هێشتا منداڵکارە و بە تەواوەتی لە دنیای خەون و خەیاڵان دەرباز نەبووە، داینەمۆ و بزوێنەری ژیانی ئەو، هەست و سۆزە، ئەو هەست وسۆزەیە کە لە دڵ و دەروونیا پەنگاوەتەوە، ئیدی باهۆزی ئەم هەست وسۆزە، جار جارێک ڕایدەماڵێ و لە ڕاستە ڕێگاکە دوور دەکەوێتەوە . ڕیتا ئەوەندەی من تۆ دەناسم، دەتوانی باشترین ڕابەر وڕێنوێنی ئەو بیت . هیوای سەرکەوتنت بۆ دەخوازم . لە بیرت نەچێت، نامەم، بۆ مۆسکۆ، بۆ بنێرە .

ئەمڕۆ لە کۆمیتەی ناوەندییەوە، سکرتێری تازەیان بۆ کۆمیتەی ناوچەی ( سالومینکا ) نارد، ناوی ( ژارکی ) یە . من لە سوپاوە دەیناسم .

سبەینێ " دیمتری "، " کورچاگین " دێنێ . هەوڵدەدەم وەسفی " دوبوڤا " بکەم . کەسێکی دەستە باڵای تۆکمەی، باهۆدارە . لە ساڵی ١٩١٨ پەیوەندی بە کومسومولەوە کردووە و لە ساڵی ١٩٢٠ دا بووە بە ئەندامی حیزب . یەکێکە لەو سێ کەسەی کە بە هۆی وابەستەگییانەوە بە ( ئوپوزیسیونی کرێکاری ) یەوە، لە کۆمیتەی کومسومولی شارۆچکەکە، دەرکرابوون . ( ئوپوزیسیونی کرێکاری، گرووپێک بوون کە لە ساڵانی دوای شۆڕش دژایەتی کۆمیتەی ناوەندیان دەکرد ) . دەرس گوتنەوە بەو کارێکی ئاسان نەبوو، هەموو ڕۆژێک لە بەرنامە و بابەتی دەرسەکە دەردەچوو و لە پرسیاری دەگرتم . زۆرجار قەرقەشە ودوڕدونگی و گەنگەشە دەکەوتە نێو ئولگاییورینیڤای قوتابی دووەمی من و دوباڤا . هەر لە یەکەم ئێوارەدا، سەراپای ( ئولگای ) بە نیگا دابێژت وگوتی :

– جل و بەرگەکەت تەواو نییە پیرەژن، پێویستت بە پانتۆڵی چەرم، دوو مامێز، کڵاوێکی بودیونی و کوڵە شمشێرێکە، دەنا بەم حاڵەوە نە بە کەڵکی ئەم دنیا و نە بەکەڵکی ئەو دنیا دێی

ئولگا، بێدەنگ نەبوو، یەکسەر بە ڕوویا هەڵشاخییەوە، لێیان بوو بە دەمە قاڵە، ناچار بووم بکەومە بەینیانەوە . وادیارە دوباڤا، دۆستی کورچاگینە ... دەی باشە ئەوەندە بۆ ئەمڕۆ بەسە، زۆرم نووسی، کاتی خەوە، با بنووم ".

❊❊❊

زەردە گەرما ئەرزەکەی هەراسان کردبوو، محەجەرەی ئاسنینی پردەکەی سەرووی وێستگەکە بە جۆرێ داغ بووبوو، نەتدەوێرا دەستی تێوە بدەی . خەڵکی لە گەرما پڕووکابوون، شەکەت وماندوو بە سەر پردەکەدا سەردەکەوتن . ئەمانە ئەهلی سەفەر نەبوون، بەڵکو زۆربەیان خەڵکی گەڕەکی سکە بوون و لە سەر پردەکەوە دەچوون بۆ شارۆچکەکە .

پاڤل، لە پلیکانەکەی سەرەوە، ڕیتای بەدی کرد . ڕیتا لە پێش ئەوا گەیی بووە لای قیتارەکە، تەمەشای ئەوانەی دەکرد کە لە پردەکەوە دادەبەزین .

کورچاگین لە ( ڕیتا ئوستینوفیچ ) لایدا و سێ شەقاوێک لە دووی ئەو وەستا، ڕیتا هەستی پێنەکرد . پاڤل بە کونجکاویەکی سەیرەوە لێی ورد بووەوە . ڕیتا بلوزێکی خەت خەت و تەنوورەیەکی کورتی شینی لەبەر بوو، چاکەتێکی چەرمی نەرمی بە شانیا دابوو . قژە بژەکەی وەکو تاجێک ڕوخسارە تاوە سووتەکەی لە خۆ گرتبوو . ڕیتا، سەری کەمێک دانەواندبوو و مژۆڵەکانی لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا هێنابووەوە یەک . ئەمە یەکەمجار بوو کە کورچاگین، بەو چاوەوە، تەمەشای دۆست ومامۆستاکەی خۆی دەکرد . ئەمە یەکەمجار بوو کە ئەم خەیاڵەی بە مێشکا هات کە ڕیتا نەک هەر ئەندامی مەکتەبی کۆمیتەی کومسومولی شارۆچکەکەیە بەڵکو ... کە هەستی کرد، ئەو جۆرە بیرە گڵاوە ختووکەی مێشکی دەدا تووڕە بوو، لە خۆی تووڕە بوو و ڕیتای بانگ کرد :

– یەک سەعاتە تەمەشای تۆ دەکەم، بەڵام تۆ من نابینی . کاتی ڕۆیشتنە، قیتارەکە وەستاوە .

بە دوو قۆڵێ لەو ڕاڕەوەوە کە تایبەت بوو بە هات و چۆی کارمەندان چوون بۆ شۆستەی قیتارەکە . دوێنێ کۆمیتەی لاوانی شار ( کومسومول ) ڕیتا ی بە نوێنەری خۆی لە یەکێک لە کونفرانسە ناوچەییەکان دانا، کورچاگین کرا بە یاریدەدەری ئەو . دەبێ ئەمڕۆ سورای قیتار بن، کە هەڵبەتە بە هیچ جۆرێ کارێکی ئاسان نییە . وێستگەکە، لە کاتی حەرەکەت و دەرچوونی دەگمەن و کەمی قیتارەکاندا دەخرایە ژێر دەسەڵاتی بێ چەند و چوونی لیژنەیەکی پێنج کەسییەوە، کە تەنیا ئەو لیژنەیە بۆی هەبوو  جێگە بۆ ڕێبواران دابین بکات . بە بێ مۆڵەت وئیزنی لیژنەی ناوبراو کەس بۆی نەبوو، بچێتە سەر شۆستەی وێستگەکە . هەر هەموو ڕێگە وڕاڕەوەکان لە ژێر کۆنترۆڵی ( لیژنەی دابینکردنی جێگا ) دا بوو . قیتارەکە کە لە خەڵکا جمەی دەهات، تەنیا دە یەکی ئەو خەڵکانەی دەگرت کە لە سەر سەفەر بوون . کەس حەزینەدەکرد بمێنێتەوە و چەندین ڕۆژ چاوەڕوانی ئەوە بکات تا قیتارێکی ڕێکەوتەکی بێت . هەزاران نەفەر، هێرشیان بۆ ڕاڕەوەکانی وێستگەکە دەبرد و هەوڵیان دەدا خۆیان بگەیەننە ڤارگۆنە پڕەکان و جێگەیەک بدۆزنەوە . قەرەباڵغی وێستگەکە لە ئەقڵا نەبوو، هەندێجار کار دەگەییە شەڕە دەست . پاڤل وڕیتا، بێهودە هەوڵیاندەدا وەژوور بکەون و بگەنە سەر شۆستەکە و سوار بن .

پاڤل، کە هەموو کون و کەلەبەر و پەنا وپەسێرێکی وێستگە شارەزا بوو، هاوڕێکەی لە ژووری کەل وپەلەکانەوە برد، بە زەحمەت خۆیان گەیاندە ڤارگۆنی چوارەم . ئەندامێکی " چکا"  کە لە ئارەقەدا هەڵکشابوو، لە بەر دەرگەی ڤارگۆنەکە وەستابوو و پێشی ئاپۆڕای خەڵکەکەی گرتبوو و بۆ جاری سەدەمین جار دووبارەی دەکردەوە :

– فارگۆنەکە زۆر قەرەباڵغە، یەک کەسی دی ناگرێت، ئیدی ئەمرەو قاییل نابم هیچ کەسێک لە سەر دەعامی و سەربانی فارگۆنەکان سواربێ .

ئیدی خەڵکانی تووڕە و خرۆشیاک، هێرشیان بۆ هێنا و هەر کەسە و لە لای خۆیەوە بلیتی (لیژنەی دابینکردنی جێگا ) ی نیشاندەدا، کە سواری فارگۆنی ژمارە چوار ببێت . ئیدی لە بەر دەم هەر فارگۆنێکا، هەرا و زەنا و سخێف و جنێوان بوو . پاڤل، دڵنیا بوو کە مەحاڵە بتوانن، بە شیوەیەکی ئاسایی سواری ئەم قیتارە ببن، سەفەرەکەشیان زۆر پێویست بوو، دەنا فریای کۆنفرانسەکە ندەکەوتن .

پاڤل، ڕێتای بردە لاوە و لە نەخشەکەی خۆیی ئاگادار کردەوە . خۆی بە فارگۆنەکەدا دەکات، پەنجەرەکە دەکاتەوە، ریتا لە پەنجەرەکەوە هەڵدەکێشێت، دەنا هێچ چارێکی دیکە نییە .

– کوا چاکەتە چەرمەکەتم بدەیە، ئەمە لە هەر ناسنامەیەک باشترە .

پاڤل، چاکەتە چەرمەکەی لێوەرگرت و لە بەری کرد . دەمانچەکەی نایە گیرفانی چاکەتەکە، بە ئانقەست دەسک وقەیتانی دەمانچەکەی لە گیرفانیەوە دەرهێنا . پاڤل، جانتاکەی کە توێشوی ڕێگای تیابوو لە بەر پێی ڕیتادا دانا وبەرەو فارگۆنەکە ڕۆیی . بێ هیچ لە ڕوو دامانێک دڕی بە ڕێبوارەکان دا و دەستی بە پەیژەی فارگۆنەکەوە گرت .

– هێی، هاوڕێ، بۆ کوێ ؟

پاڤل، نیگایەکی کابرای ئەندامی ( چکا )ی کرد، کە زەلامێکی کەتەی چوارشانە بوو، بە زمانێک کە ئەوپەڕی متمانەی پێوە دیار بوو گوتی :

– من سەر بە ( بەشی تایبەتی ) ناوچەم . ئێستا، بە سەر هەموو رکابەکاندا دەگەڕێم، بزانم هەموویان بلیتی ( لیژنەی دابینکردنی جێگا ) یان هەیە یان نا .

کابرای سەر بە ( چکا ) تەمەشایەکی گیرفانی پاڤلی کرد، بە سەری قۆڵێ ئارەقەی سەر هەنیەی سڕی و بە بێ موبالاتیەوە گوتی :

- دەی باشە، ئەگەر بتوانی بچیتە ژوورەوە .

پاڤل، بە دەست، بە شان و هەندێجار بە مست، بە سەر شانی ئەوانی دیدا سەردەکەوت و دەستی بە کورسیەکانی سەرەوە دەگرت و بە ژێر ڕێژنەی جنێوی خەڵکەکەدا، بە هەر شێوەیەک بوو خۆی گەیاندە ناوەندی فارگۆنەکە .

پاڤل، لە کاتی هاتنە خوارەوەدا، پێی نایە سەر ئەژنۆی ژنێکی قەڵەو، ژنە هاواری لێ هەستا وگوتی : - بۆ کوێ، هەی بە نەعلەتی شەیتان بی ؟

ئەم ژنە قەڵەوە، خۆی بە قەراخ کورسییەکەی خوارەوە چەسپاند و تەنەکەیەک ڕۆنی لە بەینی هەر دوو لاقیا دانابوو . هەموو ڕەفەکان، پڕ بوون لەم جۆرە تەنەکانە، لە کارتۆن و سەندووقان، لە توورەکە وکیسە، لە جۆرەها زەمیلە و سەبەتە .

فارگۆنەکە هێندە پڕ بوو، بە ئاستەم هەناسەت بۆ دەدرا .

پاڤل، بەم پرسیارە وەڵامی جنێوەکانی ژنەی تاینی دایەوە :

- هاوشاری، کوا بلیتەکەت ؟

ژنە، بە توورەیی، بە گژ ئەم چاودێرە ناوەختەدا چووەوە : - چی چی ؟

لە سەر تەختێکی قاتی سەرەوە سەر وکەللەی لۆتیانەی کەسێک دەرکەوت و بەدەنگێکی ناساز گوتی : - ڤاسکا، ئەم حەیوانە چی دەوێ ؟ بلیتی سەفەری ئاسمانی بدەیە .

دروست لە سەرووی کورچاگینەوە، ئەو پیاوە پەیدا بوو کە بانگی ( ڤاسکا )ی کردبوو . گەنجێک بوو کەتەی سینگ تووکنی، چاو گەورە، عەینی چاوی جوانە گا، مۆڕەیەکی لە کورچاگین کرد و گوتی : - چیت لەم ژنە دەوێ ؟ بلیتی چیت دەوێ ؟

لە تەختێکی تەنیشتەوە چوار لاق شۆڕ بووبوونەوە، ئەمانە لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون و پەیتا پەیتا ناوکە گوڵە بەڕۆژەیان دەتروکاند . وادیار بوو ئەمانە باندێکی قاچاغچی وتالانچی بن و لەم ڕێگا و بانانەدا کار بکەن . پاڤل، کاتی ئەوەی نەبوو سێ و دوویان لە گەڵدا بکات، دەبوایە، ڕیتا سواری فارگۆنەکە بکات .

پاڤل، ڕووی کردە پیاوێکی پیر، کە جلکی ڕێگای ئاسنی لەبەر بوو، ئاماژەی بۆ سەندووقێکی دارینی لای پەنجەرەکەوە کرد و پرسی : - ئەم سەندووقە هی کێیە ؟

پیرەمێردەکە، ئاماژەی بۆ دوو لاقی ئەستوور کرد، کە گۆرەوی قاوەیی لە پێ بوو، و گوتی :

- هی ئەو کیژەیە .

دەبوایە پەنجەرەکە بکاتەوە، بەڵام لە بەر سەندووقەکە نەدەکرایەوە . شوێنێک نەبوو کە سەندووقەکەی لێدابنەن . پاڤل سەندووقەکەی هەڵگرت و دایە دەست خاوەنەکەی کە لە سەر تەختەکەی سەرەوە دانیشتبوو .

- هاوشاری، یەک دەقیقە بیگرە . تا من پەنجەرەکە دەکەمەوە .

وەختێ پاڤل، سەندوقەکەی نایە سەر ئەژنۆی کیژە لووت پسەکە، کیژێ وەکو فیشەکە شێتە چوو بە ئاسمانا و هاواری بە سەریا کرد : - دەست لە کەل وپەلی خەڵکی مەدە ! موتکا ئەم کابرایە کێیە کە ئەم هەموو فەرتەنەیەی ناوەتەوە ؟

کیژێ بەوجۆرە هانای بۆ دراوسێکەی برد . موتکا بێ ئەوەی لە جێی خۆی بجووڵێ و لە تەختەکەی سەرێ بێتە خوارەوە، هەر لە جێی خۆیەوە و بە تەقتەقیلەکانی پێیەوە لەقەیەکی بە پشتی پاڤلدا کێشا .

- ئەهای، کەچەڵ، تا دەم وقەپۆزم نەشکاندوویت، لەوێ هەڵێ .

پاڤل، بە بێدەنگی لەقەکەی قەبووڵ کرد . لێوی خۆی گەست، بە هەر حاڵێک بوو پەنجەرەکەی کردەوە . داوای لە کارمەندەکەی ڕێگای ئاسن کرد : – هاوڕێ کەمێک لاکەوە .

پاڤل، تەنەکەی کەسێکی لادایە لاوە، جێگایەکی چۆڵکرد، خۆی تەواو بە پەنجەرەکەوە چەسپاند . ڕیتا، لە ژێر پەنجەرەکەوە وەستابوو، خێرا جانتاکەی بۆ پاڤل بەرز کردەوە . پاڤل، جانتاکەی نایە سەر ئەژنۆی ژنەی خاوەن تەنەکەکە و لە پەنجەرەکەوە سەری بردە دەرەوە و هەر دوو دەستی ڕیتای گرت و بەرەو خۆی ڕایکێشا . پێش ئەوەی سەربازە نیگابانەکە بەم پێشێلکارییە بزانێ و ڕێگەی لێبگرێ، ڕیتا گەییە ناو فارگۆنەکە، ئیدی سەربازە سوورەکە تەنیا ئەوەی بۆ مایەوە جنێوێکی مزر بدات و لە بەر پەنجەرەکە دوور بکەوێتەوە .

باندە قاچاغچی و ساختەچیەکەی بازاڕی ڕەش، کە ڕیتایان لە ناو فارگۆنەکەدا بینی، کردیان بە هەرا وزەنایەکی وەها کە ڕێتا لە تەریقیدا سوور بووەوە وتەواو پەشۆکا . هیچ شوێنێک نەبوو کە لێی بوەستێ، ئیدی لە لێوار تەختەکەی خوارەوە وەستا و دەستی بە ئەستوونی تەختەکەی سەرەوە گرت . لە هەموو لایەکەوە درایە بەر دەمڕێژی جنێوان .

خودان دەنگە ناسازەکە لە سەرێڕا هاواریکرد :

– تۆ تەمەشای ئەم حەقارەتە بکە، هەر بە خۆیەوە نەوەستا، کیژێکیشی ڕاکێشایە سەرەوە .

کەسێکی دیکەش کە خۆی دیار نەبوو، لە سەرێڕا هاواریکرد :

– موتکا، یەکێک بە ناو چاوانیا بکێشە !

کیژەکە هەوڵیدەدا، سەندووقە دارینەکە لە سەر سەری کورچاگین دابنێت، دەم وچاوەکانی دەوروبەری پاڤل، نامۆ و ناحەز بوون .

پاڤل، زۆری لەبەر گران بوو کە ڕیتا لەم شوێنەدایە، بە هەر حاڵ دەبوو بە هەر جۆرێ بووە جێگا پەیدا بکات .

پاڤل، ڕوویکردە، ئەو کەسەی کە بە موتکا ناویان دەبرد وگوتی :

- هاوشاری، کیسە وپریاسکەکانت لە ڕاڕەوەکە لابدە، تا ئەم هاوڕێیە لەوێ بوەستێ .

بەڵام، بە شێوازێکی هێندە بێ ئەدەبانە وەڵامی دایەوە، کە لە حەژمەتاندا سەراپای شەلاڵی ئارەقە بوو . برۆی ڕاستی لە ئارەقە نیشت و لە توورەییدا دەفڕی . پاڤل، بە زەحمەت خۆی زەوت کرد وبەو کەسە بێ حورمەتەی گوت :

- ڕاوەستە بۆم، خوێڕی بێشەرەف، بزانە چۆن ئەم دڕکەت لە ژێر پێ دەردێنم .

بەڵام دروست لەم کاتەدا، لە سەرێڕا لەقەیەکیان بەسەریدا دا . لە هەموو لایەکەوە دەنگ بەرز بووەوە : - ڤاسکا، یەکێکی دیکەشی تێ بسرەوێنە .

پاڤل، کە تاکو ئێسا خۆی گرتبوو، بە تەواوی دەهری بوو، هەستی بە سووکایەتیەکی زۆر کرد، وەکو زەردەواڵە خرۆشا : - قاچاغچیانی خوێڕی ! بە تەمان بە خەڵکی ڕابوێرن ؟

بە هەر دوو دەست خۆی بەرز کردەوە و وەکو سپرینگ خۆی گەیاندە تەختەکەی سەرەوە وتا هێز لە بازوویدا بوو، مستێکی کێشا بە ڕوخساری بڵحی موتکادا و پەڕی و لە ڕاڕەوەکەدا کەوت بەسەر یەکێک لە ڕێبوارەکاندا .

کورچاگین، شێت ئاسا هاواری کرد و لوولەی دەمانچەکەی کردە ئەو چوار نەفەرە وگوتی :

- خوێڕیانە وەرنە خوارەوە، دەنا وەکو سەگ دەتان تۆپێنم !

مەسەلەکە تەواو گۆڕا . ڕێتا بە وریایی چاودێری هەمووانی دەکرد، ئامادە بوو تەقە لە هەر کەسێک بکات کە بیەوێ دەست لە پاڤلەوە بدات . تەختەکەی سەرەوە

به خێرایی چۆڵکرا، باندەکە بە هەشتاو ئەو شوێنەیان چۆڵکرد و گواستیانەوە بۆ فارگۆنەکەی تەنیشتەوە .

پاڤل، ڕیتای لە سەر تەختە چۆڵەکە دانیشاند و، لە بن لێوانەوە گوتی : – تۆ لێرە دانیشە، تا من دەچم ئەوانە تەمبێ دەکەم .

ڕیتا ڕایگرت : – دانیشە، دەتەوێ لە گەڵ ئەوانەدا بە شەڕ بێی ؟

پاڤل، هێوری کردەوە وگوتی : – نا، هەر ئێستا دەگەڕێمەوە .

پەنجەرەکە دووبارە کرایەوە، پاڤل لە پەنجەرەکەوە دابەزی و خۆی گەیاندە سەر شۆستەکە . دوای چەند دەقیقەیەک، خۆی گەیاندە بەردەم مێزەکەی "بورمیستر" . بور میستر، سەرۆکی بەشی گواستنەوە و گەیاندنی (چکا) و بەرپرسی پێشووی پاڤل بوو . دوای ئەوەی گوێی لە پاڤل گرت، فرمانی دا کە هەموو فارگۆنەکە چۆڵبکرێ و ناسنامەی هەموو ڕکابەکان تەمەشا بکەن . " بورمیستر " بۆڵاندی :

– ئاخر من دەمگوت کە قیتارێن پڕ لە قاچاغچیمان بۆ دەنێرن .

دەستەیەکی دە نەفەری لە "چکا"کان فارگۆنەکەیان چۆڵکرد . پاڤلیش وەکو خووی هەمیشەیی لە پشکنینی سەرانسەری قیتارەکەدا یارمەتی دان .

پاڤل، دوای ئەوەی لە کۆمیتەی چکا نەمابوو، پەیوەندی خۆی لەگەڵ دۆستەکانیا نەبڕی بوو . کاتی خۆی کە سکرتێری کومسومول بوو، ژمارەیەکی لە باشترین کومسومولەکانی لای خۆی ناردبوون بۆ (کۆمیتەی چکا) تا لە بەشی گواستنەوە وگەیاندنی چکادا کاربکەن . پاڤل، دوای تەواو بوونی پشکنینەکە بۆلای ڕیتا گەڕایەوە . فارگۆنەکە پڕ بوو بوو لە ڕێبوارێن تازە : خەڵکانێک کە دەچوونە ماموریەت . پیاوانی سوپای سوور .

تەنیا یەک جێگا لە ڕەفەی سێیەمدا بۆ ڕیتا مابووەوە، ڕەفەکانی دی پڕ بوون لە سەفتە ڕۆژنامان . ڕیتا گوتی : – قەیدی نییە . هەر جۆرێ بووە دادەنیشین .

قیتارەکە کەوتەڕێ . لە پەنجەرەکەوە ژنە قەڵەوەکەیان بینی کە لە سەر کیسە وپریاسکەکانی دانیشتبوو و گوێیان لە هاواری بوو کە دەیگوت : – مانکا، کوا تەنەکەکەم؟

ڕیتا وپاڤل، لە شوێنێکی تەنگدا دانیشتبوون، بەستە ڕۆژنامەکان، لە دراوسێکانی جیاکردبوونەوە، بە دەم نان و سێو خواردنەوە، بە خۆشییەوە یادی ئەو ڕووداوە ناخۆشەیان دەکردەوە کە تۆزێ لەوە پێش بۆیان پێشهاتبوو .

قیتارەکە بە ئەسپایی دەڕۆیی . فارگۆنە کۆن وپڕەکان بە سەر ڕێڵەکانەوە کەوتنە جیڕەجیڕ و تەقەتەق . ئێوارە بە تاریکییەکی چڕی شینباوەوە، خۆی بە فارگۆنەکەدا کرد . پاشان، شەو پەردەی ڕەشی قیر ئاسای خۆی بە سەر پەنجەرە وازەکاندا دادایەوە .

فارگۆنەکە تاریکە، ڕیتا، شەکەت وماندوو، بە دەم وەنەوزەوە سەری دەنێتە سەر جانتاکەی . پاڤل، لە قەراخ ڕەفەکە دانیشتووە، لاقی شۆڕ کردووەتەوە وجگەرە دەکێشێت. ئەویش ماندووە، لێ جێگای پاڵکەوتن نییە . شێ ونمی شەوەکە لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژوورەوە . ڕیتا، لە تەکانی فارگۆنەکە بێدار بووەوە، چاوی بە تروسکەی جگەرەکەی پاڤل کەوت. ڕیتا، لە دڵی خۆیدا گوتی : " دەتوانێ تا بەیانی بەو شێوەیە دانیشێت . ئاشکرایە کە نایەوێ جێ بە من تەنگ بکات " . ئەوجا بە شۆخییەوە گوتی :

– هاوڕێ کورچاگین! واز لەم هەڵوێستە بورژواییانە بێنە، ڕاکشێ و ئیسراحەت بکە .

پاڤل، لە تەنیشت ئەوەوە پاڵکەوت، بە لەزەتەوە لاقە سڕ بووەکانی ڕاکێشا .

– سبەینێ کاری دنیامان دەبێ، بنوو شەقاوەی شەڕکەر .

ڕیتا بەوپەڕێ متمانەوە باوەشی بە هاوڕێکەیدا کرد . پاڤل هەستی بە قژەکەی ئەو کرد کە دەیدا لە ڕوومەتی ئەم.

ڕیتا، بەلای ئەوەوە بوونەورێکی بێگەرد بوو، نەدەبوو دەستی بۆ ببرێ. ڕیتا دۆست و هاوڕێ و ڕابەری سیاسی ئەو بوو . بەڵام وێڕای ئەوەش ئافرەت بوو . پاڤل، بۆ یەکەمجار لە لای پردەکە هەستی بەمە کرد و باوەشی ڕیتا، نیگەرانی دەکرد . پاڤل، زۆر لە نزیکەوە هەستی بە هەناسەی ڕیتا، بە نزیکی لێوەکانی ڕیتا دەکرد. ئەم نزیکییە ئارەزوویەکی تۆسنی لە ڕامبوون نەهاتگی لای وروژاند، ئارەزووی مژینی لێوەکانی ڕیتا. پاڤل، بە خورتی وبە سەرکوتکردنی ئێرادەی خۆی، ئەم مەیل و ئارەزووەی دامرکاندەوە .

ڕیتا، وەکو ئەوەی هەستی ئەوی خوێندبێتەوە، لە تاریکییەکەدا بزەیەکی بۆ کرد . ڕیتا، لە ڕابردوودا شادی ئەشق و دەردی گرانی جودایی و دابڕانی تاقی کردبووەوە . دڵی بە دوو بوڵشەفیک دابوو، بەڵام گوللەی گاردی سپی ، هەر دووکیانی لێ سەندبوون. یەکێکیان، کە فەرماندەی سریە بوو، باڵا بەرزێکی کەڵەکەتی پیاوانە بوو، دووەمیان گەنجێکی چاو گەش بوو.

بەڵام، لەقە لەق و چرکە چرکی چەرخی قیتارەکە وەکو لای لایە پاڤلییان کردە خەو. بەیانی لە شووتی لکۆمۆتیڤەکە خەبەری بووەوە .

***

ڕیتا، ئیدی زۆر درەنگ بۆ ژوورەکەی خۆی دەگەڕایەوە . چەند کورتە یاداشتێکی دی، لەو دەفتەرەی کە بە دەگمەن دەکرایەوە هاتنە تۆمار کردن:

٨/١١ :

کونفرانسی شارۆچکەکەمان تەواوکرد . ئاکیم میخائیلو وئەوانی دی بۆ کۆنفرانسی سەرانسەری ئوکرانیا، سەفەری خارکوفیان کرد . هەموو کارە ئیدارییەکانیان بە سەر مندا بە جێهێشت . دوباڤا و پاڤل، بۆ ئەندامەتی کۆمیتەی شارۆچکەکە پاڵێوران، لەوساوەی دیمیترییان (هەمان دوباڤا) بە سکرتێری کومسومولی ناوچە بۆ (پیچورا) نارد، ئیدی شەوان لە محازەرەکاندا ئامادە نە

دەبوو . نەیدەپەرژا، کارێکی یەجگار زۆریان بە سەریا دابوو . پاڤل، هێشتا هەر سوور بوو لە سەر خوێندن وفێر بوون . بەڵام سوودێکی ئەوتۆی نەدەبینی، ئیدی یا لە بەر ئەوەی من نەمدەپەرژا و فریا نەدەکەوتم وانە بڵێمەوە، یان ئەویان بە کار بۆ ئێرە و ئەوێ دەنارد.

بە هۆی جەنجاڵی وقەرەباڵغی ونا لەباری ڕەوشی ڕێگاکانی ئاسنەوە، کومسومولیەکان بەردەوام لە جم وجوڵدا بوون.

ژارکی، دوێنێ لای من بوو، گلەیی ئەوەی هەبوو کە ئێمە گەنجەکانمان لێ داگیر کردوون، ئەو گەنجانەی کە خۆیان زۆریان پێویست پێیانە.

: ٨/٢٣

ئەمڕۆ، بە ڕاڕەوەکەدا دەڕۆیشتم، یانکراتوف و کورچاگین و کەسێکی دیکەی نەناسم بینی لە بەر دەرگای نووسینگەکە وەستابوون، نزیکتر بوومەوە، گوێم لێبوو پاڤل دەیگوت : " ئەوانەی لەوێ دانیشتوون هەقی کوشتنیان هەیە، دەڵێت : " ئێوە هەقی ئەوەتان نییە خۆ لە فرمانی ئێمە هەڵقورتێنن. لێرە کۆمیتەی ڕێگەی ئاسن، خاوەن بڕیار وهەمە کارەیە، نەک فڵان کومسومول"، مشەخۆران لەوێ لانەیان کردووە ! ... " . لەم کاتەدا گوێم لە جنێوێکی سەر بە کۆلکە بوو . کاتێ یانکراتوف چاوی بە من کەوت، سیخورمەیەکی بە پاڤلەوە ژەند . پاڤل ئاوڕی دایەوە، کە منی بینی ڕەنگی بوارد، بێئەوەی سەیری من بکات ڕۆیی . ئیدی تەواو، تا ماوەیەکی زۆر خۆی نیشانی من نادات . چونکە دەزانێ، من چاوپۆشی لە کەسانی دەم پیس وجنێو فرۆش ناکەم.

: /٨/٢٧

نووسینگە، کۆبوونەوەیەکی تایبەتی و داخراوی ئەنجام دا . ڕەوشەکە بەرەو ئاڵۆزی دەڕوات . جارێ نامپەرژێ هەموو شتەکان بە تێر وتەسەلی تۆمار بکەم، ناکرێ نا . ئاکیم لە ناوچە گەڕایەوە زۆر گرژ وپەست بوو . دوێنێ دیسان لە

نزیکی تیتریف قیتاریکی دیکەی ئازووقەیان، لە سکە دەرکردبوو و وەریانگێڕابوو . باوەڕ ناکەم بتوانم درێژە بە بیرەوەری و یادداشتەکانی خۆم بدەم. زۆر خراپ و پچڕپچڕ دردەچێت . چاوەڕوانی کورچاگینم، ئەوم بینی، گوتی لەگەڵ ژارکی دا، کۆمۆنەیەکی پێنج کەسی دادەمەزرێنین .

***

ڕۆژ بوو، پاڤل، لە وەرشە سەرەکییەکەدا خەریکی کار بوو، لە تەلەفۆنا دوایان کرد . ڕیتا لە سەر خەت بوو، پێی گوت شەوێ کاتی هەیە و دەتوانن، وانەکەی پێشوو، (فاکتەرەکانی شکستی کومونەی پاریس) کە تەواویان نەکردبوو، تەواو بکەن.

دەمەوئێوارە، پاڤل خۆی گەیاندە بەر ماڵەکەی ڕیتا، کە کەوتبووە شەقامی (کروگلو یونیڤیریستت سکایا )وە. سەری هەڵبڕی، پەنجەرەکەی ڕیتا ڕووناک بوو. وەکو خووی هەمیشەیی خۆی، بە هەشتاو بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕا، و بە مست لە دەرگای دا و بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات خۆی بە ژووردا کرد.

پیاوێکی بە جلکی سوپاییەوە بینی، لە سەر تەختە خەوەکە ڕاکشا بوو کە هیچ یەکێک لە کوڕەکان ڕایەی ئەوەی نەبوو تەنانەت لە سەریشی دانیشێت . دەمانچەیەک، کۆڵە پشتییەک، و کاسکێتێکی ئەستێرە نیشان لە سەر مێزەکە بوو . ڕیتا لایەوە دانیشتبوو و توووند لە باوەشی گرتبوو . ئەم دوانە زۆر بە گەرمی باسی شتێکیان دەکرد ... ڕیتا ڕووە گەشەکەی کردە پاڤل .

کابرای عەسکەری خۆی لە باوەشی ڕیتا دەرهێنا وهەستایە سەر پێیان . ڕیتا، سڵاوی لە پاڤل کرد وگوتی : – یەکدی بناسن، ئەمە ...

یارۆی عەسکەری تەوقەی دەگەڵ کورچاگیندا کرد و لە جیاتی ڕیتا گوتی :

– داڤید ئوستینوڤیچ .

ڕیتا بە دەم پێکەنینەوە گوتی : – لە ناکاوا وەکو ئەجەلی مۆلەق پەیدا بوو.

تەوقەکەی کورچاگین سارد بوو . خەمێکی پەنهان وەکو بەردە چەرخ لە چاوانیا پریشکی دا. پاڤل، چوار چوار گۆشەی بە سەر شانی کابرای عەسکەرییەوە بینی . واتە نەقیب بوو.

ڕیتا ویستی قسە بکات، لێ کورچاگین قسەکەی پێبڕی :

– بۆیە هاتم تا پێت بڵێم کە ئەمڕۆ لە بەندەردا سەرقالی، داگرتنی دار و ئیزینگانم، تا چاوەڕوانم نەکەیت ... ئیدی وا تۆش بە ڕێکەوت میوانت هەیە، دەی باشە من دەڕۆم، کوڕەکان لە خوارەوە چاوەڕێم دەکەن .

پاڤل، وەکو چۆن لە ناکاوا پەیدا بوو، بەو ئاوایە لە ناکاوا لە ژوورەکە وەدەرکەوت ولە پشت دەرگاکەوە ون بوو. تەپە تەپی پێی، کە بە هەشتاو بە پلیکانەکاندا دادەگەڕا، دەهاتە گوێ، دەرگاکەی خوارەوەی شەق لە دوای خۆیەوە داخست و بێدەنگی بەرقەرار بوو.

ڕیتا، بە دڵنیاییەوە وەڵامی نیگا پرسیار ئامێزەکەی داڤیدی دایەوە : – لە شتێک پەستە .

... لە خوارەوە، لە ژێر پردەکەدا، لکۆمۆتیڤەکە، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، یەک تۆپەڵ پریشکی زێڕینی لێ بەرز بووەوە کە بە دەم سەماوە لە ناو دووکەڵی قیتارەکەدا خامۆش بوو .

پاڤل، شانی دابوو بە موحەجەرەکەوە ودەیڕوانییە ئەو تیشکە ڕەنگاوڕەنگانەی کە لە گڵۆپەکانی سەر هێڵەکەوە بەرز دەبوونەوە . چاوەکانی بچووک کردبوونەوە.

" هاوڕێ کورچاگین، هەرگیز لەوە تێناگەم، بۆچی کە زانیت ڕیتا مێردی هەیە بەمجۆرە پەست بوویت؟ قەت جارێ لە جاران گوتبووی بە مێرد نییە؟ گریمان واشی گوتبوو، بە تۆ چی؟ بۆچی ئەم مەسەلەیە، لە ناکاوا بەمجۆرە سەر ودڵی گرتیت ؟ ئەدی هاوڕێ ئازیز تۆ باوەڕت وا نەبوو کە جگە لە دۆستایەتی ئایدیالی، هیچ شتێکی دی لە ئارادا نییە؟ ... ئەدی ئەم خەیاڵ پڵاوەت لە چییە؟ ها؟

کورچاگین بەمجۆرە و بە تەوس وتوانجەوە لێ بێچینەوەی لە خۆی دەکرد . باشە ئەگەر ئەو کابرایە مێردی نەبێ، چییە؟ لەوەیە ئەم داڤید ئوستینوفیچە برای بێ، یان مامی بێ ... بۆیە ئەوپەڕی کەرێتیە کە تۆ بەو جۆرە لەو پیاوە پەست بووی . وادیارە، تۆ، هەی بەرازی بەراز باوک، وەکو هەر دێهاتیەکی کەری دیکە، بێ شەرەف و هیچ وپووچی! خۆ دەتوانی بچیتە بنج وبناوانی وبزانی ئاخۆ برایەتی یان نا . گریمان برا یان مامیەتی، هەنگێ چ وەڵامێکی هەستەکانی خۆت دەدەیەوە؟ نا، تەواو، لە ئێستا بە دواوە مەچۆ بۆ لای! ..."

دەنگی بەرزی فیتفیتەیەک هەودای بیرکردنەوەکەی پچڕی " درەنگە کاتی ڕۆیشتنەوە هاتووە، ئەم ئاو لە دنگا کوتانە بەسە " .

... لە سالومیگا (ناوی ئەو گەڕەک وناوچەیەیە کە کرێکارانی سکە، لێی دادەنیشن) پێنج گەنج کۆمۆنەیەکی بچووکیان دامەزراند . ئەو گەنجانە بریتی بوون لە ژارکی، پاڤل وکوڕێکی چیکی قژ زەردی ڕووخۆش بە ناوی "کلامیچک" و " ئوکوتیف "ی سکرتێری کۆمیتەی کومسومولی دەبۆی قیتاران، لەگەڵ "ستیپا ئارتیوخین" کە ماوەیەک لەوە پێش فیتەری مەنجەڵان بوو لە وەرشەی قیتاراندا وئێستاش نوێنەری "چکا "ی ڕێگای ئاسن بوو، ئەم پێنج نەفەرە کۆمەڵەیەکی سوسیالیستی " کۆمۆنە "ی بچووکیان دامەزراندبوو.

ژوورێکیان پەیدا کرد، سێ دانە ڕۆژیان، هەڵبەتە پاش دەوامی خۆیان، بە بۆیاخ کردن و سپیکاری وخاوێنکردنەوەیەوە بەسەربرد. بە جۆرێ، بە سەتڵ وبە پەقرەجانەوە دەهاتن و دەچوون لە دراوسێکانیان وایە ئاگر کەوتووەتەوە ودەیانەوێ بیکوژێننەوە . تەختە خەویان دروستکرد، گونیە وکیسەیان لە گەڵا درەختان ئاخنی وکردیان بە دۆشەک . دوای چوار ڕۆژان ژوورەکەیان بە وێنەیەکی پیتروفسکی و نەخشەیەکی گەورە ڕازاندەوە و ژوورەکە لە سپیەتیدا دەدرەوشایەوە. دۆڵابێکیان لە نێوان هەر دوو پەنجەرەکە دانا وپڕیانکرد لە کتێب. دوو سەندووقیش کە کارتۆنیان لە دەوروبەریان دابوو، لە جێگەی کورسی ویەک

سەندووقی گەورەتریان لە جیاتی کەنتۆری جل وبەرگان دانا، مێزێکی گەورەی بلیاردی بێ مەخمەلیان لە ناوەندی ژوورەکە دانا، ئەم مێزەیان بە شان لە عەماری کەل و پەلەکانەوە هێنابوو، بە ڕۆژەوە وەکو خوان بەکاریان دێنا و بە شەویش کلافیچک لە سەری دەنووست. هەموویان کەل و پەلەکانی خۆیان بۆ ئێرە هێنابوو . کلافیچک، کە پیاوێکی بە تەگبیر و ئیداری بوو، هەموو موڵک وماڵێکی کۆمۆنەکەی لە لیستێکدا ڕێکخست . دەیویست لیستەکە بە دیواری ژوورەکەدا هەڵواسێت، بەڵام دوای ناڕەزایی دەستەجەمی وازی لەو بیرۆکەیە هێنا . ئیدی هەموو شتەکانی ناو ژوورەکە، کرا بە موڵکی هاوبەش . ئیدی هەموو شتەکان، لە مووچە، جیرە، بەرات و هەر دەسکەوتێکی ڕێکەوتەکی دیکە بە یەکسانی بە سەر ئەندامانی کومونەکەدا دابەش دەکرا . تەنیا چەکەکانیان موڵکی تایبەتی بوون، ئیدی هەموو شتەکانی دی موڵکی گشتی و هاوبەش بوون . ئەندامانی کۆمەڵەکە ( کومونە ) بە تێکڕای دەنگ وایان بڕیار دا :

هەر ئەندامێک یاسای موڵکایەتی گشتی بن پێ بنێ یان متمانەی هاوڕێیان بە سوودی خۆی بەکار بەرێ، لە کۆمۆنە دەر دەکرێ .

ئوکوتیف وکلافیچکش بە پێ داگرییەوە ئەم ڕستەیەیشیان خستە سەر بڕیارەکە "لە ژوورەکەش دەر دەکرێ " .

هەموو چالاکڤانانی کومسومولی ناوچەکە، لەکردنەوەی کۆمۆنەکەدا ئامادە بوون. سەماوەرێکی گەورەیان بە ئەمانەت لە ماڵە دراوسێکەیان هێنا . هەرچی شەکر وچایەکیان هەبوو، لە ئاهەنگ ودەعوەتی چا خواردنەوەکەیان سەرف کرد . دوای چایەکە هەموو ئامادە بووان، بە دەستەجەمی ئەم سروودەیان گوت :

جیهان تێکڕا لە ڕوندکا نقومە

ژیانی بەشەر، سەرانسەر ڕەنج وخەمە

بەڵام وێڕای هەموو ڕەنج و مەینەتان

به دەست دێنین ئێمە هیوا وئاواتمان

تالیا لاگوتینا، کە کرێکاری کارگەی توتن و جگەرە بوو، ڕابەڕاتی سروود خوانەکانی دەکرد، دەسماڵە سوورەکەی کەمێک خوار بووبوو، چاوەکانی لە چاوی کوڕیژگەیەکی زیتەڵی بزێو دەچوو، تا ئێسا کەسێک نەیتوانی بوو لە نزیکەوە بڕوانێتە چاوەکانی . خەندە و پێکەنینی ( تالیا لاگوتینا ) واگیرە، ئەم کیژە پاکەت سازەی کارگەی توتن، لە لووتکەی هەژدەمین بەهاری تەمەنەوە تەمەشای دنیا دەکات. دەستی هەڵدەبڕی و دەنگ وئاوازی وەکو شەپۆر بەرز دەبێتەوە و دەنگدەداتەوە :

تۆ ئەی ئاواز و سترانی مە

بڕۆ، بە دەوری دنیادا بسوڕێوە

دنیا تەی بکە

ببینە بەسەر زامی دنیاوە هەتوانی مە

بەیداخ و ئاڵای مە

بە سەر گێتییەوە ببینە

کە شەکاوە و خوێنین دەشەکێتەوە

وەکو مەشخەڵ، گڕ و کڵپە و

بڵێسەی ناکوژێتەوە ...

دەرنگانی شەو، ئاهەنگەکە تەواو بوو، ئامادە بووان بڵاوەیان لێکرد وبە دەنگ و هەرا و زەنای خۆیان، شەقامە بێدەنگەکانیان بێدار کردەوە.

***

ژارکی، دەستی بۆ تەلەفۆنەکە برد. هاواری بە سەر کومسومولەکاندا کرد، کە لە ژووری سکرتێری کومسومولان خڕ بوونەوە وبە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد :

- کوڕینە کەمێک هێواش، گوێم لە هیچ شتێک نییە!

دەنگە دەنگەکە کەمێک هێور بووەوە .

- بەڵێ گوێم لێتە، ئەها تۆی ! بەڵێ، بەڵێ، دەتەوێ بەرنامەی کارەکان بزانی؟ بریتییە لە گواستنەوەی دار وئێزینگ لە بەندەرەوە . چی؟ نەخێر بۆ هیچ شوێنێ نەڕۆییوە . لێرەیە . بانگی بکەم؟ زۆر چاکە .

ژارکی، بە قامکان کورچاگینی بۆلای خۆی گازکرد .

- هاوڕێ ئوستینوفیچ تۆی دەوێ .

ئەوسا گۆشییەکەی دایە پاڤل .

- وام وێنا کرد لێرە نەبیت . بە ڕێکەوت ئەمشەو دەستم بە تاڵە و کاتم هەیە . وەرە . برایەکەم کە ڕێی کەوتبووە ئەم دەڤەرە، لە ڕێی خۆیەوە سەرێکی دام . دوو دانە ساڵ بوو یەکمان نەبینی بوو.

برایەکەی !

پاڤل، قسەکانی دیکەی ئەوی نەدەبیست . ئەو شەوە وبڕیارەکانی ئەو شەوەی خۆی بیر کەوەتنەوە. بەڵێ، دەبێ ئەمشەو بڕوات بۆ لای وهەموو شتێک یەکلایی بکاتەوە. ئەشق نیگەرانی و ئازاری خۆی هەیە، مەگەر ئێستا وەختی باسی ئەشقە؟

دەنگی ڕیتا، لە تەلەفۆنەکەدا دێت : - چیە، گوێت لێم نییە؟

- با، با، گوێم لێتە، باشە ، بەڵێ، با لە کار ببمەوە .

گۆشی تەلەفۆنەکەی دانایەوە.

***

چاوی بڕییە چاوانی ڕیتا، دەستی خستە سەر قەراخ مێزە قاوەییەکە وگوتی :

– پێموایە، لە ئێستا بە دواوە ناتوانم بێم بۆ لات .

پاڤل، ئەو قسەیەی کرد وبینی چۆن برژانگە چرەکانی کەوتنە فڕین وقەڵەمەکەی لە سەر کاغەزەکەی بەر دەستیا وەستا و کەوتە سەر دەفتەرە کراوەکە : – بۆ چی؟

– ڕۆژ بە ڕۆژ، کارم زیاتر دەبێ و نام پەرژێتە سەر هاتن . تۆ بە خۆت دەزانی، ئیش وکارمان یەجگار زۆرە . حەیفێ دەبێ کاری وانە و دەرسان دوا بخەین بۆ کاتێکی دی ...

لە دوا وشەکانی خۆی ڕاماو، بە ئاشکرا هەستی بە لاوازی بیانووەکەی خۆی کرد، هەنجەتێکی بێ بنەما بوو. " بۆچی ئەم چاو و ڕاوە دەکەی؟ یانی ئەوەندەت پیاوەتی تیا نییە بەسەر دڵی خۆتا زاڵ بی!" .

ئەوسا پاڤل، بە مکوڕییەوە، لە سەر قسەکەی ڕۆیی :

– ئەمە جگە لەوەی، ماوەیەک بوو دەمویست پێت بڵێم کە بەباشی لە قسەکانت تێناگەم . بۆ نموونە ئەو کاتانەی لای سیگال دەرسم دخوێند، هەموو شتەکان لە مێشکمدا دەمایەوە، بەڵام هیچ لە تۆ تێناگەم، هەموو کاتێک کە لە لای تۆ دەردەچووم، دەڕۆیشتم بۆ لای توکاریف، تا بابەتەکەم بۆ ڕوونبکاتەوە وتێم بگەیەنێ . مێشکم کار ناکات، بابەتەکە وەرناگرێت . تۆ دەبێ کەسێکی دیکە هەڵبژێری، کە زەینی ڕۆشنتر بێت.

ئەو قسەیەی کرد وچاوی لە نیگای وردی ڕیتا دزییەوە . ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ لای ئەو کیژە، لە خۆی بەست و بە سەر سەختی کۆتایی بە قسەکەی هێنا :

– بەم پێیە، من و تۆ نابێ کاتی خۆمان بە خۆڕایی بە فیڕۆ بدەین.

هەستا، بە پارێزەوە، بە پێ کورسییەکەی لادایە لاوە، بە وردی ڕوانیە ڕیتا کە سەری داخستبوو وڕەنگی ڕوخساری لە بەر ڕۆشنایی گڵۆپەکە زەرد دەچووەوە . کڵاوەکەی کردە سەری .

– دەیسا، بە دوعا هاوڕێ ڕیتا، ببورە کە من ئەم ماوە زۆرە ئەزیەتم دایت و بە بەلاش سەرم یەشاندووی . دەبوایە لە سەرەتاوە ئەمەم پێ گوتبای، خەتایەکە لە منە.

ڕیتا، بە شێوەیەکی میکانیکی تەوقەی لە گەڵدا کرد، لەم ساردیە کوت وپڕەی ئەو پەشۆکا و تەنیا توانی ئەمەی پێ بڵێ:

– من تۆ بە خەتابار نازانم پاڤل، هیچ گلەییەکیشت لێناکەم . خۆشم بە شایانی ئەم هەڵوێستەی ئەمڕۆ دەزانم، مادامێکی نەمتوانیوە وەکو پێویست بابەتەکەت بۆ شرۆڤە بکەم و تێتی بگەیەنم .

لاقەکانی بە زەحمەت لە دووی دەچوون. دەرگاکەی بە ئەسپایی داخست ولە بەر دەروازەکەدا وەستا. ڕەنگە هێشتا دەرفەتی ئەوە هەبێ کە بگەڕێتەوە بۆ لای ڕیتا و ڕازی دڵی خۆی بۆ هەڵڕێژێ ... بەڵام لە پێناوی چیدا، چ فایدەیەکی هەیە؟ بۆ ئەوەی قسەیەکی ناخۆشی پێ بگوترێ و جارێکی دی بۆ ئێرە بێتەوە؟ نا.

***

دەور وبەری هێڵە لاوەکییەکانی هێڵی ئاسن، پڕ بووبوو لە فارگۆنانی تێکشکاو و لۆکۆموتیڤێن سەقەت، ئیدی بایەکە، خۆی بە ناو عەمارێن دار و ئێزینگاندا دەکرد و ئاردە مشارەکانی لوول دەدا و دەیبردن بە ئاسمانا.

لەم سەر وبەند وبارو دۆخەدا باندی " ئورلیک" بە ناو لێرەوار و دۆڵە قووڵ ومالاتە ڕێگاکانی دەوروبەری شاردا دەسووڕانەوەو بە کەیفی دڵی خۆیان تالان و چەپاویان دەکرد. باندی ئورلیک بە ڕۆژەوە خۆیان لە گوندەکانی دەوروبەر و چەم

و بێشە چڕ وچغوردەکاندا پەنا دەدا، شەوان دەهاتنە دەرێ، خۆیان دەگەیاندە هێڵە ئاسنەکان وتێکیان دەدان وپاشان دەگەڕانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان.

هەموو ڕۆژێک خەڵک وخوا لەم هێڵانەدا و بە دەستی ئەم باندە تووشی کارەسات دەبوون . فارگۆنەکان لە خەت دەردەچوون وتێک وپێک دەشکان، خەڵکی بە دەم خەوەوە پان وپلیش دەبوونەوە و ئازووقە ودانەوێڵەی گرانبەها تێکەڵ بە خاک وخوێن دەبوو.

باندی ئورلیک، دەیاندا بە سەر گوند و ناوچە چەپەک و بێدەنگەکاندا . مریشکان، لە ترسا و بە دەم قدقدەوە، بە غاردان بە جادەکاندا بڵاو دەبوونەوە . گوللەی وێڵ، ناو بە ناو لێرە و لەوێ دەچوو بە ئاسمانا. دەنگی تەقە کردن و تیرەندازی لە بەر ئەو ماڵە سپییەی کە سۆڤیەتی ناوچە داگیری کردبوو، وەکو گەوەنی وشک لە ژێر پێدا بتەقێ، بەو ئاوایە دەتەقیەوە ودەنگی دەدایەوە . چەتە و شەقاوەکان بە سواری ئەسپی تێر، بە دێهاتەکاندا دەسووڕانەوە  وهەر کەسێکیان لە ڕێگادا تووشبایە، بەو پەڕی خوێنساردی دەیانکوشت. کوشتن و ئاو خواردنەوەیان بەلاوە وەکو یەک بوو. بە دەگمەن تەقەیان دەکرد . دەستیان بە فیشەکەوە دەگرت .

ئەم باندە، وەکو چۆن بە هەشتاو دەهاتن، بەو ئاوایەش بە پەلە دەڕۆیشتن . ئەم باندە لە هەموو شوێنێ چاو وگوێیان هەبوو. ئەم چاوانە، لە حەوشەکەی ماڵی کەشیشەوە و لە ماڵی خانە دەوڵەمەندەکانەوە، بە دزییەوە چاودێری ماڵە سپیەکەی بارەگای سوڤیەتی ناوچەکەیان دەکرد. دیارە لێرەوە، پەیوەندی نهێنی و ژێرا وژێر لە نێوان ئێرە وبنکە پەنهانەکانی ناو بێشەکەدا هەبوو . ئیدی بە نهێنی فیشەک و تەقەمەنی، گۆشتی تازەی بەراز و بوتڵەی ئارەقی شینباوی  خۆماڵی، بۆ ئەوێندەر دەنێردرا . دیارە هەواڵ و خەبەر و باسیش دەدران بە گوێی ئاتامان وخانە بچووکەکاندا وپاشان لە ڕێگای تۆڕێکی ئاڵۆزترەوە، دەگەیەنرانە خودی ئورلیک .

باندەکە، تەنیا دو سەد سێ سەد پیاوکوژی هەبوو، کەچی نەدەکەوتنە داوەوە . ئەم باندە، بە سەر چەند یەکەیەکدا دابەش بووبوو، لە یەک کاتدا دەیاندا بە سەر

دوو سێ ناوچەدا، مەحاڵ بوو هەر هەموو ئەمانە بێنە ناسین . شەوان چەتە وڕێگر بوون و بە ڕۆژەوە، جوتیاری بێوەیی وسەلامەت بوون و لە مەزرا و ماڵەکانی خۆیاندا کاریان دەکرد . ئەسپەکانیان ئالیک دەدا، و بە دەم پایپ کێشانەوە لەبەر دەرگای حەوشی خۆ دادەنیشتن وژێراوژێر چاودێری دەوریێەکانیان دەکرد، کە بە سواری ئەسپ دەسووڕانەوە.

ئەلکسندر پوزیریفسکی، خەو و ئیسراحەتی لە خۆ حەرام کردبوو و، بە خۆ و فەوجەکەیەوە، لەو سێ ناوچەیەدا دەسوورایەوە وتاقیبی چەتەکانی دەکرد . پوزیریفسکی کە زۆر ڕژد بوو لە سەر تاقیب و ڕاوەدوونانی دژمن، هەندێجار بە کلکەی دەستەی چەتەکانا دەگەیی .

ئورلیک، دوای مانگێک، باندەکەی خۆی لە دوو ناوچەدا کێشایەوە، ئیدی لە ناوچە وبازنەیەکی تەنگدا دەسووڕایەوە.

***

... ژیان لە شاردا، ئاسایی دەڕۆیی. خەڵکی، بە دەم هەرا وزەناوە بۆ خۆ لە بازاڕدا دەسووڕانەوە. دوو جۆر بیرکردنەوە لە ئارادا بوو، زۆرترین دەسکەوت، کەمترین بەخشین . ئیدی دەستبڕی و فێڵ و دەهۆیان بە هەموو جۆرەکانیەوە، بە هەموو شێواز و توانایەکیەوە بڵاو بووبووەوە . سەدان دەستبڕ وکەڵەکچی، بڵاو بووبوونەوە، هەموو شتێکت لە چاوانیاندا دەخوێندەوە تەنیا ویژدان وئینساف نەبێت. وەکو کێچ دەخولانەوە. هەر هەموو دز وکەڵەکچیانی شار لێرەدا خڕ بووبوونەوە، لە تۆ وایە مێش ومەگەزن ولە شیاکە خڕ بوونەتەوە، تاقە مەبەست و ئەنگیزەیان دزی بوو، ئەوە بوو دەستی خەڵکی سادە و ساویلکە ببڕن و کڵاویان لە سەر بنەن . ئەو قیتارانەی کە بە دەگمەن دەگەیشتنە ئێرە، خەڵکانێکی زۆری کیسە بە کۆڵیان هەڵدەڕشت، هەر هەموو ئەم خەڵکە ڕوویان دەکردە بازاڕ.

شەوان ئەم بازاڕانە چۆڵ دەبوون . گوزرەکان کڕین وفرۆتنیان تیا نەدەما، دەکە وکوشکەکان چۆڵ دەبوون . هەموو ئازایەک نەدەوێرا شەوان خۆی بە قووڵایی ئەم

گەڕەکە مردووەدا بکات، چونکە لە پشت هەر کوشکێکەوە، مەترسیەکی بێدەنگ لە کەمینا بوو بۆی . شەوانە، دەنگی تەقەی دەمانچە، وەکو چۆن چەکوشێک بە بەردەوامی بە تەنەکەیەکدا بکێشێت بەو ئاوایە دەنگی دەدایەوە، شەو نەبوو دەمی کەسێک پڕ لە خوێن نەکرێت، تا کۆمەڵێک پاسەوان لە پۆستەکانی دەوروبەرەوە فریا دەکەوتن (چونکە، پاسەوانان، بە تاک تاک ڕێیان نەدەکرد) کابرا لە حەوت ساڵان ڕاست دەبووەوە، کە پاسەوانان دەگەیشتنە جێ، جگە لە جەستە و جەندەکێکی لوول بوو هیچی دیکەیان نەدەبینی. بکوژەکان لەو دەور ومەکانە نەدەمان . کەس نەیدەزانی کوێوە دەچوون . هەموو خەڵکی گەڕەک وبانی بازاڕ، لە هەرا وزەنا بێدار دەبوونەوە . لە هەنبەر ئەو شوێنەدا، سینەمایەک هیە، شەقام و شۆستەکە ڕوناکن، خەڵکی قەرەباڵغی دەکەن .

لە هۆڵی سینەماکەدا، ئامێری ڕانانەکە لە گەڕدایە. دوو ئاشقی ناکام لە سەر پەردەکە دەردەکەون و لە شەڕێکی بێ ئاماندان . وەختێ کە فیلمەکە دەبڕا، تەمەشاڤانان بە تووڕەیی دەکەوتنە فیکەکێشان . لە ناوەندی شار و لە دەور وبەری شاردا، پێدەچوو ژیان ئاسایی بێت . تەنانەت لە کۆمیتەی شاریشدا کەبە ئەقڵی دەسەڵاتی شۆڕش دەژمێردرا کارو بار ئاسایی بەڕێوە دەچوو ودنیا ئارام بوو، بەڵام ئەمە تەنیا تەناهی و ئارامییەکی ڕواڵەتی بوو.

لە شارا، زریان و گەرداوێک لە حاڵی ڕوودانا بوو.

گەلێک لەو کەسانەی کە ناشیانە تفەنگەکانیان لە ژێر پاڵتۆ دێهاتیەکانیانەوە شاردبووەوە و لە هەموو لایەکەوە خۆیان بە ناو شاردا دەکرد، ئاگایان لە نزیکی ڕوودانی ئەو زریان و گەرداوە هەبوو . هەروەها ئەوانەش ئاگاداربوون کە بە ناوی قاچاغچی ئازووقە وئەرزاقەوە، بە سواری قیتار خۆیان بە شاردا دەکرد، بەڵام ئەوانە ڕوویان نەدەکردە بازاڕ، بەڵکو کیسە وخەرارەکانیان دەدا بە شانا و بۆ ئەو شەقام و ماڵانەیان دەبردن، کە زۆر چاک ئەزبەریان کردبوون.

هەموو ئەوانە دەیانزانی وئاگادار بوون، کەچی گەڕەکە کرێکار نشینەکان وتەنانەت بوڵشەویکەکانیش لە نزیکی ڕوودانی زریان و گەرداوەکە بێ ئاگا وبێ خەبەر بوون.

تەنیا پێنج بولشەفیک لە شارۆچکەکەدا، ئاگایان لە هەموو ئەم ئامادەکاریانە هەبوو .

پاشماوەکانی قۆشەنی پتلیورا، کە بە دەستی سوپای سوور بۆ پۆڵەندا ڕاونرابوون، بە هاوکاری نزیکی سەفارەتخانە بیانیەکانی ناو وارشو، خۆیان بۆ ئەوە ئامادە دەکرد کە لە ڕاپەڕینێکی ژێراوژێردا بەشداری بکەن.

ژێرا وژێر، لە پاشماوەی لەشکرەکانی پتلیورا، هێزێکی هێرشبەر، دروستکرابوو. کۆمیتەی مەرکەزی ئەم گرووپە یاخییە لە شارۆچکەی شپتوفکادا، ڕێکخراوێکی تایبەتی خۆی هەبوو کە بریتی بوو لە چل وهەفت کەس کە زۆربەیان لە دژبەرە چالاکەکانی شۆڕش بوون و(چکا) ی ناوچەکە لە ڕووی خۆشباوەڕییەوە ئازادی کردبوون وئێستا بووبوون بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە، ڕابەرانی ڕێکخراوی ناڤبری بریتی بوون لە قەشە ڤاسیلی، ملازم دینیک و کورمینکۆی ئەفسەری پتلیورایی . باب وبراکەی دینیک و، کچەکانی قەشە ڤاسیلی و سامۆتیا، کە خۆ بە بەڕێوەبەری کۆمیتەی جێبەجێکردن دەزانی، ئەمانە ماموری کارێن سیخوڕی بوون .

قەرار درابوو لە شەوی ڕاپەڕینەکەدا، بە نارنجۆک هێرش بکرێتە سەر دایەرەی بەشی پاسەوانی تایبەتی سنوور و هەموو گیرا وزیندانییەکان بەر بدرێن و ئەگەر سەرکەوتن و کرا وێستگەکە داگیر بکەن.

بەوپەڕی نهێنییەوە کەوتنە کۆ کردنەوەی ئەفسەران، لە شارێکی گەورەدا، کە قەرار بوو ببێ بە ناوەندی ڕاپەڕینەکەی ئایندە – چەتە و ڕێگرەکانیش لە جەنگەڵ و لێرەوارەکانی دەوروبەری شارا خڕ دەبوونەوە. لەوێندەرەوە نۆکەرانی باوەڕ پێکراو دەنێردران تا پەیوەندی بە ڕۆمانیا و بە خودی پتلیوراوە بکەن .

***

شەش دانە شەو بوو کە ژوخرای بەرپرسی چکای ناوچەکە بۆ دەقیقەیەکیش خەو نەچووبووە چاوانی. ئەو یەکیک لەو بولشەفیکانە بوو کە هەموو شتێکی دەزانی. ژوخرای هەستی دەکرد جێ پێی دڕندەیەکی دۆزیوەتەوە کە ئامادەی هێرش وپەلامارە.

دیارە نەیدەتوانی هاوار بکات و ئاژیری خەتەر بە گوێی هەموو کەسێک بگەیەنێ، دەبوایە ئەو دڕندە خوێنخۆرە بێتە کوشتن. ئەمە جگە لەوەی کە کاری ئارام تەنیا ئەو کاتە دەکرا، کە ئینسان ناچار نەبێت لە هەموو ڕوویەکەوە هەراسان ودەستەپاچە بێت. نابێ دڕندەکە بێتە ترساندن و وەخۆبێتەوە . جا لەم حاڵەدا و لەم خەباتی مەرگ و ژیانەدا، تەنیا ورە بەرزی و هێزی بازووی سەرباز، سەرکەوتنی مسۆگەر دەکرد.

کاتی ڕاپەڕینەکە هات. لە شوێنێکی شارا، لە حەشارگە و دیدارگا نهێنییەکاندا، بڕیاردرا، سەعاتی سفر ڕاگەیەندرا : سبەی شەو.

ئەو پێنج نەفەرە بولشەویکەی کە بە پلانەکەیان دەزانی، بڕیاری دەست پێشکەرییان دا : نە، ئەمڕۆ . شەوەکەی.

شەوێ قیتارە زرێیەکە بە هێوری، بێ هیچ شووتێک، لە دەپۆکە هاتە دەرێ وبە هەمان هێوری و دوای دەرچوونی قیتارەکە، دەرگا زەبەلاحەکەی دەبۆکە داخرا.

هێڵەکانی بێتەل بلەز کەوتنە کار، بریسکەی جفرە داریان بۆ هەموو خاڵ و بنکەکان ڤڕێکرد، بروسکەکان دەگەیینە هەر شوێنێک، پاسدارانی کۆمار خەویان لە خۆ حەرام دەکرد وخۆیان بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانی پیلانگێڕەکان ئامادە دەکرد.

ئاکیم، تەلەفۆنی بۆ ژارکی کرد :

– ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەی شانەکان کراوە؟ ها؟ دەی باشە . هەر ئێستا لەگەڵ سکرتێری کۆمیتەی حیزبی ناوچەدا وەرە بۆ کۆبوونەوە. مەسەلەی دار وئێزینگ لەوە خراپترە کە تەسەورمان دەکرد. کە هاتی باسی دەکەین.

ژارکی زۆر بە جدی گوێی لە قسەکانی ئاکیم گرت . ژارکی گۆشی تەلەفۆنەکەی دانایەوە و کەوتە پرتاندن : – ئیدی ئەم دار و ئێزێنگە دەبێ بە خۆرەی ڕۆحمان.

هەردوو سکرتێرەکە، لەو ئوتومبیلە دابەزین کە لیتکە بە خێرایی دەیئاژۆ. کە چوونە نهۆمی سەرەوە، یەکسەر حاڵی بوون کە مەسەلەکە دار وئێزینگ نییە.

ڕەشاشێکی (ماکسیم) لە سەر مێزەکەی بەڕێوەبەری ئیدارە بوو، چەند ڕەشاشچیەکی یەکەی ئەرکە تایبەتەکان، بە دیارییەوە وەستابوون . چالاکڤانانی حیزب ولاوانی (کومسومول) شار لە ڕاڕەوەکاندا بە بێدەنگی ئێشکیان دەگرت . لە پشت دەرگا گەورەکەی ژووری سکرتێری کۆمیتەی شارەوە کۆبوونەوەی نائاسایی، مەکتەبی کۆمیتەی شاری حیزب لە تەواوبووندا بوو.

دووتەل، لە شەقامەکەوە هاتبوون و لە هەواکێشکەوە هاتبوونە ژوورەوە ولە دوو تەلەفۆنی مەیدانییەوە بەسترابوون.

لە ژوورەکەدا، بە ئاسپایی قسە دەکرا . ژارکی، لە ژوورەکەدا ئاکیم، ڕیتا و میخائیلوی بینی . میخائیل، پاڵتۆیەکی درێژی لە بەر بوو. نیتاقێکی لە سەر بەستبوو، دەمانچەیەکی ناغانی بە کیفەکەیەوە، پێدا هاتبووە خوارەوە، ژارکی هەوەڵجار میخائیلی نەناسییەوە. ڕیتا، وەکو ئەو ڕۆژانەی کە ڕابەری سیاسی سریە بوو : کڵاوخودی سوپای سوور، تەنوورەیەکی خاکی و چاکەتێکی چەرمی لە بەر بوو کە نیتاقێکی لە سەر بەستبوو و دەمانچەیەکی ماوزەڕی قورسی لێ بەستبوو.

ژارکی لە ڕیتای پرسی : – ئەرێ ئەمە چیە؟

ڕیتا بەرسڤی دایەوە : – ئاژیری ئازموونگەرییە ڤانیا، هەنووکە دەچین بۆ ناوچەکەی ئێوە، لەوێ، وەکو نیشانەی ئاژیر، لە قوتابخانەی پێنجەمی پیادە خڕ

دەبینەوە وهەموو هاوڕێیان لە کۆبوونەوەی شانەکانەوە بۆ ئەوێندەر دەڕۆن . گرینگ ئەوەیە ئەم کارە بە جۆرێ ئەنجامبدەین کە کەس هەستی پێنەکات.

ئارامی، باڵی بە سەر بێشە بچووکەکەی کۆلێجی ئەفسەریدا کێشابوو. دار بەڕووەکان، ئەم دارە زەلام و بە تەمەنانە خامۆشن. گۆلاوەکە، بە گیای پەنجە ورچ وگەزگەزک داپۆشراوە و ڕاڕەوەکان پشت گوێ خراون . بینای کۆلێژی ئەفسەری، لە ناوەندی بێشە بچووکەکەدا و لە پشت حەسارێکی سپی بەرزەوە قوت بووەتەوە. ئەم بینایە هەنووکە بارەگای قوتابخانەی ژمارە پێنجی ئەفسەرانی پیادەی سوپای سوورە. شەو درەنگە. قاتی سەرەوە ڕوناک نییە. هەموو شتێک لێرەدا بە ڕواڵەت ئارامە . هەر کەسێک لێرەدا ڕەت ببێت، وا وێنا دەکات، هەموو ئەوانەی لەودیوی ئەم دیوارەن، خەوتوون . ئەدی بۆ دەرگا ئاسنەکە کراوەتەوە، ئەدی ئەم شتەی بەردەم دەروازەکە چیە کە لە دوو قورباقەی گەورە دەچن؟ بەڵام ئەوانەی لە دەوروبەری گەڕەکی کرێکارانی سکەوە دەهاتن، دەیانزانی ئەوانەی لە ناو قوتابخانەکەدان، مەحاڵە خەوتبن. مادام ئاژیری شەوێ لێی داوە، نابێ خەوتبن. خەڵکی لە کۆبوونەوەی شانەکانەوە، دوای سووکە ئاگادار کردنەوەیەک خێرا بۆ ئێرە دەهاتن . خەڵکی یەک یەک و دوو دوو و ئەوپەڕی سێ سێ، بە بێدەنگی دەهاتن، هەموو ئەمانە ناسنامەی " حیزبی کۆمۆنیست ( بولشەفیک) "یان یەکێتی لاوانی کۆمۆنیستی ئوکرانیا " یان پێبوو، هەرکەسێک یەکێک لەو ناسنامانەی پێ نەبوایە، ڕێگەی پێنە دەدرا لە دەرگا ئاسنەکەوە وەژوور بکەوێ. خەڵکێکی زۆر لە هۆڵی کۆبوونەوەکان کۆ بووبوونەوە، ئەم هۆڵە ڕووناک بوو. پەنجەرەکان بە پەردەی مشەما داپۆشرا بوون. ئەو بولشەفیکانەی لێرە خڕ بووبوونەوە، بەکاوە خۆ تووتن و جگەرەی خۆماڵیان دەکێشا وبە شۆخییەوە باسی ئەم ئەزموونەیان دەکرد، کەسیان هەستی بە پەشۆکان نەدەکرد. هەروا، بۆ تاقیکردنەوە کۆ بووبوونەوە، تا ڕادەی زەبت ورەبت وئامادەگی یەکینەکانی ڕۆژێن تەنگانە و ئەرکە دژوارەکانیان بۆ دەربکەوێت. بەڵام سەربازانی جەنگدیدە و کارامە و ئەزمووندار، وەختێ خۆیان بە حەسارەکەدا کرد، هەستیان بە شتێک کرد کە زۆر لە ئاژیری

ئەزموونگەری نەدەچوو . ئیدی هەموو شتێک زۆر بە ئارامی بەڕێوە چوو. دەستەکانی خوێندکارانی قوتابخانە عەسکەرییەکە، کڕ و کپ بە گوێرەی دەستوورێکی چپە ئاسا، ڕیز بوون . ڕەشاشەکانیان لە سەر دەست هێنانە دەرێ، لە دەرێرا، تاقە یەک تروسکەی ڕوناکیش لە پەنجەرەکانی قوتابخانەکەوە نەدەبینرا.

کورچاگین، لە دووباڤا چووە پێشەوە و بە دەنگێکی نەوی پرسی :

– میتیا، هیچ بویەرێکی جدی لە ئارادا هەیە؟

دوباڤا، لە سەر تاقچەی پەنجەرەکە ولە تەنیشت کیژێکەوە دانیشتبوو کە کورچاگین نەیدەناسی. کورچاگین سێ ڕۆژ لەوە پێش، بە ڕێکەوت لای ژارکی دیتبووی.

دوباڤا، بە سوعبەتەوە، دەستی بە شانی پاڤل دا دا:

– چیە، دڵت داخورپا؟ قەیدی نییە . فێری جەنگینتان دەکەین . تەعاروفتان نییە؟

بە سەر ئاماژەی بۆ لای کیژەکە کرد و گوتی :

– ناوی ئانایە، ناوی شۆرەت و فامیلی نازانم . بەڕێوەبەری سەنتەری بانگەشە و پروپاگەندەیە.

کیژێ، لە کاتێکا گوێی لە ناساندنە شۆخی ئامێزەکەی دوپاڤا دەگرت، ژێرا وژێر دەیڕاونیە کورچاگین . قژەکەی کە لە ژێر قردێلەکەیەوە لە گوڵی یاسەمین دەچوو، چاککرد. نیگای لە نیگای کورچاگین هەڵەنگوت. ئەم چاوبڕکێ بێدەنگە چەند چرکەیەک بەردەوام بوو. چاوە ڕەشە ئامال شینەکانی، بێباکانە لە ژێر مژۆڵە چڕەکانیا پرشنگیان دەدا. پاڤل، چاوی بڕییە دوپاڤا . کاتێ هەستی کرد، کە خەریکە سوور دەبێتەوە، لە ڕووی ناڕەزاییەوە برۆکانی هێنانەوە یەک و لە حاڵێکا هەوڵیدەدا بە خورتی بزە لە خۆی بێنێ، پرسی :

– کامتان، کامتان بانگەشەو پرۆپاگەندە دەکات؟

ژاوەژاو، لە هۆڵەکەوە بەرزبووەوە. میخائیلو شکولینکو چووە سەر کورسییەک وهاواری کرد : – ئەندامانی سریەی یەک لەم هۆڵەدا ڕیز ببن، خێرا، خێرا هاوڕێیان!

ژوخرای سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی شار وئاکیم، کە تازە گەیی بوونە جێ، خۆیان بە هۆڵەکەدا کرد. هۆڵەکە پڕ بوو لە خەڵکی کە بەڕیز وەستابوون.

سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی، لەو بۆشاییەی دیار ڕەشاشی مەشقەکە ڕاوەستابوو، دەستی بەرز کردەوەوگوتی :

– هاوڕێیان، فەرماندە ئێمەی بۆ کارێکی جدی وگرینگ لێرە کۆکردووەتەوە. ئێستا دەتوانین ئەو شتە ئاشکرا بکەین کە دوێنێ نە دەکرا بگوترێ، چونکە ڕاز و نهێنییەکی گرینگی عەسکەری بوو. سبەی شەو لە شار ولە سەرانسەری ئوکرانیادا قەرارە ڕاپەڕین دژی شۆڕش بەرپا بکرێت. شار پڕ بووە لە ئەفسەران، ( لە قۆناغی یەکەمی دوای شۆڕشدا، بە ئەفسەرانی سوپای سوور دەگوترا "فەرماندە" لەو سەروبەندەدا تەنیا بە ئەفسەرانی سپی دەگوترا " ئەفسەر") یەکە ڕێگر وچەتەکان، لە دەور وبەری شار خڕبوونەتەوە. هەندێک لە پیلانگێڕەکان دزەیان کردووەتە ناو لەشکری زرێ پۆشەوە ولەوێندەر کاری شوفێری دەکەن. بەڵام پیلانەکە لە لایەن (چکا : دەزگای هەواڵگری)وە کەشفکراوە وئێستا هەموو ئەندامە حیزبی و کومسومولیەکان دەخەینە ژێر چەکەوە. هەردوو فەوجی کۆمۆنیستی یەک و دووش لە گەڵ یەکینە ئازموودەکانی خوێندکاران ودەستەکانی چکادا کار دەکەن . خوێندکارەکان لە ئێستاوە دەست بە کار بوون . ئێستاش نۆرەی ئێوە هاتووە هاوڕێیان. تەنیا چارەکێکتان بە دەستەوەیە بۆ چەک وەرگرتن وڕیز بەستن. هاوڕێ ژوخرای فەرماندەیی ئوپەراسیۆنەکە لە ئەستۆ دەگرێت. فەرماندەی یەکەکان، دەستور وڕێنمایی ورد لەوەوە وەردەگرن . پێموایە پێویست بەوە ناکات من بە بەڵگەوە باسی ترسناکی ئەم وەخت وساتە بۆ فەوجی کۆمۆنیسی بکەم . دەبێ ئەمڕۆ ئەو پیلانەی سبەینێ زندە بە چاڵ بکەین.

دوای یەک دانە سەعات فەوجەکە بە خۆ و بە چەکەوە، لە حەوشی قوتابخانەکەدا ڕیز بوون . ژوخرای چاوی بە ڕیزی بێدەنگ وبێ لڤینی فەوجەکەدا گێڕا . لە دووری سێ گاڤ و لە بەر دەم ڕیزەکەدا دوو کەسی نیتاق لە پشت وەستابوون : مینیالوی فەرماندەی فەوج کە ڕێختەگەرێکی ئورالی، کەتەی پاڵەوان ئاسا بوو، لە گەڵ ئاکیمی کومیسەری فەوجا، لە بەردەم ڕیزەکەدا وەستابوون. لە دەستە چەپا یەکەکانی سریەی یەک وەستابوون ودووکەس لە دووری دو گاڤ ( شەقاو، هەنگاو ) لە بەردەم سریەی ناڤبری وەستابوون : فەرماندەی سریە، شکولینکۆ و، ڕابەری سیاسی ئوستینوفیچ، لە دوای ئەوانەوە فەوجی کومونیستی بە هەر سێ سەد چەکدارەکەیەوە بە بێدەنگی و بەڕیز وەستابوو!

ژوخرای ئیشارەتی دا : - دەی کاتی پێشڕەوییە.

***

سێ سەد نەفەرەکە، بە ناو شەقامە چۆڵەکاندا کەوتنەڕێ . شار لە غوڕابی خەودایە.

فەوجەکە، لە شەقامی لڤوڤسکایا، بەرانبەر بە شەقامی دیکایا وەستا . ئوپەراسیۆنەکان لێرەوە دەستیان پێدەکرد.

بە بێدەنگی دەوری بیناکانیان گرت . بارەگای فەرماندەییان لە سەر پلیکانەی موغازەیەکا دانا، ئوتومبیلێک کە لە ناوەندەوە بە فوول لایتەوە لە شەقامی لڤوفسکایاوە دەهاتەخوارێ، لە بەردەم بارەگای فەرماندەییدا وەستا.

لیتکە ئەمجارەیان بابی لە گەڵ خۆیدا هێنا بوو. سەرۆکی ئینزیبات خۆی هەڵدایە سەر شۆستەکە . بە زمانی لاتڤی چەند وشەیەکی پچڕپچڕی بە گوێی کوڕەکەیدا دا . ئوتومبیلەکە بۆ پێشەوە جولا، لە چاوتروکانێکا لە پێچی شەقامی دیمیتریوفسکیدا لە چاو ون بو . "گوگولیتکە " سەراپای بوو بوو بە چاو، هەموو هێزی خۆی دابووە

چاوی . هەر دوو دەستی لە سووکانەکە توونند کردبوو، بە ڕاست و بە چەپدا بای دەدا.

ئا، لێرەدا، شوفێریی بێباکانەی "لیتکە" دەوری خۆی بینی، بە خەیاڵی کەسدا نە دەهات لە سەر یتژ هاژۆتن، دوو ڕۆژان دەست بە سەربکرێت.

لیتکە وەکو تێسکەی تفەنگ، بە شەقامەکاندا تێدەپەڕی . ژوخرای کە لیتکەی گەنج، لە چاو تروکانێکا لەم گۆشە بۆ ئەو گۆشەی شاری دەگواستەوە، کەوتە ستایش وئافەرینی :

– گۆگۆ، ئەگەر تۆ بەم خێراییەت، یەکێک بشێلی، من سبەینێ لە پاداشتی ئەم خێراییەدا سەعاتێکی تەلآت دەدەمێ.

"گۆگۆ" لە خۆشیا لە پێستی خۆی نە دەهێوری .

– خۆ من وام مەزەندە دەبرد کە دە ڕۆژان دەست بە سەر بکرێم.

یەکەم جەزرەبە، ئاراستەی ئەو ماڵە کرا کە پیلانگێڕەکان کردبوویان بە بارەگای فەرماندەیی خۆیان هەوەڵین دەستە دیل و ئەو بەڵگەنامانەی کە دەستیان بە سەردا گیرابوو، گەیەنرانە دایەرەی (چکا). لە شەقامی دیکایا، لە کۆڵانێکا بە هەمان ناوەوە، لە ماڵی ژمارە یازدە دا، پیاوێک بە ناوی شۆرەتی " تسیوربیرت" دەژیا . بە گوێرەی زانیاری چکا ئەم پیاوە لە پیلانە سپیەکەدا دەورێکی گەورەی هەبوو . لیستێکی پێگیرا، کە ناوی ئەفسەرانی ئەو یەکانەی تیابوو، کە دەبوایە لە ناوچەی پودولدا، دەست بە کار بن.

لیتکەی باوک، بە خۆی بۆ شەقامی دیکایا چوو، تسیوبیرت دەستگیر بکات . تسیوبیرتی لە شوقەکەی خۆیدا نەبینی. پەنجەرەکانی شوقەی ناڤبری بە سەر باخێکدا دەیڕوانی کە بە دیوارێک لە دێرێکی کۆنی ژنان جیا کرابووەوە. بە قسەی یەکێک لە دراوسێکانی، ئەو ڕۆژە تسیوبیرت بۆ ماڵ نەگەڕابووەوە . شوقەکەیان پشکنی و لیستی کۆمەڵێک ناو و ئەدرەسیان لە گەڵ سەندوقێک نارنجۆکدا

دۆزییەوە . لیتکە فرمانی دا کە دەوری ماڵەکە بگرن . دەقیقەیەک بە دیار مێزەکەوە وەستا، کەوتە تەمەشای ئەو کاغەز و بەڵگەنامانەی کە دۆزرابوونەوە.

پاسەوانەکەی سووچی باخەکە خوێندکارێکی عەسکەری گەنج بوو. هەرچەندە پەنجەرە ڕووناکەکەی لە دوورەوە دەبینی، بەڵام وەستانی لەم سووچەدا، بە تاقی تەنیا، لە لا ناخۆش و برێک ترسناک بوو . ئەمری پێکرابوو چاودێری دیوارەکە بکات. بەڵام فاسیڵەی نێوان ئێرە و ڕۆشنایی ئارامبەخشی پەنجەرەکە زۆر بوو. هەیڤیش، ئەم شەیتان سیفەتە بە دەگمەن لە ژێر پەڵە هەورانەوە وەدەر دەکەوت. دار و دەوەنەکانیش، لە تاریکیەکەدا وەکو گیاندار دەهاتنە بەر چاو. ئەم خوێندکارەی کۆلێژی ئەفسەری، بە قەمەکەی دەور وبەری خۆی سەح دەکردەوە، هەستی بە بۆشایی کرد، هیچ شتێک لە ئارادا نەبوو . خوێندکارە عەسکەرییەکە دەبیرەوە چوو : " باشە بۆچی منیان لێرە داناوە؟ خۆ دیوارەکە بەرزە، کەس ناتوانێ پێیا سەربکەوێ. با بچمە نزیکی پەنجەرەکە وتەمەشایەک بکەم؟". تەمەشایەکی دیکەی سەر دیوارەکەی کرد، لە سووچەکەی خۆی کە بۆنی قارچکی ڕزیوی لێدەهات هاتە دەرێ. ساتێک لە بەر پەنجەرەکە وەستا . لیتکە بلەز کاغەزەکانی کۆ کردەوە وئامادە بوو کە لە ژوورەکە وەدەربکەوێ . ڕێک لەم کاتەدا سێبەرێک لە سەر دیوارەکە پەیدا بوو. خودان سێبەرەکە لە سەر دیوارەکەوە، پاسەوانێکی لە بەر پەنجەرەکە وکەسێکی دیکەی لە ناو ژورەکەدا بەدیکرد . سێبەرەکە، بە چابکی پشیلەیەک لە سەر دیوارەکەوە خۆی هەڵدایە سەر درەختێک، لەوێندەرەوە خۆی هەڵدایە سەر ئەرزەکە. وەکو پشیلە بە دزییەوە خۆی گەیاندە، نێچیرەکەی، دەستی هەڵێنایەوە، جەزرەبەیەکی توندی لە خوێندکارەکە دا، یارۆی خوێندکار تەختی سەر ئەرزەکە بوو، دەمی خەنجەرە دەریاییەکە، تا مشتووەکەی لە گەردنی ڕۆچوو.

دەنگی تەقەیەک لە ناو باخەکەوە، هەموو ئەوانەی کە دەوری گەڕەکەکەیان گرتبوو، غافڵگیر کرد، وەکو ئەوە بوو تەزووی کارەبا لێی دابن.

شەش نەفەر، بە تەپە تەپی چەکمەکانیانەوە، بەرەو ماڵەکە غاریاندا، ئەرزەکە لە بن پێیاندا دەلەرییەوە، لیتکە، لە سەر کورسییەکە بە دانیشتنەوە کوژرابوو و سەری لە خوێنا هەڵکشاوی بە سەر مێزەکەوە بوو. شووشەی پەنجەرەکە ورد وخاش بووبوو. بەڵام دژمن فریا نەکەوتبوو بەڵگەنامە و کاغەزەکان دەرباز بکات. لە لای دیواری دێڕەکەوە دەنگی تەقە بەرز بووەوە. ئەمە کابرای بکوژ بوو، لە دیوارەکەوە خۆی هەڵدابووە سەر شەقامەکە وبە دەم تەقە کردنەوە هەوڵیدەدا خۆی بگەیەنێتە کەلاوەکانی (لوکیانوڤسک) بەڵام دەرباز نەبوو، گوللەیەکی وێکەوت و لە جێوە مرد.

بە درێژایی شەوەکە، هێرشی پشکنینی گشتی بەردەوام بوو. سەدان نەفەر لەو کەسانەی ناویان لە تۆماری گشتی گەڕەکەکەدا نەبوو و بەڵگەنامەی گوماناوی و چەکیان پێبوو، ڕەوانەی چکا کران و لیژنەی هەقیقەتدۆزی پێکهێنرا.

لە هەندێک شوێندا، پیلانگێڕەکان، دەستیان بە بەرگری چەکدارانە کرد . لە شەقامی ژیلیانسک دا، لە کاتی پشکنینی ماڵێکدا ئانتونشا لیبیدیف، لە ناو ماڵەکەدا کوژرا.

فەوجی سالومینکا، ئەو شەوە پێنج نەفەری لە دەست دا و (چکا)ش (ژان لیتکە)ی بولشەفیکی دوو ئاتەشە و پاسەوانی بە ئەمەک و وەفاداری کۆماری لە دەست دا.

بە هەرحاڵ پیلان و کودەتایەکە پووچەڵ کرایەوە .

هەر ئەو شەوە لە شارۆچکەی شپتوفکادا، قەشە ڤاسیلی و هەر دوو کیژەکەی وگشت هاو قیتارەکانی گیران. ڕەوشەکە ئارام بووەوە. بەڵام دژمنێکی نوێ هەڕەشەی لە شار دەکرد. ڕێگای ئاسن فەلەج بووبوو و قات وقڕی وبرسێتی وسەرمای بە دووی خۆدا هێنا بوو. ئیدی نان و ئێزینگ بووبوو بە خەمی گەورەی خەڵک.

## فەسڵی دووەم

"فیودور"، بە ئەسپایی پایپە کورتەکەی لە دەمی دەرهێنا وبە پارێزەوە، بە سەری پەنجەی، سەری پایپەکەی تاقیکردەوە . دڵنیا بوو کە پایپەکەی کوژاوەتەوە. دووکەڵی کەوەیی دەیان جگەرە بەرز دەبووەوەو وەکو پەڵە هەور بە دەوری گڵۆپەکاندا دەسووڕایەوەو بە بن مێچەکەوەو لە ئاستی کورسییەکەی سەرۆکی لیژنەی تەنفیزی شاردا دەگیرسایەوە. ڕوخساری ئەوانەی کە لە سووچێکی ژوورەکە، لە دەوری مێزێک ڕۆنیشتبوون، ئەوەندە لێڵ بوو، لە تۆ وایە لە پشت تەنکە تەمێکەوە دانیشتوون.

"توکاریف" ی پیرەپیاو، سینگی دادابووە سەر مێزەکە و لە تەنیشت سەرۆکەوە دانیشتبوو، بە سۆز و گودازەوە ڕدێنە تەنکەکەی دەخوراند . ناو بە ناو بە لاچاوێک، دەیڕاونیە کابرایەکی کەچەڵی سەر ڕووتاوە، کە لە یەکبینە و بە دەنگە زیقنەکەی قسەی بۆش وبەتاڵی دەکرد.

"ئاکیم" کە خێسەکردنەکەی توکاریفی بینی، یەکسەر کەڵەشێرە جەنگیەکەی خۆیانی بیرکەوتەوە، ئەم کەڵەشێرە لەبەر دڕی ناونرابوو "چاو دەرهێنەر" ئەویش، بەر لە هەر پەلامارێک بەو ئاوایە تەمەشای دەکرد.

کۆمیتەی شاری حیزب پتر لە یەک سەعاتە لە کۆبوونەوەدایە. کابرای سەر ڕووتاوە سەرۆکی کۆمیتەی دابینکردنی سووتەمەنی ڕێگەی ئاسنە. ئەم پیاوە بە قامکە لەزگینەکانی بەستە کاغەزەکانی هەڵدەدایەوەو وەکو ئەوەی بەڕووی لە دەما بتەقێتەوە بەو ئاوایە قسەی دەکرد : - ... ئەم فاکتەر و سەدەمە بابەتیانە نایەڵن قەراری کۆمیتەی شار و ئیدارەی ڕێگەی ئاسن، جێبەجێ بکرێن. ئەگەر ئەم بایە لەم کونەوە بێ، تا یەک مانگی دیکەش ناتوانین پتر لە چوارسەد مەتر سێجا، ئێزینگ کۆ بکەینەوە. بەڵام نەخشە وپلانی کۆ کردنەوەی سەد وهەشتا هەزار مەتر سێجا ( کابرای سەر ڕووتاوە هەڵوەستەیەکی کرد تا وشەیەکی گونجاو وەدۆزێ ) ئەمە شتێکی خەیاڵییە!

ئەو قسەیەی کرد ودەمە چکۆلەکەی داخست وبە کەسەرەوە لێوەکانی هەڵقورتاند
.

بێدەنگی درێژەی کێشا .

فیودور، بە نینۆک کێشای بە پایپەکەیدا وسووتووەکەی لیَ تەکاند. توکاریف، بە دەنگە گڕەکەی کە لە بنەبانی ئەوکییەوە دەردەهات، بێدەنگییەکەی شلّەقاند :

– پێویست بە دووبارە کردنەوە ناکات . لە کۆمیتەی ڕێگەی ئاسندا، نە دار وئێزینگ هەبووە، نە ئێستاش هەیە، نە ئومێدی ئەوەش هەیە لە ئایندەدا ببین بە خاوەن داری سووتەمەنی ...وانییە؟

کابرای سەر ڕووتاوە، شانی هەڵتەکاندن : – ببورە هاوڕیَ، ئێمە دارمان ئامادە کرد، بەڵام نەبوونی بارەبەر ...

کابرا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. بە دەستەسڕێکی خانەخانە، سەرە لوسەکەی سڕی و ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەوە بوو دەستە سڕەکەی بخاتەوە گیرفانی، بەڵام کە ئەوەی بۆ نەدەکرا، بە تووڕەیی خستیە ژێر جانتاکەیەوە.

دینیکۆ، کە لە سووچێکەوە دانیشتبوو، لە جێی خۆیەوە هەڵیدایە :

– باشە ئێوە چیتان کردووە بۆ گواستنەوەی دارەکان؟ خۆ ماوەیەکی زۆر بە سەر دەستگیرکردنی، ئەو پسپۆڕە گەورانەدا تێپەڕیوە کە هاودەستی پیلانگێڕەکان بوون.

کابرای سەر ساف ئاوڕێکی لێدایەوە :

– سیَ جاران بە ئیدارەی ڕێگای ئاسنم گوت : کە بە بیَ گواستنەوە وگەیاندن مەحاڵە ...

توکاریف، قسەکەی پێبڕی و بە تۆنێکی تانە ئامێزەوە گوتی :

– دەمێکە ئەو قسانەمان بیستووە . ئەو قسانە کۆن بوون .

ئەوسا مۆڕەیەکی لە یارۆی سەرساف کرد و لە سەری ڕۆیی : – چیە، بە کەرمان دەزانی؟

یارۆی سەرساف، کە گوێی لەو قسانە بوو، تەزوویەکی ساردی بە پشتیدا هات و ئەمجارەیان بە دەنگێکی نزم بەرسڤی دایەوە :

– من لە کار وکردەوەی دژمنانی شۆڕش بەرپرسیار نیم.

ئاکیم پرسی : – باشە تۆ نەتدەزانی کە لە دووری ڕێگا ئاسنەکە دارەکە دەشکێنن؟

– بیستبووم، بەڵام نەمدەتوانی سەرکردایەتی لە کێماسی وکەم وکوڕییانی دایەرەیەکی دی ئاگادار بکەمەوە.

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەندیکای سوڤیاتی، لە کابرای کەللە سافی پرسی :

– تۆ چەند کارمەندت لە بەر دەستە؟

– نزیکەی دووسەد نەفەرێک.

توکاریف، بە تووڕەیی تفێکی کرد وگوتی :

– یانی هەر تەمەڵ و تەوەزەلێک ساڵی یەک مەتر سێجا دەگوازێتەوە!

سەرۆکی سەندیکای سوڤیاتی لە سەری ڕۆیی :

– ئێمە، مووچە وجیرەی تایبەتی بە هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ڕێگای ئاسن دەدەین، لە دەمی کرێکارەکانی دەگرینەوە. ئیدی ئێوە کارتان چیە؟ چیتان لەو دوو عارەبانە ئاردە کرد کە دامانێ تا بە سەر کرێکارەکاندا دابەشی بکەن؟

ئیدی، کابرای کەللە ساف لە هەموو لایەکەوە پرسیار بارانکرا . بەڵام ئەو خۆی لێدەبواردن، وەکو چۆن کابرایەکی قەرزدار، خۆی لە خاوەن قەرزێن تووڕە وڕوودار، دەدزێتەوە، بەو ئاوایە خۆی دەدزییەوە. وەکو مار ماسی خۆی لە

وەڵامی ڕاستەوخۆی پرسیارەکان دەبوارد، بەڵام چاوە زیتەکانی بە هەموو لایەکدا دەگێڕا ولە ناخی خۆیدا هەستی بە نزیک بوونەوەی خەتەر ومەترسی دەکرد. زۆر تووڕە و نیگەران بوو . لە گەرمەی ئەم نیگەرانی و تووڕەییەدا، تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە : بە زووترین کات خۆی بگەیەنێتە ئەو سفرە وخوانە ئاوا و ئاوەدانەی چاوەڕوانی بوو، خۆی بگەیەنێتە لای ژنە گەنجەکەی، کە زۆربەی شەوانی بە خوێندنەوەی ڕۆمانێکی "پول دوکۆک" بە سەر دەبرد، بۆ شێوی ئێواری چاوەڕوانی ئەوی دەکرد.

فیودور، بە دەم گوێگرتنەوە لە وەڵامەکانی کابرای سەر ڕووتاوە، لە دەفتەرچەی یاداشتەکانی خۆیدا نووسی : "من پێموایە، دەبێ بە شیوەیەکی قووڵتر لە مەسەلەی ئەم پیاوە بکۆڵدرێتەوە . مەسەلەکە تەنیا بەڵەد نەبوونی کارەکە نییە . من شتێکم دەبارەی ئەو لەلایە ... با لەوەی زیاتر پرسیار بارانی نەکەین وڕێگەی بدەین بڕوات، خۆمان مشوری کارەکە بخۆین" .

سەرۆکی کۆمیتەکە، باری سەرنجەکەی فیودوری خوێندەوەو سەرێکی بۆ فیودور لەقاند. فیودور ژوخرای هەستا، چوو بۆ ڕاڕەوەکە، بۆ لای تەلەفۆنەکە . کاتێ کە گەڕایەوە، سەرۆکی کۆمیتە خەریک بوو دوا دێڕەکانی قەرارەکەی دەخوێندەوە :

" ... سەرۆکی لیژنەی سووتەمەنی ڕێگەی ئاسن، بە تۆمەتی خەمساردی وکارشکێنی ئاشکرا، لە کار لادەبرێت و دۆسیەکەی دەدرێت بە ئەنجوومەنی لێکۆڵینەوە".

هەڵبەتە یارۆی سەرساف، چاوەڕوانی لەوە خراتری دەکرد . ڕاستە دوور خستنەوەی ئەو لە کار، بە تایبەتی بە هۆی کارشکێنییەوە، پێشینە ئەوی دەخستە بەر گومان، بەڵام گرینگ نەبوو، مەسەلەی "بویارکا" پەیوەندی بەمەوە نەبوو . چونکە لە دەرێی ناوچەکەی ئەمدا بووە، بۆیە لەم ڕووەوە ئەرخایەن بوو : " تفوو، من وام وێنا دەکرد پەیان بە شتێک بردووە ... ".

کاغەزەکانی لە جانتاکەی ناو، بە دڵنیایی تەواوەوە گوتی :

– بە هەرحاڵ، من کابرایەکی پسپۆڕی نەحیزبیم وهەقی خۆتانە متمانە و باوەڕتان بە من نەبێت . بەڵام نیهادو ویژدانم پاکە. من کە ئەو کارەم نەکردووە، لەبەر ئەوە بووە کە پێم نەکراوە، تاقەتم بە سەریا نەشکاوە.

کەس وەڵامی نەدایەوە. یارۆی کەللە ساف وەدەرکەوت، بە هەشتاو بە سەر پلیکانەکاندا دەگەڕا و دەرگاکەی کردەوەو خۆی گەیاندە سەر جادەکە وهەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

کابرایەک، کە پاڵتۆیەکی عەسکەری لە بەر بوو، لێی پرسی :

– هاوشاری، نێوی شۆرەتت چییە؟

یارۆی سەر ساف، دڵی داخورپا و دەمی کەوتە تەتەڵە : – چیر ... ڤینسکی ....

وەختێ کابرای بێگانە وەدەرکەوت، سیازدە کەس بە تەنیشت یەکەوەو بە دەوری مێزە گەورەکەی ژووری سەرۆکی کۆمیتەی تەنفیزی شارەوە، کۆبوونەوە.

ژوخرای، قامکی خستە سەر نەخشەیەک وگوتی :

– تەمەشا بکەن ... ئا ئەمە وێستگەی "بویارکا"یە، بێشەکە، واتە شوێنی دار بڕینەکە، لە شەش کیلۆمەتری وێستگەکەیە . لەوێ دووسەد و دە هەزار مەتر سێجا، دار هەڵچنراوە، فەوجی کار، هەشت دانە مانگ کاریان تیا کردووە . یانی کارێکی یەجگار زۆری تیا کراوە، بەڵام لە ئەنجاما و بە هۆی خیانەتەوە، ڕێگەی ئاسن وشارۆچکەکە بەبێ ئێزینگ وسووتەمەنی ماونەتەوە. دەبوایە لە دووری حەوت کیلۆمەترەوە دار بۆ وێستگەکە بگوازرێتەوە . ئەم کارە، بەلای کەمەوە پێنج هەزار عەرەبانەی بۆ ماوەی یەک مانگی تەواو دەویست . ئەمەش بە مەرجێ هەر عەرەبانەیەک ڕۆژی دوو کاروان بکات. نزیکترین گوندی دەڤەرەکە، پازدە کیلۆمەتر لە وێستگەکەوە دوورە. ئەمە جگە لەوەی باندەکەی ئورلیک لەو دیار و دەڤەرەدا دەسووڕانەوە ... دەزانن ئەمە مانای چییە؟ ... تەمەشا بکەن، بە گوێرەی نەخشەکە،

دەبوایە، ئا لێرەدا دەست بە بڕینی داران بکرێت وبۆ وێستگەکە بگوازرێتەوە، بەڵام ئەو هیچ وپووچانە، لە ناوجەرگەی بێشەکەدا داریان بڕی بووەوە. ئیدی مەبەستەکە ڕوون و ئاشکرایە : ناتوانین، دارە بڕاوەکە بۆ ڕێگای ئاسن بگوازینەوە. ئەمە بە لای کەمەوە سەد عەرەبانەی گەرەکە وئەو هەموو عەرەبانەیەش بە ئێمە پەیدا ناکرێت. ئا لێرەوە، دەسیان لێوەشاندووین. ئەم کارەی ئەوان، هیچی لە کاری پیلانگێڕ وئاژاوەگێڕەکان کەمتر نییە.

کۆڵە مستە قورسەکەی ژوخرای، داهاتەوە وبە توندی کەوتە سەر کاغەزی نەخشە لە مۆم گیراوەکە. هەر هەموو سیازدە نەفەرەکە ئەو ئاکامانەیان، هێنایە بەرچاوی خۆ کە ژوخرای بە ڕوونی باسی نەکردن. زستان بەر دەرکەی گرتبوو . نەخۆشخانەکان، قوتابخانەکان، دایەرەکان و سەدان هەزار کەس لە ژێر هەڕەشەی سەرما وسەهۆڵبەندانا بوون، خەڵکی لە وێستگەکاندا، وەکو مێرۆلە دەخولانەوە ودەهاتن ودەچوون، قیتاریش هەفتەی یەک جار دەهات.

هەر هەموویان لە فکران ڕا چووبوون.

فیودور ژوخرای  مستی کردەوە.

– تەنیا یەک چارەمان هەیە، هاوڕێیان : ئەویش ئەوەیە لە ماوەی سێ هەیڤدا، هێڵی ئاسنی دیکوڤیل، لە وێستگەکەوە تا شوێنی بڕینی دارەکان، واتە بە درێژی حەوت میل بکەینەوە، بە مەرجێ لە ماوەی مانگ ونیوێکدا، بگاتە سەرەتای ئەو شوێنەی داری لێ دیتە بڕینەوە. من یەک هەفتەیە بیر لەم کارە دەکەمەوە. ئەم کارە پێویستی بە – لێرەدا دەنگی ژوخرای لە گەرووە وشکەکەی گیرا و قرخەقرخی پێکەوت – سێ سەد وپەنجا کرێکار ودوو ئەندازیارە. ڕێڵ و حەوت دانە لکۆمۆتیڤ لە "پوشچە قودیتسە"دا هەیە. کومسومولیەکان لەوێ، لە عەمارەکاندا دۆزیویانەتەوە . کاتی خۆی، بەر لە دەستپێکی شەڕ، دەیانویست لەوێندەرەوە هێڵێکی باریک بۆ شار ڕاکێشن. بەڵام لە وێستگای "پویارکا"دا شوێن بۆ حەوانەی کرێکاران نییە. تەنها قوتابخانەکەی بێشەکە هەیە، ئەویش وێرانەیە. بۆیە ناچارین، هەر جارەی

کۆمەڵێک کرێکار ڤڕێبکەین وهەر دوو هەفتە جارێک بیانگۆڕین. لە دوو هەفتە پتر بەرگە ناگرن. با کومسومولەکان بۆ ئەوێ ڤڕێبکەین . ئاکیم، تۆ دەڵێی چی؟ – بێئەوەی چاوەنۆڕی وەڵام بکات لە سەری ڕۆیی : – کومسومول، چەند بتوانن وبە گوێرەی توانای خۆیان، ئەندامانی خۆیان بۆ ئەوێندەر ڤڕێدەکەن :یەکەمجار ڕێکخراوی "سالومینکا" وبەشێک لە کومسومولەکانی شارۆچکەکە. کار و ئەرکێکی یەجگار دژوارە، لێ ئەگەر بۆیان ڕوون بکەینەوە کە تەنیا ئەم کارە شارۆچکەکە و ڕێگای ئاسن ڕزگار دەکات، دەیکەن.

سەرۆکی ڕێگای ئاسن، بە گومانەوە سەری لەقاند وبە بێتاقەتیەوە گوتی :

– دەترسم ئەم کارە سوودی نەبێت. حەوت میل ڕێڵ ڕاکێشان لە دەشتێکی چۆڵ وهۆڵدا و لەم بارۆدۆخەی ئێستادا کە دنیا پایزە، تەڕ وتووشی وباران بەڕێوەیە وسبەی دەبێ بە بەفر و سەهۆڵبەندان! .

ژوخرای، بێئەوەی ئاوڕ لەو بداتەوە، قسەکەی پێبڕی :

– ئاندرێ ڤاسیلیوڤیچ، دەبوایە باشتر وزیاتر خەمی فەراهەم کردنی دار و ئێزینگت بخواردبا و چاودێریت بکردایە. ئێمە ئەم هێڵە لاوەکییە دروستدەکەین، خۆ دەست لە سەر دەست دانانیشین تا ڕەق ببینەوە.

***

دوا سەندۆقێن ئەوزار و ئامێران بارکران . مامورین و کارمەندانی قیتار، جێگەی خۆیان گرت . باران نم نم دەباری. دنکە دنکەی باران وەکو گلێرە شووشە بە سەر چاکەتە چەرمەکەی ڕیتاوە، دادەخزی کە لە تەڕییدا دەبریسکایەوە.

ڕیتا، خودا حافیزی لە توکاریف کرد وبە گەرمی تەوقەی دەگەڵ کرد وگوتی :– هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

پیرەمێرد، لە ژێر برۆ چڕ وزیو ئاساکانیەوە، نیگایەکی پڕ میهری کرد ولە بن لێوانەوە پرتاندی وبە دەنگی بەرز بەرسڤی دایەوە :

– بەڵێ، کارەکەیان لە دەست ئێمەدا، نەعلەت لە شیریان! ئێوە لێرە ئاگاداربن، ئەگەر تەگەرەیەک کەوتە کارەکەی ئێمەوە، لە هەموو دەرگایەک بدەن. گوشاری پێویست بکەن . ئاخر ئەم ئوفیس نشینانە، لە خاوە خاو وکاغەز پڕکردنەوە زیاتر هیچ کارێکی دیکەیان لێناوەشێتەوە. ئێستا وەختی ئەوەیە سواری قیتارەکە بین کچەکەم.

پیرەمێرد، توووند خۆی لە پاڵتۆیەکەیەوە پێچا ودەگمەکانی داخست. ڕیتا، لە دوا ساتدا، بە جۆرێ وا دەربکەوێ، خۆ بە خۆ وبە بێ هیچ مەبەستێک، ئەم پرسیارە دەکات، پرسی :

– باشە کورچاگین لە گەڵ ئێوەدا نایەت؟ لە نێو کوڕەکانا نایبینم.

– دوێنێ لە گەڵ شاندی هونەریدا، بە تەرەزینە ڕۆیی، تا شتێک بۆ گەیشتنی ئێمە فەراهەم بکات.

ژارکی، دوپاڤا و ئانا بوخارت، بە هەشتاو بەرەو لای ڕێتا و توکاریف کە لە سەر شۆستەکە وەستابوون، دەهاتن. ئانا، بە بێ موبالاتی پاڵتۆکەی دابوو بە سەر شانیا وجگەرەیەکی کوژاوە، لە بەینی ئەنگوستە ناسکەکانیا بوو.

ڕیتا بە دەم تەمەشاکردنی ئەوانەوە، دوا پرسیاری لە توکاریف کرد :

– وەزعت لە گەڵ کورچاگینا چۆنە، ئامادەی وانەکانت دەبێ؟

توکاریف بە سەرسامی ڕوانیە ڕیتا :

– خوێندنی چی و وانەی چی، ئەدی ئەم کوڕە لە ژێر سەرپەرشتی تۆدا نییە؟ چەندین جار باسی تۆی کردووە، زۆرت تاریف دەکات، لە تاریفت تێر نابێ.

ڕیتا، بە گومانەوە گوێی لە قسەکانی توکاریف دەگرت :

– بە ڕاستتە هاوڕێ توکاریف؟ خۆ لە لای منەوە دەهات بۆ لای تۆ، تا ئەوەی تێبگەینی کە لە من تێنەدەگەیی.

پیرەمێرد دەستی بە پێکەنین کرد : – بۆ لای من؟ ... من چاوم پێی نەکەوتووە .

قیتارەکە شووتی لێدا، کلاڤیچیک، لە نێو قیتارەکەوە هاواری کرد :

– هاوڕێ خا ئوستینوڤیچ، واز لە هاپۆ بێنە، ئاخر وانابێ، ئێمە بە بێ ئەو چیمان پێدەکرێ؟

یارۆی چیکی، دەیویست شتێک بڵێت، لێ کە ئەو سێ نەفەرەی بینی کە دەهاتن، بێدەنگ بوو. نیگای لە نیگای نیگەرانی ئانا هەڵەنگوت، کە بە خەمینییەوە دەیڕاونییە دوپاڤا. خێرا لە بەر پەنجەرەکە لاکەوت.

***

بارانی پاییز سەر وچاوانی دەکوتایەوە . هەورێن ڕەش وتاری، پاراو، بە نزمییەوە دادەخزین . دوا ڕۆژەکانی پایز پەڵە دارەکانیان ڕووت کردبووەوە، درەختانی بە تەمەن و پیر، گرژ ومۆن ڕاوەستابوون و درز وچرچ و لۆچەکانی خۆیان لە ژێر توێکڵی قاوەیی کوڵکندا پەنهان کردبوو. پاییزی بێ بەزەیی درزی خستبووە توێکڵەکانیان و بە ڕووت و قووتی ڕەق ڕاوەستابوون.

وێستگەیەکی بچووک، بە تاقی تەنیا لە ناو جەرگەی بێشەکەدا هەڵکوڕمابوو. لە بارەننازی قیتارانی بارییەوە، لاتێک ئەرزی نەرم وتازە هەڵکەندراو بەرەو بێشەکە دەڕۆیی . خەڵکی مێرولە ئاسا بەو لاتە زەوییەدا دەڕۆیشتن.

زەوییەکە زۆر لینج وچەسپۆک بوو، بەراز لێی دەر نەدەچوو، کە چەکمەکان لێی دەچەقین و دەرت دێنایەوە، دەنگێکی دزێویان لێ بەرز دەبووەوە. خەڵکی زۆر بە جدی ئەرزی پێش خاکڕێزەکەیان هەڵدەکەند. تەق و هوڕی لۆسە وبارییان دنیایان پڕ کردبوو، داخزینی بێڵ و خاکەناز لە سەر بەردانەوە، دانی ئاڵ دەکردەوە.

باران، دەگوت لە تۆڕێکی کون وردەوە دادەباری. دڵۆپە ساردەکان لە سەر جلەوە دەگەییە سەر گۆشت. بارانەکە، ڕیسی کرێکارانی دەکردەوە بە خوری. قوڕ ولیتە لە خاکڕێزەکەوە دادەخزی . جلەکان، کە تا دوا تان وپۆ تەڕ بوو بوون زۆر

قورس و سارد بوون . لیٚ خەڵکەکە دەستبەرداری کار نە دەبوون، تەنیا درەنگانێکی شەو دەستیان لە کار هەڵدەگرت. ڕۆژ بە ڕۆژ مەودای ئەو لاتە زەوییەی هەڵدەکەندرا، زیاتر بەرەو قولایی بێشە و لێرەوارەکە دەچووە پێشیٚ ...

لە نزیکی وێستگەکەدا، هەیکەل ودار وپەردووی بینایەکی بەردین بەدیار کەوت. هەرچیەکی ئەو بینایە کە بە کەڵک دزین هاتبوو، لە مێژ بوو لە لایەن چەتە ودزانەوە برابوون یان تەقێنرابوونەوە. لە جیاتی دەرگا وپەنجەرە تەنیا کون وکەلەبەران مابوونەوە. لە جیاتی دەریچەی سۆپا وئاگردانان، تەنیا هەندێک کون و کەلەبەری ڕەش مابوونەوە. کاریتە و دارەڕای میچەکەی هەڵکەندرابوون .

ئەوەی وەکو خۆی مابووەوە ودەستی لێنەدرابوو، تەنیا زەمینەی کۆنکرێتی چوار ژووری گەورەکە بوو. شەوانە چوارسەد کرێکار، بە جلە تەڕ وقوڕاوییەکانیانەوە لەو ژوورانەدا دەخەوتن. خەڵکەکە لەبەر دەرگای ژوورەکاندا جلە تەڕەکانیان دەگوشی وچۆڕاوگەی قوڕاویان لیٚ دەچۆڕایەوە. ئیدی لە پەستیا، هەزار و یەک جنێوی سەر بە کۆلکەیان، بە باران و قوڕاوەکە دەدا وبەڕیزی یەکەوە، لە سەر ئەرزەکە، کە کەمێک کای پێوە کرابوو، پاڵدەکەوتن وبە مەبەستی گەرمبوونەوە خۆیان لە یەکدی هەڵدەسوو. هەڵم لە جلەکانیانەوە هەڵدەستا، لیٚ وشک نە دەبوونەوە. لەو کیسانەوە کە درابوون بە پەنجەرە شکاوەکاندا، باران دەهاتە ژوورەوە . باران دەیدا لە پاشماوەی ئەو تەنەکانەی کە لە جەمەلۆنەکەی سەربان مابوونەوە، با بە گڤ و هۆڕ لە درزی درگاکەی دەرەوە خۆی بە ژوورا دەکرد.

بەیانیان، چایان لە کەرەڤانەیەکی وێرانەدا، کە کردبوویان بە مووبەق، دەخواردەوەو ئەوسا دەچوون بۆ خاکڕێزەکە. نیوەڕوان نیسکێنەیەکی بیٚ ڕۆنی بێتامیان، بە نان ولەتێکی ڕەشی قیر ئاساوە دەخوارد.

شار، لەوە زیاتر هیچ خواردنێکی دیکەی پێنەدەدرا. بەڕێوەبەری تەکنیکی، ڤالیرین نیکیدیموڤیچ پاتوشکین، کە پیرەمێردێکی درێژ داهۆڵی ڕەقەڵە بوو دوو چرچی قووڵ بە گۆناکانییەوە بوو لە گەڵ پاکوڤیلنکۆی تەکنیسێندا، کە زەلامێکی

خەپەتۆڵەی دەم وچاو پانی کەپوو زل بوو، لە شوقەکەی بەڕێوەبەری وێستگەکەدا دەژیان.

توکاریف، شەوان لە ژوورە چکۆلەکەی خولیافای بەرپرسی چکای وێستگەکەدا دەنووست، خولیاڤا، پیاوێکی لاق کورتی، بزێو بوو، لە هیچ شوێنێ نە دەحەوایەوە، دەتگوت جیوەی تیایە.

دەستەی مامورانی بینایەکە، بە سەر سەختی تەحەموولی ئەو حاڵەیان دەکرد. خاکرێزەکە ڕۆژ بە ڕۆژ درێژتر دەبووەوەو لە قولایی بێشەکە نزیکتر دەبووەوە . بە ڕاستی نۆ کەس لە ئەندامانی دەستەکە، لە کار هەڵاتبوون، دوای چەند ڕۆژێک پێنج نەفەری دیکەش هەڵاتن.

یەکەمین جەزرەبە لە هەفتەی دووەمی کارکردنا، لە کارەکە کەوت، قیتاری عەسر نانی لە شارەوە لە گەڵ خۆدا نەهێنابوو.

دوپاڤا، توکاریفی بێدار کردەوە وخەبەری دایە کە نانیان نەهێناوە.

سکرتێری جەماعەتی حیزبی، هەر دوو لاقە تووکنەکانی کێشان بە عاردی ژوورەکەدا و بە توندی بن باڵی خۆی خوران ولە بەر خۆیەوە گوتی : - خەریکە لە تامی دەردەکەن.

لە بن لێوانەوە پرتاندی وبە هەشتاو کەوتە خۆ گۆڕین.

خولیاڤای خڕە پیاو، کە دەتگوت تۆپە، بلەز خۆی بە ژورەکەدا کرد . توکاریف ئەمری پێکرد :

- بە غار بچۆ سەر تەلەفۆنەکە، تەلەفۆن بۆ هۆبەی تایبەتی بکە.

ئەوجا هوشداری دایە دوپاڤا وگوتی : - تۆ بۆت نییە باسی نان لە گەڵ هیچکەسێکدا بکەیت.

خولیاڤای، سەر سەخت دوای نیو سەعات جنێوکاری دەگەڵ کرێکارانی تەلەفۆندا، توانی تەماس لە گەڵ یاریدەدەری هۆبەی تایبەتی، ژوخرای بگرێت . توکاریف، بە دەم گوێگرتنەوە لە جنێوکاریەکانی خولیاڤا، بە بێ ئارامی ئەم پێ و ئەو پێی دەکرد.

ژوخرای لە تەلەفۆنەکەدا هەڕ وگیڤی دەکرد و دەیگوت : - چیە؟ نانیان بۆ نەناردوون؟ هەر ئێستا دەیدۆزمەوە کێ ئەم کارەی کردووە.

توکاریف، لە تەلەفۆنەکەدا، بە توورەیی هاواریدەکرد :

- پێم بڵێ سبەی چی دەرخواردی ئەم خەڵکە بدەین؟

ژوخرای وادیار بوو بیری لە شتێک دەکردەوە . دوای بێدەنگیەکی زۆر، توکاریف، گوێی لە دەنگی ژوخرای بوو : - شەوێ نانەکە دەنێرم. لیتکە بە ئوتومبیل ڤڕێدەکەم، ئەو ڕێگاکە بەڵەدە . بەر لەوەی ڕۆژ ببێتەوە، نانەکەتان پێدەگات.

تازە سفێدە ئەنگاوتبوو، کە ئوتومبیلێکی قوڕاوی، پڕ لە کیسە نان، گەییە وێستگاکە. لیتکەی کوڕ، کە لە بێخەویدا ڕەنگی زەرد بووبوو، لە ئوتومبیلەکە دابەزی. کارکردن لە سەر ڕاکێشانی هێڵەکە، هێڵی ئاسن، ڕۆژ بە ڕۆژ قورستر دەبوو. لە ئیدارەی هێڵی ئاسنەوە خەبەریان دا کە تراڤەرسیان نییە. شار هیچ ئەوزارێک شک نابات کە ڕێڵەکانی پێدا بنێرێ. بینیرێت بۆ شوێنی کارەکە . لکوموتیڤە بچووکەکانیش، پێویستیان بە چاککردن هەیە. دەستەی یەکەم، نۆرە کاری خۆیان تەواو کرد، هیچ دەستەیەکی دیکە نەهاتن تا بیانگۆڕن. خۆ نەشدەکرا، ئەو جەماعەتە شەکەت و پرزە لێ بڕاوانەش بە تۆبزی گل بدەیتەوە وبیانخەیتە ژێر کارەوە . هێز وتوانایان لە بەر بڕابوو.

چالاکڤانانی حیزبی، تا درەنگانێکی شەو لە کۆنە کەرەڤانەکەدا، لە بەر قوتیلە چرایەکدا، کۆبوونەوەیان هەبوو.

بەیانی، توکاریف ودوپاڤا وکلاڤیچک، لە گەڵ شەش نەفەری دیدا چوون بۆ شار، تا لکوموتیڤەکان چاک بکەنەوەو ڕێڵەکان باربکەن. کلاڤیچک، بەو حەساوەی کە ئیشی نانەوایی بوو، وەکو چاودێر بۆ بەشی ئازووقە نێردرا . بەڵام ئەوانی دی بۆ پوشچە – ڤودیتسا چوون.

هێشتا هەر باران دەباری.

کورچاگین، بە خورتی لاقی لە قوڕە لینج وچەسپۆکەکە دەرهێنا . بە سەرما زۆرەکەی بنی پێیدا بۆی دەرکەوت کە بنە ڕزیوەکەی چەکمەکەی بە تەواوەتی بەریداوە. لە یەکەم ڕۆژی هاتنەوە بۆ ئێرە، کێشەی چەکمە دڕاوەکەی هەبوو کە هەمیشە تەڕ بوو وناوەکەی لە قوڕا شڵپەی دەهات. ئێستاش، بنی تاکێک لە چەکمەکانی بە تەواوەتی لێ بووبووەوەو پێیە ڕووتەکەی لە قوڕە ساردەکە ڕۆدەچوو. ئەم چەکمەیە خەریک بوو لە کاری دەکرد . پاشماوەی بنی چەکمەکەی لە قوڕەکە دەرهێنایەوە، بە نائومێدییەوە تەمەشای کرد وجنێوێکی پیسی دا، ئەو بەڵێنەی شکاند کە بە خۆی دابوو چیتر جنێو نەدات. بە تاکە چەکمەکەیەوە چوو بۆ کەرەڤانەکە. لە نزیکی مووبەقە مەیدانییەکەدا دانیشت . بەلەک پێچەکانی کە لە قوڕا هەڵکشابوو، کردەوە وپێی کە لە سەرما چایی بوو، بە سۆپاکەوە نا.

ئودارکای ژنی پاسەوانی ڕێگاکە وشاگردی ئاشپەزەکە، خەریک بوو چەوەندەری لە سەر مێزی مووبەقەکە دەجنی. تەبیعەت هەموو شتێکی بەم ژنە بەخشی بوو، هێشتا گەنج بوو، ناوشان پان دەتگوت پیاوە، سینگ وبەرۆکی پاڵەوانانە هەڵکەوتبوو، سمت وساتانی پڕ وبە هێز بوو. لە بە کار هێنانی چەقۆدا زۆر کارامە بوو، لە ماوەیەکی زۆر کەما، خەرمانێک چەوەندەر و سەوزەواتی جنراو کەڵەکە بوو.

ئودارکا، نیگایەکی ساردی پاڤلی کرد، ئەوسا بە تەشەرەوە پرسی :

– ها، بۆ فراڤین هاتووی؟ کەمێک زوو هاتوویت . پێدەچێ خۆت لە کارکردن دزیبێتەوە، پێت لە کوێ دادەنەی ؟ ئێرە مووبەقە خۆ گەرماو نییە.

بەوجۆرە ئودارکا، پاڤلی بەر تەشەران دەدا. لەو کاتەدا ئاشپەزە پیرەکە وەژوورکەوت پاڤل، هۆی هاتنی خۆی بۆ ئاشخانەکە ڕوون کردەوە : – چەکمەکەم، شڕ و وڕ بووە.

ئاشپەزەکە، تەمەشایەکی چەکمە دڕاوەکەی کرد وبە سەر ئاماژەیەکی بۆ لای ئودارکا کرد :

– مێردەکەی نیمچە پینە دۆزێکە لەو گۆڕە، دەتوانێ فریات بکەوێ، دەنا بە بێ پێڵاو تیا دەچیت.

ئودارکا، کە گوێی لە قسەکانی یارۆی ئاشپەز بوو، تەمەشایەکی پاڤلی کرد وکەمێک سوور بووەوە وگوتی : – وامزانی خۆت لە کار دەدزیتەوە.

پاڤل، بزەیەکی لێبوردوانەی بۆ کرد . ئودارکا، تەمەشایەکی چەکمەکەی کرد وبە سۆزەوە گوتی : – مێردەکەم ئەمە پینە ناکات، چونکە بە کەڵکی پینەکردن نایەت . بەڵام من کاڵۆشێکی کۆن لە ماڵەوە شک دەبەم بۆتی دێنم لە پێی بکە، با پات فەلەج نەبێت، وادیارە زۆرت ئەزیەت دەدات! ئەمڕۆ و سبەیە، ڕێبەندان دەست پێدەکات . بەم حاڵەوە تیا دەچی.

ئودارکا، بە دەم ئەو هاوسۆزییەوە، کێردەکەی دانا ولە مووبەقەکە وەدەرکەوت. دوای کەمێک بە گاڵۆشێکی قووڵ وپاپێچێکی کەتانەوە گەڕایەوە. کاتێ پێی لە ناوگاڵۆشە گەرمەکە گیرسایەوە، پاڤل، نیگایەکی بێدەنگی منەتبارانەی ژنی کابرای پاسەوانی ڕێگاکەی کرد.

توکاریف، بە تووڕەیی لە شار گەڕایەوە. چالاکڤانە حیزبیەکانی لە ژوورەکەی خولیاڤا کۆ کردنەوە و هەواڵێکی ناخۆشی دانێ وگوتی :

– ڕوو دەکەینە هەر کوێیەک، کۆسپمان دێنەڕێ . ڕوو دەکەیتە هەر شوێنێک، عەرەبانەیە ولە جێی خۆی چەقیوە! وا دیارە ژمارەیەکی کەممان لەو سپیانە ڕاوکردووە، وادیاردە دەبێ هەموو تەمەنمان لە ڕاوی ئەوانەدا بە سەربەرین.

کوڕینه با من به کورتی پێتان بڵێم : ڕەوشەکە خراپە، هێشتا وەجبەی دووەمیان کۆ نەکردووەتەوەو هیچیش دیار نییە چەند نەفەر دەنێرن. سەرما و سۆڵە خۆی لە دەرکێ ناوین. بە هەر نرخێ بووە، دەبێ بەر لە هاتنی سەرما وسۆڵە، لە زۆنگاوەکە دەربچین، چونکە هەرکە زەوی بەستی، ئیدی ناتوانین هیچ بکەین. کوڕینە مەسەلەکە بەم جۆرەیە : ئەوان لە شارا خەریکی ڕاو کردنی سەرپێچی کارانن، ئێمەش دەبێ لێرە خێراتر کاربکەین، دەبێ، ئەگەر مردووین، هێڵەکە ڕابکێشین . ئەگەر ئەمە نەکەین مانای وایە بولشەفیک نین.

توکاریف، بە دەنگە گڕ ونیمچە نووساوە ئاساییەکەی خۆی قسەی نە دەکرد، بەڵکو بە دەنگێکی گرژ و پۆڵایین قسەی دەکرد، چاوە ڕەخشانەکانی لە ژێر برۆ چڕەکانیەوە عەزم و جەزمی دەنواند.

– ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکی داخراو دەکەین، قسە بۆ جەماعەتەکەی خۆمان دەکەین، هەموو شتێکیان بۆ ڕوون دەکەینەوەو سبەینێ دەست بە کاردەکەین . بەیانی خەڵکە ناحیزبیەکان ئیزن دەدەین و هەر خۆمان دەمێنینەوە . ئەمە بڕیاری کۆمیتەی شارە.

توکاریف، بڕیارنامەکەی، کە دوو قەد نوشتابووەوە، دایە دەست پانکراتوف. کورچاگین، توانی لە سەرووی شانی پانکراتوفەوە دەقی بڕیارەکە بخوێنێتەوە :

" کۆمیتەی شار، بە پێویستی دەزانێ هەموو ئەندامانی کومسومول لەسەر کار بمێننەوە، کەی یەکەم کاروانی دار و ئێزینگ بارکرا و نێردرا، ئەو کاتە دەکرێت بگۆڕدرێن .

لە جیاتی سکرتێری کومسومولی شار

ر . ئوستینوفیچ

سەد وبیست نەفەر، لە کەرەڤانەکەدا کۆبوونەوە، دەرزیت هەڵدابا بە عاردی نەدەکەوت، هەندێکیان لە پەنا دیوارەکە وەستابوون، هەندێکیان چووبوونە سەر مێزەکان وبڕێکیش چووبوونە سەر مووبەقە گەڕۆکەکە.

پانکراتوف، کۆبوونەوەکەی کردەوە. گوتارەکەی توکاریف کورت بوو، بەڵام کۆتاییەکەی هەموویانی شۆک کرد : - کۆمونیستەکان و کومسومولیەکان سبەی ناچنەوە بۆ شار.

جوڵەی دەستی پیرەمێرد، جدیەتی بڕیارەکەی دووپات کردەوە. ئەم جوڵەیە، هەموو ئومێدێکی گەڕانەوە بۆ شار، بۆ ناو کەس وکار، بۆ ڕزگاربوون لەم قوڕ و قوڕاوەی لە لا سڕینەوە. لە هەوەڵەوە بە هۆی هەرا وزەنا وژاوە ژاوەوە هیچ شتێکیان بۆ دەرنەکەوت . بە هۆی جم وجوڵی خەڵکەوە، قوتیلە چراکە کەوتە پرتەپرت وکوژایەوە. تاریکی باڵی بە سەر سەر و چاواندا کێشا ودەنگە دەنگ وهەرا وزەناکە زیادی کرد. هەندێک بە تاسەوە باسی "ئیسراحەتی ماڵەوەیان" دەکرد، هەندێکی دیکە هاواریان لێبەرز بووەوە کە ماندوون. زۆریشیان بێدەنگ بوون، تەنیا یەک کەس دەستبەرداربوونی خۆی ڕاگەیاند. دەنگە ناسازەکەی، بە دەم جنێودانەوە، لە سووچێکی کەرەڤانەکەوە بەرز بووەوە :

- بە جەهەنەم! من یەک ڕۆژی دی لێرە نامێنم! خەڵکی لە سەر خەتا وتاوان دەنێردرێنە بێگاری، ئاخر ئێمە چیمان کردووە؟ تاوانێکمان کردووە؟ دوو هەفتەی تەواوە کاردەکەین، ئیتر بەسە. ئەگەر پیاوەتی بێ بەسە و ئەگەر کەرێتی بێ هەر بەسە . بزانن کەرانی دی پەیدا بکەن! ئەوانەی ئەم بڕیارەیان دەرکردووە با خۆیان بێن بۆ ئێرە و کاربکەن . کێ دەیەوێ با بۆ خۆی، لەم قوڕ و قوڕاوەدا گێرە بکات . بەڵام من کە یەک عومرم هەیە، سبەی دەڕۆمەوە.

ئوکونیف، دەنکە شقارتەیەکی پێکرد، تا سیمای ئەو کەسە، کە لە پشتیەوە وەستابوو و دەیبۆڵاند، بدینێ. ڕوناکی دەنکە شقارتەکە بۆ ساتێک، سەروچاوی

خوار وخێچ وپەستی کابرای بۆڵەبۆڵکەری ڕوناک کردەوە . ئوکونیف ناسییەوە، کوڕی ژمێریاری کۆمیتەی ئازووقەی شار بوو.

- چیە، تەمەشام دەکەی؟ خۆ دز نیم تا خۆم بشارمەوە.

دەنکە شقارتەکە کوژایەوە. پانکراتوف هەستایە سەر پێیان. بە دەنگێکی نەوی گوتی :

- ئەوە کێیە وەکو پیرەژنی دۆ ڕژاو کەوتووەتە خوتە و بۆڵە؟ ئەوە کێیە، ئەم تەکلیف وئەرکە حیزبییە بە بێگار دەزانیّ؟

پانکراتوف، چاوێکی بەو کەسانەی نزیک خۆیدا گێڕا و لێبڕاوانە گوتی : - براینۆ، ئێمە بە هیچ جۆریّ ناتوانین بۆ شار بڕۆینەوە، ئێرە جێگەمانە . ئەگەر ئێمە ئێرە چۆڵ بکەین، خەڵکەکە ڕەق دەبنەوە . برادەرینە، تا زووتر کارەکە تەواو بکەین، زووتر دەگەڕێینەوە . بەڵام ئایدیا وهزرین و پرەنسیپ و دیسپلینی ئێمە ڕێگەمان نادات بە گوێی ئەم کەودەنە بکەین.

پانکراتوف، حەزی لە وتارێن دوور ودرێژ نەدەکرد، بەڵام، هەمان دەنگی تووڕە، ئەم وتە کورتەشی پێبڕی : - غەیرە حیزبییەکان دەڕۆنەوە؟

پانکراتوف، لێبڕاوانە گوتی : - بەڵێ .

گەنجێک، بە پاڵتۆیەکی کورتی شارییەوە، بەرەو مێزەکە دڕی بە خەڵکەکە دا. کارتێکی بچکۆلە، وەکو شەڤشەڤۆک ( شەمشەمە کوێرە ) فڕی و کەوت بە سینگ و بەرۆکی پانکراتۆفدا و ئەوسا کەوتە سەر مێزەکە.

- ئەوە کارتەکەتان، فەرموو هەڵیگرنەوە بۆ خۆتان. من سەلامەتی خۆم ناکەم بە قوربانی ئەم پارچە کاغەزە!

ئەو دەنگانەی کە لە ناو کەرەڤانەکەدا، بەرز بوونەوە، بە سەر کۆتایی ڕستەکەی کابرای تووڕەدا زاڵ بوون : - چۆن جورئەت دەکەی فڕێی بدەیت؟

- هەی غایەنی خۆفرۆش!

- بۆیە هاتبووە ڕیزی لاوانەوە (کومسومول) تا جێگایەکی گەرم و نەرم بۆ خۆی دابین بکات!

- لێرە دەری بکەن!

- پێتی نیشاندەدەین، هەی ئەسپێی تیفو!

ئەو کوڕە گەنجەی کە کارتەکەی توورِ دا، سەری داخست، بەرەو دەرگای دەرەوە چوو. خەڵکەکە ڕێگەیان بۆ کردەوە، وەکو کەسێک گڕوێ بووبێ، بەو ئاوایە لێی دوور کەوتنەوە. دەرگاکە بە جیرەجیر لە دووی ئەوەوە داخرا.

پانکراتوف، کارتە توورِ دراوەکەی هەڵگراوەتەوەو بە دوو قامکان بە سەر گڕی قوتیلەکەوە ڕایگرت، کارتەکە بە دەم سووتانەوە، لوول بوو و بوو بە خۆڵە کەوە.

***

دەنگی تەقەیەک لە بێشەکەوە بەرز بووەوە . ئەسپ سوارێک لە کۆنە کەرەڤانەکەوە، بەرەو بێشەکە دەرپەڕی، لە تاریکی بێشەکەدا ون بوو . خەڵکەکە بە تاو لە قوتابخانە و کەرەڤانەکەوە دەرپەڕین. یەکێک بە ریکەوت چاوی بە پارچە موعاکسێک کەوت، کە خرابووە درزی دەرگاکەوە. شقارتەیان پێکرد، خەڵکەکە بە داوێنی جلەکانیان بەری بایەکەیان لە گڕە لەرزۆکەکە گرت، ئەمەیان لە سەر پارچە موعاکسەکە خوێندەوە.

" وێستگەکە چۆڵ بکەن و بۆ ماڵی خۆتان بگەڕێنەوە، لە کوێوە هاتوون بۆ ئەوێندەر بڕۆنەوە . هەر کەسێک بمێنێتەوە، یەک گوللە بە تەختی تەوێڵییەوە دەنرێت. هەر هەمووتان دەکوژین، کەس نابوێرین، ڕەحم بە هیچکەسێکدا ناکەین . ئاخر مۆڵەتتان تا سبەی شەوە.

ئیمزا : ئاتامان چسنوک

چسنوک، یەکێک بوو لە باندەکەی ئورلیک .

***

لە ژوورەکەی ڕیتا، دەفتەری بیرەوەرییەکانی بە کراوەیی لەسەر مێزەکەیە.

:١٢/٢

ئەم بەیانییە، یەکەمین بەفری ئەمساڵ کەوت . سەرما وسۆڵەیەکی بەترەفە. لە سەر پلیکانەکان تووشی ڤیاچیسلاف ئولشینسکی بووم، پێکەوە ڕۆیشتین . ئولشینسکی گوتی :

– من زۆرم حەز لە یەکەمین بەفرە. بڕوانە چ سەرما وسۆڵەیەکە . چەند جوانە! وانییە؟

من (بویارکا)م وەبیر هاتەوە وگوتم من حەزم لە بەفر وسەرما وسۆڵە نییە، دڵم خۆش ناکات، بە پێچەوانەوە خەمبارم دەکات . هۆیەکەیم بۆ باسکرد . گوتی :

– ئەمە بۆچوونی خۆتە. ئەگەر بەم بۆچوونەی تۆ بکەین، دەبێ پێنەکەنین و هەرجۆرە شادمانی و دڵتەڕییەک، بۆ نموونە لەکاتی جەنگدا لە خۆ حەرام بکەین. بەڵام لە ژیاندا شتی وەها نییە . بۆ نموونە کارەسات و تراژیدیا لە بەرەی جەنگدا زۆر زاڵە، لەوێ لە بەرەی جەنگدا هەستی مەرگ بە سەر ژیاندا زاڵە، هەستی ژیانی خەفە کردووە، بەڵام خەڵکی لەوێندەریش پێدەکەنن، خۆ ژیان لە دووری شەڕگەش، هەر وایە، بریتییە لە : پێکەنین، گریان وڕوندک، خەم وشادی، لەزەت و تامەزرۆیی، نیگەرانی و ڤیان ...

لە قسەکانی ئولشینسکی جدیەت وناجدییەت بە ئاسانی جیا نە دەکرایەوە. ئولشینسکی نوێنەری کومیسیارانی کاروباری دەرەوە بوو، لە ساڵی ١٩١٧وە، ئەندامی حیزب بوو. جل وبەرگی ئەوروپیانەی لەبەر دەکرد، هەمیشە ڕدێنی دەتاشی وبۆنی لە خۆی دەدا. لە ماڵی ئێمەدا، لە شوقەکەی سیگالدا دادەنیشت . عەسران سەر دەدات . دانیشتن و قسەکردن لە گەڵ ئەودا خۆشە. ڕۆژئاوا

دەناسێت. ماوەیەکی زۆر لە پاریس ژیاوە . بەڵام تەسەور ناکەم ببین بە دوو دۆستی نزیک. چونکە ئەو بەر لە هەر شتێک حیسابی ژنم بۆ دەکات، بە ژنم دەزانێت . پاشان، بە دەرەجەی دووەم وەکو هاوڕێیەکی حیزبی تەمەشام دەکات .

بیر وبۆچوون وحەز وئارەزووەکانی خۆی ناشارێتەوە، ئەوەندەی جورئەت تیایە کە حەقیقەت بڵێت. کەڵکەڵە وخولیاکانی زبر نین و دەزانێت چۆن مەیل و حەزەکانی بڕازێنێتەوە، بەڵام من ئەوم بە دڵ نییە، مەیلم لە سەری نییە.

من سادەیی وساکاریی مایل بەزبری ژوخرایم زۆر پێ پەسندترە لە ئەتەکێتبازی فەرەنگیانەی ئولشینسکی.

هەندێک کورتە ڕاپۆرت وهەواڵانمان لە (یورکا) وە پێدەگات . هەموو ڕۆژێک نزیکەی سەد وپەنجا مەتر ڕەیل دادەنرێ. تراوەرزەکان ڕاستەوخۆ لە سەر ئەرزە بەستەڵەکەکە، لەو چاڵانە دادەنەن کە بۆ ئەو مەبەستە هەڵکەندراون . تەنیا دووسەد وچل نەفەر لەوێندەر کاردەکەن. نیوەی وەجبەی دووەم لە کار هەڵاتوون. هەل ومەرجی کارەکە زۆر قورسە. چۆن لە سەهۆڵبەنداندا کار دەکەن؟ ... دوپاڤا، یەک هەفتەیە لەوێندەرە . لە (پوشچە – ڤودیتسا) لە کۆی هەشت لکۆمۆتیڤ، پێنجیان چاک کردووەتەوە . سیانەکەی دی ئەشیایان دەست ناکەوێ.

ئیدارەی ترام، سکالایان لە دیمیتری دوپاڤا کردووە : دوپاڤا وئەندامانی تیمەکەی ئەو، هەموو ئەو فارگۆنە فلاتانەیان کە لە (پوشچە – ڤودیتسا)وە بۆ شار هاتوون بە زۆر گرتووە . ڕێبوارەکانیان داگرتووە وفارگۆنە فلاتەکانیان لە ڕێڵ بار کردووە ونۆزدە فارگۆنیان بە سەر هێڵەکەی شارا بۆ وێستگەکە بردووە. کارمەندانی ترامەکە بە هەموو توانایەکی خۆیانەوە یارمەتیان داون . ئیدی شەوێ کومسومولەکانی سولومینکا، ڕێڵەکانیان بار کردووە ودیمیتری دوپاڤا و تیمەکەی ڕێڵەکانیان بۆ بویارکا بردووە.

ئاکیم، ڕەفزی کرد لێپێچینەوە لە گەڵ دوپاڤادا بکرێ . دوپاڤا، باسی خاوەخاو و بیرۆکراتیەتی ئیدارەی ترامی بۆ کردین . سوور بوون لە سەر ئەوەی تەنیا دوو فارگۆنی فلاتیان بدەنێ . "توفتا" کەوتووەتە ئامۆژگاری کردنی دوپاڤا :

– کاتی ئەوە هاتووە دەستبەرداری شەڕی پارتیزانی ببیت. ئەم کارە بۆ ئێستا نابێت، لە سەر کاری وا ڕەنگە زیندانی بکرێی . شت بە زۆری چەک نابێ . ئەم ئیشانە بە دیالۆگ وتێگەیشتن دەبێت.

من تا ئەو کاتە دوپاڤام بە تووڕەییەوە نەبینی بوو .

– باشە، تۆ، پیاوی قەڵەم و کاغەزان، بۆچی لە گەڵیاندا ڕێک نەکەوتی؟ لێرە دانیشتووی قسەی زل دەکەی . ئەگەر من بە بێ ڕێڵ بۆ بویارکا بگەڕابامەوە، بە کوشتن دەیان کوشتم .

هاوار وبۆڵەبۆڵەکەی دیمیتری دوپاڤا لە سەرانسەری کۆمیتەی شارا دەنگی دایەوە . تۆ بۆ ئەوەی لێرە نەکەویتە ژێر دەست وپێیانەوە، پێویستە بۆ شوێنی کارەکە بنێردرێی تا توکاریف لە شیشت بدات.

"توفتا" سکاڵای لە دوپاڤا کردبوو. لێ ئاکیم داوای لە من کرد بچمە دەرێ . ئەوسا نزیکەی دە دەقیقەیەک لە گەڵ ئەودا "توفتا" قسەی کردبوو . توفتا بە تووڕەیی لە نک ئاکیم هاتە دەرەوە . دەم و چاوی سوور بوو بووەوە.

١٢/٣ :

سکاڵایەکی دیکە بۆ کۆمیتەی شار هات، سکاڵاکەی ئەمجارە لە لایەن "ترانس چکا" وە بوو (چکای گواستنەوە و گەیاندن ). پانکراتوف و ئوکونیف و چەند هاوڕێیەکی دی چووبوون بۆ وێستگەی موتوفیلوفکا، دەرگا و پەنجەرەی بینا چۆڵەکانیان بردبوو، لە کاتی بار کردنی دەرگا و پەنجەرەکاندا، جێگری چکای وێستگەکە ویستبووی دەستگیریان بکات، ئەوانیش یارۆی چکایان چەک کردبوو. کە قیتارەکە کەوتبووە جوولە، هەنگێ، دوای ئەوەی فیشەکەکانیان لە دەمانچەکە

دەرهێنابوو، دەمانچەکەیان پێ دابووەوە. دەرگا وپەنجەرەکانیان لە گەڵ خۆدا بردبوو. هەروەها بەشی عەماری سکەش، سکاڵایان لە توکاریف کردبوو کە، بیست پووت بزماری، بە بێ ئیزن لە عەماری (بویارکا) بردووە و داویە بە جووتیارانی ناوچەکە . لە بری ئەوەی کاریتە درێژەکانیان لە شوێنی بڕینەوەی دارەکانەوە بۆ بگوازنەوە. ئەم کاریتانە لە جیاتی تراوەرس بە کار دەبران.

من، سەبارەت بەم سکاڵا وگلەییانە قسەم لە گەڵ هاوڕێ ژوخرای دا کرد. بە پێکەنینەوە گوتی : " هەموو ئەو مەسەلانە چارەسەر دەکەین" .

ڕەوشی کار کردن لە دامەزراندنی هێڵەکەدا، زۆر دژوارە، کات بایەخ وبەهای خۆی هەیە . ناچارین جەخت لە سەر بچووکترین شت بکەینەوە . ناو بە ناو هەموو ئەوانەی تەگەرە دەخەنە کارەکانەوە، بۆ کۆمیتەی شار جەلب دەکەین . ئەو کوڕانەی لە هێڵەکەدا کاریان دەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر ڕوودار دەبوون و سنوورە ڕوتینییەکانیان دەبەزاند .

ئولشینسکی، هیتەرێکی بچکۆلەی کارەبایی بۆ هێناوم . من وئولیا یورینیڤا، دەستمانی لە سەر گەرم دەکەینەوە. بەڵام ژوورەکە گەرم ناکاتەوە . باشە ئەوانەی لە بێشەکەدا کاردەکەن چۆن ئەم شەوە ساردەیان لێ بە سەر دەچێ؟ ئولگا ( ئولیا ) دەڵێت : نەخۆشخانەکە زۆر ساردە، نەخۆشەکان لە ژێر پەتۆکانیان نایەنە دەرەوە . سێ ڕۆژ جارێک سۆپا پێدەکەن.

نا ،هاوڕێ ئولشینسکی، تراژیدیای شەڕگە وپشت شەڕگەش هەر یەکە.

١٢/٤ :

شەو تا بەیانی بەفر باریوە. دەنووسن کە لە بویارکا بەفر هەموو شتێکی داپۆشیوە. کار وەستاوە، کوڕەکان دەستیان لە کار هەڵگرتووە تا ڕێگاکە پاک بکەنەوە . ئەمڕۆ کۆمیتەی شار بڕیارێکی دەرکرد کە دەبێ تا ١٩٢٢/١/١، قۆناغی یەکەمی کارەکە، تا مەرزی کارگەی دار بڕینەکە، تەواو بکرێت . کاتێ ئەم بڕیارە

گەینراوەتە (بویارکا) دەڵێن توکاریف گوتوویەتی : "ئەگەر نەمرین، تەواوی دەکەین ."

هیچ هەواڵێکم لە کورچاگین نییە. سەیر ئەوەیە هیچ گلەیی وسکالآیەکی وەکو ئەوەی "پانکراتیف"ی لە سەر نییە . من تا ئێستا نازانم بۆچی نایەوێ من بدینێ.

: ١٢/٥

دوێنێ، باندی چەتە و ڕێگران تەقەیان لە شوێنی دامەزراندنی هێڵەکە کرد .

***

ئەسپەکان، بە پارێزەوە، پێ دەنەنە سەر بەفرە فشەڵ و نەرمەکە . ناو بە ناو سمی ئەسپێک دەکەوێتە سەر چڵە دارێکی ژێر بەفرەکە وتریق دەشکێ. ئەسپەکە پرمەیەکی بۆ دەکات، کەمێک دەسڵەمێتەوە ودوای ئەوەی سوارەکەی قۆناغە تفەنگێک بە لاملیا دەکێشێت، دەکەوێتە یورغە و خۆی دەگەیەنێتە ئەسپەکانی پێشەوە.

نزیکەی دە سوار، لە زنجیرە گردۆڵەکەکان تێ پەڕین، تیلماسکە زەوییەکی ڕەش، کەوتبووە ئەو دیو گردەکانەوە وهێشتا بەفر داینەپۆشی بوو . سوارەکان، ئەسپەکانیان لەم پارچە ئەرزەدا ڕاگرت . ئاوزەنگیەکان، بە زرینگە زرینگ کەوتن بە یەکا. ئەسپی سوارەکەی پێشی پێشەوە، کە شەلآلی ئارەقە بووبوو، هەموو جەستەی خۆی تەکاند . سوارەکەی پێشەوە بە ئۆکرانی گوتی :

– ئەوەندە هاتوون لە ژمارە نایەن، یەجگار زۆرن، بەڵام هەقیان لە قولە مستیان دەنەین . ئەتامان گوتی دەبێ تا سبەینێ لێرەیان ڕاو بنەین . وادیارە بە نیازی داربردن هاتوون ...

سوارەکان، بەڕیز ویەک لە دووی یەک، بە قەراخ سکە تەسکەکەدا بەرەبەرە لە وێستگەکە نزیک دەبوونەوە. کە لە کەلێنی بەر بێشەکە نزیک بوونەوە، لە لای

قوتابخانە کۆنەکە هێواشیان کردەوەو لە پشت دار وتەختەکانەوە وەستان ونەهاتنە تەختانیە ڕووتەنەکە.

دەنگی تەقەیەک، بێدەنگی شەوە تاریکەکەی شڵەقاند. تۆپەڵە بەفرێک لە سەر لقی دارغانێکەوە، کە لە بەر تریفەی مانگەکەدا، لە زیو دەچوو، وەکو سمۆرە داخزییە خوارەوە . سەرە نێزەکان لە نێو درەختەکانەوە دەبریسکانەوە . گوللە بەر گەچە فشەڵەکەی قەراخ ئەو پەنجەرانە کەوت کە پانکراتوف هێنابوونی و شووشەکانیان بە قرچەقرچ شکان.

دەنگی گوللە هەموو ئەوانەی، کە لە سەر ئەرزە چیمەنتۆکە نووستبوون، بێدارکردەوەو هەستانە سەر پێیان، بەڵام کە گوللە بە گیزەگیز خۆی بە ژوورەکەدا کرد، هەموو بە هەڵەداوان و پەلەپەل، شپرزە وترساو خۆیان بە عاردیدا دا .

دوپاڤا، چمکی پاڵتۆکەی پاڤلی گرت و گوتی : - بۆ کوێ؟

- دەچمە حەوشە.

دوپاڤا، بە دەنگێکی پچڕپچڕ ولە بن لێوانەوە گوتی :

- پاڵکەوە گەوجە! هەر سەر دەربێنی، یەکسەر دەتکوژن .

بە دوو قۆڵێ، لە بەر دەرگاکەوە درێژ بوو بوون. دوپاڤا خۆی بە ئەرزەکەوە چەسپاندبوو . دەستی بە دەمانچەکەوە بۆ لای دەرگاکە درێژ کردبوو. کورچاگین بە چیچکانەوە دانیشتبوو، بە تووڕەیی، سەری قامکی بە کونی سەر، تۆپی دەمانچە ناغانەکەیدا دێنا تا بزانێ چەند فیشەکی تێدایە، پێنج فیشەکی تیا بوو، قامکی بە کونی خاڵی تۆپی دەمانچەکەدا هێنا، تۆپەکەی وەرچەرخاند . دەنگی تەقە بڕا . بێدەنگییەکی غەریب باڵی بەسەرا کێشان.

دوپاڤا، بە دەنگی نەوی فەرمانی بەوانە دا کە لە سەر ئەرزەکە ڕاکشابوون :

- کوڕینە کێ چەکی پێیە با لێرە کۆ ببنەوە .

کورچاگین، بە پارێزەوە دەرگاکەی کردەوە، بەر تەنگی بێشەکە چۆڵ بوو، کلو بەفران هێدی هێدی، بە دەم سەماوە لە ئاسمانێڕا دەهاتنە خوارێ. بەڵام دە سوارەکەی ناو بێشەکە، ئەسپەکانیان دەدایە بەر قامچیان و وەکو تێسکەی تفەنگ بۆی دەر دەچوون.

***

دەورو بەری نیوەڕۆ تەرەزینەکە لە شارەوە گەیی . ژوخرای و ئاکیم لە تەرەزینەکە دابەزین . توکاریف و خولیاڤا پێشوازیان لێکردن . رەشاشێکی "ماکسیم " و چەند سەندووقێکی فیشەک و نزیکەی بیست تفەنگیان لە تەرەزینەکە داگرت و ڕەشاشەکەیان لە سەر شۆستەکە دابەست.

بە هەڵەداوان بەرەو شوێنی کارەکە دەڕۆیشتن. داوێنی پاڵتۆکەی فیودور، لە بەفرەکە دەخشی و شوێنەوارێکی پێچاوپێچی لە دووی خۆی بە جێدەهێشت. وەکو ورچ سالانە – سالانە ڕێی دەکرد. هێشتا عادەتە کۆنەکەی خۆی تەرک نەکردبوو کە لاقەکانی وەکو لاقی پرگاڵ بڵاو دادەنا . دەتگوت هێشتا بە سەر کەشتیە جەنگیە لەرزۆکەکەی جارانەوە هەنگاو دەنێت . توکاریف، ناچار دەبوو ناو بە ناو بکەوێتە غاردان تا بە هەر دوو هاوڕێیەکەیدا بگات . ئاکیم، کە زەلامێکی بالابەرز بوو، پێ بە پێی فیودور ڕێی دەکرد .

– ڤیروسیا لە هێرشی چەتە و ڕێگرەکان. ئەم گردە ڕکەش کۆسپێکی دیکەیە، لێرەدا ولەم ناوەختەدا ئەم بەڵایەشمان بۆ پەیدا بوو! ناچارین گڵێکی زۆر هەڵبکەنین.

پیرەمێرد وەستا. پشتی کردە بایەکە، هەر دوو دەستی هێنانەوە یەک وجگەرەیەکی داگیرساند . یەک دوو مژی لە جگەرەکەی دا وکەوتە دووی ئەوانەی پێشی کەوتبوون. ئاکیم بە دەم چاوەڕوانی ئەوەوە وەستا . ژوخرای، لە سەر ڕێکردنی خۆی بەردەوام بوو.

ئاکیم، لە توکاریفی پرسی :

– باشە توانای ئەوەتان هەیە لە کاتە دیاریکراوەکەدا، ڕێگە لاوەکییەکە تەواو بکەن؟

توکاریف، یەکسەر بەرسڤی نەدایەوە، دوای هەڵوێستەیەک گوتی :

– دەزانی چیە کوڕی خۆم! ئەگەر ڕاستت دەوێ، تەواو ناکرێت، بەڵام خۆ ناکرێ دەستەو ئەژنۆ دانیشین و کار نەکەین، ئەسڵی مەسەلەکە ئەمەیە . ئێمە کاری خۆمان دەکەین.

گەیشتنەوە بە فیودوردا، شانبەشانی ئەو کەوتنە ڕێ. توکاریف، بە هەڵچوون وجۆش و خرۆشەوە کەوتە قسەکردن :

– ئیدی ئەم "بەڵام "ە لێرەوە دەست پێدەکات . تەنیا من و پاتوشکین دەزانین، بەم حاڵەوە کە ئێمە تیاین، بەم کەرەسە و ئامێرانەوە کە لە بەر دەستدان، بەم ژمارە کرێکارانەوە کە هەمانن، کردنەوەی ئەو ڕێگا لاوەکییە نەک هەر زۆر زەحمەتە، بەڵکو مەحالە. بەڵام وێڕای ئەوەش، هەر هەمووان دەزانن کە دەبێ کارەکە تەواو بکرێت. بۆیە من گوتوومە و دەیلێم : " ئەگەر نەمرین، ئەگەر هەموومان لە بەفرا ڕەق نەبینەوە، تەواوی دەکەین" . ئێوە خۆتان حوکم بدەن : ئێمە یەک مانگ پترە، ئەرز هەڵدەکەنین وکار دەکەین . وەجبەی چوارەمی کرێکاران، خەریکن نۆرە کاری خۆیان تەواو دەکەن، بەڵام بەشە سەرەکی وبنەڕەتیەکەی کرێکاران، لە گەڵ هەر چوار وەجبەکەدا، بە بەردەوامی و بێ وچان کاردەکەن، ئەوەی کردووەیەتی کارێ کە خۆ ڕابگرن تەنیا گەنجێتیانە . نیواونیویان سەرما بردوونی . کاتێ پیاو تەمەشای ئەو گەنجانە دەکات، دڵی بۆیان دەگوشرێ ... بە ڕاستی جێگەی قەدرزانین ...ئەم بیرە نەحلەتییە سەری هەندێکیان دەخوات .

***

هێڵە تەنگە بەرەکە، ئەوەندەی کە بە تەواوەتی تەواو بووبوو، یەک کیلۆمەتر بوو لە وێستگەکەوە، لە دوای ئەو کیلۆ مەترەوە، نزیکەی کیلۆمەتر ونیوێک داری درێژ لە سەر ئەرزەکە ڕیز کرابوو کە دەتگوت پەرژینە وبایەکە بە عاردیدا خستووە، ئەم

دارانە لە جیاتی تراوەرز دانرابوون. لەو لاترەوە تا پێش گردەکە، تەنیا ئەرزەکە تەخت کرابوو.

لەم شوێنەدا، وەجبە ئەسڵیەکەی "پانکراتوف" کاریان دەکرد . چل نەفەر تراوەرزیان لە سەر ئەرزەکە دادەنا. جووتیارێکی ڕدێن خەنەیی، بە پێڵاوی تازەوە، بە کاوەخۆ کاریتەکانی لە خزاکێک دادەگرت و لە سەر خاکرێزەکەی دادەنا . هەندێ لەولاترەوە چەند خراکێکی دیکەش بە هەمان شێوە بەتاڵ دەکران . دوو عاموودی ئاسنین لە سەر ئەرزەکە دانرابوون . ئەمانە فۆرمی ڕێڵەکە بوون و تراوەرزەکانیان بە ئەندازەی ئەو فۆرمانە دەبڕی و دایان دەنا . پاچ و بێڵ و لۆسە و ڕێڵیان بۆ کوتانەوە ئەرزەکە بەکار دێنا ...

***

تراوەرز دانان کارێکی زەحمەت وخاوە . تراوەرزەکان دەبێ لە سەر ئەرزێکی بتەو وبە شێوازێک دابنرێ کە ڕێڵەکە بە یەکسانی و ڕێکی بنیشێتە سەری .

تەنیا یەک کەس چۆنیەتی دانانی ڕێڵەکانی دەزانی، ئەویش کرێکارێکی بینای ڕێگا وبان بوو بە ناوی لاگوتین، پیرەمێردێک بوو سەری بە تەواوی بۆز بووبوو، ڕدێنێکی ڕەشی دوو قلیقانەی هەبوو . لە تەمەنی پەنجا وچوار ساڵیدا بوو . ئەم پیاوە خۆبەخش لە گەڵ هەر چوار وەجبە کرێکارەکەدا بەشداری کاری کردبوو، وەکو هەر یەکێک لە کرێکارە گەنجەکان هەموو زەحمەتێکی کێشابوو، وهەموو وەجبەکان زۆریان ڕێز وحورمەت دەگرت. ئەم کرێکارە ناحیزبییە، بابی "تالیا" بوو، لە هەموو کۆبوونەوەو ڕاوێژە حیزبییەکاندا، بە شانازییەوە بەشداریان دەکرد و شانازی بەم متمانەیەوە دەکرد وبەڵێنی دابوو، کە دەستبەرداری کارەکە نەبێت. لەگەڵ گۆڕینی هەر وەجبە کرێکارێکدا، بە میهرەبانی و دڵپاکییەوە دەیگوت :

– چۆن دڵم دێت بە جێتان بێڵم ؟ بە بێ من کاری ڕێڵ دانانەکە پەکی دەکەوێ . دانانی ڕێڵان کارامەیی و ئەزموونی دەوێ، من هەموو تەمەنی خۆم، لە

سەرانسەری ڕووسیادا، لەگەڵ ئەم کارەدا بردووەتە سەر . یانی سەرم لەم کارەدا سپی کردووە.

پاتوشکین، متمانەیەکی زۆری پێی هەبوو، بە دەگمەن سەردانی، ناوچەی کارکردنەکەی ئەوی دەدا. کاتێ توکاریف لە گەڵ ژوخرای و ئاکیم دا، لە کرێکارەکان نزیک بوونەوە، سەیریان کرد پانکراتوف، خەریکە بە پاچ جێگە بۆ تراوزەرێک هەڵدەکەنی، لە ئارەقەدا هەڵکشاوە وسوور بووەتەوە . ئاکیم، بە زەحمەت پانکراتوفی ناسییەوە . زۆر لاواز بووبوو، ئێسقانی گۆنا پانەکانی دەرپەڕی بوون، دەم وچاوی کە باش نەشۆرابوو، تەواو تێک قووپابوو و تاریک بووبوو.

– ئەها، شاری هات!

پانکراتوف، بە دەم ئەو قسەیەوە، بە دەستە گەرم و نمناکەکانی تەوقەی لە گەڵ ئاکیمدا کرد.

تەق وهۆڕی بێڵ وخاکەنازان برا . ئاکیم ڕوانییە دەور وبەری خۆی، چاوی بە ڕوو و ڕوخساری زەرد هەڵگەڕاوی کۆمەڵێک کرێکار کەوت. پاڵتۆ و چاکەتە داکەندراوەکان، لە سەر بەفرەکە کەوتبوون.

توکاریف، دوای ئەوەی قسەی دەگەڵ لاگوتیندا کرد، دەستی پانکراتوفی گرت ولە گەڵ ژوخرای و ئاکیم دا، چوون بۆ شوێنی حەفرکارییەکەی سەر گردەکە . پانکراتوف بە بێدەنگی، شانبەشانی فیودور ڕێی دەکرد.

فیودور، بە تونێکی جدی لێی پرسی :

– بانکراتوف، بۆم بگێڕەوە، لە موتوفیلوفکادا، لە سەر چی لە گەڵ جێگری چکادا، لێتان بووبوو بە ناخۆشی؟ یانی پێت وا نییە هەندێک غەدرتان لەم کابرایە کردووە و چەکتان کردووە؟

بانکراتوف، بە پەشۆکاوییەوە بزەیەکی بۆ کرد :

– ئێمە، بە ڕێکەوتن چەکمان کرد. خۆی داوای لێکردین چەکی بکەین. کوڕێکی باشە، لە خۆمانە . ئێمە هەموو وەزع و حاڵەکەی خۆمانمان بۆ گێڕایەوە . ئەویش گوتی : "هاوڕێیان من مافی ئەوەم نییە ڕێگەتان بدەم دەرگا و پەنجەرەکان ببەن، ئەمری هاوڕێ ( دزرژینسکی ) یە کە نابێ ڕێگەی تالآنی و بردنی موڵک وماڵی ڕێگەی ئاسن بدرێ . بەڕێوەبەری وێستگەکە دژایەتیم دەکات : ئەم بێ شەرەفە دزی دەکات و من ڕێگەی نادەم . ئەگەر ڕێگەی ئێوە بدەم ئەم کارە بکەن، ڕاپۆرم لێدەدات ودایەرەم لێ ئاگادار دەکاتەوە و هەنگێ دەردرێمە دادگای شۆڕش. ناوەڵڵا وەرن چەکم بکەن وکاری خۆتان بکەن وبڕۆن . ئەگەر بەڕێوەبەری وێستگەکە ڕاپۆرتم لێنەدات، کێشەکە لێرەدا تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە " ئێمەش بە دڵی ئەومان کرد ودەرگا و پەنجەرەکانیشمان بۆ خۆمان نە دەبرد.

بانکراتوف، کە تروسکەی بزەیەکی بە چاوانی ژوخرایەوە بەدی کرد، لە سەری ڕۆیی :

– با هەر ئێمە سزا بدرێین، واز لەو کوڕە گەنجە بێنن هاوڕێ ژوخرای.

– ئەوەی چوو چوو، هەموو ئەو پرسانە وەلانران. بەڵام نابێ ئەو جۆرە کارانە دووبارە ببنەوە، چونکە ئەوە بن پێ نانی زەبت وڕەبت ودیسپلینە. خۆمان ئەوەندەمان توانا هەیە، بە شێوازێکی سیستەماتیک، دیاردەی بیرۆکراتیەت نەهێڵێن . دەی زۆر چاکە با بێینە سەر باسێکی گرینگتر.

فیودور، کەوتە پرسیار دەربارەی وردەکاریانی تالآن و بڕۆیەکە.

***

لە دووری چوار کیلۆمەتر ونیوی وێستگەکەدا، هەر پاچ وبێڵ بوو بە توندی لە ئەرزەکە دەدرا . کرێکاران ئەو گردەیان دەبڕی کە بوو بوو بە کۆسپی سەر ڕێگایان ولەم بەر و لەو بەریانەوە حەوت چەکدار بە قەرەبیناکەی خولیاڤا

ودەمانچەکانی کورچاگین وپانکراتوف و دووپاڤا و خوموتوفەوە وەستابوون . هەموو چەکەکانیان بریتی بوو لەو دەمانچانە.

پاتوشکین، لە سەر گردەکە دانیشتبوو و هەندێک ژمارەی لە دەفتەرەکەی خۆیدا تۆمار دەکرد . پاتوشکین تاقە ئەندازیار بوو کە لە سەر کارەکە مابووەوە. ڤاکولنکو، دادگایی بە تۆمەتی هەڵاتنەوە بە سەر ئەودا پەسند دابوو کە بە گوللەی تاڵانچیان بکوژرێ، بۆیە هەر شەوی ڕووداوەکە، لە بەرەبەیانا بۆ شار هەڵاتبوو.

پاتوشکین، بە دەنگێکی نەوی بە ( خوموتوف ) ی، کە پیاوێکی وشک و مڕو مۆن بوو، گوت :

- هەڵکەندنی ئەم گردە دوو هەفتە دەخایەنێ، ئەرزەکە بەستوویەتی.

خوموتوف گوتی :

- ئەوان، بۆ تەواو کردنی هەموو ڕێگاکە، تەنیا بیست و پێنج ڕۆژیان داوینەتێ، کەچی تۆ پازدە ڕۆژت بۆ هەڵکەندنی گردەکە داناوە.

ئەوسا بە تووڕەیی، کەوتە کرۆشتنی سمێڵی .

- ئەم ماوەیە، ماوەیەکی واقیعی نییە . من لە ژیانمدا لە هەل و مەرجی وەهادا و لە گەڵ ئەم جۆرە خەڵکەدا کارم نەکردووە. ڕەنگیشە من هەڵە بم، وەکو چۆن دووجاری دی بە هەڵەدا چووم.

لەو کاتەدا، ژوخرای و ئاکیم و پانکراتوف، بەرەو گردەکە دەهاتن، ئەوانەی سەر گردەکە، لە دوورەوە ئەوانیان بەدی کرد.

"پیتکافروفیموف" ی میکانیسێنی وەرشەی هێڵی ئاسن، کە گەنجێکی چاو چەپ وخێل بوو، بەدلەیەکی کۆنی لە ئانیشکەوە دڕاوی لە بەر بوو، ئانیشکێکی لە کورچاگینەوە ژەند، بە قامکان ئاماژەی بۆ پاینی گردەکە کرد : - تەمەشاکە، ئەوە کێیە؟

کورچاگین، یەکسەر، بێئەوەی بێڵەکە دابنێت، بە هەشتاو بە گردەکەدا داگەڕا . چاوەکانی لە سێبەری کڵاوخوودەکەیەوە گەشانەوە . فیودور، تەوقەیەکی گەرمی لە گەڵدا کرد وماوەیەکی زۆرتر، لەوانی دی دەستی گوشی و بەری نەدا :

- سڵاو پاڤل، خەریک بوو بەم جلە سەیرانەوە نەتناسمەوە.

پانکراتوف، بزەیەکی خەمناکی کرد وبە ئاکیمی گوت :

- ڤیروسیا لە جلەکانی، هەر پێنج پەنجەی پایشی سەریان هێناوەتە دەرێ، دەڵێی بۆ هەواگۆڕکێ سەریان دەرهێناوە . لەوەش خراتر، هەڵاتووەکان پاڵتۆکەیان دزیوە . ( ئوکونیف) ی سەر بە کۆمۆنەکەی خۆی، ئەم چاکەتەی داوەتێ . قەیدی نییە، پاڤلوشا خوێنی گەرمە، پێویستی بە خۆ گەرمکردنەوە نییە. یەک هەفتەی دی لە سەر چیمەنتۆکە دەخەوێ، ئەو کاو کۆتەی سەر چیمەنتۆکە دادی نادات، ئیدی بۆ خۆی لێدەبێتەوە ولە تابووتا گەرم دەبێتەوە .

(ئوکونیف) ی چاو وبرۆ ڕەش، لووت پان، چاوە زیتەکانی بچووک کردنەوە وگوتی :

- نا، ئێمە نایەڵین پاڤلوشامان (سووکەڵە ناوی پاڤلە) لە دەست بچێت . هەموو دەنگدەدەین و بۆ مووبەقی دەنێرین تا یارمەتی (ئودارکا) بدات، ئیدی لەوێ، ئەگەر کەر نەبێ، بۆ خۆی دەحەوێتەوە، هەم تێر دەخوات و هەم گەرم دەبێتەوە.

خەندەیەکی دەسەجەمی، وشەکانی ئەوی کردە ژێرەوە، ئەو ڕۆژە، بۆ یەکەمجار پێکەنین .

فیدور، تەمەشای گردەکەی کردو کارەکەی هەڵسەنگاند . ئەوجا دەگەڵ توکاریف وپاتوشکین دا، بە سواری خراک چوون بۆ شوێنی داربڕینەکە . وەختایەک لەوێندەر گەڕانەوە، کرێکارەکان بە هەمان گوڕ وتین، لە سەر هەڵکەندنی گردەکە بەردەوام بوون. فیودور، ڕوانیە دەست و بێڵی کرێکارەکان، ڕوانییە پشتییان کە لە ژێر دژواری کاردا چەمی بوون، ئەوسا لە بن لێوانەوە بە ئاکیمی گوت :

– پێویست بە میتینگ وکۆبوونەوە ناکات. هیچ کەسێک لەمانە پێویستیان بە هاندان و ورە بەرزکردنەوە نییە . پانکراتوف هەق بە تۆ بوو کە دەتگوت ئەمانە قیمەتیان تەواو نابێ، ئا لێرەدا پۆڵا ئاو دەدرێ پۆڵا.

ژوخرای، بەچاوی ڕێز وستایشەوە، بە شانازییەکی پڕ میهر ومەحەبەتەوە دەیڕاونییە کرێکارەکان. مەگەر هەندێک لەمانە نەبوون کە، لەم ماوانەی دواییەدا، شەوی بەر لە پیلانی یاخی و ئاژاوەگێڕەکان، بە سەرەنێزەی پۆلایینەوە، دەچوونە شەڕی پیلانگێڕەکان وئێستاش بەیەک نیاز ومەبەست، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە هێڵی ئاسنەکە بگەیەننە سەرچاوەی دارو ئیزینگ، سەرچاوەی گەرما ونان .

***

پاتوشکین، زۆر بە ئەدەبەوە، بە زمانێکی قەناعەتبەخشەوە، بۆ فیودوری سەلماند، کە کاری لابردنی گردەکە، بە کەمتر لەو دوو هەفتەیە تەواو نابێت. فیودور گوێی لە لێکدانەوەو حیسابەکانی ئەو گرت و لە دڵی خۆیدا، بیری لە مەسەلەکە کردەوە و بڕیاری دا :

– واز لە گردەکە بێنن، ئیشی تیا مەکەن، کرێکارەکان بەرن و لەو دیو گردەکەوە دەست بە کار بن و کێشەی گردەکە بە شێوەیەکی دیکە چارەسەر و مالیجە دەکەین.

ژوخرای، لە وێستگاکەدا، ماوەیەکی زۆری بە تەلەفۆن کردنەوە بردە سەر . خولیاڤا، لە بەر دەرگاکەدا پاسەوانی دەکرد، لە پشتەوە گوێی لە دەنگی فیودور بوو کە بەدەنگی بەرز دەیگوت : – هەر ئێستا بە ناوی منەوە تەلەفۆن بۆ سەرۆکی فەرماندەیی سوپای ناوچە بکە، پێی بڵێ بە پەلە و بێ دواکەوتن، فەوجەکەی پوزیروفسکی بۆ شوێنی کارەکە بنێرێ . پێویستە ناوچەکە لە باندی چەتە وڕێگرەکان پاک بکرێتەوە . لە عەمارەکەوە، قیتاری زرێپۆشەکە، لە گەڵ مەفرەزەی دینامیتا بنێرن. ئیدی مەسەلەکانی دی بۆ من لێگەڕێن. شەوێ دەگەڕێمەوە. سەعات دەور وبەری دوازدە لیتکە بە ئوتومبیلێکەوە بۆ وێستگەکە بنێرن.

لە کەرەڤانەکەدا، دوای وتارێکی کورتی ئاکیم، ژوخرای دەستی بە قسان کرد . ژوخرای بێ ئەوەی بە خۆ بحەسێت یەک سەعاتی ڕێک قسەی دۆستانەی کرد . فیودور، باسی ئەوەی بۆ وەستا و کرێکارەکان کرد کە مەحاڵە کاتی ئەنجامدان و تەواوکردنی هێڵەکە، کە یەکی کانوونی دووەمیان بۆ دانابوو، دوابخرێت.

– ئەم کارە دەکەین بە کارێکی سوپایی. کۆمۆنیستەکان فەوجێک پێکدێنن، بە ناوی فەوجی ئەرکێن تایبەتی، هاوڕێ دوپاڤا دەکرێ بە فەرماندەی ئەو فەوجە . هەر شەش وەجبە وەستا و کرێکارەکان ئەرکی دیاریکراویان بۆ دادەنرێ . باقی کارەکانی ڕێڵ دانان، بە یەکسانی بە سەر هەر شەش وەجبەکەدا دابەش دەکرێت، هەر وەجبەیەک لە کاری خۆی بەرپرسیار دەبێت . بۆ یەکی مانگی کانوونی دووەم دەبێ هەموو کارەکان تەواو ببن . خۆ هەر وەجبەیەک زووتر لەو کاتە، بەشەکاری خۆی تەواو بکات، بۆی هەیە ئیسراحەت بکات و بۆ شار بگەڕێتەوە . وێڕای ئەمەش ئەنجوومەنی سەرکردایەتی لیژنەی جێبەجێکاری شارۆچکە، داوا لە لیژنەی جێبەجێکاری ناوەندی هەموو ئوکرانیا دەکات، کە میدالی ئاڵای سوور بە باشترین کرێکاری ئەو وەجبەیە ببەخشێت.

ئیدی بەرپرس وبەڕێوەبەری هەموو وەجبە کرێکارەکان بەمجۆرە دانران : هاوڕێ پانکراتوف بۆ وەجبەی یەکەم . هاوڕێ دوپاڤا بۆ وەجبەی دووەم، هاوڕێ خوموتوف بۆ وەجبەی سێیەم، هاوڕێ لاگوتین بۆ وەجبەی چوارەم. هاوڕێ کورچاگین بۆ وەجبەی پێنجەم . هاوڕێ ئوکونوف بۆ وەجبەی شەشەم دانران.

ژوخرای لە کۆتایی قسەکانیا گوتی :

– بەڵام ئانتون نیکیفوروفیچ توکاریف، ناگۆڕین و هەر وەکو خۆی سەرۆکایەتی کارەکەو ڕێبەرایەتی هزری و ڕێکخستنی کارەکەی لە ئەستۆ دەبێت .

کرێکارەکان، لە ناکاوا دەستیان بە چەپڵەلێدان کرد، لە تۆ وایە پۆلە مەلێک لە ناکاوا هەڵفڕین و شەقەی باڵیان بەرزبووەوە. ڕوخسار و سیما گرژ و مۆنەکان

گەشانەوە، دوا وتەی دۆستانە وشۆخی ئامێزی ئەم پیاوە جدییە، بووە بایسی ڕێژنە پێکەنینێکی ئەوتۆ کە ئارامی بە ژینگە گرژەکە بەخشی .

نزیکەی بیست کەسێک، ئاکیم و فیدوریان تا لای تەرەزینەکە بەڕێکرد .

فیدور، دوعاخوازی لە کورچاگین کرد، تەمەشایەکی گاڵۆشە بەفراوییەکانی کورچاگینی کرد و لە بن لێوانەوە گوتی : – جووتێ پێڵاوت بۆ دەنێرم، هێشتا پات نەی بەستووە؟

پاڤل، بەرسڤی دایەوە : – خەریکە دەیبەستێ . دەستیان بە ئاوسان کردووە.

پاشان، داوا دێرنیەکەی خۆی بیرکەوتەوە و ئاسینی فیودوری گرت وگوتی :

– تۆ چەند فیشەکت پێیە؟ چەند فیشەکێکم بۆ دەمناچە ناغانەکەم بدەیە، من تەنیا سێ فیشەکم پێیە کە بە عەمەل بێن.

ژوخرای، نائومێدانە سەری بەم لاو و بەولادا بادا، بەڵام کە خەم و پەژارەی بە چاوانی پاڤلەوە بەدی کرد، یەکسەر و بێ هیچ دوو دڵییەک دەمانچە ماوزەرەکەی خۆی کردەوە :

– وەرە، ئەمە دیاری منە بۆ تۆ.

پاڤل، هەوەڵجار باوەڕی نەدەکرد، شتێک پێشکەش بەو دەکرێت، کە لە مێژ بوو خەونی پێوە دەدیت . بەڵام ژوخرای قایشی دەمانچەکەی کردە شانی پاڤل.

– بیگرە، وەری بگرە، من دەزانم کە دەمێکە چاوت تێبڕیوە . بەڵام ئاگادار بە، جەماعەتەکەی خۆت نەکوژی . ئەمەش سێ شانەی پڕ.

ئەوانی دی چاوانی پڕ حەسوودیان بڕییە پاڤل، یەکێکیان هاواریکرد :

– پاڤل، وەرە با بیگۆڕینەوە، جووتێ پێڵاو و پۆستینێک سەر باقیت دەدەمەوە.

پانکراتوف، بە زۆڵییەتی، لە دواوە سیخوڕمەیەکی لە پاڤلەوە ژەند :

- بیگۆڕەوە بە جووتێ چەکمەی لباد . خۆ تۆ بەم گالۆشانەوە ناگەیتە جەژنی کریسمس.

ژوخرای، پای نایە سەر ڕکێفی تەرەزینەکە وپاسی هەڵگرتنی دەمانچە پێشکەش کراوەکەی بۆ پاڤل نووسی.

***

بەیانی زوو، قیتارە زرێپۆشەکە بە تەقە تەق بەرەو وێستگەکە هات . هەڵمی قیتارەکە، کە وەکو پەڕی قووی سپی وابوو وەکو سوڵتانێکی بە شکۆ دەهاتەدەرێ ولە هەوای خاوێنی سەهۆڵبەندانا دەتوایەوەو دیار نەدەما. خەڵکانێک لە فارگۆنە زرێپۆشەکانەوە دادەبەزین کە سەراپا چەرم پۆش بوون. دوای چەند سەعاتێک سێ نەفەری کێوتەرەکێن کە لە قیتارەکە دابەزی بوون، دوو تۆپەڵی ڕەشیان، کە هەریەکەیان بە ئەندازەی کودییەک دەبوون، لە قووڵایی گردەکەدا، لە چاڵ نان، سەرو پڵیتەی درێژیان لێیانەوە دەرهێنا . ئەوجا بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵکەکە چەند فیشەکێکیان بە ئاسمانا تەقاند . یەکسەر خەڵکەکە، بە غار لە گردەکە دوور کەوتنەوە، شقارتەیەکیان بە کۆتایی پڵیتەکانەوە نا، گڕێکی فسفۆڕ ئاسا لە پڵیتەکانەوە بەرز بووەوە. بۆ ساتێک دڵی سەدان کەس کەوتە خورپە . بێدەنگییەکی سامناک بۆ ماوەی یەک دوو دەقیقە بەردەوام بوو ... ئەرزەکە هاتە لەرزین، هێزێکی ترسناک، لووتکەی گردەکەی بەتەواوەتی هەڵتەکاند، بەردد و خۆڵ چوون بە حەوادا، تەقینەوەی دووەم لە هی یەکەم بە هێزتر بوو . گرمەی تەقینەوەکە، لە ناوەندی بێشەکەی ئەو دەوربەرەدا دەنگیدایەوەو گردەکە بە تەواوەتی و لە ڕیشەوە هەڵتەکی.

چاڵێکی قووڵ، لە شوێنی گردەکە پەیدا بوو، بە دەیان مەتر لە دەور وبەری چاڵەکە، خاک و خۆڵ تێکەڵ بە بەفر بوو بوو، لە دوورەوە دەتگوت شەکری پێوەکراوە . خەڵکەکە بە قوڵێنگ و بێڵەوە، بە هەشتاو خۆیان گەیاندە سەر چاڵەکە.

***

هەرکە ژوخرای کەوتە ڕێ، تووندترین ڕکابەری و هەڤڕکی کەوتە نێوان کرێکارەکان و هەر کەسە و هەوڵی دەدا یەکەم بێ.

کورچاگین، بە ماوەیەکی زۆر بەر لە سپێدە، بە ئەسپایی، بێئەوەی کەس بێدار بکاتەوە، هەستا، بە زەحمەت پێیە ڕچیوەکانی بەسەر ئەرزە ساردەکەی ژوورەکەدا، لە دووی خۆی بکێش دەکرد، بەرەو مووبەقەکە چوو . دوای ئەوەی ئاوی سەماوەرەکەی کولاند، گەڕایەوەو هەموو ئەندامانی دەستەکەی خۆی، بێدارکردەوە. کاتێ هەموو دەستەکە بێدار بوونەوە، لە دەرەوە دنیا ڕوناک بووبووەوە.

بانکراتوف، لە کاتی چای بەیانیدا، بە ناو کەرەڤانەکەدا، خۆی گەیاندە لای ئەو مێزەی کە دوپاڤا و جەماعەتەکەی لە دەوری دانیشتبوون، بە سۆزەوە بە دوپاڤای گوت :

- دیمیتری، تۆ تەمەشا. پاڤل، لە شەبەقیەوە جەماعەتەکەی خۆی بێدارکردووەتەوە، ئێستا بەلای کەمەوە پازدە بیست مەترێک کاریان کردووە . کوڕەکان دەڵێن کە گوایە، لە گەڵ جەماعەتەکەی خۆیدا، کە هی وەرشە سەرەکییەکانن، ڕێککەوتووە کە لە ١٢/٢٥ دا، بەشە کارەکەی خۆیان، تەواو بکەن، دەیەوێ پێشی هەموومان بداتەوە . بەلام من دەڵێم پەلە مەکە، با بزانین کێ پێش دەکەوێ!

دوپاڤا، بە ڕوو گرژییەوە بزەیەکی بۆ کرد. چاک دەیزانی بۆچی سکرتێری کومسومولی بەندەری ڕۆخانەکە ڕەفتاری جەماعەتی وەرشەی قیتارەکەی لە بەرگرانە. دوپاڤا، خۆیشی کە هاوڕێی پاڤلیش بوو، ئەمەی لە بەرگران بوو . پاڤل، بێئەوەی تاقە قسەیەکی لە دەم دەربێ، بڕیاری دابوو ڕکابەری هەموو تیمە کرێکاریەکان بکات.

پانکراتوف گوتی : - دۆستایەتی شتێکە وکارکردن شتێکی دییە، لێرەدا خەڵکی دڵسۆز و ئیشکەر سەردەکەوێت.

دەورو بەری نیوەڕۆ، جەماعەتەکەی کورچاگین، لە ناکاوا لە تین وتاو کەوتن، جۆش و خرۆشەکەی بەیانیان نەما . ئەو پاسەوانەی کە بە دیار تفەنگە چاتمە کراوەکانەوە ئێشکی دەگرت، پۆلێک سواری لە نێو درەختەکانەوە بەدی کرد . دەستڕێژی ئاژێروانی کرد .

پاڤل، هاواریکرد : – براینە بگەنە تفەنگەکان! باندی چەتەکان هێرشیان هێناوە.

یەکسەر بێڵەکەی فڕێدا و بە غار چوو بۆ لای ئەو درەختەی کە ماوزەڕەکەی پێدا هەڵواسی بوو.

ئەندامانی تیمەکە، بە پەلە دەستیان دایە ئەو تفەنگانەی لە بەر دەستدا بوون . خۆیان گەیاندە قەراخ ڕێگاکەو، یەکسەر لە سەر بەفرەکە خۆیان دا بە عاریدا. سوارەکانی پێشەوە، کڵاوەکانیان بەرز کردەوە … یەکێکیان هاواریکرد :– هاوڕێیان بوەستن ! لە خۆتانین!

نزیکەی پەنجا سوار، بە کڵاوی ئەستێرە سووری سوپای " بودینی "یەوە بە قەراخ جادەکەدا دەهاتنە بەرەوە.

دەرکەوت، ئەمانە مەفرەزەیەکی فەوجەکەی "پوزیروفسکی" ن و هاتوون بۆ تەمەشای شوێنی کارەکە. سەرنجی پاڤل لە سەر گوێچکە بڕاوەکەی ماینەکەی فەرماندەی مەفرەزەکە گیرسایەوە . ماینێکی قاوەیی جوانی تەوێڵ مارۆ بوو، لە جێی خۆی نەدەهێوری و لە ژێر سوارەکەیدا، هەر نێسکە نێسکی بوو. پاڤل، بە غاردان بەرەو پیری چوو، ماینەکە سڵەمییەوەو چووە دواوە، پاڤڵ هەوسارەکەی گرت.

– لیسکا، گیانەکەم! نەمردین ئەمجارەش یەکمان بینییەوە! ماینە تاک گوێیە جوانەکەم، لە گولله دەرباز بووە.

بەو پەڕی میهرەبانی دەستی لە گەردنی زراقی ماینەکە وەرێنا، بە دەست کەوتە نەوازشی هەردوو کونە کەپووە لەرزۆکەکانی. فەرماندەکە بە وردی لە پاڤل وردبوویەوە، هەرکە ناسییەوە بە سەرسامی ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی :

- ئەمە تۆی کورچاگین! ماینەکەت ناسییەوە، بەڵام سەرت هەڵنەبڕی تا سیریدا بناسیتەوە، سڵاوت لێبێ براکەم !

***

لە شاردا، گوشاریان خستە سەر هەموو دام و دەزگاکان، ئەمەش یەکسەر لە هەموو مەیدانی کارکردنەکەدا ڕەنگی دایەوە. ژارکی کۆمیتەی کومسومولی ناوچەکەی چۆڵکرد، هەر هەموو ئەندامانی ڕێکخراوەکەی ناردن بۆ بویارکا، لە سولومینکادا جگە لە کچان کەسی دی نەمایەوە . هەروەها ژارکی توانی جەماعەتێکی تازە لە خوێندکارانی خوێندنگەی پیشەیی هێڵی ئاسن، بۆ سەر کارەکە بەڕێ بکات.

ژارکی، هەر هەموو ئەمانەی بۆ ئاکیم ڕوونکردەوە و بە نیمچە سوعبەتەوە گوتی :

- تەنیا من و کرێکارە ژنەکان ماوینەتەوە. تالیا لاگوتینا، لە جێی خۆم دادەنەم و، لە سەر دەرگاکە دەنووسین " بەشی ژنان" و دەچم بۆ بویارکا . دەزانی، زۆر نارەحەتم لەوەی کە بەتاقی تەنیا لە ناو ئەم هەموو ژنەدا ماومەتەوە . کچەکان، بە گومانەوە سەیرم دەکەن. وا هەستدەکەم لە بەینی خۆیاندا گاڵتەم پێدەکەن ودەڵێن : " هەر هەمووانی بەم لاو ئەو لادا ناردووە، خۆی بە تەنێ مایەوە" . لەوەیە لەوەش خراتر بڵێن . تکا دەکەم ریگەم بدە با منیش بڕۆم.

ئاکیم، بە پێکەنینەوە داواکەی ڕەتکردەوە .

خەڵکی بە لێشاو بۆ "بویارکا" دەهاتن. شەست نەفەر لە خوێنداکارانی قوتابخانەی پیشەیی ڕێگەی ئاسنیش هاتن.

ژوخرای، توانی ئیدارەی ڕێگای ئاسن ڕازی بکات کە چوار فارگۆنی ڕکاب بنێرن، تا ئەو کرێکارانەی کە تازە چوو بوون، تیایانا بژین.

دەستەکەی دوپاڤا، لە کارکردن مەعاف کران، لە جیاتی ئەوە نێردران بۆ (پوشچە- ڤودیستا) تا چەند لکوموتیڤێکی بچووک و شەست ڤارگۆنی فلات، بگەیەننە شوێن کارەکە . ئەم ئەرکە بە بەشێک لە ئەرکی دەستەکەی دوپاڤا، حیساب دەکرا.

دوپاڤا، بەر لەوەی سەفەر بکات، بە توکاریفی گوت کە لە دووی کلاڤیچک بنێرێت تا بێت بۆ شوێنی کارەکە وسەرپەرشتی ئەو دەستەیەی کە تازە هاتبوون، بەو بسپێرێت. توکاریف ئەمرەکەی دەرکرد بێئەوەی ئەو هۆیە بزانێ کە کردیە کارێک، دوپاڤا، یارۆی چیکی بیر بکەوێتەوە. بەڵام هۆیەکەی پەیامێک بوو کە ئانا بە ئەندامانی سولومینکادا نارد بووی . ئانا لەو پەیامەدا نووسی بووی : "دیمیتری! من وکلاڤیچک، بڕێکی زۆر کتێب و ڕۆژنامەمان بۆ ئامادە کردوون. سڵاوی گەرم و ئاگرینی خۆمان بۆ تۆ و هێرشبەرانی "بویارکا" دەنێرین . بە ڕاستی ئێوە هەمووتان قارەمانن، ئەمما قارەمان! هیوای سەرکەوتن بۆ هەمووتان دەخوازین، دوێنێ دوا یەدەکی ئێزینگ وداری سووتەمەنی ناو عەمارەکانمان دابەشکرد. کلاڤیچک سڵاوت لێدەکات . گەنجێکی زۆر باشە، بۆ خۆی نانتان بۆ ئامادە دەکات، خۆی هەویرەکە دەشێلێ، متمانەی بە کەس نییە . ئاردێکی باشی لە شوێنێ پەیدا کردووە، نانەکەی ئەو نانێکی یەجگار نایابە، وەکو ئەو نانە نییە کە من دەستم دەکەوێ . شەوان، هاوڕێیان : لاگوتین، ئارتیوخین، و کلاڤیچک و هەندێجار " ژارکی" ش لە ماڵی ئێمە کۆ دەبنەوە . هێدی هێدی خوێندنەکەمان پێش دەکەوێ . بەڵام زۆربەی کاتەکەمان بە باسی هەموو شتێکەوە و بە باسی هەموو کەسێکەوە دەبەینە سەر، زیاتر باسی ئێوە دەکەین . کچەکان، لە توکاریف تووڕەن، چونکە ڕێگەی نەداون بێن بۆ شوێنی کارەکە تا کار بکەن . کچەکان قەناعەتیان وایە کە دەتوانن وەکو پیاوەکان، تەحەمولی هەموو زەحمەتیەک بکەن. تولیا دەڵێت : " جلەکانی بابم لەبەر دەکەم ولە لای ئەو سەر دەردێنم، با بزانم چۆن لەوێندەر دەرم دەکات ".

پێموایە ئەو کارە دەکات. سڵاوم بگەیەنە بە چاوڕەش.. ئانا ."

***

لە ناکاوا هەڵیکردە کرێڤە، هەوری تاری وکەوەیی، بە نزمییەوە بەری ئاسمانی گرت . بەفرێکی زۆر دایکرد. شەوێ با بە لورەلور خۆی بە لوولەی دووکەڵکێشەکاندا دەکردو بەفرەکەی لوول دەدا و بە گڤەگڤ خۆی بە ناو بێشەکەدا دەکرد .

بە درێژایی شەو هەر باو بۆران و زریان بوو. هەرچەندە بە درێژایی شەو سۆپا دەسووتا، بەڵام خەڵکەکە خەریک بوو لە سەرما ڕەق دەبوونەوە، چونکە وێستگا وێرانەکە گەرمای گل نە دەدایەوە.

بەیانی، ئەو خەڵکانەی بۆ کار کردن دەرچوون، تا ئەژنۆیان لە بەفرا دەچەقی، هەتاو بە سەر درەختەکانەوە، بە بەرۆکی ئاسمانی شین و ساماڵ و سایەقەوە، دەبریسکایەوە.

جەماعەتەکەی کورچاگین، شوێنی کار کردنەکەی خۆیان لە بەفر پاک کردەوە . پاڤل، ئێستا هەستی بە کول وکۆڤانی پڕ ئازاری سەرما دەکرد. چاکەتە کۆنەکەی ئوکونیف گەرمی نە دەکردەوە، گالۆشەکەی پڕ دەبوو لە بەفر . چەندین جار، لە چاڵە بەفرەکاندا گومی کردبوو . چەکمەکەی پێیەکەی دیکەشی، خەریک بوو بە تەواوەتی دەدڕا . ئەوەندە لە سەر ئەرزی ڕووت خەوتبوو، دوو دوومەڵی گەورە لە ملی هاتبوون . توکاریف، خاولیەکەی خۆی لە جیاتی مل پێچ پێدا بوو و ئەوەی لە ملیەوە دەپێچا.

پاڤلی، لەڕ و لاواز، بە چاوانی ماسیاوەوە، بە هەموو هێزێکی خۆیەوە بە بێڵە دارینە پانەکەی بەفرەکەی دەماڵی.

لەم کاتەدا قیتاری نەفەرات سالآنە - سالآنە خۆی بە وێستگەکەدا دەکرد، لکوموتیڤەکەی بە هانکەهانک و بە خورتی قیتارەکەی تا ئێرە ڕاکێشابوو. تاقە ئێزینگێک لە سەندووقەکەیدا نەبوو، دوا دار لە ئاگردانەکەیدا لە حاڵی سووتاندا بوو.

شوفێری قیتارەکە، هاواری بە سەر بەڕێوەبەری وێستگەکەدا کرد :

- ئەگەر دارمان وێدەن دەڕۆین، ئەگەر نەماندەنێ، ئەوا تا لکوموتیڤەکە قووەتی تیایە با بیخەینە سەر هێڵی یەدەک!

قیتارەکەیان خستە سەر هێڵی یەدەک . هۆی وەستانەکەیان بە ڕێبوارە گرژ وپەستەکان گوت . لە فارگۆنەکانەوە، کە پڕ بوون لە ڕێبوار، خوتە وبۆڵە و جنێو وسخێفان بەرز بووەوە .

بەڕێوەبەری وێستگەکە، بە مامورانی قیتارەکەی گوت :

- قسە لەگەڵ پیرەمێردەکەدا بکەن، هۆ وەتا لە سەر شۆستەکە ڕاوەستاوە . ئەو بەرپرسی کارەکەیە، ئەو دەتوانێ دەستوور بدات کە بە خزاگ، ئێزنگ بۆ لکوموتیڤەکە بێنن . ئەوان دارەکان، لە جیاتی تراورەز بەکار دەبەن .

مامورانی قیتارەکە، بەرەو لای توکاریف ڕۆیشتن، پێی گوتن :

- دارتان وێدەدەم، بەڵام بە خۆڕایی نا. ئاخر دار کەرەستەی کارەکەی ئێمەیە . بەفرێکی زۆر لێرە کەوتووە. قیتارەکە شەش سەد - حەوت سەد ڕێبواری تیایە . ژن و منداڵەکان دەتوانن لە ناو فارگۆنەکاندا بمێننەوە، بەڵام ئەوانی دی دەبێ دەست بدەنە بێڵ وخاکەناز وتا شەوێ بەفر بماڵن . لە جیاتی ئەم کارە ئێزنگ وسووتەمەنی وەردەگرن.

توکاریف، بە مامورانی قیتارەکەی گوت :

- ئەگەر ڕەفزیان کرد، وازیان لێ بێنن تا ساڵی نوێ بۆ خۆیان لێرە دانیشن ...

***

هەندێ دەنگ، لە پشت کورچاگینەوە بەرز بووەوە :

– کوڕینە تەمەشا بکەن، ئەو هەموو خەڵکە! تەمەشا، ژنیشیان تیایە!.

پاڤل، ئاوڕی دایەوە .

توکاریف، لێی چووە پێشەوەو گوتی :

– ئەوانە، سەد کەسن، وەریان بگرە، کاریان بدەیە وئاگات لێیان بێ، بە بێ کار نەسووڕێنەوە.

کورچاگین، کاری بە سەریاندا دابەشکرد. پیاوێکی باڵابەرزیان تیابوو کە پاڵتۆیەکی یەخە فەرووی ماموران و کارمەندانی ڕێگای ئاسنی لەبەر بوو، کڵاوێکی گەرمی ئەستراخانی لە سەر بوو، بە تووڕەیی بێڵەکەی لە دەستیا وەردەچەرخاند، بە ناڕەزاییەوە ڕوویکردە ژنێکی گەنجی نزیکی خۆیەوە کە کڵاوێکی فەرووی گوڵنگداری لە سەر بوو :

– من بەفر ماڵی ناکەم، کەسیش بۆی نییە بە خورتی ئەم کارەم پێبکات . ئەگەر داوام لێبکەن، بەو ئیحتوبارەی کە ئەندازیاری ڕێگای ئاسنم، دەتوانم ئیدارەی کارەکانیان بۆ بەڕێوەبەرم . بەڵام نە تۆ ونە من نابێ کاری بەفر ماڵین بکەین. شتی وا لە بەرنامەی کاردا نییە. ئەم پیرەمێردە، بە پێچەوانەی یاسا وڕێساوە ڕەفتار دەکات. من تاقیبی دەکەم، ڕویکردە کرێکارێکی نزیکی خۆی و پرسی : – کێ سەرپەرشتیاری کرێکارەکانە؟

کورچاگین چووە پێشەوە : – هاو وەڵاتی بۆچی کار ناکەیت؟

کابرا، سەراپای کورچاگینی، بە نیگایەکی حەقارەت ئامێز دابێژت : – تۆ کێی؟

– من کرێکارم .

– من قسە لە گەڵ تۆدا ناکەم . سەرپەرەشتیارەکەم یان هەرکەسێک کە لێرەیە، بۆ بانگ بکە ...

کورچاگین، خێسەیەکی توندی لێکرد .

- ناتەوێ کار بکەی، مەیکە، بەڵام بەبێ ئیمزای ئێمە لە سەر بلیتەکەت، سواری قیتارەکە نابیت، ئەمە ئەمری سەرپەرشتیار وبەرپرسی گشتی کارەکەیە.

پاڤل، ڕووی بۆ لای ئافرەتەکە وەرگێڕا : - تۆش هاوشاری، تۆش کار ناکەیت؟

پاڤل، کە چاوی هەڵبڕی حەپەسا، تونیا تومانوفای لە بەردەم خۆیدا بینی .

تونیا، بە زەحمەت، پاڤلی بەو جلە شەپڕێو و پێڵاوە سەیرانەو و بەو خاولیە چڵکنەی ملییەوە، بەو سەروچاوەوە کە لە مێژ بوو نە شۆردرابوو، ناسییەوە. تەنیا چاوەکانی وەکو جاران پرشنگیان دەدا، ئەم شرپۆشە، کە بە سالوکانی سەرگەردان دەچوو، تا ئەم دواییانەش خۆشەویستی ئەو بوو، چەند گۆڕاوە!

تونیا، ماوەیەکی کەم بوو شووی کردبوو، هەنووکە لە گەڵ مێردەکەیدا، کە پۆستێکی گرنگی لە دایەرەی سکەدا هەبوو، دەچوون بۆ شار. بزانە لە کوێ تووشی کۆنە دەنکەکەی سەردەمی هەوەڵی جوانی خۆی بوو؟ تەنانەت پرکێشی ئەوەشی نەدەکرد تەوقە لە گەڵ پاڤڵدا بکات . ئاخۆ کاردانەوەی ڤاسیلی چ دەبێ؟ زۆری پێناخۆش بوو، کە ڕۆژی کورچاگین بەم ڕۆژە گەیی بوو. وادیار بوو، مندالە ئاتەشکارەکە، لە کرێکاری زەوی کەنی هێوەتر نەچووبوو.

تونیا، بە دوو دڵییەوە وەستابوو، لە پەشۆکاویا ڕەنگی سوور بوو بووەوە. یارۆی ئەندازیاری ڕێگەی ئاسن، لە ڕەفتاری ئەم لات و سالوکەی کە چاوی بڕی بووە ژنەکەی زۆر پەست بوو. بێڵەکەی تووڕ دایە سەر ئەرزەکە ولە تونیا نزیک بووەوە :

- با بڕۆین تونیا، من ناتوانم تەمەشای سەر وفەسالی ئەم لات و لەوێرە بکەم.

کورچاگین، لە رۆمانی (جوزپە گاریبالدی) دا ئەو وشەیەی بەرچاو کەوتبوو و دەیزانی لات و لەوێر یان سالوک کێیە.

- ئەگەر من لات و سالوک بم، ئەوا تۆ پاشماوەی ئەو بورژوا بەزیوانەی کە لە مەرگ ڕزگارت بووە .

پاڤل، بە دەنگێکی گڕ ئەو وەڵامەی یارۆی ئەندازیاری دایەوە وئاوڕی لای تونیای دایەوەو بە دەنگێکی وشک گوتی : - هاوڕێ تومانوڤا، ئەو بێڵە هەڵگرەو لە ڕیزەکەدا بوەستە، چاو لەم گامێشە دابەستەیە مەکە . ببورە من نازانم دەکاتە چی تۆ.

پاڤل، بە پەستی بزەیەکی بۆ کرد وڕوانیە پووتە فەرۆکانی تونیا و بە بێموبالاتیەوە گوتی :

- من ناڵێم بمێننەوە . چونکە ڕۆژێک لەمە پێش چەتەکان هێرشیان کردینە سەر.

پاڤل، پێچی کردەوەو بە گالۆشەکانیەوە بە شلپەشلپ بەرەو لای جەماعەتەکەی خۆی ڕۆیی.

دوا وشەکانی پاڤل، کاریان لە یارۆی ئەندازیاریش کرد . تونیا قاییلی کرد کە بمێننەوەو کار بکەن. ئێوارێ کار تەواو بوو وخەڵکەکە بەرەو وێستگەکە گەڕانەوە. مێردەکەی تونیا بە هەڵەداوان لە پێشەوە دەڕۆیی تا دوو جێگا بۆ خۆی وژنەکەی بگرێت. تونیا وەستا تا ڕێگەی کرێکارەکان بدات. کورچاگین، شەکەت وماندوو، خۆی دا بە سەر بێڵەکەیداو لە دوای هەمووانەوە دەڕۆیی.

تونیا، کە شانبەشانی پاڤل دەڕۆیی، گوتی :

- سڵاو، پاڤلوشا، هەرگیز چاوەڕوانی ئەوەم نەدەکرد بەم وەزع وحاڵەوە بتبینم . باشە تۆ بە لای حکوومەتەوە، شایستەی پێگەیەکی باشتر لە زەوی کەنی نەبوویت؟ من وام وێنا دەکرد کەلە مێژ بێ، کۆمیسەر یان هەر شتێکی تری لەو بابەتانە بیت . بڕوانە ژیان چی پێکردوویت...

پاڤل، وەستا، بە نیگایەکی پڕ سەرسامی ڕوانیە تونیا وئەنجام وشەیەکی لە باری دۆزییەوە وگوتی : - منیش چاوەڕوانم نەدەکرد بەم حاڵەوە، تۆ ... وشک و ...

وشەیەکی هەندێک گونجاو وبڕێک نەرمی دۆزییەوە : – ناز پەروەردە ببینم.

نەرمەی گوێچکەکانی تونیا سووربوونەوە .

– تۆ هێشتا لە سەر هەمان زبری خۆتی؟

پاڤل، بێڵەکەی دا بە شانیا و کەوتە ڕێکردن، دوای چەند گاڤێک بەرسڤی دایەوە :

– زبرییەکەی من هاوڕێ تومانوڤا، زۆر لە بە ناو نەزاکەتەکەی ئێوە سووکترە . پێویست بەوە ناکات خەمی ژیانی منت بێ، ژیانی من عەیبی نییە . بەڵام ژیانی تۆ بە ڕاستی لەوە خراپتر بووە کە چاوەڕوانم دەکرد . یەک دوو ساڵ لەمە پێش باشتر بووی، شەرمت لەوە نەدەکرد تەوقە لە گەڵ کرێکارێکدا بکەیت . کە چی ئێستا بۆنی نەفتالینت لێدێت . حەز دەکەم ڕاستگۆیانە ئەوەت پێ بڵێم کە هیچ قسەیەکم نییە لەگەڵ تۆیدا بکەم.

***

پاڤل، نامەیەکی ئارتیمی پێگەیی . براکەی نووسیبووی کە بەم زووانە زەماوەند دەکات و داوای لە پاڤل کردبوو، بە هەر نرخێ بووە لە زەماوەندەکەیا بەشداری بکات.

بایەکە، کاغەزە سپییەکەی لە دەست کورچاگین دەرهێنا، کاغەز وەکو کۆتر چوو بە ئاسمانا . نە، ناتوانێ لە زەماوەندەکەدا ئامادە بێت . ماقووڵە، کارەکەی بەجێ بێڵێ؟ هەر دوێنێ بوو کە تیمەکەی پانکراتوف ورچ ئاسا پێش تیمەکەی ئەمیان دایەوەو بە ڕادەیەک پێشکەوت کە هەموو سەرسام بوون. ئەم کابرا حەماڵە یەکڕاست بەرەو ئەوە دەچوو کە یەکەم بێت و پلەی یەکەم بە دەست بێنێ و بە جۆش و خرۆشێکی نا ئاسایی وشێتانەوە تیمەکەی خۆی بۆ کارکردن هاندەدا.

پاتوشکین، لە کاتێکا تەمەشای مکووری چالاکی نا ئاسایی کرێکارەکانی دەکرد، بە سەرسامی لاجانگەکانی خوراند ولە دڵی خۆیدا دەیگوت : "ئەوانە چ بەشەرێکن؟ چ هێز وتوانایەکیان هەیە؟ ئەگەر بەم نەفەسەوە کاربکەن و بەردەوام بن، هەشت

ڕۆژی دیکە دەگەینە شوێنی داربڕینەکە . واتە : ئەگەر یەک قەڕن بژی و یەک قەڕن شت فێر بی، لە پیریا هەر بە نەزانی دەمێنیتەوە. ئەم خەڵکانە بە کاری خۆیان، هەموو مەزەندەو پێوەرەکان بە درۆ دەخەنەوە" .

کلاڤیچک لە شارەوە هات ودوا وەجبە نانی دەس پۆختی خۆی لە گەڵ خۆیدا هێنابوو . دوای ئەوەی توکاریفی بینی چوو بۆ سەر ئیشەکە و کورچاگینی لەوێندەر دۆزییەوە . دۆستانە سڵاو وچاک وخۆشیان لە گەڵ یەکدیدا کرد. کلاڤیچک، بە دەم زەردە خەنەیەکەوە، چاکەتێکی چەرمی فەرووی سوێدی زەردی جوانی لە کیسەکەی دەرهێنا، ناو لەپی بە سەر چەرمە نەرمەکەیدا هێناو گوتی : – ئەمە بۆ تۆیە ... دەزانی کێ بۆی ناردوویت؟ ها ها ها ! عەجەب کەودەنێکی ! هاوڕێ خا ئوستینوڤیچ بۆی ناردوویت تا ڕەق نەبیتەوە کەرە گیان . هاوڕی ئولشینسکی بە دیاری دای بەو، ئەویش لێی وەرگرت و دای بە من : " بیبە بۆ کورچاگین" تۆمەز ئاکیم پێی گوتبوو کە تۆ بەم سەرما وسۆڵەیە بە تۆی چاکەتێک کار دەکەیت. ئولشنیسکی، کەمێک ڕووی گرژ کرد وگوتی : " من دەتوانم پاڵتۆیەکی عەسکەری بۆ ئەم هاوڕێیە بنێرم . بەڵام ڕیتا پێکەنی و گوتی : قەیدی نییە، بە چاکەتی چەرمییەوە دەتوانێ باشتر کار بکات! وەرە بیگرە ! " .

پاڤل، بە سەرسامی چاکەتە چەرمە گرانبەهاکەی وەرگرت. دوای کەمێک دوو دڵی، چاکەتەکەی لەبەر کرد، فەرووە نەرمەکەی شان ومل و سینگ و بەرۆکی گەرم کردەوە.

***

ڕیتا، لە دەفتەرەکەیدا دەنووسێت :

٢٠/ک ١ :

وەرزی بەفر وکرێڤە دەستی پێکرد . بەفر بە باوە دەبارێ . کرێکارانی (بویارکا) تەقریبەن بە مەبەست گەیی بوون، بەڵام سەهۆڵبەندان وکڕیوە، لە کاری خستن. لە

بەفرا جووڵەیان بۆ ناکرێ، هەڵکەندنی ئەرزی سەهۆڵ بەستە دژوارە . تەنیا سێ – چوار کیلۆمەترێکیان ماوە . بەڵام ئەم بەشە دژوارترین بەشی کارەکەیانە.

توکاریف، ڕایدەگەیەنێ کە تیفو لە ناو کرێکارەکاندا بڵاو بووەتەوە. تا ئێستاش سێ کرێکار تووش بوون .

٢٢ / ک ١ :

هیچ کەسێک لە (بویارکا) وە بۆ پلینومی کۆمیتەی کومسومولی شار نەهاتبوو. چەتە وڕێگرەکان، قیتاری گەنم و نانەکەیان لە هەڤدە کیلۆمەتری (بویارکا) لە خەتەکە دەرکردبوو . ئیدی بە گوێرەی فرمانی فەرماندەی کومیسیاری ئازووقە، هەموو تیمەکانی کار، بۆ ئەوێندەر ڕەوانە کرابوون.

٢٣/ ک ١ :

لە "بویارکا" وە حەوت نەفەری دیکەی توشبوو بە تیفویان بۆ شار هێنا. یەکێک لەوانە ئوکونیف بوو. من لە وێستگەکە بووم . چەند جەنازەیەکی لە بەفرا ڕەقەوە بوویان لەو قیتارە داگرت کە لە خارکۆفەوە هاتبوو. نەخۆشخانەکان ساردن. بەڵایە ئەم کڕیوەیە! کەی ئەم کڕیڤەیە تەواو دەبێت؟

٢٤/ ک ١ :

تازە لە لای "ژوخرای " هاتوومەتەوە . دەردەکەوێ کە خەبەرەکە دروستە. ئورلیک، دوێنێ بە هەموو باندەکەی خۆیەوە هێرشی کردووەتە سەر "بویارکا " شەڕێکی دوو سەعاتی لە نێوان باندەکەی ئەو و جەماعەتی ئێمەدا ڕووی دابوو ... باندەکە هەموو پەیوەندییەکی بڕی بوو، تەنیا ئەم بەیانییە ژوخرای توانی بووی زانیاری ورد لەو بارەیەوە بەدەست بێنێ. بەرپەرچی هێرشی باندەکە درابووەوەو پاشەکشەیان پێکرابوو . توکاریف بریندار بووبوو، گوللەیەک بەر سینگی کەوتبوو و دیواو دەر کونی کردبوو. ئەمڕۆ دەیهێنن . فرانس کلاڤیچک، کە ئەو شەوە ئامیر حەرەس دەبێت، بە شمشێر دەکوژرێ، ئەو یەکەم کەس دەبێ کە چەتەکان بەدی

دەکات و فیشەکی ئاگادار کردنەوە دەتەقێنێ، بەڵام باندەکە، بەر لەوەی فریا بکەوێ وخۆی بگەیەنێتە قوتابخانەکە، گەیی بوونە سەری وبە شمشێر و قەمە ئەنجن ئەنجنی دەکەن، لەو شەڕەدا یازدە کەس لە تیمەکانی کارکردن بریندار بوون. ئێستا قیتاری جەنگی ودوو سریەی سوارە لەوێندەرن.

پانکراتوف، بوو بە سەرۆکی کرێکارەکان . پوزیروفسکی بە ڕۆژەوە، لە گوندی (کلوبوکی) تووشی ژمارەیەک لە باندەکە بوو بوو وهەر هەموویانی کوشتبوو. هەندێک لە کرێکارە ناحیزبییەکان، چاوەڕوانی قیتارەکەیان نەکردبوو، بە پای پیادە ملی ڕێگایان گرتبوو وبە سەر تراوەرزەکاندا بۆ شار گەڕابوونەوە.

٢٥/ ک ١ :

توکاریف و هەموو بریندارەکانیان هێنایەوە. لە نەخۆشخانەی کلینیکی سوپاییدا خەواندیانن . پزیشکەکان بەڵێنیان دا پیرەمێردەکە ڕزگاربکەن. ئەو لە حاڵی بێهۆشیدا بوو، ئەوانی دی حاڵیان مەترسیدار نەبوو.

کۆمیتەی شاری حیزب و ئێمە، ئەم بروسکەیەمان لە "بویارکا "وە پێگەیی :

"وەکو وەڵامدانەوەیەک بۆ هێرشی چەتەکان، ئێمەی بونیادنەرانی هێڵە تەسکەکە، کە لەم ساتەدا لە گەڵ تاقمی قیتارە زرێپۆشەکەدا تاقمی (لە پێناوی دەسەڵاتی سوڤیاتی) و سەربازانی فەوجی سوارەی سوپای سوورا لە کۆبوونەوەداین، دڵنیاتان دەکەین کە وێڕای هەموو کۆسپ وتەگەرەیەک بۆ یەکی هەیڤی یەک، ئێزنگ و داری سووتەمەنی دەگەیەنینە شار. بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە کار دەکەین. بژی حیزبی کۆمۆنیست کە ئێمەی بۆ ئێرە ناردووە! سەرۆکی کۆبوونەوە کورچاگین . سکرتێری، "بیزرین" .

کلاڤیچک، بە ڕێوڕەسمێکی شکۆمەندانەی سوپایی لە سولومینکا بە خاک سپێردرا.

***

ناردنی ئێزنگە حەیاتەکە نزیک بووبووەوە. لێ مخابن کارەکە زۆر بە هێواشی دەڕۆیی : هەموو ڕۆژێ تیفوید دەیان دەستی زەرووری لە کار دەخست.

کورچاگین، بە لارەلار وەکو مەستان، بە لاقی ماندووەوە بۆ وێستگەکە گەڕایەوە . ماوەیەکی زۆر بوو تای لێبوو، بەو حاڵەشەوە هەر کاری دەکرد، لێ ئەمڕۆ هەستی کرد تایەکەی لە ڕۆژانی دی بە قوەت ترە، ئازاری زۆر زۆرە.

تیفو، کە تیمی کارکردنی، تەواو شپرزە کردبوو، بە سەر وسوراخی پاڤلیشەوە هات. بەڵام بەدەنی بەهێزی وی بەرگەی گرت وبۆ ماوەی پێنج دانە ڕۆژ، توانای ئەوەی لە خۆیدا بە دی کرد، کە لە سەر ئەرزە بە پۆش وکا ڕاخراوەکە هەستێت و دەگەڵ تیمەکەیدا بچێت بۆ کار . نە چاکەتە چەرمە گەرمەکە و نە ئەو پێڵاوە لبادە درێژانەی کە فیودور بۆی ناردبوو و لە پێیە بەفر بردووەکانی کردبوو، دادیان نەدا.

لە گەڵ هەر هەنگاوێکا کە دەینا سینگی دەیزریکاند، وەکو یەکێک لەرزی لێهاتبێ دانە چۆقەی دەهاتێ. چاوانی تاریک دەبوون ودار وتەختەکان لە بەر چاویا وەکو چەرخ وفەلەک دەسووڕانەوە.

بە تۆبزی گەییە وێستگەکە . ژاوەژاوێکی نا ئاسایی لە گوێیدا دەزرینگایەوە وگێژو وێژی دەکرد، تەمەشای کرد، بینی قیتارێکی درێژ، لە سەرانسەری وێستگەکەدا ڕاوەستاوە . چەند لکوموتیڤی بچووک وکۆمەڵێک ڕێڵ و تراوەرز لە فارگۆنە فلاتەکان بارکرابوون. ئەو خەڵکانەی لەگەڵ قیتارەکەدا هاتبوون، خەریک بوون ئەو شتانەیان دادەگرت. پاڤل چەند هەنگاوێکی دیکە ڕۆیی، بەلانسی تێکچوو . کە سەری دای بە عاردیدا، هەستی بە لاوازییەکی زۆر کرد، بەفرەکە بە گۆنا گەرمەکەیا چزا.

دوای چەند سەعاتێک دۆزیانەوەو بۆ کەرەڤانەکەیان هێنایەوە. کورچاگین، بە زەحمەت هەناسەی دەدا و ئەوانەی دەور وبەری خۆی نەدەناسییەوە . ئەو

یاریدەدەری پزیشکەی کە لە قیتارە جەنگییەکەوە هێنرابوو گوتی : "تووشی هەوی سی پەلاک بووەو تیفۆشیەتی. پلەی گەرمییەکەی ٤١/٥ نمرەیە.

خۆ هەوی جومگەکانی و ئەو دوو گرێیەی ملی پێویست بە باسکردنیان ناکات، شتێکی ئەوتۆ نین . دوو نەخۆشیەکەی دی بەسن بۆ ئەوەی هەواڵەی ئەو دنیای بکەن " .

پانکراتوف ودوپاڤا کە تازە لە شارەوە هاتبوو، هەرچیەکیان لە دەست هات بۆ ڕزگارکردنی پاڤل کردیان . هیچ درێغییەکیان نەکرد.

ئەلیوشا کوخانسکی، کە هاوشاری پاڤل بوو، ڕاسپێردرا کە پاڤل بۆ شارەکەی خۆی بەرێتەوە.

بانکراتوف ودوپاڤا، بە کۆمەکی تیمەکەی کورچاگین و بە زۆری خودی خولیاڤا، توانیان کورچاگینی بێهۆش وئەلیوشا، سەربخەنە ناو فارگۆنێکی، پڕاوپڕ لە خەڵکی . خەڵکەکە لە ترسی بڵاوبوونەوە و سیرایەتی تیفۆکە، ڕێگەیان نەدەدا پاڤل، سەر بخرێ، و هەڕەشەیان دەکرد کە لە ڕێگا، لە فارگۆنەکەوە دەیخەنە خوارەوە.

خولیاڤا، دەمانچە ناغانەکەی لەوانە دەرهێنا کە نەیان دەهێشت، پاڤل سەربخرێ. هاواری دەکرد : - نەخۆشییەکەی گیرۆ نییە! ئەم پیاوە هەر دەبێ بڕوات، ئەگەر ناچار بووین، هەمووتان لە قیتارەکە داگرین ! ئاگاتان لە خۆ بێ هەلپەرەستینە . ئەگەر هەر کەسێک دەستی تێوە بدات، من خەبەر بە وێستگاکان دەدەم کە هەر هەمووتان لە قیتارەکە دابگرن وبتانخەنە زیندانەوە...

ئەوسا بە هەڕەشەوە لە سەری ڕۆیی :

- ئەلیوشا، هانێ ئەم دەمانچە ماوزەڕە بگرە، ئەمە دەمانچەکەی پاڤلە، هەرکەسێک ویستی پیادەی بکات، بیکە بە قوربانی فیشەکێک.

قیتارەکە کەوتەڕێ . پانکراتوف، دوای ئەوەی شۆستەکە چۆڵ بوو، لە دووپاڤا نزیک بووەوە : - تۆ چ دەڵێی؟ چاک دەبێتەوە؟

هیچ وەڵامێکی دەست نەکەوت، لە سەری ڕۆیی :

– با بڕۆین دیمیتری، چی دەبێ با ببێ . هەنووکە ئێمە لە هەموو شتێک بەرپرسین، دەبێ شەوانە لکوموتیڤەکان بە ناچاری ڕابگرین . بەیانیش هەوڵدەدەین گەرمیان بکەین.

خولیاڤا، تەلەفۆنی بۆ هەموو هاوڕێ " چکا "کانی خۆی لە سەرانسەری سکەکە کرد . بە جدی داوای لێکردن، کە ڕێگەی سەرنشینەکانی قیتارەکە نەدەن، کورچاگینی نەخۆش لە قیتارەکە دابەزێنن . تا بەڵێنی ئەوەی لێوەرنەگرتن کە " ڕێگەی سەرنشینەکان نادەن " نە خەوت.

***

لە وێستگەی، یەکانگیری هێڵەکانا، لە فارگۆنێکی نەفەر هەڵگرا، جەندەکی گەنجێکی قژ زەردی نەناسیان هێنایە خوارێ، کەس نەیدەزانی کێیە و بۆچی مردووە . چکیستەکان (ئەندامانی چکا) کە ڕاسپاردە و تکایەکەی خولیاڤایان لە بیر مابوو، بە هەشتاو بەرەو فارگۆنەکە ڕۆیشتن تا نەیەڵن، دای بگرن . لێ کاتێ لە مردنی گەنجەکە دڵنیا بوون، فرمانیان دا جەنازەکە بۆ دایەرەی مردووانی وێستگەکە ببەن.

یەکسەر تەلەفۆنیان بۆ " بویارکا"، بۆ خولیاڤا کرد، هەواڵی مەرگی ئەو کەسەیان دایە کە ئەوەندە بە خەمییەوە بوو.

لە بویارکاوە، بروسکەیەکی کورتیان بۆ کۆمیتەی شار نارد وهەواڵی مردنی کورچاگینیان بە کۆمیتەی ناڤبری ڕاگەیاند.

"ئالیوشا کوخافسکی" کاتێ کورچاگینی نەخۆشی بە کەس و کاری گەیاندەوە، بە خۆی تووشی تیفۆید بوو و لە جێگادا کەوت.

***

٩ / ک ٢ :

نازانم، بۆچی ئەوەندە دڵم تەنگە؟ پێش ئەوەی لە پشت مێزەکەوە دانیشم و دەست بە نووسین بکەم گریام . کێ باوەڕی دەکرد کە ڕیتاش دەگری، نەخاسما ئەو گریانە بە کوڵ و دڵە ؟چما گریان و ڕوندک هەمیشە نیشانەی لاوازی ئیرادەیە؟ هۆی فرمێسک و گریانەکەی ئەمڕۆ، کارەساتێکی گەورەیە. بۆچی ڕوویدا؟ بۆچی لەم ڕۆژەدا ڕوویدا؟ ڕۆژی سەرکەوتنی گەورە بە سەر سەرما وسۆڵەی ترسناکدا. ڕۆژی پڕبوونی وێستگەکانی هێڵی ئاسن، لە سووتەمەنی گرانبەها، بۆچی ڕێکەوتی ئەو ڕۆژەی کرد کە تازە لە ئاهەنگی سەرکەوتن و پلینۆمی گشتی سۆڤیاتی شار گەڕابوومەوە، کە لە ئاهەنگەکەدا ڕێز لە قارەمانانی بونیاتنەرانی هێڵەکە گیرا؟ ئەمە سەرکەوتنێک بوو کە دوو کەس : کلاڤیچک و کورچاگین، گیانی خۆیان لە پێناویدا بەخت کرد.

مردنی پاڤل، ئەو حەقیقەتەی بۆ کەشف کردم کە لەوە ئازیزتر بوو کە وێنام دەکرد .

بەم دێڕانە واز لە نووسینی بیرەوەرییەکانم دێنم . ئیدی نازانم جارێکی دی دەگەڕێمەوە سەری و دەست بە نووسینەوەی دەکەمەوە یان نا . سبەینێ کاغەزێک سەبارەت بە ڕەزامەندی کارکردنی خۆم لە کۆمیتەی ناوەندی کومسومولی ئۆکرانیا، بۆ خارکوف دەنێرم.

## فەسڵی سێیەم

گەنجاتی سەرکەوت، تیفو کورچاگینی نەکوشت. پاڤل بۆ جاری چوارەم لە مردن گەڕایەوە، دووبارە زیندوو بووەوە . دوای یەک مانگ، ڕەنگ زەرد و زەعیف، هەستایە سەر لاقە سست و لەرزۆکەکانی، دەستی بە دیوارەکەوە گرت، هەوڵیدا بە دەوری ژوورەکەدا بسووڕێتەوە . دایکی ژێر باڵی گرت، خۆی گەیاندە بەر پەنجەرەکە، ماوەیەکی زۆر چاوی بڕییە جادەکە . چاڵ و چۆڵەکان لە بەفری تواوەدا دەبریسکایەوە. بەفری ناو حەوشەکە بەدەم هەوای ئاخر وئۆخری زستان و هەوەڵی بەهارەوە، لە گەرمەی توانەوەدا بوو.

ڕێک لە بەر پەنجەرەکەدا، چۆلەکەیەکی بەر سینگ قاوەیی لە سەر لقی گێلاسێک نیشتەوەو ژێراو ژێر تەمەشای پاقلی دەکرد. پاقل، بە سەری قامک، لە پەنجەرەکەی دا و لە بن لێوانەوە گوتی : – چییە، من و تۆ پێکەوە زستانمان تێپەڕاند؟

دایکی، بە ترسەوە لێی ڕوانی : – لە گەڵ کێیدا قسە دەکەی؟

– لە گەڵ چۆلەکەیەکا قسەم دەکرد ... فڕی ... فێڵبازە.

زەردە خەنەیەکی کاڵی بۆ کرد .

گەرمەی بەهار بوو. کورچاگین، کەڵکەڵەی ئەوەی کەوتە سەر کە بۆ شار بگەڕێتەوە . بایی ئەوە بوژابووەوە کە خۆی لە سەر پێیان بگرێت وڕێ بکات. بەڵام عەیبێکی نادیار لە جەستەیدا پەیدا بوو، ڕۆژێک کە لە باخچەکەدا پیاسە و ڕاوێچکەی دەکرد، لە پڕ ئازارێک لە بڕبڕەی پشتی هەستا و دای بە عارددیدا. بە تۆبزی خۆی تا ناو ژوورەکە بکێشکرد. ڕۆژی دوایی دوکتۆر معایەنەیەکی وردی کرد، کە دەستی بەر چاڵاییەکی قووڵی بڕبڕەی پشتی کەوت، بە سەرسامی پرسی : – ئەمە چییە، لە چییەوە تووش بوویت؟

– دوکتۆر، ئەمە شوێنەواری بەردە. وەختێ لە نزیکی شاری روڤنو، وەکو هێزی سوارە لە شەڕدا بووین، گوللە تۆپێک هات، لە سەر سوارەڕەوەکە کەوتەوە، بەردێکی هەڵکەند و لە دواوە بەر پشتم کەوت.

– ئەدی چۆن بە حاڵەوە دەتتوانی ڕێ بکەی؟

کە بەردەکەم بەرکەوت ، نزیکەی سەعاتێ دووان، لە سەر پشت ڕاکشام ، پاشان هەستام و سواری ئەسپەکەم بوومەوە. ئەمە یەکەمجارە، هەست بە ئازاری دەکەم .

– بەڵێ گیانەکەم. ئەمە شتێکی زۆر ناخۆشە. مۆرەغە ئەم جۆرە داخزانەی پێناخۆشە .هیوادارم جارێکی دی سەر هەڵنەداتەوە . هاوڕێ کورچاگین، جلەکانت لەبەر بکەرەوە .

پزیشکەکە، بە هاو خەمی وخەمبارییەکەوە، کە بۆی نەدەشارایەوە، ڕوانییە نەخۆشەکەی .

***

ئارتیم، لە گەڵ ماڵباتی ژنە گەنجە بێکارەکەی خۆیا، کە ناوی ستیشا بوو دەژیا. ماڵباتەکەیان، خانەوادەیەکی دێهاتی هەژار بوون. پاڤل، جارێک بە سەردان چوو بۆ ماڵی ئارتیم. منداڵێکی شڕ و شەپرێوی، پیس و پۆخڵی، چاو چەپ و خێل، بە نێو حەوشە چکۆلە پیسەکەدا غاری دەدا . کە چاوی بە پاڤل کەوت، بێ هیچ لە ڕوو دامانێک چاوانی تێبڕی، لە کاتێکا، قامکی لە کونە کەپووی وەردەدا، پرسی : – چیت دەوێ؟ ناکا بۆ دزی هاتبی؟ تا زووە بڕۆ، دایکمان زۆر تووڕەیە!

پەنجەرە بچووکەکەی کوختە نزمەکە کرایەوەو ئارتیم بانگی کرد :– پاڤلوشا، وەرە ژوورەوە!

پیرەژنێکی ڕەنگ وڕوو سیسەڵە وچرچەڵە، بە مقاشێکەوە خەریکی کوورەکە (ئاگردان) بوو. نیگایەکی لا بە لای نادۆستانەی پاڤلی کرد، گەڕایەوە سەر کارەکەی خۆی و مەنجەڵەکانی خستە تەق و هوڕ.

دوو کیژی منداڵ، بە گێسوانی کورتەوە، خێرا خۆیان گەیاندە سەر ئاگردانەکە و لەوێندەرەوە وەکو کێوییان بە کونجکاوییەوە کەوتنە تەمەشا کردن.

ئارتیم، بە جۆرە شەرمەزارییەکەوە لە پشت مێزەکەوە دانیشتبوو . نە دایکی و نە براکەی، لەم ژن هێنانەی ئەو ڕازی نەبوون . ئەمانە نەیاندەزانی، ئارتیم کە بابەل باب هەر کرێکار بوو، بۆچی دەستبەرداری ڤیان ودۆستایەتی سێ ساڵەی گالیای جوان وشۆخ وشەنگ ، دەستڕەنگین و خەیات، کچی کابرایەکی بەردتاش بوو و کەوتە داوی ستیشای دزێو و بێ سەروبەرەوەو، چوو لە گەڵ خانەوادەیەکی پێنج نەفەری نانخۆر وجێگری، بێ بەخێوکەر و بێ سەرپەرشتیارا دانیشت. ئارتیم، دوای

ئەوەی لە کاری دەبۆی قیتاران تەواو دەبوو، ئیدی دەکەوتە کاری جووتیاری بەو ئومێدەی مەزرایەکی وێران ئاوەدان بکاتەوە.

***

ئارتیم، دەیزانی کە پاڤل حەزی نەدەکرد، ئەو بەلای چینی وردە بورژوادا دایکێشێت. ئێستاش کەر پاڤلی دەبینی چۆن سەیری دەور وبەری خۆی دەکرد، دەیزانی بیر لەچی دەکاتەوە.

پێکەوە دانیشتن، هەندی قسەی ئاسایی وچاک وخۆشیان لە گەڵ یەکدیدا کرد. ئەوسا پاڤل هەستا بڕوات، بەڵام ئارتیم نەی هێشت :

– مەڕۆ، نانی نیوەڕۆمان لە گەڵ بخۆ. ئێستا ستیشا شیرمان بۆ دێنێ، یانی سبەی سەفەر دەکەی؟ هێشتا بێتاقەت دیاری پاڤل.

ستیشا، خۆی بە ژووردا کرد . سڵاوی کرد، داوای لە ئارتیم کرد کە بچێت یارمەتی بدات و هەندێ شتی لە کادانەکەوە، لە گەڵا هەڵبگرێت. پاڤل، بە تەنێ لە گەڵ پیرەژنە کەمدووەکەدا مایەوە. زەنگی کڵێسا لە پەنجەرەکەوە هاتە گوێ . پیرەژن مقاشەکەی دانا و بە بێزارییەوە کەوتە بۆڵەبۆڵ :

– ئەی خواوەندی مە عیسا. ئەی خودای بانی سەر، کار ومژوولی دەرفەتی نوێژ ونزاش نادات.

ئەوجا دەستەسڕەکەی لە ملی کردەوە. بە لاچاوێک ڕوانییە میوانەکە، ڕۆیی بۆ ئەو سووچەی کە چەند وێنەیەکی کۆنی کاڵەوە بووی وەلیانی لێ دانرابوو . سێ قامکی ڕەق وتەقی بەیەکەوە چەسپاند و هێمای خاچی کێشا. بە جووتێ لێوی وشکەوە کەوتە چپە دوو :

– ئەی بابی بانی سەران، ناوی تۆ موبارەکە، موبارەک بێ.

کوڕیژگەیەک لە حەوشێدا، سواری بەرازێکی ڕەشی گوێ شۆڕ بووبوو، بە پێیە ڕووتەکانی، وەکو مامێز دەی ژەنی بە لاتەنگەی بەرازەکەدا. بە دەستە چکۆلەکانی یاڵ وبژی بەرازەکەی گرتبوو : – دە دەی بڕۆ ! بڕۆ، ناز مەکە !

بەرازەکە بە نێو حەسارەکەدا کەوتە غاردان، دەیویست منداڵەکە بەر بداتەوە . بەڵام کوڕەی چاوچەپ و خێلی شەیتان، تووند خۆی پێوە دەگرت.

پیرەژن، نوێژ ونزاکەی بڕی و لە پەنجەرەکەوە سەری دەرکێشا :

– ڕاوەستە بۆم، بزانە چۆن سوارییەکت نیشان بدەم . هەی سەگی لە سەگ بوو! دابەزە لە سەر بەرازەکە، هەی عەمر کورت! ئەمەش بوو بە منداڵ!

بەرازەکە، ئەنجام منداڵەکەی دا بە عاردیدا. پیرەژن، بە ڕەزامەندییەوە دووبارە بۆ لای ئیکۆنەکان گەڕایەوە. بە سیمایەکی خوا ناسانەوە درێژەی بە نوێژەکەی دا :

– با فەڕ وبەرەکەت و دەسەڵاتی تۆ بێت ...

منداڵەکە، بە گریانەوە هاتە بەر دەرگاکە، بە سەر قۆڵی، کەپووە برینداڕەکەی سڕی و بەدەم گریانەوە گوتی : – دایکە، کێکێکم بدەیە!

پیرەژن، بە تووڕەیی ئاوڕی دایەوە :

– ئەم کویری لە خوا عاسیە نایەڵێ نوێژەکەم بکەم . ئێستا دەتدەمێ کوڕی سەگ! ...

ئەوسا، پڕی دایە شەلاخێکی سەر تەختەکە. کوڕە یەکسەر خۆی شاردەوە . کچەکان، لە سەر ئاگردانەکەوە، بە هێواشی کەوتنە پێکەنین . پیرەژن بۆ جاری سێیەم نوێژی دابەستەوە.

پاڤل، بێئەوەی چاوەڕوانی براکەی بکات، هەستا وڕۆیی، لە کاتێکا دەرگای حەوشەکەی لە دوای خۆوە دادەخست، لە سووچی پەنجەرە چکۆلەکەوە، سەری پیرەژنی بەدی کرد، کە چاودێری ئەمی دەکرد.

پاڤل، هێدی هێدی بە شەقامە چۆڵەکەی شارۆچکەکەدا، مات و خەمبار، ڕێی دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت : " چ بایەکی شووم ئارتیمی هەڵداوەتە ئێرە؟ لە ئێستاوە تا ماوە ناتوانێ لێرە دەرباز ببێت. ستیشا هەموو ساڵێک منداڵێکی بۆ دێنێ، ئیدی وەکو گوخلێنە لە شیاکەدا نقووم دەبێت. دوورنییە واز لە کاری دەبۆکەش بێنێ، خوا بەو ڕۆژە نەکا ... سەیرە! منیش بە تەما بووم بیهێنمە ناو دنیای سیاسەتەوە " .

زۆر بەوە شاد بوو، کە سبەی دەچوو بۆ شار، بۆ ئەو شارە گەورەیەی کە دۆستان و ئازیزانی دڵی لەوێ بە جێ هێشتبوون . شارە گەورەکە، بە توانای خۆی، بە زیندوویەتی خۆی، بە لێشاوی لەبن نەهاتووی خەڵکەکەی، بە هاڕەی ترامەکانی و هۆڕنی ئۆتومبیلەکانی، ئەمی بەرەو خۆی ڕادەکیشا. لە هەموو ئەمانەش گرینگتر، بینا بەردە بەرزەکان، وەرشە و کارگە و کارخانەکان، ئامێر و مەکینەکان، خشەخشی نەرمی بەکرەکان بوو بۆ ئەوێندەریان ڕادەکێشا . سووڕانەوەی بەکرە زەبەلاحەکان و بۆنی ڕۆن وگریسی مەکینە بووبوون بە بەشێک لە بوونی ئەو. پاڤل، لێرە، لەم شارە بچووک و کرۆکپەدا، کاتێ پیاسەی دەکرد، هەستی بە جۆرە خەمینی و دڵتەنگیەک دەکرد، هیچ بەلایەوە سەیر نەبوو کە ئەم شارۆچکەیەی لێ ببێ بە دۆزەخ، تیایا بێتاقەت ببێت، تەنانەت حەزی نەدەکرد بە ڕۆژەوە بۆ پیاسە وڕاوێچکە بچێتە دەرەوە . کاتێ بە بەردەم ئەو ژنە چەنەبازانەدا کە لە بەر ماڵان دادەنیشتن تێدەپەڕی، گوێی لە چەنە بازییەکانیان دەبوو کە دەیانگوت : – ژنینە، ئەم داهۆڵە کێیە؟

– لەوە دەچێ سیل ودەردە باریکەی بێ .

– بەڵام چاکەتە چەرمیەکەی ئەشرافانەیە، بێگومان ماڵی دزییە.

گوێی لە زۆر قسەی قێزەونی دیکەش دەبوو، کە لەبەری گران بوون.

زۆر لە مێژە، ڕەگ وڕیشەی لێرە هەڵکەندراوە، ئێرە لەبەرچاو کەوتووەو دڵی بۆ شارە گەورەکە لێدەدات، شاری برایەتی و پڕ چالاکی وکار وکرانەوە بە ڕوی ژیانا.

کورچاگین، بێئەوەی بە خۆ بحەسێت، بە دەم بیرکردنەوەوە گەییە کاژستانە چکۆلەکە . لە سەر دوو ڕێانەکە وەستا . بە دەستە ڕاستا، زیندانە کۆنە گەورەکە بوو، کە دیوارێکی بەرز لە دارستانەکەی جیادەکاتەوە. لە پشت زیندانەکەوە، بینا بەرزە سپیەکانی خەستەخانەکەیە . لێرەدا، لەم مەیدانە بەردینەدا بوو، کە ڤالیا وهاوڕێکانی، لە سێدارە دران وگیانی خۆیان بەختکرد. کورچاگین، بە بێدەنگی لەو شوێنەدا کە سێدارەکەیان دانابوو، ڕاوەستا. ئەوسا بەرەو هەڵدێرەکە ڕۆیی، لەوێندەرەوە تەمەشای خوارەوەی کرد وئەوسا بۆ گۆڕستانە بە کۆمەڵەکەی هاوڕێیانی شەهید نشێو بووەوە.

دەستانی میهرەبانی کەسێک ڕیزی گۆڕەکانی، بە تاجە گوڵینەی چڵە سنۆبەران ڕازاندبووەوە و پەرژینێکی کەسکی بە دەوری گۆڕستانە بچووکەکەدا کێشابوو. دارسنۆبەری قەراخ هەڵدێرەکە سەریان بەرزکردبووەوە. سەوزە گیایەکی نەرمی تازە، داوێنی هەڵدێرەکەی داپۆشی بوو.

ئەمە قەراخ شارۆچکەکەیە، ئارام وخەمناکە، خشەخشی ئارامی گەڵای درەختەکان وبۆنی بەهار و بوژانەوەی زەوی دنیای پڕکردووە. ئا لێرەدا، برایانی بیروباوەڕ، مەردانە گیانی خۆیان بەختکرد، تا ژیان بۆ ئەوانە ڕووناک بکەنەوە کە لە هەژاریدا لە دایک بووبوون، لە سەردەمی کۆیلایەتیدا هاتبوونە دنیاوە.

پاڤل، بە ئەسپایی کڵاوەکەی لە سەری داگرت وخەمێکی گەورە دڵی پڕکرد .

ئازیزترین شت بە لای مرۆڤەوە ژیانە. مرۆڤ تەنیا یەک جار دەژی، دەبێ بە جۆرێ مومارەسە بکرێت، تا ساڵانی بە فیڕۆچووی تەمەن نەبنە مایەی دەرد وعەزاب . تا ڕابردووی ناچیز و پڕ شەرمەزاری، داغی ڕیسوایی بە ناوچەوانیەوە نەنێ، تا لە سەرە مەرگا بتوانێ بڵێ : هەموو ژیانم و هەموو تواناکانم وەقفی جوانترین شتی دنیا، وەقفی خەبتین لە پێناوی ڕزگاری مرۆڤایەتیدا، کردبوو. مرۆڤ دەبێ بە هەموو مانای وشە، مومارەسەری سات بە ساتی ژیانی خۆی بکات.

چونکە لەگینە لە ناکاوا، نەخۆشیەکی پیس، یان بویەرێکی تراژیدی، بۆ هەتا هەتایە بی پێچێتەوە.

کورچاگین، بە دەم ئەو بیر وخەیالآنەوە، گۆڕستانی برایانی شەهیدی بەجێهێشت .

***

دایکە خەمناکەکەی، لە ماڵەوە خەریک بوو بارگەی سەفەری کوڕەکەی دەپێچایەوە. پاڤل، ژێراو ژێر تەمەشای کرد، بینی دایکی ڕوندکەکانی خۆی لێدەشارێتەوە.

لە کاتێکا، شتەکانی کوڕەکەی بۆ لە جانتایەکی خاوێن دەنا، لە بن لێوانەوە گوتی :

– ناکرێ نەڕۆی پاڤلوشا؟ ئاخر زۆرم لە بەرگرانە، بەم ئاخری عەمرەوە بە تەنیا بژیم . چەندت منداڵ هەبن، کە گەورە دەبن، بڵاوەی لێدەکەن وهەر یەکەیان بە لایەکا دەڕوات. ئاخر چی شتێک تۆ بۆ شار دەبات؟ چیت داوە لە شار؟ خۆ دەتوانی لێرەش بژی. یان تۆش هەوێردەیەکی قژ کورتت بۆ خۆت دۆزیوەتەوە؟ ئاخر کەس پرس بە منی پیرەژن ناکات، کەس هیچم پێناڵێت . ئارتیم ژنی هێنا هەر پێشی نەگوتم، تۆش لەو باشتر نابیت. من تەنیا ئەو کاتانە دەتانبینم، کە تووشی نوقستانیەک دەبن.

داکی پاڤل، بە دەم وردە گلەییانەوە، باروبنەی هەژارانەی کوڕەکەی لە جانتایەکی خاوێن دەنا . پاڤل، شانەکانی دایکی گرت وبۆ لای خۆی ڕایکێشا.

– دایکە گیان من هەوێردەم نییە! بەڵام تۆ خۆت دەزانی، هەر تەیرێک بۆ لفی خۆی دەگەڕێت؟ باشە بە باوەڕی تۆ من هەوێردەم؟

پاڤل، دایکە ئازیزەکەی هێنایە پێکەنین .

– دایکە گیان، من بەڵێنم بە خۆ داوە، تا بورژوایانی سەرانسەری دنیا لە نێو نەبەین، ئاشقێنی لە گەڵ کچاندا نەکەم . چییە، دەڵێی ئەمە زۆری دەوێ؟ نا دایە گیان، بورژوایان زۆر ناژین، زۆریان نەماوە ... یەک کۆمار بۆ هەموو خەڵکی دێتە دامەزراندن . ئێوەی پیرەژن و پیرەمێران، ئەوانەی هەموو تەمەنتان لە زەحمەتا بەسەر بردووە، بۆ ئیتاڵیا دەنێرین، تا لەوێ ئیسراحەت بکەن، ئیتاڵیا وەڵاتێکی گەرمە، لە سەر دەریایە، دایکە ئیتاڵیا زستانی نییە، لە کۆشک وتەلاری بورژواکاندا ئاکنجیتان دەکەین، ئێسقانە پیرەکانی خۆتان لە بەر هەتاوی گەرمی ئەوێندەر گەرم دەکەنەوە . بەڵام ئێمە دەڕۆین بۆ ئەمریکا و بورژواکانی ئەوێش لە نێو دەبەین.

– من، کوڕەکەم تا ئەو ڕۆژەی کە ئەم خەیاڵ پڵاوانەی تۆ دێنەدی، ناژیم . یانی ئەو ڕۆژە بە چاو نابینم . باوە گەورەی تۆش وەکو تۆ بەرزە خەیاڵ و بەرزە فڕ بوو، کابرایەکی دریاوان و چەتە وڕێگرێکی جەربەزە بوو. خوا عافووی بکات! ئەوەندە لە سیڤاستوپول جەنگی و بەشداری کرد، تا بە بێ دەست و پێ بۆ ماڵ گەڕایەوە . دوو خاچیان لە بەرۆکی دا و دوو میداڵی زیوی تزارییان لە ملی کرد، بەڵام بە پیری لەو پەڕی هەژاریدا ژیا . ئەویش کەسیکی توونده تەبیعەت و سەرکێش بوو. جارێکیان یەکێک لە بەرپرسانی دەوڵەتی بەر گۆپاڵان دا . یەک ساڵی تەواو لە زندانا مایەوە. خستیانە زندانەوەو خاچ و میداڵەکان شەفاعەتیان بۆ نەکرد وبە دادیا نەگەیین، کە تەمەشای تۆ دەکەم ڕێک لە باپیرت دەچی. کۆپییەکی تەواوی ئەویت.

– دایکە گیان ئێمە بۆچی دوعاخوازیەکەمان بەم غەمگینییە بکەین؟ کوا ئەو ئوکوردیۆنەم بدەیە، زۆر لە مێژە بە دەستەوەم نەگرتووە.

سەری بە سەر دوگمە سەدەفیەکانیەوە دانەواند . دایکی سەری لە نەوا نوێیە موزیکییەکانی کوڕەکە سوڕما. ژەنینەکەی وەکو جاران نەبوو، ژەنینەکەی دوور بوو لە هەر نەوایەکی بێباکانە، دوور بوو لەو ئاهەنگە سۆزدارییانەی کە لە خۆڕا مرۆڤ دەخەنە سەما وهەڵپەڕکێ، دوور بوو لەو شەقڵە بێ پەروایانەی کە پاڤکای

ئوکوردیۆن ژەنی جەوان، لە سەرانسەری ئەم شارە چکۆلەیە پێی بە ناو بانگ بوو. میلۆدییەکەی، ئاهەنگدار و بە قوەت بوو، بەڵام لە جاران قووڵتر بوو.

***

پاڤل، بە تەنێ بۆ وێستگەکە ڕۆیی .

قەناعەتی بە داکی کرد کە لە گەڵی نەڕوات . نەیدەویست دایکی لە کاتی خودا حافیزیدا بگری و ڕوندکان برێژێ. خەڵکی بە پاڵە پەستۆ خۆیان بە قیتارەکەدا دەکرد. پاڤل، شوێنێکی لە بەرزترین ڕەفەدا دۆزییەوە . لەوێندەرەوە تەمەشای خەڵکەکەی دەکرد کە لە ڕاڕەوەکانا، بە دەم هەرا و هەنگامەوە هاڕوژابوون و پەنگا بوونەوە. وەکو هەمیشە کیسە وپریاسکە پڕ قاچاغەکانیان بە دەستەوە گرتبوو و دەیان تەپاندنە ژێر کورسییەکانەوە.

وەختێک قیتارەکە جما، خەڵکەکە هێور بوونەوەو وەکو هەمیشە کەوتنە شت خواردن . پاڤل، زوو خەوی لێکەوت .

***

هەوەڵین ماڵێک کە ئەو دەیویست سەریان لێبدات، لە شەقامی کرشچاتیک بوو لە ناوەندی شار. بە ئەسپایی بە پلیکەنەکاندا سەردەکەوت، هەموو شتەکانی دەور وبەری وەکو خۆ مابوونەوە، هیچ شتێک نەگۆڕابوو . بە سەر پردەکەدا ڕۆیی، دەستی بە محەجەرەکەوە گرتبوو و سەردەکەوت، لە نشێویەکە نزیک بووەوەو بە سەرسامی وەستا. پردەکە چۆڵ بوو . شەو بوو، تاریکیەکی مەخمەڵی بێ کۆتایی باڵی بە سەر ئاسۆدا کێشابوو. ئاسمان دەتگوت بە بار ئەستێرانی پێ وەرکرابوو، ئەستێرەکان، وەکو فسفۆڕ دەدرەوشانەوە . بەڵام لە خوارترەوە، لەو مەرز ومەودا نادیارەوە کە ئەرز وئاسمان لێکدی دەدا، شار ملیۆنان تیشک و ڕووناکی بە تاریکییەکەدا وەرکردووە...

کورچاگین، تووشی چەند کەسێک بوو کە بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوتن . دەنگی تیژی ئەو خەڵکانەی کە بە پلیکانەکاندا سەر دەکەوتن، بێدەنگی شەوەکەی شڵەقاند. پاڤل، چاوی لە شار گواستەوە و نشێو بووەوە.

کورچاگین، لە کرشچاتیک، لە بەردەم دایەرەی چکای ناوچەدا پرسیاری ژوخرای لە ئێشکچی بەر دەرگاکە کرد، وەڵامی دایەوە کە ژوخرای لە مێژە لە شار نەماوە. کابرای ئێشکچی، بە پرسیار پاڤلی داگرتەوە. دەیویست بزانێ کێ یە وبە چ مەبەستێک هاتووە . دوای ئەوەی دڵنیا بوو کە ئەم گەنجە ناسیاوی " ژوخرای" یە گوتی : فیودور، دوو مانگە چووە بۆ تاشقەند تا لە جەبهەی تورکستان کار بکات . پاڤل، ئەو خەبەرەی زۆر پێناخۆش بوو، بە ڕادەیەک پەست بوو کە چیتری نەپرسی و بە بێدەنگی بەرەو شەقامەکە گەڕایەوە.

ماندوویەتی زۆری بۆ هێنا، ناچار بوو لە سەر پلیکانەکانی بەر دەرگای دایەرەی ناڤبری دانیشێت.

ترامیک، بە تەقەتەق بە شەقامەکەدا تێپەڕی. شۆستەکان لە ڕێبوارانا جمەی دەهات، خێزەرەی هاتوچۆ لە بڕانەوە نە دەهات . شار لە جم و جوڵدا بوو . جارێ خەندەی پڕ شادی ژنان، جارێ دەنگی بەرزی پیاوانە، جارێ دەنگی ئاهەنگداری نەوجەوانان، جارێ لرخەلرخی پیرەمێردان دەهاتنە گوێ. هاتوچۆی لەزگینی خەڵکی لە بڕانەوەو کۆتایی نە دەهات . ترامێن پڕ ڕووناکی، لایتی بەرزی ئوتومبیلان، گڵۆپێن کارەبایی بە شەوق بە دیار ڕیکلامی سینەماکانی دەور وبەرەوە، چراخانێک بوو لەو گۆڕە. دەنگی لە پەستا وبێ پسانەوەی خەڵکی هەموو شوێنێکی پڕ کردبوو . ئیدی شەوانی شاری گەورە ئاوایە.

هەرا و زەناو جم وجوڵی شەقامەکە، تا ڕادەیەک خەمی غیابی فیودوریان لە دڵی پاڤل کەم کردەوە . ئێستا چی بکات، کێوە بچێت؟ بگەڕێتەوە بۆ سولومینکا، بۆ لای برادەرەکانی؟ زۆر دوورە . لە پڕ ئەوماڵەی بیرکەوتەوە کە لە شەقامی زانکۆ بوو . نزیک بوو . هەر ئێستا بۆ ئەوێندەر دەڕوات. ئەدی لە بەرنامەیدا نەبوو، دوای

سەردانی فیودور، سەری ڕیتا بدات . لەوێ دەتوانێ شەو لە نک ئاکیم یا مخائیل ڕۆژ بکاتەوە.

لە دوورەوە، ڕووناکی پەنجەرەی ژوورەکەی سەرەوەی بینی. کورچاگین، لە کاتێکا هەوڵی دەدا خۆی زەوت بکات و ئارام بێ، دەرگا قاوەییەکەی بەرەو خۆی ڕاکێشا . چەند چرکەیەک لە بەر دەرگای ژوورەوە وەستا، لە ژوورەکەی ڕیتاوە دەنگ دەهات و یەکێک گیتاری دەژەند.

" ئەها، وا دیارە گیتارژەنی قەدەخە نییە؟ دیارە ڕژێم شلی کردووە " . کورچاگین لە دڵی خۆیدا گەییە ئەو ئەنجامگیریە. بە ئەسپایی لە دەرگای دا. لە نیگەرانی و پەشێویدا کەوتە گەستنی لێوی .

ژنێکی نەناسی گەنج ، کە بسکەکانی بە لاجانکەکانیا پەخش وپەرێشان کردبوونەوە دەرگاکەی کردەوەو، تەمەشایەکی پرسیار ئامێزی کورچاگینی کرد: - کێت دەوێ؟

ژنە دەرگاکەی دانەخستەوە، پاڤل گوتی : - دەتوانم ئوستینوفیچ ببینم؟

- لێرە نییە. لە مانگی کانوونی دووەما بۆ خارکوف ڕۆیی. ئەوندەی من بزانم، لەوێشەوە بۆ مسکۆ چووە.

- ئەدی هاوڕێ ئاکیم لێرەیە یان ئەویش سەفەری کردووە؟

- هاوڕێ ( ئاکیم )ش لێرە نییە، ئێستا سکرتێری کومسومولی شارۆچکەی ئودیسایە.

پاڤل، هیچی بۆ نەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێ کە بگەڕێتەوە . شادی گەڕانەوە بۆ شاری لە لا سڕایەوە.

ئێستا دەبوایە بە جدی بیر لە شوێنی مانەوە بکاتەوە . ڕوو بکاتە کوێ .

– ئەگەر، بەمجۆرە بۆ ماڵی ئەم دۆست و ئەو دۆست بگەڕێم، هەم زۆر ماندوو دەبم وهەم کەسیان نابینم.

کورچاگین، بە دەم ئەم خەیاڵانەوە، خەمین و پەست لە بەر خۆوە کەوتە خوتە وبۆڵە . وێڕای ئەوەش لێبڕا جارێکی دیکەش شانسی خۆی تاقی بکاتەوەو هەوڵبدات پانکراتوف بدۆزێتەوە . ئەم حەماڵ و کۆڵبەرە لە نزیکی بەندەرەکە دەژیا، ماڵەکەی ئەو لە سولومینکا نزیکتر بوو.

کورچاگین، بەو پەڕی شەکەتی گەییە بەر ماڵی پانکراتوف، لە دەرگا زەرد باوەکەی دا، لە دڵی خۆیدا گوتی : " ئەگەر ئەمیش لە ماڵ نەبێ چیتر ناگەڕێم . دەچم خۆ لە پەنا بەلەمێک دەنەم و شەو لەوێندەر ڕۆژ دەکەمەوە " .

پیرەژنێک کە لەچکێکی سادەی لە سەرو لە ژێر چەناگەیدا گرێی دابوو دەرگاکەی کردەوە . ئەم پیرەژنە داکی پانکراتوف بوو .

– دایکەگیان " ئیگنات " لە ماڵە؟

– ئەمە تۆزێکە هاتووەتەوە، کارت پێی هەیە؟

پیرەژن پاڤلی نەناسی، گەڕایەوەو هاواریکرد : – ئیگنات، وەرە، یەکێک هاتووە کاری پێتە.

پاڤل، دوا بە دوای پیرەژنەکە وەژوورکەوت . جانتاکەی لە عاردی دانا، پانکراتوف، بە دەم جوونی پاروویەکەوە، لە سەر خوانەکەوە ئاوڕی دایەوە :

– ئەگەر کارت بە منە دانیشە وقسەی خۆت بکە . چیت گەرەکە باسی بکە . لە بەیانییەوە زەوادم بە زاری نەکەوتووە، با پارووە نانێک بخۆم.

پانکراتۆف، کەوچکێکی داری گەورەی بە دەستەوە گرت.

پاڤل، له تەنیشت پانکراتوفەوە، له سەر کورسییەکی چاڵ دانیشت . کڵاوەکەی داکەند و وەکو خووەکەی جاران هەنیەی پێ سڕی . له دڵی خۆیدا گوتی : " یانی من ئەوەندە گۆڕاوم کە "گنکا"ش نەمناسیێتەوە؟ " .

پانکراتوف، یەک دوو مراک شۆربای کەلەرمی هەڵمەقووت کردو که هیچ وەڵامێکی له میوانەکەیەوە گوێ لێنەبوو، ئاوڕی لێی دایەوە : - دەی قسە بکە، چیت دەوێ؟

پاروو نانێکی بە دەستەوە بوو، خەریک بوو بۆ زاری دەبرد، دەستی لە نیوەی ڕێگادا وەستا، چاوەکانی کەوتنە پرتەپرت وبە سەر سامی گوتی :

- ئای ئای ... تۆ بوەستە ... ئەمە چ کەڵەکێکە! ...

پاڤل، کە بینی ڕوخساری هاوڕێکەی لە سەرسامیا سوور بووەتەوە، خۆی پێنەگیراو لە قاقای پێکەنینی دا.

- پاڤکا، خۆ ئێمە تۆمان بە مردوو دانا ! ... هەستە سەر پێیان! ناوت چییە؟

خوشکە گەورەکە ودایکی پانکراتوف، کە گوێیان لە هاواری ئەو بوو، بلەز لە ژوورەکەی تەنیشتەوە هاتن. ئەنجام هەرسێکیان قەناعەتیان هێنا، کە ئەو کەسەی لە بەردەمیاندا وەستا بوو، کورچاگینی ڕاستەقینەیە.

دەمێک بوو هەموو خەڵکیماڵەکە خەوتبوون. پانکراتوف، هێشتا هەر ئەو بویەرو ڕووداوانەی بۆ پاڤل دەگێڕایەوە کە لە چوار هەیڤی ڕابردوودا بە سەری هاتبوون :

- هێشتا زستان نەهاتبوو کە ژارکی و میتیا و میخائیلو بۆ خارکوف ڕۆیشتن . ئەم بێشەرەفانە بۆ کوێ ڕۆیشتبن باشە؟ یەکسەر بۆ زانستگەی کۆمۆنیستی . ژارکی و میتیا چووبوونە پۆلی ئامادەسازی و میخائیلو چووبووە پۆلی یەک . پازدە کەسمان لەوێ یەکیان گرتەوە . منیش گەرما و گەرم داوایەکم پێشکەش کرد. لە دڵی خۆدا گوتم پێویستە منیش کەمێک بە خۆڕا بگەم و ئەقڵی خاوی خۆم کەمێک دەوڵەمەند بکەم . بەڵام لیژنەی وەرگرتن، قەبووڵیان نەکردم .

پانکراتوف، ئاهێکی هەڵکێشا و بە توورەیی لە سەری ڕۆیی :

– لە هەوەڵەوە کارەکەم باش دەڕۆیی . هەموو مەرجەکانم تیابوو. کارتی حیزبیم هەبوو، ماوەی کارکردنم لە کومسومولدا، تەواو بوو، هیچ گومانێک لە سەر ئەسڵ وفەسڵ و پەروەردەی جڤاکیم نەبوو، بەڵام کە کار هاتە سەر زانیاری سیاسی، ئیدی کارم خراپ بوو. یەکێک لە هاوڕێیانی لیژنەکە لێم چوو بە چەقی نەعلەتاو ئەم پرسیارەی لێکردم : "هاوڕێ پانکراتوف، پێم بڵێ چ زانیارییەکت لە بارەی فەلسەفەوە هەیە؟". بە خۆت دەزانی هیچ زانیارییەکم لەو بارەیەوە نەبوو . بەڵام یەکسەر بیرم کەوتەوە، کە ئێمە حەماڵ و کۆڵبەرێکمان هەبوو، ئەمە خوێندکارێک بوو ودەستبەرداری خوێندن بووبوو، هەر بۆ هەوەس کۆڵبەری دەکرد. جارێک بۆی گێڕاینەوە : نازانم لە چ زەمانێکا بووە، لە یۆناندا خەڵکانێک هەبوونە، کە زۆر زانا و ئەقڵمەند بوون و فەیلەسوفیان پێگوتراوە . یەکێک لە نێو ئەو فەیلەسوفانە هەبووە، ناوەیەکم بیر نەماوە، وا بزانم دیوجین بوو، هەموو ژیانی خۆی لە بەر کوپەڵەیەکدا بردبووە سەر ... لە نێو ئەوانەدا کەسێک بە باشترین پسپۆڕ حیساب دەکرا، کە چل جاران بیسەلمێنێ کە ڕەش سپیە و سپی ڕەشە . بە کورتیەکەی زۆر چەنەباز بوون . بەو جۆرە ئەو خوێندکارەم بیر کەوتەوەو لە دڵی خۆدا گوتم : " ئەم ئەندامی لیژنەیە دەیەوێ قسەم لێ دەربێنێ " . ئەویش فێڵبازانە تەمەشای دەکردم . ڕێگەم لێ بەستەوە و گوتم : " فەلسەفە، یانی بێهودە گویی و قسەێن بێ مانا، جا هاوڕێیان من نامەوێ سەری خۆم بەم قسە بێ تام و مانایانە بیەشێنم . بەڵام سەبارەت بە مێژووی حیزب، بە سەر سەر و بە سەر چاوان " . یەکسەر بە گیریان هێنام و گوتیان : " ئەو بۆچوونانەت سەبارەت بە فەلسەفە لە کوێوە هێناوە؟" . ئەمجارەشیان خۆم نەشلەژان، هەندێکی ترم بە قسەکانی یارۆی خوێندکارەوە ناو هەموو ئەندامانی لیژنەکە لە قاقای پێکەنینیان دا . من توورە بووم وگوتم : " چیە بە گێلم دەزانن، پێم ڕادەبوێرن؟ " کڵاوەکەم هەڵگرت و بۆ ماڵ گەڕامەوە.

پاشان  ئەم ئەندامەی لیژنەی ناوبراو، منی لە کۆمیتەی حیزبی شارا بینی، سێ دانە سەعاتێک قسەی لە گەڵدا کردم . تومەز یارۆی خوێندکار، مەسەلەکەی تێکەڵ و پێکەڵ کردبوو، دەرکەوت کە فەلسەفە، زانستێکی گەورە و پڕ حیکمەتە.

دوپاڤا و ژارکی، لە تاقیکردنەوەی قبووڵ دەرچوون . ڕاستە میتیای زۆری خوێندبوو، بەڵام ژارکی، زۆر لە من خوێندەوارتر نەبوو. وادیاربوو میداڵەکەی فریای کەوتبوو. بە کورتیەکەی من لە جێگای خۆم مامەوەو لێرە کرام بە یاریدەدەری بەڕێوەبەری بارەنناز‌ەکان. جاران بەردەوام لە گەڵ بەڕێوەبەرەکانا، لە سەر کاروباری هەمە جۆری لاوان، بە شەڕ دەهاتم . ئێستا بە خۆم بەشێکی ئابووری بەڕێوە دەبەم . ئێستا ئەگەر هەندێجار تووشی تەمەڵێک یان گەمژەیەک ببم، چ وەکو بەڕیوەبەر وچ وەکو سکرتێر سەرزەنشتی دەکەم و لێ پێچینەوەی لەگەڵ دەکەم. ناتوانێ کڵاوم لە سەر بنێ . ببورە پاشان باسی خۆم دەکەم، چیتر ماوە بۆتی باسکەم؟ بە خۆت خەبەری ئاکیمت هەیە . لە هاوڕێ کۆنەکان، تەنیا توفتا لە شوێنەکەی خۆی لە کۆمیتەی شارا ماوە . توکاریف ئێستا سکرتێری کۆمیتەی ناوچەی حیزبە لە سولومینکا . ئوکونیفی هاوکومونەی (کۆمەڵە) تۆش، لە کۆمیتەی ناوچەی کومسومول کار دەکات. تالیا سکرتێر و بەڕێوەبەری بەشی هۆشیاری سیاسیە. (تسڤیتایف) ش لە شوێنی تۆ لە وەرشەی تەسلیحات کار دەکات. من ئەو باش ناناسم . لە کۆمیتەی شارا یەکدی دەبینین. لە کوڕێکی زیرەک دەچێت، بەڵام کەسیکی فرناخ وخۆپەسندە. " ئانابورخارت" ت لە بیر ماوە؟ ئەویش لە سولومینکا، بەڕێوەبەری بەشی ژنانی کۆمیتەی ناوچەی حیزبە. سەبارەت بەوانی دی بۆم باسکردیت. بەڵێ، پاڤلوشا، حیزب زۆر کەسی بۆ خوێندن ناردووە . هەموو چالاکڤانانی کۆنی حیزب ئێستا لە خوێندنگەی حیزبی سوڤیاتی شار دەخوێنن . بەڵێنیان داوە ساڵی ئایندە منیش ڤڕێ بکەن .

دوای نیوەشەو، بە ماوەیەکی زۆر ئەوسا خەوتن . کاتێ کورچاگین، بەیانی لە خەو ڕابوو، ئیگنات لە ماڵ نەبوو، چووبوو بۆ بەندەر وبارەنناز‌ەکە. دوسیای خوشکی ئیگنات، کە ئافرەتێکی کەتەی زەلام بوو و لە براکەی دەچوو، نان و چای

به پاڤل دا . زۆر شتی بێبایەخی بۆ پاڤل باسکرد. باوکی پانکراتوف، کە میکانیسێنی کەشتیان بوو، بە سەفەر چووبووە هەندەران . کورچاگین خۆی بۆ چوونە دەرەوە ئامادە دەکرد. دوسیا لە کاتی خوا حافیزیدا، بیری خستەوە : – بیرت نەچێت بۆ فراڤین چاوەنۆڕت دەکەین .

***

... لە کۆمیتەی شارا، جم وجوڵ وهات وچۆ ئاسایی بوو. دەرگای چوونە ژوورەوە، ئیسراحەتی نەبوو. ڕاڕەو وژوورەکان لە خەڵکیدا جمەیان دەهات . چرکەچرک و دەنگی خەفەی تایپان، لە پشت دەرگاکانەوە دەهاتە گوێ.

پاڤل، لە ڕاڕەوەکەدا وەستا، ئاوڕی ئەم لاو ئەو لای دایەوە، چاوی گێڕا، بەڵکو یەکێک لە ناسیاوەکانی ببینێ . لێ کەسی نەبینی و خۆی بە ژووری سکرتێردا کرد . سکێرتێری کۆمیتەی شاری حیزب، لە پشت مێزێکی گەورەوە دانیشتبوو وکراسێکی شینی لەبەر بوو. سکرتێری کۆمیتە، بە نیگایەکی کورت پێشوازی پاڤلی کرد، بێئەوەی سەر هەڵبڕێ، لە سەر نووسین بەردەوام بوو.

پاڤل، لە بەرانبەریا دانیشت وبە وردی ڕوانیە جێگرەوەکەی ئاکیم . سکرتێرەکە، لە کۆتایی کاغەزە نووسراوەکەدا خاڵێکی دانا و پرسی : – بۆ چ پرسێک هاتوویت؟

پاڤل، حاڵ وحیکایەت وچیرۆکی خۆی بۆ گێڕایەوە.

– هاوڕێ پێویستە لە ئامارەکانی ڕێکخراوا، سەر لە نوێ ناوی من تۆمار بکرێتەوەو بۆ وەرشەی تەعمیراتی بنەڕەتیم بنێریتەوە . ئەمرێکم لەو بارەیەوە بۆ دەربکە ...

سکرتێرەکە، پشتی بە پشت کورسییەکەوە دا و بە دوو دڵییەوە وەڵامی دایەوە :

– هەڵبەتە دەتگەڕێنینەوە، بێ هیچ چەند و چوونێک ئەم کارەت بۆ دەکەین. بەڵام ناردنەوەی تۆ بۆ وەرشەکان باش نییە. چونکە تیسفیتایفی ئەندامی کۆمیتەی شار،

هەڵبژێردراوی دوا کۆنفرانس لەوێ کار دەکات . ئێمە لە شوێنێکی دیکە پێویستمان پێت دەبێت.

کورچاگین، چاوەکانی بچووک کردنەوە :

– من بۆ ئەوە ناچم بۆ وەرشەکان، تا هەڤرکی تسفیتایف بکەم، بۆیە ئەوێم پێ باشە، تا مومارەسەی پیشەکەی خۆم بکەم، نەک بکرێم بە سکرتێری کومسومولی ئەوێ . جا چونکە من هێشتا لە ڕووی بەدەنییەوە بێ هێز و توانام تکا دەکەم بۆ شوێنێکی دیکەم مەنێرن.

سکرتێری کۆمیتە ڕەزامەندی دەربڕی . چەند وشەیەکی لە سەر کاغەزێک ڕەشکردەوە .

– ئەم کاغەزە بدە بە هاوڕێ توفتا ئەو خۆی هەموو شتێکت بۆ ڕێکدەخات .

لە بەشی ئامار و دابەشکردنا، توفتای ئامارگەر، یاریدەدەرەکەی خۆی دابوو بووە بەر دەمرێژی جنێو ورەخنە. پاڤل نیو سەعاتێک گوێی لە جنێو وسخێفانی ئەوان گرتبوو، بەڵام کە هەستی کردبوو ئەم شەڕە جنێوە بەردەوام دەبێت . یارۆی سەرۆک بەشی ئامار ڕادەگرێت و دەڵێت :

– توفتا، تۆ پاشان شەڕە جنێوی خۆتی لە گەڵدا تەواو بکە . وەرە ئەم نووسراوەم لێوەربگرە و ئیش و کارەکەی من ڕایی بکە.

توفتا، ماوەیەکی زۆر تەمەشای یاداشتەکەی کرد، ئەوسا تەمەشایەکی کورچاگینی کردو ئەنجام لە مەسەلەکە حاڵی بوو :

– ئێ! یانی تۆ نەمردوویت؟ باشە ئێستا چیبکەین؟ خۆ ناوتم لە تۆمارەکاندا ڕەش کردووەتەوە . من بە خۆم کارتەکەتم بۆ کۆمیتەی ناوەندی ناردەوە. ئەمە جگە لەوەی تۆ لە سەر ژمێری سەرانسەری ڕووسیادا تۆمار نەکراوی. بە گوێرەی ڕێنمایی کۆمیتەی ناوەندی کومسومول هەرکەسێک لە سەرژمێری گشتیدا ناوی تۆمار نەکرابێ، دەردەکرێت ...

توفتا، بە شێوەیەکی جدی و بنجبڕ گوتی : - ... بۆیە تەنیا یەک چارەت لە بەردەمە، ئەویش ئەوەیە بە گوێرەی یاسا وڕێسای گشتی، سەر لە نوێ داوای ناونووسی بکەیتەوە.

ڕووی کورچاگین گرژ بوو :

- تۆ هێشتا وەکو جارانی؟ ڕاستە گەنجیت، بەڵام لە پیرە مشکێکی کاغەزخۆری بەشی ئارشیفخانەی شار خراپتری . توفتا تۆ کەی دەبی بە بە بەشەر؟

توفتا، وەکو یەکێک کێچ پێوە دابێ، بەو ئاوایە لە جێگای خۆی ڕاپەڕی .

- تکات لێدەکەم وەعزخوانیم بۆ مەکە . من خۆم بەرپرسی کاری خۆمم . ڕێنماییەکان بۆ ئەوە دەرناکرێن کە من پێشێلیان بکەم . بەڵام سەبارەت بەو سووکایەتیەی بە منت کرد و بە مشکت شوبهاندم، ئەوا لێت خۆش نابم .

توفتا، ئەو قسانەی دوایی بە گەڤەوە کرد . کۆمەڵێک نووسراوی، کە هێشتا نەیکردبوونەوە و نەیخوێندبوونەوە، ڕاکێشایە بەردەم خۆی و دەیویست وا بنوێنێ کە قسەکانی تەواو بوون .

پاڤل، بەکاوە خۆ بەرەو دەرگاکە ڕۆیی، بەڵام بە دەم ڕێگەوە شتێکی بیرکەوتەوە، بەرەو لای مێزەکە گەڕایەوە. یاداشتەکەی سکرتێری کۆمیتەی، کە لە بەردەم توفتادا دانرابوو، هەڵگرت، توفتا بە چاو چاودێری لڤینەکەی پاڤلی کرد . توفتا ئەم گەنجە پیرە ئێرادگیرە بە گوێچکە قوت و قوڵاغەکانیەوە هەم مایەی پێکەنین و هەم ڕەزا قورس بوو.

کورچاگین، بە دەم تانەیەکی ئارامەوە گوتی :

- زۆر چاکە، هەڵبەتە تۆ دەتوانی بیانووی ئەمەم پێبگریت، کە لە تۆماری سەرژمێریدا ناوم نییە . بەڵام وەرە تێم بگەیەنە : بە چ فێڵێک دەتوانی کەسێک بە بێ هیچ بەڵگە و وەفاتنامەیەک بە مردوو لە قەڵەم بدەیت وسەرزەنشتی بکەی و

تاقیقی لە گەڵدا بکەی؟ خۆ لەگینە هەر ئینسانێک تووشی ئەمە ببێ، لە ناکاوا نەخۆش بکەوێ، لە ناکاوا بمرێ، باوەڕ ناکەم هیچ ڕێنماییەک لەو بارەیەوە هەبێ.

یاریدەدەرەکەی (توفتا) نەیتوانی لەوەی پتر بێلایەنی خۆی بپارێزێت، بە شادییەوە دەستی بە پێکەنین کرد : ها ... ها ... ها .

نووکی قەڵەمەکە لە دەستی توفتادا شکا. توفتای، قەڵەمەکەی دا بە عاردیدا، بەڵام فریای وەڵامدانەوەی خەنیمەکەی نەکەوت، کۆمەڵێک خەڵک بە کەرەتێ وەژوورکەوتن، هەموو بە دەنگی بەرز و بە پێکەنینەوە قسەیان دەکرد . "ئوکونیف" شیان لە گەڵدا بوو. ئیدی چاک وخۆشی شادی ئامێز وپرسیاران کۆتایی نەدەهات! دوای چەند چرکەیەک دەستەیەک لاوی دی لە گەڵ ئولگایورینڤادا وەژوورکەوتن. ئولگا سەرسام وحەپەساو، بەڵام شاد وخوشحاڵ تەوقەی لەگەڵ پاڤل کرد و ماوەیەکی زۆر دەستی بەر نەدا.

دووبارە پاڤلیان بردە ژوورەوەو داوایان لێکرد هەموو سەر بهوردەکەی خۆی دووبارەو لە نووکەوە بگێڕێتەوە. پاڤل، لە نێو شادی وخوشحاڵی ڕاستگۆیانەی هاوڕێکانیا، لە ناو هاوسۆزی وانا، تەوقە ودەست گوشینی وانا، بە دەم نەوازشتی میهرەبانانەی ئەوانەوە، توفتای لە بیرکرد ... ئەنجام پاڤل، گفتوگۆیەکەی خۆی لە گەڵ "توفتا "شدا بۆ گێڕانەوە .

هەرا و زەنای نارەزایی لە هەموو لایەکەوە بەرز بووەوە . ئۆلگا مۆڕەیەکی توندی لە توفتا کرد وخۆی بە ژوورەکەی سکرتێردا کرد :

- با بڕۆین بۆلای نیژدانوف، نیژدانوف، ئاوەڕووتی دەکات .

ئوکونیف، دوای ئەو قسانە، دەستی خستە سەر شانی پاڤل ولە گەڵ کۆمەڵێک هاوڕێدا دووی ئولگا کەوتن . ئولگا بە تووڕەیی گوتی :

- دەبێ لەم ئیشە دەربکرێ وبنێردرێ بۆ بەندەر، بۆ لای پانکراتوف، تا یەک ساڵ لەوێندەر کۆڵبەری بکات . ئاخر ئەم توفتایە بیرۆکراتێکی سەر مۆرە!

سکرتێری کۆمیتەی شار، بە دەم بزەیەکی نەرم و نیانەوە گوێی لە داواکانی ئۆکونیف وئۆلگا و ئەوانی دی، دەربارەی لابردنی توفتا، لە بەڕێوەبەری بەشی ئامار و دابەشکردن، گرت.

نیژدانوف، بە دەم هێورکردنەوەی ئۆلگاوە گوتی :

– سەبارەت بە گێڕانەوەی کورچاگین بۆ سەر کارەکەی، ئەمە بێ هیچ چەند وچوونێک دەکرێت . هەر ئێستا کارتی بۆ دەردەکەن . منیش لەگەڵتام کە توفتا کەسێکی بیروکراتە، زۆر پابەندی ڕوتینیات وکاغەزبازیە. ئەمە کێماسی بنەڕەتی ئەوە . بەڵام دەبێ دان بەوەدا بنرێ کە کارەکانی زۆر بە باشی ڕێکخستووە. من لە هەر شوێنێک کارم کردبێت، بەشی ئامار وسەرژمێری کۆمیتەی کومسومولیەکان، ئەوەندە بێ سەر وبەر بووە، هیچ ژمارەیەکی نەبووە کە متمانەی پێبکرێ. بەڵام هۆبەی ئامار وخۆیی ئێمە باشە. ئێوە خۆتان دەزانن توفتا، هەندێجار تا نیوەشەو لە دایەرەکەی خۆی دەمێنێتەوەو ئیشدەکات . من قەناعەتم وایە : هەرکاتێک بمانەوێ، دەتوانین توفتا لەوێ لا ببرێ، بەڵام ئەگەر گەنجێکی باش وکراوە لە جیاتی ئەو دابنرێ وبەڵام ئامارگەرێکی نەشارەزا و بێ کەڵک بێ، هەنگێ بیروکراتیەتەکە نامێنێ، بەڵام ئاماریشمان نابێ . وازی لێ بێنن با کاری خۆی بکات، من خۆم گوێی ڕادەکێشم، ئەم کارە بۆ ماوەیەک کاری تێدەکات، دوای ئەوەش با بزانین.

ئۆکونیف، قاییل بوو : – دەی باشە، پێستی سەری بە نەحلەت بێ! پاڤلوشا با بڕۆین بۆ سولومینکا، ئەمڕۆ لە یانەکەمان کۆبوونەوەی چالاکڤانان هەیە. هیچکەس تا ئێستا خەبەری تۆی نییە .

لە پڕ کورچاگین هەڵیدایە : ئافەرین بۆخۆت پاڤلوشکا کە نەمردی .

ئۆکونیف، دەستی لە ملی کورچاگین کرد، بە ڕاڕەوەکەدا بردی وبە شۆخییەوە کۆتایی بە قسەکەی خۆی هێنا : – ئەگەر بمردبای چ خێرێکت بۆ پرولیتاریا دەبوو؟

ئەوسا ڕویکردە ئولگا وگوتی : – ئولگا تۆ دێی؟

– بێگومان .

***

کورچاگین، نەک هەر نیوەڕۆ، بۆ ماڵی پانکراتوف نەگەڕایەوە شەویش نەچووەوە . ئوکونیف، هاوڕێکەی بۆ ماڵی خۆی بردەوە . ئوکونیف لە بارەگای سوڤیەتدا، ژوورێکی تایبەتی هەبوو . بە گوێرەی توانا خواردنی دایە، یەک سەفتە ڕۆژنامە ودوو کتێبی ئەستووری لە مەڕ کۆنوسی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوچەی کومسومولی، بۆ پاڤل خستەسەر مێزەکە و پێی گوت :

– ئەمانە بخوێنەوە. ئەو کاتەی تۆ تووشی تیفۆ بووبوویت و کاتەکەت بە فیڕۆ دەچوو، هەموو ئەم شتانە دەرچوون. بیانخوێنەوە تا بزانیً چ شتێک هەبوون و هەن. من ئێواریً دێمەوە. پێکەوە بۆ یانە دەڕۆین . هەر کاتیً ماندوو بوویت، بۆ خۆت ڕابکشیً و بخەوە.

ئوکونیف، کۆمەڵێک کاغەز وبەڵگەنامە و نووسراوی تەپاندنە گیرفانەکانییەوە ( ئوکونیف بە خۆی حەزی لە جانتا وبەکارهێنانی جانتا نەدەکرد، دەنا جانتاکەی لە ژێر قەرەوێڵەکەیا کەوتبوو ) . سکرتێری کۆمیتەی ناوچەی کومسومول، بە دەم خواحافیزییەوە خولێکی بە ناو ژوورەکەدا خوارد و لە ژوورەکە وەدەرکەوت.

کاتیً، ئێواریً گەڕایەوە، ناو ژوورەکە یەکپارچە ڕۆژنامەی کراوە بوو وکتێبە هەڵچنراوەکانی ژێر قەرەوێڵەکە دەرهێنرابوون. هەندێکیان لە سەر مێزەکە سەفتە کرابوون، پاڤل لە سەر قەرەوێڵەکە دانیشتبوو و دواین نامەکانی کۆمیتەی ناوەندی، کە لە ژێر سەرینەکەی هاوڕێکەی دەرهێنابوون، دەیخوێندوە.

ئوکونیف، بە هەڵچوونێکی دەستکردەوە هاواری کرد :

– ئەوە چیت بە سەر ژوورەکەم هێناوە، هەی فێڵباز! ڕاوە ڕاوە هاوڕیً ! ئەوە چ دەکەی، نامە نهێنییەکان دەخوێنیتەوە! خەتای منە، میوانی وەکو تۆ ڕادەگرم!

پاڤل، به دەم پێکەنینەوە نامەکەی دایە لاوە وگوتی :

– جارێ ئەمەیان هیچ نهێنییەکی تێدا نییە، بەڵام ئەوەی کردبووت بە سابات و سەرکڵاوی لامپاکەت، بەڵگەنامەیەکی نهێنی بوو . تەمەشا قەراخەکانی چۆن سووتاوە؟

ئوکونیف، کاغەزە نیوە سووتەکەی هەڵگرت وتەمەشایەکی ناونیشانەکەی کرد، ناولەپی کێشا بە هەنیەی خۆیدا :

– سێ دانە ڕۆژ بوو بۆی دەگەڕام، ئێستا و ئەوسا پەیدا نەبوو ونەبوو ! ئێستا بیرم دەکەوێتەوە کە ( ڤولینتسیف ) بەر لە سێ ڕۆژ کردی بە سەرکڵاوی چراکە و هەرخۆی دنیای بۆ گەڕا و نەیدۆزییەوە .

ئوکونیف، بە وردی کاغەزەکەی قەد کرد ونایە ژێر دۆشەکەکەی و پاشان بە ئارامی گوتی : – گوێ مەدەیە، دوایی هەموو شتەکان ڕێک دەخەینەوە . ئێستا با نانێک بخۆین وبڕۆین بۆ یانە . پاڤلوشا، لە سەر خوانەکە دانیشە!

ئوکونیف، ماسییەکی وشکی درێژی کە لە ڕۆژنامەیەکەوە پێچرابوو، لە گیرفانێکی و دوو نانی لە گیرفانەکەی تری دەرهێنا. کاغەزەکەی خستە سووچێکی مێزەکەوەو، ڕۆژنامەیەکی لەسەر مێزەکە ڕاخست . سەری ماسییەکەی گرت وکەوتە پاککردنی.

ئوکونیف، دڵشاد وسەرحاڵ، لە دەوری مێزەکە دانیشت و بەدەم پاروو گلانەوە، بە جدی و نیمچە شۆخییەوە، کەوتە گێڕانەوەی هەواڵ و دەنگ وباسەکان بۆ پاڤل.

***

ئوکونیف، کورچاگینی لە دەرگایەکی تایبەتیەوە لە پشت شانۆکەوە، بۆ یانەکە برد . "تالیا لاگوتینا " و "بوخارت " لە گۆشەیەکی هۆڵە گەورەکەدا، لە دەستە ڕاستی شانۆکەدا، لە نیزک پیانووەکە، لە ناو کۆمەڵێک لە کومسومولانی ڕێگەی ئاسن دانیشتبوون. "ڤولینتسیف"ی سکرتێری کومسومولی قیتاراندا، بەرانبەر ئانا لە سەر کورسیەکی خولاو دانیشتبوو و خۆی دەهەژاند . دەم و چاوی سوور لە سێوە

لاسوورەی هەیڤی ئاب دەچوو . قژ و برۆی گەنم ڕەنگ بوون، چاکەتێکی چەرمی زۆر کۆنی لە بەر بوو، کە ڕەنگە ڕەشەکەی تەواو کاڵ بووبووەوە . ( تسفیتایف ) بێ خەم وخەیاڵ، ئانیشکی دا دابووە سەر قەپاخی پیانۆکە.

تسیفتایف، کوڕێکی قژ زەردی ئامال سووری، قۆزی لێو قەیتانی بوو، کراسێکی یەخە وازی لە بەردا بوو و لە لای فولینتسیفەوە دانیشتبوو .

کاتێ ئوکونیف، لەم کوڕە نزیک بووەوە، گوێی لە کۆتایی ڕستەیەکی ( ئانا ) بوو کە دەیگوت : – هەندێ کەس هەوڵدەدەن، بە هەر شێوەیەک بووە، تەگەرە بخەنە بەردەم پەیوەندی کردنی هاوڕێیانی تازە . ئەم سوخەتە زۆر بە زەقی لە تسفیتایف دا بە دی دەکرێت.

تسفیتایف، زۆر بە ڕەقی و تانە ئامێزەوە گوتی : – کومسومول، کاروانسەرا نییە .

تالیا، هەرکە ئوکونیفی بەدی کرد هاواریکرد :

– تەمەشاکەن، نیکۆلای ئەمڕۆ وەکو سەماوەری قەلآیی کراو دەدرەوشێتەوە!

( ئوکونیف ) یان هێنایە ناو کۆڕەکە و پرسیاربارانیان کرد : – لە کوێ بویی؟

– با دەست پێبکەین .

ئوکونیف، دەستی بەرزکردەوە کە بێدەنگ بن .

– کوڕینە، پەلە مەکەن، ئێستا توکاریف دێت و هەنگێ دەست پێدەکەین .

ئانا گوتی : – ئەوەتا، واهات !

بە ڕاستی سکرتێری کۆمیتەی ناوچەی حیزب بەرەولای وان دەهات. ئوکونیف، بلەز بە پیرییەوە چوو.

– باوکە، با بڕۆین بۆ پشت شانۆکە، لەوێندەر یەکێک لە ئاشناکانی خۆتت نیشاندەدەم . بەڵام سەرت سوورِ دەمێنێ ها !

پیرەمێرد، بڵمەبڵمێکی کرد، مژێکی لە جگەرەکەی دا وگوتی : – چی دیکەت پێیە؟

لێ ئوکونیف، دەستی گرتبوو وبکێشی دەکرد .

... زەنگە بچکۆلەکە لە دەستی ئوکونیفدا هێندە بە توندی لێی دا، تەنانەت ئەوانەش کە زۆر سوێرە قسان بوون، بێدەنگ بوون.

لە پشت سەری توکاریفەوە، سەری بلیمەت و داهێنەری " مانیفێستی کۆمۆنیستی " کە قژێکی زۆر وەکو یاڵ وبژی شێر دەوری دابوو، وبە تاجە گوڵینەیەکی سەوزی چڵە سنۆبەران ڕازابووەوە، بە دیارکەوت . توکاریف، لەو کاتەدا کە خەریک بوو کۆبوونەوەکەی دەکردەوە، بە دەم تەمەشاکرنی کورچاگینەوە کە لە ڕاڕەوەکەی پشت شانۆکەوە وەستابوو، گوتی :

– هاوڕێیان! یەکێک لەو هاوڕێیانەی کە لێرەیە، داوای کردووە بەر لەوەی دەست بە گەنگەشە و ماناقەشەی پرس وئەرکە ڕێکخراوەییەکان بکەین. ڕێگەی بدەینێ دوو قسان بکات، توکاریف و من باوەڕمان وایە کە پێویستە دەرفەت و دەلیڤەی قسەکردنی بدرێتێ .

لە هۆڵەکەدا، دەنگی پشتیوانی بەرز بووەوە . هەنگێ ئوکونیف گوتی : – ئێستاش کورچاگین با بێ قسەی خۆی بکات.

لەو سەد کەسەی کە لە هۆڵەکەدا ئامادە بوون، بە لای کەمەوە هەشتا کەسیان " کورچاگین" یان دەناسی. کاتێ قەد وباڵای ئاشنای لە کەنار گڵۆپەکەی بەرەوەی شانۆکەدا، بە دەرکەوت و کوڕەی لاوی باڵا بەرزی ڕەنگزەرد دەستی بە قسان کرد، ئامادەبووان بە هورای شادی و هەڵهەڵەی پڕ جۆش و چەپڵەوە پێشوازیان لێکرد.

– هاوڕێیانی ئازیز !

دەنگی کورچاگین، یەکنەوا بوو، بەڵام لە هەڵچوون و سۆز و گوداز بەدەر نەبوو
.

– ئیدی ڕێکەوت وای هانی، دۆستانی من، کە من جارێکی دی بگەڕێمەوە ناو ئێوەو جێی خۆم لە ڕیزی خەباتا بگرمەوە . من بە گەڕانەوەی خۆم بەختەوەرم . من لێرەدا ژمارەیەکی زۆر لە دۆستانی خۆم دەبینم. لە ماڵی ئوکونیف، خوێندمەوە کە لە سولومینکادا ژمارەی برادەرانی تازەمان، بە ڕێژەی سێ یەک زیادیان کردووە . لە وەرشە ودەبۆکاندا کاری چەرخ سازانی جگەرە زۆر لە کزییە. لکوموتیڤە مردووەکان، لە گۆڕستانی لکوموتیڤانەوە دەردێنن وبۆ وەرشەیان دەبەن، چاکیان دەکەنەوەو ژیانیان وەبەر دەخەنەوە . ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە کە وەڵاتەکەمان لە نوێ لە دایک دەبێتەوە، دەژیێتەوەو هێز وتوانا پەیدا دەکاتەوە . واتا شتێک هەیە شایستەی ئەوەبێ لە پێناویا بژی ! باشە لەم وەزع و حاڵەدا، هەقە بمرم!

چاوانی کورچاگین، پرشنگی شادیان لێ بووەوە. کورچاگین لە بە ناو هورای درود ئامێزەوە، دابەزی بۆ ناو هۆڵەکە و ڕاستەو ڕاست چوو بۆ ئەو شوێنەی کە ئانا و تالیا لێی دانیشتبوون . بە پەلە تەوقەی دەگەڵ هەندێکانا کرد . برادەران، تەنگیان بەیەکەوە دا، جێگای کورچاگینیان کردەوە و دانیشت . تالیا، تەوقەی دەگەڵ کورچاگیندا کرد وتووند دەستی گوشی . چاوەکانی ئانا کرابوونەوە، برژانگەکانی بە ئاستەم دەجۆلان. جۆرە سەرسامی وشادمانییەک بە چاوانییەوە دیاربوو.

***

ڕۆژان تێدەپەڕین، ڕۆژانێک بوو نەدەکرا بە نۆرماڵ و ئاسایی دابنرێن . هەر ڕۆژە و شتێکی تازەی لە گەڵ خۆیدا دێنا. کورچاگین، کە بەیانیان، کاتەکانی خۆی دابەش دەکرد، بە کەسەرەوە دەیبینی کە ڕۆژ زۆر کورتە و هەندێک لە خەیاڵ وبەرنامەی کارەکانی بە نا تەواوی دەمانەوە.

پاڤل، لە ماڵەکەی ئوکونیفدا مایەوە، لە وەرشەی تەسلیحاتدا، وەکو یاریدەدەری تەکنیسیێنی کارەبایی کاری دەکرد .

پاڤل، ماوەیەکی زۆر گەنگەشەی دەگەڵ ئوکونیفدا کرد، تا قەناعەتی پێبکات، کە جاریَ وازی لێبێنن، تا ماوەیەک هیچ پۆستێکی سەرکردایەتی لە ئەستۆ نەگرێت .

ئوکونیف، بە گڕیا چووەوە :

– ئێمە خەڵکمان کەمە . تۆش دەتەویَ لە وەرشەکەدا، بار سووک وسەر سەلامەت، پاڵی لێبدەیتەوە. باسی نەخۆشی بۆ من مەکە. نەخۆشی مەکە بە بیانوو. من خۆمیش، دوای تیفۆیەکەم، یەک دانە مانگ بە دارشەق بۆ کۆمیتە دەچووم . پاڤل، من تۆ دەناسم . نەخۆشی تەنیا بیانووە و هیچی دی . هۆیەکی دی لە ئارادایە، ئەو هۆیەم پیَ بڵیَ و لە منی مەشارەوە .

– هۆیەکی جدی هەیە کولیا (سووکەڵە ناوی نیکولای) ە، ئەوەی ڕاستی بیَ دەمەویَ بخوێنم .

ئوکونیف، هاوارێکی سەرکەوتوانەی بۆ کرد :

– ئاوا ! یانی دەتەویَ بخوێنی، بە خەیاڵی خاوی تۆ من نامەویَ؟ براگیان ئەمە خۆ پەرەستییە . کەواتە ئێمە لێرە کاروبارەکان بەڕێوەبەرین و تۆ بخوێنی، نەخێر گینای من، لە سبەی زووتر نییە، دەبیَ بڕۆیت بۆ ڕێکخراوی ڕێنمایی و ڕۆشبیراندن.

دوای مناقەشەیەکی زۆر ئوکونیف ملی دا .

– بۆ ماوەی دوو مانگێک دەرفەتت دەدەم . قەدری چاکی ومیرەبانی من بزانە . بەڵام تۆ لە گەڵ تسفیتایفدا هەڵناکەیت، زۆر لە خۆباییە .

تیسفیتایف، زۆر بە پارێزەوە، گەڕانەوەی کورچاگینی بۆ وەرشەکان وەرگرت. دڵنیا بوو کە بە هاتنەوەی کورچاگین، هەرڤڕکی لەسەر مەسئولیەت وبەڕێوەبەری

وەرشەکان دەست پێدەکات. بۆیە ئەم پیاوە لە خۆ بابیە، کە خۆپەسەندەییەکەی گەیی بووە ڕادەی نەخۆشی، خۆی بۆ بەرخۆدان ومقاوەمەت ئامادە کرد. بەڵام هەر لە یەکەم ڕۆژەکانەوە دەرکەوت کە وێناکانی ئەو دروست نین. کورچاگین، دوای ئەوەی زانی مەکتەبی کومسومول بە نیازە بیباتە لای خۆی، بەر خۆی چوو بۆ ژوورەکەی سکرتێری کومسومول و قەناعەتی پێکرد کە ئەم پرسە لە بەرنامەی کار دەربێنێ چونکە ئەو قەول و قەراری لە گەڵ ئوکونیفدا کردبوو. ئیدی لە وەرشەکەدا، شانەی ڕۆشنبیری سیاسی لە ئەستۆ گرت . بەڵام هیچ هەوڵێکی بۆ ئەوە نەدا لە مەکتەبی کومسومول کار وەربگرێت. بەڵام وێڕای ئەوەی هیچ پێگەیەکی ڕابەرایەتی فەرمی نەبوو، بەڵام کاریگەری پاڤل، بە سەر هەموو کارەکانی کومسومولەوە دیاربوو. چەند جارێک "تسفیتایف "ی، بە شێوەیەکی پەنهان و دۆستانە، لە کێشە و ئاریشان ڕزگار کردبوو.

جارێکیان تسفیتایف، سەری وەرشەکەی دابوو، سەیری کردبوو، هەموو ئەندامانی لاوانی وەرشەکە وسی کەس لە کرێکاران خەریکی شۆردنی پەنجەرەکان و پاککردنەوەی ئامێرەکانن و پیسی چەندین ساڵەیان لێدەکردنەوە . ئاسنە شکاو وشتە بێ کەڵکەکانیان دەبردە ناو حەوشە . پاڤل، بەخۆی زەمینەی ژوورەکەی، کە هەر مازۆت و چەوری بوو، بە ماسیحەیەکی گەورە دەسڕی.

تسفیتایف، بە سەرسامی لە پاڤلی پرسی : – ئەم هەڵمەتی پاکسازییە چیە؟

کورچاگین، زۆر بە کورتی وەڵامی دایەوە :

– نامانەوێ لە زبڵدانا کاربکەین . ئەم وەرشەیە بیست ساڵ دەبێ کەس نەیشۆردووە، لە زەرفی یەک هەفتەدا وەرشەکە تازە دەکەینەوە.

تسفیتایف، شانەکانی هەڵتەکاندن و ڕۆیی .

کرێکارانی وەرشەی کارەبا، هەر بەوەندەوە نەوەستان، کەوتنەماڵینی حەوشەکە. ئەم حەوشە گەورەیە، لە مێژ بوو، بوو بوو بە گوڤەک وسەرانگوێلیک. جا چی تیا

نەکەوتبوو! سەدان پێچکەی فارگۆنان، دنیایەک ئاسنی ژەنگن، ڕێڵ و سپێر، زەنجیر، هەزاران تۆن ئاسن لەو گۆڕە کەوتبوون و ژەنگ لێی دەدان و بەرە بەرە دەڕزین. بەڵام ئیدارەی کارەکە هەڵمەتی پاککردنەوەی ناو حەسارەکەی ڕاگرت:

- زۆر کاری لەمە پێویست تر هەیە، پاککردنەوەی حەسارەکە زۆر پێتڤی نییە .

هەنگێ، کرێکارەکان، بەردەم وەرشەکانی خۆیان سەلبەند کرد، پارچە ئاسنێکیان لێ چەقاند، تا قوڕ وگڵی ژێر پێڵاوەکانیانی پێ پاکبکەنەوە. ئەوجا بچنە ناو وەرشەکان . ئیدی لەم ئاستەدا وەستان. بەڵام هەڵمەتی پاکسازی لە ناو وەرشەکاندا، دوای تەواوبوونی دەوامی فەرمی، بەردەوام بوو. کاتێ دوای هەفتەیەک ( ستریژ )ی سەر ئەندازیار هات بۆ وەرشەکە، وەرشەکە یەکپارچە ڕوناک وڕوناکی بوو. چونکە پەنجەرە گەورەکان، کە کەتیبەی ئاسنیان پێوەبوو، لە تەپ وتۆزی ئاوێتە بە گریس ومازۆتی چەندین ساڵە خاوێن کرابوونەوە وڕێگەیان بۆ تیشکی ڕۆژ کردبووەوە کە وەژوور بکەوێت. ئیدی تیشکی هەتاوەکە لە ئامێرەکانی دەداو پارچەی مسینی دیزڵەکان لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکانەوە. مەکینە گەورەکان بە ڕەنگی سەوز بۆیە کرابوون. تەنانەت یەکێک زۆر بە بایەخەوە وێنەی تیرێکی زەردی لە سەر کەپی پێچکەکانی کێشابوو.

ستریژ، کە ئەمەی بینی حەپەسا .

چەند کرێکارێک لە گۆشەیەکی دووری وەرشەکەدا خەریک بوون کاری خۆیان تەواو دەکرد . "ستریژ" چوو بۆ لای ئەوان. کورچاگین، بە قوتوویەک بۆیەی ئامادەوە بەرەو ڕووی ئەو دەهات . یارۆی ئەندازیار ڕایگرت .

- بوەستە گیانە. من ئەم کارەی ئێوەم بە دڵە، بەڵام کێ بۆیەی داونەتێ؟ خۆ من قەدەغەم کردبوو، کە کەس بۆی نییە بە بێ ئیزنی من بۆیە سەرف بکات! چونکە بۆیەمان زۆر کەمە. بۆیەکردنی هەندێک بەشی لکوموتیڤەکان، زۆر پێتڤی ترە لەو کارەی ئێوە دەیکەن.

- ئێمە ئەم بۆیەیەمان، لە بنی ئەو قوتووانەدا کۆ کردووەتەوە کە فڕێ درابوون . دوو ڕۆژمان بە کڕاندنەوەی قوتووە کۆن و فڕێدراوەکانەوە بردە سەر تا توانیمان بیست وپێنج ڕەتڵ بۆیە کۆ بکەینەوە . هاوڕێ ئەندازیار لێرە هەموو شتێک یاساییە، بە حیسابە.

ئەندازیارەکە ئحمێکی بۆ کرد و بە جۆرە نیگەرانییەکەوە گوتی :

- ئەگەر وایە بیکەن ... بە ڕاستی کارێکی باشە، ئەم هەوڵە خۆبەخشانەیە بۆ خاوێنکردنەوەی وەرشەکە چۆن لێک بدەینەوە؟ باشە ئێوە لە دوای کاری فەرمی، ئەم ئیشەتان کردووە؟

کورچاگین، سەرسامییەکی ڕاستەقینەی بە گوتەکانی یارۆی ئەندازیارەوە هەست پێکردو گوتی : - بێگومان، ئەدی چۆن؟

- بەڵێ، بەڵام ...

- جا هاوڕێ ستریژ، ئەم "بەڵامە"ی بۆ چیە؟ کێ بە تۆی گوتووە بولشەفیکەکان، بەم تەپ وتۆز و پیسییە ڕازی دەبن؟ چاوەڕوان بکە، چاوەڕوان بکە شتی زیاتریش دەکەین . شتی وا دەکەین سەرت سوور بمێنێ.

ئەوسا پاڤل، بۆ ئەوەی یارۆی ئەندازیار بە بۆیەوە نەبێ، لەو لایدا و بەرەو دەرگاکە ڕۆیی .

پاڤل، شەوانە تا درەنگانێ لە کتێبخانەی گشتیدا دەمایەوە. ئیدی پەیوەندییەکی باشی لە گەڵ هەر سێ کیژە فەرمانبەرەکانی کتێبخانەکەدا پەیدا کرد. دوای ئەوەی هەموو هەوڵێکی خۆی خستەگەڕ، توانی قەناعەتیان پێبکات کە ڕێگەی بدەن بە ئازادی تەمەشای هەموو کتێبەکان بکات. پاڤل پەیژەیەکی بچووکی بە ڕەفە ودۆلابی کتێبەکانەوە دەنا و بە سەعاتان بە سەریەوە ڕۆدەنیشت وئەم کتێب وئەو کتێبی دەردێنا و هەڵدەدایەوە ولە دووی بابەتی جوان و زەروری دەگەڕا .

زۆربەی کتێبەکان کۆن بوون . هەموو کتێبە تازەکان بریتی بوون لە یەک دۆلابی بچووک و پەڕپوت . هەندێ ناملکە وکەتەلۆکێن سەردەمی جەنگێن ناوخۆ، کاپیتاڵ، سەرمایەکەی مارکس و پاژنە ئاسنین وچەند کتێبێکی دی لەم دۆلابەدا کۆکرابوونەوە. پاڤل لە نێو کتێبە کۆنەکاندا سپارتاکۆسی، دۆزییەوە، لە زەرفی دوو شەوا خوێندییەوەو پاشان بردییەوەو لە ڕیزی کتێبەکانی ماکسیم گورکیدا داینا. ئیدی ئەم جۆرە گەڕانە وگۆڕینی شوێنی کتێبی جوان و نزیک لە زەوق وسەلیقەی خۆیەوە، ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو.

کچە فەرمانبەرەکانی کتێبخانەکە ڕێگرییان لێنەدەکرد، گلەیی ئەوەیان لێنەدەکرد کە بۆچی شوێنی کتێبەکان دەگۆڕێ . بەلایانەوە گرینگ نەبوو.

بویەرێک کە لە سەرەتادا زۆر بێ بێبایەخ بوو، ئارامی یەکهاوی ڕێکخراوە کومسومولیەکەی بە تەواوەتی شێواند. کوستیکافیدین، ئەندامی شانەی وەرشەی تەسلیح، کە کوڕێکی خاو و خلیچکی، دەم وچاو کونجی ئاوڵلاوی، لووت فس، بە دەم کون کردنی پلێتێکی ئاسنەوە، دریلێکی ئەمریکایی گرانبەهای شکاند. سەدەمی(هۆی) شکانی دریلەکە خەمساردی و بێ موبالاتی زەقی ئەو بوو، تەنانەت دەکرێ بگوترێ بە ئانقەست بوو. ئەم بویەرە دانی بەیانی ڕوویدا. وەستا باشی وەرشەکە، خودوروف داوای لێکردبوو کە چەند کونێک بکاتە پلێتەکە . کوستیکا هەوەڵجار ڕەفزی کردبوو، بەڵام دوای زۆری خودوروف، دەستی بە کون کردنی پلێتەکە کردبوو. کرێکارانی وەرشەکە حەزیان لە خودوروف نەدەکرد، چونکە پیاوێکی سەختگیر ودژپەسەند و ئیرادگر بوو. کاتی خۆی مەنشەویک بوو، بەشداری ژیانی کۆمەڵایەتی نەدەکرد، گۆشەگیر بوو، حەزی لە چارەی ئەندامانی کومسومول نەدەکرد. بەڵام شارەزای کارەکەی خۆی بوو وزۆر چاکی لێدەزانی وهەر کارێکی پێ بسپێردرایە بە پاکی وبە ئینسافەوە ئەنجامی دەدا. وەستا باشی کە بینی کوستیکا خەریکە بە وشکی و بێئەوەی زەیت لە ئاستی کونەکە بدات، خەریکە پلێتەکە کون دەکات، بلەز خۆی گەیاندە دریلەکەو وەستاندی . وەستا، کە

دیزانی دریلەکە بەو حاڵە لە دەم دەکەوێ و سەقەت دەبێ هاواری بە سەر کوستیکادا کرد :

- ئەوە تۆ چ دەکەی، کوێری یان تازە دوێنێ هاتووی و دەست بە کار بووی؟

لێ کوستیکا، لە وەستا باشی هەڵگەڕایەوە و بە دەم جنێودانەوە دووبارە دریلەکەی خستەوە کار. خودوروف، چوو بۆ لای بەڕێوەبەری وەرشەکە تا شکاتی لێبکات. کوستیکا، بە بێ ئەوەی دریلەکە بکوژێنێتەوە، بە غار ڕۆیی تا یەغدانەکە بدۆزێتەوە تا ئەگەر بەڕێوەبەرەکە هات، هەموو شتێک ئامادە وتەواو بێ. تا یەغدانەکەی دۆزییەوە وگەڕایەوە، دریلەکە شکا. بەڕێوەبەری وەرشەکە، ڕاپۆری لە سەر کوستیکافیدین بەرز کردەوە کە لە کار دەربکرێ . ئوفیس و مەکتەبی شانەی کومسومول، بەو بیانووەی کە خودوروف، چاوی بە چالاکڤانانی کومسومولدا هەڵ نایەت و زۆر لە گەڵیانا تووند وسەختگیرە، بەڕەڤانیان لە کوستیکا کرد. بەڵام ئیدارە دەستبەرداری داوا وسکالاکەی خۆی نەبوو.

ئیدی کەیسەکە هەواڵەی کۆمیتەی کومسومولی وەرشەکان کرا، ئیدی لەوێندەرەوە پرسەکە بەرەبەرە گەورە بووەوە.

لە کۆی پێنج ئەندامەکەی کۆمیتەی نێوبراو، سێیانیان لە گەڵ ئەوەدا بوون کە کوستیکا سەرزەنشت و تەمبێ بکرێت و بۆ کارێکی دی بگوازرێتەوە . تسفیتایف لە گەڵ سیانەکەدا بوو، بەڵام دووانەکەی دی، کوستیکایان بە هیچ جۆرێ بە خەتابار نەدەزانی.

کۆبوونەوەکە لە ژوورەکەی تسفیتایف کرابوو. مێزێکی گەورە کە بە قوماشیکی سوور داپۆشرابوو. چەند تەختێکی درێژ وچەند کورسییەک کە لە لایەن کومسومولەکانی وەرشەی دارتاشیەوە دروست کرابوون لە ژوورەکەدا بوون. وێنەی ڕابەران بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون، لە پشت مێزەکەوە، ئالای کومسومولی وەرشەکان، بە درێژایی دیوارەکەدا داکوترابوو.

تسفیتایف، وەکو پیشە ئاسنگەر بوو، بەڵام لەبەر بەهرەداری و لێهاتووی خۆی، لە ماوەی چوار مانگی دواییدا، بەرزکرایەوە بۆ کاری ڕابەرایەتی مەسئولیەتی ئیداری "کارگێڕی" لە ڕێکخراوی کومسومولدا . ئیدی لە کاری ئاسنگەری مەعافکرا (بەخشرا) و بوو بە ئەندامی مەکتەبی کومسومولی ناوچە و ئەندامی کۆمیتەی کومسومولی شار . ئەم پیاوە لە کارخانەی میکانیکیدا کاری ئاسنگەری دەکرد، بەڵام لە وەرشەکانی تەسلیحدا تازە بوو، شارەزاییەکی ئەوتۆی نەبوو. هەر لە یەکەم ڕۆژی دەستبەکار بوونییەوە، جڵەوی هەموو کاروبارەکانی گرتە دەست خۆی، چونکە کەسێکی خۆپەسند ولە خۆڕازی و جدی، یەکسەر هەر جۆرە داهێنان و دەست پێشکەرییەکی شەخسی کومسومولیەکانی خەفە کرد، هەموو کار وبارەکانی گرتە ئەستۆی خۆی، جا چونکە بە تەواوەتی فریای هەموو کارەکان نەدەکەوت، بەردەوام گلەیی لە هاوکارەکانی دەکرد، کە گوایە تەمەڵی وڕەخاوات (کەمتەرخەمی) دەکەن.

تەنانەت ژوورەکەش، بە چاودێری ئەو دەڕازێنرایەوە .

تسفیتایف، لە سەر ئەو تەنیا کورسییە نەرمەی کە لە یانەکەوە بۆ ئێرە هێنرابوو، پاڵی دابووەوەو ئیدارەی کۆبوونەوەکەی بەڕێوە دەبرد . کۆبوونەوەکە تایبەتی و داخراو بوو . کاتێ بەرپرسی ڕێکخستنی حیزبی، خوموتوف، مۆڵەتی پەیڤینی خواست، تەقە لە دەرگاکە، کە سوورگی دار بوو، درا . تسفیتایف، لە ڕووی نارەزاییەوە چارەی گرژکرد. لێدانی دەرگاکە دووبارە بووەوە . کاتیوشازیلینوڤا هەستا، دەرگاکەی کردەوە، کورچاگین لە بەر دەرگا بوو، کاتیوشا ڕێگەی دا بێتە ژوورەوە . کورچاگین بەرەو تەختێکی بەتاڵ چوو . تسفیتایف، بانگی لێکرد :

- کورچاگین! ئێمە کۆبوونەوەی تایبەتی و داخراوی مەکتەبمان هەیە .

گۆناکانی پاڤل سوور بوونەوەو بە ئەسپایی بۆ لای مێزەکە وەرگەڕا :

– دەزانم .بەڵام حەزدەکەم ئاگاداری بۆچوونی تۆ بم سەبارەت بە پرسەکەی کوستیکا. دەمەوێ شتێکی تازە لەو بارەیەوە بخەمە ڕوو. هیچ ناڕەزاییەکت لە سەر هاتنەکەی من هەیە؟

– من بەش بە حاڵی خۆم هیچ لارییەکم نییە، بەڵام بە خۆت دەزانی تەنیا ئەندامانی مەکتەب بۆیان هەیە لە کۆبوونەوە داخرا وتایبەتیەکاندا بەشدار بن. بەڵام کە هاتوویت قەیدی ناکات دانیشە.

ئەمە یەکەمجار بوو کە پاڤل بەو جۆرە تەریق بکرێتەوە. نێوچەوانی گرژ بوو و برۆکانی وێک هاتنەوە .

خوموتوف، ناڕەزایی خۆی دەربڕی وگوتی :

– باشە ئەم هەموو ڕەسمیات و ڕەواڵەتبازییەی بۆ چییە؟

بەڵام کورچاگین، بە ئاماژەیەک بێدەنگی کردو لە سەر کورسییەک دانیشت. خوموتوف دەستی بە قسە کرد :

– ڕاستە خودوروف، پیاوێکی تەریک وگۆشەگیرە. بەڵام مەسەلەکە ئەمەیە کە زەبت وڕەبت لای ئێمە نییە . خۆ ئەگەر هەموو ئەندامانی کومسومول بەم نەفەسەوە کاربکەن وبەو بێ موبالاتیە درێلان بشکێنن، ئیدی هیچ نامێنێ کاری پێبکەین. هەڵبەتە ئەمە نموونەو سەرمەشقێکی خراپە بۆ غەیرە حیزبییەکان، بۆیە من پێموایە دەبێ ئەم گەنجە سزا بدرێ و ئاگادار بکرێتەوە.

تسفیتایف، نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات، دەستی بە ئیعترازکرد. کورچاگین نزیکەی دە دەقیقەیەک گوێی لە هەردوو ئالیان گرت وڕەوش وحاڵی مەکتەبی بۆ دەرکەوت، کاتێ پرسەکە خرایە دەنگدانەوە، داوای مۆڵەتی قسەکردنی کرد . تسفیتایف، بە نەبەدڵی ڕێگەی دا :

– هاوڕێیان حەز دەکەم، ڕای خۆمتان لە مەڕ پرسەکەی کوستیکا، پێ بڵێم.

دەنگی کورچاگین لەوە توندتر بوو کە خۆی دەیویست.

– مەسەلەکەی کوستیکا، تەنیا ئاماژەیە، دەنا مەسەلە سەرەکییەکە ڕەفتاری خودی کوستیکا نییە. من دوێنێ چەند ژمارەیەکم خڕ کرووەتەوە – پاڤل یادداشتنامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا – ئەمەم لە کاتبی تۆمارکردنی کاتەکانی دەوام وەرگرتووە . جا بە وردی گوێ بگرن : لە سەدا بیست و سێی کومسومولیەکان ڕۆژانە پێنج تا پازدە دەقیقە لە دەوام دوا دەکەون . ئیدی ئەمە بووە بە عادەتێکی باو . لە سەدا هەڤدەی کومسومولیەکان مانگانە یەک دوو ڕۆژ نایەن بۆ کار و غایب دەبن. بەڵام تەنیا لە سەدا چواردەی ناحیزبییەکان غایب دەبن. ئەم ژمارانە لە جەزرەبەی شەلاخ خراوتر وبە ئازارترە. هەر وەها شتێکی دیکەی لامسەرلایشم تۆمار کردووە، مانگانە لە ناو حیزبییەکاندا لە سەدا چواریان مانگانە یەک ڕۆژ غایب دەبن، هەما ڕێژە لە نێو غەیرە حیزبییەکانیشدا هەن . لە نێو غەیرە حیزبیە بە تەمەنەکاندا یازدە لە سەدیان مانگی یەک ڕۆژ نایەن بۆ کار وئەوانەی دوا دەکەون سیازدە لە سەدان. لە سەدا نەوەدی شکانی ئامێرەکان، لە سەر دەستی ئەو گەنجانەیە کە تازەکارن و لە سەدا حەوتی کۆی کرێکارەکان پێکدەهێنن. لەمەوە دەگەیینە ئەم ئەنجامگیرییەی کە ئێمە زۆر لە حیزبیان و کرێکارانی بەتەمەن، خراپتر کاردەکەین، هەڵبەتە ئەم ڕەوش وڕێژەیە لە هەموو شوێنێ وەکو یەک نییە. بەشی ئاسنگەری زۆر باشە، خۆزیای پێدەخوازرێ، ڕەوشی بەشی کارەبا خراپ نییە، باشە. بەشەکانی دی تەقریبەن وەکو یەکن. پێموایە هاوڕێ خوموتوف، سەبارەت بە ڕەوشی دیسپلین و زەبت وڕەبت، تەنیا یەک چارەکی ئەوەی گوتووە کە لە واقیعدا هەیە . ئەرکی هەرە لە پێشینەی ئێمە ئەوەیە کە ئەم کەم وکوڕیانە پڕ بکەینەوە. من نامەوێ پرۆپاگەندە بکەم و وتار بدەم، بەڵام دەبێ بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە سنوورێک بۆ ئەم بەرەڵڵایی و بێ موبالاتی و چاوپۆشیانە دابنەین. کرێکارە کۆنەکان بە ڕاشکاوی دەڵێن کە بۆ ئەرباب وسەرمایەداران باشتر کاریان دەکرد، بە شێوەیەکی جدیتر کاریان دەکرد . ئێستا کە خۆمان بووین بە خاوەنی کارخانە، هیچ پاکانەیەک بۆ ئەم مەسەلەیە ناکرێ . ئەوەی ڕاستی بێ کوستیکا یان فڵان و فیسار ئەوەندەی من و

تۆ کەمتەرخەم نین، ئەوەندەی گلەیی لە سەر ئێمەیە لە سەر ئەوان نییە . چونکە ئێمە نەک وەکو پێویست دژایەتی ئەم شەڕەمان نەکردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەم بیانوو و بەو هەنجەتە داکۆکیمان لە خەڵکانی وەکو کونستیکا کردووە .

تۆزێ لەوە پێشتر ساموخین وبوتیلیاک، گوتیان فیدین خۆییە، واتە لە خۆمانە، گەنجێکی چالاکە، ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێ دەکات. کە درێلێکی بە دەستەوە شکاوە، خۆ دنیا نەڕووخاوە، چ قەیدیە . هەموو کەس شتی وای لێ دەقەومێ . ئەمە جگەلەوەی کابرا لە خۆمانە، کابرای وەستا باشی بابایەکە بیانی ... هەر چەندە کەس هەوڵی نەداوە قسە لە گەڵ خودوروف دا بکات کە پەیوەندی بە ڕیزەکانی خۆمانەوە بکات ... ئەم دژ پەسند وئیرادگرە سی دانە ساڵ خزمەتی کرێکاری هەیە! باسی ڕەوشی سیاسی ئەو ناکەم، لەم کارەدا هەق بەوە . ئەو هەر چەندە بێگانەیە پارێزگاری ماڵی دەوڵەت دەکات. کەچی ئێمە ئامێرە هاوردەکراوەکان دەشکێنین، ئاخر ئەو جیاوازیە ناو دەنەی چی؟ من پێموایە، پێویستە لە ئێستەوە دەستی خۆمان بوەشێنین و لەم جەبهەیەوە دەست بە هێرش بکەین وهەڵمەت بەرین. پێشنیاز دەکەم فیدین، بەو حەساوەی کابرایەکی تەمەڵ و بێکارە و بەرەڵڵایە، لە کومسومول دەربکرێ و ئەم بابەتەش لە ڕۆژنامە دیواریەکەدا ( دیوارنامە ) بنووسرێت وئەم ژمارە و ڕێژانەش بە ڕاشکاوی و بێ ترس لە هەر قسە وقسەلۆکێک، لە سەر وتاری دیوارنامەکەدا بڵاوبکرێتەوە. ئێمە هێزمان هەیە، ئێمە خەڵکانی باوەڕ پێکراومان هەن. جەماوەری بنەڕەتی کومسومولەکان خەڵکانی بەرهەم هێنی چاکن . شەست کەسیان، لە قاڵبوانی ئەزموونی سەختی بویارکان، بویارکا قوتابخانەیە نە گاڵتە ! بە یارمەتی وکۆمەکی ئەوانە دەتوانین ئەم قۆرت و ناهەمواریانە پڕ و ڕاست بکەینەوە. بەڵام دەبێ بە یەکجارەکی و بۆ هەمیشە ئەم شێوازی چارەکردنەی ئێستامان وەلاوە بنەین.

کورچاگین، کە بە تەبیعەت کوڕێکی ئارام وکەمدوو بوو، ئێستا زۆر بە گەرمی و بە جۆشەوە قسەی دەکرد. تسفیتایف، بۆ یەکەمجار، یارۆی میکانیسێنی کارەبایی، بە سیما وڕەوشی حەقیقی خۆیەوە دەبینی. ئەو هەستی بە هەقانیەتی قسەکانی

پاڤل دەکرد، بەڵام هەستی دڕدۆنگی وگومان ڕێگەی نەدەدا ڕەزامەندی بنوێنێ. ئیدی گوتارەکەی کورچاگینی، وەکو ڕەخنەیەکی تووند لە ڕەوشی گشتی ڕێکخراوەکە لێکدایەوە، بە کەمکردنەوەی دەسەڵات و پێگەی خۆیی ڕاڤە کرد . بۆیە لێبڕا بە دەمی پاڤلدا بداتەوە . یەکسەر پاڤلی بەوە تاوانبار کرد کە داکۆکی لە خودوروفی مەنشەویک دەکات.

گەنگەشە ومجادەلەیەکی تووند بۆ ماوەی سێ سەعاتان بەردەوام بوو . گەنگەشەکاران، لە درەنگانێکی شەودا گەیینە ئەم ئەنجامگیریانە :

تسفیتایف، دوای ئەوەی لە باری لۆژیکیەوە بۆڕی خوارد و زۆربەی گەنگەشەکاران تای گورچاگینیان گرت، هەڵوێستێکی هەڵەی وەرگرت و دیموکراتیەتی پێشێل کرد پێشنیازی کرد، بەر لەوەی دەنگی یەکجارەکی بدرێ، کورچاگین لە ژوورەکە بچێتە دەرەوە.

- زۆر چاکە دەچمە دەرەوە، هەرچەندە ئەم کارە تاجی شانازیت نانێتە سەر سەر . بەڵام من پێت دەڵێم ئەگەر لە سەر ئەم ڕەئی وهەڵوێستەت بەردەوام بی، من سبەی ئەم مەسەلەیە دەخەمە بەردەم کۆبوونەوەی گشتی و، دڵنیام لەوێ دەنگ وپشتیوانی زۆرینە بە دەست نایەنی . تۆ تسفیتایف لە سەر هەق نیت. تۆش هاوڕێ خوموتوف، لە سەرتە ئەم پرسە پێش کۆبوونەوەی گشتی بگەیەنیتە ڕێکخراوی حیزبی.

تسفیتایف، بە هەڕەشەوە هاواری کرد :

- بەچی دەمترسێنی؟ بە بێ تۆش ڕێگای ئەوێ دەزانم، باسی تۆش دەکەین . ئەگەر خۆت کار ناکەی، ڕێ لە کاری خەڵکانی دی مەگرە.

پاڤل، دەرگاکەی داخست، بە ناو لەپ هەنیە گەرمەکەی سڕی، لە ژووره چۆڵەکەی مەکتەبەوە بەرەو دەرگای چوونە دەرەوە ڕۆیی . کە گەییە سەر جادەکە

پڕ بە سییەکانی هەوای هەڵمژی . جگەرەیەکی داگیرساندو بەرەو ماڵە بچووکەکەی سەرگردی باتییڤا، کە نشیمەنی توکاریف بوو ڕۆیی .

کورچاگین کە گەییەوە ماڵێ، سەیری کرد توکاریف خەریکە شێو دەخوات. توکاریف، پاڤلی لە سەر خوانەکە دانا و گوتی : - بۆم باس بکە چ شتێکی تازە لای ئێوە هەیە؟

- ئادەی داریا، کاسەیەک شۆربای بۆ بێنە.

داریا فومینیشیا، ژنەکەی توکاریف، ڕێک بە پێچەوانەی مێردەکەیەوە باڵابەرزو قەڵەو بوو. قاپێک شۆربای هەرزنی لە بەردەم پاڤل دانا، لە کاتێکا بە پەشتەماڵە سپیەکەی لێوە تەڕەکانی دەسڕی، بە میهرەبانییەوە گوتی : - بخۆ، گیانەکەم .

***

جاران، کاتێ توکاریف لە وەرشەکانی تەسلیحدا کاری دەکرد . پاڤل زۆرجار تا درەنگانێ لێرە دادەنیشت، بەڵام هەنووکە دوای گەڕانەوەی بۆ شار، ئەمە یەکەمجار بوو، کە دەهات بۆ ماڵی پیرەمێرد .

یارۆی بەڕاد، بە وردی گوێی لە پاڤل گرت، هیچی نەگوت، بە گەرمی مژوولی نانخواردن و پاروو گلان بوو و لە بەر خۆیەوە هەر ورتە ورتی بوو. دوای ئەوەی شۆرباکەی تەواو کرد، بە دەستە سڕەکەی سمێڵی سڕی وکۆکەیەکی بۆ کرد :

- هەڵبەتە هەق بە تۆیە. دەبوو زووتر ئەم مەسەلەیەمان چارەسەر بکردایە. وەرشەکان گرینگترین کومسومولی ناوچەکەیە و دەبێ لێرەوە تێهەڵچین و دەستبەکار بین . یانی تۆ و تسفیتایف لێتان بوو بە شەڕ؟ باش نییە . گەنجێکی لە خۆ باییە، دەڵێی کەڵەبابی جەنگییە، بەڵام تۆ دەتتوانی لە گەڵ کوڕەکاندا کاربکەی، تۆ ئەزموونی کارت لە گەڵیاندا هەبوو. ئەرێ بە ڕاست تۆ لە وەرشەکاندا چ کارێک دەکەیت؟

– له یەکێک له بەشەکاندا کار دەکەم . به شێوەیەکی گشتی سەری هەموو شوێنەکان دەدەم . بەرپرسی شانەیەکی ڕۆشنبیریی سیاسیم .

– ئەدی له مەکتەب چ دەکەی؟

کورچاگین، مینگە مینگێکی کرد :

– یەکەم من هێشتا، زۆر بێتاقەتم و وەخۆ نەهاتوومەتەوەو بیرم لەوە کردووەتەوە کەمێک بخوێنم، بۆیە به فەرمی هیچ کارێکی ڕابەرایەتیم وەرنەگرت.

توکاریف، به نارەزاییەوە هاواریکرد :

– گوێ بگرە کوڕەکەم، ئەوەی شەفاعەتی بۆ کردوویت و له سزای خەلەساندوویت، لاوازی جەستەییتە . ئەدی ئێستا چۆنی، کەمێک باشتر بوویت؟

– بەڵێ .

– دەیسا، هەتا زووە دەست به کار بە، ئاو له دنگا مەکوتە. کێ دیویە له گۆشە وکەنارەوە کاری جدی بکرێت! هەموو کەسێک پێت دەڵێ تۆ خۆت له کار دەدزیتەوە. هەنگێ هیچ بیانوویەکت به دەستەوە نابێ که خۆتی پێ بپەڕێنیتەوە. سبەینێ هەر هەموو ئەم شتانە چاک بکەوە . خۆم دەزانم چی به ئوکونیف دەڵێم .

توکاریف قسەکەی تەواو کرد، جۆرە نارەزاییەک به دەنگییەوە دیار بوو . پاڤل گوتی :

– باوکە، گلەیی لێمەکە ! من خۆم داوام لێکرد که ئیشم لێ بار نەکات.

توکاریف، به تەشەرەوە گوتی:

– تۆ خۆت داوات کرد وئەویش خاتری گرتیت؟ زۆر چاکە، چیتان لێبکەین، ئێوەی کومسومول ... وەرە کوڕم وەرە وەکو جاران ڕۆژنامەم بۆ بخوێنەوە . چاومان کز بووە .

***

مەکتەبی ڕێکخراوی حیزبی، ڕاو بۆچوونی زۆرینەی مەکتەبی لاوانی (کومسومول) ی پەسند کرد . ئەرک و وەزیفەیەکی قورس خرایە ئەستۆی حیزبی وکومسومولیەکان : کار ودەوامی خۆیان بە جۆرێ زەبت وڕەبت بکەن کە ببن بە نموونە وسەرمەشق بۆ ئەوانی دیکە. لە کۆبوونەوەکەدا، ئیرادێکی زۆر لە تسفیتایف گیرا . لە هەوەڵەوە دەیویست زماندرێژی بکات، بەڵام لوباخین، سکرتێری بەرپرس وپیر، کە دەردە باریکەی بوو، ڕەنگی زەرد بوو. بە قسە بەستیەوە و تسفیتایف ملی دا و دانی بە نیوەی خەتاکانی خۆیدا نا.

ڕۆژی دوایی، چەند وتارێک لە ڕۆژنامە دیواریەکانی وەرشەکاندا بڵاوبوونەوە کە بووە بایسی سەرنجی کرێکارەکان . بە دەنگی بەرز وتارەکانیان دەخوێندەوە و گەنگەشەیان دەکرد . شەوێ لە کۆبوونەوەی کومسومولدا ( لاوان ) کە پڕ بوو لە خەڵکی، باس هەر باسی نێوەڕۆکی ئەو وتارانە بوو.

کوستیکا دەرکرا وهاوڕێیەکی دی هێنرایە مەکتەب و ڕابەرێکی سیاسی دانرا کە کورچاگین بوو .

ئامادە بووان بە ئارامی وحەوسەڵەیەکی نا ئاساییەوە گوێیان بۆ نیژدانوف دەگرت . نیژدانوف، باسی ئەم ئەرکە تازانە وئەو قۆناغە تازەیەی دەکرد کە وەرشەکانی هێڵی ئاسن تێی کەوتبوو.

کورچاگین، دوای کۆبوونەوەکە، لە سەر جادەکە چاوەڕوانی تسفیتایفی دەکرد . کورچاگین لە تسفیتایف نزیک بووەوەو گوتی : - با پێکەوە بڕۆین هەندێ قسان هەن بیکەین.

تسفیتایف، بە دەنگێکی خەفە گوتی : - قسەی چی و دەربارەی چی؟

پاڤل، قۆڵی گرت، چەند هەنگاوێک لە گەڵیا ڕۆیی و لە بەردەم تەختێکدا وەستا .

- با یەک دەقیقە دابنیشین.

به دەم ئەو قسەیەوە خۆی لە پێشا دانیشت .

ئاگری جگەرەکەی تسفیتایف، جارێ دەگەشایەوە وجارێ کز دەبوو.

– تسفیتایف پێم بڵێ تۆ بۆ دژایەتی من دەکەیت؟

بێدەنگی بۆ چەند دەقیقەیەک بەردەوام بوو.

– دەربارەی ئەمە؟ وام وێنا دەکرد دەربارەی کارەکەت بێ!

تسفیتایف، بە دەنگێکی لەرزۆک و سەرسامییەکی دەستکردەوە ئەو قسەیەی کرد .

پاڤل بە توندی دەستی نایە سەر ئەژنۆی ئەو و گوتی :

– دیمکا ( دیمیتری) واز لەم دیپلۆماتبازیە بێنە . تۆ وەڵامی من بدەوە : بۆچی منت بە دڵ نییە؟

تسفیتایف، بە بێ حەوسەڵەیی جولا :

– تۆ بۆچی بە منەوە گرتووتە؟ دژایەتی چی، من خۆم پێشنیازم نەکرد کارێک وەربگریت، خۆت ڕازی نەبوویت؟ ئێستاش وا دەزانی من دژایەتیت دەکەم.

پاڤل، هیچ ڕاستگۆییەکی لە دەنگیا بەدی نەکرد. بێئەوەی دەستی لە سەر ئەژنۆی ئەو لابەرێ، بە هەڵچوون و کەسەرەوە دەستی بە ئاخافتن کرد :

– ئێستا کە ناتەوێ وەڵام بدەیتەوە وقسە بکەی، من قسان دەکەم .تۆ وا دەزانی من ڕێگەت لێدەگرم، خەون بەوەوە دەبینم جێگاکەی تۆ بگرمەوە، پۆستی سکرتێری بەرپرس وەربگرم؟ ئەگەر وا نەبوایە، لە سەر مەسەلەکەی کوستیکا نە دەبوو بە شەڕمان. ئاخر ئەم جۆرە هەڵوێست و پەیوەندییانە هەموو کارەکان دەشێوێنێ. ئەگەر ئەم جۆرە پەیوەندیانە تەنیا لە نێوان من وتۆدا ماباوە گوێم نەدەدایە، بە خۆم دەگوت، کەیفی خۆیەتی چۆن بیر دەکاتەوە با بیربکاتەوە . بەڵام ئێمە سبەی

دەبێ بەیەکەوە کار بکەین، ئاخر ئاقیبەتی ئەم حاڵە چۆن دەبێت ؟ کەواتە گوێ بگرە، من وتۆ میرات بەش ناکەین . هەر دوکمان کرێکارین . ئەگەر دۆزەکەمانت بەلاوە لە هەموو شتێک ئازیزترە کوا دەستم وێدە، لە سبەیەوە وەکو دوو برادەر دەست بە کار دەبین . بەڵام ئەگەر هەر هەموو ئەم تڵپە وتڵفارە لە مێشکت دەرنەکەیت وکوێرە ڕێگای دژایەتی وهەڤڕکی بگریتەبەر، لە سەر بچووکترین شت لێمان دەبێت بە شەڕ وگۆبەند . فەرموو ئەوە دەستی من، دەی بیگوشە، چونکە دەستی هاوڕێیە .

پاڤل، بە شادمانی وئاسوودەیەکی زۆرەوە، هەستی بە دەستی خۆی لە نێو دەستی تسفیتایف دا کرد .

***

هەفتەیەک بووری، کار وکۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوچەی حیزب تەواو بوو و ئارامی باڵی بە سەر بەشەکاندا کێشا. بەڵام توکاریف هێشتا نەدەڕۆیی . پیرەمێرد لە سەر کورسییەکی نەرم دانیشتبوو خەریک بوو بە وردی کاغەز وشتە تازەکانی دەخوێندەوە، لە دەرگا درا . توکاریف وەڵامی دایەوە : – فەرموو ژورێ .

کورچاگین وەژوور کەوت، دوو ئەنکێتی لە بەردەم سکرتێری کۆمیتە دانا .

– ئەمە چییە؟

– ئەمە، بابۆ ، ئەمە کۆتایی خۆ دزینەوەیە لە مەسئولیەت، پێموایە کاتی هاتووە . ئەگەر تۆش هاوڕا بی لە گەڵما، تکا دەکەم پشتیوانیم بکە.

توکاریف، تەمەشایەکی ناونیشانەکەی کرد ودوای چەند ساتێک، تەمەشای کوڕێژگەکەی کرد، بە بێدەنگی دەستی دایە قەڵەمەکەی و لەو ستوونەدا کە تایبەت بوو بە دیاریکردنی بەرواری کاندید بوونی هاوڕێ پاڤل ئاندریوفیچ کورچاگین بۆ حیزبی پوڵشەفیک، بە توندی نووسی : "١٩٠٣ " و لە تەنیشتیەوە ئیمزا سادەکەی لێدا .

– وەرە کوڕم، من دڵنیام کە هەرگیز سەری سپی من شۆڕ ناکەیت.

***

کەش و هەوای ژوورەکە خەفەیە . هەموو هەر یەک بیریان لە مێشکایە : ساتێ زووتر، بگەنە سەر جادە و ڕاڕەوە ئاوەدان بە دارێن بەڕوو و کەستانەی سولومینکای نزیک وێستگەکە .

تسفیتایف، بە دەم ئارەقە دەردانەوە پاڕایەوە : – بەسە پاڤکا، تەواوی بکە، تاقەتم چوو.

کاتیوشا و ئەوانی دیش پشتیوانیان لە پێشنیازەکەی ئەو کرد .

کورچاگین کتێبەکەی داخست و شانەکە کاری خۆی تەواو کرد .

وەختایەک هەمووان هەستان، تەلەفۆنە ئەریکسۆنە کۆنەکە بەقەد دیوارەکەوە بە دەنگێکی ناساز لێی دا . تسفیتایف، بە دەنگێکی بەرزی ئەوتۆ کە ئەوانەی ژوورەوە هەموویان گوێیان لێبێ، وەڵامی دایەوە .

گۆشیەکەی دانایەوەو بۆ لای کورچاگین گەڕایەوە .

– دوو فارگۆنی کونسولخانەی پۆڵاندی لە وێستگەکە وەستاون وکارەباکەیان کوژاوەتەوە . قیتارەکە دوای یەک سەعاتی دی بەڕێ دەکەوێت، دەبێ وایەرەکەی چاک بکرێت . سەندووقی ئەوزارەکان هەڵگرە و یەکسەر بڕۆ بۆ ئەوێ . کارەکە پەلەیە .

دوو فارگۆنی عالی (هێڵی نێودەوڵەتی) لە بەر شۆستەی یەکەمی وێستگەکە وەستابوون، یەکێکیان فارگۆنێکی سالۆنی پەنجەرە گەورە بوو، لە ڕووناکیدا غەرق بووبوو، بەڵام فارگۆنەکەی تەنیشتی لە تاریکی تەواودا نقووم بووبوو.

پاڤل، لە فارگۆنە پولمان (مۆدێلی فارگۆنە) کە نزیک بووەوە، دەسکی دەرگاکەی گرت، دەیویست بچێتە ژوورەوە.

زەلامێک لە پەنای دیواری وێستگەکەوە وەدەرکەوت وخێرا خۆی گەیاندێ وتووند شانی گرت وگوتی : – بۆ کوێ هاوشاری؟

دەنگەکە ئاشنا بوو، پاڤل ئاوڕی دایەوە، چاوی بە کابرایەک کەوت کە چاکەتێکی چەرمی لەبەر  و کڵاوێکی پانی لە سەر بوو، لووتێکی باریکی دەنووکە داڵاشی پێوە بوو، نیگای تووڕە و ئامادەی هێرش بوو.

ئارتیوخین، دوای تەمەشا کرنێکی زۆر ئەوسا پاڤلی ناسییەوە، دەستی لە شانی وی داخزی . دەم و چاوی گەشایەوە، نیگای پرسیار ئامێزی لە سەندووقەکە بڕی :
– بۆ کوێ دەڕۆیشتی؟

پاڤل، بە کورتی وەڵامی دایەوە . کەسێکی دی لە پشت فارگۆنەکەوە بە دیارکەوت .

– من ئێستا ڕێنمایەکەیان بانگدەکەم .

کورچاگین، لە دووی یاوەرەکەوە خۆی بە فارگۆنە سالۆنەکەدا (تایبەتی) کرد، چەند نەفەرێک بە جل وبەرگی شیکی سەفەرییەوە ڕۆنیشتبوون، ژنێک لە پشت مێزێکەوە کە سفرەیەکی ئاورێشمی گوڵ سووری پێدا درابوو، پشت لە دەرگاکە دانیشتبوو. کاتێ کورچاگین وەژوور کەوت، ئەو لە گەڵ ئەفسەرێکی باڵابەرزا، کە لە بەردەمیا وەستا بوو، قسەی دەکرد . هەرکە پاڤل، میکانیسێنی کارەبا وەژوورکەوت، ئەوان قسەکەیان بڕی.

کورچاگین، وایەرە دەرەکییەکانی لە دوا گڵۆپەوە تا ڕاڕەوەکە معایەنە کرد، وایەرەکە هیچ عەیبێکی نەبوو، ئەوسا لە فارگۆنەکە وەدەرکەوت، کەوتە گەڕان بە دووی عەیبی کارەباکەدا . یارۆی ڕێنوێنی قەڵەوی مل ئەستوور، وەکو ملی بوکسبازان، کە چاکەتێکی پڕ لە دوگمەی مسی گەورەی لە بەر بوو، هەر دووگمەیەک وێنەی هەڵۆیەکی تاک سەری پێوەبوو، هەنگاو بە هەنگاو تاقیبی ئەمی دەکرد.

– با بڕۆین بۆ فارگۆنی دووەم، ئێرە هیچ عەیبێکی نییە . پاتریەکەش کار دەکات، دیارە عەیبەکە لەوێندەرە.

یارۆی ڕێنوێن، کلیلەکەی دەرهێنا، دەرگاکەی کردەوە، بە دوو قۆڵی خۆیان بە ڕاڕەوە تاریکەکەدا کرد. پاڤل، بە لایتەکەی دەستی وایەرەکەی ڕوناک کردەوە، بلەز شوێنی بڕانی وایەرەکەی دۆزییەوە، دوای چەند دەقیقەیەک یەکەم گڵۆپی ڕاڕەوەکە هەڵبوو و ڕاڕەوەکە پڕ بوو لە ڕوناکییەکی کزی شیریی.

کورچاگین، بە ڕێنوێنەکەی یاوەری خۆی گوت :

– دەبێ فارگۆنەکە بکەیتەوە، چونکە پێتڤیە گڵۆپەکان بێنە گۆڕین، هەمووی سووتاون.

– لەم حاڵەدا دەبێ بانگی خانم بکەین، چونکە کلیلەکە بەوە.

ڕێنوێنەکە، کە نەیدەویست کورچاگین بە تەنێ جێبێڵێ، کورچاگینی دووی خۆی دا .

ژنەکە یەکەمجار خۆی بە ژووروچکەکەدا کرد وپاڤل دووی کەوت. ڕێنوێنەکە لە ناوەندی دەرگاکە وەستا، بە جەستەی خۆی دەرگاکەی گرت. دوو جانتای چەرمی جوان لە توڕێکا، مانتۆیەکی ئاورێشم کە بە بێموبالاتی لە سەر یەک کەوتبوو، شووشەیەکی عەترو قووتوویەکی چکۆلەی بۆدرە لە سەر تەپڵەکێکی نزیک پەنجەرەکە، سەرنجی پاڤلیان ڕاکێشا . ژنەکە لە قەراخ قەنەفەکە ڕۆنیشت، بە دەم ڕێکخستنی قژە کەتانییەکەیەوە، تەمەشای کارەکەی یارۆی کارەباچی ( پاڤل ) دەکرد .

یارۆی ڕێنوێن، بە زەحمەت ملە گامێشییەکەی بۆ ژنەی تاین دانەواند و بە زمانێکی پڕ لە دەڵەچەیی وڕووبینی گوتی :

– خانمەکەم تکایە یەک دەقیقە مۆڵەتم بدەیە . سەرکار جەنابی مێجەر (ڕائد) بیرەی ساردی دەوێ .

ژنەی تاین، بە دەنگێکی پڕ عیشوەی دەستکرد گوتی : – دەتوانی بڕۆیت .

قسە کردنەکەی وان بە زمانی پۆلاندی بوو .

تیلماسکە ڕوناکییەک لە ڕاڕەوەکەوە، دەیدا لە شانی ژنەکە. کراسە شیکەکەی کە لە ناسکترین ئاورێشمی لیون بوو و لە ئالی باشترین خەیاتی پاریسەوە دورا بوو، بە جۆرێ دورا بوو کە شانەکانی و دەستەکانی بە دەرەوە بوون. گوارەیەکی ئەڵماسی دڵۆپە ئاسا، بە گوێچکە بچووکەکانیەوە، دەلەرییەوەو دەدرەوشایەوە. کورچاگین تەنیا شان ودەستەکانی ژنەی دەبینی کە دەتگوت لە عاجی فیل دروستکرابوون. دەم و چاوی لە سێبەردا بوو .

پاڤل، بە پەلە دەڕنەفیزەکەی بادا وپلاکەکەی سەرەوەی لە میچەکە کردەوە ودوای چەند دەقیقەیەک ژوورۆچکەکە ڕوناک بووەوە. ئیدی هەر ئەوە مابوو گڵۆپی دووەمی سەرووی قەنەفەکە معایەنە بکات، کە ژنەکە لە سەری دانیشتبوو.

کورچاگین لە بەردەم ژنەکەدا وەستا و گوتی : – دەبێ ئەم گڵۆپە تاقی بکەمەوە.

ژنەکە، بە ڕووسییەکی پەتی و زەلاڵ گوتی : – ئەها، بەڵێ، ڕێم لێگرتوویت.

لە سەر قەنەفەکە هەستا و، تەقریبەن شانبەشانی کورچاگین وەستا . ئێستا، بە هەموو بەژن و باڵایەوە دیاربوو . برۆ کەوانیەکانی، لێوە نووقاو و پڕ غرووورەکانی، زۆر ئاشنا بوون، هیچ گومانی لە لا نەما ئەو کەسەی لە بەردەمیا وەستابوو، " نیلی لیشنسکایا " بوو . ئەم کیژەی پارێزەری دادگا، هەستی بە نیگا سەرسامەکانی پاڤل کرد . کورچاگین ئەوی ناسییەوە، بەڵام لیشنسکایا چەند سەری هێنا و سەری برد، پەی بەوە نەبرد کە ئەم کارەباچیەی لە بەردەمیا وەستاوە، هەمان هاوسێ بزێو ولاسارەکەی ئەوانە کە لە زەرفی چوار ساڵدا بەمجۆرە گەورە بووە .

ژنە، لە تەمەشاکردنەکەی وی بێزار بوو، برۆی وێکهێنانەوە وبە بێتاقەتی بەرەو دەرگاکە ڕۆیی و لەوێندەر وەستا، و نووکی پێڵاوە بریقەدارەکانی بە نیگەرانییەوە،

دەکێشا بە زەمینەی ژووروچکەکەدا. پاڤل  کەوتە کارکردن لە سەر گڵۆپی دووەم . گڵۆپەکەی کردەوە، لە بەر ڕوناکییەکە تەمەشای کرد.  بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، چ بۆ خۆی و چ بۆ لیشنسکایاش، بە زمانی پۆلاندی پرسی : – فیکتوریش لێرەیە؟

کورچاگین، کە ئەو پرسیارەی کرد ئاوڕی نەدایەوە . بۆیە ڕوخساری نیلی نەبینی، بەڵام بێدەنگییە دوور ودرێژەکە، نیشانەی پەشۆکانی نیلی بوو.

– یانی تۆ دەیناسیت؟!

– بەڵێ زۆر باشی دەناسم . ئاخر من دراوسێی ئێوە بووم .

پاڤل، ئەو قسەیەی کرد و ئاوڕی لێدایەوە . نیلی بە مینگە مینگەوە پرسی:– تۆ پاڤلی، کوڕی؟

پاڤل، بۆی تەواو کرد : – کوڕی ژنە ئاشپەزەکەم.

– نامەخوا چەند گەورە بووی ! بیرم دێ منداڵێکی هەڵەشە و سەرەڕۆ بووی .

نیلی، بێ هیچ لە ڕوو دامانێک سەراپای بە نیگا دابێژت . نیلی، بە ئومێدی ڕەواندنەوەی ساردو سڕی ئەم دیدارە چاوەنۆڕ نەکراوە، بە دەنگێکی ناسکی پڕ نازەوە پرسی :

– بۆچی لە فیکتۆر دەپرسیت؟ ئەوەندەی من بیرم بێت تۆ بەینت لە گەڵیا باش نەبوو.

بە پەلە، بە دەڕنەفیزەکە، بزمارەکەی لە میچەکە توونـد دەکرد .

– فیکتور قەرزێکی لە سەرە کە نەیداوەتەوە. هەر کاتێ بینیت لە زمانی منەوە پێی بڵێ من ئێستاش چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەم، کە ئەو قەرزەی لێوەربگرمەوە.

– پێم بڵێ، چەندت قەرزدارە، من لە جیاتی ئەو دەتدەمەوە .

ئەو دەیزانی مەبەستی کورچاگین چ جۆرە قەرزێکە . چونکە ئاگای لەوە بوو کە ڤیکتور لە سەردەمی پتلیوراییەکاندا، خەبەری لە کورچاگین دابوو، بەڵام بە ئانقەست خۆی لە گێلی دەدا و دەیویست ئەم سالوکە پەست وتووڕە بکات ودەماری بگرێ.

کورچاگین، بێدەنگ بوو.

نیلی بە خەمبارییەوە گوتی :

– ئەرێ پێم بڵێ، ئایا ڕاستە کە ماڵەکەمان تالان و وێران کراوە؟ بێگومان ئێستا کەپرەکە و کەردی گوڵەکان هەر هەمووی وێران بووە. وا نا؟

– ماڵەکە ئێستا هی ئێمەیە، هی ئێوە نییە، قازانجی مە لە ڕوخاندنیا نییە، بۆ بیڕوخێنین؟

نیلی پۆزخەنێکی بۆ کرد وگوتی :

– ئەها، وایارە تۆشیان گۆشکردووە! بەڵام بۆ ئاگاداریت ئەم فارگۆنە، هی کونسوڵخانەی پۆڵاندایە، من خانم و خاوەنی ئەم فارگۆن وساڵۆنەم، تۆ هەر بەندەکەی جارانی. تۆ ئێستا کار دەکەی تا ڕوناکی بۆ من دابین بکەیت، تا بە ئیسراحەتی خۆم لە سەر ئەم قەنەفەیە خەریکی خوێندنەوە بم . جاران دایکت جلشۆری ئێمە بوو، ئێستا وا یەکمان دیتوەتەوە هەمان حاڵی جاران باقیە.

نیلی، بە ژارخەنێکی سەرکەوتووانەوە ئەو قسەیەی کرد، پاڤل، بە نووکی چەقۆیەکەی وایەری سەر تەلەکەی بڕی و بە تەوس و توانجێکی ئاشکراوە ڕوانیە ژنەی پۆڵاندی.

– ئەگەر مەسەلەکە پەیوەندی بە منەوە بوایە هاوشاری، ئامادە نەبووم، تاقە بزماریکی ژەنگنیشت بۆ دابکوتم، بەڵام مادامێکی بورژوایان، دپلوماتانیان داهێناوە، ئێمەش نەزاکەت ڕەچاو دەکەین ولە پرەنسیپی باو دەرناچین، سەریان نابڕین، بە پێچەوانەی تۆوە، تەنانەت قسەی زبریشیان لە گەڵ ناکەین.

گۆناکانی نیلی سوور بوونەوە .

– ئەگەر بتان توانیبا وارشۆ بگرن، چیت لە من دەکرد؟ قیمە قیمەت دەکردم یان دەتکردم بە ماشقەی خۆت؟

نیلی، لە بەر دەرگاکە وەستابوو، بە ناز و عیشوەوە خۆی دانەواندبووەوە. هەر دوو کونە کەپووە هەستیارەکەی کە ڕاهاتووی کوکاین بوون، دەلەرزین . ڕوناکی سەر قەنەفەکە پێبوو . پاڤل ڕاست بووەوە.

– تۆ بە کەڵکی کێ دێی؟ پێویست بە شمشێری مە ناکات، هەر کوکاین دەتکوژێت. من تەنانەت وەکو ژنیش تۆم قەبووڵ نییە. بە ژنیشت نازانم!

بەخۆ و سەندووقەکەی دەستیەوە، دوو شەقاوان بەرەو دەرگاکە ڕۆیی . نیلی لاکەوت. پاڤل لە کۆتایی ڕاڕەوەکەدا بوو کە گوێی لە جنێوەکەی نیلی بوو : – بوڵشەفیکی نەعلەتی!

***

ئێوارەی ڕۆژی دواتر، کاتێ کورچاگین بەرەو کتێبخانە دەڕۆیی، لە ڕێگا تووشی کاتیوشازیلینوڤا بوو. زیلینوڤا، بە دەستە چکۆلەکەی ئاسینی بلوزەکەی پاڤلی گرت وبە شۆخییەوە ڕێگەی پێگرت : – کێوە دەڕۆیی، ڕابەری سیاسی و ڕۆشنبیری؟

– بۆ کتێبخانە. پورێ گیان کوا ڕێم بکە.

کورچاگین، بە هەمان تۆن وەڵامی دایەوە، بە میهرەبانیەوە شانی کاتیوشای گرت، بە پارێزەوە بۆ سەر شۆستەکەی برد. کاتیوشا خۆی لە دەستی دەرهێنا، شانبەشانی ئەو کەوتە ڕێ.

کاتیوشا، بە مکووڕی تێی ئاڵا :

– پاڤلوشا، گوێ بگرە. خۆ ژیان هەرخوێندنەوە و دەرس خوێندن نییە ... ها؟ دەزانی چیە، با بڕۆین بۆ ئاهەنگ و شەوبێری، ئەمڕۆ برادەران لە ماڵی زیناگلادیش

کۆدەبنەوە . کچەکان دەمێکەوە داوام لێدەکەن بۆ ئەوێت بەرم. ئاخر تۆ خۆت وەقفی سیاست کردووە، جگە لە سیاسەت هیچی دی نازانی، ماقوولە بای باڵێکی خۆت نەدەی وکەمێک کەیف بکەی؟ چیە با ئەمڕۆ نەخوێنیتەوە وکەمێک ئیسراحەت بدەیتە خۆ.

– ئاهەنگ و شەوبێری چی؟ لەویٚ چ دەکەن؟

کاتیوشا، بە تەوسەوە گوتی :

– چی دەکەن! خۆ بۆ نوێژ لەویٚ کۆ نابنەوە، دێن چەند سەعاتێک بەخۆشی دەبەنە سەر. تۆ ئوکوردیۆن دەژەنی، وانییە؟ من قەت گوێم لە سازڤانی تۆ نەبووە. دە لە بەر خاتری من ئەمجارە وەرە. مامی ( زینکا ) ئوکوردیۆنی هەیە. بەڵام باشی لێنازانیٚ . کچەکان حەزیان لە ژەنینی تۆیە، تۆش بووی بە مۆریانەی کتێبان، بە دیار کتێبەوە وشک دەبیتەوە. لە کویٚ نووسراوە کە شادی و کەیف لە ئەندامی کومسومول حەرامە؟ با بڕۆین تا لێت زویر نەبووم، دەنا تا یەک مانگ لێت دەتۆرێم و قسەت دەگەڵ ناکەم.

ئەم کاتیا (سووکەڵە ناوی کاتیوشا) چاو درشتە،کرێکاری ڕەنگڕێژ "خمگەر" هاوڕێیەکی باش و کومسومولیەکی باشە . کورچاگین، نەیویست دڵی بشکێنیٚ . بۆیە هەرچەندە فێری شەوبێری وئاهەنگان نەبوو، بەڵام لە بەر دڵی ئەو چوو.

ماڵەکەی (گلادیش) ی لکوموتیڤڕان، لە خەڵکیدا جمەی دەهات . هەراو زەنایەک بوو ئەو سەری دیار نەبوو. بە تەمەنەکان چوون بۆ ژووری دووەم، تا جێگا بە گەنجەکان سەغڵەت نەکەن . لە ژووری یەکەما، کە ژوور و هەیوانێکی گەورە بوو و دەیڕوانیە سەر باخێکی چکۆلە، پازدە کوڕ وکچ خڕ بووبوونەوە.

کاتیٚ کاتیوشا، لە نێو باخەکەوە پاڤلی بۆ بەر هەیوان و بانێژەکە برد، جەماعەت لەویٚ مژوول و سەرگەرمی یارییەک بوون بە ناوی (داندانی کۆتران) . یاریەکە بەمجۆرە بوو : لە ناوەندی بانێژە و بەر هەیوانەکەدا، دوو کورسی پشت لە یەکدی

دادەنران، لە سەر داوای خاوەن ماڵ، کە یارییەکەی بەڕێوە دەبرد، کوڕێک و کیژێک لە سەر ئەو کورسیانە دادەنیشتن. خاوەن ماڵەکە هاواریدەکرد : " دان بە کۆتران بدەن" . هەنگێ، ئەو کوڕ و کچەی، پشتاوپشت لە سەر کورسییەکان دانیشتبوون سەریان وەردەگێراو لێویان بەر لێوی یەکدی دەکەوت و بەوجۆرە بە بەرچاوی خەڵکییەوە یەکتریان ماچ دەکرد. پاشان یاری " ئەڵقە " و " پۆستەبەر " دەستی پێکرد . هەر یەکێک لەم یاریانەش بە ماچێک کۆتایی دەهات . لە گەمەی " پۆستەبەر" دا ماچەکە لە بەرهەیوان و بانێژە ڕوناکەکەوە، دەگوازرایەوە بۆ ژوورەکە و بۆ ئەوەی لە چاوی خەڵکی بە دوور بێ لەو کاتەدا گڵۆپەکان دەکوژێنرانەوە . بەڵام بۆ ئەوانەی کە ئەم گەمەیەیان بە دڵ نەبوو، یارییەکی دیکە هەبوو، دەستەیەک کاغەز لە سەر مێزێکی بچووکی گۆشەیەکی ژوورەکە هەبوو . پێی دەگوترا "ئاشقێنی گوڵ" هەر وەرەقێک لەم وەرەقانە ناوی نزیکەی دە- دوازدە گوڵی لە سەر نووسراوە، لە بەرانبەر هەر گوڵێکدا ڕستەیەکی، بە زۆری ئاشقانە نووسراوە . گەمەکە بەمجۆرەیە کە کوڕێک و کچێک هەریەکەیان چەند وەرەقێک هەڵدەگرێ و ناوی یەکێک لە گوڵەکان دەخوێنێتەوە ودەیدات بە بەرانبەرەکەی . بەرانبەرەکەش، ئەو ڕستەیە دەخوێنێتەوە کە لە هەنبەر ئەو گوڵەدا نووسراوە و ناوی گوڵێک دەخوێنێتەوە کە بە مەزەندەی خۆی وەڵامی دروست وگونجاوی پەیامی بەرانبەری لە خۆ گرتووە و قەرەقەکەی دەداتێ ."

یاریچییەکەی بەرانبەر پاڤل، کچێکی شازدە ساڵان بوو بە ناوی مورا، بە نازەوە چاوە شینەکانی لێداگرت و وەرەقێکی دایە و بە ئارامی گوتی : - وەنەوشە ...

پاڤل، چەند ساڵێک لەوەپێش دەچووە ئەم جۆرە ئاهەنگ و شەوبێریانە، هەرچەندە راستەوخۆ بەشداری تێدا نەدەکردن. بە هەرحاڵ ئەوسا بە دیاردەیەکی ئاسایی ونۆرماڵی دەزانی، بەڵام ئێستا کە بە تەواوەتی لە ژیانی سەرڤەسەرڤە و تەنگی شارۆچکەکە دابڕابوو، ئەم جۆرە شەو بێری و ئاهەنگانەی بەلاوە دزێو و بێتام و بێمانا بوو.

به هەرحاڵ وەرەقی " ئاشقێنیەکەی" لە دەستدا بوو، ڕستەکەی بەرانبەر "وەنەوشە"ی خوێندەوە : " تۆم زۆر بە دڵە " .

پاڤل، نۆڕیە کیژەکە، کیژێ بێ لە ڕوو دامان تەمەشای کردەوە : - بۆچی؟

پرسیارەکە هەندێک بێمانا هاتە بەرچاو. مورا پێشوەختە وەڵامەکەی ئامادە کردبوو. وەرەقی دووەمی بۆ درێژ کرد : - گوڵە باخ.

لە هەنبەر "گوڵە باخ " نووسرابوو : " تۆ سوارچاکی خەونی منی، ئایدیالی منی " .

کورچاگین، ئاوڕێکی لای کیژێی دایەوە، بە زمانێکی هەندێک نەرم پرسی :

- بۆچی خۆت بەم شتە بێهودانەوە خەریک دەکەیت؟

مورا، سوور بووەوە وپەشۆکا : - یانی ئەو ئیعترافەی منت بەدڵ نییە؟

بە پەستییەوە لێوەکانی هەڵقورتاندن .

کورچاگین، وەڵامی پرسیارەکەی ئەوی پشتگوێ خست . بەڵام دەیویست بزانێت ئەم کیژە کێیە. چەند پرسیارێکی لە کیژێ کرد کە بە کەماڵی مەیل وەڵامی دایەوە. پاڤل، دوای چەند دەقیقەیەک بۆی دەرکەوت کە ئەو کیژە خوێندکاری قۆناغی دواناوەندییە، کە باوکی وموفەتیشی فارگۆنانە، کە کیژێ دەمێکە پاڤل دەناسێت وگەرەکییەتی تەعاروفی لە گەڵدا بکات.

کورچاگین، لێی پرسی : - ناوی فامیل وشۆرەتت چیە؟

- مورا ڤولینتسیڤا.

- براکەت سکرتێری شانەی کومسومولی دەبوکەیە؟

- بەڵێ .

پاڤل، ئێستا بۆی دەرکەوت کە سەروکاری لەگەڵ کێدایە . ڤولینتسیڤ یەکێک بوو لە کومسومولیە هەرە چالاکەکانی ناوچەکە. وادیاربوو، بە هیچ جۆرێ گرنگی بە

خوشکەکەی نەدەدا، وکیژێ زۆر بازاڕیانە پەروەردە دەبوو . و لە دوا ساڵی خوێندنیا فێری ئەوە بووبوو هاتوچۆی ماڵی هاوخوشکەکانی دەکرد ولە شەوبێری وئاهەنگێن ماچ ماچێنی سەخیفدا بەشداری دەکرد . مورا، چەندین جار کورچاگینی لە ماڵی براکەیدا بینی بوو.

مورا، هەستیکرد کە پاڤل، ڕەفتاری ئەوی بە دڵ نییە . کاتێ بۆ گەمەی " داندان بە کۆتران " بانگیان کرد، کیژێ هەستی بە پۆزخەنەکەی پاڤل کرد و بە هیچ جۆرێ بەشداری لە گەمەکەدا نەکرد .

چەند دەقیقەیەکی دیکە دانیشتن! مورا باسی خۆی کرد، زیلینوڤا هات بۆ لایان :

- ئەگەر ئوکوردیۆنەکە بێنم، دەیژەنی؟

چاوەکانی، بە ماناوە بچووک کردنەوە و تەمەشایەکی مورای کرد و پرسی :

- تەعاروفتان کرد؟

پاڤل، کاتیوشای لە نک خۆیەوە دانا، هەرا و زەنا و خەندە و پێکەنینی ئاپۆڕاکەی بە هەل زانی و گوتی : - ئوکوردیۆن لێنادەم، من و مورا ئێستا لێرە دەڕۆین .

زیلینوڤا، بە تۆنێکی پڕ ماناوە گوتی : - یانی بێتاقەت بووی؟

- بەڵێ بێتاقەت بووم . تۆ بڕوانە بزانە جگە لە من و تۆ هیچ کومسومولیەکی دی لێرە دەبینی؟ یان تەنیا من و تۆ کەوتووینەتە ناو " لانەی کۆتران " ؟ .

کاتیوشا، بە تۆنێکی ئاشتی ئامێز گوتی :

- تەواو، ئەو شتە سەیرانە تەواو بوو، ئێستا سەما دەکەین .

- زۆر چاکە، تۆ بۆ خۆت بڕەقسە پیرەژن، بەڵام من و مورا دەڕۆین.

***

شەوێک ئانا بورخات هات بۆ ماڵی ئوکونیف. کورچاگین بە تەنێ لە ژوورەکەدا بوو .

– پاڤل، زۆر مژوولی؟ دەتەوێ بچین بۆ پلینیومی شورای شار؟ بە دوو قۆڵی برۆین خۆشترە، بە تایبەتی کە درەنگ دەگەڕێینەوە.

کورچاگین، بلەز خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد. دەمانچە ماوزەڕە قورسەکەی بە سەر قەرەوێڵەکەوە هەڵواسرابوو. بۆیە دەمانچە برۆنینگەکەی ئوکونیفی لە چاوی مێزەکە دەرهێنا و خستیە گیرفانی . کاغەزێکی بۆ ئوکونیف نووسی و کلیلەکەی لە شوێنی دیاریکراوا شاردەوە.

لە شانۆکەدا تووشی پانکراتوف وئولگا بوون . هەموو پێکەوە دانیشتن ولە کاتی پشوودا، لە حەوشەکەدا پیاسە و ڕاوێچکەیان دەکرد . پلینیۆمەکە وەکو " ئانا " وێنای کردبوو، تا درەنگانی شەوی خایاند . ئولگا پێشنیازی کرد : – با بچین لە شوقەکەی مندا بخەوین، ماڵەکەی تۆ دوورەو تازە درەنگیشە.

ئانا، پێشنیازەکەی ئەوی ڕەتکردەوەوگوتی:– نا، من قەرارم لە گەڵ ئەودا کردووە کە بگەڕێمەوە.

بانکراتوف وئۆلگا، بە شەقامەکەدا داگەڕان، بەڵام ئانا وپاڤل، بە گردەکەدا بەرەو سولومینکا هەڵگەڕان .

شەوێکی کپ وتاریک بوو. شار نووستبوو. بەشدارانی پلینیۆمەکە هەرکەسە وبە لایەکا بڵاوەیان دەکرد. دەنگی هەنگاو وقسەکانیان بەرەبەرە کپ دەبوو. پاڤل وئانا بلەز لە جادە سەرەکییەکان دوور دەکەوتنەوە. لە بازاڕە چۆڵەکەدا، حەسحەسێک ڕایگرتن. دوای ئەوەی تەمەشای ناسنامەکانی کردن، ڕێگەی دان کە برۆن … بولڤارەکەیان بڕی، گەیینە شەقامێکی چۆڵی تاریک کە بە ناو کۆمەڵە کەلاوەیەکدا تێدەپەڕی. بە دەستە چەپا پێچیان کردەوەو بە جادە پانەکەی شانبەشانی عەمارەکانی ڕێگای ئاسندا، خۆیان گەیاندە سەر شۆستەکە. ئەمانە بینای بلوکی

درێژ وخەمناک وترسناک بوون. نیگەرانیەکی کوت وپڕ ئانای داگرت. بە کونجکاوییەوە دەیڕوانییە تاریکییەکە و بە پچڕپچڕی و دوو دڵی وەڵامی پاڤلی دەدایەوە.

ئانا سێبەرێکی ترسناکی بەدی کرد، وەختێ نزیک بوونەوەو بینی سێبەرە ترسناکەکە عامودی تەلەفۆنە " دارتێلە" پێکەنی وباسی باری دەروونی خۆی بۆ پاڤل کرد . بورخارت، باسکی پاڤلی گرت، شانی  بە شانییەوە نا وهێور بووەوە.

- من پێم ناوەتە ناو بیست و سێیەمین ساڵی تەمەنی خۆمەوە، بەڵام هەمان ئەعسابی پیرەژنانم هەیە ڕەنگە بە ترسنۆکم بزانی، هەڵبەتە ئەمە دروست نییە . ئەمڕۆ ڕەوشی دەروونیم زۆر خراپە . ئێستا کە تۆ لە تەک خۆما دەبینم، هەستدەکەم نیگەرانی و پەرێشانییەکەم دەڕەوێتەوە، کە بیر لەم هەموو ترس و نیگەرانیەی خۆم دەکەمەوە، شەرم دەمگرێت.

تاریکی شەوەکە وچۆڵەوانی کەلاوەکان، وچیرۆکی شانۆنامەکە سەبارەت بەو کوشتنە سامناکەی کە دوێنێ لە گەڕەکی بودول ڕویدابوو، ترسێکی سەیریان خستبووە دڵی ئاناوە . بەڵام ئارامی پاڤل، تروسکە تروسکی ئاگری جگەرەکەی، کە گۆشەیەکی ڕوخساری ڕووناک دەکردەوەو برۆ کەوانیە پیاوانەکانی دەنواند، هەموو ئەو ترسەی لە دڵی ئانادا ڕەواندەوە.

لە عەمارەکان تێپەڕین، بە سەر قەنتەرەیەکی بچووکا، کە لە سەر جۆگایەکی بچووک دروستکرابوو، پەڕینەوە . لە شۆستەکەی تەنیشت وێستگەکەوە بەرەو نەفەقەکەی خوارەوەی ژێر ڕێگای ئاسن ڕۆیشتن، ئەم تونێلە، ئەم گەڕەکەی شارۆچکەکەی بە گەڕەکی ڕێگای ئاسنەوە دەبەستەوە.

وێستگەکە، لە دوورەوە ولە دەستە ڕاستا، دیار بوو. تونێلەکە بەرەو بن بەستی دەبۆکە دەڕۆیی، ئێرە ئیدی گەڕەکەکەی خۆیان بوو.

له سەرەوە، له لای هێڵە ئاسنەکانەوە، چەند تروسکاییەک بە سەر مەقەستی گۆڕینی هێڵەکانەوە دەدرەوشایەوە. له بەردەم دەبۆکەدا، لکوموتیڤێک، کە بۆ ئیسراحەتی شەوانە دەڕۆیی، هەر هانکە هانکی بوو.

له سەرووی دەروازەی نەفەقەکەوە، گڵۆپێک بە قولابێکی ژەنگنەوە هەڵواسرابوو وبە دەم بایەکەوە بە ئاستەم دەهەژی ورِوناکییە کزەکەی لەم بەری دیواری تونێلەکەوە بۆ ئەو بەر دەڕۆیی.

له دووری دە هەنگاوی دەروازەی تونێلەکەدا، ڕێک له بەردەم شۆستەکەدا، خانوویەکی بچووک هەبوو. دوو ساڵ لەوە پێش گولله تۆپێکی بەرکەوتبوو، ناوەوەی وێران کردبوو و ڕووکاری دەرەوەی داغان کردبوو. ئێستا خانووەیەک بوو کە وەکو دەرۆزەکاران له قەراخ ڕێگایەک دانیشتبێ و بێچارەیی و داماوی خۆی بنوێنێ. ڤیتارێک بە هاڕەهاڕ بە سەر خاکرێزەکەی سەرێدا تێپەڕی .

ئانا، هەناسەیەکی ئۆخەی هەڵکێشا وگوتی : - ئەوەتا، وا گەیینەوە ماڵ.

پاڤل، بە شیوەیەک کە هەستی پێنەکرێ، هەوڵیدا باسکی خۆی له دەستی دەربێنێ . حەزیدەکرد. بەر لەوەی بگەنە تونێلەکە باسکی له دەستی هاوڕێکەی دەربێنێ وئازاد بێت . لێ ئانا دەستی ئەوی بەرنەدا . بەلای خانووە وێرانەکەدا تێپەڕین.

له دوای ئەوانەوە دەنگی توندی پێیان دەهات کە خەریک بوو وردە وردە دەبوو بە ڕاکردن . کورچاگین بە توبزی باسکی له دەستی ئانا دەرهێنا. لێ ئانا زۆر ترسا، دەستی ئەوی توونд بە خۆیەوە گوشی. کاتێ کورچاگین بە خورتی دەستی دەرهێنا تازە درەنگ بووبوو . دەستێکی ئاسنین نرایە گەردنی پاڤل. پاڤل، خێرا ئاوڕی دایەوە، ڕوو بە ڕووی خاوەن دەستەکە بووەوە . لوولەی دەمانچەیەکی پارابلوم ڕێک بەر دەم ودانی کەوت، دەستێک قورتمی گرت، یاخەی کراسەکەی توونд کرد وتەواو سەغڵەتی کرد، مەرگ له لوولەی دەمانچە پارابلومەکەوە زەق زەق تەمەشای ئەمی دەکرد و پاڤل توانای ئەوەی نەبوو بۆ چاو تروکانێکیش چاو له لوولەی دەمانچەکە بگوازێتەوە. چاوەڕوانی ئەوە بوو فیشەکەکەی پێوە بنرێ،

بەڵام هێرشکارەکەتەقەی نەکرد، پاڤڵ سەرو چاوی ڕێگرەکەی بینی، کەللە زلێکی، شەویلاگە ئەستووری، ڕدێن و سمێڵ نەتاشراوی ڕەش بوو، بەڵام چاوەکانی لە ژێر قەراخی شەپقەکەیەوە بەباشی دیار نەبوون.

کورچاگین، بە لاچاو نیگایەکی ڕەوتەنی وخێرای ئانای کرد کە ڕەنگی سپی هەڵگەڕابوو، و یەکێک لە سێ ڕێگرەکە بەرەو قوڵایی خانووە وێرانەکەی دەبرد. قۆڵی ئانای بادا و دای بە عارديدا. تارماييەكی دیکەش لەم نزیک بووەوە، کورچاگین، سێبەری تارماییەکەی بەسەر دیواری تونێلەکەوە دەبینی . لە دواوە، لە قوڵایی کەلاوەکەدا کێشماکێش بوو . ئانا بەرەڤانییەکی سەختی دەکرد. هاوارە خەفەکەی لە ژێر ئەو کلاوەوە کە نابوویانە سەردەمی دەرپەڕی. کابرای سەر زل کە پاڤکای بەگیر هێنابوو، نەیدەویست لەم کاری بێناموسی و دەستدرێژییە سێکسییە بێبەش بێت. دیاربوو سەرۆکی باندەکە بوو، وەکو دڕندەیەک بەرەو نچیرەکە داکشا، ئەم جۆرە دەور دابەشکردنەی بە دڵ نەبوو. ئەو کوڕەی کابرای کەللە زل یەخەی گرتبوو، واتە پاڤل، منداڵکار و تازەکار و ناشی دیاربوو، بە ڕواڵەتیا لە گەجەر و گوجەرانی دەبۆکە دەچوو . ئەم کوڕە مایەی خەتەر و مەترسی نەبوو " یەک دوو بۆکسی موحتەرەم بە تەوێڵیا بکێشێت و ڕێگەی کەلاوەکەی نیشانبدەی، یەکسەر دەقووچێنێ و تا ناو شار ئاوڕ ناداتەوە" . کابرای سەر زل دەستی شل کرد.

– هەڵێ برۆ ... لە کوێوە هاتووی بۆ ئەوێ برۆ، ئەگەر فزە بکەی دەتکەم بە قوربانی گوللەیەک و فزەت دەبڕم.

کابرای کەللە زل دەسکە دەمانچەیەکی کێشا بە ناوچەوانی کورچاگیندا و بە دەنگێکی نووساو گوتی : – دە هەڵێ ...

ئەوسا لوولەی پارابلومەکەی هێنایە خوارێ تا دڵنیای بکاتەوە کە لە دواوە تەقەی لێناکات .

کورچاگین، یەک دوو هەنگاو کشایەوە بەبێ ئەوەی چاو لە یارۆی کەللە زل بگوازێتەوە . یارۆی کەللە زل وایزانی کە کوڕە منداڵکارەکە، پاڤل هێشتا لەوە دەترسێت کە لە دواوە تەقەی لێبکرێت، بۆیە بەرەولای خانووە ڕوخاوەکە ڕۆیی.

پاڤل، بلەز دەستی بۆ گیرفانی برد: " ئاخ، ئەگەر فریا بکەوم، بەس لە دەستم دەرنەچێت !" جارێکی دی بە توندی ئاوڕی دایەوە، باسکی چەپی بۆ پێشەوە ڕاکێشا. لە چاو تروکانێکا لوولەی دەمانچەکەی کردە یارۆی کەللە زل و تەقەی لێکرد.

کابرای ڕێگر، درەنگ هەستی بە هەڵەکەی خۆی کرد . بەر لەوەی فریای دەستکردنەوە بکەوێ، گوللەکە لە قەبرغەیا گیرسایەوە . لە تاو ئازار کەوت بە دیواری تونێلەکەدا، ئاهێکی خەفەی هەڵکێشا و دەستی بە دیوارە کۆنکرێتیەکەی تونێلەکەوە گرت وبە ئەسپایی کەوتە سەر ئەرزەکە . تارماییەک لە درزی خانووە وێرانەکەوە بەرەو چاڵ و قوڵاییەکەی خوارەوە داخزی.

گوللەی دووەم دەنگی دایەوە، تارمایی دووەم بە ماتەمات ڕۆیی و لە تاریکی تونێلەکەدا ون بوو . تەقەیەکی دی کرا . تارماییەکە خۆی بە لایەکا دا، تەپ وتۆزی گوللەکە کە بەر دیوارەکە کەوتبوو، بەر سەر تارماییەکەدا پەرش وبڵاو بووەوە وتارماییەکە خۆی بکێش کردو لە تاریکییەکەدا ون بوو. فیشەکی سێیەم بێدەنگی شەوەکەی شڵەقاند. کابرای کەللە زل، لە پاڵ دیوارەکەدا، بە دەم ئاویلکەدانەوە گینگڵی دەدا .

کورچاگین ئانای لەسەر ئەرزەکە هەڵساندەوە، ئازای وەک بی ناو ئاو دەلەرزی . تەمەشایەکی کابرای ڕێگری کرد، کە لە جێی خۆی هەڵدەپلا، هەنگێ هەستیکرد، کە خەریکە لەو مەینەتیە دەخەلەسێ .

کورچاگین، بە هەموو هێزی خۆیەوە ئانای لە ڕوناکییەکەوە بەرەو تاریکیەکە ڕاکێشا و بەرەو شارۆچکەکەی بکێش کرد . بە غاردان بەرەو وێستگەکە ڕۆیشتن .

له بەردەم تونێلەکەدا و له سەر خاکرێزەکەوه چەند تروسکاییەک دەدرەوشانەوه .
دەنگی تەقەی ڕاگەیاندنی خەتەر له لای سکەکەوه بەرز بووەوه .

***

کاتێ گەیینه شوقەکەی ئانا، که بەسەر گردی باتیفاوه بوو، کەڵەبابی بەرەبەیان دەیخوێند . ئانا له سەر قەرەوێڵەکە ڕاکشا، کورچاگین له بەردەم مێزەکە دانیشت . جگەرەی دەکێشا و به وردی دەیڕوانییە ئەڵقەی دووکەڵە کەوەییەکە که دەچوو به ئاسمانا. ئەو پیاوەی که تۆزێک لەمەوبەر کوشتی، چوارەمین پیاو بوو که له ژیانیا کوشتبووی.

ئایا، هەموو کاتێک، ئازایەتی وەکو خۆی به هاناتەوه دێ؟ کاتێ هەموو هەست و بیرەوەرییەکانی خۆی وەبیر هێنایەوه له دڵی خۆیدا دانی بەوەدا نا، که یەکەمجار چاوی به لوولەی دەمانچەکە کەوت، دڵی داخورپا. باشه هۆی دەربازبوونی دوو تارماییەکەی دی دەگەڕێتەوه بۆ ئەوەی چاوێکی کوێر بوو، بۆ ئەوەی که ناچاربوو دەستی چەپ بەکار بێنێ؟ نا، له دووری چەند هەنگاوێکەوه، دەیتوانی باشتر سێره بگرێت، بەڵام شڵەژان وپەشۆکان، که نیشانەی بێ چەند و چوونی، دەستەپاچەییە، بواری نەدا .

ڕوناکی تەیبڵ لامپەکەی سەر مێزەکە دەیدا له سەری پاڤل . ئانا، به بێئەوەی بچووکترین جوڵە ولڤینی دەمار وماسولکەکانی ڕوخساری فەرامۆش بکات، به چاو چاودێری ئەوی دەکرد . لێ چاوەکانی ئارام بوون، بەڵام چرچ ولۆچەکانی سەر هەنیەی، نیشانەی پەشێوی بیرەکانی بوون .

– بیر له چی دەکەیەوه پاڤل؟

بەو پرسیارە، شڵەژا، بیرەکانی وەکو دووکەڵی دەوری نیو بازنەیەکی ڕوناکایی، پەرت بوون و بڵاو بوونەوه . لەو ساتەدا شتێکی وەبیرا هات وگوتی :

- من دەبێ بڕۆم بۆ مەخفەر . دەبێ لە ورد ودرشتی ئەم بویەرەیان ئاگادار بکەمەوە.

بە بێ مەیلی، ماندوویەتی خۆی وەلا نا و هەستایە سەر پێیان .

ئانا، یەکسەر دەستی بەر نەدا . حەزی نەدەکرد بە تەنێ بمێنێتەوە . تابەر دەرگا بەڕیی کرد . دەرگاکەی دا نەخست تا کورچاگین، کە هەنووکە بەو ڕادەیە لەلای ئازیز بووبوو، لە تاریکییەکەدا ون بوو.

هاتنی کورچاگین بۆ مەخفەرەکە، تەم و مژی، سەر ئەو قەتڵەی کە بەلای پاسەوانانی ڕێگای ئاسنەکەوە زۆر ئاڵۆز بوو، ڕەواندەوە . یەکسەر جەندەکەکەیان ناسییەوە . جەنازەی " فیمکا چرپ " ی شەقاوە و ڕێگر و پیاو کوژی پێشینەدار بوو کە دام و دەزگای ئەولەکاری (ئەمنی) و تاوان زۆر باشیان دەناسی .

بۆ سبەینێ، هەموو خەڵکی بە ڕووداوەکەی بەر تونێلەکەیان زانی . ئەم ڕووداوە ولەم کاتەدا بووە هۆی تێگیرانێکی چاوەڕوان نەکری لە نێوان پاڤل و تسفیتایفدا .

تسفیتایف، لە گەرمەی کارکرنا خۆی بە وەرشەکەدا کرد . کورچاگینی بانگ کرد، لە گەڵ خۆیدا بۆ ڕاڕەوەکەی برد، لە سووچێکا ڕایگرت . تسفیتایف، زۆر نیگەران بوو، نەیدەزانی لە چییەوە دەست پێبکات . ئەنجام هاتە قسان : - باسی ئەو بویەرەی دوێنێم بۆ بکە .

- بە خۆت دەیزانی .

تسفیتایف، بە نیگەرانیەوە شانەکانی هەڵتەکاندن . پاڤلی کارەباچی نەیدەزانی کە بویەرەکەی تونێلەکە لە هەموو کەس پتر خەمی تسفیتایفە. پاڤل، نەیدەزانی کە ئەم ئاسنگەرە وێڕای بێ موبالاتی و خەمساردی ڕواڵەتی، دڵی بە بورخارتەوە بوو. هەر ئەو حەزی لە ئانا نەبوو، بەڵام ئەم حەزە لە لای تسفیتایف توندتر بوو، ڕووداوی تونێلەکە کە تسفیتایف لە لاگوتینای بیستبوو پرسیارێکی بە سۆی و بێ وەڵامیی لە زەینی ئەودا وروژاند . نەیدەتوانی ئەم پرسیارە ڕاستەوخۆ لە پاڤل

بکات، بەڵام عەودالّی وەڵامی پرسیارەکە بوو . هەڵبەتە لە نەستی خۆیدا، لە نائاگایی خۆیدا پەی بە بچووکی و ناچیزەیی و خۆ پەرەستانە بوونی، ترس و نیگەرانیەکەی خۆی دەبرد. بەڵام ئەمجارەیان لە کێشماکێش و ململانێی هەستە هەڤدژەکانی دەروونیا، هەستی سەرەتایی و کێویانە زاڵ بوو . بە دەنگێکی خەفە گوتی :

- گوێ بگرە کورچاگین، هەر بەینی خۆمان بێ، من دەزانم هیچ شتێک لەم بارەیەوە ناڵیی تا ئانا زویر نەبێت. بەڵام دەتوانی متمانەی تەواو بە من بکەیت . پێم بڵێ ئەو کاتەی کە یارۆی ڕێگر، تۆی گرتبوو، دووانەکەی دی ئانایان فەسات کرد؟

تسفیتایف، لە کۆتایی ڕستەکەدا خۆی پێ زەوت نەکرا و ڕووی لە پاڤل وەرگێڕا .

کورچاگین، خەریک بوو بە شێوەیەکی گونگ لە مەبەستی ئەو تێبگات، " ئەگەر تسفیتاف، دڵی بە ئاناوە نەبوایە، بەو جۆرە پەرۆشی نەدەبوو . ئەگەر ئانای بەو ڕادەیە بەلاوە ئازیزە ئەدی ..." پاڤل، بە سەر هاتەکەی ئانای زۆر لەبەر گران بوو .

- بۆچی دەپرسیت؟

تسفیتایف، چەند وشەیەکی پچڕپچڕ و بێ سەروبەری گوت، چونکە هەستیکرد دەستەکەیان دەخوێندەوە، ئاڵۆزکا وگوتی :

- چیە، بۆچی خۆت لە گێلی دەدەی، من تکات لێدەکەم کە وەڵام بدەیەوە، کە چی تۆ تاقیقم لە گەڵدا دەکەیت .

- تۆ دڵت بە ئاناوەیە؟

بێدەنگی. ئەوسا تسفیتایف بە زەحمەت وەڵامی دایەوە : - بەڵێ .

کورچاگین، بە زەحمەت ڕقی خۆی خواردەوەو گەڕایەوەو بێئەوەی ئاوڕی دواوە بداتەوە، بە ڕاڕەوەکەدا وەڕێکەوت.

***

شەوێک، ئوکوتیف، بە دەوری قەرەوێڵەکەی پاڤلی برادەریا سوڕایەوە وئەوسا لە قەراخ قەرەوێڵەکە ڕۆنیشت، دەستی نایە سەر ئەو کتێبەی کە پاڤل دەیخوێندەوە .

– گوێ بگرە پاڤل، من ناچارم شتێکت بۆ بگێڕمەوە . ئەم شتە لە لایەکەوە ناچیز وتوڕەهاتە و لە لایەکی ترەوە، ڕێک پێچەوانەیە، بەد حاڵی بوونێک لە نێوان من و تالیا لاگوتینادا چێبووە . با پێشوەختە ئەوەت پێ بڵێم کە من خۆشم دەوێ .

ئوکونیف، وەکو ئەوەی گوناحێکی کردبێ، بە شەرمێکەوە لاجانگی خوراند، بەڵام کە بینی هاوڕێکەی پێی پێنەکەنی، چەشە بوو و لە سەری ڕۆیی :

– تالیاش، جۆرە هەستێکی لەو بابەتەی لەلایە . بە هەر حاڵ من بە تەما نیم هەموو شتەکەت بۆ بگێڕمەوە. ئەوەی عەیانە چ حاجەت بە بەیانە، مانگی چاردە ئەنگوستی ناوێ . دوێنێ بڕیارمان دا، بەختی خۆ تاقی بکەینەوەو ژیانی خانەوادەگی پێکەوە بنەین . من تەمەنم بیست و دوو ساڵە . هەر دووکمان مافی بڕیاردانمان هەیە. گەرەکمە لە گەڵ تالیادا، لە سەر بنەمای یەکسانی و بەرانبەری، ژیانی خۆ ڕۆبنەین . تۆ چ دەڵێی؟

کورچاگین، لە فکران ڕا چوو :

– بڵێم چی نیکولا گیان، ئێوە هەردووکتان دۆستی منن، لە ڕووی ئەسڵ وفەسڵەوە یەک تیرە و تایفەن. ئیدی شتەکانی دی، شتێن هاوبەش وگشتین . تالیاش کیژێکی زۆر چاکە … ئیدی هەموو شتەکان ڕوون و ئاشکران.

کورچاگین، ڕۆژی دوایی کەل وپەلەکانی گواستەوە بۆ نشیمەن وخەوتنگەکەی دەبۆکە، بۆلای هاوڕێکانی. دوای چەند ڕۆژێک ئاهەنگێکی هاوڕێیانەی بێ خواردن وخواردنەوە . ئاهەنگێکی کومونیستانە لە شوقەکەی ئانادا، بە بۆنەی ویساڵی تالیا و نیکولایەوە بەرپاکرا. ئەم شەوبێری و ئاهەنگە زیاتر بۆ بیرەوەری وخوێندنەوەی هەندێک پەرەگرافی نموونەی پڕ سۆزترین کتێبان بوو. ئامادە بووان، زۆر گۆرانی خۆش وباشی بە کۆمەڵیان گوت. دەنگی سروودی شۆڕشگێڕانە تا دووری دوور

دەڕۆیی، درەنگانێکی شەو کاتیوشا زیلینوڤا و مورا فولینتسیڤا، ئوکوردیونێکیان هێنا. ئیدی ژوورەکە پڕبوو لە دەنگێن گڕ وناسک وخۆش، ئەو شەوە پاڤل، نەوایەکی زۆر باش ودەگمەنی ژەند . کاتێ پانکراتوفی لەندەهۆر دەستی بە ڕەقسین کردو هەمووانی سەرسام کرد، ئیدی پاڤل خۆی لە بیرکرد وئوکوردیونەکەی شێوازی تازەی لە دەست دا و، گەڕایەوە سەر هەمان شێوازی پڕ جۆش وخرۆشی جاران :

ئاە خیابان، خیابانی دنیکین، چۆڵی کرد مەیدان

دنیکین، چاوانی لە خەما تەنگە

سەری لەم جەزرەبەیە مەنگە

چونکە (چکا) ی سیبیر

کولچاکی کردووە ورد وخاش

ئوکوردیونەکە، بە ئاواز ڕۆژانی کۆن، سالآنی جەنگ، دۆستایەتی ئەمڕۆ، خەبات و شادی دەگێڕایەوە. بەلآم کاتێ ئوکوردیونەکەیان دایە ڤولینتسیف، وئەویش ئاوازی گەرم و گوڕی "سێو"ی لێدا، کورچاگین کەوتە سەما کرن . سەمایەکی خێرا ولەزگین، خەڵکەکەی دەوروبەری لە سەرسامیا غەرق بوون.

کورچاگین، لە سەمای شێتانەدا غەرق بوو، بۆ سێیەمین جار ودوایەمین جار لە ژیانیا ڕەقسی.

## فەسڵی چوارەم

سنوور بریتییە لە دوو عامودی بەرانبەر بەیەک. ئەم عامودانە بێدەنگ ودوژمنانە بەرانبەر یەک وەستاون ودوو دنیا بەرجەستە دەکەن. یەکێک لەم عامودانە، ڕەندە و سیقال کراوە، بە بۆیەی ڕەش وسپی. وەکو کوشکی پۆلیسان بۆیە کراوە، بە بزمارێکی قایم، پەیکەری هەڵۆیەکی هۆڤی یەکسەر، بە سەری عامودەکەوە

داکوترابوو . هەڵۆی مەلعوون باڵەکانی کردبوونەوە، لە تۆ وایە دەیەوێ بە چنگەکانی عاموودە بازگەکە بگرێت. چاوە شەڕانیەکانی بڕیوەتە تابلۆ کانزاییەکەی بەرانبەری، دەنووکە خوارەکەی درێژ کردووە. شەش شەقاوێک لە بەرانبەریا، عاموود وئەستوونێکی دیکە هەیە . عاموودێکی قاوەیی گەورە، لە قوڵایی ئەرزەکەدا داکوترابوو . تابلۆیەکی ئاسنین کە وێنەی داس وچەکوشی لە سەر نەخشێنرابوو، بە عاموودەکەوە هەڵواسرابوو. هەرچەندە ئەم دوو عامودە لە تەختانیدا داکوترابوون، وزۆر لە یەکترەوە نزیک بوون، بەڵام دوو دنیایان لێکدی جیا دەکردەوە. کەس نەبوو بە ئاسانی ئەم شەش هەنگاوە ببڕێ مەگەر گیانی خۆی بخستایە تالووکەوە.

ئێرە سنوورە .

لە دەریای ڕەشەوە، تا دەگاتە ئۆقیانووسی بەستەڵەک، لەوپەڕی باکوور، بە درێژایی هەزاران کیلومەتر،زنجیرەیەکی بێدەنگ لەم عاموودانە، لە سنوورەکانی کۆمارەکانی سۆڤیەت داکوترابوون، هەر هەموویان تابلۆ مەزنەکەی داس و چەکوشەکەیان پێوە بوو. لەو عاموودەوە کە هەڵۆ یەک سەرەکەی پێوە بوو، کەوشەنی نێوان ئوکرانیای سوڤیاتی وپولاندای خانان و دەرەبەگان دەست پێدەکات. لە دووری دە کیلومەتری ئەم سنوورەدا، باژێڕۆکی دوورە دەستی "بریزدوف"ی سەر بە ئوکرانیا، لە هەنبەر باژێڕۆکی "کوریتس"ی پۆلاندە وەستاوە. لە باژێڕۆکی "سلاڤوناوە" تا باژێڕۆکی " ئاناپویە " مەڵبەندی کەتیبەی " دن "ی پاسەوانی سنوورە.

عاموودە سنووریەکان، بە دەشتانی پڕ بەفرا، بە نێو بێشەکاندا تێدەپەڕن، بە هەوراز و نشێواندا سەردەکەون، بە سەر گردەکانەوە دەلەرێنەوە، کە دەگەنە ڕوبارەکە، لەوێندەرەوە سەرفراز، لە کەنارە بەرزەکانەوە، دەڕواننە دەشت و دۆڵی بەفر گرتەی خاکی بێگانە.

دنیا سەهۆڵ بەندانە . بەفر لە ژێر چەکمە لبادیەکاندا قرچەقرچ دەکات . زەلامێکی کەتە، لەو عاموودەی کە تابلۆی داس وچەکوشی پێوەیە، هەڵدەبڕێت، کڵاوێکی گەورەی سەربازانی سووری لە سەرە، هێدی هێدی هەنگاوی قورس دەنێت و ئێشکی دەور وبەر وناوچەکەی خۆی دەگرێت. ئەم سەربازە سوور و زەلام وکەتەیە، پاڵتۆیەکی خاکی یاخە کەسکی لەبەرە، جووتێ چەکمەی لبادی لە پێیە، لە سەر پاڵتۆکەیەوە، فەروویەکی گەورەی یەخە پانی لەبەر کردووە، کڵاوێکی ماهووتی گەرمی لە سەرییەوە پێچاوە . دوو دەستکێشی فەرووی بەرخی لە دەست کردووە. فەرووکەی بەری زۆر درێژە، دەگاتە ژێر پێیەکانی، تەنانەت لە زریان وکرێوەش دەتپارێزێ. یارۆی سەربازی سوور، لە سەر فەرووەکەوە تفەنگێکی لە شان کردووە. بە دەم حەرەسیاتەوە، بە سەر بەفرەکەدا دێ و دەچێت، داوێنی فەرووەکەی بەری لە بەفرەکە دەخشێ . بە دەم ڕێکردنەوە، بە لەزەتەوە مژ لە سیغارەکەی دەدا . پاسەوانانی سنووری سوڤیاتی، لە دەشتەکەدا، لە دەرەوە ئێشک دەگرن، ئەمانە بە ڕیز لە دووری یەک کیلۆمەتری یەکدی وەستاون، تا بە چاوی ڕووت یەکدی ببینن. ئەوانەی لە سەر سنووری پۆڵۆنیا ئێشک دەگرن، یەکی کیلومەترێ دوانیان بەینە .

سەربازێکی پیادەی پۆڵاندی، بە دەم ئێشکگرتنەوە دێ ودەچێت، بەرەو لای سەربازە سوورەکە دێ . جووتێ پۆستاڵی قورسی سوپایی لە پێیە، دەستێک جلکی خاکی ئامال کەسکی لەبەرە، پاڵتۆیەکی ڕەشی بە دوو ڕیز دوگمەی بریقەدارەوە لەبەر کردبوو . کڵاوێکی پولاندی چوارگۆشەی لە سەر بوو، کە هەڵۆیەکی سپی پێوە بوو، دوو هەڵۆش بە سەر کەتافیەکانیەوە بوون، ئەم بەر وئەوبەری یەخەکانیشی وێنەی هەڵۆیان پێوەبوو . بەڵام ئەم هەڵۆیانە گەرمیان نەدەکرد، هەستی گەرمبوونەوەیان پێ نەدەبەخشی. سەرما گەیی بووە سەر ئێسقانەکانی . گوێچکەکانی، کە لە سەرما ڕەق بووبوون، هەڵدەگلۆفی . بە دەم ڕێگاوە پێیەکانی لە یەکدی دەدان، دەستەکانی لە ناو دەستکێشە تەنکەکانیەوە چایی بوون. ئەم سەربازە پۆڵاندییە، نەیدەتوانی بۆ یەک دەقیقەش بوەستێ. یەکسەر جمگەکانی

دەیانبەست. بۆیە بەردەوام لە جولاندایە، هەندێجار گورگە لۆقەش دەکات. هەردوو مەرزەوانەکە گەیینە ئاستی یەک، سەربازە پۆلاندییەکە گەڕایەوەو شانبەشانی سەربازە سوورەکە کەوتە ڕێ .

قسەکردن لە سەر سنوور قەدەغەیە. بەڵام کاتێ سەر سنوور چۆڵ وهۆڵە وتەنیا لە دووری یەک کیرومەترەوە ئینسان بەدی دەکرێ، کێ چوو زانێ ئەم دوو کەسە بە بێدەنگی ڕێدەکەن، یان یاسا نێودەوڵەتیەکان بن پێ دەنەن!

یارۆی پۆلاندی دەخوازێ جگەرە بکێشێت، بەڵام شخارتەکەی لە سەربازخانەکە بە جێهێشتووە. بایەکەش وەکو ئەوەی کامی کامی ئەم بداتەوە، لە ئالی سۆڤیەتەوە، بۆنی ئارەزوو بزوێنی تووتنی ماخورکای بەسەر ئەمدا دێنا. کابرای پۆلاندی، دەستبەرداری گوێچکە سەرما بردووەکەی بوو، ئاوڕی دواوەی دایەوە، زۆرجار ڕێک دەکەوت دەورێیەکی سوارە، بە ڕابەری ئەفسەرێک لە ناکاوا، لە نەدیوییەکەوە سەری دەردێنا و بە سەر پۆستەکاندا ( بنکەی پاسەوانان ) دەگەڕا . بەڵام سەربازەکە هیچی بە دی نەکرد، بەفرەکە بەجۆرێ لە ژێر تیشکی هەتاوەکەدا دەدرەوشایەوە، کە چاوی دەخستە ڕێشکە وپێشکە. ئاسمان ساماڵ وسایەقە، پەڵە هەورێک بە ئاسمانەوە نەبوو.

یارۆی پۆلاندی، هەوەڵجار یاسا نێودەوڵەتیەکە بن پێ دەنێ .

- هاوڕێ، شخارتەم دەوێ .

ئەوجا تفەنگە فەرەنسییە ڕیزەکەی، بە قەمە زلە شمشێر ئاساکەیەوە، دەباتە پێشەوەو بە قامکە تەزیوەکانی، بە زەحمەت پاکەتێکی هەرزان بایی لە گیرفانی پاڵتۆیەکەی دەردێنێ.

سەربازە سوورەکە، گوێی لە داواکەی یارۆی پۆلاندی دەبێت، بەڵام یاسا وڕێسای عەسکەری خزمەتی مەرزەوانی ڕێگە بە هیچ سەربازێک نادات، قسە لەگەڵ کەسێکی ئەودیوی سنوورا بکات. ئەمە جگە لەوەی بە تەواوی لە قسەکانی

یارۆی سەربازی پۆلاندی حالّی نەبوو، و درێژەی بە ڕێکردنەکەی خۆی دا، بە چەکمە لبادییە گەرمەکانیەوە، پێ ی دەنا بە سەر بەفرەکەدا و پیرە بەفر لە ژێر پێیەکانیا قرچەقرچ دەشکا.

ئەمجارەیان کاورای پۆلاندی بە زمانی ڕووسی گوتی :

– هاوڕێی بولّشەفیک، ئەو ئاگرەم وێدە با سیغارێک داگیرسێنم . شخارتەکەتم بۆ هەڵبدە .

سەربازە سوورەکە بە وردی دەڕوانێتە دراوسێیەکەی : " وادیارە سەرما تا سەر مۆخ جەنابی پانی بردووە. هەرچەند سەربازی بورژوایانە، بەلاّم ژیانی خراپە. بەم سەهۆڵبەندانە بە توێی پاڵتۆیەکی تەنک ناردوویانەتە دەرێ، وەکو کەروێشک هەڵقون هەڵقونیەتی. خۆ ئەگەر جگەرەش نەبێ، بە تەواوەتی حالّی بێ حاڵ دەبێت" . سەربازە سوورەکە، بێئەوەی ئاوڕ بداتەوە شخارتەکەی بۆ هەڵدەدات، سەربازە پۆلاندییەکە، شقارتەکە بە ئاسمانەوە دەگرێتەوە، دوای ئەوەی چەند دەنکە شقارتەیەک پێدەکات ئەوسا دەتوانێ جگەرەکەی داگیرسێنێ .

شقارتەکە بە هەمان شیوە، لە سنوور دەپەڕێتەوە. هەنگێ سەربازە سوورەکە بێئەوەی بە خۆ بحەسێت، یاسا نێودەوڵەتییەکە بن پێ دەنێ : – هەڵیگرە بۆ خۆت، من شخارتەی ترم پێیە.

دەنگی سەربازەکە لەو دیو سنوورەوە دێتە گوێ :

– نا، زۆر سوپاس، ئەگەر ئەم شقارتەیەم پێ ببینن، دوو دانە ساڵ زیندانیم دەکەن .

سەربازە سوورەکە دەڕوانێتە شخارتەکە : وێنەی فڕۆکەیەکی بە سەرەوەیە، لە جیاتی پەروانە، وێنەی کۆڵەمستێکی مکوومی بە سەرەوەیە و لێی نووسراوە : " ئولتیماتوم " .

" بەڵێ، بە ڕاستی بە کەڵکی وان نایەت " .

سەربازەکە، بە هەمان ئاراستەی پاسەوانە سوورەکەدا، هاتوچۆی خۆی دەکات، تەنیایی ئەم دەشتە چۆڵ وهۆڵەی لە بەر گرانە.

***

جیرە جیرِی یەکنەوای زینەکان لە گیان خۆشە، یورغە ورِەوتەی یەکهاوی ئەسپەکان سوکنایی بەخشە. وردە بەفران بە سەر قەپۆز وهەر دوو کونە لووت وموووەکانی ئەسپە رِەشەکەوە بەستوویەتی. هەناسەی ئەسپەکە وەکو هەڵمی سپی دەچێت بە ئاسمانا و دەتوێتەوە .ماینە بەڵەکەکە لە ژێر فەرماندەی فەوجەکەدا، زۆر بە جوانی هەنگاو دەنێت، هەوسارەکەی تەکان دەدات. گەردنە باریکەکەی بە دەم نێسکە نێسکەوە با دەدات . هەر دوو سوارەکە، سەرو پاڵتوی خاکیان لە بەرەو حەمایلی شمشێرەکانیان لە سەری بەستووە . سێ چوار گۆشەی سوور، بە سەر ئاسینی هەر یەکێک لە سوارەکانەوەیە. بەڵام هەردوو هێماکەی لاملی فەرماندەی فەوجەکە، گاڤریلوف، کەسکن و هێماکانی لاملی یاوەرەکەی سوورن. گاڤریلوف فەرماندەی فەوجی سنوورە، درێژی مەودای حەرەسیات وپاسەوانی فەوجەکەی ئەو نزیکەی هەفتا کیلۆمەترە، ئەو لێرەدا "هەمە کارەیە". یاوەرەکەی میوانە ولە بریزدونەوە هاتووە، کورچاگین کۆمیسەری عەسکەری، فەوجی مەشق ورِاهێنانی سوپایی گشتیە .

شەوێ بەفر کەوتبوو، بەفرێکی نەرم و وردەپەرِ ئاسا ئەرزەکەی داپۆشی بوو، نە سمی ئەسپێکی بەر کەوتبوو و نە پێی ئینسانێک.

جووتە سوارەکە، لە بێشەکان وەدەرکەوتن، گەیینە دەشتایی و دەستیان بە یورغە کرد. لە چل مەتری دەشتە کراوەکەدا، دوو عاموودی دیکە هەبوون . دەنگدران.

– ئیست !

گاڤریلوف، بە توندی جڵەوی ماینەکەی ڕادەکێشێت، کورچاگین سەری ئەسپە ڕەشەکەی وەردەگێڕێت تا هۆی وەستاندنەکە بزانێ . گاڤریلوف، خۆی بە سەر زینەکەدا شۆڕ کردبووەوە و بە دیقەت تەمەشای هێڵێکی سەیری دەکرد کە لە سەر بەفرەکە نەخش بووبوو . دەتگوت کەسێک عەرەبانەیەکی تایە مشاری بە سەرا ئاژۆتبوو یان حەیوانێکی فێڵباز بە سەریا تێ پەڕیوەو بۆ ڕێ گومکێ، پێی لە جێی پێی خۆی داناوە . دیاریکردنی سەرەتای شوێن پێیەکە  زۆر زەحمەت بوو. بەڵام ئەوەی فەرماندەی فەوجەکەی ناچارکرد بوەستێ شوێن پای حەیوانەکە نەبوو.

لە دووری دوو هەنگاوی شوێن پایەکەوە، شوێنەوارێکی دیکە هەبوو، کە بەفر پڕی کردبووەوە .دیاربوو مرۆڤێک بێرەدا ڕۆیی بوو. ئەم مرۆڤە ڕێی گوم نەکردبوو، یەکسەر بەرەو بێشەکە ڕۆیی بوو، بە شوێنەوارەکەدا دیاربوو کە ئەم ئینسانە لە پۆڵۆنیاوە هاتووە. فەرماندەی فەوج، ماینەکەی تاودا و شوێن پایەکەی گرتەبەر کە بەرەو بنکەی پاسەوانیەکە دەڕۆیی . لە دە هەنگاوی دیوی پۆلاندا‌وە، شوێن پا لە سەر بەفرەکە نەخش بووبوو. فەرماندەی فەوجەکە لە بن لێوانەوە پرتاندی :

– دیارە شەوێ کەسێک لە مەرز پەڕیوەتەوەو مەفرەزەی سێیەم لەبەر خەمساردی خۆی بە دی نەکردووەو ئەوەش لە ڕاپۆری بەیانیدا باس نەکراوە . عەمرتان نەمێنێ!

سمێڵە بۆزەکەی وەکو زیو دەبریسکایەوە، هەناسە گەرمەکەی وردە جەمدەکانی سەر سمێڵی تواندەوە و سمێڵی، بە قورسی بە سەر لێویا شۆڕ بووبووەوە .

دوو تارمایی، لە دوورەوە، بەرەو پیری سوارەکان دەهاتن . یەکێکیان چکۆلەیەکی ڕەش بوو کە دەمی قەمە فەرەنسییەکەی لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریقایەوە، دووەمیان زەلامێکی کەتەی باڵابەرز بوو، کە فەروەیەکی هاودامانی ئامال زەردی لەبەرکردبوو. ماینە بەڵەکەکە، هەستی بە مامێزی سوارەکەی کرد و کەوتە تاودان .

سوارەکان بلەز لە دوو کەسەکە نزیک دەبوونەوە کە بەرەو پیریان دەهاتن. سەربازە سوورەکە، قایشی تفەنگەکەی لە سەر شانی ڕێک خستەوە، نیوە جگەرەیەکی بەدەمەوە بوو، تفاندیەوە سەر بەفرەکە.

– سڵاو هاوڕێ ! لەم ناوچەیەی ئێوە چ خەبەرە؟

فەرماندەی فەوجەکە، بێئەوەی لە سەر ماینەکەی دانەوێتەوە، ( چونکە سەربازە سوورەکە لەندەهۆڕێک بوو لەو گۆڕە) دەستی بۆ سەربازەکە درێژکرد. سەربازە زەلامەکە بلەز دەستکێشەکانی لە دەستی داکەند و تەوقەی لەگەل فەرماندەکەدا کرد .

پۆڵاندییەکە، لە دوورەوە تەمەشای دەکرد . دوو سوارەکە، کە دوو ئەفسەری سوور بوون (سێ چوار گۆشەکانی سەر کەتافیەکانیان، لە لای بولشەفیکەکان، دەیکردە پلەی مێجەری ) وەکو ئەوەی برادەری نزیکی سەربازەکە بن، بە ئاماژەی سەر سڵاوی لێدەکەن . بۆ ساتێک بیر لەوە دەکاتەوە، ئەگەر ئەم دەست بەرێ و تەوقە لەگەڵ زاکرژۆڤسکی مێجەری خۆیدا بکات، ئاخۆ هەڵوێست و کاردانەوەی چۆن دەبێت! ئەم بیرکردنەوە بێ مانایە دەکاتە کارێک بڕوانێتە دەوروبەری خۆی .

سەربازە سوورەکە، خەبەرەکان بە فەرماندەکە دەدات :

– هاوڕێ فەرماندەی فەوج، تازە پۆستەکەم وەرگرتووە .

– باشە، ئەو شوێن پایانەی ئەوێندەرت بینی؟

– نەخێر، هێشتا نەم دیتووە.

– باشە، شەوێ لە سەعات دووەوە بۆ شەش کێ ئێشکچی بوو؟

– سوروتنکو، هاوڕێ فەرماندە .

– زۆر چاکە، بە هەر دوو چاو تەمەشا بکە .

کاتێ کە ئامادەی ڕۆیشتن دەبوو، بە تۆنێکی سارد گوتی : – ئەوەندە مجامەلەی ئەوانە مەکە.

کاتێ سوارەکان، بە تاو بە سەر ڕێگا پانەکەی نێوان سنوور وباژێڕۆکی بریزدوفدا کەوتنەڕێ، فەرماندەی فەوجەکە گوتی :

– ئەم مەرزە پێویستی بە چاوێن بێدارە . هەر بە ئاستەم غافڵ بی پەنجەی پەشیمانی دەگەزیت . ئەم کارەی مە شەونخوونی دەوێ. بە ڕۆژەوە، پەڕینەوە لە سنوور وئەم دیو وئەو دیو کرن زۆر ئاسان نییە. بەڵام شەوان دەبێ زۆر وریا و بە پارێز بی، بە شەوان ئەم بەرو ئەوبەر کردن دەست پێدەکات. ئەگەر حەوت چاویشت هەبێ، هێشتا هەندێ شتت بەرچاو ناکەوێ. هاوڕێ کورچاگین، تۆ خۆت حوکم بدە، بۆ نموونە لە دەڤەرەکەی مندا چوار گوند هەن لە ناوەڕاستەوە بوون بە دوو بەشەوە، بۆیە پاسەوانی لەم شوێنەدا زۆر زەحمەتە . هەرچەند وریا و چاوکراوە بی، خزمان لە زەماوەند و جەژناندا هەر سنور دەبەزێنن و بەشداری خۆشی و شادی یەکتر دەکەن . ئەمەش سەیر نییە، چونکە ماڵەکانی ئەم بەر و ئەوبەری سنوور هەر بیست شەقاوێک لێکدییەوە دوورن، خۆ جۆگاکەی نێوان هەر دوو سنوور ئەوندە بچووکە، مریش دەتوانێ لێی بپەڕێتەوە. ئیدی قاچاغچیەتیش دەکرێت. ڕاستە ئەم شتانە توڕەهاتن، بۆ نموونە پیرەژنێک دوو بوتڵ ڤودگای پۆڵاندی دێنێ، ئەمە هیچ نییە . بەڵام لە پاڵ ئەویشدا، ژمارەیەک قاچاغچی گەورە و پارەدا هەن . دەزانی پولاندییەکان چی دەکەن؟ لە هەموو گوندە سنوورییەکاندا، مارکێتی گشتیان کردووەتەوەو هەرچیەکت بوێ دەتوانی بە ئاسانی بیکڕیت. هەڵبەتە ئەم مارکێت و موغازانەیان بۆ جوتیارە هەژارەکانی خۆیان نەکردووەتەوە .

کورچاگین، بە وردی گوێی لە یارۆی فەرماندە دەگرت. ژیانی مەرزەوانی، لە شناسایی و دەورێی بێ کۆتایی دەچێت.

– هاوڕێ گاڤریلوف، باشە مەسەلەکە هەر قاچاغە؟

فەرماندەی فەوج بە پەستی وەڵامی دایەوە : - مەسەلەکە ئەمەیە .

***

باژێڕۆکی بریزدوف، ئاوەدانیەکی بچووکی دووره دەستە کە جاران زیاتر جوولەکە نشین بوو . بریتی بوو لە دوو سەد تا سێسەد خانووی بچووکی پەرش و بڵاو، مەیدان وبازاڕێکی گەورەی لە ناوەندا هەبوو کە بیست دووکانێکی لە خۆ گرتبوو.

مەیدانەکە زۆر پیس بوو، یەکپارچە شیاکە وتەپاڵە بوو. ماڵی جوتیارەکان وەکو پشتێنەیەک دەوری ئاواییەکەی دابوو. لە ناوەندی باژێڕۆکەکەداو لە گەڕەکی جوولەکەکاندا، لە سەر ڕێگای قەسابخانەکەدا کڵێسایەکی کۆنی جوولەکەکان هەیە. ئەم کۆنە کڵێسایە نائومێدی و بێزاری لێدەباری. ڕاستە کڵێساکە لە ڕۆژانی شەممماندا، گلەیی لە چۆڵەوانی دەوروبەری خۆی نەدەکرد، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەو ڕەونەقەی جارانی نەبوو. ژیانی حاخامیش ئەوە نەبوو کە خۆی دەیویست. گوایە شتێکی زۆر خراپ لە ساڵی ١٩١٧دا ڕووی دابوو، تەنانەت گەنجانیش لەم شوێنە بێزراوەدا، وەکو پێویست بە چاوی ڕێزەوە سەیری حاخامیان نەدەکرد. ڕاستە پیرەمێردەکان هێشتا حەرامیان نەدەخوارد، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە کوڕ وکاڵان باسترمەی گۆشتی بەرازیان، کە خوا حەرامی کردبوو، دەخواردا! تفو، تەنانەت بیرکردنەوەش لەم شتە، ناپەسندە ! . ( باروخ )ی حاخام، کە تووڕە دەبوو بە شەق بەر دەبووە بەرازێکی دابەستە، کە بەدەم مڵ و موشەوە لە سەر زبڵدانان و ناو شیاکە و ڕیخاندا بۆ خواردن بگەڕایە. بەڵێ حاخام، بە هیچ جۆرێ ئەوەی پێ باش نەبوو کە بریزدوف بووبوو بە بازاڕی دەڤەرەکە . هەر خوا دەیزانی ئەم هەموو کۆمۆنیستە لە کوێوە پەیدا بووبوون. هەر ڕۆژەی کێشەیەکی بۆ دروستدەکەن . هەر ڕۆژە ئاریشەیەکی تازەی بۆ دروست دەکەن . حاخام، دوێنێ تابلۆیەکی تازەی بە سەر دەرگای ماڵەکەی کەشیشەوە بینی: کۆمیتەی ناوچەی بریزدوف، یەکێتی کومسومولی ئوکرانیا.

چاوەڕوانی شتی لەم تابلۆیە باشتر نەدەکرا . حاخام لە فکران ڕا چوو بوو، لە ناکاوا چاوی بە ئاگادارییەکی بچووک کەوت، کە بە دەرگای کلێساکەی ئەوەوە هەڵواسرابوو: " ئەمرۆ لە یانەدا پلینۆمی لاوانی زەحمەتکێش دەبەسترێ . سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکرن، لیستیسین و، جێگری سکرتێری کۆمیتەی ناوچەی کومسومول، هاوڕێ کورچاگین، وتار دەخوێننەوە . پاش پلینۆم و کۆبوونەوەکە، خوێندکارانی دوا ناوەندی، کونسێرتێک بەرپا دەکەن" .

حاخام، بە تووڕەیی کاغەزەکەی لە دەرگاکە کردوە : " نەخێر، تەواو، دەستی پێکرد !" .

پارک وباخەکەی ماڵە گەورەکەی لە دوو لاوە دەیڕوانیە سەر کڵێساکەی ئاوایی . باخەکە، خانوویەکی گەورەی تەرزی کۆنی تیا بوو. ژوورەکان چۆڵ و بۆگەن و ناخۆش بوون . لە مێژ بوو یارۆی قەشە وژنە پیرەکەی بێتاقەت وبێزار لە یەکدی لەم خانووەدا دەژیان. وەختێ خاوەنانی تازە بۆ خانووەکە پەیدا بوون، لە ناکاوا بێزارییەکە ڕەوییەوە . ئەو هۆڵە گەورەیەی کە جاران قەشەکە وژنەکەی تەنیا لە جەژنی ئەولیا و پیاوچاکاندا، پێشوازی خەڵکیان تیادا دەکرد، هەنووکە پڕە لە خەڵکی، ئیدی ماڵەکەی قەشە، بووە بە کۆمیتەی حیزبی بریزدوف . لە سەر دەرگای ژوورێکی چکۆلەی سەمتی ڕاستی دەروازە گەورەکەدا بە دەباشیر نووسراوە : "کۆمیتەی ناوچەی کومسومول " . کورچاگین، بەشێکی، ڕۆژی خۆی لێرە دەبردە سەر . لە گەڵ کارەکەی خۆیدا وەکو کۆمیسەرو ڕابەری جەنگی فەوجی دووەمی ڕاهێنان ومەشقی عەسکەری گشتیدا، بە وەکالەتیش ئەرکی سکرتێری کۆمیتەی ناوچەی کومسومولیشی ئەنجام دەدا.

هەشت هەیڤ، بە سەر ئەو ئاهەنگ وشەوبێریە دۆستانەیەدا، کە لە ماڵی ئانادا گێڕایان دەبووری . بەڵام وەکو ئەوە بوو دوێنێ ڕوویدا بێ . کورچاگین، سەفتە کاغەزەکانی وەلاوە نا، پشتی بە پشتی کورسییەکەوە دا و لە فکران ڕا جوو ...

ماڵەکە کپ و بێدەنگە، شەو درەنگە، کۆمیتەی حیزب چۆڵ بووە . "تروفیموف" ی سکرتێری کۆمیتەی ناوچەی حیزب، تۆزێ لەوە پێش ڕۆیی. دوا کەس بوو کە لە بارەگای حیزب وەدەرکەوت .

کورچاگین، بە تەنیا لە ماڵەکە مابووەوە. پەنجەرەکان، بەستوویەتی ونەخش و نیگاری سەیر و سەمەرەی جەمدیان لەسەر نەخش بووە . چرایەکی نەوتی لە سەر مێزەکەیە. کوانگەکە دەسووتێ . کورجاگین، ڕووداوە نزیکەکانی ڕابردووی بیر دەکەونەوە . لە مانگی ئابدا بوو کە لە وەرشەی تەسلیحاتەوە ئەویان لە گەڵ قیتارێکی تەسلیحا، وەکو ڕێکخەری لاوان بۆ یکاترینوسلاف نارد .

لە ماوەی سێ مانگەی پاییزدا، سەد وپەنجا کەسێک بەردەوام لەم وێستگەیەوە بۆ ئەو وێستگەیە دەنێردران، ئەمانە شوێنەواری جەنگو وێرانیان لەم وێستگایانە دەسڕییەوە، فارگۆنە سووتاو و داغانەکانیان لادەبرد و چاک دەکردەوە . لە ( سینیلنیلوڤەوە ) تا ( پولوکی ) شوێن نەما سەری نەدەن .

لێرە، لە ئاقاری دەسەڵاتی جارانی " ماخنوی " چەتە و شەقاوە، لە هەموو شوێنێ شوێنەواری وێرانی ومالوێرانی بەدی دەکرا. لە " گولیای – پولە " یەک هەفتەیان پێچوو، تا بینای بەردینی بورجی ئاوەکەیان نۆژەن کردەوەو قەد وقەراخی تەنکیەکانیان، کە بە دینامیت تەقێنرابوونەوە، لەحیم و پینە کردەوە . کورچاگینی کارەباچی، سەری لە کاری میکانیکی دەرنەدەکرد، بەڵام ئاچەر وپلایس بە دەست، پتر لە هەزار سەمونەی ژەنگنی تووند کردەوە.

لە ئاخر وئۆخری پاییزدا، قیتارەکە بۆ وەرشە ئەسڵیەکە گەڕایەوە، وەرشەکە سەد و پەنجا جووت دەستی وەرگرتەوە ...

ئیدی پاڤل، زوو زوو هاتوچۆی ئانای دەکرد، گرژی نێوچەوانی سڕایەوە زۆرجار ڕووی، بە پێکەنین دەگەشایەوە. ئیدی هاوکارەکانی، لە کۆڕ وکۆبوونەوەکاندا، بە تاسەوە گوێیان، لە سەربهورد وچیرۆکێن ساڵانی ڕابردووی خەباتی ئەو دەگرت. باسی هەوڵ و تێکۆشانی خەڵکی هەژار و بێنەوا وکوێلە ئاسای ڕووسیای بۆ

دەکردن کە چۆن بە گژ دەسەڵاتی دێو ئاسادا دەچوون، باسی یاخیبوونەکانی (ستینکا ڕازین) ی ڕابەری شۆڕشی جوتیارانی دەڤەری ڤۆلگای سەدەی هەڤدەیەم و (ئەمیلیان پوگاچیڤی) ڕابەری شۆڕشی جوتیارانی سەدەی هەژدەمی سەردەمی مەلیکە کاترینی بۆ دەگێڕانەوە.

شەوێک، کاتێ کە گەنجانێکی زۆر لە شوقەکەی ئانا کۆبوونەوە، پاڤلی کارەباچی، بە شیوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، بڕیارێکی هەستیاری دا، ئەو کە لە مێردمنداڵییەوە فێری جگەرەکێشان بوو بوو، بڕیارێکی بنجبڕی دا وگوتی:- تەواو لەم ساتەوە ئیدی جگەرە ناکێشم.

هەڵبەتە ئەمە بڕیارێکی کوت وپڕ بوو . یەکێک لە ئامادەبووان دەرگای گەنگەشەیەکی کردەوە کە گوایە ڕاهاتن و خووپێگرتن، لە ئینسان بەهێزترە ومەسەلەی جگەرەکێشانی بە نموونە هێنایەوە. ئیدی گەنگەشەکە لە نیو ئامادەبووانا گەرم بوو وبوون بە دوو بەرەوە . پاڤل، خۆی لە مجادەلەکە هەڵنەقورتاند . بەڵام تالیا بە زۆر هێنایە ناو گەنگەشەکەوە وناچاری کرد قسان بکات . ئیدی پاڤل، ڕاوبۆچوونی خۆی لەو بارەیەوە دەربڕی و گوتی :

- ئینسان، بە سەر عادەت وخوواندا زاڵە، نەک بە پێچەوانەوە . ئەگەر عادەت وخوو مرۆڤ ئاراستە بکات، دەزانی چیمان بەسەر دێت؟

تسفیتایف، لە سووچێکەوە هاواریکرد :

- ئەمە قسەی زل و قەبە وقەڵەوە، کورچاگین حەزی لە قسەی زلە . ئەمە تەنیا بۆ خۆنوێنییە . ئەگەر خۆنوێنی نەبێ، بۆچی خۆی جگەرە دەکێشێت؟ نازانێ جگەرەکێشان عادەت و خوویەکی خراپە؟ با، دەیزانێ و ئەولاتریش، بەڵام توانا و ئیرادەی تەرک کردنی نییە . ماوەیەک لەمەوبەر، لە کۆبوونەوەکانا، ڕۆشنبیریی بڵاو دەکردەوە ...

تسفیتایف لێرەدا، تۆنی قسەکانی گۆڕی و بە دەم پۆزخەنێکی ساردەوە پرسی : با وەڵاممان بداتەوە ئایا جنێوە پیسەکانی تەرک کرد؟ هەرکەسێک پاڤل بناسێت دەڵێت : پاڤل زۆر کەم جنێو دەدات، بەڵام جنێوەکانی مزر وبە ئێش ونێشن . وەعزدادان زۆر ئاسان ترە، لەوەی ببیە وەلی و پیاوچاکان.

بێدەنگی باڵی بەسەر مجادەلەکەدا کێشا. بەلام تووندی ئەو زمانەی کە تسفیتایف بە کاری برد، کارێکی نەرێنی کردە سەر هەموو ئامادەبووان وپەستی کردن . پاڤل یەکسەر بەرسڤی نەدایەوە . بە ئەسپایی جگەرەکەی لە دەمی دەرهێنا و پلیشاندییەوەو بە تۆنێکی نەرم گوتی :

- من چیتر جگەرە ناکێشم .

دوای بێدەنگییەکی زۆرکەم لە سەری ڕۆیی :

- من ئەمە بۆ خۆم و کەمێک بۆ تسفیتایف دەکەم . کەسێک نەتوانێ عادەت و خووی خراپ و دزیو تەرک بکات، یەک پوولی قەڵب نایەنێت. من قەرزێکی دیکەشم لە سەرە، ئەویش تەرک کردنی جنێوە. هاوڕێیان من هێشتا ئەم عادەتە خراپەم بە تەواوەتی تەرک نەکردووە . بەڵام تەنانەت "تسفیتایف "ش دان بەوەدا دەنێت کە بە دەگمەن جنێو دەدەم . تەرک کرنی جگەرە ئاسانترە لە تەرک کردنی سخێف وجنێوان . بۆیە جارێ بەڵێنی ئەوە نادەم کە ئەوەش تەرک دەکەم . بەڵام نەمرم جنێوش تەرک دەکەم .

***

پێش زستان، تەختەداران بەری ڕۆخانەکەیان گرت، پاشان لەهی و لافاوێن پاییز ڕای ماڵیین و داغانی کردن و بەرەوخواری بردن . پاشان سولومینکا، جارێکی دی جەماعەتی خۆی نارد، تا فریا بکەون و دارە بە نرخەکان ڕزگار بکەن.

کورچاگین، حەزی نەدەکرد، لەم هەرەوەزە دوا بکەوێ، بۆیە بە هاوڕێکانی نەگوت کە سەرمای بووە و تووشی پەسیو بووە . دوای هەفتەیەک، وەختێک

هەموو دارەكان كۆكرانەوە و لە كەنار بەندەر وئەسكەلەكە كەڵەكە كران . ئاوی سارد و شێی نمناكی پاییزی ئەو دژمنەی كە لە خوێنی پاڤلدا وەنەوزی دەدا، بێدار كردەوەو كورچاگین لەرزوتای لێهات . ڕۆماتیزمێكی توونـد بۆ ماوەی دوو هەفتە لە جێگادا خستی. كاتێ لە خەستەخانەش هاتەوە، تەنیا بە دانیشتنەوە دەیتوانی كار لە سەر گیرەكە بكات، دەبوایە لەسەر تەختێك دانیشێت . وەستا باشی كرێكارەكان كە بەو حاڵەوە دەیبینی تەنیا سەری دەلەقاند و هیچی نەدەگوت . دوای هەفتەیەك لیژنەیەكی پزیشكی پاك وبێلایەن، بڕیاری دا كە نەخۆشە وتوانای كاركردنی نییە،ئیدی كرێكەیان دایە ومافی ئەوەیان دایە كە خانەنشین ببێت، بەڵام ئەو بە تووڕەیی ئەوەی ڕەفز كرد.

بە دڵێكی غەمگینەوە وەرشە وكارخانەكانی خۆی بەجێهێشت. بە دارشەق وبە ئازارێكی زۆرەوە ڕێی دەكرد. دایكی چەند جارێك نامەی بۆ ناردبوو و داوای لێكردبوو كە بڕواتەوەو سەرێكی بدات. ئێستا دایكە پیرەكەی بیركەوتەوە، كە لە كاتی بەڕێكردنی ئەمدا گوتبووی : "تەنیا كاتێ ئێوە دەبینمەوە كە فەلەج و شەل و شیت بوون " .

هەردوو فایلەكەی، واتە فایلی كومسومولی و فایلە حیزبییەكەی بە لوول دراوی ڕادەستی كۆمیتەی شار كرد وئەوسا بێئەوەی خودا حافیزی لە هیچ كەسێك بكات، تا نەبا خەمی سەربكات، بۆلای دایكی گەڕایەوە. پیرەژن، دوودانە هەفتە جەوەنەی گەرمی لە لاقی نا، لاقەكانی شێلان . دوای مانگێك دار عەساكەی فڕێدا و بەبێ دار ڕێی دەكرد . دڵی خۆش بوو، شەوی تاریكی مەینەتی ڕەوییەوە . بە سواری قیتار بۆ مەركەزی شار ڕۆیی . دوای سێ ڕۆژ، لە بەشی ڕێكخستن نووسراوێكیان بۆكرد، نووسراوەكەی بۆ كومیسیۆنی سوپایی شار برد، تا وەكو كادری سیاسی، لە ڕێكخراوی مەشقی عەسكەریدا، سوودی لێوەر بگیرێ.

دوای هەفتەیەك، بە عینوانی كۆمیسەری عەسكەری فەوجی دوو، چوو بۆ ئاواییەك، یەكپارچە بەفر بوو. لەوێ كۆمیتەی ناوچەی كومسومولی، ئەركی

کۆکردنەوەی ئەندامە پەڕاگەندەکانی کومسومول و دامەزراندنی ڕێکخراوێکی کومسومولی تازەیان لەو ناوچە تازەیە پێ سپارد . ئیدی بەوجۆرە لاپەڕەیەکی تازەی ژیانی ئەو دەستی پێکرد.

***

دەرەوە زۆر گەرمە. لق وپۆپی دار گێلاسێک، لە پەنجەرە وازەکەی (کراوە) ئوفیسی سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردنەوە دیارە . خاچێکی زێڕین، بەسەر بورجی زەنگەکەوە کە بە شێوەیەکی قووچەکی دروستکرابوو . لە بەر تیشکی هەتاوەکەدا دەدرەوشایەوە. کڵێسای کاتولیک لەوبەری شەقامەکەوەو ڕێک بەرانبەر بارەگای کۆمیتەی جێبەجێکردن بوو. لە باخچە بچووکەکەی بەردەم پەنجەرەکەدا، کۆمەڵێک فەرخە قازی تووک نەرمی سەوزباو، وەکو سەوزە گیاکەی دەوروبەریان بە پەرۆشەوە لە خواردن ودانەوێڵە دەگەڕان. ئەم بێچوە قازانە هی ژنە دەرگاوانەکەی بارەگای کۆمیتەی جێبەجێکردن بوون.

سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردن، خەریکی خوێندنەوەی بروسکەیەک بوو کە تازە بۆی هاتبوو . هەرکە لە خوێندنەوەی بروسکەکە بووەوە، سێبەرێک کەوتە سەر ڕوخساری . دەستە گەورەو زبرەکانی خستە قژە چڕ و لوولەکەی و لەوێدا چەقی.

نیکولای نیکولایفیچ لیسیتسین، سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردنی بریزدوف، تەمەنی بیست و چوار ساڵ بوو، بەڵام هیچ یەکێک لە کادرانی کۆمیتەی جێبەجێکردن وهیچ کەسێک لە کادرانی حیزبی بەوەیان نەدەزانی . پیاوێکە زەلام و لەندەهۆڕ، جدی و سیما تووڕە، هەندێجار ترسناک، بە ڕواڵەت لە سی وپێنج ساڵان دەچوو. کەلەشێکی تۆکمە، سەرێکی زل بە سەر ملێکی مکوومەوە، دوو چاوی قاوەیی سارد بەڵام تیژ، چەناگەیەکی تیژی هەبوو کە چەلەنگی و زیندوویەتی دەروونی دەنواند. پانتۆڵێکی سواری شینباو وکراسێکی خاکی " کۆنی " لەبەر بوو، میداڵ و نیشانی ئالای سوور، بە سەر گیرفانی چەپی کراسەکەیەوە بوو .

لیسیتسین، بەر لە هەیڤی ئوکتوبەر بەڕیوەبەری دەزگای تەراشکاری کارخانەی چەکسازی تولا ( تولا، شارێکە لە باشووری مۆسکۆ کە بە سەماوەر بە نێوبانگە) بوو. کە باپیری و باوکی و خۆیشی هەر لە منداڵییەوە، ئیشیان لەم کارخانەی ئاسنەدا، خەڕاتی و بڕینی ئاسن بوو.

لەو شەوە بە دواوە کە لیسیتسین، بۆ یەکەمجار چەکی هەڵگرت، ئەو چەکەی کە جاران و تا ئەو شەوە تەنیا دروستی دەکرد، ئیدی کەوتە گێژاوی جۆرەها ئاریشە وکێشەوە . شۆڕش و حیزب لە ئاگرێکەوە دەیان خستە ئاگرێکی ترەوە . ئیدی یارۆی چەکسازی تولایی ڕێگەی پڕ شانازی تەیکرد . لە سەربازێکی سووری سادەوە بۆ فەرماندەیەکی عەسکەری و تا کۆمیسەر و ڕابەری فەوجی، بڕی.

زەمانی جەنگ وشەڕ بەسەر چوو. گرمە ونرکەی تۆپ ومەترەلۆزان نیشتەوە . ئێستا نیکولای لیسیتسین لێرە، لەو دیار ودەڤەرە سنوورییەدایە و ژیان بە شێوەیەکی ئاسایی وئاشتیانە دەگوزەری. تا درەنگانێکی شەو، بە دیار ڕاپۆڕێن کشتوکاڵی و بەروبوومانەوە دادەنیشێت . بەڵام ئەم بروسکەیە، بۆ ساتێک ڕابردووی نزیکی لە لا زیندوو دەکاتەوە! بروسکەکە، بە چڕە زمانێکی بروسکەیی هوشداری دەدات : "زۆر نهێنی، بۆ لیسیتسینی سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردنی بریزدوف، وا مەزەندە دەکرێ کە پۆڵاندییەکان، بە نیازن باندێکی گەورە ئاودیوی ئەم بەری مەرز بکەن، کە لەم دیار ودەڤەرە سنووریەدا، ئاژاوە بنێنەوەو کاری تیرۆریستی بکەن . بۆیە پێشنیاز دەکەین، ئامادەکاری ئەمنی پێویست بکەن، هەرچی پارەی بەشی دارایتان لایە بۆ ناوەندی ناوچەکەی بنێرن و پارەی باج لە لای خۆتان گل مەدەنەوە.

لیستیسین، لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەی خۆیەوە هەموو ئەوانە دەبینێ کە دێنە بارەگای کۆمیتەی جێبەجێکردن. کورچاگینی لە بەر دەروازەکەدا بینی . دوای دەقیقەیەک لە دەرگا درا .

لیسیتسین، تەوقە لەگەڵ پاڤلدا دەکات : – دانیشە، با تۆزێ قسان بکەین .

سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردن، بۆ ماوەی یەک سەعاتی تەواو، پێشوازی لە کەس نەکرد . کاتێ کورچاگین، لە ئۆفیسەکەی ئەو وەدەرکەوت نیوەڕۆ بوو .

"نیورا "ی خوشکی بچووکی لیسیتسین، بە غار لە باغچەکەوە وەدەرکەوت . نیورا، شەرمن و بەڕادەیەک جدی بوو کە لەگەڵ تەمەنیا تێکی نەدەکردەوە . هەرکاتێ ڕوو بە ڕووی کورچاگین ببوایەوە، بە ڕووخۆشییەوە بزەیەکی بەڕوویدا دەدا . ئێستاش وەکو منداڵ بە پەشۆکاویەوە سڵاوێکی لێکرد و چەپکێک لە قژە بڕاوەکەی سەر پەرچەمەکەی هەڵدایەوە وگوتی :

– نیکولای، کەسی لا نییە؟ ماریا میخائیلوفنا، دەمێکە بۆ فراڤین چاوەڕوانی دەکات .

– بچۆ بۆ لای نیورا، هەر خۆیەتی .

ڕۆژی دووەم، بە ماوەیەکی زۆر بەر لە سپێدە، سێ عەرەبانە کە ئەسپی تێر ئالیکیان لەژێرابوو، گەیینە بەر دەرگای کۆمیتەی جێبەجێکردن. ئەو خەڵکانەی لە نێو عەرەبانەکاندا بوون، بە ئەسپایی لە بەین خۆیاندا، قسانیان دەکرد. چەند کیسەیەکی مۆرکراویان لە بەشی دارایی هێنایە دەرێ ولە عەرەبانەکانیان بارکردن. دوای چەند دەقیقەیەک، عەرەبانەکان، بە تەق وهوڕ بە سەر جادەکەدا کەوتنەڕێ . عەرەبانەکان، لە لایەن مەفرەزەیەکەوە بە فەرماندەیی کورچاگین دەورە درابوون. ئەو چل کیلومەترەی نێوان بریزدوف وناوەندی ناوچەکە، کە بیست و پێنج کیلومەتری بە نێو لێرەواردا دەڕۆیی، بە سەلامەتی تەیکرا. پارە و ئەمانەتە گرانبەهاکان، خرانە قاسەی دژە سووتی دایەرەی دارایی ناوچەکەوە .

دوای چەند ڕۆژێک، سوارێک بە چوار ناڵە لە سنوورەوە خۆی گەیاندە بریزدوف . خەڵکە بێ ئیشەکەی ئاوایی، بە چاوانی خەواڵوو و بە سەرسامی دەیانڕوانیە سوارەکە وئەسپەکەی لە ئارەقەدا هەڵکشابوو.

سوارەکە، لە بەر دەرگای کۆمیتەی جێبەجێکردن، خۆی هەڵدایە خوارەوە، بەسەر پلیکانەکانی بەر دەروازەکەدا، شمشێر بە دەست، بە تەپە تەپی پێڵاوە

قورسەکانیەوە سەرکەوت . لیسیتسین، بە گرژ ومۆنی، زەرفێکی لێوەرگرت، زەرفەکەی کردەوەو پشتی زەرفەکەی ئیمزا کرد و شتێکی لە سەر نووسی . کابرای مەرزەوان بێئەوەی دەرفەتی ئەسپەکە بدات، پشوویەک بدات، بلەز خۆی هەڵدایە سەر زینەکەو، بە چوار ناڵە بەڕێی خۆیدا گەڕایەوە.

کەس ئاگای لە ناوەڕۆکی نامەکە نەبوو جگە لە سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردن کە تازە لە خوێندنەوە بووبووەوە. بەڵام خەڵکی ئاواییەکە، لە سەگ بەبۆنتر بوون. لە سێ خوردە کاسبکاری ئێرە، دووانیان خوردە قاچاغچی بوون، ئەم جۆرە پیشەیە، جۆرە بەهرەیەکی غەریزی هەستکردن بە خەتەری لە لا دروست دەکردن .

دوو نەفەر، بلەز بەرەو بارەگای فەوجی مەشق و ڕاهێنانی عەسکەری گشتی هاتن . یەکێکیان کورچاگین بوو. خەڵکی ئاواییەکە ئەم پیاوە دەناسن، کابرایەکە هەمیشە چەکی پێیە . بەڵام ئەوەی مایەی نیگەرانی ونارەحەتی بوو، ئەمە بوو کە تروفیموفی سکرتێری کۆمیتەی حیزبی، دەمانچە ناغانەکەی بەستبوو . ئەمە نیشانە و نوقڵانەیەکی باش نەبوو.

دوای چەند دەقیقەیەک، پازدە کەس، بە تفەنگ و قەمەوە لە بارەگای فەوجەوە وەدەرکەوتن، بە هەشتاو بەرەو ئاسیاوەکەی ( ئاش ) سەر چوار ڕیانەکە ڕۆیشتن . لە کۆمیتەی حیزبدا چەک بە سەر کۆمونیستەکانی دیکە وکومسومولەکاندا دابەشدەکرا. سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردن، کڵاوێکی قوزاقی لەسەر ودەمانچە ماوزەرەکەی بەستبوو، بەسواری ئەسپەکەی و بە چوار ناڵە دەڕۆیی . دیاربوو بویەرێکی نائاسایی لە ئارادا بوو . مەیدانە گەورەکە و کۆڵانە لاوەکییەکان چۆڵ و هۆڵ، کپ و بێدەنگ دەتگوت گۆڕستانە . لە چاوتروکانێکا، قفڵی گەورەی لە بابەتی قفڵی سەدەکانی ناڤین پەیدا بوون و لە دەرگای دووکانچەکان دران، پەنجەرە و دوودەرییەکان بە تەق و هۆڕ داخران . جگە لە مریشکانی نەترس و بەرازێن شەکەت و ماندووی گەرما، کە زۆر بە جدی بۆ خواردن زبڵدانەکانیان هەڵدەدایەوە. کەس بە دەرەوە نەما.

پاسەوان ومەرزەوانەکان، لە باخەکانی قەراخ شاردا خۆیان لە بۆسە دا . لێرەوە مەزراکان دەستیان پێدەکرد و ڕاستە ڕێگاکە تا دووری دوور دەبینرا .

ئەو ئاگاداریەی گەیی بووە لیستسین، تێر وتەسەل نەبوو ." ئەمشەو ، دەستەیەکی سوارەی سەد نەفەری باندی چەتە وڕێگران، بە شمشێر و دوو ڕەشاشی دەستییەوە، بەدەم شەڕ و پێکدادانەوە، لە ناوچەی " بودوبتسییەوە " سنووری خاکی سۆڤیەتیان بەزاندووە . ئاگاداربن و ئیجرائاتی خۆتان بکەن. شوێن پێی باندەکە ئەوە نیشاندەدات کە ڕوویان کردووەتە لێرەوارەکانی سلاڤوتا . ئاگاداربن کە ئەمڕۆ سەد کەس لە قوزاقانی سوور لە بریزدوفەوە، بە مەبەستی پەیگیری باندەکە، دەکەونە ڕێ . لێتان تێک نەچێت. فەرماندەی فەوجی تایبەتی پاسوانانی سنوور. گافریلوف " .

دوای سەعاتێک، سوارێک لە سەر ئەو ڕێگایەی کە بەرەو ئاوایی دەهات ، بە دیارکەوت. لە یەک کیلومەتری دوای سوارەکەوە پۆلە سەربازێک بەرەو ئاوایی دەهاتن. کورچاگین دەیڕوانییە پێش خۆی. سوارەکە بە پارێزەوە نزیک دەبووەوە. بەڵام کەمینگرەکانی ناو باخەکانی نەبینی. ئەم سوارە، سەربازێکی گەنجی سەر بە فەوجی حەوتەمی قوزاقانی سوور بوو. ئەمە لە کاری دەورێ و شناساییدا تازە کوورە بوو، کاتێ کەمینگرەکان لە ناکاوا ، لە باخەکانەوە بۆی دەرچوون وئابلۆقەیان دا، و هەوەڵین پیتەکانی ڕێکخراوی کومسومولی بە سەر کراسەکانیانەوە بەدی کرد ، بەدەم شڵەژانەوە بزەیەکی کرد. دوای دان وسانێکی کورت ، سەری ئەسپەکەی بادایەوە وبە چوار ناڵە بەرەو لای ئەو سوارانەی، کە بە یورغە دەهاتن ، گەڕایەوە. کەمین گرەکان ڕێگەی قوزاقە سوورەکانیان دا تێبپەڕن وبە خۆشیان، دووبارە گەڕانەوە ناو باخەکان و خۆیان لە بۆسە نا .

چەند ڕۆژێکی پڕ لە نیگەرانی بوورین . لیسیتسین، نامەیەکی بۆهات کە باندەکە، نەیانتوانیوە هیچ چالاکییەکی خراپکاری ئەنجام بدەن. ئیدی باندەکە لە ژێر تاقیبی

سوارانی سووردا ناچاربوون به هەشتاو پاشەکشە بکەن و بۆ ئەوبەری سنوور بگەڕێنەوە.

دەستەیەکی یەکجار بچووکی بولشەفیکەکان، کە تێکڕا نۆزدە کەس بوون، لە سەرانسەری ناوچەکەدا کاریان بۆ دامەزراندنی ژیانێکی سۆڤیاتی دەکرد. ئەم ناوچەیە کە تازە هاتبووە دامەزراندن وئاوا کردن، وای ئیجاب دەکرد هەموو شتەکان لە نویٚ بێتە دروستکردن. نزیکی لە سنوورەکان، کردبوویە کارێک هەموو خەڵکی لە حاڵی وریایی و بێداری بەردەوامدابن.

لیسیتسین و تروفیموف و کورچاگین و ئەو کادر و چالاکڤانە کەمانەی دەورو بەریان ، لە بەرە بەیانەوە تا دەرنگانی شەو هەر خەریکی کار بوون، ژیانیان لە بازنەی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنی سۆڤیات ودژایەتی چەتە وڕێگران وقاچاغچیان وکارێن کەلتووری وکارێن عەسکەری – حیزبی و کومسومولیدا دەسووڕایەوە.

لە سواری ئەسپەوە بۆ پشت مێزی نووسین، لە مێزی نووسینەوە بۆ مەیدانی مەشق و ڕاهێنانی دەستەی لاوان، بۆ یانە، قوتابخانە، ئامادە بوون لە دوو سیٚ کۆبوونەوە وجڤیندا، شەو سواری، دەمانچە بەقەد، هاوارو تێخوڕینی توندی " "ئێست ، زەلام کێی؟" تەق وهوڕی چەرخی گالیسکانی هەڵگری کاڵای قاچاغ، هەموو ئەمانە کاری ڕۆژان و گەلێک لە شەوانی ڕابەر و کۆمیسەری عەسکەری فەوجی دوو بوون.

کۆمیتەی کومسومولی ناوچەی بریزدوف بریتی بوو لە کورچاگین. لیدا پوپوفیچ، کە کیژێکی چاو بادەمی خەڵکی ڤولگا وسەرۆکایەتی بەشی ژنانی لە ئەستۆ بوو. هەروەها ژنکا رازفالیخین ، کە گەنجێکی بەژن بەرزی سیما جوان بوو، ئەم گەنجە تا ماوەیەک لەمە پێش خوێندکاری دواناوەندی بوو. ڕاستە گەنج ومنداڵکار بوو، بەڵام زۆر باڵای ڕفاندبوو، زۆری حەز لە سەرکێشی وڕیسکان بوو. دڵبەندی سەرگوزشتە پۆلیسییەکانی " شرلوک هولمس " و " لوی بوسنار " بوو. ڕازفالیخین، بەڕێوەبەری ئوفیسی کۆمیتەی حیزبی ناوچەکە بوو، بەر لە چوار مانگێک

پەیوەندی بە ڕێزەکانی کومسومولەوە کرد بوو، بەڵام لە نێو کومسومولیەکاندا، خۆی وەکو " بوڵشەفیکێکی کۆن " نیشاندەدا.

پێویستیان بە یەکێک بوو کە بۆ " بریزدوف "ی ڤڕێ بکەن، ئەنجام دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر کۆمیتەی کومسومولی ناوچە " ڕازفالیخین " یان وەکو " ڕابەری سیاسی " بۆ ئەوێندەر نارد.

***

هەتاو گەیی بووە ناوەندی ئاسمان، گەرما دەگەییە پەنهان ترین گۆشە وکەنار، هەرچی گیانلەبەران هەبوو خۆیان گەیاندبووە، ژێر سابات وکەپران. تەنانەت کسۆکانیش لە گەرما کەوتبوونە هانکە هانک وشەکەت وخەواڵوو خۆیان خزاندبووە ژێر کەپر وپەنا وپەسێران و بێحاڵ وەرکەوتبوون. وێدەچوو هەر زیرۆحێک هەیە، ئاواییەکەی چۆڵ کردووە، تەنیا بەرازێک نەبێ، کە لە سیاناوێکی قەراخ بیرە ئاوێکدا بە کامی دڵ وەرکەوتبوو.

کورچاگین، جڵەوی ئەسپەکەی شلکرد، خۆی هەڵدایە سەر زینەکە، ئەژنۆی زریکاندی ، لە تاو ئازار لێوی گەست. تاتۆستاکە(معلمة) لە سەر پلیکانەی قوتابخانەکە ڕاوەستابوو، بۆ ئەوەی چاوانی لە تیشکی هەتاوەکە بپارێزێت، دەستی کردبوو بە سابات بۆ چاوەکانی. تاتۆستاکە بەڕوویا گرژییەوە وگوتی :- هاوڕێ کۆمیسەری عەسکەری، تا دیداری تازە بە دوعا. ئەسپەکە، بە بێتاقەتی کەوتە سمکۆلان وملی دانەواند و جڵەوەکەی ڕاکێشا.

- بە دوعا هاوڕێ ڕاکیتینا، کەواتە تەواو، ڕێکەوتین. سبەینێ دەرس و وانەی یەکەم دەڵێیتەوە.

ئەسپەکە هەستی بە شل بوونەوەی جڵەوەکەی کرد، بۆیە یەکسەر هەڵیکردە یورغە. لە هەمان کاتدا هاواری ترسناک هاتەگوێی کورچاگین، زیاتر لە فریادی ژنانی گوندەوار دەچوو لە کاتی شەواتدا " ئاگر بەربوونەوە " کورچاگین، بە

تووندی جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشا و سەری پیرە ئەسپی وەرگێڕا، کورچاگین بینی ژنێکی دێهاتی گەنج، بە هانکەهانک و غاردان لە قەراخی شارەوە دێت. راکیتینا، خۆی گەیاندە ناوەندی شەقامەکە وڕایگرت. خەڵکانێکی زۆر هاتنەبەر دەرکەی ماڵە کوختە ئاساکان، زۆربەیان پیرەمێردو پیرەژن بوون. چونکە گەنجەکان وخەڵکانی بە توانا هەمووان لە مەزرا وکێڵگەکاندا خەریکی کارکرن بوون.

– ئەی وای، هۆ خەڵکینە، ئەوە چ باسە لەوێندەر! ناتوانم، ناتوانم! ...

کاتێ کورچاگین، بە سواری ئەسپەکەی بەرەو لای دوو ژنەکە، بە تاو ڕۆیی، خەڵکی لە هەموو لایەکەوە بۆ ئەوێندەر دەهاتن. تەمەشای ژنەی تاینیان کرد، دەوریان دا وکەوتنە ڕاکێشانی ئاسینی کراسە سپییەکەی، پرسیاری ترسئامێزیان بەسەریا داباراند. بەڵام هیچکەسێک لە قسە پچڕپچڕەکانی ئەو تێنەدەگەیی. لێکدا لێکدا هاواری دەکردو دەیگوت و دەیگوتەوە : " یەکتریان کوشت، بە قەستی کوشت، لەیەکدی دەدەن ". پیرەمێردێکی ڕیشنی ڕیش لوول، کە بە دەست پانتۆڵە کەتانەکەی گرتبوو، وهەڵقون هەڵقون غاری دەدا، ژنەی گەنجی بە پرسیار داگرتبووەوە.

– هاوار مەکە شێتە، لە کوێ شەڕە ؟و شەڕەکە لە سەر چییە؟ بەس هاوار بکە خوانەناس!

– گوندییانی ئێمە لە گەڵ گوندییانی " پودوبتسی " دا شەڕیانە... لەسەر سنوور! پودوبتسی یەکان، بە قەستی کوشت لە دێهاتیەکانی ئێمە دەدەن!

هەموو خەڵکەکە پەیان بە بەڵایەکە برد. هات وهاواری ژنان لە شەقامەکاندا بەرز بووەوە، پیرەمێردان، بە تووڕەیی هاواریان دەکرد. ئەم هەواڵە وەکو ئاگری ناو پوش، لە سەرانسەری گوندەکە ولە هەموو ماڵەکاندا بڵاوبووەوە: " پودوبتسییەکان لە سەر سنوور بە داس بەربوونەتە دێهاتیەکانی ئێمە " ئەوەی توانای ڕێکردنی هەبوو، لە ماڵ وەدەرکەوت وهەمووان بە شەنە و پاچ و تێڵاوە ڕژانە سەر جادەکە، بە غار لە گوند وەدەرکەوتن وچوون بۆ مەزرا و کێڵگەکانی ئەودیوی گوندەکە

ولەوێ دوو گوند، خەریک بوون بە شەڕێکی خوێناوی، کێشەی سنووری زەوی وزاری ساڵانەی خۆیان یەکلایی دەکردەوە.

کورچاگین، قامچیەکی توندی بە ئەسپە ڕەشەکەیدا کێشا، ئەسپەکە یەکسەر هەڵیکردە چوارناڵە وکەوتە پێشی ئەو خەڵکەوە کە بە غاردان بەرەو شوێنی شەڕەکە دەڕۆیشتن. ئەسپەکە گوێچکەکانی قوت کردبوونەوەو بە سەرییەوە چەسپاندبوونی . لاقەکانی هەڵدەدان و سات بە سات خێراتر دەڕۆیی. بانمای سەر گردەکە، وەکو ئەوەی بیەوێ ڕێگاکە بگرێت، هەردوو باڵی بەم لا و بەولادا بڵاو کردبوونەوە. بە سەمتی چەپی بانماکەدا، لە خوارێڕا و لە قەراخ ڕوبارەکەدا مێرگێک هەبوو. بە دەستە چەپی باپێوەکەدا، تا چاو بڕدەکات مەزرایەکی چەودەر بوو. ئەم مەزاریە پڕ بوو لە هەوراز و نشێو. چەودەرە گەییوەکە بە دەم بایەکەوە کەرویشکەی دەکرد ولە تۆ وایە بایەکە نەوازشی چەودەرەکەی دەکرد. گوڵاڵەی ئەم بەر و ئەوبەری ڕێگاکە لە دوورەوە سوور دەچووەوە. ئێرە کڕوکپ ولە ڕادە بەدەر گەرم بوو. لە دوورەوە، لە خوارەوە، کە ڕوبارەکە، وەکو نەوارێکی زیوینی پێچاوپێچ لە ژێر تیشکی هەتاوەکەدا دەبریسکایەوە، دەنگی هاوار دەهاتە گوێ.

ئەسپەکە بەدەم چوار ناڵەیەکی ترسناکەوە، بەرەو مێرگ وچەمەنەکان دادەگەڕا. " ئەگەر سەر سمێک بدات، ئەسپەکە ومنیش تیا دەچین" . هەرچەندە ئەو ختورەیە بە دڵی پاڤلدا هات، بەڵام ڕاگرتنی ئەسپەکە لەو حاڵەدا مەحاڵ بوو. پاڤل، خۆی بەسەر ملی ئەسپەکەدا دا ، بایەکە لە گوێیدا دەیلوراند.

ئەسپەکە وەکو بروسکە بە نێو مێرگەکەدا دەڕۆیی. خەڵکەکە لێرەدا، دڕندە ئاسا، بەگژ یەکدا دەجوون، چەند کەسێک لە ئەرزەکە کەوتبوون و لە خاک و خوێندا دەگەوزان.

ئەسپەکە سینگ وبەرۆکی کێشا بە پیاوێکی ڕیشندا کە بە لەتە داسێکەوە دوای کوڕێکی گەنجی سەرو چاو خوێناوی کەوتبوو کە بە هەشتاو غاری دەدا. ئەسپەکە، کابرای ڕیشنی خست. جوتیارێکی کەتەی تاوە سووت، بە چەکمە قورسەکانیەوە

کەوتبووە سەر دژمنەکەی، کە تەختی ئەرزەکە بووبوو و دەیوسیت پان وپلیشی بکاتەوە وهەناسەی لەبەر ببڕێت .

کورچاگین، بە ئەسپەکەیەوە، خۆی بە ناو ئاپۆڕای خەڵکەکەدا کرد. شەڕکەرەکان، هەر یەکەیان بەلایەکا پەرت وبڵاو بوونەوە. بێئەوەی دەرفەتی هەناسەیەکیان بداتێ، ئەسپەکەی بە ناویاندا هەڵدەسووڕاند وبە ئەسپ هێرشی دەکردە سەر ئەوانەی خوێن بەرچاوی گرتبوون، کاتێ هەستیکرد کە ئەم ئاپۆڕا تێکڕژاوە، تەنیا بە شیوەیەکی دڕندانەی وەکو شێوەکەی خۆیان، لێکدی دەکرێنەوە، بە دەنگێکی سامناک هاواریکرد:

– بڵاوەی لێبکەن، دەنا هەموو ئێوەی چەتە وشەقاوە بەر گولله دەدەم.

ئەوسا دەمانچە ماوزەرەکەی لە کیفەکەی دەرهێنا، ولوولەکەی کردە ڕوخساری شێواوی کەسێکی شەڕئەنگێز و تەقەیەکی بەسەریا کرد، ئەسپەکە ڕاپەڕی و هێرشی برد. پاڤل فیشەکی دووەمی تەقاند. هەندێک لە خەڵکەکە داسەکانیان توور دا وپاشەکشەیان کرد. ئیدی پاڤل، ماوەیەکی زۆر بە سواری ئەسپەکەی بە ناو مێرگ وسەوزەزارەکەدا سووڕایەوەو بەدەم تەقەکردنی بەردەوامەوە، بە مەرامی خۆی گەیی. ئیدی خەڵکەکە بە هەموو لایەکا بڵاوەیان لێکرد وخۆیان لە مەسئولیەت ولەم پیاوە، کە کەس نەیدەزانی لە کوێوە پەیدا بووبوو، دەدزییەوە. ئەم کابرایە زۆر تووڕە بوو، بەردەوام تەقەی دەکرد.

دوای ماوەیەکی کەم، لە پودوبتسی، دادگای ناوچە بەرپاکرا، دادسێن، ماوەیەکی زۆری بە تاقیقەوە بردە سەر، پرس وجۆی لەگەڵ شایەدحاڵەکاندا کرد، بەڵام لە ئەنجامدا سەبەبکاری ئاژاوەو کێشەکانی بۆ نەدۆزرانەوە. کەس لەم شەڕ وپێکادانەدا نەهاتە کوشتن، بریندارەکانیش زایە نەبوون، چاک بوونەوە. قازییەکە بەڕژدی و سەبر وهەداری بۆڵشەفیانەوە، هەوڵیدەدا کە ئەو جوتیار و دێهاتیە گرژ ومۆنانەی لە بەردەمیا وەستابوون، تێبگەیەنێ کە ئەو شەڕو هەرایەی ناویانەتەوە، کارێکی خراپ وپێچەوانەی یاسا بووە.

– هاوڕێ قازی خەتای سنوورەکانە، سنوورەکانمان تێکەڵاو بوون، بۆیە هەموو ساڵێک ئەم شەڕ و پێکادانانەمان دووبارە دەبنەوە.

وێڕای هەموو ئەمەش، مەسئولیەتی شەڕەکە بەسەر چەند کەسێکدا ساغ بووەوە.

دوای هەفتەیەک، لیژنەیەک لەو مەزرایانەوە کە دورینەکرابوون، هات وسنگی لەو سنوورانە دا کە ناکۆکیان لە سەر بوو، داکوتی. پیرەمێردە ڕوپێوەکە، لە گەرما ولەڕێکردنی دوور و درێژا، تەواو شەکەت وماندوو بووبوو، ئارەقە لە سەراپای دەچۆڕا، بەدەم کۆکردنەوەی فیتەکەی دەستییەوە ڕوویکردە کورچاگین و گوتی:

– من سێ ساڵی خشتە کە ڕووپێوی دەکەم، هەمیشە و لە هەموو شوێنێکدا، سنووری زەوی وزار مایەی شەڕ وناکۆکی بووە، تۆ تەمەشای هێڵی مەرزو سنووری مێرگەکان بکە ، بەڕاستی شتێکە ئەقڵ نایبڕێ! تەنانەت خەڵاکانی مەست و خوماریش بەو خوار و خێچیە ناڕۆن. دیارە لە کێڵگەکاندا، ڕەوشەکە زۆر لەمە خراپترە. پانی سنوورەکان سێ شەقاوەو تەواو چوونە بە ناو یەکا، پیاو هەرچی دەکات ودەکۆشێت، ئەم هێڵە تێکرژاوانەی بۆ جوێ ناکرێتەوە، جیاکردنەوەی ئەم سنوورانە پیاو شێت دەکات. ئیدی هەموو ساڵێک ئەم تەقسیمبەندیە تازە دەبێتەوە. کوڕ لە باب جیا دەبێتەوەو هێڵێک مەزراکەی لە ناوەڕاستەوە دەکات بە دوو لەتەوە. من دڵنیات دەکەم دوای بیست ساڵی دیکە، هەموو مەزرا وکێڵگەکان، خەت خەت دەکرێن و پڕ دەبن لە سنووران و هیچ پارچە زەوییەک بۆ کشتوکاڵ نامێنێ، حاڵی حازریش لە سەدا دەی مەزراکان بەهۆی سنوورانەوە، نایەنە کێڵان و تۆودان.

کورچاگین، بزەیەکی بۆکرد:

– دوای بیست ساڵی دی تاقە یەک هێڵی سنووریش نامێنێ هاوڕێ ڕووپێو.

یارۆی ڕووپێوی پیر، نیگایەکی نەرمی پاڨلی کرد:

– مەبەستت کۆمەڵگەی کومونیستییە؟ بەڵام ئەم مەسەلەیە لە مەودایەکی دوورا دێتە دی.

– تۆ ئاگات لە کەلخوزی بودانوفکا هەیە؟

– یانی مەبەستت ئەمەیە؟

– بەڵێ.

– من لە بودا نوفکا بووم... بەڵام هاوڕێ کورچاگین ئەمە حاڵەتێکی ئاوارتەیە.

لیژنەکە، ئەندازەی دەگرت. دوو گەنج سنگیان دادەکوتا.

جوتیارەکان لەم بەرو لەوبەری پەرێزەکە وەستابوون وبە وردی تەمەشایان دەکرد، تا سنگەکان لە شوێنی جاران لە سەر سنوورەکان، لە جیاتی سنگە کۆنەکان، کە ڕزی بوون وبە ئاستەم لە ژێر پوش وپەڵاشانەوە سەریان دەرهاتبوو، دابکوترێن.

***

عەرەبانچیە چەنەبازەکە، بە دەسکی قامچییەکەی یەکێکی بە ئەسپە داماوەکەیا کێشا و ئاوڕی لای نەفەرەکانی ناو عەرەبانەکەی دایەوە وگوتی:

– کێ دەزانێ ئەم کومسومولییانە لە کوێوە پەیدابوون. جاران ئەمانە نەبوون، من پێم وایە ئەم ئۆینە لەژێر سەری مامۆستا ژنەکەدایە. ئەو ژنەی کە ناوی فامیل وشۆرەتی راکیتینایە. ڕەنگە ئێوەش بیناسن؟ ئەم ژنە بە تەمەن بچووکە، بەڵام دەشێت بگوترێ کە زۆر موزیرە. هەموو ژنانی گوند دنە دەدات، کۆڕ وکۆبوونەوەیان بۆ ساز دەدات، هانیان دەدات ومیشکیان بە بیرو هزرێن نامۆ دەئاخنێ. ئەمە سەرچاوەو فاکتەری هەموو ئاریشە وکێشەکانە، جاران ئەگەر ژنەکەت تووڕەی بکردیتایە، یەکێکت بە دەمیا دەماڵی، تاوێک دەیفینگاند و پاشان بێدەنگ دەبوو. بەڵام ئێستا چ قورەتە دەستی تێوە بدەی، داد وبێدادێک بەرپا دەکات

ئەو سەری دیار نەبێت. مەمنوون بە ئەگەر هەڕەشەی دادگای گەلت لێنەکات. خۆ ئەگەر بڕێک بەتەمەن بچووک بێ، باسی جیابوونەوە وتەڵاق دێنێتە گۆڕێ وهەرچی مادەی قانوونی هەیە، هەر هەموویت بە ڕوودا دەدات. بۆ نموونە " گانکا "ی هاوسەری من ، کە بە تەبیعەت ژنێکی ئارام و ژیر بوو، ئێستا خۆی کردووە بە نوێنەرو لە نێو ژناندا ڕۆڵی سەرۆک دەبینێ. ژنان لە سەرانسەری گوندەکەوە بۆلای ئەو دێن، لە سەرەتاوە دەمویست قامچی لێ بخەمەکار، وەک دەڵێن کوتەک دەزانێ قۆناغ لە کوێیە، بەڵام ئەنجام دەستبەردار بووم، با بڕوات، تا دەتوانێ هەر چەنەبازی بکات. ژنەکەم لە ماڵداری وکابانیا ژنێکی زۆر باشە.

یارۆی گالیسکەچی، سینگە تووکنەکەی ، کە لە درزی کراسە کەتانیەکەیەوە دەرکەوتبوو خوراند و قامچیەکی بە ژێر سکی ئەسپەکەی ناوەڕاستدا کێشا. نەفەرەکانی ناو عەرەبانەکە بریتی بوون لە " رازفالیخین " و " لیدا " . هەریەکێکیان لە پودوبتسیدا کارێکی هەبوو، لیدا دەیویست کۆبوونەوەیەک بە نوێنەرانی ژنان بکات و " رازفالیخین " ش هاتبوو کارەکانی شانەکە ڕێک بخات. لیدا بە شۆخی لە عارەبانەچیەکەی پرسی:

- باشە تۆ بە ڕاستی حەز لە ئەندامانی کومسومول ناکەیت؟

- با، خراپ نین، دەشێت لەبەر جەوانیەکەیان نازیان هەڵگری، تا نمایشی باش بکەن، من بەش بە حاڵی خۆم حەز لە نمایشی کۆمیدی دەکەم ئەگەر کۆمیدیایەکی شایستە بێ. لە هەوەڵەوە وام وێنادەکرد ئەمانە پەتبازی دەکەن، لێ بە پێچەوانەوە دەرچوو. لە خەڵکیم بیستووە کە ئەمانە زۆر دژی مەستبازی و شەقاوەگەری و لۆتیایەتین. زۆربەی کاتی خۆ بە خوێندنەوەوە بەسەر دەبەن . تەنیا بە خواوە گرتوویانە، نایەڵن لە ئاسمانیشا بحەوێتەوە، هەوڵی ئەوە دەدەن کلێساکان بگۆڕن بە یانە. ئەمە کارێکی بێهودەیە، ئاو لە دینگا کوتانە، پیرەمێردەکان تووڕە دەکات و دەکاتە کارێک مۆڕە لە کومسومولییەکان بکەن. عەیبێکی دیکەی کارەکەیان ئەوەیە

که تەنیا عەمەلە وکرێکارێن بێنەوا وخوردە جوتیاران لە ڕیزەکانی خۆدا وەردەگرن، کوڕە دەوڵەمەندان وەرناگرن.

گالیسکەکە لە گردەکەوە داگەڕا و بەرەو قوتابخانەکە نشێو بووەوە.

***

ژنەی پاسەوان، لە ژوورەکەی خۆیدا جێگای بۆ میوانەکان داخست وخۆی لە کادانەکەدا نووست. رازفالیخین و لیدا تازە لە کۆبوونەوەیەکی دوور ودرێژ هاتبوونەوە. ماڵەکە تاریک بوو. لیدا پێڵاوەکانی داکەند وڕاکشا و یەکسەر خەو بردییەوە. تەماسی دەستە زبرەکانی رازڤالیخین کە هیچ گومانێک لە نیازەکانی نەبوو، لیدای بێدار کردەوە.

– چیت دەوێ؟

– هێواش لیدیا، مەیکە بەهەرا، دەزانی من لە تەنیاییدا دڵم تەنگ دەبێت! یانی تۆ شتێکی لە خەو خۆشتر شک نابەی؟

– دەستت لابە و، یەکسەر لێم دوور بکەوەوە.

لیدا تا توانی پاڵێکی پێوەنا. لیدا جارانیش زەردەخەنە هەرز وکاڵ وکرچەکەی رازڤالیخینی لەبەر گران بوو. پڕ بەدڵ حەزیدەکرد، قسەیەکی تەوس ئامێزی پێ بڵێت وگاڵتەی پێبکات. بەڵام خەو دایگرتبوو، و چاوی هەڵنەدەهات .

– جا ئەم تووڕە بوونەی بۆ چییە؟ ناز دەفرۆشیت، ئەمە چ ڕەفتارێکی ڕۆشنبیرانەیە. ناشێ وا بزانی لە زانستگەی کیژانی نەجیمزادەی؟ وا وێنا دەکەی باوەڕت پێدەکەم؟ خۆ گێل نیم، ئەگەر تۆ ئینسانێکی هوشیاری، هەوەڵجار پێویستییەکەی من دابین بکە و پاشان بەکەیفی دڵی خۆت بخەوە. چەند دەخەوی بخەوە.

رازڤالیخین ، کە قسەکردنی بە بێهودە دەزانی، دووبارە لە سەر تەختەکە هەستا و چوو لە قەراخ قەرەوێڵەکە دانیشت . دەستی خستە سەرشانی لیدا و دیاربوو داوای چی لێدەکرد.

لیدا لە ناکاوا بێدار بووەوەوگوتی : - لاکەوە هەی! بە شەرەفم سبەی بە کورچاگین دەڵێم.

رازڤالیخین، دەستی لیدای گرت و لەبن لێوانەوە گوتی:

- کورچاگین سەگی کێیە. باشتر وایە ئارەزوومەندانە بێیتە ڕەدایە، دەنا بە خورتیش بێ هەر خۆمت دەگەیەنمێ.

سووکە شەڕ وپێکادانێک لە نێوان ئەو ولیدا دا ڕوویدا. دەنگی زللەیەک لە بێدەنگی ماڵەکەدا دەنگی دایەوە، نەخێر دەنگی زللەی دووەم و سێیەمی بە دووادا هات... رازڤالیخین لاکەوت. لیدا، لە تاریکیەکەدا ، بە کوێرەکوێر بەرەو دەرگاکە چوو، دەرگاکەی دەڵەک دا، بە غار خۆی گەیاندە ناو حەوشەکە، لەوێ لەبەر هەیڤە شەوەکە ڕاوەستا، لە تووڕەییدا ئاگای لە خۆی نەبوو.

ڕازڤالیخین بە توڕەیی هاواری لێکرد: وەرە ژوورەوە کەودەن!

رازڤالیخین، جێگاکەی خۆی هەڵگرت ولە ژێر کەپرەکە ڕایخست  ولەوێ مایەوە، بەڵام لیدا، بە پەلە وەژوور کەوت، شیشی دەرگاکەی داخست و لەسەر قەرەوێڵەکە خۆی قانگڵە کرد.

بەیانی وەختایەک بۆ گوند دەگەڕانەوە، رازڤالیخین لە لای عەرەبانەچیەکەوە دانیشت و جگەرە لە سەر جگەرەی دەکێشا.

"دوور نییە ئەم کچەتیوە مەسەلەکە بگەیەنێتە کورچاگین. کەرە! خۆزگە تۆزێ جوانیش بوایە. دەبێ لە گەڵیا ئاشت ببمەوە، دەنا لەوەیە حەیام ببات. کورچاگین بەبێ ئەوەش، ڕقی لێمە، جاوەرە بیانووشی بکەوێتە دەست ! "

رازڤالیخین ، جێگەکەی گۆڕی و چوو لە لای لیداوە ڕۆنیشت. بە پەشۆکاوییەوە کەوتە قسان، جۆرە شەرمەزارییەکی ڕواڵەتی بە چاوانیەوە دیاربوو. کەوتە پاکانە هێنانەوەو دەربڕینی پەژێوانی.

رازڤالیخین، بەمەرامی خۆی گەیی: کاتێ گەیینەوە قەراخ ئاوایی، لیدا بەڵێنی دایێ کە ڕووداوەکەی دوێنێ بە کەس نالێت.

***

لە گوندە سنوورەییەکاندا، شانەێن کومسومولی یەک لە دووی یەک دادەمەزران. ئەندامانی کۆمیتەی ناوچەی کومسومول، هەوڵێکی زۆریان بۆ دامەزراندنی ئەم هەوەڵین خونچانەی بزاڤی کومونیستی دا. کورچاگین و لیدا پولیڤیخ ڕۆژانێکی زۆریان لەم گوندانەدا بەسەر دەبرد.

رازڤالیخین، حەزی نەدەکرد بۆ گوندان بڕوات. توانا وبەهرەی ئەوەی نەبوو، لە گەنجانی دێهاتی نزیک ببێتەوەو متمانەیان بەدەست بێنێ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئیشەکەی تێکدەدا. کەچی پولیفیخ وکورچاگین ئەم کارەیان زۆر بە ئاسانی ئەنجام دەدا. لیدا، کیژەکانی لە دەوری خۆی خڕ کردەوە، هاوڕێی لە نێوانیاندا پەیدا کرد، ولەوە بە دواوەش پەیوەندی لە گەڵیانا نەبڕی. ئیدی ژیان وکاری کومسومولی لە لا خۆشەویست کردن. هەموو لاوانی دەڤەرەکە کورچاگینیان دەناسی. مەشق و ڕاهێنانی بە هەزار و شەش سەد گەنج، گەنجانی خوار تەمەنی عەسکەری، لە فەوجی دووەمی ڕاهێنانی عەسکەریی گشتیدا، دەکرد. ئوکوردیونەکەی کورچاگین قەت ئەم دەوەر پروپاگەندەییە گرینگەی نەبینی بوو کە لێرە، لە ئاهەنگێن شەونشینی دێهاتیان ولە شەقامەکانی گوندا دەی بینی. کورچاگین، لە ڕێگەی ئوکوردیونەکەیەوە بووبوو بە یەکێک لە کوڕانی گوند. زۆر لە گەنجانی کاکۆڵدار، لە ڕێگای ئەم ئاهەنگانەوە، لە ڕێگەی دەنگی ئەفسووناوی، پڕجۆشی ئوکوردیونەکەوە، کە هەندێجار وەکو مارشی عەسکەری بەرز دەبووەوە و دڵی دێنایە خروشان، هەندێجار گۆرانییەکی بە سۆزی ئوکرانی لێدەدا، ڕێگەی کومسومولیان دۆزییەوە.

ئیدی ئەم گەنجانە گوێیان لە ئوکوردیونەکە و ئوکوردیون ژەنەکە دەگرت، کە زەمانێک میکانیسێن وئێستا کۆمیسەرو ڕابەری عەسکەری و سکرتێری کومسومول بوو. ئیدی دڵیان هەندێجار لە گەڵ گۆرانیەکاندا دەهاتە جۆش وهەندێجار بە دەم قسەکانی کۆمیسەری گەنجەوە دەهاتەجۆش. ئیدی گۆرانی و سترانە تازەکان لە گوندەکاندا دەگوترانەوە و لە ماڵاندا، جگە لە کتێبێن وێرد و نوێژ و نزا وئینجیلان، کتێبی دیکەش دەبینرا.

کاری قاچاغچیان ، تەواو قورس بوو. هەر ئەوە نەبوو خۆ لە پاسەوانانی سنوور بپارێزن و دووربگرن. ئیدی دەسەڵاتی سۆڤیاتی، لە نێو گەنجاندا دۆستان و هاوکارانی چالاک و دڵسۆزی پەیدا کرد. ئەم دۆست وهاوکارانە هەندێجار ئەوەندە بە جۆش وخرۆش بوون، بە خۆیان و ڕاستەوخۆ دژمنانیان دەستگیر دەکرد. شانە کومسومولیەکانی سەر سنوور، زیاد لە پێویست سەختگیریان دەکرد، هەنگێ کورچاگین ناچاربوو بچێت بە هانای داشدارەکانی خۆیەوەو ڕزگاریان بکات. جارێک " گریشوتکا خوروفودکو " ی سکرتێری شانەی پودوبتسی، کە کوڕێکی چاوشینی، توندە تەبیعەتی، سوێرە قسەی، بزێوی دژە مەزەب بوو، لە سەرچاوەێن تایبەتیەوە، خەبەری زانی کە شەوێ کاڵای قاچاخ بۆ ماڵی ئاشەوانەکەی گوند دەهێنرێ. هەموو ئەندامانی شانەکەی خۆی تەیارکرد. دوای ئەوەی تفەنگێکی مەشق و دوو سەرنێزەیان هەڵگرت، بە سەرۆکایەتی گریشوفکا دەرچوون و شەوێ خۆیان لە دەوروبەری ئاشەکەدا ، لە بۆسە نا. پاسگای سەر سنوور لە مەسەلەکە ئاگادار کرایەوە، ئەوانیش دەوریەی خۆیان دەرکرد. شەوێ هەردوولا ڕوو بە ڕووی یەکدی بوونەوە. خۆ ئەگەر وریایی پاسەوانانی سنوور نەبوایە، کومسومولیەکان لەم ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەدا دەکوژران. مەرزەوانەکان، کومسومولیەکانیان چەک کرد و پاشان بۆ دێیەکیان بردن کە چوار کیلومەتر دوور بوو و، لەوێ حەپسیان کردن.

کورچاگین، لەو کاتەدا لای گافریلوف بوو، بەیانی زوو فەرماندەی فەوج، لەو هەواڵەی ئاگادار کردەوە کە تازە پێی گەیی بوو. پاڤل یەکسەر سواری ئەسپەکەی بوو، بە چوارناڵە کەوتەڕی تا کومسومولیەکان ڕزگار بکات.

کۆمیسەری پاسگا سنوورییەکە، بە پێکەنینەوە، ڕووداوەکەی شەوێی بۆ گێڕایەوە.

- هاوڕێ کورچاگین با پێت بڵێم ئێمە بەتەمای چین. ئەمانە کوڕی باشن. سکاڵایان لەسەر تۆمار ناکەین. بەڵام بۆ ئەوەی لەمەو دوا، خۆ لە کاری ئێمە هەڵنەقورتێنن، تۆ قسەیان لەگەڵ بکە و گوێیان ڕابکێشە.

پاسەوانەکە، دەرگای عەمارەکەی کردەوە. یازدە گەنج هەستانە سەر پێیان، بە پەشۆکاوی وبە دەم ئەم پێ و ئەوپێ کردنەوە ڕاوەستان.

کۆمیسەری سنوور، هەر دوو دەستی بڵاوکردنەوە:

- تەمەشای ئەمانە بکە، کارێکیان کردووە، کە ناچارم بۆ یەکە سەربازیەکەیان ڕەوانە بکەم.

هەنگێ گریشوتکا، بە پەشێوی هاتە قسان:

- ئاخر هاوڕێ ساخاروف، ئێمە چیمان کردووە؟ ئێمە ویستمان خزمەتی دەسەڵاتی سۆڤیاتی بکەین. ئێمە لە مێژبوو، دوور و نزیک چاودێری ئەو قاچاغچیانەمان دەکرد، بەڵام ئێوە، ئێمەتان وەکو چەتە وڕێگر حەپس کرد.

گریشوتکا، بە ڕەنجاوی ڕووی وەرگێڕا.

دوای گفتوگۆیەکی جدی، کورچاگین وساخاروف، بەتۆبزی خۆیان زەوتکرد و دەستبەرداری هەڕەشە و گوڕەشە بوون. ساخاروف بە گورچاگینی گوت:

- ئەگەر تۆ زەمانەتیان بکەیت وبەڵێنمان بدەیتێ کە جارێکی دی نەچن بۆ سەر سنوور، ئەوا من بە سەلامەتی ئازاردیان دەکەم.

– زۆر چاکە، من کەفالەتیان دەکەم. ئومێدەوارم کە جارێکی دی، من ئیحراج نەکەن.

شانەکە، بە سرووود وگۆرانییەوە بەرەو پودوبتسی گەڕانەوەو بەردێکیان نایە سەر بویەرەکە. زۆری پێنەچوو، کە کابرای خاوەن ئاش گیرا، بەڵام ئەمجارەیان بە گوێرەی یاسا هاتە گرتن.

***

ئەڵمانە کۆڵونیستەکان (مەبەست لەو ئەڵمانانەیە کە لە مێژ بوو هاتبوونە ڕووسیا و لەوێندەر ئاکنجی بوون و خەریکی کشتوکاڵ بوون) لە گوندەکانی دەوروبەری لێڕەواری (مایدان– ڤیلا) دا، ژیان و گوزەرانێکی خۆشیان هەبوو، خاوەنی مەزرا وکێڵگەی باش بوون. هەر مەزرایەک لەم مەزرا بەرین و فیودالیانە، نیو کیلومەتر لە یەکدییەوە دوور بوون. هەر مەزرایەک خانوو بەرەیەکی تیابوو، ئەم خانووانە لە شێوەی قەڵای کۆندا دروست کرابوون. باندەکەی ئانتونیوک کلکەکانی خۆی لە مایدان– ڤیلا دا دەشاردەوە. ئەم کۆنە نایب زابتەی جارانی سوپای تزاری باندێکی چەتە وڕێگری حەوت نەفەری لە خزم وخوێشانی خۆی دروستکردبوو، ئیدی بە دەمانچەوە ڕێگای گوندەکانیان دەگرت وخەڵکیان ڕووت دەکردەوە. ئەم کابرایە لە خوێن ڕشتن نەدەپرینگایەوە. تەنانەت ڕووتکردنەوەی کاسبکارانی بازاڕی ڕەشیشی نە دەبوارد، چاوپۆشی لە فەرمانبەرانی سۆڤیاتیش نەدەکرد. ئەم ئانتونیوکە زۆر تەڕدەست وچاپک وگورج وگۆڵ وبەلەز وبەز بوو. ئەمڕۆ دوو کارمەندی کومپانیای هەرەوەزی دێهاتی ڕووت دەکردەوە و بۆ سبەینێ، کارمەندێکی پۆستەبەری لە دووری بیست کیلۆمەتری شوێنی ڕووداوەکەی دوێنێ بەگیر دێنا وچەکی دەکرد وڕووتی دەکردەوەو هەر پارەو پولێکی پێی بوایە لێی دەسەند. ئانتونیوک، ڕکابەری گوردی ی هاوڕێی خۆی دەکرد. یەک لە یەک خراپتر بوون.

هەردووکیان، وەختێکی زۆریان لە هێزی ئینزیبات و پاسەوانانی سنوور دەبرد. ئانتونیوک، لە ناوچەکانی نزیکی بریزدوف فەرمانڕەوایی دەکرد. ڕێگاکانی هاتوچۆ

بۆ بریزدوف، ترسناک و بەتالووکە بوون. دەستگیرکردنی چەتە وڕێگرەکان زەحمەت بوو، هەرکاتێ مەیدانی لێ تەنگ دەبوو، لە سنوور ئاودیو دەبوو، پشوویەکی دەدا وکاتێ دەگەڕایەوە کە کەس چاوەڕوانی هاتنەوەی نەدەکرد.

هەرکاتێ لیسیتسین، هەواڵێکی دەربارەی ڕێگرییە خوێناوییەکانی ئەم دڕندەیە دەبیست، لە داخا لێوی دەکروشت ودەیگوت:

– تاکەی ئەم زەردە مارە پێوەمان دەدا؟ ئەم بێشەرەفە کارێک دەکات، کە بە خۆم بچمە تاقیبی.

لیسیتسین، سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکرن، دووجار کورچاگین وسێ نەفەری دیکەی کۆمۆنیستی لەگەڵ خۆیدا برد و چووە تاقیبی " ئانتونیوک " بەڵام ئانتونیوک، هەر دوو جارەکە خۆی دەرباز کرد.

لە یەکە سەربازیەکەی ناوچەکەوە، یەک فەسیڵی تەواویان بەمەبەستی لە ناوبردنی چەتە وڕێگرەکان بۆ بریزدوف نارد. فەسیڵەکە بە سەرکردایەتی فیلاتوف بوو، فیلاتوف کەسێکی بە فیز وئیفادەو، عەینی کەڵەبابی جەوان لە خۆبایی بوو. بە پێچەوانەی ڕێسا وڕێنماییە مەرزییەکانەوە، بە پێویستی نەزانی سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردن ئاگادار بکاتەوە، یەکسەر بە خۆ وفەسیڵەکەیەوە بەرەو گوندی سیماکی، کە نزیکترین گوندی دەڤەرەکە بوو، چوو. شەوێ گەیینە گوندەکە وبە خۆ و فەسیڵەکەیەوە، لە هەوەڵینماڵی قەراخ گوندەکە لایاندا. هاتنی لە ناکاوی ئەم چەکدارە نەناسانە وبەو نهێنییە، سەرنجی کوڕێکی ماڵەکەی دراوسێی ئەوانی ڕاکێشا. ئەم کوڕە ئەندامی کومسومول بوو، بە غاردان ڕۆیی بۆ لای سۆڤیاتی گوند. سەرۆک کە کەم و زۆر ئاگای لە هاتنی فەسیڵی ناڤبری نەبوو، ئەمانەی بە چەتە وڕێگر زانی. یارۆی کومسومولی وەکو پەیک بە سواری ئەسپێک نارد بۆ ناوەندی ناوچە. چیوای نەمابوو، بێ پەروایی و بێموبالاتی فیلاتوف، سەری چەندین کەس بخوات. لیستسین شەوێ بە هاتنی باندەکەی زانی، یەکسەر پاسەوانانی ئاگادارکردەوەو بە دە نەفەرەوە خۆی گەیاندە گوندی سیماکی. لە لای ماڵەکە لە

ئەسپەکانیان دابەزین و بەسەر چەپەرەکەدا خۆیان هەڵدایە ناو حەوشەوە، دەسکە دەمانچەیەک بە تەوێڵی پاسەوانی بەر دەرگاکە کەوت، یەکسەر تەختی سەر ئەرزەکە بوو. لیسیتسین، شانێکی لە دەرگاکە دا، دەرگا بە تەق وهوڕ کەوتە سەر گازی پشت، پیاوەکانی دارژانە ناو ژوورێکی نیمچە ڕوناکەوە، کە گڵۆپێکی کز بە بنمیچەکەیا شۆڕ بووبووەوە. لیستیسین، دەستی بردبووە دواوەو خۆی ئامادە دەکرد کە نارنجۆکەکەی دەستی هەڵبدات، دەمانچە ماوزەڕەکەی بە دەستەکەی تری گرتبوو، هاوارێکی ئەوتۆی کرد کە پەنجەرەکان لەرینەوە: – تەسلیم بن، دەنا پارچەپارچەتان دەکەم.

ئەگەر یەک چرکەی دی تێ پەڕیبا، ئەوانەی چووبوونە ژوورەوە دەست ڕێژیان لەوانەی ژوورەوە دەکرد، ئەوانەی ژوورەوە شپرزە و چاو بەخەو ڕابوون. کە دیمەنی ترسناکی یارۆی نارنجۆک بەدەستیان بینی، یەکسەر دەستیان هەڵبڕی. دوای خولەکێک، کاتێ ئەندامانی فەسیلەکە بە جلی ژێرەوە هێنرانە نێو حەوشەکە، میدال ونیشانەکەی بەرۆکی لیستسین، زمانی فیلاتوفی کردەوە. لیستسین بەڕقەوە تفێکی کرد وهاواریکرد:– کەودەنی گێلە پیاو!

***

ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەی شۆڕشەکەی ئەڵمانیا گەییە دەڤەرەکە. دەنگی تەقە ودەستڕێژو تیرەندازی مەتەڕێزەکانی هامبورگ دەهاتە گوێ. جۆرە پەشیوییەک باڵی بەسەر ناوچە سنوورییەکاندا کێشا. ڕۆژنامەکان بە پەرۆشەوە دەخوێنرانەوە، لە ڕۆژئاواوە بای ئوکتوبەر دەهات. سەدان عەرزوحاڵ و داوا بە سەر کۆمیتەی ناوچەی کومسومولدا دابارین کە خاوەنەکانیان خۆبەخشانە داوایان دەکرد لە ڕیزەکانی سوپای سوور وەربگیرێن. کورچاگین ماوەیەکی زۆری بەوەوە بەسەر برد کە قەناعەت بە نوێنەرانی شانە کومسومولیەکان بکات کە سیاسەتی وڵاتی سۆڤیات، سیاسەتێکی ئاشتی خوازانەیە وجارێ بە خەیاڵی ئەوە نییە شەڕ لە گەڵ هیچ یەکێک لە دراوسێکانیا بکات. بەڵام ئەو قسانە کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

هەموو یەک شەممەیەک، کومسومولیانی هەموو شانەکان لە ئاواییدا خڕدەبوونەوەو لە پارکە گەورەکەی ماڵی قەشەدا، کۆبوونەوەیان دەکرد. نیوەڕۆیەک هەموو ئەندامانی شانەی پودوبتسی، بە ڕیزو بەڕێ وڕوێنی عەسکەریانە، خۆیان بە حەوشە گەورەکەی کۆمیتەی ناوچەی کومسومولدا کرد. کورچاگین، لە پەنجەرەکەوە بە دی کردن، هاتە بەر دەرگای ماڵەکە. یازدە گەنج بە سەرکردایەتی " خورو فودکو " لە بەر دەرگاکە وەستان، هەموویان چەکمەی درێژیان لەپێ وکۆڵەپشتی گەورەیان بە کۆڵەوە بوو.

کورچاگین، بە سەرسامی پرسی: - گریشا، چی بووە؟

بەڵام " خورو فودکو " چاوێکی لێداگرت و دەگەڵ کورچاگیندا چووە ژوورەوە. کاتێ لیدا وراز ڤالیخین و دوو کومسومولی دیکە دەوریان گرت، خوروفودکو دەرگاکەی داخست، بڕۆکانی وێکهێنایەوەو ، بە تونێکی جدی گوتی: – هاوڕێیان من ئەم تاقیکردنەوە عەسکەرییەم سازداوە. ئەمڕۆ بە هاوڕێکانی خۆم ڕاگەیاند کە بروسکەیەک لە ناوچەوە هاتووە، هەڵبەتە زۆر نهێنییە، بروسکەکە دەڵێت گوایە شەڕ لەگەڵ بورژوایانی ئەڵمانیادا دەستی پێکردووە، بەم زووانە لە گەڵ خانەکانی پۆڵۆنیاشدا دەست پێدەکات . فرمانێک لە مۆسکۆوە هاتووە، داوادەکات گشت کومسومولیەکان بۆ شەڕگە بڕۆن وئەوەی دەترسێت با عەرزوحاڵێک بنووسێت تا مەعاف بکرێ و لە ماڵەوە بمێنێتەوە.

ئەمرم پێکردوون کە بە تاقە وشەیەکیش باسی شەڕ نەکەن، هەریەکە ونانێک و پارچەیەک چەوری بەراز لەگەڵ خۆدا هەڵگرێ و تەواو. ئەوەی چەوری بەرازی نییە، سیر یان پیاز لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێت و تەواو. داوام لێکردوون لە زەرفی یەک سەعاتدا بە نهێنی لە دەرێی گوندا خڕ ببنەوەو لەوێندەرەوە دەچین بۆ ناوچەی عەسکەری و لەوێ چەک وەردەگرین، دیارە ئەو قسانەی من کارێکی سەیریان لە هاوڕێیان کرد، ئیدی لە هەموو لایەکەوە بە پرسیار دایان گرتمەوە. پرسیارێ لێرە و، پرسیارێک لەوێ. بەڵام پێمگوتن بێدەنگ، فەرمانەکە چەند وچوون هەڵناگرێ و

بنجبڕە. هێرشەکە خۆبەخشە، ئەوەی دڵی پێوە نییە با داواکارییەک بنووسێت، هەندێک لە کوڕەکان بڵاوەیان لێکرد، دڵم داخورپا : ئەگەر کەس نەیات چی بکەم؟ ئەوسا دەبێ شانەکە هەڵوەشێنمەوە و بڕۆم بۆ شوێنێکی دیکە، لە دەرێی گوندا کەوتمە چاوەڕوانی، کەچی یەک یەک پەیدابوون. هەندێکیان شوێنەواری گریان وفرمێسکیان بە ڕوخسارەوە دیاربوو، بەڵام خۆیان لە گێلی دەدا. هەر دە نەفەرەکە هاتن، تاقە یەک نەفەریش خۆی نەدزییەوە. ئەمەیە شانەی پودوبستی!

گریشوتکا، بە کەش وفشەوە کۆتایی بە قسەکانی هێنا وبە شانازییەوە کۆڵەمستی بە سینگی خۆیدا کێشا.

وەختایەک لیدا تووڕە بوو وکەوتە سەرزەنشتی، گریشوتکا بە چاوانی ئەبڵەقەوە کەوتە تەمەشاکردنی.

- ئەم قسەیە چیە؟ ئاخر ئەمە باشترین تاقیکردنەوەیە!

دەتوانی هەر هەموویان لە نزیکەوە ببینی! بۆ ئەوەی مەسەلەکەیان لا گرینگ بکەم، دەمویست تا ناوچەیان، ببەم، بەڵام لەبەر ئەوەی ماندوو بوون، قەیدی نییە با بۆ ماڵی خۆیان بڕۆنەوە، بەڵام بەو مەرجەی تۆ، کورچاگین ، دوو قسەیان بۆ بکەیت. هەرچۆنێ بووە دەبێ قسەیان بۆ بکەی، دەنا نابێت هەروا بەڕێ بکرێنەوە... بۆ نموونە پێیان بڵێ تەعبیئەکە هەڵوەشاوەتەوەو ئەوان مەرد و مەردانە ئامادەگی خۆیان سەلماندووەو مایەی شانازین ونموونەی ئازایەتین.

***

کورچاگین، بە دەگمەن بۆ ناوەندی ناوچە دەچوو. چونکە ئەو جۆرە سەفەرانە چەند ڕۆژێکی دەخایاند وکاروبار وای دەخواست بەردەوام لە " بەشدا " ئامادەبێت. رازڤالیخین لە هەموو بۆنەیەکدا، سەفەری شاری دەکرد. رازڤالیخین زۆری لەزەت لەم سەفەرانە دەبینی، چەکی دەبەست وبە خەیاڵی خۆی بە یەکێک لە قارەمانەکانی کوپەر دەزانی. ئیدی لە لێرەوارەکەدا هەر قەلەڕەشێک یان سمۆرەیەکی چاپوکی

دیتبا، فیشەکێکی پێوە دەنا. هەر ڕێبوارێکی تەنیای دیتبا ڕایدەگرت و وەکو لێکۆڵەرێکی واقیعی، ڕێ پێدراو، پرس وجۆی لەگەڵ دەکرد: کێیە، لە کوێوە دێت، بۆ کوێ دەڕوات .

رازڤالیخین کە لە شار نزیک دەبووەوە، چەک وئەسڵەحەکەی لە خۆی دادەماڵی، تفەنگەکەی لە ژێر پۆش وپەڵاشان دەنا، دەمانچەکەی لە بەرکی دەنا و بە شێوەیەکی ئاسایی خۆی بە کۆمیتەی ناوچەی کومسومولدا دەکرد.

– لای ئێوە، لە بریزدوف چ خەبەر و باسێکی تازە هەیە؟

ژوورەکەی " فیدوتوف " ی سکرتێری کومسومولی دەڤەرەکە، هەمیشە پڕە لە خەڵکی. هەر هەموو پێکەوە قسەدەکەن. پیاو دەبێ توانایەکی تایبەتی هەبێت تا بکارێت لەم هەل ومەرجەدا کاربکات، لە یەک کاتدا گوێ لە چوار کەس بگرێت، بنووسێت وبەرسڤی پێنجەمین کەس بداتەوە. فیدوتوف هێشتا زۆر گەنجە. بەڵام لە ساڵی ١٩١٩ وە ئەندامی حیزبە. تەنیا لەو قۆناغ و سەردەمە شۆڕشگێڕییەدا، کوڕێکی پازدە ساڵان دەیتوانی ببێتە ئەندامی حیزب.

رازڤالیخین، بە سارد وسڕی وەڵامی پرسیارەکەی فیدوتوفی دایەوە:

– خەبەر و باسان ئەوەندە زۆرن، هەمووی نایەتە گێڕانەوە. من لە بەیانییەوە تا درەنگانی شەو دەسووڕێمەوە. دەبێ هەر هەموو کون و کەلەبەرەکان بە دەستی خۆت بگریت. ئێمە هاتووینەتە سەر ئەرزێکی ڕووتەن، دەبێ هەموو شتێک لە بناغەوە دروست بکەیت. دوو شانەی تازەم دامەزراندووە. بۆچی لە دووت ناردووم؟

وەکو کەسێکی کارا وجدی لە سەر قەنەفەیەک دانیشت.

کریمسکی، سەرۆکی بەشی ئابووری، سەری لە سەر کۆمەڵە کاغەزەکەی سەر مێزەکەی هەڵبڕی و بۆ ساتێک ڕوانیە ئەو.

– ئێمە لە دووی کورچاگینمان ناردووە نەک لە دووی تۆ.

رازڤالیخین، چڕە دووکەڵێکی تەماکۆی لە دەمییەوە دەردا.

- کورچاگین، حەز ناکات بۆ ئێرە بێت ، ئیدی من ناچار دەبم ئەم کارەش بگرمە ئەستۆ وبە پێیان ئەم ڕێگایە بکوتمەوە. یانی بە شێوەیەکی گشتی هەندێ سکرتێر بۆ خۆ حەساونەتەوەو لاق لە سەرلاق دانیشتوون وکارەکانی خۆیان لە کەرێن وەکو من باردەکەن، هەرکاتێ کورچاگین دەڕوات بۆ سەر سنوور دوو سێ هەفتەی پێدەچێت ومن هەموو کارەکان ڕایی دەکەم.

رازڤالیخین، دەیویست بێهیچ پێچ وپەنایەک بڵێت هەقە یەکێکی وەکو ئەو سکرتێری کۆمیتەی بەشی کومسومول بێت.

دوای دەرچوونی رازڤالیخین، فیدوتوف لەلای کادرانی کۆمیتەی ناوچە، بە ئاشکرا گوتی:

- من هیچ حەزم لەم کابرایە نییە.

ئەم دەغەڵبازیانەی رازڤالیخین بە ڕێکەوت ئاشکرا بوون. جارێک لیستسین، بۆ وەرگرتنی پۆستە چوو بۆ لای فیدوتوف. هەرکەسێک لە بەشەکانەوە بۆ ناوەندی ناوچە هاتبا، پۆستەی هەمووانی لەگەڵ خۆیدا دێنا. فیدوتوف گفتوگۆیەکی زۆری لە گەڵ لیسیتسیندا کردو لە میانی گفتوگۆیەکەوە، دەستی رازڤالیخین کەوتە ڕوو.

فیدوتوف، لە کاتی بەڕێکردنی سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردنا گوتی:

- بە هەرحاڵ، کورچاگینمان بۆ ڤرێبکە. ئاخر ئێمە لێرەدا وەکو پێویست نایناسین.

- باشە، بەڵام بەمەرجێ بیر لەوە نەکەنەوە کە لێمانی داگیربکەن. چونکە بە هیچ جۆرێ شتی وا قەبووڵ ناکەین.

***

ئەو ساڵە، جەژن وئاهەنگەکانی ئوکتۆبەر، لە سەر مەرز، بە جۆش وخرۆشێکی نائاسایی بەرپا کرا. کورچاگین، بە سەرۆکی لیژنەی بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکانی

ئۆکتوبەر لە گوندەکانی سەر سنوور هەڵبژێردرابوو. دوای ئەو میتینگە گەورەیەی لە پودوبتسی ئەنجامدرا جەماوەرێکی گەورەی پێنج هەزار کەسی، لە ژن ولە پیاو، لە سێ گوندی هاوسنوورەوە، لە تابوورێکی دوورو درێژی نیو کیلومەتریدا ڕیزیان بەست وبەرەو سنوور بەڕێکەوتن. ئورکستەرێک وفەوجی مەشق وڕاهێنانی گشتی عەسکەری، پێشیان کەوتبوون و ئاڵاێن سوور بەسەر سەریانەوە دەشەکایەوە. کاروانەکە لە خاکی سوڤیاتەوە زۆر بە نەزم ونیزام وشان بە شانی عاموودەکانی سەر سنوور، بەرەو ئەوگوندانە وەڕێکەوت کە هێڵی سنوور کردبوونی بە دوو بەشەوە . پۆلۆنیە ئاکنجییەکانی سەر سنوور، هەرگیز دیمەنی وایان نەبینی بوو. گافریلوفی فەرماندەی فەوج وکورچاگین بە سواری دوو ئەسپ پێشی کاروانەکە کەوتبوون ولە دوای ئەوانەوە دەنگی ئامێرە مسینەکان و شەکە شەکی ئاڵاکان و دەنگدانەوەی سروودان، دەشت و دەری پڕ کردبوو! گەنجانی گوندی هەموو جلی جەژنیان لەبەر کردبوو وخۆیان ڕازاندبووەوە. هەموو سەرحاڵ وشاد، خەندە وپێکەنینی کیژە دێهاتیان، بە هەموو لایەکا بڵاودەبێتەوە. ڕوخساری پیاوان وژنان گەشن و سیمای پیرەمێران بە ویقارن. تا چاو هەتەردەکات ئەم ڕووبارە بەشەرییە بەدەم شەپۆلدانەوە هەر دەڕوات ودەڕوات . سەرچاوەکەی لە خاکی سۆڤیەتدایە وکەنارەکانی هێڵی سنووررەو تاقە یەک هەنگاو هێوەتر نەچووە. کورچاگین وەستا، لێشاوی ئاپۆڕاکە بە بەردەمیا دەڕۆیی، دەنگی سروودێن کومسومولی، تا دوور دەڕۆیی.

لە تایگاوە تا دەریاکانی بریتانیا

بە هێزترین سوپا، سوپای سوورە

سوپای جەماوەری خەڵکە

کیژەکان بە کۆمەڵ و بە یەکدەنگ بۆیان دەسەندنەوە:

لەوێ، لە سەر چیاکانەوە

ژنان، گەنمی خۆ دەدوورنەوە.

پاسەوانانی سۆڤیاتی بە خەندەی شادی پێشوازی کاروانەکەیان کردو پاسەوانانی پۆلاندی بە نیگەرانی وحەپەساوی تەمەشایان دەکرد. هەرچەندە پێشوەختە فەرماندەیی پۆلاندی لەم جم و جوڵ و نمایشە جەماوەرییە ئاگادار کرابووەوە، بەڵام لەو دیوی سنوورەوە، نیگەرانییەکی زۆری نابووەوە. ئیدی دەورێی جەندرمە بە سواری ئەسپان، کەوتنە هاتوچۆ بە سەرانسەری سنوورەکاندا، ژمارەی پاسگاکان پێنج قات زیادکران. کەمین بۆ دۆڵ وگەلی وگردە نزیکەکان دەرکران. بەڵام کاروانەکە، بە خۆشی و شادی، بەدەم سروود وسترانەوە بە ناو خاکی خۆیدا دەڕۆیی.

پاسەوانێکی پۆلاندی لە سەر گردەکەی بەر پاسگاکە وەستابوو. کاروانەکە بە هەنگاوی یەکنەوا و هاوسەنگەوە ڕێ دەکات.

هەوەڵین دەنگی مارش بەرز دەبێتەوە. پاسەوانە پۆلاندییەکە تفەنگەکەی لەشان دادەگرێت، قۆناغەکەی لە گەڵ پێیدا جووت دەکات، دەچێتە پێشەوەو ئیکلامی عەسکەری دەکات. کورچاگین،لەوکاتەدا
بە ئاشکرا گوێی لەم قسەیە بوو: - بژی کومۆنە!

چاوانی سەربازەکە، گەواهی دەدەن کە ئەو، ئەو قسەیەی کرد. پاڤل، چاو دەبڕێتە سەربازەکە.

دۆستە ! لە ژێر پاڵتۆی سەربازییەوە، بە دڵ هاوسۆزی لە گەڵ کاروانەکەدا دەکات. کورچاگین، بە زمانی پۆلاندی و لە بن لێوانەوە دەڵێت: - سلاو، هاوڕێ!

پاسەوانەکە، لە جێی خۆی مایەوە. کاروانەکە بە بەردەمیدا ڕەت دەبوو وئەو هێشتا تفەنگەکەی بە هەمان دەقی خۆیەوە گرتبوو. پاڤل چەند جارێک ئاوڕی پاشی دایەوەو تەمەشای تارمایی سەربازەکەی کرد، کە لە دوورەوە بچووک ورەش دەینواند. ئەمەش پۆلۆنیەکی دی. سمێڵە ماش وبرنج وچاوە کاڵەکانی لە ژێر

سایەبانی نیکلینی کاسکێتەکەیەوە دەبینرێن. کورچاگین، کە هێشتا لە ژێر کاریگەری ئەو قسەیەدا بوو کە گوێی لێ بووبوو. ئەمجارەیان وەکو ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بدوێ گوتی:- سلاو، هاوڕێ!

بەڵام، هیچ بەرسڤێکی نەژنەوت.

گاڤریلوف، بزەیەکی بۆ کرد، دیاربوو گوێی لە هەموو شتێک بووبوو. گوتی:

- تۆ دڵت زۆری دەوێ. جگە لە سەربازێن سادەی پیادە، لێرە جەندرمەی پیادەش هەیە. قەیتانەکەی سەر قۆڵیت بینی؟ ئەمە جەندرمەیە.

سەری کاروانەکە خەریک بوو لە شاخەکەوە بەرەو ئەو گوندە دادەگەڕا کە هێڵی سنوور کردبووی بە دوو بەشەوە . بەشەکەی سەر بە سۆڤیەت، بۆ پێشوازی میوانەکان خەریک بوون تەدارکێکی، بە شکۆیان دەبینی . هەموو خەڵکی لەتە گوندەکەی سەر بەسۆڤیەت، لە کەنار ڕۆخانەیەکی بچووکی، نزیک پردێکی بچووکی سەر سنوور کۆ بووبوونەوە. کچان وکوڕانی گوند، لەم بەر و لەو بەری ڕێگاکە وەستابوون. خەڵکی لەتە گوندەکەی سەر بە پۆلاندا هەموو چووبوونە سەربان و لەوێندەرەوە دەیانڕوانییە ئەم بەری ڕۆخانەکە. جوتیاران لەبەر دەرگای ماڵەکانیان ولە بەردەم پەرژین وتەیمانەکاندا وەستابوون . کاتێ کاروانەکە گەییە نێوان ڕیزی جەماوەرەکە، تیپی موزیک، دەستی بە ژەنینی " سروودی ئینتەرناسیونال " کرد.

کوڕانی گەنج وپیاوانی سەر سپی، لەو مینبەرەوە کە دێهاتیەکان بە پەلە دروستیان کردبوو، بە گەڵا وگوڵ ڕازاندبوویانەوە وتاری پڕ جۆشیان دەدا. هەروەها " کورچاگین " ش بە زمانی زکماک، بە زمانی ئۆکرانی کەوتە وتاردان . وشەکانی لە سنوور ئاودیو دەبوون ولەو بەری سنوورەوە دەبیستران. دەسەلاتدارانی دیوی پۆلاندا، بۆ ئەوەی نەیەڵن، ئەم گوتارە، دڵی خەڵکەکە بێنێتە جۆش، دەورێیەکی جەندرمەیان بە ناو گوندەکە خست کە بە خورتی وبە زەبری قامچی خەڵکەکەیان دەخستە ژوورەوەو تەقەیان بە سەر سەربانەکاندا دەکرد.

شەقامەکان چۆڵ بوون، گەنجەکان، لە ترسی تەقە لە سەر بانەکان دابەزین. بەڵام ئەوانەی دیوی سۆڤیەت تەمەشای هەموو ئەو دیمەنانەیان دەکرد وبرۆیان دێنایەوە یەک. پیرەمێرێکی شوان، بە کۆمەکی گەنجەکان خۆی گەیاندە پشت تریبۆنەکە، لە کاتێکا بێزاری وتووڕەیی لێدەباری، دەستی بە ئاخافتن کرد:

- دەی کوڕینە تەمەشا بکەن! سەردەمانێک بە هەمان شێوە مامەڵەیان لەگەڵ ئێمەشدا دەکرد، بەو شێوەیە لێیان دەداین، بەڵام ئێستا شتی وا لە گوندەکەی ئێمەدا نەماوە، هیچ بەرپرسێک بۆی نییە لە جوتیار بدات، سەردەمی خان وئاغایان بەسەر چوو، ئەو سەردەمە نەما، کە جوتیار بەر قامچی بدرێت. کوڕەکانم بە هەموو هێزی خۆتانەوە پشتیوانی لەم دەسەڵات و حکومەتە بکەن. من پیرم، نازانم قسان بکەم، دەنا قسەم زۆر پێیە . ئێمەمانان بە درێژایی تەمەنی خۆمان لە ژێر نیری تزاردا بووین، وەکو گاجووت بار دەکراین، هەموو ڕەنجێکمان بۆ تزار بوو، کردەی ئێمە و بردەی تزار بوو. تەحا کە دڵم بە حاڵی ئەوانە دەسووتێ!..

ئەوسا، باسکە لاوازەکانی بۆ ئەو بەری ڕۆخانەکە ڕاکێشا، وەکو منداڵ، وەکو پیرە مێران گریا ئەمما گریان! کوڵی گریانی لە جۆش نەدەکەوت.

دوای کابرای پیرەمێرد، " گریشوتکا خوروڤودکو " هاتە پێش تریبونەکە. گافریلوف، بەدەم گوێگرتنەوە لە وتارە تووندەکەی ئەو، سەری ئەسپەکەی خۆی بادایەوە تا تەمەشا بکات ئایا هیچ کەسێک لەوبەرەوە وتارەکەی ئەو تۆمار دەکات یان نا، بەڵام ئەو بەر چۆڵ بوو، تەنانەت پۆستەکەی ( خاڵی پاسەوانی ) نزیک پردەکەشیان هەڵگرتبوو.

گافریلوف، بە سوعبەتەوە گوتی:

- دیارە مەسەلەکە بە سەلامەتی دەبڕێتەوەو هیچ یاداشتێک بە کومیسارییای کاروباری دەرەوە نادرێ.

***

... له شەوێکی بارانی پاییزدا، له ئاخروئۆخری هەیڤی تشرینی دووەمدا، سنووریک بۆ رێگری و خوێنرێژی ئانتونیوک وهەر حەوت پیاوەکەی دانرا . ئەم گورگە خوێنمژە لە ئاهەنگ و زەماوەندی ماڵی کۆڵۆنیستێکدا له "مایدان- ڤیلا " دا هاتە گرتن. لەوێ لە لایەن جوتیارانی ئەندامانی کومونەی خرۆلینەوە گیرا.

هەواڵی ئامادەبوونی ئەم میوانانه له زەماوەندی کابرای کولونیستدا، کەوتە سەر زاری ژنان و دەماو دەمی کرد. ئیدی یەکسەر هەر دوازدە، کومسومولیەکەی شانەکە کۆبوونەوەو هەر چەکێکیان هاتە دەست هەڵیانگرت، سواری گالیسکە بوون وگوندی " مایدان- ڤیلا " خۆت بگرە وا هاتین. پەیکێکیش بە هەشتاو بۆ بریزدوف رۆیی. پەیکەکە ، بە رێکەوت لە سماکی، تووشی فەسیڵەکەی فیلاتوف بوو. فیلاتوف یەکسەر بە خۆی وفەسیڵەکەیەوە، بۆ تاقیبی باندەکە دەرچوو. کومسومولیەکانی خرولین، گوندەکەیان گەمارۆدا. ئیدی لە گەڵ باندەکەی ئانتونیوکدا کەوتنە شەڕە تەقە. ئانتونیوک و جەماعەتەکەی، لە بەشیکی ماڵ و مەزراکەدا سەنگەریان گرت، هەرکەسێک سەری دەر بهێنابا وبکەوتبایە بەر بوردی گوللە، بەر فیشەکیان دەدا. چیوای نەما بوو ئابلۆقەکە بشکێنن. بەڵام کومسومولیەکانی خرولین، بەرپەرچیان دانەوەو ناچار بۆ شوێنی خۆیان گەڕانەوە، یەکێک لە حەوت نەفەرەکەی ئانتونیوک کوژرا. زۆرجار ئانتونیوک، لە ناکاوا تووشی ئەم جۆرە حاڵەت و ئاستەنگانە بووبوو و هەمیشە بە سەلامەتی دەرچووبوو: نارنجۆک وتاریکی شەو فریای دەکەوتن و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەردەچوو. ئەگەری ئەوە هەبوو ئەمجارەش دەرباز ببێت. کومسومولیەکان لەم شەڕ وپێکادانەدا، دوو نەفەریان لە دەست دا. بەڵام فیلاتوف، لە کاتێکی گونجاوا گەییە مەزراکە وفریاکەوت. هەنگێ ئانتونیوک بۆی دەرکەوت کە زۆر خراپ گیرۆدە بووەو ئەمجارە هیچ مەفەڕێکی نییە ودەرباز نابێ .

ئیدی بە درێژایی شەوەکە تا بەیانی لە هەموو پەنجەرەکانی ژوورەکەوە، گوللە دەباری. بەڵام سپێدە زوو، ئانتونیوک دەستگیرکرا، بەڵام هیچ کەسێک لە حەوت

پیاوەکەی وی ڕادەست نەبوو، لەم شەڕ وپێکادانەدا، چوار نەفەر هاتنە کوشتن، سێ نەفەر لە کوژراوەکان، ئەندامی شانەی لاوانی خرولین بوون.

***

فەوجەکەی کورچاگین، بۆ مانۆڕی پاییزەی یەکەکانی دەڤەرەکە بانگکرا. فەوجی نێوبراو ڕێگای چل کیلومەتری تا سەربازگەی لەشکری دەڤەرەکەی بە یەک ڕۆژ وبە بەر بارانی خوڕ و بە لێزمەدا بڕی بوو. لە بەیانی سەحەرییەوە کەوتبوونە ڕێ، درەنگانێکی شەو گەیی بووە جێ. فەرماندەی فەوجەکە، گوسیف وکومیسەری فەوجەکە کورچاگین، سوارە بوون. ئەو هەشت سەد نەفەرە گەنجەی کە نەگەیی بوونە تەمەنی عەسکەری، هەرکە گەیینە سەربازگەکە، شەکەت و ماندوو پاڵکەوتن و خەو بردنییەوە.

سەرکردایەتی لەشکری دەڤەرەکە، درەنگ داوای فەوجەکەی کردبوو، واتە لە بانگکردنی فەوجەکە دێر کەوتبوو. مانۆڕەکە بۆ بەیانی هەمان شەو دەستی پێدەکرد. دەبوایە فەوجەکە معایەنە بکرێ، ئەوە بوو فەوجی ناڤبری لە مەیدانی نمایشەکەدا بۆ معایەنە ڕیزکرا. دوای ماوەیەکی کەم چەند سوارێک لە فەرماندەیی لەشکرەوە هاتن. فەوجەکە کە جل وبەرگی فەرمی و تفەنگیان وەرگرتبوو، تەواو گۆڕا بوون. هەڵبەتە گوسیفی فەرماندەی عەسکەری فەوجەکە و کورچاگینی ڕابەر وکۆمیسەری سیاسی فەوجەکە، هەوڵێکی زۆریان لە گەڵ فەوجەکەیاندا دابوو، بۆیە دڵنیابوون لەوەی فەوجەکەیان لە معایەنەدا دەردەچێت. کاتێ معایەنەی فەرمی تەواو بوو، دەرکەوت فەوجەکە دەتوانێ لە مانۆڕەکەدا بەشداری بکات و توانای خۆ گۆڕین و ئارایشی خۆی سەلماند. یەکێک لە ئەفسەرەکان کە دەموچاو وڕوخسارێکی جوان، بەڵام گۆشتنی هەبوو، بە توندی لە کورچاگینی پرسی:

– بۆچی سوارەی؟ فەرماندەو، ڕابەرو کۆمیسەرانی عەسکەری لێرە نابێ ئەسپیان هەبێت. ئەمرت پێدەکەم کە ئەسپەکە ڕادەستی تەویلەکە بکە و بە پیادە لە مانۆڕەکەدا بەشداری بکە.

کورچاگین، دەیزانی ئەگەر لە ئەسپەکە دابەزێ، ناتوانێ بە پێیان بەشدای لە مانۆڕەکەدا بکات. چونکە نەیدەتوانی تاقە یەک کیلومەتریش بە پێیان ڕێبکات. بەڵام چۆن کێشەکەی خۆی بۆ ئەم فەرماندە فشەکەرو چەنەباز و ئیرادگیرە، کە دە ڕیز ڕەخت وقایش وقروشی لە خۆ دابوو، ڕوون بکاتەوە؟

– من بە بێ ئەسپ ناتوانم بەشداری لە مانۆڕەکەدا بکەم.

– بۆچی؟

کورچاگین، هەستی کرد، ناچارە هۆی ئەم ڕەفزکردنەی خۆی ڕوون بکاتەوە، لە بن لێوانەوە گوتی: – لاقم ئاوساون، من ناتوانم یەک هەفتە غار بدەم یان ڕێ بکەم. ئەمە جگە لەوەی کە من نازانم تۆ کێی هاوڕێ؟

– یەکەم، من سەرۆکی فەرماندەیی لیواکەی تۆم، دووەم دووبارە ئەمرت پێدەکەم کە لە ئەسپەکەت دابەزە، خۆ ئەگەر نەخۆشیت، ئەوا خەتای من نییە، کە لە خزمەتی عەسکەریدای.

کورچاگین، وەکو ئەوەی بەر قامچی درابێ، بەو ئاوایە ئەسپەکەی بەر جڵەوەکەی دا. بەڵام دەستی بە هێزی گوسیف تووند گرتی وڕایگرت. بۆ چەند خولەکێک دوو هەست لە دەروون وناخی کورچاگیندا کەوتنە ململانێی: تەوهین و خۆڕاگری.

بەڵام پاڤل کورچاگین، ئیدی ئەو سەربازە سوورە نەبوو، کە بتوانێ بێ بیرکردنەوە لەم یەکەوە بۆ ئەو یەکە نەقڵ ببێت. کورچاگین، ئێستا کومیسەری فەوجە وئەم فەوجە لە دوای ئەوەوە وەستاوە. باشە ئەگەر بەگوێی فەرماندەکەی نەکات، ئەمە چ زەبت وڕەبتێکی پێدەگوترێ؟ خۆ ئەو ، فەوجەکەی بۆ ئەم پیاوە قۆرە دەماخە پەروەردە نەکردبوو!

پێی لە ئاوزەنگیەکان (زەنگۆ ، ڕکێف) دەرهێناو لە ئەسپەکە دابەزی، بە دەم ئازاری جومگەوە، بەرەو قۆڵی چەپ ڕۆیی.

***

... بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک، کەش و هەوا بە شێوەیەکی ئاوارتە خۆش بوو، مانۆڕەکان، بەرەو کۆتایی دەچوون. ڕۆژی پێنجەمی مانۆڕەکە لە دەوروبەری " شیتوفکا " ئەنجام درا. ئەرکی گرتنی وێستگاکە لە قۆڵی گوندی کلیمنتوڤچییەوە، بە فەوجەکەی بریزدوف سپێردرا.

کورچاگین، بست بە بستی ناوچەکە شارەزا بوو. هەموو ڕێگاکانی بە گوسیف نیشاندا. فەوجەکە، کە کرابوو بە دوو بەشەوە، زۆر بە نهێنی وبێئەوەی دژمن پێ بحەسێت، پشتی لە دژمن گرتەوە، خۆی گەیاندە، دوا سەنگەرەکانی دژمن و، بەدەم هاوارو هوراکێشانەوە، پەلاماری وێستگەکەی دا، بە گوێرەی پێوەری داوەرەکان، ئەم ئۆپەراسیونە، بە ئۆپەراسیونێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم درا و هاتە هەڵسەنگاندن. وێستگەکە کەوتە دەست فەوجەکەی بریزدوف و ئەو فەوجەی کە گوایە بەرگری لە وێستگەکە دەکرد، بە تەقدیر لە سەدا پەنجای هێزەکەی خۆی لە دەست دا و، بۆ ناو بێشەکە پاشەکشەی کرد. هەڵبەتە ئەمە تەنیا مانۆڕێکی فۆرماڵی بوو.

کورچاگین، ڕابەرایەتی نیوەی فەوجەکەی دەکرد. لە ناوەندی جادەکە وەستا وفەرمانی بە فەرماندەو ڕابەری سیاسی سریەی سێ دا کە ڕیز ببن وخۆیان ئارایش بدەن. لەو کاتەدا سەربازێکی سوور بە هانکە هانک خۆی گەیاندێ و بە کورچاگینی گوت:

– هاوڕێ کۆمیسەر، فەرماندەی فەوج دەڵێت ئاخۆ ڕەشاشچییەکان دوو ڕیانی سکەکەیان گرتووە. لیژنەکە بەڕێوەن بۆ لای ئێوە.

پاڤل، لە گەڵ فەرماندەو ئەفسەرەکاندا، چوون بۆ دوو ڕیانی سکەکە.

ئەندامانی فەرماندەیی لیوا، لەوێ، لە دوو ڕیانەکەدا، کۆ بووبوونەوە، بە بۆنەی ئەنجامدانی ئۆپراسیونە سەرکەوتووەکەوە، پیرۆزباییان لە گوسیف دەکرد. نوێنەرانی فەوجە بەزیو وشکست خواردووەکە، حایر وپەشێو وپەرێشان ڕاوەستابوون وتەنانەت پاکانەیان بۆ پاشەکشەکەی خۆشیان نەدەکرد.

– هونەری ئەم سەرکەوتنە هی من نییە، بەڵکو ئەمە هونەری کورچاگین بوو، ئەو خەڵکی ناوچەکەیە، ئەو ڕێنوێنی کردین.

سەرۆکی فەرماندەیی هێزەکە، بە سواری ئەسپ لە پاڤل نزیک بووەوەو، بە تانە وتوانجەوە گوتی: – هاوڕێ، دەرکەوت کە تۆ زۆر بە باشی دەتوانی غار بدەیت، وادیارە هەر بۆ فیزو کەشخەیی بە سواری هاتبووی؟

ویستی شتێکی دیکەش بڵێ، بەڵام کورچاگین، خێسەیەکی لێکرد وبێدەنگی کرد.

کاتێ، ئەندامانی فەرماندەیی ڕۆیشتن، کورچاگین، بە ئارامی لە گوسیفی پرسی:

– ئەرێ تۆ ناوی شۆرەتی ئەم کابرایە نازانی؟

گوسیف، دەستێکی دا بە شانی پاڤل دا :

– وێڵی بکە، گوێ بەم فیشاڵبازە مەدە. ناوی شۆرەتی چوژانینە. وابزانم کاتی خۆی، لە سوپای تزاریدا ملازم دووم بووە.

ئەو ڕۆژە، کورچاگین، چەند جارێک هەوڵیدا ئەوەی بیربکەوێتەوە کە ئەم ناوەی لە کوێ بیستووە، بەڵام هەر بیری نەکەوتەوە.

***

مانۆڕەکە تەواو بوو. فەوجەکە، دوای ڕێزلێنانێکی گەورەو شایستە، بە سەرکەوتووی بۆ بریزدوف گەڕایەوە.

کورچاگین شەکەت وماندوو دوو ڕۆژ لای دایکی مایەوە. ئەسپەکەی لای ئارتیم دانا. پاڤل، لە ماوەی ئەم دوو ڕۆژەدا، ڕۆژێ دوازدە سەعات دەخەوت. لە ڕۆژی سێیەمدا چوو بۆ دەبۆکە، بۆلای ئارتیمی برای. لەوێندەر، لە بینا دووکەلاوییەکەی دەبۆکەدا ، بۆنێکی ئاشنا بە سەر پاڤلدا هات. بە تاسەوە دووکەڵی زوخاڵەکەی هەڵمژی. ئەم ژینگەیە کە لە منداڵییەوە پێی ڕاهاتبوو و لە ناویا گەورە بووبوو وخووی پێوە گرتبوو، بە شێوەیەکی ئەفسووناوی ڕایدەکێشا. هەستیدەکرد شتێکی

ئازیزو گرانبەهای لە دەست دابوو. چەندین مانگ بوو گویی لە دەنگی شووتی لکوموتیڤ نەبووبوو. وەکو چۆن دەریاوانێک ماوەیەک لە دەریا دوور دەکەوێتەوەو دادەبڕێ، ڕەنگی شینی پیرۆزەیی دەریای بێ سنوور لە دوورەوە بانگی دەکات وتاسە و کەڵکەڵەی دەریای لا زیندوو دەکاتەوە، بەو ئاوایە ئەم ژینگەیە بە هەموو شتەکانیەوە، پاڤلی یاریدەدەری ئاتەشکار وکارەباچی جارانی بۆ خۆی ڕادەکێشا وهەرچی دەکرد، ئەم هەستەی بۆ دا نەدەمرکایەوە.

چەند قسەیەکی لەگەڵ ئارتیمی برایدا کرد. لۆچێکی تازەی بە هەنیەی ئارتیمەوە بینی. ئارتیم، لە سەر کوورەیەکی گەڕۆکی ئاسنگەری کاری دەکرد. دوو منداڵی هەبوو. لەوە دەچوو ژیانی خراپ بێ، ئارتیم، خۆی باسی نەدەکرد، بەڵام مانگی چواردە ئەنگوستی ناوێ.

یەک دوو سەعاتێک ، پێکەوە کاریان کرد. ئەوسا جیابوونەوە. پاڤل، ئەسپەکەی لە سەر چوار ڕیانەکە ڕاگرت، ماوەیەکی زۆر سەیری وێستگەکەی کرد، ئەوسا قامچیەکی بە ئەسپە ڕەشەکەیدا کێشا و بە چوارناڵە بە ڕێگاکەی ناوەندی لێڕەوارەکەدا بۆی دەرچوو.

ڕێگاکانی ناو بێشەکە، ئێستا ئەمین بوون. بوڵشەفیکەکان دوای گەورەو بچووکی چەتەو ڕێگرەکانیان بڕی بووەوە، ئاگریان لە بنکە وپەناگە ونهێنگەکانیان بەردابوو. ئیدی ژیان لە گوندەکانی دەڤەرەکەدا ئەمین ترو سەلامەت تر بوو.

کورچاگین، لە دەورو بەری نیوەڕۆدا، گەییە بریزدوف. پولیفیخ ( لیدا ) لە بەردەم کۆمیتەی ناوچەی حیزبا، بە شادییەوە پێشوازی لێکرد.

– ئەنجام هاتیەوە! خەریک بوو غەریبیمان دەکردی.

ئەوسا، دەستی خستە سەر شانی و بە دوو قۆڵی چوونە ژوورەوە. پاڤل، پاڵتۆکەی داکەند و پرسی: – رازڤالیخین لە کوێیە؟

لیدا، بە جۆرە ساردییەکەوە بەرسڤی دایەوە:

– نازانم لە کوێیە. ئەها، بیرم کەوتەوە! بەیانی گوتی کە بۆ قوتابخانەکە دەڕوات، تا لە جیاتی تۆ وانەی کۆمەڵناسی بڵێتەوە. دەیگوت: " ئەوە ئیشی ڕاستەوخۆی منە نەک کاری کورچاگین " .

ئەم خەبەرە، پاڤلی تووشی سەرسامیەکی ناخۆش کرد، پاڤل حەزی لە رازفالیخین نە دەکرد، بە بێزارییەوە لە فکران ڕا چوو:

" ئەم، منداڵە چ چەپکە گوڵێک لە قوتابخانەکەدا، بە ئاوا دەدات؟ "

– دەی گرینگ نییە، خەبەرو باسی خۆتان. لە گروشیفکا بووی؟ کاروباری ئەوێ، لای کوڕەکان، چۆن دەڕوات؟

پولیفیخ ( لیدا ) هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە. کورچاگین لە سەر قەنەفەیەک دانیشت، لاقە ماندووەکانی ڕاکێشا وکەوتە شێلانیان.

– پێرێ ڕاکیتینا بۆ ئەندامیەتی حیزب بەربژێر کرا. ئەمە کاری شانەکەمان، "شانەی پودوبتسی " بە هێزتر دەکات. راکیتینا کیژێکی زۆرچاکە. زۆرم بە دڵە. دەزانی وەرچەرخانێکی باش لە نێو مامۆستایاندا ڕوویداوە. هەندێکیان بە تەواوەتی وبێ هیچ دوو دڵییەک پەیوەندی بە ئێمەوە دەکەن.

***

هەندێجار، لیستسین وکورچاگین و" لیچیکوف "ی سکرتێری تازەی کۆمیتەی ناوچەی حیزب، بە سێ قۆڵی لە دەوری مێزێکی گەورە، لە ماڵی لیستسین کۆ دەبوونەوەو تا درەنگانێکی شەو دەمانەوە. دەرگای ژووری نووستن داخراوە.

ئانیوتکا وژنەکەی لیستسین، سەرۆکی کۆمیتەی جێبەجێکردن خەوتوون. بەڵام سێ پیاوەکەی دەوری مێزەکە خەریکی کتێبێکی بچووکن، بە ناوی "مێژوی ڕووسیا " ، نووسینی پوکروفسکی.

لیستسین، تەنیا شەوان کاتی خوێندنەوەی هەبوو. پاڤل بۆ گوندەکان دەردەچوو، ئەو ڕۆژانەی کە دەگەڕایەوە شەوانی لە ماڵی لیستسین بە سەر دەبرد، کە دەیبینی لیستسین و لیچیکوف، لە خوێندنەوەو خۆ ڕۆشنبیرکردنا پێش ئەو کەوتوون، بەغیلی پێدەبردن وخەفەتی دەخوارد.

لە بودوبتسییەوە هەواڵ هات، کە گوایە شەوێ، " گریشوفتکا خوروفودکو " لە لایەن خەڵکانێکی نەناسراوەوە کوژراوە. کورچاگین هەرکە ئەم هەواڵەی بیست، ئازارەکەی لاقی فەرامۆشکرد وبە هەشتاو بەرەو تەویلەکانی سەر بە کۆمیتەی جێبەجێکردن ڕایکرد، بە پەلە پەلێکی شێتانە ئەسپێکی زین کرد، لە هەر دوو لاتەنگەوە پیرە ئەسپی بەر قامچی دا و بە چوار ناڵە بەرەو سنوور بۆی دەرچوو.

جەنازەکەی گریشوفتکا لە ئالایەکەوە پێچرابوو و لە سەر مێزێکی ڕازاوە بە گوڵ، لە بارەگای سوڤیاتی گوند دانرابوو. سەربازێکی سوور لە سەربازانی سنوور لەگەڵ ئەندامێکی کومسومولیدا لەبەر دەرگاکە وەستابوون، ڕێگەیان بە کەس نەدەدا بچێتە ژوورەوە. چاوەڕوانی هاتنی بەرپرسەکان بوون.

کورچاگین، خۆی بە ژووردا کرد، چووە دیار مێزەکە وئالاکەی هەڵدایەوە.

گریشوفتکا، بە ڕەنگی زەردەوەو بە چاوانی ئەبڵەقەوە کە عەزابی پێش مردنیان پێوە دیاربوو، پاڵ خرابوو، سەری بە لایەکدا کەوتبوو، پشت ملی بە شتێکی تیژ داغان کرابوو، چڵە کاژێکی لە لای سەرییەوە پێدا درابوو.

کێ دەستی چووەتە ئەم گەنجە، ئەم تاقانەیەی " خوروفودکو "ی بێوەژن، ئەو بێوەژنەی کە لە شۆڕشدا مێردەکەی لە دەست دا، مێردەکەی لە سەرەتاوە لە ئاشێکا کرێکار بوو و دوایی بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی بێنەوایان؟

پیرەژن کە هەواڵی مەرگی تاقانەکەی بیست، یەکسەر هەرەسی هێنا، ژنانی دەر ودراوسێ، لە دەوری خڕبوونەوە، نیوە مردوو بووبوو. فرزەندەکەی بە بێدەنگی و بە بێ جوڵە لێی کەوتبوو ڕازی مەرگی خۆی دەشاردەوە.

مردنی گریشوفتکا، گوندەکەی خرۆشان. دەرکەوت کە دۆستانی سەرۆکی شانەی کومسومول، دۆستانی، پشت وپەنای جوتیارانی هەژار زۆر لە ناحەزەکانی فرەتر بوون.

راکیتینا، ئەم مەرگەی زۆر لەبەر گران بوو، لە ژوورەکەی خۆیدا دەگریا، تەنانەت کاتێ کورچاگین خۆی بە ژوورەکەیدا کرد، سەری هەڵنەبڕی.

کورچاگین، بە قورسی خۆی دا بە سەر کورسییەکەدا و لە بن لێوانەوە پرسی:

– ڕاکیتینا تۆ چ دەڵێی، بە مەزەندەی تۆ کێ کوشتوویەتی؟

– جگە لە جەماعەتی ئاشەکە کەسی تر نییە. چونکە گریشوفتکا بووبوو بە کۆسپی سەر ڕێگای ئەم قاچاغچیانە.

***

دوو گوند، بۆ بە خاک سپاردنی گریشوفتکا کۆبوونەوە، کورچاگین فەوجەکەی خۆی هێنا. ڕیکخراوی کومسومول، بە تێکڕایی هاتن بۆ دوا دیدارو دوعا خوازی لە هاوڕێکەیان. گافریلوف، لە مەیدانی سوڤیاتی گوندا، سریەیەکی دوو سەدو پەنجا سەربازی لە پاسەوانانی سنوور ڕیزکرد. تابووتەکەیان، کە لە پارچەی سوورەوە پێچرابوو، بە دەم ئاوازی مارشی دوعاخوازی خەمناکەوە، لە ژوورەوە وەدەرهێناو لە مەیدانەکەدا دایان نا. لەوێ لە لای گۆڕی ئەو پارتیزانە بوڵشەفیکانەوە کە لە شەڕێن ناوخۆدا کوژرابوون، گۆڕێکیان بۆ هەڵکەند .

خوێنی گریشوفتکا هەموو ئەوانەی کە گریشوفتکا، بەردەوام پشتیوانی دەکردن و وەکو کێو لە پشتیان دەوەستا، یەکخست. گەنجانی وەرزێرو جوتیارانی بێنەوا بەڵێن وسۆزیان دا کە پشتیوانی وکۆمەکی شانە کومسومولیەکە بکەن. هەرکەسێک دەمی دەبووەوە، بە داخ و کەسەرەوە دەدواو داوای کوشتنی بکوژەکانی دەکرد. داوای دەکرد کە بکوژان بدۆزنەوەو دەستگیریان بکەن و هەر لێرەدا ولە مەیدانەکەدا و لە بەردەم گۆڕەکەدا دادگایی بکەن، تا ببن بە عیبرەت بۆ هەموو دژمنان.

سێ فیشەک بە ئاسمانا تەقێنران، چڵە کاژێک لە سەر قەبرە تازەکە نێژرا. هەر هەمان ئێوارە شانەی کومسومول، سکرتێرێکی تازەی هەڵبژارد، ئەم سکرتێرە " راکیتینا " بوو. لە پۆستەکەی سنوورەوە، نامەیەک بۆ کورچاگین هات وئاگادار کرایەوە کە شوێن پای بکوژەکانیان دۆزیوەتەوە.

دوای هەفتەیەک، لە شانۆکەی گوندا، کۆنگرەی دووەمی سۆڤێتاتی ناوچە بەسترا. لیستیسین، بە ورە بەرزی و بە تۆنێکی سەرکەوتوانەوە دەستی بە خوێندنەوەی ڕاپۆرەکەی خۆی کرد:

– هاوڕێیان، دەتوانم بە دڵنیاییەوە بە کۆنگرە بڵێم کە هەر هەمووومان، ئەمساڵ کاری زۆرمان کردووە. دەسەڵاتی سۆڤیاتمان لە ناوچەکە چەسپاند، مەسەلەی ڕێگری وقاچاغچیاتیمان لە ڕیشەوە فەلەج کرد. لە گوندەکاندا، ڕێکخراوێن بە هێزی هەژارانی بێنەوا هاتووەتە دامەزراندن، ڕێژەی ڕێکخراوێن کومسومولی، دە قات زیاد بووە.

ڕێکخراوێن حیزبی پەرەیان سەندووە. پەردەمان لە ڕووی ئەو غەدرە فیودالیەی بودوبتسی، هەڵماڵی کە "خوروفودکو "ی هاوڕێمان تیاچوو، وبکوژەکان : خاوەن ئاشەکە و زاواکەیمان گرت ولەم ڕۆژانەدا لە دادگای تاواندا، دادگایی دەکرێن. ژمارەیەک لە نوێنەرێن گوندەکان، داوایەکیان بە سەرۆکایەتی کۆنگرە پێشکەش کردووەو داوا دەکەن کە ڕێگر و تیرۆریستەکان، توندترین سزا بدرێن.

هۆڵەکە، لە هورا وهاواری ئامادە بوواندا هاتە لەرزین:

– ڕازین! مردن وسەرشۆڕی بۆ دژمنانی دەسەڵاتی سوڤیاتی!

پولیفیخ " لیدا " لە دەرگایەکی لاوەکییەوە سەری کێشا و بە ئاماژەی قامک پاڤلی بۆ لای خۆی بانگ کرد . لیدا لە ڕاڕەوەکەدا زەرفێکی دایە کە لە سەری نووسرابوو " بلەز " . زەرفەکەی هەڵپچڕی: بۆ کۆمیتەی کۆمسومولی ناوچەی بریزدوف . وێنەیەکی بۆ کۆمیتەی حیزبی ناوچە. بە گوێرەی بڕیاری مەکتەبی کۆمیتەی

شارستان، هاوڕێ کورچاگین، داواکراوه که له کۆمیتەی بەشەوه، بێت بۆ کۆمیتەی ناوچه، تا کارێکی کومسومولی گرینگی پێ بسپێردرێت.

***

کورچاگین، دوعاخوازی لەو بەشه کرد که ماوەی یەک ساڵ کاری تیا کردبوو. له دوایەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوچەی حیزب دوو پرس هاتنه گەنگەشه ومناقەشه: یەکەم، هاوڕێ کورچاگین، وەکو ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست قەبووڵ بکرێ، دووەم، نامەی ئەعمالی پەسەند بکەن و له ئەرکەکانی وەکو سکرتێری کومسومولی ناوچه مەعاف بکرێت.

ليستيسين و ليدا به گەرمی تەوقەیان له گەل کرد، برایانه دەستیان له ملی کرد، کاتێ ئەسپەکه له حەوشەکه وەدەرکەوت و بەرەو شەقامەکه پێچی کردەوه، بەڕێکەرانی، به ناوی ماڵاواییەوه، دەمانچه بەدەست ده فیشەکیان به سەریا تەقاند.

## فەسڵی پێنجەم

فارگونی تراموایەکه، به دەم دەنگی داینەمۆ کارەباییەکەوه، به نیخه نیخ به شەقامی فوندوکليفسکليادا هەڵدەگەڕا. له بەردەم شانۆی ئۆپرادا وەستا. دەستەیەک گەنج دابەزین، ئەوسا ترامواکه به هەورازەکەدا بەردەوام بوو.

پانکراتوف، پەلەی لەوانه دەکرد که دێر کەوتبوون: - کوڕینه، لەزێکەن با بڕۆین. دوا کەوتووین ها.

ئوکونيف، ڕێک له بەر دەروازەی شانۆکه پێی گەیی.

- " گونکا " له بیرته، سێ ساڵ لەمه پێش ، من و تۆش به هەمان شێوه بۆ ئێره هاتین؟ ئەو کاته دوپاڤا لەگەڵ " ئۆپوزیسیونی کرێکاریدا " بوو و دەهاتەوه بۆ ناو ڕیزەکانی ئێمه. بەڕاستی ئێوارەیەکی خۆشبوو. ئەمڕۆش لەگەڵ دوپاڤادا به شەڕ دێین.

دوای ئەوەی ناسنامەکانی خۆیان پیشانی پاسەوانەکانی بەر دەرگا دا و چوونە هۆڵەکەوە، پانکراتوف ڕووی کردە ئوکونیف و گوتی:

– بەڵێ، چیرۆکەکەی میتیا، لە هەمان شوێنا دووبارە دەبێتەوە.

داوای بێدەنگیان لێکرا. ناچار بوون لە نزیکترین شوێندا دانیشن. کۆبوونەوەی دانی ئێوارەی کۆنگرەکە دەستی پێکردبوو. ژنێک لە پشت تریبونەکەوە وەستابوو.

پانکراتوف، ئانیشکی بە ئوکونیفەوە ژەند و لە بن لێوانەوە گوتی:

– لە کاتێکی باشدا هاتین... دانیشە گوێ لە ژنەکەت بگرە، بزانە چی دەڵێت.

– ... دروستە وەختێکی زۆرمان بە گەنگەشە و مناقەشەوە بردە سەر، بەڵام ئەو گەنجانەی کە بەشداریان لەو کۆڕانەدا کرد، زۆر شت فێر بوون. زۆر بە دڵنیاییەوە دەبینین کە هەوادارانی تروتسکی لە ڕێکخراوەکەمانا، شکستیان هێناوە. ناتوانن گلەیی ئەوە بکەن، کە گوایە ئێمە دەرفەتی تەواومان نەداونەتێ قسەی خۆیان بکەن، بە پێچەوانەوە ئەو دەرفەتی ئازادی کارکردنەی ئێمە پێمان دابوون، کردیە کارێک کە ئەوان زۆر دیسپلینی حیزبی بن پێ بنەن.

تالیا، هەڵچوو، چەپکێک لە قژەکەی بەسەر هەنیە ودەم وچاویا بەر بووەوە، ڕێگەی قسەکردنی لێگرت، بە توندی سەری بۆ دواوە برد.

– ئێمە لێرە، گوێمان لە هاوڕێیانێکی زۆر لەو هاوڕێیانە گرت کە لە بەش وناوچەکانەوە هاتبوون، هەر هەموویان باسی ئەو شێوازانەیان کرد کە تروتسکیستەکان گرتبوویانە بەر. جا ژمارەی ئەوانە لێرە، لەم کونگرەیەدا، ژمارەیە نە گاڵتە. بەشەکان، بە ئانقەست ئەوانەیان بۆ ئێرە، بۆ کۆنگرەکە هەڵبژارد بوو، بۆ ئەوەی جارێکی دی لێرەدا، لە کونگرەی حیزبی شارا گوزارشت لە ڕای خۆیان بکەن وگوێیان لێبگیرێ کە زۆر قسە ناکەن، ئەمە خەتای ئێمەی تیا نییە. ئێستا زۆر زەحمەتە، بتوانین لێرەوە، لەم مینبەرەوە هەمان قسەکانی دوێنێ کاوێژ بکەنەوە.

دەنگێکی توند وبەرز، لە ڕیزی پێشەوەی، سووچی ڕاستی هۆڵەکەوە بەرزبووەوەو قسەکەی بە تالیا بڕی: - ئێمەش قسەمان هەیە.

تالیا لاگوتینا، ئاوڕی دایەوەو گوتی:

- زۆر چاکە، دوپاڤا ڕابە وەرە قسە بکە، ئێمەش گوێ دەگرین.

دوپاڤا، مۆڕەیەکی لێکرد وبە تووڕەیی لێوەکانی هەڵقورتاند و هاواری کرد:

- لە کاتی خۆیدا قسە دەکەین.

ئەوسا، شکستە نەنگینەکەی دوێنێی خۆی لە بەشەکەی خۆیدا، واتە لەو شوێنەی کە ئەویان دەناسی، بیر کەوتەوە.

خوتەخۆت و بۆڵەبۆڵ لە ناو هۆڵەکە بەرز بووەوە. پانکراتوف خۆی پێ زەوت نەکرا:

- چییە، بە نیازن، جارێکی دیکەش حیزب بهەژێنن؟

دوپاڤا، دەنگی ئەوی ناسییەوە، بەڵام ئاوڕی نەدایەوە، لێوی خۆی بە توندی گەست و سەری لەبەر خۆی نا.

تالیا، درێژەی بە وتارەکەی دا:

- دەکرێت دوپاڤا، بە نموونەی ئەو تروتسکیستانە بهێنرێتەوە کە زەبت و ڕەبتی حیزبی پێشێل دەکەن. ماوەیەکی زۆر لە ڕێکخراوە کومسومولیەکاندا کاری کردووەو قاڵ بووتەوەو زۆر کەس دەیناسن. بە تایبەتی کرێکارێن قورخانە (جبەخانە) "دوپاڤا " ، خوێندکاری زانستگەی کومونیستی " خارکوفە " بەڵام ئێمە هەموو دەزانین، سێ دانە هەفتەیە لە گەڵ شکولنیکۆدا لێرەیە. باشە چ شتێک لە گەرمەی خوێندن و دەرس و دەواما ئەوانی بۆ ئێرە هێناوە؟ هیچ گەڕەکێک لە شارا نەماوە کە ئەوان وتارخوێنییان تیا نەکردبێ. دروستە کە میخائیلو شکولینکو، لەم ڕۆژانەی دواییدا خەریکە بە خۆی دێتەوە . کێ ئەوانی بۆ ئێرە ڤرێ کردووە؟ جگە

لەمانە، ژمارەیەک " تروتسکیست " مان لە ڕێکخراوە جیاوازەکاندا، هەن. هەموو ئەمانە سەردەمانێک لێرەدا کاریان کردووە. ئێستا بۆ ئەوە هاتوون ئاگری دووبەرەکی وململانێی ناوخۆی حیزب خۆش بکەن، ئایا ڕێکخراوی حیزبی بە شوێنی دانیشتنیان دەزانی؟ هەڵبەتە، نایزانێ، کونگرە چاوەڕوانی ئەوەبوو تروتسکییەکان لە وتارەکانیاندا، دان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنەن. ئەگەر دوپاڤا و شومسکی و ئەوانی دی ڕاستگۆیانە دانیان بە هەڵەکانی خۆیاندا بنایە، ئەگەری ئاشتی دەبوو، بەڵام ئەوەیان نەکرد.

تالیا، هەوڵی دەدا، بیانخاتە سەر ڕێگای دان پێدانان وبە جۆرێ قسەی دەکرد وەکو ئەوەی لە سەر مینبەر نەبێت، بەڵکو بە جۆرێ دەپەیڤی وەکو ئەوەی لە کۆڕ و مەجلیسێکی دۆستانەدا بێ.

– هەمووتان لە بیرتانە کە دوپاڤا، سێ ساڵێک لەمە پێش، ئالێرەدا، لەم هۆڵی شانۆیەدا، لە گەڵ گروپەکەی جارانا (ئوپوزیسیونی کرێکاری) دا هاتەوە ناو ئێمە. قسەکانی ئەوسای وەبیر خۆ بێننەوە: " هەرگیز ئاڵای حیزب دانانەین " بەڵام سێ ساڵی پێنەچوو کە دوپاڤا، ئەم ئاڵایەی فرێ دا. بەڵێ من دەڵێم فڕێی دا. بۆیە ئەو قسەیەی " ئێمەش قسەمان هەیە " نیشانەی ئەوەیە کە ئەو و هاوڕێکانی، درێژە بەهەمان ڕێبازو ڕێگای خۆیان دەدەن.

یەکێک لە کورسییەکانی دواوە گوتی:

– با توفتا باسی هەواپێو بکات، چونکە ئەو پسپۆڕی کەشناسییە لای ئەوان.

هەندێ، دەنگی تووڕەی دی بەرزبووەوە:– شۆخی و تەشەران بەسە!

– با وەڵام بدەنەوە : ئایا دەستبەرداری دژایەتی کرنی حیزب دەبن یان نا؟...

– با پێمان بڵێن، کێ ئەو بەیاننامەیەی دژی حیزب نووسیوە؟

گێچی خرۆشانی ئامادەبووان، لە بەرزبوونەوەدا بوو، سەرۆکی کۆنگرەکە زەنگێکی دوورو درێژی لێدا.

وشەکانی تالیا، لە ناو هەراو زەناو ژاوە ژاوی خەڵکەکەدا ون دەبوون، بە ئاسانی نەدەبیستران، بەڵام هەرا وهەنگامەکە زوو نیشتەوە. دەنگی تالیا لاگوتینا دووبارە بیسترایەوە.

– ئێمە، لە هاوڕێیانی بەشەکانەوە جۆرەها نامەمان بۆ دێ. هەموویان لەگەڵ ئێمەدان وئەم مەسەلەیەش مایەی دڵخۆشی ئێمەیە. ڕێگەم بدەن با چەند ڕستەیەکی یەکێک لەو نامانەتان بۆ بخوێنمەوە. نامەی ئولگا یورینیڤایە، کە بەشیکی زۆری ئامادە بووان دەیناسن. حاڵی حازر بەرپرسی بەشی ڕێکخستنە لە کۆمیتەی کومسومولی ناوچە.

تالیا، پەڕەیەکی، لەناو کاغەزەکانی بەر دەستیا دەرهێنا، چاوێکی خێرای پێدا خشاند وکەوتە خوێندنەوەی:

"کاری پراکتیکی ڕاوەستاوە، چواردانە ڕۆژە هەموو ئەندامانی مەکتەب لە بەشەکانن. تروتسکیستەکان، دەستیان داوەتە ئاژاوەو دژایەتیەکی بێ وێنە. دوێنێ بویەرێک ڕوویدا کە بووە مایەی تووڕەیی ڕێکخراو. کاتێ ئوپوزیسیونەکان لە هیچ شانەیەکی شارا، زۆرینەیان بە دەست نەهێنا، لێبڕان هەموو هێزەکانی خۆیان خڕبکەنەوەو لە شانەی کومیسیونی عەسکەری ناوچە، کە، کۆمونیستانی بەشی پلان ونەخشە دانانی ناوچەو بەشی هۆشیاری کاریان تێدا دەکرد، شەڕ وئاژاوە بنەنەوە. شانەکە چل ودوو ئەندامی هەبوو، بەڵام جەماعەتی تروتسکی هەموویان لەوێندەر خڕبووبوونەوە. ئێمە پێشتر هەرگیز گوتاری وا دژمنانەمان دەربارەی حیزب نەبیستبوو. یەکێک لە ئەندامانی کومۆسیونی سوپایی، بە ڕاشکاوی گوتی: " ئەگەر دام ودەزگای حیزبی ڕادەست نەبێت، ئێمە بە خورتی داگیروداغانی دەکەین. خەڵکە ئوپوزیسیونەکە، بە چەپڵەڕێزان پێشوازیان لەو بۆچوونە کرد. هەنگێ کورچاگین هاتە پەیڤین وگوتی:

"باشە ئێوەی حیزبی و ئەندامی حیزب، بە چ ئەقڵێکەوە چەپڵەتان بۆ ئەم فاشیستە لێدا؟ " نەیاندەهێشت کورچاگین وتارەکەی خۆی تەواو بکات. لە کورسییەکانیان

دەداو هاواریان دەکرد. ئەندامانی شانەکە، کە لەم بێڕێزی و سووکایەتیە تووڕە بووبوون داوایان دەکرد، کە کورچاگین لە وتارەکەی خۆی بەردەوام بێ وگوێی لێ بگیردرێ. بەڵام کاتێ کورچاگین دووبارە دەستی بە قسان کردەوە، جارێکی دیکە کەوتنە ئاژاوە نانەوەو تێکدان وشێواندنی کۆبوونەوەکە. پاڤل هاواری لێکردن: " ئەمەیە دیموکراتیەکەتان! بە هەرحاڵ من قسەی خۆم دەکەم! "

ئیدی چەند کەسێک بۆی چوون وهەوڵیاندا لە سەر شانۆکە بیهێننە خوارەوە. هەرا و هەنگامەیەکی بێمانا بەرپا بوو. پاڤل بەرگری کرد ولە سەر وتارەکە بەردەوام بوو، بەڵام بە تۆبزی بۆ پشت شانۆکەیان ڕاکێشا، دەرگایەکی لاوەکیان کردەوەو لە قاڵدرمەکانەوە خستیانە خوارەوە . خوێڕییەکیان دەستی لێکردەوەو دەم وچاوی خڵتانی خوێن کرد. تەقریبەن هەموو ئەندامانی شانەکە، کۆبوونەوەکەیان بە جێهێشت. ئەم ڕووداوە چاوی زۆریانی کردەوە... "

تالیا، تریبونەکەی بەجێهێشت.

***

سیگال، دو هەیڤ بوو، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پروپاگەندەی کۆمیتەی حیزبی شار بوو. ئێستا لە گەڵ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتیداو لە لای توکاریفەوە دانیشتبوو، بە وردی گوێی لە وتاری ئەو نوێنەرانە دەگرت کە بۆ کۆنگرەی حیزبی، شار هاتبوون. تا ئێستا هەموو ئەوانەی وتاریان دابوو و دەدا لەو گەنجانە بوون کە هێشتا لە ڕێکخراوەکانی کومسومول بوون.

سیگال لە فکران ڕاچوو: " لەم چەند ساڵەدا چەند گەورە بوون! " ئەوسا بە توکاریفی گوت:

– هەر لە ئێستاوە، تەنگیان بە ئۆپوزیسیون هەڵچنیوە، هێشتاش چەکی قورسیان بە کار نەبردووە! ئەم گەنجانە تروتسکیستەکان لە ناو دەبەن.

توفتا، به گورجی ڕابوو وخۆی گەیاندە پشت تریبۆنەکە، لە ناو هۆڵەکەوە، بە هەرا وزەنا و فیکە کێشانەوە، بە حیلک وهۆڕی پێکەنینەوە پێشوازی کرا . توفتا ئاوڕی لە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی دایەوە، دەیویست ناڕەزایی خۆی سەبارەت بەو جۆرە پێشوازییە دەربڕێت، بەڵام هۆڵەکە دوای کەمێک کپ بووەوە.

توفتا، بلەز دەستی بە ئاخافتن کرد:

- یەکێک، لەمانە بە پسپۆڕی کەشناسی ناو بردم. یانی ئێوە هاوڕێیانی زۆرینە، بەو جۆرە گاڵتە  بە بۆچوونە سیاسیەکانی من دەکەن!

قسەکانی ئەو کەوتنە ژێر قاقای پێکەنینەوە. توفتا بە تووڕەیی، هۆڵەکەی بە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نیشاندا.

- بەکەیفی دڵی خۆتان پێبکەنن، بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە کە لاوان هەوا پێون. لینین چەندین جار دەربارەی ئەم بابەتەی نووسیوە.

هۆڵەکە لە ناکاوا کپ بووەوە. دەنگێک لە ناو هۆڵەکەوە پرسی: - چی نووسیوە؟

توفتا، بوژایەوە.

- کاتێ ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی ئوکتوبەر دەکرا. ڕێنمایی لینین ئەوە بوو کە دەبێ لاوانی کرێکاری ورەبەرز کۆبکرێنەوەو چەکیان بدرێتێ ولەگەڵ دەریاوانان‌دا بۆگرنگترین و هەستیارترین شوێن بنێردرێن. دەتانەوێ من ئەم پەرەگرافەتان بۆ بخوێنمەوە؟ من هەموو ئەو پەرەگرافانەم لەسەر کارت تۆمار کردووە.

تافتا، دەستی خستە ناو جانتاکەیەوە.

- ئێمە ئەوە دەزانین!

- ئەدی لینین چی دەربارەی " یەکێتی " نووسیوە؟

- دەربارەی دیسپلینی حیزبی چی نووسیوە؟

- لینین لە کوێ لاوانی لە هەنبەر پیرەمێرانی ئەزمووندار داناوە؟

تۆفتا سەرەداوی بابەتەکەی لە دەست بەربوو و، چووە سەر بابەتێکی دیکە.

- لاگوتینا، لێرەدا نامەکەی یورینیڤای خوێندەوە. ئێمە بەرپرسیاریەتی هەندێ گەنگەشەو مناقەشەی ڕەخنەیی نائاسایی هەڵناگرین.

تسفیتایف کە لە تەنیشت شکولینکووە دانیشتبوو، بە تووڕەیی ولە بن لێوانەوە گوتی:

- عوزری گەوجان لە قەباحەت خراپترە.

شکولینکو، بە ئەسپایی بەرسڤی دایەوە:

- ئەم گێلە پیاوە، بە تەواوەتی تووشی شکستمان دەکات.

دەنگی تیژ وزیقاوڵەی تۆفتا، وەکو درێڵ گوێچکانی دەسمی:

- ئێوە فراکسیۆنی زۆرینەتان دروستکردووە ، ئێمەش هەقی ئەوەمان هەیە فراکسیۆنی کەمینە دروست بکەین.

لە هۆڵەکەدا، دەنگی هەرا وزەنا بەرز بووەوە، هورا وهەوای تووڕەیی، دەنگی تۆفتای خامۆش کرد: - ئەمە چیە؟ دیسان بولشەفیک ومەنشەفیکە؟

- خۆ حیزبی کۆمۆنیست ڕووسیا پەڕلەمان نییە؟

- ئەمانە ئیش بۆ هەمووان دەکەن، لە میاسینکوفەوە تا دەگاتە مارتوف.

تۆفتا، بەجۆرێ هەر دوو بازووی دەجوڵاند، لە تۆ وایە دەیویست مەلە بکات وپاشان بە هەڵچوون و پەلەپەلەوە لە سەری ڕۆیی:

- بەڵێ، ئێمە پێویستمان بە دەستەبەندی وخۆخۆییە، دەنا ئێمە کە هزرین وبیرکردنەوەمان جیاوازە، چۆن دەتوانین، لە هەنبەر زۆرینەیەکدا، کە زۆر بە زەبت وزاکون و یەکگرتووە، درێژە بە خەبات وکێشماکێشی خۆ بدەین؟

هەرا وزەنا لە هۆڵەکەدا زیاتر بوو. پانکراتوف هەستا وهاواریکرد:

– ڕێگەی بدەن، گوزارشت لە ڕاوبۆچوونی خۆی بکات. زانینی ڕای وی بە سوودە . توفتا ئەو شتانە دەڵێت کە ئەوانی دی دەیشارنەوە.

بێدەنگی باڵی بەسەر ئامادەبوواندا کێشایەوە. توفتا زانی کە زیاد لە پێویست قسەی کردووە. پێدەچوو گوتنی ئەم بابەتە بێمانا بووبێ. یەکسەر بیری بە لایەکی دیدا ڕۆیی، بەم وشانە کۆتایی بە وتارەکەی هێنا.

– هەڵبەتە ئێوە دەکارن وەدەرمان بنەن، تووڕمان بدەنە سووچێکەوە. ئەمە بە کردەوەش کراوە و دەکرێ. بۆ نموونە من لە کۆمیتەی کومسومولی شار دەرکراوم. کێشە نییە، بەم زووانە بەدیار دەکەوێ هەق بە کێیە.

ئەوسا لە سەر شانۆکەوە دابەزی بۆ ناو هۆڵەکە.

دوپاڤا، پارچە کاغەزێکی لە تسفیتایفەوە وەرگرت:

"میتیا، ئێستا قسە بکە، هەرچەندە ئەم بابەتە ڕەوشەکە بە قازانجی ئێمە ناگۆڕێ. شکست و بۆڕخواردنی مە لێرەدا ڕوون وخۆیایە. پێویستە قسەکانی توفتا ڕاست بکرێنەوە، بەڕاستی پیاوێکی گەوج وفرە وێژە " .

دوپاڤا، مۆڵەتی ئاخافتنی خواست و یەکسەر دەرفەتی پەیڤینیان دا. کاتێ چووە سەر شانۆکە، هەموو ئامادەبووان گوێ قوڵاخ بێدەنگ بوون. دوپاڤا، کە ئەم بێدەنگیەی بینی، تەزوویەکی ساردی پێدا هات. ئیدی ئەو جۆش وخرۆشەی کە لە وتاردانی ناو شانەکەیدا هەی بوو، لە حەوت کێوان ئاودیو بوو. ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە جۆش دەکەوت وگڕ وتینی دادەمرکایەوە. ئێستا لە ئاگرێک دەچوو ئاوی پێدا کرابێ و دووکەڵێکی ناخۆشی لێ هەڵدەستا. ئەم دووکەڵە زادەی شکستی ئاشکرای ئەو بوو، کە کبریا و غووروری ئەوی بریندار کردبوو، زادەی وەڵامی توندی کۆنە دۆستەکانی بوو. ئیدی چوو بە چەقی نەعلەتا و ڕەفزی کرد دان بە هەڵە بوونی خۆیدا بنێت . لێبڕا لە سەر سەر سەختی خۆی بەردەوام بێ، هەرچەندە دەیزانی

ئەم بابەتە هێندەی دی لە زۆرینەکانی دوور دەخستەوە . بە دەنگی نەوی بەڵام ڕوون وخویا قسەی دەکرد:

– تکا دەکەم قسەم پێ مەبڕن و بە تەشەران گێژم مەکەن. من دەخوازم هەڵوێستی خۆمتان بۆ ڕوون بکەمەوە، هەرچەندە پێشوەختە دەزانم کە ئەم کارە بێفایدەیە و ئێوە زۆرینەن.

که لە قسەکانی بووەوە، وەکو ئەوە بوو نارنجۆکێک لە هۆڵەکەدا تەقێنرابێتەوە. ئیدی لە هەموو لایەکەوە هات وهاواری ناڕەزایی وتانە وتەشەری ڕق بەرز بووەوەو قامچی ئاسا سەر و چاوی کوتایەوە.

– بە ڕاستی شەرمەزارییە!

– مردن بۆ دووبەرەکی کاران.

– بەسە! خۆ ڕیسوا کردن بەسە.

کاتێ دوپاڤا، لە سەر شانۆکە دادەبەزی، بە قاقای تەوسامێز پێشوازیان کرد. ئەم قاقایانەی زۆر لەبەر گرانبوو. ئەگەر هەر بە هاواری ناڕەزایی پێشوازیان بکردایە زۆری لاگران نەدەبوو. بەڵام ئەوان پێکەنین، گاڵتەیان پێکرد، وەکو ئەوەی هونەرمەندێک بێ، نەشازی کردبێ و دەنگی دەرنەچووبێ.

بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە گوتی: – ئێستاش نۆرە قسەی لشکولینکویە.

میخائیلو هەستا: – من قسە ناکەم .

لە ڕیزەکانی دواوە، دەنگی بەرزی پانکراتوف بەرز بووەوە: – دەمەوێ قسە بکەم!

دوپاڤا، بە تۆنی دەنگی پانکراتوفدا، باری دەروونی ئەوی بۆ دەرکەوت. پانکراتوف، وەختایەک سووکایەتی یەکی پێبکرایە بەو تۆنە قسەی دەکرد. کاتێ پانکراتوف، بە باڵابەرزە کەمێک کووڕەکەیەوە بە پەلە بۆ سەر شانۆکە دەڕۆیی،

دوپاڤا که له دواوه ته‌مه‌شای ده‌کرد هه‌ستی به نیگه‌رانیه‌کی زۆر ده‌کرد. چونکه دوپاڤا، ده‌یزانی ئیگنات چی ده‌ڵێت. دیداره‌که‌ی دوێنێی خۆی له گه‌ڵ دۆسته کۆنه‌کانیا. له سولومینکا بیرکه‌وته‌وه، که له گفتوگۆیه‌کی دۆستانه‌دا هه‌وڵیان له‌گه‌ڵ دابوو که ده‌ستبه‌رداری ئۆپوزیسیون ببێت. تسفیتایف و شکولینکوی له‌گه‌ڵ بووبوون. له ماڵی توکاریف، به ئاماده‌بوونی ئیگنات، ئوکونیف، تالیا، ڤولینتسیف، زیلینوڤا، ستاروفیروف و ئارتیوخین کۆبوونه‌وه. دوپاڤا، سه‌باره‌ت به‌و هه‌وڵه بۆ یه‌ککگرتنه‌وه، خۆی له که‌ڕی ولاڵی دا. له گه‌رمه‌ی قسه وگفتوگۆیه‌کاندا له گه‌ڵ تسفیتایفدا کۆبوونه‌وه‌که‌ی به جێهێشت وئه‌مه‌ش دووپاتی کرده‌وه که نایه‌وێ دان به نادروستی بۆچوونه‌کانی خۆیدا بنێت. هه‌ر شکولینکو مابووه‌وه، ئه‌ویش ئه‌مجاره ئاماده نه‌بوو قسه بکات. دوپاڤا به ڕقه‌وه بیری له‌مه کرده‌وه: " ڕۆشنبیرێکی سست وسازشکاره، هه‌ڵبه‌ته ئه‌وان به‌لای خۆیانا ڕایانکێشاوه " . ئه‌و له‌م ململانێ شێتانه‌یه‌دا هه‌موو دۆسته‌کانی له‌ده‌ست دابوو. له زانستگه‌ی کۆمۆنیستیدا، په‌یوه‌ندی دۆستایه‌تی دێرینه‌ی ، له‌گه‌ڵ ژارکی دا که له کۆبوونه‌وه‌ی مه‌کته‌بدا، زۆر به جدی دژی به‌یاننامه‌که‌ی گروپی چل وشه‌ش نه‌فه‌ری وه‌ستابووه‌وه، پچڕا. پاشان کاتێ ناکۆکییه‌کان قووڵ بووبووه‌وه، ئیدی قسه‌ی له‌گه‌ڵ ژارکیدا دابڕی بوو. چه‌ند جارێک له شوقه‌که‌ی خۆیدا ژارکی دیتبوو که بۆ لای ئانا هاتبوو. دوپاڤا، ماوه‌ی ساڵێک بوو ئانا بورخارتی خواستبوو. ئانا ودوپاڤا، ژووره‌کانیان جیابوو. دوپاڤا هه‌ستی ده‌کرد که یه‌کێک له هۆیه‌کانی تێکچوونی به‌ینی له گه‌ڵ ئانادا، که له بنه‌ڕه‌تدا هاوهزری دوپاڤا نه‌بوو، ئه‌مه بوو که ژارکی زوو زوو هاتوچۆی ئانای ده‌کرد. هه‌ڵبه‌ته له‌مه‌دا هیچ خانه گومانی وحه‌سوودییه‌ک له ئارادا نه‌بوو. به‌ڵام دۆستایه‌تی ئانا له گه‌ڵ ژارکی دا، که دوپاڤا قسه‌ی له‌گه‌ڵیا نه‌بوو، دوپاڤای قه‌ڵس ده‌کرد. دوپاڤا، ئه‌م بابه‌ته‌ی به ئانا گوت، گفتوگۆیه‌کی زۆریان له‌مباره‌یه‌وه کرد، ئیدی زیاتر به‌ینیان تێکچوو. ئیدی به بێئه‌وه‌ی ئانا ئاگادار بکاته‌وه هات بۆ ئێره، بۆ شار.

ئیگنات زنجیرەی ئەم شەپۆلە خێرایەی هزرەکانی پچڕی. دەستی بە وتارەکەی خۆی کرد:

- هاوڕێیان! ( پانکراتوف بە توندی دانی بەو وشەیەدا نا، هاتە پشت تریبونەکە ولە بەر ڕۆشناییەکە ولە قەراخ شانۆکەدا وەستا ) : هاوڕێیان ئەوە نۆ دانە ڕۆژە ئێمە گوێ لە گوتارێن ئوپوزیسیون دەگرین. جا من بە ڕاشکاوی دەیڵێم: بە درێژایی ئەم ماویە وەکو هاوڕێیانی خەبات، وەکو تێکۆشەرانی شۆڕشگێڕ، وەکو دۆستانی چینایەتی قسەیان لە گەڵ ئێمەدا نەکردووە، بەڵکو وتاردانەکانیان زۆر دژمنانە، ئاشتی ناپەزێر، کینەکێشانە وبوختان ئامێز بوو. بەڵێ هاوڕێیان بوختان ئامێز! هەوڵیانداوە، ئێمەی بولشەفیک بە دیکتاتۆری ناو حیزب وبە خاینانی بەرژەوەندی چینایەتی وشۆڕش لە قەڵەم بدەن. هەوڵیانداوە مۆری بیرۆکراتیەتی حیزبی بە باشترین وئەزموونداترین وکارامەترین ڕۆڵەکانی حیزبمانەوە بنەن، بە نەسلی کۆنی سەربەرزی بولشەفیکەوە بنەن، ئەوانەی کە حیزبی کۆمۆنیستی ڕووسییان دامەزراند وپەروەردە کرد، ئەوانەی ڕژێمی دیکتاتۆری تزاری لە سووچی ڕەشچاڵ وزندانانی توند کردبوون. ئەوانەی بە ڕابەرایەتی هاوڕێ لینین دژی مەنشەویزمی جیهانی و " تروسکی " وەستانەوە. ئاخر چ کەسێک، ئەگەر دژمن نەبێ دەتوانێ ئەم قسانە بکات؟ باشە حیزب و دام و دەزگاکانی حیزب هەر یەک شت نین؟ پێم ناڵێن ئەمە چییە؟ ئاخر ئەوانەی سەربازانی سووری گەنج دژی فەرماندەو کۆمیسەرەکانیان، دژی فەرماندەیی هاندەدەن، لە کاتێکا دژمن لە هەموو لایەکەوە گەمارۆی داوین. ناو دەنەن چی؟ ئەگەر من ئەمڕۆکە بەڕاد بم، بە ڕای تروتسکیستەکان بە ئەندامێکی " ئەمین و دڵسۆز " حیساب دەکرێم، بەڵام ئەگەر سبەی بووم بە سکرتێری کۆمیتەیەک، یەکسەر بە قودرەتی قادر دەبم بە کەسێکی " بیروکرات " دەبم بە ئەندامی "دەزگا " ؟! باشە ئەمە سەیر نییە ، بانێک و دوو هەوا نییە؟ ئەمە گاڵتەجاڕی نییە، هاوڕێیان لە نێو ئەو ئوپوزیسیونەدا کە گوایە دژی بیرۆکراتیەت هەستاون ولە ڕای دیموکراتیەتدا تێدەکۆشن، خەڵکانێک هەن وەکو توفتا کە لەم دواییانەدا بە تاوانی " بیروکراتیەت " لە کار دوور خراوەتەوە.

خەڵکی وەکو تسفیتایف هەیە کە هاوڕێیانی سولومینکا خۆی و دیموکراتیەتەکەی باش دەناسن. خەڵکی وەکو ئافاناسییف هەیە، کە کۆمیتەی حیزبی شار، سێ جار لە سەر خۆ سەپاندن و بن پێ نانی ئازادی لە بەشی " پودولسک "دا لە کار لایان بردووە؟ مەسەلەکە ئەمەیە کە هەموو ئەوانەی دژی حیزب، یەکیان گرتووە، لەوانەن کە حیزب سزای داون. ئێوە تەمەشا بکەن دوپاڤا و شکولینکو، چەند کرێکارێکیان خاپاندووە و دووی خۆیانیان خستوون، بەڵام خەڵکانی بیروکرات و فورمالیستانی وەکو توفتا وخەڵکانی دی خۆیانیان پێوە با دەدەن و بازوونوێنیان پێوە دەکەن. ئێستا ئەوانە بە ڕواڵەت زۆر بە توندی دژایەتی بیروکراتیزم دەکەن، بەڵام کێ باوەڕیان پێدەکات؟ لایەنگرانی ئۆپوزیسیون هەوڵدەدەن تروتسکی کە لە ساڵی ١٩١٧دا پەیوەندی  بە بولشەفیکانەوە کردووە لە جیاتی مەزنترین پێشەوای پرولیتاریا، یانی لینین دابنەن. با بولشەفیکە کۆنەکان باسی " بولشەفیزمی " تروتسکی بکەن. ئێستا کە ئەم ناوەتان لە سەنگەری دژە حیزبا داناوە، پێویستە لاوان دیرۆکی خەبتینی تروتسکی دژی بولشەفیکان وسەنگەر سەنگەرێنەی بەردەوامی ئەو کابرایە بزانن. خەبتین دژی ئۆپوزیسیون، ڕیزەکانمانی یەک خستووە، لاوانی لە ڕووی بیر وباوەڕەوە بە هێز کردوون ، حیزبی بولشەفیک وکومسومولی لە خەباتیانا دژی ڕەوتێن خوردە بورژوایی، قاڵ بوونەتەوە ، بوون بە پۆڵای ئاودراو. ئۆپوزیسیونانی هیستریازەدە، پێشبینی ئەوەمان بۆ دەکەن کە سبەینێ تووشی هەرەسی  ئابووری وسیاسی تەواو دەبین.

هەڵبەتەی سبەی بایەخی ئەم پێشبینییە دەردەخات. ئەوان داوا دەکەن پیرەمێردەکانی ئێمە وەکو توکاریف وهاوڕێ سیگال بخرێنە وەرشەکانەوەو لە جیاتی ئەوان خەڵکانی کەشناسی بێ بایەخی وەکو دوپاڤا، دابنرێن. کە دەیەوێ دژایەتیکرنی حیزب وەکو جۆرە قارەمانیەتیەک پیشانبدات. نەخێر، هاوڕێیان، ئێمە مل بۆ ئەو جۆرە کارە نادەین . هەڵبەتە پیرەمێردەکان دەگۆڕدرێن، بەڵام بەو کەسانە ناگۆڕدرێن کە لە گەڵ سەرهەڵدانی هەر کێشەیەکدا، وەکو شێت و هاران هێرش دەکەنە سەر حیزب وڕێبازی حیزب. ئێمە هەرگیز ڕێگە نادەین ئاسیو بە

یەکێتی ڕیزەکانی حیزبە مەزنەکەمان بگەیەنرێ. هەرگیز ناکۆکی ودوو بەرەکی ناکەوێتە نێوان نەسڵی کۆن ونوێی حیزبەوە. ئێمە لە ژێر ئاڵای لینیندا، دژی ڕەوتێن خوردە بورژوایی دەوەستینەوەو سەرکەوتن بە دەست دێنین!

پانکراتوف، بە دەم چەپڵەڕێزانی ئامادەبووانەوە لە سەر شانۆکە هاتەخوارەوە.

***

بۆ سبەینێ دە کەس لە ماڵی توفتا کۆبوونەوە. دوپاڤا گوتی :

– من و شکولینکو، ئەمڕۆ سەفەر دەکەین و بۆ خارکوف دەڕۆین. ئێمە ئیدی هیچ کارێکمان لێرە نییە. هەوڵبدەن یەکێتی ڕیزەکانتان بپارێزن. ئیدی دەبێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین بزانین بویەرەکان بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن. گومان لەوەدا نییە کە کۆنگرەی سەرانسەری ڕووسیا، ئێمە مەحکووم دەکات (مەبەست کۆنگرەی ١٩٢٤/١/١٧ ) ه . بەڵام بە قەناعەتی من هێشتا زووە پێشبینی ئەوە بکرێ، کە هیچ سزایەکمان بە سەردا بدرێ. زورینە بڕیاری داوە، کە جارێکی دیکە لەواری کردەییدا تاقیمان بکەنەوە . جا ئێستا، بە تایبەتی دوای کۆنگرە، درێژەدان بە خەباتی ئاشکرا، خۆی لە خۆیدا هاوتای دەرکردنمانە لە حیزب، و ئەمە لە بەرنامەی کارماندا نییە. هەڵبەتە زۆر زەحمەتە پێشبینی ئەوە بکرێ کە لە ئایندەدا چی ڕوو دەدات. پێموایە هیچ بابەتێکی دیکە نەماوە کە قسەی لەسەر بکەین.

دوپاڤا، هەستایە سەرپێیان و ئامادەی ڕۆیشتن بوو. هەروەها " ستاروڤیروف "ی مردەلۆخی، دەم ولێو تەنک هەستا ودەستی بە ئاخافتن کرد:

– من لە تۆ تێناگەم میتیای. ئایا قەراری کۆنگرە بۆ ئێمە مولزەمە یان نا؟

تسفیتایف، بە توندی قسەکەی پێ بڕی:

– بە فەرمی ئیلزامییە، دەبێ بە ڕواڵەت پابەند بی، دەنا ناسنامە حیزبییەکەت لێدەسەندرێتەوە. دەیسا چاوەڕوان دەکەین با بزانین با لە کوێوە هەڵدەکات. دەی جارێ با بڵاوەی لێبکەین.

توفتا، به بێزارییەوە لە سەر کورسییەکەی کەوتە جم وجوڵ. شکولینکو، خەمین وڕەنگ زەرد، لە پەنجەرەکەدا وەستابوو و نینۆکەکانی دەکرۆشت. دەوری هەر دوو چاوی لە بێخەویدا شین بووبوونەوە. کە گوێی لە دوا قسەکانی تسفیتایف بوو دەستبەرداری جووینی نینۆکەکانی بوو و ئاوڕی لای خەڵکەکەی دایەوە.

- من دژی ئەم جۆرە مانۆڕانەم ...

شکولینکو، بە دەنگێکی نزم قسەی دەکرد و لە ناکاوا هەڵچوو:

- من بەش بە حاڵی خۆم، باوەڕم وایە کە بڕیار وڕێنماییەکانی کۆنگرە، بە ئیلزامی دەزانم. ئێمە بەرگری وداکۆکیمان لە بیر وبۆچوونەکانی خۆمان کرد، بەڵام پێویستە پابەندی قەرارو بڕیاری کۆنگرە بین.

ستاروڤیروف تەمەشایەکی کرد و لە بن لێوانەوە گوتی: - منیش دەمویست ئەوە بڵێم.

دوپاڤا، خێسەیەکی لە شکولینکو کرد وبە تەوس وتوانجێکی ئانقەستەوەو لە بن لێوانەوە گوتی:

- بە هەرحاڵ کەس هیچ پێشنیازێک بۆ تۆ ناکات. هێشتا دەرفەت و دەلیڤەی ئەوەت لە بەردەمە کە لە کۆنگرەی شارا پەشیمانی خۆت ڕابگەیەنی.

شکولینکو، بلەز هەستایە سەر پێیان.

- ئەمە چ قسەیەکە دیمیتری! بە ڕاستی وڕاشکاوی دەیڵێم کە قسەکانت پەستم دەکات و وادارم دەکەن کە بیر لە هەڵوێستەکانی دوێنێ بکەمەوە.

دوپاڤا، دەستەکانی بە ڕووی ئەودا هەڵتەکاند و ڕووی لێ وەرگێڕا:

- نۆبەتی ئەو قەوانەیە، دەیسا تا دێر نەبووە بڕۆ تۆبە بکە.

دوپاڤا، تەوقەی لە گەڵ توفتا و ئەوانی دیدا کرد و دوعاخوازی لێکردن.

دوای ماوەیەکی کەم شکولینکو و ستارڤیروف لە دووی ئەوەوە وەدەرکەوتن.

***

سالّی ١٩٢٤، بە سەرمایەکی بەترەف دەستی پێکردو خۆی بە لاپەڕەکانی مێژوودا کرد. مانگی کانوونی دووەم بە بەفر دەستی پێکرد، ولات لە بەفرا سپی بوو، نیوەی دووەمی مانگ بە با و بۆران وکرێوەێن درێژخایەنەوە دەستی پێکرد.

بەفر هەموو سکەکانی باشووری ڕژئاوای داپۆشی. خەلّکی ناچار بە گژ ئەم سروشتە دژوارەدا دەچوونەوە.

مەکینەێن بەفرمالّ خۆیان بە خەرمانی بەفردا دەکرد وڕێگەیان بۆ قیتاران پاک دەکردەوە. بەستەلّەک و زریانی بەفر، تەلی تەلەفۆنیان دەپچڕی، لە کۆی دوازدە هێلّی تەلەفۆن تەنیا سێ دانەیان کاریان دەکرد: هێلّی هیندی- ئەورووپی و دوو هێلّی دیکەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ.

لە ژووری تەلەگرافی وێستگەی یەکەمی شپتوفکادا سێ بێتەلی جفرەدار، بە بەردەوامی کاریان دەکرد و تەنیا خەلّکانێکی شارەزا لێیان تێدەگەیی.

تەلەگرافچییەکان، کیژێن گەنج بوون، درێژی ئەو نەوارو شریتانەی کە لە هەوەلّ ڕۆژی دامەزراندنیانەوە،کاریان لە سەر کردبوو، لە بیست کیلومەترێک پتر نەدەبوو. بەلّام درێژی نەوار وشریتی پیرەمێردەکەی هاوکاریان لە سێ سەد کیلومەتریش تێ پەڕی بوو. پیرەمێردەکە وەکو ئەوان ( کیژەکان ) نەوارەکەی دەخوێندەوەو وشە قورسەکانی دەدانە دەم یەکەوە، ناوچەوانی گرژ نەدەکرد، برۆی وێک نەدەهێنایەوە. بە وردی گوێی لە ئامێرەکە دەگرت و وشە قورسەکانی یەک بە یەک دەخستنە سەر کاغەز، بە گوێ ئەم وشانەی هەلّدێنا:

" بۆ هەمووان، بۆ هەمووان، بۆ هەمووان! "

کابرای تەلەگرافچی بە دەم نووسینی مۆرسەکانەوە دەبیرەوە دەچوو: " هەبێ ونەبێ دیسان بولّتەنی پاککردنەوەی بەفرە " لەو دیو پەنجەرەکەوە زریان و

کرێڤەیە، با بەفرەکە دێنێ و بە پەنجەرەکەیدا دەکێشێت. یارۆی تەلەگرافچی وای وێنا کرد، یەکێک لە پەنجەرەکە دەدا، سەری وەرگێڕا جوانی نەخشی سەهۆڵبەندانەکە لە سەر پەنجەرەکە سەرنجی ڕاکێشا. هیچ دەستێکی بەشەری، نەیدەتوانی ئەم نەخش ونیگارە زۆر وردانەی گەڵا و گوڵی جوان و عەنتیکە بئافەرێنێ. ئەم دیمەنە، خەیاڵی یارۆی تەلەگرافچی برد، ئیدی گوێی لە ئامێرەکە نەدەگرت، کاتێ نیگای لە پەنجەرەکە گواستەوە، نەوارەکەی بە دەستەوە گرت تا وشەکان بخوێنێتەوە، ئامێرەکە نووسی بووی: " لە بیست و یەکی کانوونی دوومدا، سەعات شەش و پەنجا خولەک" ...

یارۆی تەلەگرافچی، وشەکانی تۆمار کردو نەوارەکەی فڕێ دا، سەری لە نێو هەر دوو دەستی ناو و کەوتە گوێ گرتن: " دوێنێ ... لە " گورکی " مرد. "

تەلەگرافچییەکە بە دەم نووسینەوە لە فکران ڕاچوو، لە ژیانی خۆیدا، چەند جار هەواڵی ناخۆشی بیستبوو! ئەو یەکەم کەس بوو، کە بە خەم و شادی خەڵکی دەزانی. لە مێژ بوو بیری لە مانای دەستەواژە کورت و پچڕپچڕەکان نەدەکردەوە، بە گوێ ڕاوی دەکردن و بێئەوەی بیر لە ناوەڕۆکەکانیان بکاتەوە بە شێوەیەکی میکانیکی دەیخستنە سەر کاغەز.

ئێستا، کەسێک مردووەو هەواڵی مردنەکەی بە یەکێک دەدەن. تەلەگرافچییەکە، سەرەتای بروسکەکەی " بۆ هەمووان، بۆ هەمووان، بۆ هەمووان! " لەبیر چووبووەوە. ئامێرەکە کەوتە چرکەچرک. تەلەگرافچیە پیرەکە، چرکەچرکەکەی گۆڕی بۆ پەیڤ: " ف، لا، د، ی، م، ی، ر، ئی، ل، ی، چ " یارۆی تەلەگرافچی بە ئارامی دانیشتبوو، برێک ماندوو دیار بوو. لە شوێنێک " فلادیمیر ئیلیچ " ناوێک مردووە، ئەمڕۆ ئەم وشە تراژیکانە بۆ کەسێک دەنووسێت و ئەو کەسە غەرقی خەم و پەژارە دەبێت ولە هۆرژنی گریان دەدات. بەڵام هەموو ئەمە بۆ ئەم ناکاتە هیچ، پەیوەندی بەمەوە نییە. ئەم شایەدێکی غەریبە وتەواو. ئامێرەکە دەکەوێتە چرکەچرک، چەند خاڵێکی ، داش، چەند خاڵێکی دی، دیسان داش. لە کۆی دەنگەکان

حەرفی یەکەمی دۆزییەوەو لە سەر کاغەزەکە تۆماری کرد، حەرفی " ل " بوو، پاشان حەرفی دووەم " ی " و دواتر پیتی " ن " ی بە زەحمەت نووسی و پاشان " ی " و ئەوسا دوا حەرفی بە مەزەندە نووسی کە " ی " بوو.

ئامێرەکە بۆشایی لێدا، تەلەگرافچیەکە بۆ چرکەیەک چاوی بڕییە ئەوەی لە سەر کاغەزەکەی تۆمار کردبوو: " لینین " .

ئامێرەکە، لە سەر چرکەچرکی خۆی بەردەوام بوو، بەڵام کابرای تەلەگرافچی، لە فکران ڕاچوو، چاوی بە دوا وشەی جفرەکەدا گێڕایەوە:

" لینین " ، چی؟ لینین؟ دەقی بروسکەکە لە چاوانیا ڕەنگی دایەوە. یارۆی تەلەگرافچی بۆ چەند خولەکێک چاوی بڕییە کاغەزەکە، بە درێژایی خزمەتی سی و دوو ساڵەی خۆی، بۆ یەکەمجار باوەڕی بەو نووسینەی خۆی نەکرد .

سێجار چاوی بە دێڕەکاندا خشاندەوە، بەڵام وشەکان بەسەر سەختی دووبارە دەبوونەوە "فلادیمیر ئیلیچ لینین مرد " . یارۆی پیرەمێرد هەستایە سەر پێ، نەوارە پێچاوپێچەکەی بەرز کردەوەو بە وردی چاوی تێبڕی، نەوار و شریتە دوو مەترییەکە ئەوەی دووپات کردەوە کە ئەم نەیدەتوانی باوەڕی پێبکات!

یارۆی پیرەمێرد کە ڕەنگی مردووی لێنیشتبوو، ڕووی کردە کیژە هاوکارەکانی، کیژەکان، گوێیان لە هاوارە ترس ئامێزەکەی بوو: - لینین مرد! ...

***

ئەم هەواڵە دڵتەزێن وگورچکبڕە، لە ژووری تەلەگرافەوە، بە دەرگا وازەکەدا، وەکو باو کڕیوە بە وێستگاکەدا بڵاوبووەوەو لە هەموو هێڵەکانی سکەی قیتاردا دەنگی دایەوەو بە دەم باو بۆرانەوە خۆی بە دەرگا وازەکەی دەبۆکەدا کرد.

لە دەبۆکەدا لکوموتیڤێک، لە سەر ڕەمپەی ژمارە یەکی چاککردنەوە ڕاگیرابوو. تیمێکی بچووک خەریکی چاککردنەوەی بوون. پولیتوفسکی پیرەمێرد، بە خۆی چووبووە ژێر لکوموتیڤەکە و شوێنە عەیبدارەکانی بە فیتەرەکان نیشاندەدا.

زاخاربروزجاک و ئارتیم. سەڵیبە خوارەکانیان ڕاست دەکردەوە. زاخاربروزجاک سەڵیبەکەی لە سەر سندان گرتبوو و ئارتیم بە چەکوش پێیدا دەکێشا.

زاخار، لەم چەند ساڵەی دواییدا پیر بووبوو. گاسنی ڕۆژگار، هەنیە وڕوخساری کێڵابوو، لاجانگەکانی بۆز بووبوون، پشتی چەمابوو، چاوە بە قوڵا چووەکانی لێڵ بووبوون.

یەکێک، لە درزی ڕوناکی ، دەروازەی دەبۆکەوە دەرکەوت و پاشان لە بولێڵی ئێوارێدا نقووم بوو. تەق و هۆڕی لێدانی سەر ئاسن وسەڵیبەکە، هاواری یەکەمی کردە ژێرەوە، بەڵام کاتێ ئەو کەسە، بەرەو لای ئەو کەسانە هات کە لە بەردەم لکوموتیڤەکە وەستابوون، ئارتیم کە چەکوشەکەی هەڵبڕی بوو، بەو دەقەوە دەستی ڕاگرت.

- هاوڕێیان! لینین مردووە! ...

چەکوشەکە بە ئەسپایی لە دەستی ئارتیم هاتە خوارەوەو بە هێواشی وبێئەوەی دەنگی لێوەبێت، لە سەر ئەرزە چیمەنتۆکە داینا.

- چیت گوت؟

دەستی ئارتیم وەکو دوو قولاپ لە چاکەتە چەرمیەکەی ئەو کابرایەی کە ئەم هەواڵە دڵتەزێنەی هێنابوو، گیربوون.

ئەو کابرایەی کە سەراپای لە بەفرا هەڵکشابوو و هانکە هانکی پێکەوتبوو، ئەمجارەیان بە دەنگێکی خەفەی کز دووبارەی کردەوە: - بەڵێ، هاوڕێیان، لینین مردووە...

چونکە کابرا ئەمجارەیان هاواری نەکرد، ئارتیم باوەڕی بەم حەقیقەتە جەرگبڕە کرد، تەمەشایەکی سەروچاوی کابرای کرد و ناسییەوە، سکرتێری ڕێکخراوی حیزبی بوو.

فیتەر وکرێکارەکان لە ژێر ڕەمپەکەوە هاتنە دەرێ، بە بێ دەنگی گوێیان لە هەواڵی مەرگی ئەم پیاوە دەگرت کە هەموو دنیا دەیانناسی و ناویان دەزانی.

لکوموتیڤێک، لەبەر دەرگاکەدا شووتێکی وەهای لێدا، کە لەرزی لە هەموو گوێدێرەکان هێنا. لکوموتیڤێکی دیکەش لە سووچێکی وێستگەکەوە کەوتە شووت لێدان ولکوموتیڤی سێیەمی بە دوادا هات... ئیدی شووتی ترسناکی ئاژیری وێستگەی کارەباکەشی بە دوودا هات ودەنگی تیژی ئاژیری وێستگەی کارەباکە تێکەڵ بە شووتی لکوموتیڤەکان بوو. ئەوجا شووتی لکوموتیڤی " س " ی نەفەربەر کە ئامادەبوو بۆ کییف بڕوات. هەموو دەنگەکانی دیکەی کردە ژێرەوە.

سەربازە پاسەوانەکە، وەختایەک گوێی لە دەنگی شووتی قیتاری خێرای نێوان شپتوفکا – وارشۆ بوو دڵی دالەرزی. وەختێ شوفێری قیتارەکە کە هۆی شووت لێدانی قیتارەکانی بۆ دەرکەوت، بۆ ماوەی خولەکێک گوێی هەڵخست، ئەوسا بە ئەسپایی دەستی بەرزکردەوە. زنجیری شووتەکەی ڕاکێشا. شوفێرەکە دەیزانی کە بۆ دواجار شووت لێدەدا و چیتر لە سەر ئەم مەکینەیە کار ناکات، بەڵام دەستی لە زەنجیرەکە بەر نەدەبوو، شووتەکەی ئەو کردیە کارێک کە هەموو نێردەو دپلوماتکارانی پۆلاندی بە ترسەوە لە سەر کورسییە نەرمەکانی ناو قیتارەکە هەستن. دەبۆی قیتارەکان پڕبوون لە خەڵکی. لە هەر چوار دەرگای دەبۆکەوە وەژوور دەکەوتن، کاتێ بینا گەورەکە پڕبوو لە خەڵکی، " شارا برین " ی بوڵشەفیکی کۆن، سکرتێری کۆمیتەی ناوچەی شیتوفکای حیزب، بێدەنگی پرسەباریەکەی بەمجۆرە شکاند:

– هاوڕێیان، لینینی پێشەوای پرولیتاریای جیهان مرد، حیزب دووچاری خەسارەتێکی گەورە بوو، خەسارەتێک کە لە قەرەبوو کردنەوە نایەت، ئەو پیاوە مرد کە حیزبی بوڵشەفیکی دامەزراند وبە گیانی سازش نەکردن لە گەڵ دژمندا پەروەردەی کردووە. مەرگی پێشەوای حیزب و چینی پرولیتاریا، داوا لە ڕۆڵە بە ئەمەک وڕەسەنەکانی پرولیتاریا دەکات کە بێنە ڕیزەکانمانەوە...

مارشی تازیەباری لێدرا، کڵاو لە سەدان سەر داگیران. ئارتیم کە پازدە ساڵ بوو، نەگریا بوو، هەستی کرد گریان ئەوکی گرت وشانە بتەوەکانی کەوتنە لەرزین.

لەوە دەچوو، دیوارەکانی یانەی وێستگای قیتارەکان، بەرگەی گوشاری جەماوەری خەڵک نەگرن. دەرەوە سەهۆڵبەندانە، ئەو دوو دارکاژەی بەر دەرگا سەراپا لە بەفرا هەڵکشابوون و دەرزی سەهۆڵ دای پۆشی بوون. بەڵام هۆڵەکە گەرم بوو، هەم سۆپای تیا دەسووتا و هەم پتر لە شەش سەد کەس لەوانەی دەیانویست بەشداری لەو کۆڕی ماتەمینەدا بکەن کە ڕێکخراوی حیزب بەڕێوەی دەبرد، هەناسەیان تیا دەدا.

ئیدی بێدەنگی باڵی بەسەر هۆڵەکەدا کێشا، خەڵکەکە کڕ وکپ بوون، ژاوەژاو و قسەکردنی ئاسایی دامرکایەوە. ئەو خەمە گەورەیە دەنگەکانی خەفە کردبوو، خەمباری بە سەدان چاوەوە دەخوێنرایەوە. وا دەهاتە بەرچاو کە ئەمانە هەموو کەشتیوان بن وکاپتنە پڕ ئەزموونەکەیان سووکانەکەی لە دەست دەرچوو بێ و زریانێک بۆ ناوەندی دەریای ڕفاندبێ.

ئەندامانی مەکتەب بە ئارامی لە پشت مێزی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیەوە دانیشتبوون. سیروتنکوی کەتە و چوارشانە، بە پارێزەوە دەستی دایە زەنگەکە. بە ئاستەم لێیدا وئەوسا خستیەوە سەرمێزەکە. ئەمە بەس بوو، کە بێدەنگی وردە وردە باڵ بەسەر هۆڵەکەدا بکێشێت.

***

لە دوای ڕاپۆرەکە، سکرتێری بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی، سیروتنکو لە پشت مێزەکەوە هەستا، وتەکانی وی کەسی سەرسام نەکرد، هەرچەندە بۆ کۆڕ وکۆبوونەوەی ماتەمینی نائاسایی بوون.

سیروتنکو گوتی: - ژمارەیەک کرێکار، لە داوانامەیەکدا کە لە ئالی سی وحەوت نەفەرەوە هاتووەتە ئیمزا کرن، داوا دەکەن کە داوانامەکەیان لە کۆبوونەوەکەدا بخرێتەڕوو.

ئەوجا داوانامەکەی خوێندەوە:

- بۆ ڕێکخراوی کرێکارانی سکەی حیزبی بوڵشەفیکی وێستگەی شپتوفکای ڕێگای ئاسنی باشووری ڕۆژئاوا

" مەرگی پێشەوا، کردیە کارێک داوای ئەوە بکەین بێینە ڕیزی بوڵشەفیکەوە، بۆیە داوا دەکەین لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆدا تەمەشای داوانامەکەمان بکرێت و لە ڕیزی حیزبەکەی لینین دا وەربگیرێن ".

دوو ڕیز ئیمزا لە پایینی ئەو چەند وشە کەمە درابوو. سیروتنکو، کەوتە خوێندنەوەی ناوەکان، دوای خوێندنەوەی هەر ناوێک چرکەیەک دەوەستا.

- بولیتوفسکی ستانیسلاف زیگموندوڤیچ- شوفێری لکوموتیڤ، خاوەنی سی وشەش ساڵ خزمەت.

دەنگی پشتگیری لە هۆڵەکەوە بەرز بووەوە.

- کورچاگین ئارتیم ئاندرەیوفیچ، بەڕاد . خاوەنی هەڤدە ساڵ خزمەت.

- بروزژاک- زاخار – فیلیوفیچ، شوفێری لکوموتیڤ، خاوەنی بیست و یەک ساڵ خزمەت.

دەنگەکان،لە هۆڵەکەدا بەرز وبەرزتر دەبووەوە، لێ یارۆی پشت مێزەکە لە سەر خوێندنەوەی ناوەکان بەردەوام بوو، ئامادە بووان، گوێیان لە ناوی کادیرانی کارامەی هێڵی ئاسن ومازۆت بوو.

وەختێ یەکەم کەس لەوانەی کە داوانامەکەیان ئیمزاکردبوو لە مێزەکەی ئەنجوومەنی سەرپەرشتکار نزیک بووەوە. بێدەنگیەکی تەواو باڵی بە سەر هۆڵەکەدا کێشا.

بولیتوفسکی پیرەمێرد، لە کاتی شەرحی ژیاننامەی خۆیدا نەیدەتوانی هەڵچوونی خۆی بشارێتەوە.

– ... چی دیکە بڵێم هاوڕێیان؟ بە خۆتان دەزانن ژیان و گوزەرانی کرێکاران لە ڕابردوودا چۆن بوو. لە سایەی زوڵم و زۆر و چەوسانەوەدا دەژیاو لە پیریدا بە هەژاری وبێنەوایی دەمرد. من دان بەوەدا دەنەم کە کاتێ شۆڕش بەرپا بوو، من خۆم بە پیر دەزانی، باری قورسی ڕەشە خێزانێکم بەسەرەوە بوو، ئیدی هیچ ڕێگایەکم شک نەدەبرد کە بەرەو حیزبم بەرێ. هەرچەندە لە هیچ شەڕێکا کۆمەکم بە دژمن نەکردووە، لێ بە دەگمەن لە شەڕا بەشداریم دەکرد. لە ساڵی ١٩٠٥دا لە وەرشەکانی تەسلیحی قیتارێن وارشو، ئەندامی کۆمیتەی مانگرتن بووم و هاوکاری بولشەفیکەکانم دەکرد. ئەو کاتانە بابایەکی گەنجی خوێنگەرم بووم. بیر هێنانەوەی ڕابردوو فایدەی چییە! مەرگی ئیلیچ جەرگی داغ کردم. بۆ هەمیشە دۆست وکەسێکمان لە دەست دا کە لە پێناوی ئێمەدا تێدەکۆشا. ئیدی من چ قسەیەکم نییە، باسی پیری بەسە!... با یەکێکی دەماوەرتر(وتە پاراو، قسەزان) قسان بکات، من کەسێکی قسەزان نیم. بەڵام من جەخت لە سەر یەک شت دەکەمەوە: – من تەنیا یەک ڕێگا شک دەبەم، ئەویش ڕێگای بولشەفیکەکانە.

یارۆی شوفێری لکوموتیڤ، بەوپەڕی متمانەوە سەری لەقاند، لە ژێر برۆ بۆزەکانییەوە چاوی بڕییە ناو هۆڵەکە، لە تۆ وایە چاوەڕێی بڕیاری وانی دەکرد.

کاتێ بەڕێوەبەرانی کۆڕەکە داوایان لە خەڵکە ناحیزبییەکان کرد کە ڕای خۆیان دەرببڕن، تاقە یەک دەستیش دژی وەرگرتنی ئەم پیاوە، کورتە باڵا سەر سپیە بەرز نەکرایەوە، کەسیش نەبوو ڕەئی نەدات.

بەو جۆرە پولیتوفسکی، بوو بە کۆمۆنیست وبە کۆمۆنیستی لە سەر مێزەکە گەڕایەوە.

هەموو ئەوانەی لە هۆڵەکەدا بوون دەیانزانی کە بویەرێکی نائاسایی لە بەردەمیاندا ڕوو دەدات . لەو شوێنەدا کە تۆزێ لەمەو پێش یارۆی شوفێری قیتاری لێ وەستابوو، ئارتیم، بە کەلەشی زەلامیەوە ڕاوەستابوو. ئارتیم نەیدەزانی دەستە درێژەکانی چی لێبکات. کڵاوە گوێچکە شۆڕەکانی بەدەستەوە گرتبوو وهەڵیدەگلۆفت. پۆستینەکەی کە لە تەنیشتەکانییەوە سوابوو، کرابووەوە. بلوزە خاکییە عەسکەرییەکەی کە بە دوو قوپچەی مسین باش داخرابوو، شەقڵی ڕۆژی جەژنیان بە یارۆی بەڕاد دەبەخشی. ئارتیم ڕووی بۆ ناو هۆڵەکە وەرگێڕا، لە ناکاوا چاوی بە ڕوخساری ئاشنای ئافرەتێک کەوت، گالینای کیژی وەستای نەقاڕی لە نێو دەستە خوشکەکانی کارگەی درووماندا دانیشتبوو. گالینا بزەیەکی دۆستانەی بۆ کرد، بزەکەی جۆرە ستایشتێکی پێوە دیاربوو، بەڵام شتێکی پەنهانیش لە گۆشەی لێوەکانیا دەخوێنرایەوە.

ئارتیم، گوێی لە دەنگی سیروتینکو بوو کە گوتی: - ئارتیم، باسی ژیانی خۆت بکە.

کورچاگینی گەورە بە زەحمەت کەوتە باسی ژیانی خۆی. ئەو فێری ئەوە نەبووبوو لە کۆڕ و کۆبوونەوەی گەورەدا قسان بکات. تەنیا لەو ساتەدا هەستی بەوە کرد کە ناتوانێ بە ئاسانی باسی هەموو سەربهوردی ژیانی خۆی بکات. بە زەحمەت وشەکانی پێ لێکدەدران، هەڵچوونی دەروونی هێندەی دی زمانی دەگرت. هەرگیز، بە حاڵەتی وەهادا تێنەپەڕی بوو. بە ئاشکرا هەستی بەوە دەکرد، کە گۆڕانێکی گەورە بەسەر ژیانیا هاتووەو هەنووکە دوا هەنگاو بەرەو ئەو وێستگەیە دەنێت کە مانا وگەرمی بە ژیانی ناهەمواری ئەو دەبەخشێت. ئارتیم بەم شێوەیە کەوتە ئاخافتن : - داکی مە چوار منداڵی هەبوو.

هۆڵەکە کڕ وکپە. شەش سەد کەس بە وردی گوێیان لە دەم و دووی کرێکار وفیتەرێکی بالآبەرزی، کەپوو دەنووکە دالآشی، برۆ پەیوەستی، چاوان شەرمن دەگرت.

– دایکمان، لە ماڵە دەوڵەمەندان‌دا ئاشپەزی دەکرد. باوکم باش لە بیر نییە. باوک و داکم بەینیان خۆش نەبوو. زۆری دەخواردەوە. ئێمە لەگەڵ دایکماندا دەژیاین. بە ڕاستی توانای بەخێوکردنی ئێمەی نەبوو. ماڵە دەوڵەمەندان، بە خواردنی خۆیەوە ڕۆژێ چوار ڕۆبڵ ونیویان دەدایێ. لە بەیانی شەبەقیەوە تا خۆر لە زەردەی ئێوارێ کاریدەکردو ڕەنجی دەدا. خۆشبەختانە من توانیم دوو ساڵ بچمە قوتابخانە. فێری خوێندن ونووسین بووم. بەڵام کە پێم نایە ناو تەمەنی دە ساڵییەوە، ئیدی دایکم هیچ چارێکی نەما تەنیا ئەوە نەبێ بمباتە وەرشەیەکی میکانیکی و بمخاتە بەر شاگردی تا پیشەیەک فێربم، سێ دانە ساڵم بە بێ کرێ لەو وەرشەیە، بە نانە سکی بردە سەر... خودانی وەرشەکە کابرایەکی ئەڵمانی بوو بە نێوی فوستەر کە لەبەر بچووکی تەمەنم نەیدەویست وەرم بگرێت. بەڵام من بڕێک بە کەلەش وگەورە بووم ودایکم لە جیاتی ئەوەی تەمەنی ڕاستەقینەی خۆمی پێ بلێ، دوو ساڵ زیاتری پێگوتوبوو. سێ دانە ساڵ لای ئەم ئەڵمانییە کارم کرد. فێری کاریان نە دەکردم. بە کاری تایبەتی خودان کارەکە بەم لاو بەولادا دەیانناردم، تەنانەت دەیانناردم ڤودگاشی بۆ بێنم. مەشرووب خۆرێکی عەجیب بوو. هەم بۆ زۆخاڵ و هەم بۆ ئاسنی دەناردم... ژنی خاوەن کارگەکە کردبوومی بە خولآمی خۆی : مەنجەڵ و ئامانم بۆ هەڵدەگرت، پەتاتەم بۆ پاک دەکرد. هەر کەسە هەڵدەستا بەر شاپانی دەدام، زۆربەی جاریش بێ هیچ هۆ وخەتایەک. ئیدی لێیان بووبوو بە خوو وعادەت. ئەگەر ژنی کابرای خودانکار، لە سەر بچووکترین شت لێم تووڕە بوایە ( بە هۆی مەستی هەمیشەیی مێردەکەیەوە، لە هەمووان پەست وبێزار بوو) یەک دوو شەپازللەی لە بناگوێم دەسرەواند. خێرا لە دەستی ڕام دەکرد وخۆم دەگەیاندە سەر شەقامەکە، بەڵام دەمتوانی کێوە بڕۆم و دادم بەرمە بەر کێ؟ دایکم چل دانە کیلومەتر لێمەوە دوور بوو، ئەمە جگە لەوەی کە لای

ئەویش هیچ پەنا و داڵدەیەکم شک نەدەبرد. خۆ وەزع وحاڵی وەرشەکەش لەلای ئەو باشتر نەبوو. هەمەکارەی وەرشەکە، برای خودان وەرشەکە بوو. ئەم حەیوانە هیچ و پووچە، خوا خوای بوو پێم ڕابوێرێ. بۆ نموونە دەیگوت: " ئەو واشەرەم بدەیە " و ئاماژەی بۆ ئەو شوێنە دەکرد کە کوورەکەی لێبوو. دەچووم بۆ ئەوێ، واشەرەکەم هەڵدەگرت، تومەز تازە لە کوورەکە دەرهێنرابوو، لە سەر ئەرزەکە ڕەش دەچووەوە، بەڵام کە هەڵت دەگرت، چزەی لە دەستت هەڵدەستاند، من لە تاوا هاوارم دەکرد، ئەویش لە قاقای پێکەنینی دەدا. ئیدی لە وەرشەی عەزاب و ئەشکەنجە بێزار بووم، هەڵاتم و بۆ لای دایکم چوومەوە. بەڵام ئەو نەیدەزانی چیم لێبکات، هیچ شوێنێکی شک نەدەبرد بمنێرێ. بە دەم گریانەوە بۆ لای کابرای ئەڵمانی بردمەوە. لە ساڵی سێیەمدا وردە وردە کەوتنە ئەوەی شتێکم لە بارەی پیشەکەوە فێربکەن. بەڵام کوتەککاریەکە هەر بەردەوام بوو. دیسان هەڵاتم، چووم بۆ ستاروکوستانتینوف. لەم شارەدا، لە کارگەیەکی باسترمەسازی دامەزرام و پتر لە یەک ساڵ و نیو من ڕێخۆڵەم شتەوە وژیانم ژیانی سەگ بوو، خودان کارگەکە، کارگەکەی لە قوماردا دۆڕاند. هەقی چواردانە مانگی خواردین و هەڵات و وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچوو. بەمجۆرە لەم کۆلیتە ڕزگار بووم.

سواری قیتار بووم و لە ژمرینکا دابەزیم و کەوتمە گەڕان بە دووی کارا. خوا بەختەکی تووشم بوو بە کرێکارێکی دەبۆی قیتارانەوە. بەزەیی بە حاڵما هاتەوە، پێمگوت کە شتۆکەیەک لە بەڕادی دەزانم، وەکو برازایەکی خۆی بۆ بەڕێوەبەرایەتی دەبۆکەی بردم و لە لای خاوەن کارەکە کەفالەتی کردم، تەمەشایەکی قەد وباڵایان کردم و تەمەنیان بە هەڤدە ساڵ قرساندم. ئیدی لەوێ بووم بە شاگرد بەڕاد. نۆیەمین ساڵە لەوێ کار دەکەم، ئەمە ژیانی ڕابردووی منە. ژیانی ئێستاشم هەمووتان دەیزانن.

ئارتیم، هەنیەی بە کڵاوەکەی سڕی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. بەڵام دەبوایە بەر لەوەی چاوەڕوانی ئەوە بکات کەسێک پرسیاری لێبکات، شتێکی لە هەموو ئەوانە گرنگتر هەبوو، بیگێڕێتەوە، خێرا برۆکانی وێکهێنایەوەو لە سەری ڕۆیی:

– هەموو کەس بۆی هەیە لێم بپرسێت : باشە بۆچی هەرکە ئاگری شۆڕش هەڵگیرسا، پەیوەندیم بە ڕیزەکانی بولشەفیکەوە نەکرد؟ نازانم لەمبارەیەوە چی بڵێم؟ من هێشتا لە هەوەڵی تەمەنمام. چی بێ لە ئێوە نهێنی؟ من تازە ئەم ڕێگەیەم دۆزیوەتەوە؟ ئەم ڕێگەیەمان نەدەزانی. دەبوایە لە ساڵی ١٩١٨دا، ئەو کاتەی دژی ئەڵمانەکان مانمان گرت، ئەم ڕێگایە بگرینەبەر. ژوخرای دەریاوان چەندینجار لەم بارەیەوە قسەی بۆ کردین. من لە ساڵی ١٩٢٠دا تفەنگم هەڵگرت. کە زریان وگێژەڵووکەکە نیشتەوەو سپیەکانمان توورِ دایە دەریای ڕەشەوە، هەنگێ بۆ وڵات و زێدی خۆمان گەڕاینەوە. ئەوسا خێزانداری وماڵ ومنداڵ بەرۆکی گرتین. ئیدی من ماڵ و منداڵم بە ملدا کەوت. بەڵام کاتێ هاوڕێ لینین مردو حیزب ئەم بانگەوازەی بڵاو کردەوە، من تەمەشایەکی ژیانی خۆم کرد وزانیم چی نوقسانە. تەنیا بەرگری لە حکوومەت بەس نییە، بەڵکو دەبێ هەر هەموومان وەکو یەک ماڵبات و خانەوادە، شان بەشانی یەکدی کار بکەین تا جێگای لینین پڕبکەینەوەو تا دەسەڵاتی سوڤیەتی وەکو کێوی پۆڵایین بچەسپێ. دەبێ بین بە بولشەفیک، باشە حیزبی بولشەفیک حیزب وماڵی ئێمەمانان نییە؟

ئارتیم، کە لە شێوازی سادەو ساکاری قسەکانی خۆی هەندێک شەرمەزار بوو، بەڵام زۆر ڕاستگۆیانە کۆتایی بە وتەکانی خۆی هێنا، دەتگوت بارێکی قورسی لە سەر شانی خۆی داگرتووە و ڕەق ڕاوەستاوەو چاوەڕوانی پرسیاری دەکرد.

سیروتنکو، بێدەنگیەکەی شڵەقاند وگوتی: – هەرکەسێک پرسیاری هەیە با پرسیاری خۆی بکات.

جوڵە جوڵ کەوتە ڕیزی ئاپۆڕاکە. بەڵام کەس پرسیاری نەکرد. بەڵام ئاتەشکارێکی ڕەشی قالۆچە ئاسا کە یەکسەر لە لکوموتیڤەکەوە هاتبوو بۆ کۆبوونەوەکە، بە تۆنێکی بنجبڕ گوتی:

– پرسیاری چی لێبکەین؟ مەگەر هەموومان نایناسین؟ کارتی ئەندامیەتی حیزبی بدەنێ و تەواو!

گیلیاکی ئاسنگەری قەڵەو کە لە گەرما سوور بووبووەوە بە دەنگێکی منگنی هەڵامەتاوی گوتی:

– خەڵکی وەکو ئەم گەنجە، بێ بەڵێن نابن، هاوڕێیەکی بە هەڵوێست دەبێت. سیروتینکو، ڕای خەڵکەکە وەربگرە.

کەسێک لە ڕیزەکانی دواوە کە کومسومولیەکانی لێ دانیشتبوون، و لە بەر تاریکی دیار نەبوو، هەستا وپرسی:

– با هاوڕێ کورچاگین باسی ئەوەمان بۆ بکات بۆچی بە پارچە زەوییەکەوە گیرساوەتەوە؟ ئایا کاری فەلاحەت و جووتکاری، زیان بە سایکۆلۆجیەتی پرولیتاریانەی ناگەیەنێ، لە گیانی پرولیتارییی دووری ناخاتەوە؟

لە هۆڵەکەدا، مقۆمقۆیەکی سووکی ناڕەزایی بەرز بووەوەو دەنگێکی سووکی ناڕەزایی بەرز بووەوە : – سادە قسە بکە ! تۆش لە خۆتەوە کەوتوویتە فەلسەفە ڕێسی.

لێ ئارتیم کەوتە وەڵامدانەوە:

– قەیدی نییە هاوڕێیان. ئەم لاوە ڕاست دەکات کە دەلێ من بە پارچە زەوییەکەوە گیرساومەتەوە، بەڵێ من بەم کارە هۆشمەندی پرولیتارییی خۆمم لە دەست نەداوە. من لەم ڕۆ بە دواوە ئیدی ئەم کارە ناکەم. لە گەڵ ماڵ و منداڵەکەما بۆ شوێنێکی نزیک لە دەبۆکە بار دەکەم. ئێرە بۆ من باشترە، ئەم زەویە بە کەڵکی من نایەت.

ئارتیم، کە ئەو هەموو دەستەی بینی لە نێو هۆڵەکەوە وەکو لێڕەوار چوو بوون بە ئاسمانا دڵی داخورپا. ئەوسا سەری بەرز گرت وقیت وبێئەوەی هەست بە قورسی بەدەنی خۆی بکات، بۆ جێگاکەی خۆی ڕۆیشت و لە دواوە گوێی لە دەنگی سیروتنکو بوو کە گوتی:

– بە تێکڕای دەنگ .

سێیەمین کەس کە هاتە بەر مێزەکە " زاخار بروزژاک " بوو.

بروزژاک کاتی خۆی ئاتەشکاری پولیتوفسکی بوو ولە مێژ بوو بووبوو بە شوفێری لکوموتیڤ، کاتێ لە گێڕانەوەی چیرۆکی ژیانی خۆی وەکو کرێکارێک بووەوەو گەییە دوا ڕۆژەکان بە ئەسپایی، بەڵام بە دەنگێک کە بۆ هەمووان خۆیا و زەڵاڵ بوو، گوتی:

– من بە ئەرکی خۆمی دەزانم، ئەو ڕێگایەی کوڕەکانم گرتیانەبەر بگەیەنمە سەر. ئەوان بۆ ئەوە نەمردن، من دووره پەرێزو گۆشەگیر بە سەر خەمەکانی خۆما کزکۆڵە بکەم. من ئەو بۆشاییەم پڕ نەکردووەتەوە کە ئەوان بە مەرگی خۆیان دروستیان کرد، بەڵام مەرگی پێشەوا چاوانی کردمەوە. باسی ڕابردووم لێ مەپرسن. ژیانی ڕاستەقینەی مە لەم ڕۆوە دەست پێدەکات .

زاخار، کە بیرەوەری ڕابردوو، تەواو سەرودڵی گرتبوو و خەمبار وخەمین دیار بوو، کاتێ کە بە بێ هیچ پرسیارێک بە تێکڕای دەنگ دەستیان بەرزکردەوە تا لە حیزب وەر بگیرێ ڕووی گەشایەوەو سەرە بۆزەکەی قوت کردەوە.

تا درەنگانی شەو لە دەبۆکاندا، کاری وەرگرتنی ئەوانەی داوانامەیان نووسی بوو کە بێنە ڕیزی حیزبەوە، بەردەوام بوو. تەنیا ئەوانە وەرگیران کە زۆر باشیان دەناسین ولە ژیانی عەمەلیدا تاقیان کردبوونەوە.

مەرگی لینین، سەدان هەزار کرێکاری هێنایە ڕیزەکانی بولشەفیکەکانەوە. مەرگی پێشەوا، نەبوو مایەی شێوان و لێکدابڕانی ڕیزەکانی حیزب. ئیدی وەکو ئەو درەختە بوو کە ڕەگی لە قوڵایی زەویدا بێ، ئەگەر پۆپەکەشی ببڕدرێتەوە، وشک نابێ و نامرێت.

## فەسڵی شەشەم

دوو کەس لە بەر دەرگای چوونە ژوورەوە، بۆ هۆڵی کۆنسێرتەکە وەستابوون. یەکێکیان، کە پیاوێکی درێژداهۆڵی عەینەک لە چاو بوو، بازوو بەندێکی لە قۆڵی بەستبوو لێی نووسرابوو : "سەرۆکی ئینزیبات " .

ڕیتا پرسی: - ئەمە کۆبوونەوەی شاندی ئوکرایینییە؟

یارۆی باڵابەرز، بە تۆنێکی فەرمی بەرسڤی دایەوە: - بەڵێ، چیت دەوێ؟

- ڕێم بکە با بچمە ژوورەوە .

کابرای درێژ لە ناو دەرگاکەدا وەستا، تەمەشایەکی سەراپای ڕیتای کرد وگوتی:

- کوا کارتی دەنگدانت؟ تەنیا ئەو نوێنەرانە مافی چوونە ژوورەوەیان هەیە کە کارتی دەنگدانیان هەیە.

ڕیتا، کارتێکی زێرکفتی لە جانتاکەی دەرهێنا. یارۆی درێژ داهۆڵ خوێندییەوە: " ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی " یەکسەر فەرمییەت لە سەرو سیمای لاچوو وخێرا نەزاکەت ومجامەلە جێگای گرتەوە.

- فەرموو بچۆ ژوورەوە، لە دەستە چەپا کورسی بەتاڵ هەیە.

ڕیتا بە ناو ڕیزی کورسییەکان کەوت و، کورسییەکی بەتاڵی دۆزییەوەو لە سەری دانیشت. ڕاوێژو شیرەتی نوێنەرەکان، پێدەچوو لە کوتاییدا بێ. ڕیتا گوێی بۆ وتارەکەی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە هەڵخست . دەنگی بەڕێوەبەرەکە ئاشنا دیار بوو.

- بەمجۆرە هاوڕێیان، لە نێو شاندەکانەوە، نوێنەری ئەنجوومەنی پیران بۆ کۆنگرەی سەرانسەری ڕووسیا و بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران هاتنە هەڵبژاردن. لە ئێستاوە تا دەستپێکی کۆنگرەکە دوو سەعات ماوە. ڕێگەم بدەن با جارێکی دی بە لیستی ئەو شاندانەدا بچمەوە کە بۆ کۆنگرە هاتوون.

ڕیتا ئاکیمی ناسییەوە : ئەو بوو کە بلەز ناوەکانی دەخوێندەوە. لە گەڵ خوێندنەوەی هەر ناوێکدا، خودان ناوەکە بە کارت سوور یان سپییەوە دەستیان هەڵدەبڕی.

ڕیتا، بە وردی گوێی دەگرت.

ئەم ناوە ئاشنایە:

- پانکراتوف.

ڕیتا ئاوڕی دایەوە تا تەمەشای دەستە بەرزکراوەکە بکات. بەڵام نەیتوانی لە نێو ڕیزی دانیشتووانا، سەر وسەکوتی یارۆی کۆڵبەر بدینێ. ناوەکان بلەز دەخوێنرانەوە. لە نێو ناوەکانا، دیسان ناوێکی ئاشنای بەر گوێ کەوت : " ئوکونیف " و دوا بە دوای ئەو ناوێکی ئاشنای دیکە هات " ژارکی " .

ڕیتا، ژارکی دەبینێ، ژارکی لا بە لا و زۆر لە نزیکی ئەوەوە دانیشتبوو، لایەکی ڕووی لە ڕیتا بوو. بەڵێ ئەوە ڕوخساری ئەوە، بەڵێ ڤانیایە، چەندین ساڵە ئەوی نەدیتوە.

ئیدی هەر ناو بوو لە دووی ناو دەخوێندرانەوە. لە پڕ ناوێک، تەزوو بە بەدەنی ڕیتادا دێنێ :- کورچاگین.

دەستێک لە دووری دوورەوە، لە ڕیزەکانی پێشی پێشەوە بەرز بووەوەو هاتە خوارەوە "ستینوفیچ " ( ڕیتا ) بە تاسەیەکی بە سوێوە حەزی دەکرد ئەو پیاوە بدینێ کە هەمان ناوی دۆستە مردووەکەی ئەمی هەبوو. چاوی بڕییە ئەو شوێنەی کە دەستەکەی تیا بەرز بووەوە. بەڵام هەموو سەرەکان لە یەکدی دەچوون. ڕیتا هەستا، لە ڕاڕەوەکەدا و بە پەنای دیوارەکەدا بەرەو ڕیزەکانی پێشەوە ڕۆیی. ئاکیم بێدەنگ بوو. کورسییەکان کە لە شوێنی خۆ دەجولێنران، لە هۆڵەکەدا دەنگیان دەدایەوە. نوێنەرەکان بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. پێکەنینی شادی لاوان دەنگی

دایەوە، ئاکیم کە هەوڵیدەدا دەنگی خۆی لە نێو هەراو زەنای ناو هۆڵەکەوە بگەیەنێتە گوێی ئامادەبووان، هاواریکرد :

- دوا نەکەون! ... شانۆی بولشوی ( شانۆی گەورەی ئوپرا وبالێی مۆسکۆ )... سەعات حەوت!

ئاپۆڕای خەڵکەکە لەبەر دەرگاکە خڕبوونەوە .

ڕیتا، کە لەم قەرەباڵغیەدا، ناتوانێ هیچ یەکێک لەو کەسانەی کە ناویان خوێندرایەوە بدۆزێتەوە. ئیدی چار تەنیا ئەوە بوو، کە ئاکیمی لە چاو ون نەبێ و لە ڕێگەی ئەوەوە ئەوانی دی بدۆزێتەوە. دوای ئەوەی دوایەمین دەستەی نوێنەران بەلایا ڕەتبوون، ڕیتا بەرەو لای ئاکیم ڕۆیی. ڕیتا لە دواوە گوێی لێبوو.

- " دەی کورچاگین، هاوڕێی دێرینم، با ئێمەش بڕۆین! "

دەنگێکی ئاشنا بە گوێی ڕیتا، گوتی: - " با بڕۆین "

ڕیتا، بلەز ئاوڕی پاشی دایەوە، کوڕێکی باڵابەرزی ئەسمەر لەبەر دەمیا وەستابوو، چاکەتێکی خاکی لە بەر بوو، پشتێنێکی باریکی قەفقازی لە پشت کردبوو، پانتۆڵێکی ئەسپ سواری شینباوی لەبەر بوو.

ڕیتا بە دوو چاوی ئەبڵەقەوە تەمەشای ئەوی دەکرد. کاتێ بە گەرمی باوەشی بە ڕیتادا کرد و بە دەنگێکی لەرزۆک و نەوی بانگی کرد " ڕیتا "، هەنگێ ڕیتا دڵنیا بوو کە ئەمە پاڤل کورچاگینە.

- ئەوە تۆ ماوی؟

پاڤل، بەو دوو وشەیەدا هەموو شتێکی بۆ دەرکەوت. ڕیتا نەیدەزانی کە هەواڵی مردنەکەی پاڤل، هەڵە بووە.

هۆڵەکە چۆڵ بوو. لە پەنجەرە وازەکەوە، هەرا وزەنا وژاوەژاوی شەقامی تڤرسکایای شادەماری بە هێزی شار دەگەییە گوێ . سەعاتەکە، بە دەنگێکی زوڵاڵ،

شەش جاران زەنگی لێدا، لێ هەردووکیان وایان دەزانی تەنیا چەند خولەکێکە یەکیان دیتووە. بەڵام سەعاتەکە ئاگاداری کردنەوە کە بۆ شانۆی بولشوی بڕۆن. کاتێ کە بە پلیکانەکاندا بەرەو دەرگای چوونە دەرەوە دەڕۆیشتن، ڕیتا تەمەشایەکی دیکەی پاڤلی کرد . ئەو ئێستا نیو سەروگەردن لە ڕیتا بەرزتر بوو، ڕێک وەکو جاران بوو، تەنیا کەمێک گەورەو بە ویقارتر بووبوو.

- تۆ بزانە، خۆ لێم نەپرسیت لە کوێ کار دەکەیت؟

- من سکرتێری کۆمیتەی ناوچەی کومسومولم، یا دوپاڤا گوتەنی " سەر بە دەزگام " ... پاڤل بزەیەکی کرد وگوتی : - تۆ ئەوت بینی؟

- بەڵێ بینیم، بەڵام ئەم دیدارە یادگارییەکی ناخۆشی لا جێهێشتم.

 بە دوو قۆڵی خۆیان گەیاندە جادەکە، جادەی چی! یەکپارچە هۆڕنی ئوتومبیل و هاتوچۆی خەڵکی و هەرا و زەنا بوو، تا شانۆی بولشوی جگە لە چەند وشەیەکی کەم، دەرفەتی هیچ قسەکردنێکی دیکەیان بۆ نەڕەخساو بیریان لە یەک شت دەکردەوە. خەڵکی وەکو دەریای خرۆشاو هێرشی بۆ شانۆکە دێنا. ئاپۆڕاکە بەرەو بینای مەزنی شانۆکە دەهات ودەیویست بە بەردەم سەربازە سوورەکاندا، کە پاسەوانی دەرگاکانیان دەکرد، تێ بپەڕێ و خۆی بە دەرگای چوونە ژوورەوەدا بکات . بەڵام پاسەوانەکان کە گوێیان بە هیچ تکاو پاڕانەوەیەک نەدەدا، جگە لە نوێنەرەکان ڕێگایان بە کەسی دی نەدەدا، نوێنەرەکانیش، کارتەکانی خۆیان نیشان دەدا وبە شانازییەوە بە بەردەم ڕیزی بتەوی پاسەوانەکاندا تێدەپەڕین

 حەشیمەتی دەور وبەری شانۆیەکە، ئەو کومسومولیانە بوون، کە کارتی بانگهێشتیان دەست نەکەوتبوو وبەڵام هەوڵیاندەدا بە هەر نرخێ بووە، لە کردنەوەی کۆنگرەکەدا بەشداری بکەن. هەندێک لە کومسومەلیە چاپوک وچەلەنگەکان خۆیان بە نێو دەستەی نوێنەرەکاندا دەکرد، وەکو ئەوان کارتێکی سووریان نیشاندەدا کە گوایە دەعوەتنامەیە و هەندێجار خۆیان دەگەیاندە بەر

دەرگای چوونە ژوورەوە، هەندێکیان لە دەرگاکەش ئاودیو دەبوون، بەڵام یەکسەر تووشی ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی نۆبەچی یان سەرۆکی ئینزیبات دەبوون کە میوانەکانی بۆ بانیژەکانی شانۆکە دەناردو نوێنەرەکانی بۆ هۆڵەکە دەنارد. ئیدی ئەوانەیان لە گەڵ بێکارتەکانی دیدا لە دەرگاکەوە دەکردنە دەرەوە .

شانۆکە، بیست یەکی ئەم حەشامەتەی نەدەگرت، کە دەیانویست بەشداری بکەن.

ڕیتاو پاڤل، بە زەحمەت خۆیان گەیاندە بەر دەرگاکە. نوێنەران پەیتا پەیتا دەهاتن : بە تراموا و ئوتومبیل دەیان هێنان. بەر دەرگا قەرەباڵغییەکی وەها بوو دەرزیت هەڵدابایە نە دەکەوتە عاردی. ڕەوشی سەربازە سوورەکان، کە بە خۆشیان کومسومول بوون، سات بە سات دژوارتر دەبوو، بە دەم پاڵە پەستۆوە، بە دیوارەکانەوە چەسپی بوون. لە بەر دەرگای چوونە ژوورەوەدا، هاوارێکی توند بەرز بووەوە : – کوڕینە پاڵ بنەن!

– پاڵنەن براینۆ، زۆرمان نەماوە بگەینە ژوورەوە !

– ئەه! ...

گەنجێکی چاوتیژ، بە نیشانەی کومسومولییەوە، لە گەڵ کورچاگین وڕیتادا، بە پاڵەپەستۆ خۆی بە ژووردا کرد. دوای ئەوەی لە ئینزیباتەکە دەرباز بوو، بلەز خۆی بە ناو لێشاوی نوێنەرەکاندا کرد.

دوای ئەوەی بە دوو قۆڵی خۆیان بە هۆڵەکەدا کرد، ڕیتا ئاماژەی بۆ دوو شوێنی بەتاڵی ڕیزەکانی پێشەوە کرد وگوتی : – با لێرە دانیشین.

لە سووچێکا دانیشتن.

– من پرسیارێکم هەیە. هەرچەندە ئەم بابەتە پەیوەندی بە ڕۆژانی ڕابردووەوە هەیە، بەڵام لەو باوەڕەدام وەڵامم دەدەیتەوە : بۆچی ئەو کاتە بایکۆتی دەرس وسێمینارەکان و پەیوەندییەکانی ئێمەت کرد؟

پاڤل، لە یەکەم ساتی ئەم دیدارەوە، چاوەڕوانی  ئەو پرسیارەی دەکرد. وێڕای ئەوەش هەستی بە شەرمەزاری کرد. چاویان لێکدی هەڵەنگوت و پاڤل هەستی کرد کە ڕیتا هۆیەکەی دەزانێت.

- پێموایە تۆ بە خۆت هەموو شت دەزانی ڕیتا گیان. ئەمە بۆ سێ ساڵ لەمە پێش دەگەڕێتەوە. بەڵام من ئێستا هەر ئەوەندەم لە دەست دێ پاڤلی بچووک لە سەر ئەم هەڵوێستە مەحکووم بکەم. بە هەرحاڵ کورچاگین لە ژیانی خۆیدا زۆر هەڵەی گەورەو بچووکی کردووە، یەکێک لەو هەڵانە، ئەوەیە کە تۆ لە هۆیەکەی دەپرسیت.

ڕیتا پێکەنی: - ئەمە پێشەکییەکی باشە، لێ من چاوەڕوانی بەرسڤم.

پاڤل، بە ئەسپایی کەوتە قسان:

- لەم مەسەلەیەدا تەنیا من خەتابار نیم، بەڵکو خەتای خەرەنگێزەکە وڕۆمانسیەتی شۆڕشگێڕانەی ئەویشی تێدایە. ئەو کتێبانەی کە باسی شۆڕشگێڕانی ئازاو ورەبەرز و بێباک و پابەندو وەفادار بە مەرام وئامانجەکانی ئێمەیان دەکرد. زۆریان کار لە من دەکرد وگیانی لاسایی کردنەوەی وانی لە لا دەخرۆشاندم. دیارە هەستی من وهەڵوێستی ئەوسای من دەربارەی تۆ، زیاتر لاسایی کردنەوەی " خەرەنگێز " بوو. هەڵبەتە بۆ ئێستای بیرکردنەوەی من مایەی پێکەنینە و زیاتر مایەی داخە.

- یانی سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی " خەرەنگێز " ڕات گۆڕاوە؟

- نەخێر ڕیتا، لە پرەنسیپدا نا ! تەنیا دەستبەرداری تراجیدیای نا پێویستی پرۆسەی پڕ عەزابی تاقیکردنەوەی ئیرادە بووم، بەڵام لایەنگری بابەتە سەرەکییەکەی " خەرەنگێز " م، لایەنگری ڕەندی ومەردی وسەبر وهەداری بێ سنوور ولایەنگر و داشداری ئەو جۆرە مرۆڤەم کە دەتوانێ بەرگەی هەر بەڵاو کارەساتێک بگرێت، بێئەوەی گلەیی بکات و لای هەموو کەسێک باسی بکات و

خۆی پیوە بنوێنێ، من لایەنگری ئەم تەرزە شۆڕشگێڕانەم، کە بەرژەوەندی شەخسی لە چاو بەرژەوەندی گشتیدا، بەلاوە هیچ نییە.

ڕیتا، بە دەم هزرینەوە پێکەنی و گوتی:

– پاڤل گیان، بەڕاستی ئەمەم زۆر لەبەر گرانە کە ئەم قسانە دەبوا لە کاتی خۆیدا و بەر لە سێ ساڵ بکرابان، نەک ئێستا .

– باشە، ڕیتا ئەمەت لە بەر ئەوە نییە، کە من ڕۆژێ لە ڕۆژان جگە لە هاوڕێ، نەمتوانیوە هیچی دی بم بۆ تۆ؟

– نا، پاڤل، دەتتوانی لە هاوڕێش زیاتربی.

– باشە ئەوە دەکرێ، چاک بکرێتەوە.

– کەمێک درەنگە هاوڕێ " خەرەنگێز " .

ڕیتا، بە تەشەرەکەی خۆی پێکەنی وگوتی:

– کچێکی چکۆلەم هەیە و باوکی دۆستێکی ئازیز وگەورەمە. هەرسێکمان خۆشەویستی یەکترین و پێکەوە دەژین وئەم یەکێتیەمان تا ئێستا بەردەوامە.

قامکەکانی ڕیتا بەر دەستی پاڤل کەوتن. ئەمە جوڵەیەک بوو کە زادەی نیگەرانی بوو دەربارەی پاڤل، بەڵام ڕیتا یەکسەر هەستی کرد ئەم جوڵەیەی ئەو بێفایدەیە. بەڵێ، ئەو لە ماوەی ئەم سێ دانە ساڵەدا تەنیا لە ڕووی بەدەنییەوە گەورە نەبوو بوو. ڕیتا دەیزانی کە پاڤل، ئیستا لە بارێکی دەروونی بە ئازاردایە، چاوەکانی بە ئاشکرا ئەوەیان دەگوت. بەڵام پاڤل، بە ڕاشکاوی و ڕاستگۆیانە، بێ هیچ پێچ وپەنایەک گوتی:

– وێڕای ئەوەش، ئەوەی بۆ من ماوەتەوە، زۆر لەوە زیاترە کە تۆزێک لەمەوبەر لە دەستم دا.

پاڤل وڕیتا هەستان، کاتی ئەوە بوو کە شوێنی نزیکتر لە تەختەی شانۆکە، بگرن. بەرەو ئەو کورسییانە چوون کە شوێنی شاندی نوێنەرانی ئوکراین بوو. ئورکستراکە دەستی بە ژەنین کرد. بەیداخی گەورەی سووری ڕەخشان کەوتە شەکانەوە، بە پیتی پرشنگدار لە سەری نووسرابوو : " ئاینده بۆ ئێمەیە " . هەزاران خەڵک هۆڵەکە ولۆجەکان وبانێژەکانیان  پڕ کردبوو. ئەم هەزاران نەفەرە وەکو یەک قەوارەی یەکگرتوو، یەکیان گرتبوو، و بووبوون بەو هێزەی کە لە بن نەدەهات . ئەم شانۆ زەبەلاحە، هەڵبژاردەی لاوانی پێشەنگی سنعەتی ئایندەی لە خۆی گرتبوو، دروشمی " ئاینده هی ئێمەیە " کە بەسەر پەردەیەکی ئەستوورەوە پرشنگی دەدا و لە چاوانی هەر یەکێک لە ئامادە بووانا دەدرەوشایەوە. هاتنە ژوورەوەی خەڵک بەردەوام بوو. دوای چەند خولەکێک پەردە قورسە مەخمەڵییەکە کرایەوە، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی کومسومولی ڕووسیا. بە هەڵچوونەوە لە بەردەمی جەماوەرە بە شکۆ و لە وەسف نە هاتووەکەدا هاتە قسان.

– کردنەوەی کۆنگرەی لاوانی کومۆنیستی ڕووسیا ڕادەگەیەنم.

کورچاگین، هەرگیز، بە ئەندازەی ئێستا هەستی بە شکۆ و مەزناتی و سام و هەیبەتی شۆڕش نەکردبوو، هەستی بەو شادیە لە وەسف نەهاتووە نەکردبوو کە ئەوی وەکو گەنجێکی خەباتکار و دامەزرێنەر بۆ ئێرە، بۆ ئەم کەڕناڤاڵە سەرکەوتووەی لاوانی پێشەنگی بوڵشەفیک هێنابوو.

***

کۆنگرە، هەموو کاتی ئەندامانی، لە بەیانی زووەوە تا درەنگانی شەو گرت، بۆیە پاڤل جارێکی دی تووشی ڕیتا نەبووەوە، تەنیا لە یەکێک لە دوا کۆبوونەوەکاندا نەبێت. پاڤل لە ناو دەستەیەک لە ئوکرانییەکاندا بینییەوە. ڕیتا گوتی:

– من سبەینێ، دوای کۆنگرەکە یەکسەر دەڕۆم. نازانم ئاخۆ بەرلەوەی بکەومە ڕێ دەرفەتی ئەوەمان دەبێ کەمێک پێکەوە قسە بکەین؟ بۆیە ئەمڕۆ دوو نامیلکەم لە بیرەوەرییە کۆنەکانی خۆم و نامەیەکی بچووکم بۆت ئامادە کردووە. بیان خوێنەوە

و به پۆستەدا بۆمیان بنێرەوە. لەم نووسینانەدا هەموو ئەو شتانەت بۆ دەردەکەوێت کە من بۆم باس نەکردوویت.

پاڤل، دەستی گوشی، تەواو لێی ورد بووەوە، دەتگوت دەیەوێ ڕوخسارو سیمای لە یادگەی خۆیدا بنەخشێنێ.

ڕیتا وپاڤل، وەکو قەراریان کردبوو، ڕۆژی دوایی، لەبەر دەرگا سەرەکییەکەدا یەکیان بینی. ڕیتا بەستەیەک ونامەیەکی مۆرکراوی دایێ. خەڵکێکی زۆریان لە دەرو بوو، بۆیە بە پارێزو ویقارەوە دوعاخوازیان لە یەکدی کرد، بەڵام پاڤل لە چاوانی ڕیتادا، کە نمناک بووبوو، میهرێکی زۆر و خەمێکی کەمی بەدی کرد.

دوای ڕۆژێک، دوو قیتار، بە دوو ئاراستەی پێچەوانەدا بردنی ولێکدی دابڕان.

ئوکراینییەکان چەندین فارگۆنیان پڕکردبوو، کورچاگین لە گەڵ جەماعەتی کییفدا بوو. شەوێ وەختێک هەمووان پاڵکەوتن، ئوکونیف کە لە سەر تەختێکی تەنیشتەوە پاڵکەوتبوو بە دەم خەوەوە بە کەپوو هەناسەی دەدا، پاڤل، لە ڕووناکییەکە نزیک بووەوەو نامەکەی کردەوە.

" پاڤلوشکا، ئازیزەکەم!

من دەمتوانی ئەمەت بە دەمی پێ بڵێم، بەڵام ئەمەم بە باشتر زانی. من تەنیا یەک شتم گەرەکە، ئەویش ئەمەیە کە ئەو قسانەی بەر لە دەستپێکی کۆنگرە کردمان، کاریگەریی خراپی بە سەر ژیانتەوە نەبێت. من دەزانم کە تۆ کەسێکی زۆر بە ورەی، بۆیە باوەڕی تەواوم بەو شتەیە کە تۆ گوتت. من بە شێوەیەکی فورماڵی تەمەشای ژیان ناکەم. هەندێجار هەندێ ڕیزپەڕ لە پەیوەندییە شەخسییەکاندا دێتە ئاراوە، هەرچەندە ئەم حاڵەتە زۆر کەم ودەگمەنە، بە تایبەتی ئەگەر ئەم پەیوەندییانە زادەی هەستێکی قووڵ وگەورە بێ. تۆ شایەنی ئەمەیت. بەڵام من هەوەڵین مەیلی هەستی گەنجی خومانم ڕەفزکرد، هەستدەکەم، ئەوە شادییەکی گەورەی پێنەدەبەخشیم، پێویست ناکات بەرانبەر بە خۆت ئەوەندە سەختگیر

ودلڕەق بیت پاڤل. ژیانی ئێمە تەنیا خەبات نییە، بەڵکو شادیی هەستی جوانیشی تیایە.

سەبارەت بە شتەکانی دیکەی ژیانت، واتە سەبارەت بە ناوەڕۆک وکاکڵەیان، هیچ ترسێکم لێت نییە. بەگەرمی دەستەکانت دەگوشم. ڕێتا "

پاڤل، لە خۆیدا غەرق بوو، بە دەم هزرینەوە نامەکەی پارچەپارچە کرد. کاتێ دەستی لە پەنجەرەکەوە بردە دەرەوە، هەستیکرد بایەکە چۆن پارچەکان لە دەستی دەرفێنێ.

لەگەڵ ڕۆژبووەنەدا، لە خوێندنەوەی هەر دوو نامیلکەکە بووەوە. لە سەر یەکتری دانان و لە کاغەزێکیەوە پێچان. لە خارکوف، بەشێک لە ئوکرانییەکان، لەوانە ئوکونیف، پانکراتوف و، کورچاگین لە قیتارەکە دابەزین. ئوکونیف دەبوایە بۆ کییف بڕوات تا " تالیا "ی هاوسەری کە لە ماڵی " ئانا " مابووەوە، لەگەڵ خۆیدا بەرێتەوە. پانکراتوف کە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کومسومولی ئوکرانیا هەڵبژێردرا بوو کاری خۆی هەبوو. کورچاگین لێبڕا لەگەڵ ئەواندا بۆ کییف بڕوات تا سەرێکی ژارکی وئانا بدات. ماوەیەک لە پۆستەخانەی وێستگەکە ماتەڵ بوو تا نامیلکەکان بۆ ڕیتا بنێرێتەوە. کاتێ بۆ لای قیتارەکە گەڕایەوە هیچ یەکێک لە برادەرەکانی لەوێندەر نەمابوون.

بە ترام گەییە ئەو ماڵەی کە ئانا و دوپاڤا تیایدا ئاکنجی بوون. پاڤل، بە پلیکانەکاندا بۆ نهۆمی دووەم سەرکەوت، لە دەرگای ژوورەکەی ئانای، کە لە دەستە چەپا بوو، دا. کەس وەڵامی نەدایەوە. هێشتا بەیانی زوو بوو، ماقووڵ نەبوو ئانا، بەو بەیانییە زووە بۆ سەر کار چووبێ. پاڤڵ لە دڵی خۆیدا گوتی: " لەگینە نووستبێ " دەرگاکەی تەنیشتیەوە بە ئاستەم کرایەوە، دوپاڤا، بە چاوانی خەواڵووەوە هاتە بەلەکۆنەکەی بەردەم ژوورەکە، ڕوخساری بۆرو ژێر چاوەکانی شین بووبوونەوە، بۆنی تیژی پیاز و شەرابی لێدەهات.

پاڤل، یەکسەر هەستی پێکرد. پاڤل، لە درزی دەرگا نیمچە وازەکەوە، ژنێکی قەڵەوی، لە سەر تەختە خەوەکە، بینی، بە گوتەیەکی دی پاوپۆزی گۆشتن و شانی و ملی ڕووتی بینی.

دوپاڤا، کە نیگای ئەوی بینی، بە پێ دەرگاکەی دەڵەک دا ودایخست. دوپاڤا، چاوی بڕییە گۆشەیەکی نادیارو بە دەنگێکی لەرزۆک گوتی:

– بۆ سەردانی هاوڕێ بورخارت هاتووی؟ ئەو ئێستا لێرە ناژی، یانی بە ڕاستی ئەمەت نەزانیوە!

کورچاگین، بە ڕووگرژی و نە باوەڕپییەوە تەمەشای کرد وگوتی:

– شتی وام نەزانیوە. ئەدی بۆ کوێ باری کردووە؟

دوپاڤا، لە ناکاوا پەشۆکا: – نازانم، ئەمە کێشەی من نییە.

قرقێنەیەکی دایەوەو بە ڕقێکی سەرکوتکراوەوە لە سەری ڕۆیی:

– هاتووی دڵخۆشی بدەیتەوە؟ زۆرچاکە، ڕێک لە کاتی خۆیدا هاتوویت. شوێنەکە چۆڵە، هەوڵی خۆت بدە. بە تایبەتی کە لە قسەی تۆ دەرناچێت. چەند جارێک لای من گوتوویەتی کە تۆی بە دڵە. من لە زمانی ژنان تێناگەم. ئەم هەلە لە دەست مەدە، ئێوە یەکێتی ڕۆح وجەستەتان لە بەینا هەیە.

پاڤل، هەستیکرد گۆناکانی سوور بوونەوە. ئەوسا هەستەکانی خۆی زەفت کرد و بە ئەسپایی گوتی:

– میتیا، چەند خۆت بچووک کردووەتەوە؟ هەرگیز وێنام نەدەکرد بەم هەزیلی و ڕەزیلییە بتبینم. خۆ جاران کوڕێکی خراپ نەبووی. بۆچی وا خۆت کەر دەکەی؟

دوپاڤا، پشتی بە دیوارەکەوە دا، بە پێی پەتی لە سەر ئەرزە چیمەنتۆکە ڕاوەستابوو، دیاربوو سەرمایەتی، موچوڕکێکی پێدا هات. دەرگاکە کرایەوە. ژنێکی خەواڵووی گوپن هاتەدەرەوە :

– گورپەی ئازیز! وەرە ژوورەوە، بۆچی لێرەیا وەستاوی؟ ...

دوپاڤا، نەیهێشت ئەو قسەکانی تەواو بکات. دەرگاکەی پێوەداو شانی پێوەدا.

پاڤل گوتی:

– بەڕاستی پیشەکییەکی باشە... تەمەشا، بزانە کێت هێناوەتەماڵەوە، ئاخۆ ئاقیبەتی ئەم کارە بە کوێ دەگات؟

دوپاڤا، لەو قسانە پەست بوو، هاواریکرد:

– نۆبەتی ئەو قەوانەیە، یانی دەتەوێ دەستوور بدەی کە من دەبێ لە گەڵ کێدا بخەوم! بەسە، وەعزخوانیم ناوێ! لە کوێوە هاتوویت، بۆ ئەوێندەر بڕۆوە! بڕۆ بڵێ دوپاڤا لەگەڵ ژنێکی بەرەڵڵادا دەخواتەوەو دەخەوێ.

پاڤل، لێی نزیک بووەوەو بە نیگەرانییەوە گوتی:

– میتیای، ئەم ژنە دەربکە، من دەمەوێ جارێکی دی و بۆ دواجار قسەت لەگەڵدا بکەم...

ڕووی دوپاڤا گرژ بوو. گەڕایەوە و خۆی بە ژووردا کرد.

کورچاگین، بە کاوەخۆ لە قاڵدرمەکانەوە دابەزی و لە بن لێوانەوە گوتی:– هەی حەیوانی کەر!

***

... دوو ساڵ تێپەڕی. زەمانی بێ لایەن ڕۆژان و مانگانی بەڕێدەکرد، ژیانیش، ژیانی زوو گوزەرو هەمە ڕەنگ، ئەم ڕۆژە بە ڕواڵەت یەکهاوی و یەکنەوایانەی، بە شتێکی تازە، جیاواز لە دوێنێ پڕ دەکردەوە. سەد وشەست ملیۆن خەڵک، کە دەکاتە میللەتێکی گەورە، بۆ یەکەمجار بوون بە خاوەنی وڵاتێکی پان و بەرین، سەروەت وسامانی سروشتی ئەو وڵاتە، ئەم ملیونان خەڵکە، بە کاری قارەمانانەی

بەردەوام، ئابووری وڵاتیان، کە لە ئەنجامی شەڕدا وێران بووبوو، دەژیاندەوە. وڵات دەبوژایەوە، وەخۆ دەهاتەوە، بەهێز دەبوو، ئیدی هیچ دووکەڵکێشێکی بێ دووکەڵ بەدی نەدەکرا، دووکەڵکێشی ئەو کارخانانەی کە تا ئەو دواییانەش، تەرک کرابوون و چۆڵ و هۆڵ دڵ بە دیتنیان دەگوشرا.

ئەم دوو ساڵە، بەلای کورچاگینەوە زۆر بلەز وەکو بروسکە تێپەڕین. هێندە بلەز بوورین کە هەستی نەکرد چۆن تێپەڕین. پاڤل نەیدەتوانی بە ئارامی بژی، بە تەمەڵی و بەدەم باوێشکدانەوە پێشوازی لە بەیانی بکات و شەو لە سەعات دەی تەواودا بخەوێ. پێشبڕکێی لە گەڵ ژیاندا دەکرد. نەک هەرخۆی پێشبڕکێی لە گەڵ ژیاندا دەکرد، بەڵکو خەڵکانی دیکەشی هاندەدا پێشبڕکێ دەگەڵ ژیاندا بکەن.

کەمترین وەختی بۆ خەوتن تەرخان دەکرد. زۆرجار تا درەنگانی شەو، پەنجەرەی ژوورەکەی بە ڕوناکی دەمایەوەو خەڵکانێک لە ژوورەوە، لە دەوری مێزێک دەبینران کە خەریکی خوێندنەوە بوون. ئەمە کاتی موتاڵا وخوێندنەوەی ئەو بوو. لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا بەرگی سێیەمی کاپیتاڵی خوێندەوە، ئیدی وردترین میکانیزمی چەوساندنەوەی سەرمایەداری بۆ ڕوون بووەوە.

لە ناکاوا لەو دەڤەرەدا کە کورچاگین کاری تیا دەکرد، سەروسەکوتی رازڤالیخین پەیدا بووەوە. کۆمیتەی شار وەکو سکرتێری کۆمیتەی بەش بۆ ئەوێندەری ناردبوو. کورچاگین بە ماموریەت چووبووە سەفەر. لە غیابی ئەودا، مەکتەب " رازڤالیخین " ی بۆ یەکێک لە ناوچەکان ناردبوو. وەختایەک کورچاگین زڤڕییەوەو بەم مەسەلەیەی زانی هیچی نەگوت.

مانگێک بووری و کورچاگین، لە ناکاوا چوو بۆ بەشەکەی رازڤالیخین، هەندێک ڕووداوی نەرێنی بەدی کرد، لەوانە خواردنەوەو بەدمەستی، کۆکردنەوەی خەڵکانی بودەڵە وماستاوچی لە دەوری خۆی، دوور خستنەوەی کومسومولییە باشەکان.

کورچاگین هەموو ئەم هەڵوێستە نەرێنیانەی گەیاندە مەکتەب. وەختێ هەموو ئەندامانی مەکتەب، ڕایان لە سەر ئەوە دا کە ڕازڤالیخین بە توندی سەرزەنشت بکرێت. کورچاگین بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکری، هەڵیدایە:

- نا، من داوا دەکەم بە یەکجارەکی دەربکرێ و جارێکی دی وەر نەگیرێتەوە.

ئەم داوایەی کورچاگین هەمووانی سەرسام کرد، ئەم داوایەیان بەلاوە زۆر قورس بوو، بەڵام کورچاگین دووپاتی کردەوە :

- دەبێ ئەم خوێڕییە دەربکرێت. دەرفەتی تەواو بەم خوێندکارە سووک و چرووکە درا کە ببێ بە بەشەر، بەڵام ئەو یەکێکە لەوانەی خۆی پێمانەوە هەڵواسیوەو بە نەهەق خۆی بە ملی مەدا داوە.

پاشان پاڤل، باسی ئەوەی کرد کە لە بریزدوف چی کردووە.

ڕازڤالیخین بە توندی هەڵیدایە:

- من، دژی ئەو بۆچوونەی کورچاگینم. ئەمە ڕقی شەخسییە، هەموو کەس دەتوانێ بوختانم بۆ هەڵبەستێ، ئەگەر کورچاگین ڕاستدەکات، با بەڵگە بخاتەڕوو. منیش دەتوانم بوختانی بۆ بکەم و بڵێم قاچاغچی دەکرد. ئیدی دەبێ بەم قسەیە دەربکرێ؟ نەخێر، با بەڵگەیەکمان پیشان بدات!

پاڤل، بەرسڤی دایەوە : - پەلە مەکە، بەڵگەش نیشاندەدەین.

ڕازڤالیخین، چووە دەرەوە. کورچاگین، دوای نیو سەعات توانی قەناعەت بە ئەندامانی مەکتەب بکات کە ئەم بڕیارە بدەن :

" بەو هەنجەتەی کەسێکی نامۆیە بە کومسومول، دەربکرێ " .

***

هاوینان برادەران، یەک لە دوای یەک دەچوونە مەرەخەسی. ئەوانە کە تەندروستیان خراتر بوو، دەچوون بۆ کەناری دەریا. هاوینان هەمووان ئارەزووی ئیسراحەتیان دەکەوتە سەر. کورچاگین کارمەندەکانی خۆی مەرەخەس دەکرد کە ئیسراحەت بکەن وکارتی مانەوەی لە ئاسایشگاکانا بۆ پەیدا دەکردن و یارمەتی بۆ وەر دەگرتن. ئیدی هەموو ڕەنگ زەرد وزەعیف و لەشبەبار، بەڵام شادو دڵخۆش دەڕۆیشتن. کارەکانی ئەوانیش دەکەوتە ئەستۆی ئەو. ئەویش وەکو چۆن ئەسپێکی ڕام و گوێڕایەڵ، عەرەبانەیەک ڕوو لە هەوراز ڕابکێشێت، بەو ئاوایە ئەو کارانەی ئەنجامدەداو جێبەجێ دەکردن. پاشان سەر وڕوخسار تاوەگازو دڵخۆش وشەنگوڵ، چالاک و چەلەنگ دەگەڕانەوە. تا وەجبەیەکی دی لە دوای ئەوانەوە بچنە مادوونی (مۆڵەت). هاوینان هەمیشە یەکێک لەوێ نە دەبوو، بەڵام ژیان لە ڕەوتی خۆی نەدەکەوت وهیچ کارێک پەکی نەدەکەوت . بەڵام هەرگیز تەسەوری ئەوە نەدەکرا، کە پاڤل، ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ئوفیسەکەی خۆیا نەبێ. ئیدی بەوجۆرە هاوین بەسەر دەچوو.

پاڤل، حەزی لە پاییزو زستان نەبوو، ئەم وەرزانەی لە ڕووی بەدەنییەوە، پێنەدەکەوت. بە تاسەیەکی زۆرەوە چاوەڕوانی ئەم هاوینەی کرد. زۆری لەبەر گران بوو کە تەنانەت لە دڵی خۆشیدا دان بەوەدا بنێت کە ساڵ لە دوای ساڵ، توانای دەداتە کزی. دوو ڕێگای لەبەردەم بوو: یان دان بەوەدا بنێت کە چیتر بەرگەی ئەم کارە قورسە ناگرێت و توانای نەماوە یان تا ئەو کاتەی لە توانایدایە لە سەر کارەکەی خۆی بمێنێتەوە. ئەو ڕێگای دووەمی هەڵبژارد.

جارێک لە کۆبوونەوەی مەکتەبی کۆمیتەی ناوچەی حیزبدا، لە لای دکتۆر " بارتیلیک "وە دانیشت، ئەم دوکتۆرە پیرەمێردێک بوو کە پێشینەی کاری نهێنی هەبوو و سەرۆکی دایەرەی نوژداری گشتی ناوچەکە بوو گوتی:

- کورچاگین، سەرو سیمات خۆش دیار نییە. حاڵت چۆنە؟ خۆت پیشانی لیژنەی نوژداری داوە؟ نەت داوە؟ تەواوە، منیش لەوێ نەم دیوویت، دەبێ خۆت پیشانی دکتۆر بدەی گیانەکەم. ڕۆژی پێنج شەممە، لای عەسەرەکەی وەرە بۆلام.

پاڤل، لە بەر سەرقاڵی بۆ لیژنەی نوژداری نەچوو. بەڵام بارتیلیک ئەوی فەرامۆش نەکرد و جارێک بردی بۆ لای خۆی. دوای معایەنەیەکی ورد ( بارتیلیک وەکو دوکتۆرێکی پسپۆڕی مێشک و دەمار لەم معایەنەیەدا بەشداری کردبوو ) لە ڕەچەتەکەدا نووسی:

" کۆمیتەی نوژداری، بە پێویستی دەزانێت، کە یەکسەر مۆڵەتی بدرێتێ و لە قرم چارەسەری درێژخایەنی بۆ بکرێت و پاشان چارەسەری جدی بۆ بکرێت، ئەگەر ئەمەی بۆ نەکرێت ئاکامی باشی نابێت " .

لە ڕەچەتەکەدا، ناوی زنجیرەیەک نەخۆشی بەلاتینی نووسرابوو کە کورچاگین هیچی لێ حاڵی نەدەبوو جگە لەوەی کە بەڵا گەورەکە لە لاقەکانیا نییە، بەڵکو لەو ئاسیوەدایە کە بەر سیستەمی ناوەندی دەمارەکانی مێشکی کەوتووە.

بارتیلیک، قەرارەکەی کۆمیتەی نوژداری خستە بەردەم مەکتەبی حیزبی، هیچ کەسێک لاری لەوە نەبوو کە یەکسەر کورچاگین لە کار مەعاف بکرێت. بەڵام کورچاگین بەخۆی پێشنیازی کرد کە تا گەڕانەوەی " سبیتینف "ی سەرۆکی بەشی ڕێکخستنی کۆمیتەی کومسومولی ناوچە لە مادوونی دەگەڕێتەوە، لە سەر کارەکەی بمێنێتەوە. کورچاگین خەمی ئەوەی بوو، کە کاری کۆمیتە پەکی بکەوێ. ئەوە بوو مەکتەبی حیزب، وێڕای ناڕەزایی بارتیلیک، بە پێشنیازەکەی کورچاگین ڕازی بوون.

هێشتا سێ هەفتە مابوو بۆ ئەوەی کورچاگین یەکەمین مۆڵەت لە هەموو ژیانی خۆیدا، وەربگرێت. کاتی مانەوەی لە ئاسایشگەی یڤباتوریا، لە چاوی مێزەکەیدا ئامادەبوو.

کورچاگین، لەم ڕۆژانەدا زۆر بەجدی کاری دەکرد. کۆبوونەوەیەکی گشتی کۆمیتەی کومسومولی ناوچەی ئەنجامدا، بەدڵ وگیان کارەکانی ئەنجام دا، تا بە دڵنیایی و ویژدانی ئاسوودەوە سەفەر بکات.

بەر لە سەفەرەکەی بەرەو دەریا کە بە عەمراتی نەی بینی بوو، شتێکی ناشیرین وبێزەوەری باوەڕ نەکردەنی ڕوویدا کە پاڤل وێنای نەدەکرد.

پاڤل، دوای کارەکانی، چوو بۆ ژووری ڕاگەیاندن وپرۆپاگەندەی حیزب، لە سەر تاقی پەنجەرە وازەکە وپشت لە دۆلابی کتێبەکان دانیشت وچاوەڕوانی کۆبوونەوەی شیرەتکاری بەشی ڕاگەیاندن و پرۆپاگەندە بوو. وەختایەک ئەو خۆی بە ژوورەکەدا کرد کەسی لێنەبوو، پاش ماوەیەکی کەم چەند کەسێک هاتن، پاڤل لە شوێنی خۆیەوەو لە پشت دۆلابەکەوە ئەوانی نەدەبینی، بەلام لە ناویاندا دەنگی ڤایلوی سەرۆکی بەشی ئابووری ناوچەکەی ناسییەوە، ئەم " ڤایلو " وە پیاوێکی بالابەرزی جوان بوو. پاڤل، زۆر جار لە خەڵکی بیستبوو کە ئەهلی ڤەخوارنە و هەر کچۆڵەیەکی جوان بدینێ دوای دەکەوێ. ئەم ڤایلووە، ماوەیەک پارتیزانی کردبوو، هەر دەرفەتێکی بۆ هەڵکەوتبا، بە پێکەنینەوە باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن هەموو ڕۆژێک، دەکەسی لە پیاوانی " ماخنو " سەر دەبڕی. کورچاگین حەزی لە چارەی نەدەکرد، چاوی پێیا هەڵنەدەهات. جارێک کیژێکی ئەندامی کومسومول هاتبوو بۆلای پاڤل، بە گریانەوە بۆی گێڕابووەوە کە چۆن ڤایلو بەڵێنی داوەتێ بیخوازێ و دوای ئەوەی یەک هەفتە لە گەڵیا ژیابوو، وازی لێ هێنابوو وتەنانەت مەرحەباشی لەگەڵ بڕی. دوای ئەوەی مەسەلەکە گەیەنرایە لیژنەی چاودێری، ڤایلو، بە هەر فێڵێ بوو خۆی پەڕاندەوە، کچەش هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نەبوو، بەلام پاڤل باوەڕی بە کیژێ کرد. کورچاگین گوێی لە قسەی ئەوانەی هاتبوونە ژوورەوە گرت و ئەوانەی هاتبوونە ژوورەوە، هەستیان نەدەکرد ئەو لە ژوورەوە بێ.

– حاڵ و ئەحواڵت ڤایلو؟ چ چەپکە گوڵێکی تازەت بە ئاوا داوە؟

گریبوف، که دۆستی " ڤایلو " وهاوشێوەی ئەو بوو، ئەو پرسیارەی کرد. گریبوف، لە خوت وخۆڕایی بە ڕاگەیاندکار و پرۆپاگەندیست دەژمێردرا ! هەرچەندە کەسێکی نەزان، بیر تەسک و کەودەنێکی تەواو عەیار بوو، بەڵام زۆر بەم کاری پەرۆپاگەندەیەوە دەفشی ولە وەخت و ناوەختدا خۆی پێوە هەڵدەکێشا.

– دەتوانی پیرۆزباییم لێ بکەیت : دوێنێ " کوروتایفا "م ڕامکرد، کەچی تۆ دەتگوت هیچی لێ هەڵناکرێنی. نە کاکی خۆم، من ئەگەر بە هەر ژنێکەوەم گرت، ئیدی دڵنیابە.

ئەوسا فایلو، دەستەواژەیەکی بێ ئەدەبانەی گوت.

کورچاگین، تەزوویەکی بە سەراپادا هات، ئەمە نیشانەی ئەو پەڕی تووڕەبوون بوو. کوروتایفا، سەرۆکی بەشی ژنان بوو. کوروتایفا هاوکات لە گەڵ ئەودا گەیی بووە ئێرە. پاڤل، لە ماوەی کاری هاوبەشیا لەگەڵ ئەم کیژە حیزبییە جدیەدا دۆستایەتی پەیدا کردبوو، کوروتایفا زۆر جدی بوو بایەخی بە هەموو ئەو ژنانە دەدا کە بۆ هەرکارێک یان پشتیوانی و ئامۆژگارییەک دەهات بۆلای . کوروتایفا، لە نێو ئەندامانی کۆمیتەدا زۆر بە ڕێز وحورمەت بوو. ئەم ئافرەتە بە مێرد نەبوو. هەڵبەتە ڤایلو لە قسەکانیا مەبەستی ئەم بوو.

– فایلو، درۆ ناکەی؟ ئەم کارانە لەو ناوەشێتەوە...

– من و درۆ؟ تۆ من بە چی دەزانی؟ من خەڵکانی لەو سرکترم ڕامکردووە. بەڵام دەبێ بزانی چۆن بۆی دەچیت، لە چ ڕێگایەکەوە بۆی دەچی. هەر ژنە بە ڕێگەیەکی تایبەتی دێتە گرتن. هی وا هەیە لە ڕۆژی دووەما دێتە ژێربار، بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ئەم جۆرە ژنانە سووکن. هی واش هەیە دەبێ یەک دانە مانگ بە دوویدا غاربدەی. ئیدی گرینگ ئەوەیە سایکولوژیەتی بناسیت. هەر حاڵەتێک مامەڵەی تایبەتی خۆی هەیە. برا گیان ئەمە بۆ خۆی زانستێکی تەواوە. من لەم کارەدا پرۆفیسۆرم ها، ها، ها! ...

فایلو، زۆر بە خۆی دەفشی، خەریک بوو لە پێکەنینا دەخنکا. دەستەیەک لە گوێگرەکان هانیاندەدا، چیرۆکەکەیان  بۆ بگێڕێتەوە. ئەوانەی دەوروبەری، پەلەیان بوو، هەموو چیرۆکەکە بزانن.

کورچاگین، هەستایە سەرپێیان. کۆڵەمستی گوشی. دڵی لە ڕقا کەوتە لێدان.

- کوروتایڤا لەوانە نییە هەروا بە ئاسانی و بێ هیچ کێشەییەک  بێتە ڕامکردن . ڕاوکردنی ئەو نیمچە مەحاڵە. بەڵام من نەمدەویست دەستەبەرداری بم، بە تایبەتی کە لەگەڵ گریبوفدا گرەوم کردبوو، لە سەریەک کارتۆن شەراب. ئیدی دەستم بە گەمەکەی خۆم کرد. یەک دوو جار چووم بۆ لای، سەیرم کرد خێسەم لێدەکات. ئەمە جگە لەوەی هەندێک قسە وقسەڵۆک دەربارەی من دەگوترا، کە دیاربوو، ئەویش ئەو قسەڵۆکانەی بیستبوو.

بە کورتیەکەی هێرشکردنی ڕاستەوخۆ سەری نەگرت. ئیدی کەوتمە مانۆڕو دەوروخولدانی... ها، ها... ئیدی بۆم گێڕایەوە کە چۆن شەڕم کردووە و، یەک دنیا خەڵکم کوشتووە، هەموو دنیا گەڕاوم، زۆر بەڵام بەسەر هاتووەو دەردەسەری دنیام دیتوە بەڵام تووشی ژنێکی باش نەبووم، وەکو سەگ بە سەڵتی دەژیم و کەس نییە نازم هەڵگرێ و ڕوویەکی خۆشم بداتێ... ئیدی بەمجۆرە دۆم بۆ هەڵڕشت و هەڵڕشت... بە کورتیەکەی خاڵی لاوازیم دۆزییەوە. زۆری لەگەڵدا ماندوو بووم، تەنانەت جارێکیان هاتمە سەر ئەوەی، واز لەم کومیدیایە بێنم و قیروسیا با بڕوات. بەڵام بە خۆتان دەزانن مەسەلەکە مەسەلەی پرەنسیپە، لەبەر پرەنسیپ دەستبەرداری نەدەبووم... ئەنجام وەختێ پێی گەییم، تووشی کێشە بوومەوە... دوای ئەو هەموو سەبر وهەوڵ وتەقەلایە. لە جیاتی ژن، کیژێک کەوتە تۆڕەکەمەوە... ها، ها، ها...! خەریک بوو لە داخا دەمردم.

فایلو، درێژەی بە گێڕانەوەی چیرۆکە دزێوەکەی دا.

کورچاگین، بە خۆیشی نەیزانی چۆن لە پەنای فایلو وە سەری دەرهێنا و هاواری بەسەردا کرد : - حەیوان!

- من حەیوانم یان تۆ کە گوێ بۆ قسەی خەڵکی هەڵدەخەیت؟

وا دیاربوو پاڤل شتێکی دیکەی گوت، بۆیە فایلو بەرۆکی گرت.

- تۆ سووکایەتیم پێدەکەی؟

ئەوسا بۆکسێکی لە پاڤل دا، فایلو مەست بوو.

پاڤل، دەستی دایە کورسییەکی دار بەڕوو، بە یەک زەربە فایلوی تەختی عاردی کرد. کورچاگین، دەمانچەی پێنەبوو، دەنا فایلو حەوت ڕۆحی هەبا شتاقیانی بە سەلامەتی دەرنەدەبرد.

بەڵام ئەو ڕووداوە ناهەنجارەی کە تەسەور نەدەکرا، ڕوویدا:

ئەو ڕۆژەی کە دەبوایە کورچاگین سەفەری قرم بکات، دەبوو لە دادگای حیزبدا ئامادە بێت.

هەموو ئەندامانی ڕێکخراوی حیزبی، لە شانۆی شاردا ئامادە بوون. ئەو ڕووداوەی لە بەشی ڕاگەیاندن وپرۆپاگەندە ڕووی دابوو هەمووانی خرۆشاندبوو. ئیدی دادگاییەکە گۆڕا بۆ گەنگەشە و مناقەشەیەکی توند دەربارەی کاروباری ئاسایی ژیان. مەسەلە ئاساییەکانی ژیان، پەیوەندی بە دوو قۆڵی وجڤاکیەکان، هەڵس وکەوت وڕەفتار و ڕەوشتی حیزبی، و ئەو شتانە، بەسەر مەسەلە ئەسڵییەکەدا زاڵ بوون. فایلو، لە داداگادا گۆساخانە ڕەفتاری دەکرد، بێ ئەدەبانە پێدەکەنی. گوتی کە دادی دەباتە لای دادگایەکی میللی وکورچاگین، لە سەر ئەوەی سەری ئەمی شکاندووە، حەپس دەکرێت، خۆی لە وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکان دزییەوە.

- ئێوە دەتانەوێ لە سەر حیسابی من زمانتان تیژ بکەنەوە؟ ببورن دەتوانن بە کەیفی دڵی خۆتان بوختانم بۆ بکەن، قسە وقسەلۆکم بە دەمەوە هەڵبەستن. بەڵام ئەو مەسەلەیەی کە ژنان لێم بە گلەیین، ئەمە هی ئەوەیە کە ئاوڕیان لێنادەمەوەو هیچ حیسابێکیان بۆ ناکەم. هەموو مەسەلەکەش تورێکی قوڕاوی نایەنێ. خۆ ئەگەر

ئەم مەسەلەیە لە ساڵی ۱۹۱۸دا ڕوویدابا، هەنگێ بە شێوازی تایبەتی خۆم، حیسابی خۆم لە گەڵ ئەم کورچاگینە شێتەدا پاک دەکردەوە. ئێستاش دەتوانن دەستبەرداری من ببن.

ئەوەی گوت و ڕۆیی.

کاتێ سەرۆکی دادگا، داوای لە کورچاگین کرد باسی ڕووداوەکە بکات پاڤل، بە هێمنی کەوتە قسان، بەڵام دیاربوو بە توبزی خۆی کۆنترۆڵ دەکات.

– هەر هەموو ئەوەی لێرەدا باسدەکرێ، بۆیە ڕوویدا چونکە من بەخۆم نەوەستام. دەمێکە ئەو زەمانە ڕۆییوە کە من زیاتر بە دەست کارم دەکرد تا بە مێشک. ڕوداوەکە، زۆر کوت وپڕ ڕوویدا، بەر لەوەی بیرێک بکەمەوە، جەزرەبەکە بە سەری فایلو کەوت. بە هەرحاڵ، ڕووداوەکە، ڕووداوێکی پارتیزانانە بوو. لەم ساڵانەی دواییدا ئەمە یەکەم کاری پارتیزانانەی من بوو، و من ئەم کارە مەحکووم دەکەم.

هەرچەندە جەزرەبەکە لە ڕووی کرۆک وجەوهەرەوە، هەق و ڕەوا بوو. فایلو لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمۆنیستی ئێمەدا، دیاردەیەکی قیزەونە. من ناتوانم لەوە تێبگەم و قەبووڵی بکەم کە کۆمۆنیستێکی شۆڕشگێڕ، بشێت لە هەمان کاتدا هەم بێ ئەخلاق بێ و هەم بێ ئابڕوو! ئەم ڕووداوە کردیە کارێک کە ئێمە باسی ژیان و ئەخلاقی خۆمان بکەین، ئەمە تاقە خاڵی ئەرێنی ڕووداوەکە بوو. زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی ڕێکخراوە حیزبیەکە دەنگیان لەسەر ئەوە دا کە فایلو لە حیزب دەربکرێ. " گریبوف " ش لە سەر شایەدی درۆ، بە توندی سەرزەنشت کرا. هەموو ئەوانەی دیکەش کە لە گفتوگۆیەکەدا بەشداریان کردبوو، لۆمەکران.

پارتیلیک، باسی ڕەوشی تەندروستی وئەعسابی پاڤلی کرد. کاتێ لێکۆڵیارە حیزبیەکە پێشنیازی ئەوەی کرد " کورچاگین " ش سەرزەنشت بکرێ. هەموو ئامادەبووان ناڕەزایەتیان دەربڕی و لێکۆڵیارەکە ناچار لە پێشنیازەکەی ژێوان بووەوە و پاڤل تەبرێ بوو.

***

... دوای چەند ڕۆژێک کورچاگین بە سواری قیتار بەرەو خارکوف کەوتەڕێ. کۆمیتەی ناوچەی حیزب، لە سەر داوای خۆی قاییل بوو کە لە کارەکەی مەعاف بکرێ ومەسەلەکەی بە کۆمیتەی ناوەندی کومسومولی ئوکرانیا بسپێردرێ، ئیدی شادەی ئەستۆپاکی وخۆش ڕەفتاریان بۆ کرد و ڕۆیی. یەکێک لە سکرتێرەکانی کۆمیتەی ناوەندی ئاکیم بوو. پاڤل، چوو بۆ لای و هەموو شتێکی لە سیری تا پیازی بۆ گێڕایەوە.

ئاکیم، لە شادەتنامەکەدا، دوای ئەم دەستەواژەیە " تا ڕادەی فیداکاری پابەندو وەفاداری حیزبە " ئەم وشانەی خوێندەوە: " دیسیپلین وزەبت ورەبتێکی حیزبی تەواوی هەیە، تەنیا لە هەندێجاری دەگمەن وکەمدا، کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دەدات و خۆی پێ زەفت ناکرێ. هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سیستەمی دەمار ومێشکی تووشی شۆک بووبوو.

– جا ئەمەیان لەم شادەتنامە باشەدا تۆمار کردووە پاڤلوشا. تۆ خەفەت مەخۆ، خەڵکانی بەهێز و ئاساییش، تووشی ئەم حاڵەتانە دەبن. سەفەری باشوور بکە، تا بە خۆ بێیتەوەو ئیسراحەت بکەی. کە هاتیتەوە، ئەوسا باسی ئەوە دەکەین کە لە کوێ کار بکەی.

ئاکیم، تەوقەیەکی گەرمی لەگەڵیا کرد.

***

ئاسایشگەی (مصحە) کۆمیتەی ناوەندی ناوی " کومانار " ە . باخێکی گەورەیە، پڕە لە بینای گەورە کە چڵە مێوان خۆیان پێوە هەڵواسیوە. پڕە لە گوڵە باخ، فوارەیەکی تیایە لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا دەدرەوشێتەوە. ئیسراحەتکاران، بە جل وبەرگی سپی ومایۆی مەلەوە دەسووڕێنەوە. خانم دوکتۆرێکی گەنج، ناوی تەواوی تۆمار دەکات. پاڤل، خۆی لە ژوورێکی گەورەدا دەبینێتەوە، تەختە خەوێکی سپی

ئەوتۆی تیایە کە چاو دەخاتە ڕێشکە وپێشکە. تا بڵێی خاوێنە، کڕ وکپ وبێدەنگە. کورچاگین دوای ئەوەی ئاوێکی بە خۆدا کرد، بوژایەوەو خۆی گۆڕی و بەرەو کەنار دەریا ڕۆیی.

تا هەتەری چاو هەر دەریا بوو، دەریایەکی بێ سنووری مەندی شین وەکو مەڕمەڕی مشت ومالدراو، ئیدی سنووری پیرە دەریا، لەولای هەتەری چاوا، لە بولێڵی ئێوارەدا ون دەبوو. هەتاوی ئاوا بوو، لە دەریاکەدا، ڕەنگی دەدایەوەو زیو ئاسا دەبریسکایەوە. بەیانیانیش لە نێو تەم ومژدا، زنجیرە چیایەکی یەجگار گەورە خۆ نوێنی دەکرد. پاقل، پڕ بە سییەکانی شنەی شێداری گیانبەخشی دەریای هەڵدەمژی و نەیدەتوانی چاو لە دەریای شین و مەند بگوازێتەوە.

شەپۆلێکی تەمەڵ، بە نەوازشەوە خۆی بە سەر پێیەکانیا داو لمی زێڕینی کەنارەکەی لستەوە.

فەسڵی حەوتەم

لە تەنیشت ئاسایشگەی کۆمیتەی ناوەندییەوە، باخێکی گەورە هەبوو. ئەم باخە هی خەستەخانەی ناوەندی بوو. کاتێ ئاکنجیانی ئاسایشگەکە لە دەریا دەگەڕانەوە، لەم باخەوە بۆ ئاسایشگەی کومونار دەگەڕانەوە.

کورچاگین حەزیدەکرد لێرە، لە سێبەری دارچنارێکی بە گەڵاو چڕە لق وپۆپی، پای دیوارێکی بەرزی بە گەچ سپیکراودا ئیسراحەت بکات. کەم کەس سەری ئێرەی دەدا، کورچاگین دەیتوانی لێرەوە هات وچۆی پڕجۆش وخرۆشی خەڵکی بە بولڤارەکاندا بدینێ. ئێواران دوور لە هەرا و زەنای ناگەواری ئاسایشگەکە گوێ لە موسیقا بگرێت.

ئەمرۆ کورچاگین چوو بۆ ئەوێ، خاولییەکەی وکتێبێکی فورمانوفی بە ناونیشانی "یاخی بوون " کە خەریکی خوێندنەوەی بوو لە سەر کورسییەک دانا، خۆشی لە سەر کورسییەکی تەنیشتەوە پاڵکەوت، ماندوویەتی مەلەکردن وهەتاوەکەی پێوە

دیاربوو، به دەم پاڵکەوتنەوە وەنەوزی دەدا. ڕۆژانی یەکەمی مانەوەی لە ئاسایشگەکەدا، هیچ ئارامییەکی عەسەبی پێ نەبەخشی. ژانەسەر بەری نەدەدا. دوکتۆرەکان هێشتا هەر خوێندنەوەو پشکنیانیان بۆ نەخۆشییە ئاڵۆزو دەگمەنەکەی دەکرد. ئەم هەموو معایەنە یەک لە دوای یەکانە پاڤلیان بێزارو بێتاقەت دەکرد. دوکتۆرەکەی کە ناو وشۆرەتێکی عەجیب وغەریبی هەبوو (ئیور سالیمتچیک) کە ژنە کۆمۆنیستێکی بەڕێز بوو بە زەحمەت نەخۆشەکەی خۆی دەدۆزییەوەو بەوپەڕێ هێمنی و حەوسەڵەوە، دەیویست قەناعەتی پێبکات کە لە گەڵیا بڕوات بۆ لای ئەم پسپۆڕ وئەو پسپۆڕ. پاڤل دەیگوت:

– باوەڕ بکە، من لە هەموو ئەم شتانە بێزار وبێتاقەت بووم. هەموو ڕۆژێک هەمان قەوانم پێنج کەڕەت بۆ لێدەدەنەوە ئایا نەنکت شێت نەبووە، ئایا  باپیرە گەورەت ڕۆماتیزمی لەگەڵ نەبووە؟ ئاخر من لە کوێ بزانم چ نەخۆشییەکی لەگەڵ بووە! من بە عەمراتم ئەوم نەدیتووە! وێڕای ئەوەش هەر یەکێکیان هەوڵدەدا قەناعەتم پێبکات، دان بەوەدا بنەم کە سوزەنەکم لە گەڵدا بووە، لە سوزەنەک خراپترم لەگەڵ بووە. هەر بەینی خۆمان بێ، لەو کاتەدا پڕ بە دڵ حەزدەکەم تا دەتوانم بکێشم بە تەپڵی سەرە کەچەڵەکانیاندا. دەرفەتم بدەنێ با ئیسراحەت بکەم! خۆ ئەگەر بە درێژایی ئەم مانگ و نیوە، هەر خەریکی معایەنەی من وخوێندنەوەی ڕەوشی تەندروستی من بن، ئەوا لە ڕووی جڤاکییەوە دەبم بە کەسێکی مەترسیدار بۆ کۆمەڵگە.

" ئیور سالیمتچیک " پێدەکەنی و بە شۆخییەوە وەڵامی دەدایەوە. بەڵام دوای چەند خولەکێک، دەستی دەگرت و بەدەم حیکایەتێکی خۆشەوە دەیبرد بۆ لای جەڕاح.

ئەمڕۆ چاوەڕوانی معایەنەی نەدەکرد. هێشتا یەک سەعات بۆ کاتی نانی نیوەڕۆ مابوو. پاڤل، بە دەم وەنەوزەوە هەستی بە دەنگی پێیان کرد. چاوی نەکردەوە، لە بن لێوەوە گوتی:

" وا دەزانێ خەوتووم و دەڕوات " هەڵبەتە ئەمە خەیاڵ پڵاوبوو. یەکێک لە سەر کورسی پاڵکەوتنەکە دانیشت وپیرە کورسی کەوتە جیڕەجیڕ. بۆنێکی سووک بە

سەر پاڤلدا هات، یەکسەر هەستی کرد ئەو کەسەی لە لایەوە دانیشت، ژنە. چاوانی کردنەوەو یەکەم شتێک کە بینی جل وبەرگێکی سپی ئەوتۆ بوو کە ئاوی چاوی دەبرد، پاشان دوو پێی تاوە سووتی بەدی کرد کە جووتێ نەعلی لە پێدا بوو. ئەوجا سەرێک کە بە شێوەی سەری مێرد مندالآن چاک کرابوو، دوو چاوی زۆر گەورە، ڕیزێک ددانی تیژی وەکو دانی مشکی بەرچاو کەوت، ئەم ژنە بە شەرمەوە پێکەنی : – ببورە، وا بزانم بێزارم کردیت؟

کورچاگین بێدەنگ بوو، هەرچەندە ئەم ڕەفتارە، ماقووڵ نەبوو، بەڵام هێشتا بەو ئومێدە بوو کە هاوسێکەی دەڕوات.

– ئەمە کتێبی تۆیە؟

و کتێبەکەی، " یاخی بوون " هەڵدایەوە.

– بەڵێ، هی منە.

دوای خولەکێک بێدەنگی:

– پێم بڵێ هاوڕێ. ئایا تۆ ئاکنجی ئاسایشگەی کۆمیتەی ناوەندیت؟ کورچاگین، بە نیگەرانییەوە جولا. "ئەمە لە کوێوە پەیدا بوو؟ ئەمەش بوو بە ئیسراحەت! ئێستا بێگومان دەپرسێت نەخۆشییەکەم چییە؟ پێویستە بڕۆم " .

پاڤل، بێ هیچ نەوازشێک گوتی: نەء.

– بەڵام وام دێتە خەیاڵ تۆم لەوێندەر دیتووە.

پاڤل خەریک بوو هەڵدەستا، کە دەنگێکی ژنانە لە دواوە پرسی:

– دورا، بۆچی بۆ ئێرە هاتوویت؟

ژنێکی قژ زەردی گۆشتنی، ئەسمەری خوێن گەرم بە جلکی ئاسایشگەوە، لە سەر کورسییەک دانیشت و نیگایەکی کوت وپڕی کورچاگینی کرد.

- من تۆم لە شوێنێک دیتووە هاوڕێ، تۆ لە خارکوف کار ناکەیت؟

- بەڵێ، لە خارکوف کار دەکەم.

- کارت چییە؟

کورچاگین لێبڕا، کۆتایی بەم گفت وگۆیە درێژە بێنێ: - کاری من کوچە ماڵییە.

کە گوێی لە قاقای پێکەنینی وان بوو، خۆ بە خۆ ڕاجفری.

- هاوڕێ ناشێت بگوترێ کە تۆ کەسێکی زۆر بە نەزاکەتی.

دۆستایەتیەکەیان، بەو شێوەیە دەستی پێکردو " دورا رودکینا "ی ئەندامی مەکتەبی کۆمیتەی حیزبی شاری خارکوف زۆرجار ئەم سەرەتا کومیدیەی ئاشنابوونی خۆیانی بیر دەکەوتەوە.

***

ڕۆژێک کورچاگین دوای نیوەڕۆ، هات بۆ کۆنسێرتێکی " ئاهەنگ " ئاسایشگەی تالاس، لە ناکاوا لە باخەکەی تالاسدا تووشی ژارکی بوو. هەرچەندە ئەم حەقیقەتە هەندێک سەیر دێتە بەر زەین، بەڵام سەمای ( فوکستروت ) لەوێندەری کۆ کردبوونەوە.

دوای ئەوەی ژنێکی دەنگبێژی قەڵەو، گۆرانی " شەوی لەزەت بەخش " ی بە ئاوایەکی تووند خوێند، دوو کەس بە تاو خۆیان گەیاندە سەر شانۆکە : یەکێکیان پیاوێکی نیمچە ڕووت بوو، شەپقەیەکی سووری قووچی لە سەر بوو، هەندێک تەتکە و پەتکەی بریقەداری ڕەنگاوڕەنگ بە سەر رانەکانیەوە بوو، کراسێکی سپی ئەوتۆی لەبەر بوو کە چاوی دەخستە ڕێشکە وپێشکە، بوینباخێکی لە مل بوو. بە کورتییەکەی لاسایی کردنەوەیەکی دزێوی بابایەکی کێوی بوو. دووەمیان ژنێکی جوان بوو کە قوماشێکی زۆری لە خۆیەوە ئاڵاندبوو. ئەم جووتە بەدەم سەمای " فوکستروت " وە و لە ناو هاواری پڕ ستایشی جەماوەرەکە، کە زیاتر بریتی بوون

له کاسبکار ودووکاندارانی مل ئەستووری چوون گاجووت کە لە پشت کورسی تەختەکانی نەخۆشانی ئاسایشگەکەوە وەستابوون، بەڵێ بە دەم سەمای لەزی فوکستروتەوە بە سەر تەختەی شانۆکەدا دەهاتن ودەچوون و خۆیان دەنواند. بەڕاستی دیمەنێکی زۆر دزێو بوو، کابرای دابەستە ئاسا بە خۆی وکڵاوە عەنتیکەکەیەوەو ژنە هاو جووتەکەی پێکەوە نووسابوون و ئەداو ئەتواری نەنگینیان دەنواند. پاڤل، لە پشتەوە گوێی لە هانکە هانکی ژنێکی قەڵەو بوو، ئاوڕی دایەوە تابڕوات، یەکێک لە ڕیزی پێشەوە، ڕێک لە بەردەم شانۆکە، هەستا و بە تووڕەیی هاواریکرد: - بەسە، ئەم بەڕەڵڵاییە بەسە.

پاڤل، یەکسەر ژارکی ناسییەوە.

پیانۆ ژەنەکە وازی لە ژەنین هێنا، کەمانچەکە دوا دەنگی لێوە هات و بێدەنگ بوو.

جووتە سەما کارەکەی سەر شانۆکە، لە ڕەقسین وەستان. لە پشت کورسییەکانەوە، جڕتێکی دوو دەنگی بۆ ئەو کەسەی هاوارەکەی کردبوو، لێدرا.

- ئەمە چ کەرێک بوو، نمایشەکەی بڕی!

- هەموو ئەورووپا سەما دەکەن!

- بەڕاستی شەرمە!

بەڵام "سیریوژا ژبانوف "ی سکرتێری ڕێکخراوی کومسومولی چیرپوفیچس کە یەکێک بوو لە نەخۆشانی ئاسایشگەی کومونار، چوار قامکی لە زاری ناو وەکو لات ولەوێران تا توانی فیکەیەکی کێشا. خەڵکانێکی دیکەش چاویان لەو کرد. ئەنجام ئەو جووتەی لە سەر شانۆکە دەڕەقسین بە هەشتاو، وەکو ئەوەی با هەڵیدابنە خوارەوە، لە سەر شانۆکە دابەزین. هەنگی پێشکەشکاری ئاهەنگەکە، کە لە پێشخزمەتی چوست وچالاک دەچوو، بە تەمەشاڤانانی ڕاگەیاند کە تیپەکە دەڕوات.

گەنجێک بە رۆبێکی سپی ئاسایشگەکەوەو لە نێو قاقای پێکەنینی خەڵکەکەوە، وەڵامی دایەوە:

- دەڕۆن بە جەهەنم.

پاڤل، لە ڕیزەکانی پێشەوە ژارکی دۆزییەوە، ماوەیەکی زۆر بە دوو قۆڵی لە ژوورەکەی پاڤل دانیشتن. ژارکی، لە بەشی ڕاگەیاندن وپروپاگەندەی یەکێک لە کۆمیتە حیزبیەکاندا کاری دەکرد. ژارکی گوتی: - دەزانی من ژنم هێناوە ! بەم زووانە کوڕێک یا کچێکم دەبێ.

- ئەها، ژنەکەت کێیە؟

کورچاگین سەری سوڕما. ژارکی وێنەیەکی لە گیرفانی بەر باخەڵی دەرهێنا و نیشانی پاڤلی دا : - دەی ناسیتەوە؟

وێنەکە، وێنەیەکی دوو قۆڵی ژارکی و ئانا بورخارت بوو.

پاڤل بە سەرسامییەکی پترەوە پرسی: - ئەدی دوپاڤا؟

ژارکی  بەرسڤی دایەوە:

- لە موسکۆیە. دوای ئەوەی لە حیزب دەرکرا، زانکۆی کۆمۆنیستی تەرک کرد وئێستا لە پەیمانگای تەکنیکی باومن دەخوێنێ. دەنگۆیەک هەیە کە گوایە لە حیزب وەرگیراوەتەوە. بەڵام فایدەی نییە، مرۆڤێکی گەندەڵە... دەزانی ئیگنات پانکراتوف لە کوێیە؟ ئێستا یاریدەدەری بەڕێوەبەری کارخانەی کەشتی سازییە. هیچ هەواڵێکی ئەوانی دیکەم نییە. لێکدی دوور کەوتووینەتەوە. بە گۆشەو کەناری جۆراو جۆری وڵاتا بڵاوبووینەتەوە. بەڕاستی ئەم جۆرە دیدارانە ویادکردنەوەی ڕابردوو، زۆر خۆشە !

دورا، خۆی بە ژوورا کردو چەند کەسێکی دیکەشی لە گەڵدا بوو. هاوڕێیەکی درێژی تامبوفی ( شارێکە لە باشووری موسکۆ ) دەرگاکەی داخست، دورا، تەمەشایەکی میداڵەکەی سەر سینگی ژارکی کردو لە پاڤلی پرسی: - ئەم هاوڕێیەت ئەندامی حیزبە؟ لە کوێ کار دەکات؟

پاڤل، لە مەبەستی دورا تێنەگەیی و زۆر بە کورتی باسی ژارکی کرد.

دورا گوتی:

– کەواتە با بمێنێ، ئەم هاورێیانە تازە لە مسکۆوە هاتوون وباسی دوا هەواڵەکانی حیزبمان بۆ دەکەن. بڕیارمان داوە لە ژوورەکەی تۆدا کۆبوونەوەیەکی تایبەتی و مەیلەو داخراو بکەین.

تەقریبەن هەموو ئەوانەی لە ژوورەکەدا خڕبووبوونەوە، جگە لە پاڤل وژارکی، لە بولشەفیکە کۆنەکان بوون. بارتاشف کە ئەندامی کۆمیتەی چاودێری موسکۆ بوو، باسی ئوپوزیسیونی تازەی بە ڕابەرایێتی تروتسکی وزینوفیف وکامینیف، کرد. بارتاشیف بەمجۆرە کۆتایی بە قسەکانی هێنا وگوتی:

– بوونمان لە شوێنی کارەکانمانا و لەم کاتە هەستیارەدا زۆر پێویستە، من سبەینێ دەڕۆم.

سێ ڕۆژ دوای کۆبوونەوەکەی ژوورەکەی پاڤل، ئاسایشگەکە لە جاران زووتر چۆڵ بوو، پاڤلیش بێئەوەی مەوعیدی مانەوەی خۆی لەوێندەر، تەواو بکات سەفەری کرد.

کورچاگینیان، لە کۆمیتەی ناوەندی کومسومول زۆر ماتەڵ نەکرد، بە سکرتێری ڕێکخراوی کومسومولی یەکێک لە ناوچە پیشەسازیەکان دانرا، دوای یەک هەفتە چالاکڤانانی ڕیکخراو لە شارا گوێیان لە یەکەمین وتاری ئەو دەگرت.

لە ئاخر وئۆخری پاییزدا، ئوتومبیلەکەی کۆمیتەی حیزبی ناوچە، کە کورچاگین ودوو هاوڕێی دیکەی حیزبی، بۆ یەکێک لە ناوچە دوورە دەستەکانی شار دەگواستەوە، کەوتە جۆگەیەکی کەنار ڕێگاکەوەو وەرگەڕا.

هەموویان بریندار بوون، ئەژنۆی ڕاستی کورچاگین شکا. دوای چەند ڕۆژێک بۆ پەیمانگای نەشتەرگەری خارکوفیان هێنا. لیژنەی نوژداری دوای ئەوەی ئەژنۆیان

معایەنە کردو ئەشیعەیان بۆ گرت، بڕیاری دا یەکسەر نەشتەرگەری بۆ بکرێت. کورچاگین قاییل بوو.

پروفیسۆرێکی قەڵەو کە سەرۆکایەتی لیژنە نوژدارییەکەی دەکرد، لە ئەنجامدا گوتی:

– کەواتە سبەی بەیانی.

هەستاو ڕۆیی، ئەوانی دیکەش دووی کەوتن.

ژوورێکی یەک نەفەری زۆر ڕوناک، تا بڵێی پاک و خاوێن بوو، بۆنێکی تایبەتی کە دەمێ بوو بۆنی وای نەکردبوو، بۆنی نەخۆشخانەی بە سەردا هات. کورچاگین چاوی بە دەوروبەری خۆیدا گێڕا. جگە لە تەپڵەکێکی بچووک بە تەنیشت قەرەوێڵەکەوە کە پەردەیەکی سپی سپی بەسەردا درابوو، لە گەڵ کورسییەکی سپیدا، هیچی دی لە ژوورەکەدا نەبوو.

پەرەستارەکە "سستەر " شیڤی هێنا.

پاڤل، ڕەفزی کرد، نیوە دانیشتنێک لە سەر قەرەوێڵەکە دانیشتبوو وخەریک بوو نامەی دەنووسی، ئازاری ئەژنۆی دەرفەتی بیرکردنەوەی نەدەدا، مەیلی خواردنی نەبوو.

وەختایەک لە نووسینی نامەی چوارەم بووەوە، دەرگای ژوورەکە بە ئەسپایی ڤەبوو. پاڤل، ، ئافرەتێکی گەنجی لەبەردەم قەرەوێڵەکەدا بینی ، کە بالاپۆش وکڵاوێکی سپی لەبەر و لە سەر بوو.

پاڤل، لە بولێڵی ئێوارەدا برۆ ناسکەکان و چاوە گەورەکانی بینی کە ڕەش دیاربوون. بە دەستێکی جانتایەک وبە دەستەکەی تری کاغەز و قەڵەمێکی هەڵگرتبوو. گوتی:

– من دوکتۆری چارەسەری تۆم، ئەمڕۆ نۆرە ئێشک وخەفارەتی منە. من ئێستا دەکەومە پرس وجۆ، هەر چیەکت لێدەپرسم، بتەوێ و نەتەوێ دەبێ وەڵامم بدەیتەوە.

ژنەی گەنج، بە ڕووخۆشییەوە بزەیەکی کرد، ئەم بزەیە کردیە کارێک، کە ناخۆشی پرس و جۆیەکەی بڕەوێتەوە.

پاڤل، یەک سەعاتی تەواو نەک هەر دەربارەی خۆی، بەڵکو دەربارەی ئابا وئەژدادیشی، قسەی بۆ دوکتۆرەکە کرد.

***

لە ژووری نەشتەرگەریدا، چەند کەسێک هەبوون کە بە شاش دەم وکەپوویان هەڵپێکابوو، نیکڵی سەر ئەوزارێن نەشتەرگەرییەکە دەبریقایەوە. مێزێکی باریک دانرابوو تەشتێکی خرابووە ژێر، کە کورچاگین لە سەر مێزەکە ڕاکشا، دکتۆرە جەڕاحەکە تازە لە شۆردنی دەستی بوو بووەوە. لە پشتەوە بلەز ئامادەکاری بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە دەکرا. کورچاگین ئاوڕی پاشەوەی دایەوە. پەرەستارەکە، خەریک بوو ئامێرو نەشتەرەکانی ڕیز دەکرد. دکتۆری چارەسەر خا ،باژانوڤا، جەریک بوو باندجەکەی لاقی دەکردەوەو گوتی:

– هاوڕێ کورچاگین تەمەشای دواوە مەکە، دیتنی ئەو شتانە ئەعساب تێک دەدات.

کورچاگین، بزەیەکی تەوسامێزی کرد وگوتی:

– تۆ باسی ئەعسابی کێ دەکەی دکتۆر؟

دوای چەند خولەکێک دەمامکێکی ئەستووری لەسەر کراو دکتۆرەکە گوتی:

– خۆت مەشێوێنە، ئێستا کلوروفورمت دەدەینێ. لە لووتتەوە بە قووڵی هەناسە بکێشەو بژمێرە...

دەنگێکی نزم لە ژێر دەمامکەکەوە، بە هێمنی هەڵیدایە:

- زۆر چاکە، پێشوەختە داوای بوردن دەکەم، ئەگەر قسەیەکی نابەجێ و دزیوم کرد.

دکتۆر، خۆی پێنەگیراو بزەیەکی بۆ کرد.

یەکەمین دڵۆپە کلوروفۆرم ڕژا. بۆنێکی ناخۆش وخنکێنەری هەبوو، کورچاگین هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و کەوتە ژماردن. بەمجۆرە یەکەمین قۆناغی تراجیدیاکەی وی دەستی پێکرد.

***

ئارتیم، زەرفی نامەکەی هەڵپچری، نامەکەی بە نیگەرانییەکی گۆنگەوە کردەوە، یەکەمین دێڕی بە چاو، ڕاو کرد، ئەوسا بە پەلە وبێ پسانەوە لە سەر خوێندنەوە بەردەوام بوو:

ئارتیم! ئێمە زۆر بەکەمی نامە بۆ یەکدی دەنێرین، لە ساڵێکا جارێ یان دوو جار بە نامە یەکدی بەسەر دەکەینەوە. ئایا عیبرەت لە ژمارەو چەندیەتی ناماندایە؟ تۆ دەنووسیت بە ماڵەوە لە شپتوفکاوە چووی بۆ دەبۆی قیتاران لە کازاتین تا خۆت ڕیشەکێش بکەی. من دەزانم ئەو ڕەگ وڕیشانە لە دەروون وناخی ستیشا و کەسوکارەکەیدایە، دەروونی پاشکەوتوو، دەروونی خوردە موڵکداران. زۆر زەحمەتە دەروونی خەڵکانی وەکو ستیشا بێتە گۆڕین. دەترسم لەوەدا سەرکەوتوو نەبیت. تۆ دەڵێی " بەم پیریە خوێندن وفێر بوون زەحمەتە " . بەڵام پێشڤەچوونی تۆ لەم وارەدا باشە. تۆ لە سەر هەق نیت کە بەو ڕژدیە، سووری لە سەر ئەوەی کاری سەرۆکی سۆڤیاتی شار نەکەیت. باشە تۆ لە پێناوی وەدی هاتنی دەسەڵاتی سوڤیاتیدا خەباتت نەکردووە؟ کەواتە قەبووڵی بکە، لە سبەی زووتر نییە، بەرپرسیاتی سۆڤیاتی شار وەربگرەو دەست بەکار بە.

جا با باسی خۆمت بۆ بکەم. وەزعم باش نییە. بەزۆری بەرێی نەخۆشخانەوەم. دووجاران نەشتەرگەریم بۆ کراوە، خوێنێکی زۆرم لە بەر ڕۆییوە، زۆر بێ هێز

بووم، تا ئێستا کەس پێی نەگوتم، کەی لەم ڕەوشە ڕزگار دەبم. کار ناکەم، کارێکی تازەم بۆ خۆ دۆزیوەتەوە کە ناوی "نەخۆشی " یە.

بە ڕاستی ئازارێکی زۆر دەچێژم، ئەژنۆی لاقی ڕاستم وشک بووە، ناجووڵێت. لە دوا معایەنەی پزیشکاندا ئەوە دەرکەوتووە کە حەوت ساڵ لەمەپێش جەزرەبەیەک بەر مۆرەغەی پشتم کەوتووەو ئێستاش دەڵێن لەوەیە ئەم جەزرەبەیە زۆرم لە سەر بکەوێ. من ئامادەم تەحەمولی هەر شتێک بکەم، بەو مەرجەی بتوانم بگەڕێمەوە سەر کار. بە لای منەوە، لە ژیانا هیچ شتێک لەوە ترسناکترو ناخۆشتر نییە کە توانای کارکردنم نەمێنێ وڕیزی خەبات بەجێ بێڵم. تەنانەت ناتوانم بە خەویش بیر لە شتی وا بکەمەوە. هەر بۆیە مل بۆ هەموو ئەو شتانە دەدەم کە پێمی دەڵێن، بەڵام هەست بە چاکبوون ناکەم. هەورەکان بەرەبەرە خەست تر دەبنەوە. دوای یەکەمین نەشتەرگەری، هەر کە هەستامەوە سەر پێیان، بۆ سەر کار گەرامەوە، بەڵام زۆری پێنەچوو بۆ خەستەخانەیان گەڕاندمەوە. ئێستاش نووسراویان بۆ کردووم بۆ ئاسایشگەی " مانیاک " لە یفباتوریا، سبەینێ بۆ ئەوێندەر دەڕۆم. ئارتیم خەم مەخۆ، من بابایەکی گیان سەختم هەروا بە ئاسانی نامرم، عەمری من بایی سێ کەس دەکات. جارێکی دیکەش دەگەڕێمەوە سەر کار برام. ئاگات لە تەندروستی خۆت بێ براله. خۆت ماندوو مەکە، بە گوێرەی تاقەتی خۆت کاربکە، خۆت مەڕەتێنە، کە نەخۆش بکەوی، چاکبوونەوەت زەحمەتە، چاکبوونەوەت لەسەر حیزب زۆر دەکەوێ. ساڵان ئەزموونمان زیاد دەکەن، خوێندن وفێر بوون و ئەم شتانە بۆ ئەوە نییە هەر بەڕێی نەخۆشخانەوە بین، دەستەکانت دەگوشم.

" پاڤل کورچاگین "

لەو کاتەدا کە ئارتیم برۆ چرەکانی وێکهێنابووەوەو نامەی براکەی دەخوێندەوە، پاڤل، لە نەخۆشخانە دوعاخوازی لە باژانوڤا دەکرد، باژانوڤا، بە دەم تەوقە کردنەوە پرسی:

– سبەی بۆ قرم دەڕۆیی؟ ئەدی ئەمڕۆ لە کوێ بەسەر دەبەی؟

کورچاگین بەرسڤی دایەوە:

– ئێستا هاوڕێ رودکینا دێت. ئەمڕۆ وشەوێ لە ماڵی ئەوان بە سەر دەبەم. بەیانیش تا وێستگا لە گەڵما دێت وبەڕێم دەکات.

پاژانوڤا، دورای دەناسی کە زوو زوو دەهات بۆلای پاڤل.

– هاوڕێ کورچاگین، لە بیرت ماوە کە ڕێکەوتین بەر لە سەفەرەکەت بابم بدینی؟ من بە دوور و درێژی باسی تەندروستی تۆم بۆ کردووە. حەز دەکەم ئەو معایەنەت بکات. دەرفەت هەیە کە ئەم ئێوارەیە، ئەو کارەت بۆ بکات.

کورچاگین، یەکسەر قاییل بوو.

پاژانوڤا، ئەو ئێوارەیە پاڤلی بۆ ئۆفیسە گەورەکەی بابی برد.

جەڕاحی بناڤ ودەنگ، بە ئامادەبوونی کیژەکەی معایەنەیەکی وردی کورچاگینی کرد. پاژانوڤا، ئەشیعەکان وئەنجامی هەموو معایەنەکانی لە " کلینیک "وە هێنابوو. " ئیرینا ڤاسیلوڤنا " ( پاژانوڤا ) دوای ئەوەی بابی بە لاتینی ڕستەیەکی دوور و درێژی بە گوێیدا دا، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا، پاڤل هەستی بە ڕەنگ بزرکانەکەی پاژانۆڤا کرد. پاڤل چاوی بڕییە سەرە کەچەڵە گەورەکەی پرۆفیسور، هەوڵیدا شتێک لە چاوە تیژەکانیا بخوێنێتەوە، بەڵام باژانوف لەو پیاوانە نەبوو بە ئاسانی بیرەکانی بخوێنرێتەوە .

کاتێ پاڤل جلەکانی لەبەر کرد، باژانوف بە ڕێز وحورمەتەوە خواحافیزی لێکرد، دەچوو بۆ کۆبوونەوەیەک، کیژەکەی ڕاسپارد کە ئەنجامی معایەنەکە بە پاڤل بڵێت.

کورچاگین، لە ژوورەکەی " ئیرینا سپلوڤنا " دا کە بە زەوق وسەلیقەیەکی یەکجار بەرزەوە ڕازابووەوە، لە سەر قەنەفەیەک پاڵکەوت وچاوەنۆڕی ئەوە بوو باژانۆڤا قسە بکات، بەڵام نەیدەزانی چۆن دەست پێبکات، چ بڵێت، ئەمە کارێکی یەجگار

قورس بوو. باوکی بە کیژەکەی گوتبوو کە زانستی پزیشکی هێشتا ئەو ئەوزارانەی نییە کە بتوانێ ئەو هەوە کوشندەیەی بەگیانی پاڤلدا بڵاو دەبێتەوە ڕابگرێت. ئەو پێی وابوو نەشتەرگەری فایدەی نییە " فەلەجی چاوەڕوانی ئەم گەنجەیە و ئێمە ناتوانین ڕێگەی لێبگرین "

باژانوڤا، چ وەکو دکتۆر و چ وەکو دۆست، نەیدەتوانی هەموو حەقیقەتێک بە پاڤل بڵێت، بۆیە زۆر بە پارێزەوە بەشێک لە حەقیقەتەکەی بۆ گێڕایەوە.

– هاوڕێ کورچاگین، من دڵنیام کە گڵی کانزایی یفباتوریا گۆڕانێک لە سەر تەندروستیت چێدەکات و دەتوانی بۆ پاییز بگەڕێیتەوە سەرکار.

لە کاتێکدا ئەو قسەیەی دەکرد، لە بیری چوو بوو کە دووچاوی تیژ بەردەوام چاودێریان دەکرد. پاڤل گوتی:

– من بە قسەکانتا، یا بە گوتەیەکی دی بەو قسانەدا کە دەیان شارییەوە، وا هەست دەکەم ڕەوشی سەلامەتیم زۆر خراپە. ئەوەت لەبیر بێت کە من داوام لێکردیت کە بە ڕاشکاوی و بێ هیچ پێچ و پەنا قسەم لەگەڵدا بکەیت. پێویست بەوە ناکات هیچم لێ بشاریتەوە. نە دەبورێمەوە و نە خۆم دەکوژم، بەڵام زۆر حەزدەکەم بزانم چ شتێک چاوەڕوانمە.

باژانوڤا، بە شۆخی خۆی لە مەسەلەکە پەڕاندەوە.

ئیدی پاڤل، ئەو شەوە، حەقیقەتی دەبارەی ئایندەی خۆی نەزانی. لە کاتی دوعاخوازیدا باژانوڤا بە هێمنی گوتی:

– هاوڕێ کورچاگین، دۆستایەتی من لە بیرمەکە. ئیدی ئەوە ژیانە هەموو شتێکی تیا ڕوو دەدات، هەر کۆمەکێک یان شیرەت وئامۆژگارییەکت پێویست بوو بە نامە ئاگادارم بکەوە. هەرچیم لە توانادا بێت بۆتی دەکەم.

" ئیرینا ڤاسیلوڤنا " ( باژانوڤا ) لە پەنجەرەکەوە ڕوانیە بالآ بەرزەکەی پاڤل، کە چاکەتێکی چەرمی لەبەر بوو و خۆی دابوو بە سەر گۆپاڵەکەیداو بە قورسی لە بەر دەرگاکەوە بەرەو لای عەرەبانەکە دەڕۆیی.

***

دیسان یڤباتوریا، گەرمای باشوور، هات وهاواری خەڵکی کە بە بەدەنی تاوە سووت و کڵاوی زەردباوی گوڵدۆزییەوە، دەسووڕانەوە. ئوتومبیلی کرێ خەڵکی دەگواستەوەو بە دە خولەک ئەو خەڵکەیان دەگەیاندە بینای دوو نهۆمی ئاسایشگەی " مایناک " کە لە بەرد و قسلآن دروستکرابوو.

پزیشکی خەفەر، نەخۆشەکان بە سەر ژوورەکاندا دابەش دەکات. پزیشکەکە لە بەردەم ژووری یازدەدا وەستا و لە کورچاگینی پرسی: - کارتەکەت لە کوێ بۆ کراوە هاوڕێ؟

- لە کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئۆکرانی.

دکتۆرەکە گوتی:

- کەواتە لێرەت دادەنەین، لە گەڵ هاوڕێ ئیبنەردا. ئەڵمانیە داوای کردووە کەسێکی ڕووسی لە گەڵدا دابنرێ.

دکتۆرەکە دوای ئەو ڕونکردنەوەیە لە دەرگای دا. یەکێک لە ژوورەوە، بە ڕووسییەکی شکاو گوتی: - وەرە ژووری .

کورچاگین، جانتاکەی لە ژوورەکەدا دانا، ئاوڕی دایەوە . پیاوێکی قژ زەردی چاوشینی چاوگەشی بینی کە لە سەر قەرەوێڵەیەک ڕاکشابوو. یارۆی ئەڵمانی بە ڕووخۆشی وبە بزەیەکی شیرینەوە پێشوازی لێکرد .

- گوتن مورگن گنوسە ( بەیانیت باش هاوڕێ ) دەمویست بڵێم سلآو.

ئەوسا خۆی ڕاست کردەوەو، بە دەستە زەرد و قامکە درێژەکانی تەوقەی لەگەڵ پاڤلدا کرد.

دوای چەند خولەکێک ، پاڤل لە بەر دەم قەرەوێڵەکەی ئەو دانیشت، ئیدی بەو زمانە جیهانیەی کە وشە تەنیا دەوری کۆمەکی تیا دەبینی ودەستەواژەێن نامەفهووم، لە ڕێگەی مەزەندە و هێما و وێناوە دێتە فامکرن کەوتنە قسان. پاڤل بۆی دەرکەوت ئیبنەر کرێکارێکی ئەڵمانییە.

ئیبنەر، لە ڕاپەڕینی هامبورگی ساڵی ١٩٢٣ دا، گوللەیەک بە ڕانی کەوتبوو، ئێستا کۆنە برینەکەی هەوی کردبووەوەو لە جێگادا خستبووی. ئیبنەر، وێڕای دەرد وئازارەکەی، پیاوێکی ڕووخۆش و بە ورە بوو، بۆیە یەکسەر چووە دڵی پاڤلەوە.

پاڤل، هاوژووری لەو باشتری دەست نەدەکەوت. ئەم پیاوە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ باسی نەخۆشیەکەی خۆی وگلەیی وسکاڵا ناکات. بە پێچەوانەوە، پیاو لە گەڵ ئەودا دەردو ئازارەکانی خۆی لە بیر دەکات. پاڤل لە دڵی خۆیدا گوتی: " بەڵام حەیفێ من ئەڵمانی نازانم " .

***

لە سووچێکی باخی ئاسایشگەکەدا، چەند کورسییەکی جۆلانەیی و مێزێکی دار حەزەیران و دوو عەرەبانە بۆ گواستنەوەی نەخۆشەکان هەبوون. پێنج نەفەر، لەوانەی کە نەخۆشەکان ناویان نابوون ( کۆمیتەی تەنفیزی کومنترن )، دوای چارەسەری نوژداری هەموو ڕۆژەکەیان لەم سووچەدا دەبردە سەر.

ئیبنەر، لە نێو یەکێک لە عەرەبانەکاندا، نیوە پاڵکەوتنێک پاڵی دەدایەوە. کورچاگین، کە ڕێکردنی لێ قەدەغە کرابوو، عەرەبانەکەی دیکەی بەکار دێنا. بەڵام سیانەکەی دی یەکێکیان ئەستونیاییەکی قەڵەو بوو بە ناوی ڤایمان کە لە سکرتاریەتی میللی بازرگانی کۆماری قرم کاری دەکرد. دووەمیان " مارتا لاورین " ی ناو بوو، ئەمە ژنێکی لاتڤیایی چاو قاوەیی بوو کە زیاتر لە کیژێکی هەژدە ساڵان دەچوو،

سێیەمیان ناوی لیدنیف بوو خەڵکی سیبریا بوو، زەلامێکی باڵابەرزی کەتەی دێو ئاسا بوو، لا جانگەکانی بۆز بووبوون. لە ڕاستیا پێنج میللەت لێرە خڕ بووبوونەوە. ئەڵمانی، ئەستۆنی، لاتڤی، ڕووسی و ئۆکرانی. ڤایمان و مارتا زمانی ئەڵمانیان باش دەزانی. ئیبنەر، وەکو دیلمانج ( وەرگێڕ ) سوودی لەوان وەردەگرت.

هاوژووری، پاڤل و ئیبنەری کرد بە دۆست و برادەر. زمان ، مارتا و ڤایمانی لە ئیبنەر نزیک کردنەوە. گەمەی شەترەنج لیدنیف وکورچاگینی لێکدی نزیک کردەوە.

کورچاگین، تا هاتنی لیدنیف، " قارەمانی " شەترەنجی ئاسایشگەکە بوو. ئەم نازناوەی، دوای پێشبڕکێیەکی توند لە سەر یەکەمی، لە ڤایمان وەرگرت. ڤایمان دۆڕا، ئەم دۆڕانەی مجێزی ڤایمانی ئەستونیایی تێک دا. ماوەیەکی زۆر لە سەر ئەمە لە پاڤل زویر ودڕدۆنگ بوو. بەڵام، هەر زوو پیرەمێردێکی باڵابەرز، هەرچەند تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، بەڵام زۆر گەنجتر دەهاتە بەرچاو، هاتە ئاسایشگەکە، داوای لە کورچاگین کرد کە دەستێک یاری شەترەنجی لە گەڵدا بکات. کورچاگین، کە وێنای نەدەکرد، بەرانبەری لە یاریزانێکی کارامە و زەبەردەست گرتووە، بێخەم وبێ ترس پیادەیەکی بەردەم وەزیری جوڵاند. لیدنیف، بە جوڵاندنی، پیادەیەکی ناوەڕاست وەڵامی دایەوە. پاڤل، دەبوایە وەکو قارەمانی شەترەنج، لەگەڵ هەر شەترەنج زانێکا کە دەهاتە ئاسایشگەکە، یاری بکات. هەمیشە خەڵکانێکی زۆر دەهاتنە تەمەشای ئەم جۆرە یاریانە. دوای جوڵەی نۆیەم، پاڤل بینی کە چۆن پیادەکانی لیدنیف، هێرشی بۆ دێنن وبە هێوری تەنگی پێ هەڵدەچنن. هەستیکرد کە لە هەنبەر هەڤڕکێکی زۆر خەتەردایە، ونە دەبوو بە خەمساردی و بێ موبالاتیەوە دەست بە یارییەکە بکات. دوای هەڤڕکییەکی سێ سەعاتە، وێڕای هەموو هەوڵ وبەرخۆدانێکی پاڤل، ئەنجام ناچار تەسلیم بوو. بەرلە هەموو ئەوانەی دەورو بەری دۆڕانەکەی خۆی بینی.

پاڤل، تەمەشای حەریفەکەی خۆی کرد. لیدنیف ، بزەیەکی باوکانەی پڕ میهری بۆ کرد. دیارە ئەویش هەستی بە دۆڕانەکەی پاڤل کرد. یارۆی ئەستونیایی کە بە

هەڵچوونەوە پەیگیری یارییەکەی دەکرد، هەرچەندە پڕ بە دڵ حەزی دەکرد کورچاگین بدۆڕێ، بەڵام هەستی بەوە نەدەکرد کە کورچاگین بەرەو شکست و دۆڕان دەچێت. پاڤل گوتی:

– من هەمیشە تا دوا پیادە یاری دەکەم.

لیدنیف، لە وەڵامی ئەو قسەیەدا کە هەر ئەو لە ماناکەی دەگەیی، سەری لەقاند.

کورچاگین لە ماوەی پێنج ڕۆژدا، دە یاری لە گەڵ لیدنیفدا کرد، حەوت دەستی دۆڕاند، دوو دەستی بردەوە، دەستێکیش بەرانبەر دەرچوو.

ڤایمان، کە لە خۆشیا بسکەی سمێڵی دەهات گوتی:

– زۆر سوپاس، هاوڕێ لیدنیف! باشت کوتا، هەقی خۆیت لە قولی مستی نا! بۆڕی بە هەموومان دا، ئاخری خۆشی بە پیرەمێردکی دۆڕاند، ها، ها، ها! ...

ڤایمان، بۆ ئەوەی حەریفە سەرکەوتووەکەی خۆی، کە بە لیدنیف دۆڕابوو، تووڕە بکات گوتی: – ها، تامی دۆڕان چۆنە؟ ناخۆشە؟

کورچاگین، نازناوی قارەمانی لە دەست دا. بەڵام لە هەنبەر ئەم شانازی وشۆرەتە منداڵانەیەدا، پاشان، کەسێکی دۆزییەوە کە بوو بە دۆستێکی نزیک وئازیزی. هەڵبەتە دۆڕانەکەی کورچاگین لە یاری شەترەنجدا، ڕێکەوت نەبوو. ئەو لە یاری شەترەنجدا تەنیا ستراتیژییەکی سەڤە سەرڤەی دەزانی، یارییەکەی بە کەسێکی کارامە دۆڕاند، کە لە هەموو ڕاز و ڕەمزەکانی یارییەکە بەڵەد بوو.

کورچاگین ولیدنیف، یەک مێژووی هاوبەشیان هەبوو: کورچاگین لە هەمان ڕۆژا لە دایک بووبوو کە لیدنیف چووبووە ڕیزی حیزبەوە. هەر دووکیان، نوێنەری نموونەیی هەر دوو نەوەی کۆن و نوێی حیزبی بوڵشەفیک بوون.

یەکێکیان ئەزموونێکی گەورەی حەیاتی و سیاسی، ساڵانێک لە خەباتی نهێنی، زندانێن تزاری و پاشان پۆست وکاری دەوڵەتی هەبوو و دووەمیان گەنجێکی

خوێن گەرم بوو و تەنیا هەشت ساڵ خەباتی هەبوو، بەڵام ساڵانێکی یەجگار دژوارو پڕ هەورازو نشێو، هەر دووکیان، پیرەمێردەکە و گەنجەکەش، خاوەنی دڵێکی بەجۆش و تەندروستییەکی نەخۆش بوون.

ژوورەکەی ئیبنەرو کورچاگین، شەوان دەبوو بە یانە. هەموو نووچە و هەواڵە سیاسیەکان لەوێندەرەوە بڵاو دەبوونەوە. شەوان، ژووری ژمارە یازدە پڕ دەبوو لە هەرا وهەنگامە.

ڤایمان، هەوڵیدەدا، نوکتە وحیکایەتێکی بێپەردە بگێڕێتەوە. زۆری حەز لە نوکتەی مەکشوف بوو. بەڵام زوو بە زوو دەکەوتە بەینی بەرداشی مارتاو گورچاگینەوە. مارتا دەیتوانی بە تەوس و توانجێکی ناسک تەریقی بکاتەوەو دەم کوتی بکات، ئەگەر تەشەرەکەی مارتا کاری تێنەکردبا، کورچاگین هەڵیدەدایە و بە توندی بە دەمیا دەدایەوە:

- ڤایمان، دەبوایە پرسمان پێبکەی، بەڵکو ئەم نوکتانەی تۆ بابەتی زەوقی ئێمە نەبن... من نازانم ئەم نوکتانە لە کوێوە دێنی و ئەمە چ زەوقێکە تۆ هەتە!...

ڤایمان، لێوە گۆشتنەکانی هەڵدەقورتاند و چاوە چکۆلەکانی بە خەڵکەکەدا دەگێڕا.

- پێویستە لە دایەرەی سەرەکی بانگەشەی سیاسیدا، بەشی چاودێری ئەخلاقیش بکرێتەوە، من پێشنیاز دەکەم کورچاگین بکرێ بە سەرۆکی چاودێرەکان. من دەزانم، مارتا هەقی خۆیەتی، ئەمە زادەی تەبیعەتی ژنانەی خۆیەتی. بەڵام کورچاگین دەیەوێ وەکو منداڵێکی بێگەرد خۆی بنوێنێ، وەکو کورپێژگەیەکی کومسومولی خۆی بنوێنێ...

من حەز ناکەم چۆلەکەکەی ئەمساڵ ڕێ بەوەی پار نیشان بدات.

پاشان، دوای ئەم گەنگەشەیە دەربارەی ئەخلاقیاتی کۆمۆنیستی، بابەتی نۆکتەێن بێ پەردە، خرایە مناقەشەی جدییەوە. مارتا، بۆچوونەکانی بۆ ئیبنەر پاچڤە کرد.

ئادەم ئیبنەر گوتی: - نۆکتەی سێکسی شتێکی زۆر باش نییە، من لەگەڵ بۆچوونەکەی پاڤلوشا دام.

ڤایمان، ناچار بوو پاشەکشە بکات. بە گوێرەی توانا بە شۆخی وەڵامی دەدایەوە، بەڵام لەوە بە دواوە وازی لە گێڕانەوەی نوکتەی سێکسی هێنا.

کورچاگین، وایدەزانی مارتا ئەندامی کومسومولە. بە ڕواڵەتیا بە نۆزدە ساڵی دەقرساند. بەڵام کە لە گفتوگۆیەکیاندا بۆی دەرکەوت مارتا لە ساڵی ١٩١٧وە ئەندامی حیزبە، و حاڵی حازر تەمەنی سی و یەک ساڵە و یەکێک بووە لە ئەندامە زۆر چالاکەکانی حیزبی کۆمۆنیستی لاتڤی، زۆری پێ سەیر بوو. لە ساڵی ١٩١٨ دا سپییەکان، حوکمی گوللەبارانیان دابوو، پاشان لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەدا، لە لایەن حکومەتی سۆڤیاتیەوە ئاڵوگۆڕیان پێکرابوو، ئێستاش لە پراڤدا دا کاردەکات ولە هەمان کاتدا، دەوامی زانکۆش دەکات. کورچاگین نەیزانی کە دۆستایەتی وان چۆن دەستی پێکرد، بەڵام ئەم ژنە چکولە لاتڤونیە کە زۆرجار هاتوچۆی ئیبنەری دەکرد، بوو بە ئەندامی هەمیشەیی گروپە پێنج نەفەرییەکە.

" ئەگلیت " کە لە ڕێکخستنی نهێنیدا کاری دەکردو وەکو مارتا خەڵکی لاتڤیا بوو، بە تانە و تەشەرەوە شۆخی لە گەڵ مارتادا دەکرد.

- مارتا، " ئوزول " ی داماو بە تەنیا لە مۆسکۆ چ بکات؟ ئاخر وا نابێ!

بەیانیان، یەک خولەک بەر لە لێدانی زەنگ، دەنگی کەڵەبابێک لە نێو ئاسایشگەکەوە بەرز دەبووەوە. ئیبنەر، زۆر بە جوانی لاسایی دەنگی کەڵەشێرەکەی دەکردەوە. هەموو هەوڵی کارمەندانی ئاسایشگەکە بۆ دۆزینەوەی ئەم کەڵەشێرە، کە کەس نەیدەزانی چۆن خۆی بە ئاسایشگەکەدا کردبوو، بە فیڕۆ چوو. ئیبنەر زۆر بەمە دڵخۆش بوو.

پاڤل، لە کۆتایی مانگی یەکەمدا، هەستیکرد، تەندروستی خراپە. دکتۆرەکان داوایان لێکرد، لە جێگاکەی هەڵنەسێ. ئیبنەر بەمە زۆر خەمباربوو. ئەم بولشەفیکە

گەنجەی زۆر خۆش دەویست، گەنجێک بوو ژیاندۆست، زندە دڵ، بە سەبر و حەوسەڵە، هەرگیز خەفەتی نەدەخوارد، ژیانی لێ هەڵدەقولا وبەم گەنجییە سەلامەتی خۆی لە دەست دابوو.

کاتێ مارتا، بە ئینبەری ڕاگەیاند کە پزیشکەکان پێشبینی ئایندەیەکی تراجیدی بۆ کورچاگین دەکەن، ئادەم ئیبنەر زۆر نیگەران بوو. دکتۆرەکان، بە درێژایی مانەوەی کورچاگین لە ئاسایشگەکە " ساناتوریوم " ڕێگەیان پێ نەدا، لە جێگا بێتە دەرێ و ڕێ بکات.

پاڤل، توانی دەرد و ئازارەکانی لەوانەی دەوروبەری وەشێرێ، بەڵام مارتا، بە ڕەنگ و ڕووە سیسەڵە وچرچەڵەکەیا هەستی پێکرد. بە هەفتەیەک بەر لەوەی لە ئاسایشگەکە وەدەرکەوێت، پاڤل نامەیەکی لە کۆمیتەی ناوەندی ئوکرانیاوە پێگەیی، کە پێیان ڕاگەیاندبوو، ماوەی مۆڵەتەکەیان دوو مانگ بۆ درێژ کردووەتەوەو بە گوێرەی ڕاپۆری نوژداری، مەحاڵە بەم ڕەوشەی ئێستایەوە، بشێت بۆ سەر کارەکەی بگەڕێڕێنرێتەوە. لەگەڵ نامەکەدا پارەشی بۆ نێردرابوو.

پاڤل، ئەم یەکەمین جەرزرەبەیەی وەکو ئەوسای کە ژوخرای فێری بۆکسێنی دەکرد، وەرگرت. ئەوساش کەوت بەڵام یەکسەر هەڵسایەوە.

لە ناکاوا، نامەیەکی چاوەنۆڕ نەکراوی لە دایکییەوە پێگەیی، پیرەژن لە نامەکەیا نووسیبووی کە هاوخوشکێکی کۆنی هەیە بە نێوی " ئالبینا کیوتسام " ئەمە لە شارۆچکەیەکی بەندەری، نزیکی یفباتوریا دەژی. تکای لە کوڕەکەی کردبوو، سەردانی ئەم دەستە خوشکەی بکات کە پازدەساڵ بوو نەیبینی بوو. ئەم نامە لە ناکاوە، دەورێکی یەجگار گەورەی لە ژیانی پاڤلدا بینی.

دوای هەفتەیەک، هاوڕێیانی ئاسایشگەکە، لە بەندەرەکەدا دوعاخوازییەکی یەجگار گەرمیان لە پاڤل کرد. ئیبنەر، لە کاتی دوعاخوازییەکەدا، پاڤلی برایانە لە هەمێز گرت وبە گەرمی ماچی کرد. بەڵام مارتا دیار نەبوو، پاڤل، بە بێ دوعاخوازی لەو، ڕۆیی.

ڕۆژی دوایی، لای بەیانییەکەی، ئەو گالیسکەیەی کە پاڤلی لە بەندەرەکەوە بردبوو، لە بەر ماڵێکی بچوکا، کە باغچەیەکی هەبوو ڕاوەستا، کورچاگین یاوەرەکەی نارد تا بپرسێت ئاخۆ "کیوتسام " لێرە دەژی.

ماڵباتی کیوتسام، پێنج نەفەر بوون. ئالبینا کیوتسام کە دایکیان بوو، پیرەژنێکی قەڵەو بوو، نیگایەکی خەمین بە سەروچاوە ڕەشەکانیەوە دیاربوو، شوێنەواری جوانییەکی کۆن بە ڕوخسارە پیرەکەیەوە مابوو. " لیلیا و تایا " ی کیژی، کوڕەکەی لیلیا و کیوتسامی پیرەمێرد، کە ئەوەندە قەڵەو بوو ڕێک لە بەرازی دابەستە دەچوو.

یارۆی پیرەمێرد، لە دووکانێک کاری دەکرد، " تایا " ی کچە بچووکی هەر کارێکی دەست بکەوتبا دەیکرد و لیلیا کە تایپیست بوو، ماوەیەکی کورت بوو کە لە مێردە بەد مەستەکەی جیابوو بووەوەو بە بێکار لە ماڵەوە دانیشتبوو و کوڕەکەی بەخێو دەکردو لە کارو باری ماڵەوەدا یارمەتی دایکی دەدا.

ئەم خانەوادەیە کوڕێکی دیکەشیان هەبوو، بە نێوی جۆرج، بەڵام لەو کاتەدا لە لینینگراد بوو.

ماڵباتی کیوتسام زۆر بە گەرمی پێشوازی کورچاگینیان کرد، تەنیا پیرەمێردەکەیان نەبێ کە نیگایەکی نامیهرەبان و بە پارێزەوەی کورچاگینی کرد.

پاڤل، بە کاوەخۆ هەرچی بەسەر ماڵباتی کورچاگیندا هاتبوو لە سیری تا پیازی بۆ ئالبینا گێڕایەوەو ئەوسا کەوتە ئەحواڵپرسی ژیان و گوزەرانی ماڵباتی کیوتسام.

لیلیا، تەمەنی بیست ودوو ساڵ بوو، کیژێکی سادە بوو، قژە خورماییەکەی کورت کردبووەوە، دەموچاوێکی پان وڕووخۆشی هەبوو، یەکسەر ڕوی لە گەڵ پاڤلدا کرایەوەو مامەڵەیەکی دۆستانەی لەگەڵدا کرد، هەموو نهێنییەکانی ماڵباتەکەیانی بۆ باسکرد. پاڤل، لە قسەکانی ئەوەوە بۆی بە دیارکەوت کە یارۆی پیرەمێرد، زۆر دیکتاتۆرانە مامەڵە دەگەڵ خانەوادەکەدا دەکات. کەمترین سەربەستی و ئازادی پێ

ڕەوا نەدەبینین، لەسەر بچووکترین شت سەرکوتی دەکردن، ئیدی ئەم کابرا کورت بین وکۆنەپەرست وسەختگیرە، بە جۆرێ تەنگی بەمماڵباتە هەڵچنی بوو، کە لە ترس ودڵەڕاوکێی بەردەوامدا دەژیان. ئیدی بەم هەڵوێست و ڕەفتارانەی، نەفرەت و بێزاری هەر دوو کیژەکەی و ڕق وکینەی ژنەکەی کە بیست وپێنج ساڵ بوو ژن ومێرد بوون، بەرانبەر بە خۆی هاروژاندبوو. کیژەکان هەمیشە لایەنی دایکیان دەگرت و ئەو شەڕ و قەرقەشە خێزانییە ژیانی لێ تاڵ کردبوون.

ئیدی بەمجۆرە، بە دەم قەرقەشە و شەڕێن بچووک وگەورەوە ڕۆژگاریان بەسەر دەبرد.

جورجیش، بەڵا و سەرباری دووەمی ماڵباتەکە بوو . بە گوێرەی قسەکانی لیلیا، کەسێک بوو خۆپەسند، لووت بەرز، قۆڕە دەماخ، فشەکەر، نەوسن و ئاشقی جل وبەرگی شیک و ئەهلی خواردنەوە بوو. دوای ئەوەی جورج، کە ئازیزی دوڕدانەی دایکی بوو، وەختایەک خوێندنی دواناوەندی تەواو کرد، پێی لە داکی کردە کەوشەوە کە پارەی بداتێ تا بڕوات بۆ پایتەخت، دەیگوت:

- من بۆ زانکۆ دەچم، با لیلیا کلکەوانەکەی بفرۆشێت و تۆش شتەکانت بفرۆشە، من پێویستم بە پارەیە، ئیدی لە کوێی پەیدا دەکەن، بیکەن.

جۆرج کە دەیزانی دایکی بێ دڵی ناکات و هیچ داوایەکی ڕەفز ناکات، زۆر نامەردانە پێی لێ دەکردە کەوشەوە. زۆر بە بێ ڕێزی تەمەشای خوشکەکانی دەکرد، خۆی لەوان بە گەورەتر دەزانی، دایکی، هەر پارەو پولێکی لە پیرەمێرد بکێشاباوەو ئەو پارەیەی تایا پەیدای دەکرد، بۆ کوڕەکەی دەنارد. بەڵام کوڕەی تاین، لە تاقیکردنەوەدا، ناکام بوو. بە بروسکە هەڕەشەی لە داکی دەکرد کە پارە و خەرجی بۆ بنێرێ، بە خۆیشی، لە نک مامی بە خۆشی دەژیا.

کورچاگین، تا شەوانێکی درەنگ کیژە بچووکەکەی، واتە تایای نەبینی. دایکی لە ناو دەرگاکەدا بە چپە پێی گوت میوانیان هەیە. کیژێ، بە پەشۆکاوی وبە دەم

خێرهانینەوە تەوقەی لەگەڵ پاڤلدا کرد، لە بەردەم ئەم گەنجە نەناسەدا، سوور بووەوە. پاڤل، دەستە بەهێزو زبرەکانی کیژەی کەمێک لە نێو دەستی خۆیدا ڕاگرت.

تایا، تازە پێی نابووە ناو تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە. جوان نەبوو بەڵام چاوە گەورەو قاوەییەکانی، برۆ مەنگولییە باریکەکانی، دفنە ڕێک وجوانەکەی، لێوە تەڕە سفتەکانی شەقڵێکی جوانیان پێبەخشی بوو. مەمکە قوتەکانی لە ژێر بلوزە کرێکارییەکەیەوە، خۆیان دەنواند.

جووتە خوشک، لە دوو ژووری زۆر بچووکدا دەژیان. ژوورەکەی تایا، قەرەوێڵەیەکی باریکی تیابوو، کومەدییەکی تیابوو پڕبوو لە ئەسبابی خۆ جوان کردن وئاوێنەیەکی بچووکی بە سەرەوە بوو. نزیکەی سی وێنە و پۆست کارتی ڕەنگاوڕەنگ بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو. دوو گوڵدان لە تاقچەی پەنجەرەکەدا دانرابوون، کە یەکێکیان گوڵی شەمانی سوور و ئەویتریان گوڵە مینای کاڵی تیابوو، پەردەیەکی دانتێلا کە، بە پەنجەرەکەوە هەڵواسرابوو، کۆکرابووەوەو بە نەوارێکی شین بەسترابوو.

لیلیا، بە دەم شۆخیەوە لە گەڵ خوشکەکەیدا گوتی:

– تایا، حەزناکات، نوێنەرانی ڕەگەزی پیاو بچنە ژوورەکەیەوە کەچی وەکو دەبینی بۆ تۆ قسە ناکات.

شەوی دووەم، ماڵباتەکە، هەموو بۆ چاخواردنەوە، لە نێو ژوورەکەی پیرە دایباب کۆبوونەوە. تایا. لە ژوورەکەی خۆیدا بوو و لەوێندەرەوە گویی لە قسەکانی وان دەگرت.

کیوتسام، لێبڕاوانە چایەکەی تێک دا، لە سەروو عەینەکەکەیەوە مۆڕەی لە میوانەکە، کە لە بەرانبەری دانیشتبوو دەکرد، گوتی:

– من داب ونەریتی ئێستای زەوجین وخێزانداریم بە دڵ نییە. پیاو بە کەماڵی ئازادی ئەگەر بیەوێ ژن دێنێ و ئەگەر بیەوێ لێ جیادەبێتەوە.

گەرووی پیرەمێرد هاتە خورو و کۆکەیەکی کرد. نەفەسێکی تازە کردەوە و ئاماژەی بۆ لیلیا کرد :

– ئا ئەمە بە بێ پرس شووی بە دڵدارەکەی کرد و بە بێ پرس لێی جیابووەتەوە. ئێستا دەبێ خۆشم بێ ترشم بێ خۆی و منداڵەکەی بەخێو بکەم. عەجەب حەیا چوونێکە!

لیلیا، لە شەرما سوور بووەوە، چاوە بە فرمێسکەکانی لە پاڤل دەشاردەوە.

پاڤل، بێئەوەی چاوانی، کە گریان لێدەبووەوە، لە پیرەمێرد بگوازێتەوە پرسی:

– باشە بە بۆچوونی تۆ، دەبوایە لە گەڵ ئەو مێملەدا بژی؟

– دەبوایە، تاقیبی بکردایە و بیزانیبا شوو بە کێ دەکات.

ئالبینا، خۆی لە قسەکان هەڵقورتاند، بە تۆبزی خۆی کۆنترۆڵ کرد و بە پچڕپچڕی کەوتە قسان:

– گوێ بگرە پیرەمێرد، بۆچی لە حوزووری کەسێکی بیانیدا ئەم قسانە دەکەیت؟ ئەگەر قەرارە قسە بکەی، چی زۆرە بابەت زۆرە.

پیرەمێرد ئاوڕێکی لێدایەوە.

– من خۆم دەزانم چی دەڵێم! لەکەیەوە بوویت بە مامۆستام؟

پاڤل، شەوێ، ماوەیەکی زۆر بیری لە ماڵباتی کیوتسام کردەوە. ئەو کە بە ڕێکەوت بۆ ئێرە هاتبوو، بە بێ ویستی خۆی بوو بە شەریکی کارەساتی خانەوادەییان. بیری لەوە دەکردەوە چۆن یارمەتی ئەم دایک و کچانە بدات تا لەم جەور وئەسارەتە ڕزگاربن، ژیانی شەخسی خۆی زۆر دژوار بوو، دنیایەک کێشەی چارەسەر نەکراوی لەپێش بوو، ئێستا لە ڕەوشێکا نەبوو هیچ بڕیارێکی پێ بدرێت، یان هیچ کێشەیەکی پێ چارەسەر بکرێ.

تەنیا یەک چارەسەر هەبوو: ئەویش ئەوە بوو داکەکە و کچەکانی بە یەکجارەکی لە پیرەمێرد جیاببنەوە. بەڵام ئەم کارە زۆر ئاسانیش نەبوو. توانای ئەوەی نەبوو خۆی بکات بە شەریکی ئەم کودەتا خانەوادەییە، دەبوایە دوای چەند ڕۆژێکی دی بڕۆیشتبایە وخۆیا نەبوو جارێکی دی هەرگیز ئەمماڵباتە بدینێ. وا باشتر نەبوو واز بێنێ و تەپ و تۆز لەم ماڵە تەنگ وناخۆشە بەرپا نەکات؟ بەڵام ڕەزا قورسی یارۆی پیرەمێرد دەستبەرداری نەدەبوو، پاڤل لە زەینی خۆیدا چەند نەخشەیەکی دانا، بەڵام هەموو نەخشەکانی نا عەمەلی دەهاتنە بەرچاو.

ڕۆژی دواتر یەک شەممە بوو، وەختایەک کورچاگین لە بازاڕ گەڕایەوە، تەنیا تایا لە ماڵەوە بوو. ئەوانی دی چووبوونە سەردانی ماڵە خزمان. پاڤل، شەکەت و ماندوو چوو بۆ ژوورەکەی تایا، لە سەر کورسییەک دانیشت ولێی پرسی:

- بۆچی ناچیتە دەرێ بۆ خۆت پیاسەیەک بکەیت و بایەکی باڵی خۆت بدەی؟

تایا بە دەنگێکی نزم بەرسڤی دایەوە: - حەز ناکەم بۆ هیچ شوێنێک بڕۆم.

پاڤل، نەخشەکانی شەوێی خۆی بیر کەوتنەوە ولێبڕا تاقیان بکاتەوە.

پاڤل، بۆ ئەوەی نەبا یەکێک بە سەردا بێت، بە هەشتاو و یەکسەر چووە ناو بابەتەکەوە.

- گوێ بگرە تایا، وەرە با ڕێک و ڕاست، بێ پێچ و پەنا و خۆمانە قسە بکەین، چ پێویستمان بەو ڕووبینی ومجامەلەیەیە؟ من بەم زووانە دەڕۆم. لە کاتێکی خراپا ئێوەم بینی، لە کاتێکا، کە خۆم کەوتوومە ڕەوشێکی خراپەوە، وا نەبوایە دەمانتوانی کێشەکان بە ئاسانی چارەسەر بکەین. ئەگەر ئەمە ساڵێک لەمە پێش ڕووی بدابایە، دەمانتوانی پێکەوە لێرە بڕۆین، هەنگێ کاری زۆر بۆ خەڵکانی وەکو تۆ و لیلیا پەیدا دەبوو! دەبێ واز لەم پیرەمێردە بهێنرێ، مەحاڵە چاک ببێ، بەڵام ئێستا ئەم کارە ناکرێ. من بە خۆیشم نازانم چیم بەسەر دێت. بۆیە هیچ دەسەڵاتێکم نییە، و نازانم چی بکەم؟ هەوڵدەدەم بگەڕێمەوە سەرکار. خوا دەزانێ دکتۆرەکان چ

تووڕەهاتێکیان دەربارەم نووسیوە، هاوڕێیانیش داوام لێدەکەن، هەتا هەتایە خۆم چارەسەر بکەم. بەڵام لەوێ ئەمە دەگۆڕین... ئیدی نامە بۆ داکم دەنووسم و با بزانین چۆن ئەم کارە یەک لایی دەکەینەوە. بە هەرحاڵ، من ئێوە بەم ڕەوشەوە ناهێڵمەوە. بەڵام یەک شت هەیا تایا گیان: دەبێ ژیانی ئێوە، بە تایبەتی ژیانی تۆ، ژێراو ژوور بکرێ، ئایا تۆ ئامادەگی و ئارەزووی ئەو کارەت هەیە؟

تایا، کە سەری لەبەر خۆ نابوو، سەری هەڵبڕی و لەبن لێوانەوە گوتی:

– ئارەزووم هەیە، بەڵام بۆ توانا و ئامادەگی، نازانم.

کورچاگین، لەم بێ متمانەییەی تایا تێدەگەیی.

– قەیدی نییە تانا گیان! مادامێکی ئارەزووت هەیە، ئەویتری خۆمان فەراهەمی دەکەین، بەڵام ئێستا پێم بڵێ ئایا زۆر پابەندی خێزانەکەتانی؟...

تایا، کە غافڵگیر بوو بوو، یەکسەر وەڵامی نەدایەوە. دوای ماوەیەک گوتی:

– من دڵم بە داکم دەسووتێ. بابم عومرێکی تەواوە دەی چەوسێنێتەوە. ئێستاش جۆرج دار ونەداری دەکێشێتەوە. من زۆرم بەزەیی پێیا دێتەوە. هەرچەندە جۆرجی لە من خۆشتر دەوێ.

ئەو ڕۆژە زۆریان قسان لە گەڵ یەکدیدا کرد، پاڤل بە ماوەیەکی کەم بەر لە هاتنەوەی ئەوانی دی بە شۆخییەوە گوتی: – عەجیبە، چۆنە پیرەمێرد، بە تۆبزی بە شووی نەداوی!

تایا، بە ترسەوە، دەستی تەکان دا.

– نا، من شوو ناکەم. من عیبرەتم لە لیلیاوە وەرگرتووە. بە هیچ کلۆجێ شوو ناکەم!

پاڤل، بزەیەکی کرد:

- یانی ئەمە بەڵێنێکی هەتاهەتاییە و بە خۆتت داوە؟ باشە ئەگەر تووشی گەنجێکی ڕێک و پێک و باش بیت، هەر هەمان هەڵوێستت دەبێت؟

- نا شوو ناکەم! هەر هەموو گەنجان تا دەتگەنێ کوڕی باشن، لێ دواتر...

پاڤل، دەستی خستە سەرشانی وگوتی:

- دەی گوێ مەدەیێ، دەتوانی بە بێ مێردش بژی، بەڵام تۆ زۆر لە گەنجان پەستی. حەزناکەم گومانم لێ بکەی و ئەم قسانەم بە ئاشقێنی و خوازبێنی بزانی.

ئەوسا بە شێوەیەکی برایانە دەستە ساردەکانی بە سەر دەستەکانی کیژەی پەشۆکاوا هێنا.

تایا، بە دەنگێکی نەوی بەرسڤی دایەوە:

- پیاوانی وەکو تۆ لە ژنانی وەکو ئێمە ناگەڕێن، چ پێویستیان بە خەڵکی وەکو ئێمەیە.

***

دوای چەند ڕۆژێک، کورچاگین بە سواری قیتار بەرەو خارکوف کەوتە ڕێ. تایا، لیلیا، ئالبینا و روزای خوشکی لە وێستگەکەدا بە ڕێیان کرد. ئالبینا، لە کاتی دوعاخوازیدا، بەڵێنی لە پاڤل وەرگرت کە ئەم دوو کیژە لە بیر نەکات ویارمەتیان بدات و لەم بیرە قووڵەیان دەربێنێ. بە جۆرێ ماڵئاوایی لێکردن وەکو ئەوەی خزمی زۆر نزیک بن. ڕوندک لە چاوانی تایا قەتیس ما. پاڤل ماوەیەکی زۆر لە بەر پەنجەرەی فارگۆنەکە وەستا وتەمەشای دەسرە سپیەکەی دەستی لیلیا و بلوزە خەت خەتەکەی تایای دەکرد.

پاڤل، لە خارکوف، لە ماڵی " پیتیا نوڤیکوڤ "ی دۆستی لایدا، حەزی نەدەکرد، ببێ بە ئەرک بە سەر " دورا " وە، دوای ئەوەی پشووی دا، بۆ کۆمیتەی ناوەندی

ڕۆیی. چاوەڕوانی کرد تا "ئاکیم " هات. کە بە دوو قۆڵی مانەوە، داوای لێکرد کە یەکسەر کارێکی پێ بسپێرێت. ئاکیم سەری بە نیشانەی ڕەفز بادا.

- پاڤل، شتی وا ناکرێ، ئێمە قەرارنامەی لیژنەی نوژداری سەر بە کۆمیتەی ناوەندی حیزبمان لایە کە دەڵێت: " لەبەر ئەوەی تەندروستی خراپە، دەبێ بنێردرێ بۆ ئەنیستیتوی نوروپاتولوژی ( ئەعساب ) و نابێ ڕێگەی بدرێ کە بگەڕێتەوە سەر کار " .

- ئاکیم، ئەوانە زۆر شتی لەو بابەتانە دەنووسن! تکات لێدەکەم با بگەڕێمەوە سەرکار! هاتوچۆی " کلینیک " ان، دادی من نادات.

ئاکیم، ڕەفزی کرد: - پاڤل گیان، ناتوانین قەرارەکە پێشێل بکەین، حەز دەکەم لێم حاڵی بی، ئەمە بۆ تۆ باشترە.

لێ کورچاگین، هێندەی پێداگری کرد کە ئاکیم نەیتوانی لەوەی پتر مقاوەمەت بکات و ئەنجام ملی دا.

کورچاگین ، بۆ ڕۆژی دوایی لە بەشی نهێنی سکرتاریەتی کۆمیتەی ناوەندی دەست بەکار بوو. وای خەیاڵ دەکرد هەرکە دەست بەکار بێت . ئیدی وەخۆ دێتەوەو هێزی وەبەر دێتەوە.

بەڵام، لە یەکەم ڕۆژی دەست بەکاربوونیەوە، بۆی دەرکەوت، کە خەیاڵ وبۆچوونەکەی هەڵەبوو. ڕۆژێ هەشت سەعاتی تەواو، بێئەوەی زەوادی بچێتە سەر زار کاری دەکرد. چونکە بە هیچ جۆرێ نەیدەتوانی لە نهۆمی سێیەمەوە بۆ خوارنگەکەی تەنیشیان بێتە خوارەوە تا نانی بەیانی ونیوەڕۆ بخوات. زۆرجار دەستی یان پێی دەتەزین وسڕ دەبوون. هەندێجار هەموو بەدەنی لە جوڵە دەوەستا و پلەی گەرمی لەشی بەرز دەبووەوە.

هەندێجار، لە کاتی چوونە دەواما، توانای ئەوەی نەدەبوو هەستێت ولە جێگاکەی بێتە دەرەوە. تا لەو حاڵە ڕزگار دەبوو یەک سەعاتی پێدەچوو وبە نیگەرانییەوە

بۆی دەردەکەوت کە یەک سەعاتی تەواو لە کار دواکەوتووە. ئەنجام ئەم دواکەوتنەیان بە ڕوویا دا، یەکسەر بۆی دەرکەوت کە ئەمە سەرەتای ترسناکترین بویەری ژیانی ئەوە، یانی سەرەتای دەرچوونی ئەو لە ڕیزی خەبات و کارکردن.

ئاکیم دوو جاری دیکە یارمەتی دا و بۆ کارێکی دیکەی گواستەوە، بەڵام ڕووداوە حەتمیەکە ڕوویدا : لە مانگی دووەمدا پاڤل نەخۆش کەوت ولە جێدا کەوت. ئەوسا ئەو وشانەی بیر کەوتنەوە کە پاژانوڤا لە کاتی بەڕێکردنەکەیدا پێی گوتبوو. ئیدی نامەیەکی بۆ نووسی. پاژانوڤا هەمان ڕۆژ هات وپاڤل گرنگترین شتی لەوەوە زانی کە بریتی بوو لەوەی کە خەوتن لە کلینیک ئیجباری نییە.

- یانی حاڵم بە ڕادەیەک باشە کە پێویستم بە چارەسەریش نییە...

ویستی شۆخی بکات، لێ شۆخیەکەی سەری نەگرت.

پاڤل، هەرکە کەمێک وەخۆهاتەوەو بوژایەوە، دووبارە بۆ کۆمیتەی ناوەندی ڕۆیی. ئاکیم ئەمجارەیان نەدەهاتە ڕەدایە.

پاڤل لە هەنبەر پێداگری و ڕژدی بنجبڕی وی کە دەبێ لە خەستەخانە بکەوێ، بە ئەسپایی بەرسڤی دایەوە:

- بۆ هیچ شوێنێ ناڕۆم، خەستەخانە هیچ سوودێکی نییە. ئەمەم لە چاوکانی (سەرچاوە) باوەڕ پێکراوەوە زانیوە. تەنیا یەک کارم بۆ ماوەتەوە: واز بێنم وموووچەی خانەنشینی وەربگرم. بەڵام شتی وا ناکەم. بۆتان نییە لە کار دەرم بکەن. من تەمەنم تەنیا بیست وچوار ساڵە وناتوانم تاکو مردن بە دەفتەرچەی خانەنشینی پەککەوتوانەوە ژیان بەسەر بەرم و لەم خەستەخانەوە بۆ ئەو خەستەخانە برۆم، لە کاتێکا سوور دەزانم ئەمە هیچ فایدەیەکی نییە ودادم نادات. ئێوە لە سەرتانە کارێکم بدەنێ کە لە گەڵ حاڵی خۆما بگونجێت. دەتوانم لە ماڵەوە یان لە دەزگایەکدا کار بکەم، بە مەرجێ کارەکەم بریتی نەبێ لە تۆمارکردنی

ژمارەی نووسراوێن هاتوو و دەرچوو... دەبێ کارێک بێت سووکنایی بە دڵم بدات. تا هەست بە تەنیایی وگۆشەگیری نەکەم.

دەنگی پاڤل، بەرە بەرە زیاتر هەڵدەچوو.

ئاکیم، دەیزانی کە چ هەستێک لە دڵی ئەم گەنجەدا، کە ماوەیەکی کەم لەوە پێش دەتگوت کڵپەی ئاگرە، جۆشی دەسەند. ئەو لە تراجیدیای پاڤل غافڵ نەبوو، دەیزانی کە بۆ یەکێکی وەکو کورچاگین کە تەمەنی کورتی خۆی وەقفی حیزب کردبوو، دابڕان لە کار و گەڕانەوە بۆ ڕیزەکانی دواوەی بەرەی خەبات چە کارەساتێکە، بۆیە لێبڕا هەرچییەکی لە توانادا هەیە بۆی بکات.

– دەی باشە پاڤل، خەمت نەبێ. سبەینێ کۆبوونەوەی سکرتاریەت دەکرێ. من کێشەکەت دەخەمە ڕوو. بەڵێنت دەدەمێ کە هەر چیەکەم لە دەست بێت بۆتی بکەم.

کورچاگین، بە قورسی هەستا و تەوقەی لەگەڵدا کرد.

– ئاکیم تۆ تەسەور دەکەیت، کە ژیان بتوانێ بم خزێنێتە گۆشەیەکەوە و بۆڕم پێ بدات؟ تا دڵم لێرەدا– بە توندی دەستی ئاکیمی بۆ سەر سینگی ڕاکێشا و ئاکیم بە ئاشکرا هەستی بە لێدانی توندی دڵی ئەو کرد– لێبدا، هێز نییە بتوانێ لە حیزبم دابڕێت. تەنیا مردن دەتوانێ لە کارو خەباتم دوور بخاتەوە، ئەمەت لە بیر بێ کاکە گیان.

ئاکیم، بێدەنگ بوو، دەیزانی کە ئەم دەستەواژەیە، زادەی فشەکردن و وشە بازی نییە، بەڵکو هاواری جەنگاوەرێکی بریندارە. دەیزانی خەڵکانی وەکو ئەوانە ناتوانن جگە لەمە هیچی تر بڵێن، جگە لەم هەستە هیچ هەستێکی تریان هەبێت.

ئاکیم، دوای دوو ڕۆژان، هەواڵی بە پاڤل دا کە ڕێگەیان داوە، لە دایەرەی ڕۆژنامەی ناوەندیدا کارێکی گرینگ بگرێتە ئەستۆ، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە دەبێ لە واری ئەدەبیدا تاقی بکرێتەوە لە دەستەی نووسەراندا، بە گەرمی پێشوازی لە پاڤل کرا. یاریدەدەری سەر نووسەرەکە یەکێک بوو لەو ژنانەی لە سەردەمی چالاکیێن

نهێنیدا لە حیزبا کاری دەکرد وئەندامی سەرۆکایەتی کۆمیتەی سانسۆری ناوەندی ئوکرانیا بوو چەند پرسیارێکی لە پاڤل کرد.

– هاوڕێ، ئاستی خوێنەواریت چەندە؟

– سێ ساڵی سەرەتاییم خوێندووە.

– ئەدی لە قوتابخانە حیزبی وسیاسیەکاندا نەتخوێندووە؟

– نەخێر.

– گرینگ نییە، دەشێت بە بێ ئەوانەش، ئینسان ببێت بە ڕۆژنامەڤانێکی باش. هاوڕێ ئاکیم باسی تۆی بۆ کردووین. ئێمە دەتوانین کارێکت بدەینێ کە مەرج نییە لێرە ئەنجامی بدەیت. بەڵکو دەتوانی لە ماڵەوە بیکەیت. بە کورتییەکەی هەل ومەرجێکی لە بار وگونجاوت بۆ فەراهەم دەکەین. بەهەرحاڵ ئەم کارە زانیاری زۆری گەرەکە، نەخاسما لە واری ئەدەبیات و زماندا.

***

ئەمانە بە قازانجی پاڤل نەبوو. لە میانی هەڤپەیڤینێکی نیو سەعاتەدا، دەرکەوت کە زانیاری کەمە. لەو وتارەدا کە ئەو نووسی بوو، و ژنەی تاین پێیا چووبووەوە و خەتی سووری بە ژێر هەڵەکانیا هێنابوو وپتر لە سی هەڵەی گوزارشتەوانی و بڕێکی زۆرتر هەڵەی ڕێنووسی هەبوو.

– هاوڕێ کورچاگین! بەهرەو توانایەکی باشت هەیە، ئەگەر بە خۆت حەزت لێبێ، دەتوانی بە کۆشش وقووڵبوونەوە، لە ئایندەدا ببی بە کاردێکی ئەدەبی. بەڵام حاڵی حازر قەڵەم وئینشایەکەت ماویەتی، ڕەوان نییە، بە وتارەکەتا دیارە کە تۆ زمانی ڕووسی نازانیت، هەڵبەتە ئەمە شتێکی سەیر نییە، دەرفەتی خوێندنت نەبووە، بەڵام ئێمە، بە داخەوە ناتوانین سوود لە تۆ بدینین. بەڵام دووپاتی دەکەمەوە کە بەهرەو توانایەکی باشت هەیە. ئەگەر وتارەکەت، بێ ئەوەی دەسکاری ناوەڕۆکەکەی بکرێ،

سەر لە نویێ دابڕێژرێتەوە، شتێکی جوان دەردەچێت. بەڵام ئێمە خەڵکانی وامان نییە کە وتاری خەڵکیمان بۆ دابڕێژنەوە.

پاڤل، بە یارمەتی دارعاساکەی هەستایە سەر پێیان، برۆی ڕاستی کەوتە لەرزین.

– بەڵێ، منیش لە گەڵ بۆچوونەکەی تۆدام، من وکاری ئەدەبی کوجا مەرحەبا! من بابایەکی ئاتەشکاری باش و کارەباچیەکی مامناوەندی بووم، ئەسپ سوارێکی باش بووم، دەمزانی چۆن لاوان بۆ خەبات جۆش بدەم. بەڵام بۆ بەرەکەی ئێوە سەربازێکی باش نیم، بە کەڵکی جەبهەکەی ئێوە نایەم.

خواحافیزی کرد و ڕۆیی. لە پێچی ڕاڕەوەکەدا، ئەگەر ژنێکی جانتا بە دەست فریای نەکەوتبایە ونەیگرتباوە دەکەوت .

– چیتە هاوڕێ گیان؟ ڕەنگ بە ڕووتەوە نەماوە!

کورچاگین، دوای چەند چرکەیەک ئەوسا وەخۆ هاتەوە. ئەوسا بە ئەسپایی ژنەکەی وەلاوە نا و ، بە یارمەتی دارعاساکەی کەوتەوە ڕێ.

لەو ڕۆژەوە کێرڤی ژیانی کورچاگین کەوتە دابەزین، بۆی نەبوو ناوی کار بێنێ. ئیدی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە ناو جێگەدا دەمایەوە. کۆمیتەی مەرکەزی لە کار مەعافی کردو داوای لە بیمەی کۆمەڵایەتی کرد کە مووچەیەکی خانەنشینی بۆ ببڕێتەوە. ئیدی مووچە خانەنشینییەکە و دەفتەری پەک کەوتەیان دایێ. کۆمیتەی ناوەندی پارەو مۆڵەتی سەفەری بۆ هەموو شوێنێک دایێ. لە مارتاوە نامەیەکی پێگەیی بوو ومارتا داوای لێکردبوو بە میوانی وبۆ ئیسراحەت بڕوات بۆ موسکۆ، بۆ لای ئەو. پاڤل، جگە لەوەش بە ئومێدێکی کەمەوەو بەو نیازەی لەوێ لە کۆمیتەی ناوەندی سەرانسەری ڕووسیادا، کارێک بدۆزێتەوە کە پێویست بە جووڵە نەکات دەیویست بۆ موسکۆ بڕوات. بەڵام لە موسکۆش پێشنیازی ئەوەیان بۆ کرد کە بچێتە خەستەخانە ومالیجە وەربگرێت، بەڵێنیان دایە کە بیبەنە خەستەخانەیەکی باش بەلام پاڤل ڕەفزی کرد.

ئەو نۆزدە ڕۆژەی لە شوقەکەی مارتا و لە نک نادیا پیترسون بردیە سەر، زۆر زوو تێپەڕی. زۆربەی ڕۆژانی بە تەنیا دەبردە سەر. مارتا ونادیا بەیانی زوو دەردەچوون وشەوان دەگەڕانەوە. پاڤل، هەموو کاتەکەی بە خوێندنەوەوە بە سەر دەبرد. مارتا کتێبی زۆر بوون. شەوان هەردوو هاوڕێ و چەند هاوڕێیەکی دیکە پەیدا دەبوون.

لە شارۆچکە بەندەرییەکەوە کاغەزی بۆ دەهات، ماڵباتی کیوتسام دەعوەتیان دەکرد سەردانیان بکات. ژیان زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچنی، و لەوێش خەڵکانێک چاوەڕوانی یارمەتی ئەو بوون.

بەیانییەک کورچاگین، بە هێمنی شوقەکەی مارتای لە موسکۆ بەجێهێشت، بە قیتار، لە پاییزی شێدار وبە بارانەوە بۆ باشوور، بەرەو دەریا، بۆ کەناراوە گەرمەکانی قرم وەڕێکەوت، برۆکانی وێک هێنابوونەوەو جۆرە سەرسەختییەک بە چاوە لێڵەکانیەوە دیار بوو.

## فەسڵی هەشتەم

لە خوارەوە، شەپۆلی دەریا، بە شڵپ و هۆڕ، خۆی دەکێشێت بە ئاوێزە زەلام و ناڕێکەکاندا. شنە بایەکی وشکی دەریایی لە تورکیای دوورەوە دێت و خۆی لە سەر و چاو هەڵدەسوێ.

بەندەرەکە بە نیمچە کەوانەیەک گەمارۆ دراوە. بە دیوارێکی کۆنکرێتی لە دەریا جیا کراوەتەوە. پاشماوەی زنجیرە کێوەکان لە ئاستی دەریاکە دادەبڕێن. ئیدی لە سەرێ، لە شاخەکاندا، ماڵەکان وەکو ئەسپابوازی سپی دەچنەوەو بچووک دەنوێنن، دووکەڵی سپی لە دووکەڵکێشەکانەوە بەرەو سەرێ بەرەو شاخەکان بەر دەبووەوە.

دنیا لە پارکە کۆنەکەی دەرێی شارا، کڕ وکپ و ئارامە. ئەو ڕێگاو شەقامانەی کە دەمێک بوو خاوێن نەکرابوونەوە گیای لێ ڕوابوو و گەڵای زەردی درەختێن

ئەسفەندان، کە پاییز زەردی کردبوون و ژیانی لەبەر بڕی بوون، دەڕژانە سەر ئەم شەقامانە.

عەرەبانچیەکی ئێرانی پیر، پاڤلی بۆ ئێرە هێنابوو، هەرکە ڕێبوارە غەریبەکەی داگرت، بە خۆی نەوەستا و لێی پرسی:

– بۆچی بۆ ئێرە هاتووی؟ خۆ ئێرە نە کچانی لێیە و نە شانۆ و تەمەشاخانە. ئێرە تەنیا چەقەڵی لێیە... نازانم لێرە چ دەکەی. با بگەڕێینەوە قوربان، هاوڕێ!...

کورچاگین، کرێکەی دایە و، پیرەمێرد ڕۆیی.

پارکەکە چۆڵە. پاڤل، لە لای تاوێرێکی دیار دەریاکەوە تەختێکی دۆزییەوە، لە سەر تەختەکە دانیشت و ڕووی کردە هەتاوەکە کە دەقی گەرمیەکەی شکابوو.

بۆیە بۆ ئێرە، بۆ ئەم شوێنە خامۆشە هاتبوو تا لە ڕەوتی ژیان ڕامێنێ و بزانێ بەرەو کام لای دەبات ودەبێ چۆن مامەڵەی لە تەکدا بکات. کاتی ئەوە هاتبوو، پوختەی ئەنجامەکان هەڵێنجێ و ئەنجامگیری خۆی بکات و قەراری خۆی بدات.

لەوەتای گەیی بووە ئەم شارە، ناکۆکی وبشێوی ماڵباتی کیوتسام گەیی بووە ئەوپەڕی توندی. پیرەمێردەکە بە هاتنەوەی ئەوی زانی، بە جارێ دەهری بوو، هاربوو، شەڕو ئاژاوەیەکی باوەڕ نەکردەنی لە ماڵا نایەوە. ئیدی خۆ بە خۆ، ئەرکی مقاوەمەت وبەرگری بە ملی کورچاگیندا هات.

پیرەمێرد، بە شێوەیەکی سەیر ڕوو بە ڕوی مقاوەمەتی هەردوو کیژەکەی و ژنەکەی بووەوە. هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنەوەی کورچاگینەوە، خەڵکی ماڵەکە بوون بە دوو بەرەی هەڤدژو ناکۆکەوە. دەرگاکەی نێوان بەشەکەی پیرەمێرد وپیرەژن وکیژەکان، داخراو بزمار کوتیان کرد. یەکێک لە ژوورە چکۆلە لاوەکییەکانیان، بە کرێ درا بە کورچاگین. پاڤل، پارەی کرێکەی لە پێشەوە دا بە یارۆی پیرەمێرد. دوای ماوەیەکی کەم لە جیابوونەوەی کیژەکانی، کە زانی ئیدی داوای خەرجی لەو ناکەن، هێور بووەوە.

ئالبینا، لەبەر هەندێ حیساباتی کۆمەڵایەتی، لە دیوەکەی پیرەمێرداو لەگەڵ ئەودا دەژیا. پیرەمێرد، بۆ ئەوەی ڕوو بە ڕووی ئەو کەسە نەبێتەوە کە ڕقی لێی بوو، هاتوچۆی دیوی کیژەکانی نەدەکرد، بەڵام بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە هەر ئەو خودان ماڵ وسەرگەڤارە، بەردەوام لە حەوشەکەدا، بە هانکە هانک وەکو لکوموتیڤ دەی فیشکاند.

پیرەمێرد، پێش ئەوەی بکەوێتە دووکانداری دوو پیشەی دەزانی: پینەدوزی ودارتاشی دەزانی. لە ماڵەوە کەپرێکی دروست کردبوو، لە کاتی دەست بەتاڵیدا ئەو کارانەی دەکرد و پارەیەکی باشی بەدەست دێنا. جا بۆ ئەوەی کرێچییە تازەکەیان بێزار بکات دام و دەزگاکەی گواستەوە ژێر پەنجەرەکەی ئەو. کاتێ کە بە توووندی بزماری دادەکوتا، زۆری لەزەت لەو کارە دەبینی، چونکە زۆرچاک دەیزانی بەو کارە پاڤل لە خوێندنەوە دەکات و بێزاری دەکات.

پیرەمێرد، لە دڵی خۆیداو لە بەر خۆیەوە دەیگوت: " ڕاوەستە بۆم، بزانە چۆن لێرە دەرت دەکەم... "

لە دووری دوورەوە، لە نزیکی ئاسۆوە، دووکەڵی کەشتیەک، وکو پەڵە هەورێک خۆی بە بەرۆکی ئاسمانەوە هەڵواسی بوو. پۆلێک مەلی دەریایی " چایکا " خۆیان بە دەریاکەدا دەدا و بە دەنگی بەرز دەیان قیژاند.

کورچاگین، سەری لە نێو هەردوو دەستی نا ولە فکران ڕاچوو. شریتی عومری، لە منداڵییەوە تاکو ئێستا وەکو خۆی بە بەرچاویا تێپەڕی. ئایا ئەو بیست و چوار ساڵەکەی تەمەنی بە باشی بردبووە سەر یان نا؟ هەموو ساڵەکانی، لە زەینی خۆیدا دووبارە بەرجەستە کردەوە، وەکو قازییەکی دادپەروەر ساڵانی تەمەنی هەڵسەنگاندو بەو پەڕی ڕەزامەندییەوە گەییە ئەو ئەنجامەی کە ژیانی بە خراپی نەبردبووە سەر، بەڵام وێڕای ئەوەش پڕ بوو لە هەڵە، هەڵەی زادەی کەرێتی، زادەی گەنجاتی و زادەی نەزانی. لە هەموو ئەمانە گرینگتر ئەوە بوو ئەو ساڵە پڕ کێشماکێشانەی بە فیڕۆ نەدابوو ولە سەنگەری خەباتی پۆلاییندا لە پێناوی

دەسەڵاتی سۆڤیاتیا جێگای خۆی دۆزیبووەوەو چەند دڵۆپە خوێنێکی ئەویش بەسەر ئاڵای شۆڕشی سوورەوە، سوور دەچووەوە.

تا هێز لە بەدەنیا مابوو، ڕیزەکانی کار وخەباتی بە جێ نەهێشت. ئێستاش کە بریندارە و سەراپای لە زامدایە، ناتوانێ لە شەڕگەکاندا بخەبتێ، تەنیا یەک ڕێگای لە بەردەما ماوە، کە هات وچۆی خەستەخانەکانی پشت شەڕگەکان بکات. بیری کەوتەوە چۆن لەو کاتەدا وەکو لەهی و لافاو هێرشیان بۆ وارشۆ دەبرد، جەنگاوەرێکی پێکراو کەوتە ژێر دەست و پێ و چوارپەلی ئەسپەکەیەوە. هاوڕێیان بە هەشتاو تیماریان کرد و برینەکەیان پێچاو وڕادەستی مامورانی فریاکەوتنی بریندارانیان کرد، بە خۆیان چنگ لە سەرشان دووی دژمن کەوتن. سوارەکان، لەبەر خاتری لە دەستدانی سەربازێک، لە پێشڕەوی نەوەستان. ئیدی خەبات لە پێناوی ئارمانج و مەرامی گەورەدا واهی بووە و دەبێ وابێ. ڕاستە هەندێ حاڵەتی ئاوارتەش هەبووە هەندێک ڕەشاشچی بێ پای دیتبوو کە بە عەرەبانە دەگوازرانەوە. ئەوانە، هەترشی دژمنیان دەبرد، ڕەشاشەکانی ئەوان مەرگ و، ترسیان لە ڕیزەکانی دژمندا بڵاودەکردەوە. ئەوانە نموونەی خۆڕاگری و نەبەزی بوون، مایەی شانازی فەوج و یەکە سەربازییەکان بوون. بەڵام ئەو جۆرە کەسانە کەمبوون.

بەڵام ئەو، تازە بەم حاڵەوە، کە ئومیدی ئەوەی نەمابوو جارێکی دی بگەڕێتەوە ڕیزی کارو خەبات، دەبێ چ بکات؟

ئاخر ئەو، توانی بووی باژانوڤا بێنێتە قسان ودان بەوەدا بنێت کە پاڤل دەبێ چاوەڕوانی ڕەوشێکی لەمەش خراتر بکات. ئیدی تەگبیری چییە و دەبێ چ بکات؟ ئەم مەسەلە بێ چارەیە، وەکو هەڵدێرێکی قووڵ و تاریک لە بەرچاوی بەرجەستە دەبوو و هەڕەشەی لێدەکرد.

ئەوێک کە ئازیزترین شتی، واتا توانای کار وخەباتی لە دەست دابوو، دەبوا لە پێناوی چیدا بژی؟ چ دڵێکی بە ژیانی ئەمڕۆ و سبەی خۆش بێ؟ بە چی ژیانی پڕ

بکاتەوە؟ تەنیا بە خواردن و خواردنەوە وخەوتن بەسەری بەرێت؟ نانخۆر وجێگر؟ وەکو تەمەشاڤانێکی بێ دەسەڵات، دانیشێت وسەیری هاوڕێکانی بکات کە چۆن لە مەیدانی شەڕا پێشڕەوی دەکەن، ببێت بە سەربار؟ چی بکات. ئایا ئەو جەستەیە لە ناو بەرێ کە غەدری لێکردووە؟ گوللەیەک بنێ بە دڵی خۆیەوەو هەموو شتێک ببڕێتەوە! ئێستا کە توانیوتە بە باشی بژی، دەبێ بشتوانی لە کاتی خۆیدا کۆتایی بەم ژیانە بێنی. کێ دەتوانێ گلەیی وگازاندە لە جەنگاوەرێک بکات کە بەرگەی حاڵی مردن و ئاویلکەدانی نەگرتووە؟

دەستی خستە سەر دەمانچە براونینگە لووسەکەی ناو گیرفانی. پەنجەکانی لە دەسکی دەمانچەکە ئالان. بە ئەسپایی دەمانچەکەی دەرهێنا " کێ باوەڕی دەکرد، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕژی تۆ بەم ڕۆژگارە بگات؟" لوولەی دەمانچەکە، بە ڕقەوە، تەمەشای ناو چاوانی پاڤلی دەکرد. پاڤل، دەمانچەکەی لە باوەشی خۆیدا داناو، کەوتە جنێودان بە خۆی.

- هەر هەموو ئەمانە قارەمانیەتی سەر کاغەزە، کاکە گیان! هەر کەرێک، لە هەر کاتێکا بیەوێ، دەتوانێ خۆی بەر گوللە بدات. ئەمە ترسنۆکانەترین وئاسانترین چارەسەرە. هەر کاتێک نەتتوانی بژی دەتوانی خۆت بکوژیت، بەڵام تۆ هەوڵتداوە کە بە سەر ئەم ژیانەدا سەر بکەویت؟ تۆ هەموو هەوڵێکت داوە کە لەم بازنە ئاسنینە دەربچیت؟ لە بیرتە چۆن لە ڕۆژێکدا هەڤدە کەڕەت هێرشیان بۆ نۆڤۆگورود- ڤولینسکی کرد، تا لە کۆتاییدا وێڕای هەموو زەحمەتیەک شارەکەتان گرت؟ دەمانچەکەت هەڵگرەوەو هەرگیز ئەمە بۆ هیچکەسێک مەگێڕەوە! تۆ دەتوانی لە تەنگانەترین ڕۆژگاری ژیانیشدا، بژیت و ژیان بکەیت بە شتێکی سوودمەند.

هەستا وبۆ سەر ڕێگاکە ڕۆیی. پیاوێکی چیایی، لە ڕێگا تووشی بوو، سواری عەرەبانەکەی خۆیی کرد ولە گەڵ خۆیدا بۆ شاری بردەوە. لەوێ، لە چوار ڕیانێکدا، ڕۆژنامەیەکی لۆکاڵی کڕی، لە ڕۆژنامەکەدا هەواڵێک بڵاو بووبووەوە کە لە یانەی " دمیان بیدنی " دا کۆبوونەوەی ئەندامانی حیزبی شار دەکرێت. ئەو ڕۆژە، پاڤل،

درەنگانی شەو بۆ ماڵ گەڕایەوە. لە کۆبوونەوەکەدا وتارێکی دا، بێئەوەی بەخۆ بزانێ کە ئەمە دوا گوتاری دەبێت لە کۆبوونەوەو کۆڕێکی گەورەدا.

***

تایا هێشتا نەخەوتبوو، دێر کەوتنە بە درێژاکەی کورچاگین نیگەرانی کردبوو. چیە، شتێکی بە سەر هاتووە؟ کێوە چووە؟ ئەمڕۆ شتێکی زبر و ساردی لە چاوانی پاڤلدا، کە جاران ژیانیان لێ هەڵدەقولا، بەدیکرد. کورچاگین زۆر کەم باسی خۆی دەکرد . بەڵام تایا، هەستیدەکرد، کە بە دەست جۆرە مەینەتییەکەوە دەناڵێنێ.

لە دیوەکەی دایکی تایاوە، سەعاتەکە دوو زەنگی یەک لە سەر یەکی لێدا. لە تەقەی دەرگا درا. تایا چاکەتەکەی بەشانیا داو چوو دەرگا بکاتەوە. لیلیا لە ژوورەکەی خۆیدا نوستبوو و بە دەم خەوەوە قسەی دەکرد.

تایا، بە هاتنەوەی کورچاگین خۆشحاڵ بوو، وەختایەک پاڤل، پێی نایە ناو ڕاڕەوەکە تایا بە چپەوە گوتی : -خەمی تۆم بوو.

پاڤلیش، لە بن لێوانەوە گوتی:

- خەمت نەبێ، مەگەر بمرم دەنا هیچم بە سەر نایەت تایوشا ( سووکەڵە ناوی تایایە ) چیە لیلیا نووستووە؟ دەزانی من هیچ خەوم نایەت. من دەمەوێ شتێکت دەربارەی ئەمڕۆ بۆ بگێڕمەوە. با بچینە ژوورەکەی تۆ، ئەگینا لیلیا خەبەر دەکەینەوە.

تایا دوو دڵ بوو، چۆن بەم درەنگانی شەوە قسەی لە گەڵدا بکات؟ ئەگەر دایکی پێ بحەسێت چ دەڵێت؟ بەڵام ناکرێت ئەمە بە پاڤل بڵێت زویر دەبێت. ئاخۆ دەیەوێ باسی چ بکات؟

تایا، بەدەم ئەو بیرانەوە بۆ ژوورەکەی خۆی ڕۆیی. وەختایەک بە دوو قۆڵی خۆیان بە ژوورە تاریکەکەدا کرد و ڕوو بە ڕووی یەکتر و بە ڕادەیەک نزیک لە

یەکدییەوە دانیشتن کە تایا هەستی بە هەناسەدانی پاڤل دەکرد. پاڤل، بە دەنگێکی نەوی دەستی بە ئاخافتن کرد:

– دەزانی مەسەلە چییە؟ ژیان زۆر سەیرە، بە جۆرێ وەردەچەرخێ، پیاو حەیران دەبێت. من بە درێژایی ئەم ڕۆژانە لە بارێکی دەروونی زۆر خراپدا بووم. خۆیشم نەمدەزانی چۆن درێژە بە ژیان بدەم! بە عەمراتم، ڕۆژانی تاریکی وەکو ئەم ڕۆژانەم بە خۆوە نەبینی بوو. بەڵام ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکم لە گەڵ " مەکتەبی سیاسی " خۆمدا کرد (ئەمە تەنیا خەیاڵە) و بڕیارێکی زۆر گرینگم دا. پێت سەیر نەبێ کە من بۆ تۆی دەگێڕمەوە.

باسی کول وکۆڤانی خۆی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوواو ئەو شتانەی کە لە پارکەکەی دەرێی شارا بیری لێکردبوونەوە بۆ کرد.

– ئەمە حاڵ وحیکایەتەکەیە، ئێستا دێمە سەر باسی جەوهەرو کرۆکی بابەتەکە. شەڕی خانەوادەیی ئێوە هێشتا لە سەرەتادایە. دەبێ لێرە، لەم کوختە وکولانەیە بڕۆین. دەبێ سەر لە نوێ دەست بە ژیان بکرێ. مادامێکی من خۆم بە خاوەنی ئەم شەڕە کردووە، دەبێ بیگەنمە سەر. ژیانی تایبەتی تۆش وەکو ژیانی تایبەتی من ناخۆش و کارەساتبارە. بە نیازم ئاگری تێ بەر بدەم. دەزانی مەبەستم چیە؟ تۆ ئامادەیت ببی بە هاوڕێ و هاوسەری من؟

تایا، تا ئێرە بە سۆز وگودازەوە گوێی لێدەگرت. کە گوێی لە دوا وشە بوو، لە سەرسامیا ڕاجفری. تەزوویەکی سەیر بە سەراپایدا هات.

– تایا، من نامەوێ ئەمڕۆ وەڵامم بدەیەوە، تۆ بیر لە هەموو ئالییەکی (لایەن ) مەسەلەکە بکەوە. ڕەنگە پێت سەیر بێ کە ئەم شتانە بێ هیچ پێشەکییەکی ئاشقێنی بگوترێن. ئەم قسە بۆش و بەتاڵانە نە بە کەڵکی تۆ و نە بە کەڵکی من دێن. من ئەوا دەستم هێناوە. ئەگەر تۆ باوەڕم پێبکەی، دڵنیابە کە فریو ناخۆی، دست بە زاخا ناچێت. هەم تۆ پێویستت بە منە وهەم من پێویستم بە تۆیە. من لای خۆمەوە بڕیارم داوە کە پەیوەندی ئێمە، تا ئەو ڕۆژەی کە تۆ دەبیت بە ئینسانێکی حەقیقی،

بەردەوام دەبێت. من بەڵێنی ئەوەت دەدەمێ، ئەگەر ئەوەم نەکرد لە هیچ هیچتر بم، تا ئەو کاتە نابێ ئەم پەیوەندیە ببڕین. بەڵام هەرکاتێ گەورە بوویت، ئیدی لە هەر هەڤبەندییەک ئازادی. کێ دەزانێ ڕەنگە لە ڕووی بەدەنییەوە هەرەسی تەواو بێنم، ئەوەش بزانە لەو حاڵەتەدا من بە هیچ جۆرێ ژیانی تۆ نابەستمەوە.

چەند چرکەیەک بێدەنگ بوو وپاشان زۆر بە نەرمی و نەوازشەوە لە سەری ڕۆیی:

– لە ئێستا زووتر نییە کە دۆستایەتی و خۆشەویستی خۆمت پێ ڕادەگەیەنم.

پاڤل، قامکەکانی ئەوی لە دەستی خۆیا ڕەها نەدەکرد وهێندە خاترجەم وئەرخایەن بوو، دەتگوت وەڵامی ڕەزامەندی وەرگرتووە.

– ئەدی تۆ، خۆ وازم لێناهێنی؟

– قسە هەزارەو دوانی بە کارە تایا گیان. تەنیا یەک ڕێگات لە بەردەمە، ئەویش ئەوەیە کە پیاوێکی وەکو من لەوانە نییە خیانەت لە هاوڕێکانی خۆی بکات...

پاڤل، بە کەسەرەوە، لە سەری ڕۆیی: – ئەگەر ئەوان خیانەت لە من نەکەن!

تایا، بەرسڤی دایەوە: – من ئەمڕۆ هیچ شتێک بە تۆ ناڵێم، هەر هەموو ئەم شتانە بۆ من سپرایزە.

کورچاگین، هەستایە سەر پێیان.

– بنوو تایا گیان، وا خەریکە بەیان دەدا.

پاڤل، ڕۆیی بۆ ژوورەکەی خۆی وبە جلەکانیەوە پاڵکەوت. هەرکە سەری نایە سەر سەرینەکە یەکسەر خەو بردییەوە.

***

له ژوورەکەی کورچاگیندا، مێزێک هەبوو وله بەر پەنجەرەکە دانرابوو. کۆمەڵێک کتێب و ڕۆژنامەی لە سەر هەڵچنرابوو کە بە ئەمانەت لە کتێبخانەی حیزبی هێنابوو. جگە لە کتێب و ڕۆژنامەکان چەند دەفتەرێکی نووسراویش لە سەر مێزەکە بوو. جگە لەوانە قەرەوێڵەیەک و دوو کورسیش لە ژوورەکەدا هەبوو، نەخشەیەکی گەورەی چین بەو دەرگایەوە بوو کە دەچووە سەر ژوورەکەی تایا، نەخشەکە بە ئاڵای سوور ورەش ڕازابووەوە. کورچاگین لە گەڵ کارمەندانی کۆمیتەی حیزبدا ڕێکەوتبوو، کە لە مەکتەبی حیزب کتێب وبڵاڤۆکانی بدەنێ. هەروەها بەڵێنیان دایە کە بەڕێوەبەری گەورەترین کتێبخانەی شار، کە کتێبخانەی بەندەر بوو، ڕابسپێرن، هەر کتێبێکی دەوێ، بۆی بنێرێت. ئیدی دوای ماوەیەک هەر بەستە کتێبی گەورە بوو لەوێندەرەوە بۆ پاڤل دەهات.

لیلیا، بە سەرسامی تەمەشای دەکرد کە چۆن پاڤل لە گەردی بەیانییەوە دەستی بە خوێندنەوەو یاداشت نووسی دەکرد تا ئێوارێ، مەگەر بۆ نانی بەیانی و نیوەڕۆ، ئەویش بۆ ماوەیەکی  زۆر کەم ، دەستی لە خوێندنەوەو نووسین هەڵبگرتبایە. کورچاگین شەوانی لە گەڵ جووتە خوشک و لە ژوورەکەی لیلیا بەسەر دەبرد و باسی ئەو کتێبانەی بۆ دەکردن کە بەڕۆژ دەیخوێندنەوە.

پیرەمێرد، کە درەنگانی شەو، لە نیوەشەو بە دواوە دەهاتە ناو حەوشە، هەمیشە تیلماسکە ڕووناکییەکی لە درزی پەنجەرەی ژوورەکەی میوانە ناخێرەکەیانەوە بەدی دەکرد. پیرەمێردی تاین، بە ماتەمات وله سەر نووکی پێیان لە پەنجەرەکە نزیک دەبووەوەو لە درزی پەنجەرەکەوە سەرێکی دەبینی کە بەسەر مێزەکەیا دانەوی بووەوە.

" هەموو خەڵکی نووستوون وئەمیش تا بەیانی کارەبا کاردەکات. بەجۆرێ لە ماڵەکەدا هەڵدەسووڕێ لە تۆ وایە خاوەن ماڵە. کیژەکان دانم لێدەکرۆژن."

یارۆی پیرەمێرد لە بن لێوانەوە بۆڵەبۆڵێک دەکات ودەڕوات.

کورجاگین، بە درێژایی هەشت دانە ساڵ بوو ئەمە یەکەمجار بوو بێ هیچ کار و ئەرکێک ئەو هەموو وەختە زۆرەی بەدەستەوە بێ. ئیدی وەکو سواڵکەرێکی ژەمیردەی تازەپیا کەوتوو، بە تاسەوە ملی بە خوێندنەوەوە نا. ڕۆژێ هەژدە سەعاتان دەیخوێندەوە. ئیدی دیار نەبوو ئەم کارە چ کار وباندۆرێک لە سەلامەتی وتەندروستی دەکات. ئەگەر ڕۆژێ تایا ئەم قسە لامسەرلاییانەی بە گوێیدا نەدابایە:

– من جێگەی کومەدییەکەم گۆڕیوە. ئێستا دەرگای ژوورەکەت دەکرێتەوە. ئەگەر پێویستی کرد قسە لەگەڵ مندا بکەی، دەتوانی، بێئەوەی بە ژوورەکەی لیلیادا تێ بپەڕیت، یەکسەر بێی بۆ لای من.

... پاڤل، سوور بووەوە، تایا بە شادییەوە پێکەنی، ڕێکەوتن.

***

ئیدی پیرەمێرد، لە نیوە شەوان بە دواوە ئەو تیلماسک وتیرۆژە ڕووناکییەی درزی پەنجەرەکەی پاڤلی نەدەبینی. دایکەکەش، جۆرە شادییەکی بە چاوانی تایاوە دەبینی کە هەرچی دەکرد بۆی نەدەشاردرایەوە. ئیدی کاریگەری ونیشانەی شەونخوونی بە ژێر چاوەکانییەوە دەرکەوت. زۆرجار دەنگی گیتار وگۆرانی تایا لە ماڵە بچووکەکەدا بەرز دەبووەوە.

ئەو هەستی ژنانەیەی کە لە تایادا بێدار بووبووەوە، وای لێکرد بترسێت. گوێی لە هەر خشەخشێک بوایە دڵی دادەلەرزی. بەردەوام لە دنیای خەیاڵدا گوێی لە دەنگی پێی دایکی دەبوو، دەترسا، بیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر لێی بپرسن بۆچی بە شەو دەرگای ژوورەکەی بە شیش دادەخات، چ وەڵامێکی بداتەوە. کورچاگین، هەستی بەم نیگەرانییەی ئەو کرد، بە تۆنێکی نەرم و هێور پێی گوت:

– بۆچی دەترسیت؟ ئەگەر هەندێک بە وردی بیر بکەیەوە من و تۆ لێرە خاوەن ماڵین. بێ خەم وبێ خەیاڵ لێی بنوو، کەس خۆی لە ژیانی مە هەڵناقورتێنێ.

تایا، ڕوومەتی نا بە سینگی پاڤلەوە، ئارام بووەوە، باسکی لە ملی خۆشەویستەکەی وەرێنا و خەوی لێکەوت. پاڤل، ماوەیەکی زۆر گوێی بۆ هەناسەدانی تایا هەڵخست. لە شوێنی خۆی نەدەجولا، نەبا تایا خەبەری ببێتەوەو خەوی بزڕێ. میهرەبانییەکی قووڵی سەبارەت بەم کیژە لە لا چێبوو کە خۆی بەم سپاردبوو.

یەکەم کەس کە پەی بە هۆی گەشی و پرشنگداری چاوەکانی تایا برد، لیلیای خوشکی بوو. لەو ڕۆژە بە دواوە، ئیدی جۆرە نامۆییەک کەوتە نێوان جووتە خوشکەوە، دایکیشی پێی زانی، بە گوتەیەکی دی ،کەوتە دوو دڵی و نیگەرانییەوە، چاوەڕێی شتی وای لە کورچاگین نەدەکرد.

جارێک بە لیلیای گوت: - تایا، هاوتایەکی باشی ئەو نییە، ئاقیبەتی ئەم کارە بە کوێ دەگات؟

ترسی لێنیشت، بەڵام زاتی نەکرد، لەو بارەیەوە لەگەڵ کورچاگیندا قسان بکات.

لاوان، هات وچۆی کورچاگینیان دەکرد، جاری وا هەبوو جێگا لە ژووره چکۆلەکەیا نەدەما، دەنگیان وەکو گیزەگیزی هەنگ لە گوێی پیرەمێردا، دەنگی دەدایەوە. زۆرجار بە کۆمەڵ ئەم گۆرانییەیان دەگوت:

دەریاکەی ئێمە چۆڵە

شەو ورۆژ خرۆشانە...

و گۆرانی دڵخوازی پاڤل یان دەگوت:

دنیای بەرین، نقومی ئەشکانە.

ئەوانەی دەهاتن بۆ لای پاڤل، ئەندامی شانەی حیزب بوون، کۆمیتەی حیزب، لە سەر داوای کورچاگین کە کارێکی ڕاگەیاندنەوانی و پروپاگەندەیی پێ بسپێرن، بەویان سپاردبوون، ئیدی ڕۆژانی پاڤل بەوجۆرە دەگوزرا.

پاڤل، دیسان بە هەر دوو دەست سوکانی ژیانی گرت ودوای چەندین هەورازو نشێوی دژوار، بەرەو ئامانج و مەرامێکی نوێی ئاراستە کرد. ئامانجی گەڕانەوە بۆ سەر کار لە ڕێگەی خۆ ڕۆشنبیراندن و خوێندنەوەو ئەدەبەوە.

بەڵام ژیان، قۆرت لە سەر قۆرتی دێنایە ڕێگای. ئەم قۆرتانە، وایان لێدەکرد بە کەسەرەوە بیر لەوە بکاتەوە کە ئایا ئەم کۆسپ و قۆرتانە تا چ ئەندازەیەک ڕێگەی پێشڤەچوونی لێدەگرن و نایەڵن بە ئامانجە نوێیەکەی بگات:

لە ناکاوا، جۆرجی خوێندکاری ترۆ وناکام، بە خۆ و ژنەکەیەوە لە مسکۆوە هاتەوە. جۆرج لە ماڵی خەزووری کە پارێزەر بوو هەواری خست، لەوێندەرەوە بۆ لای دایکی دەهات تا پارەی لێ بکێشێتەوە.

هاتنەوەی جۆرج، هێندەی دی پەشێوی وناکۆکی نێو خۆیی ماڵباتەکەی زیاد کرد. جۆرج یەکسەر و بێ چەند وچوون لایەنی بابی گرت. هاوڕێ لە گەڵ ماڵباتی ژنەکەیدا کە مەیلی دژایەتی حوکمی سۆڤیاتیان هەبوو، کەوتە پیلانگێڕی تابە هەر نرخێ بووە، کورچاگین دەر بکات و تایای لە چنگ دەربێنێ.

دوو هەفتە دوای هاتنەوەی جۆرج، لیلیا لە ناوچەیەکی نزیک کاری دەست کەوت. لیلیا لە گەڵ کوڕەکەی و دایکیا چوو بۆ ئەو ناوچەیە. کورچاگین و تایاش گواستیانەوە بۆ شارۆچکەیەکی دوورە دەستی کەنار دەریا.

***

... ئارتیم بە دەگمەن نامەی براکەی پێدەگەیی. بەڵام کاتێ لە سوڤیەتی شارا، لە سەر مێزەکەی زەرفێکی قاوەیی بە خەتە خوار وخێچەکەی سەرییەوە، کە بۆ ئەو خەتێکی ئاشنا بوو، دەبینی ، بە دەم خوێندنەوەی نامەکەوە دەشڵەژا. ئەمڕۆ بە دەم هەڵپچڕینی نامەکەیەوە، بە میهرێکی پەنهانیەوە لە فکران ڕاچوو:

" ئاخ پاڤلوشا، پاڤلوشا، ئەگەر من و تۆ لە نزیکی یەک ژیابایین، سوودم لە ئامۆژگاریەکانی تۆ وەر دەگرت براکەم "

" ئارتیم، دەمەوێ بەسەرهاتی خۆمت بۆ بگێڕمەوە، کە چیم بە سەر هاتووە. پێموایە، من ئەمجۆرە نامەیە جگە لە تۆ بۆ کەسی دی نانووسم. تۆ دەمناسیت، لە هەموو وشەیەکم تێدەگەی. ژیان، لە بەرەی خەبات لە پێناوی تەندروستیما، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەنگم پێ هەڵدەچنێ. جەزرەبە لە دووی جەزرەبەم پێدەکەوێ. هەرکە لە جەزرەبەیەک هەڵدەستمەوە و دەکەومەوە سەر پێیان، جەزرەبەیەکی توندترم پێ دەکەوێ. ترسناکترین شت ئەوەیە کە توانای بەرەڤانی وبەرخۆدانم نییە. دەرکەوت دەستی چەپم وەکو پێویست کار ناکات. بەمە ڕازی بووم، کەچی سست بوونی لاقەکانمیشی بە دوودا هات، من کە پێش ئەمە دەمتوانی لە چوارچێوەی ژوورەکەمدا بجوڵێم وبێم وبچم، ئێستا زۆر بە زەحمەت دەتوانم لە سەر جێگاکەمەوە تا لای مێزەکە بڕۆم. بەڵام کێشە ئەمەیە، کە ئەم بەزمە هەر لەم سنوورەدا ناوەستێ. نازانم، سبەینێ چی بۆ حەشار داوم.

ئێستا لە ماڵ ناچمە دەرێ. لە پەنجەرەکەوە بەشێک لە دەریاکە دەبینم. ئایا هیچ کارەساتێک لەوە گەورەترە، کە ئینسانێکی خودان ورەیەکی بەرزی بولشەفیکی، تامەزرۆ و تاسەمەندی کار و چالاکی، تاسەمەندی ئێوەو ئەم سوپا خەباتکارەی لە هەموو بەرەکانەوە هێرش دەبات و مینا لەهی و لافاوان دژمن ڕادەماڵێ... بەهۆی نەخۆشی بەدەنییەوە زەمینگیر بێت ونەتوانێ لە جێی خۆی بجووڵێ و زەق زەق تەمەشا بکات و نەتوانێ لە هیچ چالاکییەک بەشدار بێ؟

من هێشتا، بەو هیواو ئومێدەم کە بگەڕێمەوە بۆ ڕیزەکانی خەبات. شمشێرەکەم، لە نێو، شمشێر و سەرەنێزەی هێرشبەراندا بدرەوشێتەوە. من ناتوانم دەستبەرداری ئەو ئومێدە بم، ئەو هەقە بە خۆ نادەم. دە دانە ساڵ، حیزب و کومسومول، هونەری بەرخۆدانیان فێر کردم. ئەم قسەیەی پێشەواش کە :" هیچ قەڵایەک نییە، کە لە بولشەفیکان عاسی بێ و نەیەتە گرتن " منیش دەگرێتەوە.

هەموو ژیانم بووە بە خوێندنەوە. کتێب وکتێب وکتێب. ئارتیم، زۆر پێشکەوتووم. زۆربەی سەرچاوە بنەڕەتیەکانی ئەدەبی کلاسیکیم خوێندووەتەوە. لە ڕێگای

نامەوەساڵی یەکەمی زانستگەی کۆمۆنیستم خوێندووەو ئیمتیحانی پێویستم داوە. شەوان لە گەڵ لاوانی حیزبدا، کۆڕ و کۆبوونەوە دەکەم و لە ڕێگای ئەو هاوڕێیانەوە، تەماسی پراکتیکی لەگەڵ ڕێکخراوی حیزبدا دەگرم. جگە لەمانە لەگەڵ تایادا مژوولم، مژوولی خوێندنەوەو ڕۆشنبیراندنی ئەو، پێش خستنی ئەو، ئەشقی ئەو. ئەم کچە، دڵسۆز و ئازیز و هاودەم و هاودەنگی منە... زۆر بە خۆشی و شادی پێکەوە دەژین. دەرامەتمان، زۆر سادەیە بریتییە لە سی و دوو ڕۆبڵی خانەنشینیەکەی من و کرێکەی تایا. تایا، بە هەمان ڕێگەی منا بەرەو حیزب دەڕوات. جاران لەماڵێکا کارەکەر بوو، ئێستا لە خواردنگەیەکدا قاپ شۆری دەکات. لەم شارەدا سنعەت نییە.

تایا، چەند ڕۆژێک لەمەپێش، بە شانازییەوە یەکەم کارتی ئەندامیەتی لقی ژنانی نیشاندام. ئەم کارتە بۆ ئەو وبەلای ئەوەوە، تەنیا پارچە مقەوایەکی سادە نییە. هەست دەکەم بووە بە ئینسانێکی تازە، گۆڕاوە، دووبارە لە دایکبووەتەوە. بە گوێرەی توانای خۆم یارمەتی ئەم لە دایکبوونەوەیەی دەدەم. هەرکاتێ کارخانەیەک دامەزرا و ژینگەیەکی کرێکاری بۆ هەڵکەوێت، ماهیەتی ئەو کاملتر دەبێ. تا لێرە بین، ئەمە تاقە ڕێگەیە کە ئەو پێیدا بڕوات.

دایکی تایا، تا ئێستا دووجار سەری داوین. دایکی تایا، بێئەوەی بەخۆی بحەسێت. تایا بەرەو دواوە دەبات. بەرەو ژیانێکی پڕ وپوچ، بۆش و بەتاڵ ، گۆشەگیر و پڕ لە خۆپەرستی دەبات. هەوڵم دا قەناعەت بە ئالبینا بێنم کە نابێ تاریکی ڕۆژگاری ژیانی ئەو، وەکو سێبەرێک بکەوێتە سەر ڕێگای کیژەکەی. بەڵام فایدەی نەبوو. هەستدەکەم ئەم دایکە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبێت بە کۆسپی سەر ڕێگای کیژەکەی و نایەڵێ بەرەو ژیانێکی نوێ بڕوات و بە ناچاری دەبێ بە گژیا بچمەوە.

دەستەکانت دەگوشم. برات پاڤل ."

***

ساناتوریومی ( ئاسایشگە ) ژمارە پێنج لە ماتسیستای کۆنە. قەد پاڵێکیان تەخت کردووەو بینایەکی خشتی سێ نهۆمیان لێ قوتکردووەتەوە. دەوراودەوری بێشە ودارستانە، ڕێگای چوون بۆ ئاسایشگەکە ڕێگایەکی پێچاوپێچە. پەنجەرەێن ژوورەکان کراونەتەوە، شنەبا لە خوارەوە بۆنی سەرچاوە گۆگردییەکان لە گەڵ خۆیدا دێنێتە سەرەوە. کورچاگین لە ژوورەکەی خۆیدا بە تەنیایە. سبەینێ، هەندێ هاوڕێی تازە دێن و دراوسێ و شەریکی بۆ پەیدا دەبن. لەو دیو پەنجەرەکەوە، ترپەترپی پێ ودەنگێکی ئاشنای هاتە گوێ. چەند کەسێک پێکڤە داخفن، لە کوێ گوێی لەم دەنگە بەرزو گڕە بووە؟ بەخورتی یادگەی خستەکار، ناوێک لە گۆشەیەکی پەنهاندا مت بووبوو، بەڵام لە بیر نەچووبووەوە : " لیدنیف ، خۆیەتی، جگە لەو کەسی دی نییە" . پاڤل، کە لە مەزەندەکەی خۆی دڵنیا بوو، گازی کرد، دوای خولەکێک لیدنیف خۆی گەیاندە جەم وی و بە خۆشی وشادییەوە دەستی دەگوشی.

– ئەوە ماوی؟ کە گیان سەختی، چ خەبەرێکی خۆشت پێیە؟ چیە لێبڕاوی هەڵنەستیتەوە؟ بەمە ڕازی نیم، چاو لە من بکە. دکتۆرەکان وایان دانابوو دەبێ بە ناچاری دەستبەرداری کار ببم، بەڵام من هێشتا هەر بە پێوەم.

لیدنیف، بزەیەکی پڕ میهری بۆکرد.

کورچاگین، بەزەیی و هاودەردییەکی ڤەشێرتی لەو دیو ئەو بزەیەوە خوێندەوە.

دوو سەعاتیان بە دەم قسەی خۆشەوە گوزەراند. لیدنیف باسی دەنگوباسە تازەکانی مۆسکۆی بۆ گێڕایەوە. کورچاگین بۆ یەکەمجار قەراری حیزبی سەبارەت بە پراکتیزەکردنی سیستەمی هەرەوەزی لە واری کشتوکاڵ و ڕێکخستنەوەی گوندانی لەو ژنەوت، بە تاسەوە گوێی لە هەو وشەیەکی لیدنیف دەگرت.

– وامدەزانی، ئێستا لە زیدی خۆتا، لە ئوکرانیادا، خەریکی کار وچالاکیت. کە چی لێرەت دەبینم. بەڵام دڵ لە دڵ مەدە، من لەمەش خراترم بەسەر هات، ماوەیەکی زۆر لە جێدا کەوتم. چیوای نەمابوو بۆ هەمیشە زەمینگیر ببم، بەڵام ئەوەتا دەبینی

قیت و قۆز بە پێوەم. ئینسان ناتوانێ بە بێ ئیش وکار ژیان بقەتێنێ، نا، شتی وا نابێت! چی بێ لە تۆ نهێنی، هەندێجار وا بیر دەکەمەوە پێویستە کەمێک ئیسراحەت بکەم. نەفەسێک تازە بکەمەوە، خۆ من لە هەوەڵی عومرما نیم و تەحەموول کردنی ڕۆژێ دە – دوازدە سەعات کارکردن بڕێک زەحمەتە.

بەدەم ئەم بیرانەوە، بۆ ئەوەی باری خۆم سووک بکەم بە کارو بارەکانی خۆما دەچمەوە، بەڵام هەموو جارێ دەگەمە هەمان ئەنجام. هەرکە دەمەوێ باری خۆم سووک بکەم بە جۆرێ لە کارا نقوم دەبم و خۆم لە بیر دەکەم قەت بەر لە سەعات دوازدە بۆ ماڵ ناڕۆمەوە. ئیدی ئاوایە، تا خێرایی ئامێر ومەکینە زیاتر بێ، سووڕانەوەی پێچکەکانی لەزتر دەبێت. جا لای ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ خێرایی ژیان زیاتر دەبێت، بۆیە ئێمەی پیرەمێردان ناچارین وەکو دەورانی گەنجاتی بژین.

لیدنیف، بە ناو لەپی، نێوچەوانە زەقەکەی سڕی، بە تۆنێکی باوکانەی گەرم گوتی:

- دەی ئێستا باسی خۆتم بۆ بکە.

لیدنیف، بە دڵ وگیان گوێی لە بەسەر هاتەکانی کورچاگین دەگرت وپاقل، هەستی بە نیگا گەش و میهرەبانەکانی ئەو سەبارەت بە خۆی دەکرد.

***

ژمارەیەک لە نەخۆشانی ئاسایشگەکە ( ساناتوریوم) لە ژێر درەختانی پڕ گەڵا وگوڵ لە گۆشەیەکی هەتاوگیرا دانیشتوون. خریستانیف چرنکوزوف لە پشت مێزێکی بچووکەوە دانیشتبوو وبرۆ چرو پەیوەستەکانی هێنابوونەوە یەک ومژوولی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی پراڤدا بوو. کراسە ڕەشەکەی، شەپقە کۆنەکەی، ڕوخساری لاوازو تاوەگازی کە دەمێک بوو نەتاشرابوو، چاوە شین وبە قوڵا چووەکانی، ئەوەیان دەنواند کە کابرایەکی مەعدەنچی کۆنە. ئەم پیاوە کە بەر لە دوازدە ساڵ، بۆ ڕابەرایەتی کارگێڕی شار هەڵبژێردرا ئیدی چەکوشەکەی دانا، بەڵام وا دەهاتە بەرچاو کە ئا ئێستا لە کانە خەڵوزەکە هاتووەتە دەرەوە. ڕەفتارو

چۆنیەتی قسەکردن وئەو زاراوەو دەستە واژانەی بە کاری دەبردن، هەر هەموویان ئەو حاڵەتەیان دەنواند.

چرنکوزوف، هەم ئەندامی مەکتەبی کۆمیتەی ناوچەی حیزب بووەو هەم فەرمانبەرێکی گەورەی دەوڵەت بوو. نەخۆشی بە ئازاری گانگرینی لاق، هێزو توانای لێبڕی بوو. چرنکوزوف زۆر لە لاقە نەخۆشەکەی، کە شەش دانە مانگ بوو لە جێدا خستبووی، بێزار بوو.

ژیگیرڤا، کە لە خۆیدا غەرق بووبوو، لە هەنبەریا ڕۆنیشتبوو و دووکەڵی جگەرەکەی بە با دەدا. ئەلکساندرا ئەلکسیڤونا ژیکیرڤا، ژنێکی سی و حەوت ساڵان بوو، نۆزدە ساڵی تەمەنی لە حیزبا بەسەر بردبوو. هاوڕێکانی قۆناغی خەباتی نهێنی لە پترسبۆرگ، پێیان دەگوت "شوروچکای " فلزکار. لە تەمەنی منداڵکاریا، گیرا و ڕەهەنەی سیبیریا کرا.

نەفەری سێیەمی پشت مێزەکە، میخائیل ڤاسیلیڤیچ پانکوف بوو. سەر وسیما جوان و ڕوخساری کلاسیکی دانەواندبوو و گۆڤارێکی ئەڵمانی دەخوێندەوەو ناو بە ناویش عەینەکە دەسک و چوارچێوە شاخییەکەی ڕێکدەخست. ئینسان کە ئەم پیاوە گەنجە، سی ساڵانەی دەبینی، بە زەحمەت لاقی پێ بەرز دەکرایەوە، دڵی پێی دەسووتا. میخائیل فاسیلیفیچ پانکوف، نووسەر و سەر نووسەری ڕۆژنامە و کارمەندی کومیساریای میللی فەرهەنگ و ڕۆشنبیرییە. کەسێکی ئەوروپاناس وچەند زمانێکی بیانی دەزانی. کەسێکی زانیار ورۆشنبیر بوو. تەنانەت "چرنکوزوف " ش بە هەموو وشکی خۆیەوە، بە ڕێز وحورمەتەوە مامەڵەی لە تەکدا دەکرد.

ژیگیرڤا، بە ئارامی لە چرنکوزوفی پرسی: - ئەمە، هاو ژوورەکەتە؟

ئەوسا بە سەر ئاماژەی بۆ ئەو عەرەبانەیە کرد کە کورچاگین لە سەری دانیشتبوو.

چرنکوزوف، چاوی لە سەر گۆڤارەکە هەڵبڕی و لە ناکاوا ڕوخساری گەشایەوەو ڕوون بووەوە.

- بەڵێ ئەمە کورچاگینە. شورا، تەعاروفی لە گەڵ بکە. نەخۆشی کۆڵەی کوتاوە، ئەگینا ئەمە کوڕی تەنگانەیە ودەمانتوانی لە زۆر شوێنا سوودی لێ بدینین. ئەمە لە نەوەو نەسڵی یەکەمی کومسومولە. ئەگەر یارمەتی بدەین، من بڕیاری ئەمەم داوە، لەوەیە بتوانێ بگەڕێتەوە سەر کار.

پانکوف، گوێ لە قسەکانی چرنکوزوف دەگرێت. سورا ژیگیرڤا، بە هەمان تۆنی نەوییەوە پرسی: - نەخۆشییەکەی چییە؟

- کاریگەری ساڵی ١٩٢٠ . مۆرەغەی پشتی تەواو نییە. من لێرە لە گەڵ دکتۆرا قسەم کردووە، مەترسی ئەوەی لێدەکرێ بە تەواوەتی فەلەج ببێت. نەگبەتی لەوەدایە!

شورا گوتی:- من ئێستا دەڕۆم بۆ ئێرەی دێنم.

ئاشنایەتی وان بەوجۆرە دەستی پێکرد. پاڤل نەیدەزانی کە دوو نەفەر لەوانە، ژیگیرڤا و چرنکوزوف دەبن بە دوو کەسی ئازیزی ئەو، و لە ساڵانی ئایندەی نەخۆشیە قورسەکەیا، دەبن بە یەکەمین پشت و پشتیوانی.

***

ژیان وەکو جاران دەگوزەرا. تایا کاری دەکرد، کورچاگین خەریکی خوێندن بوو. هەرکە دەستی بە کار و چالاکی سیاسی کردەوە، نەگبەتی ومەینەتیەکی تازە، لە ناغافڵا یەخەی گرت. فەلەجی، لاقەکانی لە کار خست. ئێستا تەنیا دەستی ڕاستی کاری دەکرد. کاتێ، دوای هەوڵێکی زۆر دڵنیا بوو کە چیتر ناتوانێ بجوڵێت، بە جۆرێ لێوی گەست کە خوێنی لێهات.

تایا، مەردانە، بێ توانایی خۆی لە یارمەتی دانی ئەوا، شاردەوە. پاڤل، بزەیەکی تەوازی خوازی بۆ کرد وگوتی:

- تایوشا گیان ئێمە دەبێ لێکدی جیا ببینەوە. ئێمە وێنامان نەدەکرد، بەم ڕادەیە گیرۆدە ببین. ئەمڕۆ بە جدی بیر لەم مەسەلەیە دەکەمەوە.

تایا، نەیدەهێشت پاڤل قسە بکات، نەیدەتوانی جڵەوی فرمێسکەکانی بگرێت. بە دەم گریان و هەنسک دانەوە سەری پاڤلی بە سینگ و بەرۆکی خۆیەوە دەنا و دەگوشی.

ئارتیم، بە مەینەتیە تازەکەی پاڤلی زانی، نامەی بۆ دایکی نووسی، دایکی ( ماریا یاکوڤلیڤنا ) وازی لە هەموو شتێک هێنا و بۆلای پاڤل هات. بە سێ قۆڵی دەژیان، پیرەژن لە گەڵ تایادا، بە خۆشی و ئارامی دەژیا.

کورچاگین، درێژەی بە خوێندن وخوێندنەوەی خۆی دەدا. تایا، لە ئێوارەیەکی زستانەی ناخۆشا، مژدەی یەکەمین سەرکەوتنی خۆی هێنایەوە- کارتی ئەندامیەتی سۆڤیەتی شاری لە گەڵ خۆیدا هێنایەوە. لەو ئێوارەیە بە دواوە پاڤل بە دەگمەن تایای دەبینی. لە ئاشخانەی ئاسایشگەکەوە، دوای ئەوەی لە شۆردنی قاپەکان دەبووەوە، دەچوو بۆ بەشی ژنان و لەوێوە بۆ سۆڤیاتی شار دەڕۆیی ودرەنگانێکی شەو شەکەت و ماندوو بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، بەڵام بە دڵی خۆش و ورەی بەرزەوە دەگەڕایەوە. ڕۆژی پاڵاوتنی بۆ ئەندامیەتی حیزب نزیک دەبووەوە. بە تاسەوە خۆی بۆ ئەو ڕۆژە ئامادە دەکرد. بەڵام لە ناکاوا بەڵایەکی تازە نازڵ بوو. نەخۆشییەکە کاری خۆی کرد، چاوی ڕاستی کورچاگین هەوی کرد، سوور بووەوە، ئازارێکی ئەوتۆی هاتێ، دەتگوت ئاگری کەوتووەتێ... نەخێر ئەم ئازارە بۆ چاوی چەپیشی سیرایەتی کرد. پاڤل، بۆ یەکەمجار لە ژیانیا هەستی بەوە کرد کە کوێری یانی چی. هەر چواردەوری لە تاریکیدا نقوم بوو.

ئەوەی کە بە لایەوە زۆر ناخۆش و مایەی نائومێدی بوو، ئەوە بوو کە نائومێدی و پەژارەی داکی و تایا، لە ڕادەبەدەر بوو. بەڵام ئەو، بە ئارامی و خوێنساردی تەواوەوە بڕیاری خۆی دا: "دەبێ چاوەڕوان بکەم، بزانم ئاینده چی دیکەی حەشار داوە. ئەگەر هیچ ئەگەرێکی پێشڤەچوون نەبێت، ئەگەر ئەم نابینایییە، خەتی ڕاست

وچەپی بەسەر هەموو هەوڵەکانی گەڕانەوە بۆ سەر کار هێنابێ، و گەڕانەوە بۆ دنیای کار وخەبات مەحاڵ بێ، دەبێ سنوور بۆ هەموو شتێک دابنەم " .

کورچاگین، نامەی بۆ دۆستەکانی خۆی نارد، دۆستەکانی وەڵامیان دەدایەوەو هانیان دەدا، کە خۆڕاگر بێ و درێژە بە خەبات بدات.

لەم ڕۆژە سەختانەدا، تایا، بە خۆشیەی زۆرەوە، مژدەی دایێ:- پاڤلوشا، من بۆ ئەندامیەتی حیزب پاڵێوراوم .

پاڤل، بە دەم گوێگرتنەوە لە تایا کە چۆن حیزب وەکو هاوڕێیەکی تازە لە ڕیزەکانی خۆیدا وەری گرتووە، سەرەتاکانی چوونە ڕیزی حیزبی خۆی بیر کەوتەوە. دەستی تایای گوشی و گوتی:

- بەمجۆرە هاوڕێ " کورچاگینا " من و تۆ پێکڤە یەک فراکسیونی کۆمۆنیستی پێک دەهێنین.

پاڤل، ڕۆژی دوایی نامەیەکی بۆ سکرتێری کۆمیتەی بەش نارد، تکای لێکرد کە بێتە سەردانی. شەوێ ئۆتومبیلێکی قوڕاوی لەبەر دەرگا وەستا و ڤولمەری پیرەمێردی خەڵکی لاتڤیا، کە لە چەناگەیەوە تا بناگوێی ڕیش داپۆشی بوو، بە گەرمی دەستی کورچاگینی گوشی و گوتی:

- حاڵت چۆنە؟ ئەمە چیە؟ ڕابە، هەر ئێستا بۆ گوندت ڤڕێ دەکەین.

ئەوسا پێکەنی.

سکرتێری کۆمیتەی ناوچە، دوو دانە سەعاتی لای پاڤل بەسەر بردو تەنانەت لە بیری چووەوە کە کۆبوونەوەی عەسرانەی هەیە.

ڤولمەر، بە ناو ژوورەکەدا و بە دەم هات و چۆوە گوێی لە قسە پڕ سۆز وگودازەکانی پاڤل دەگرت، ئەنجام گوتی:

– واز له باسی شانه وفراکسیون بێنه. تۆ پێویستت به ئیسراحەتە. دەبێ خەمی چاوەکانت بخۆین. ڕەنگە هێشتا ئومیدێک هەبێت و بە تەواوەتی لە دەست نەچووبن. دەتەوێ بۆ مۆسکۆ بڕۆیت؟ بیری لێبکەوە...

کورچاگین، قسەکەی پێ بڕی:

– هاوڕێ ڤولمەر، من پێویستم بە بەشەرانە، خەڵکی زندوو! من ناتوانم بە تەنیا بژیم. من ئێستا لە هەموو کاتێ زیاتر پێویستم بە خەڵکییە. کەسانی گەنجم بۆ بنێرە، لەوانەی کە ئەزموونیان کەمە. ئەوانە لە گوندا زیاتر بەلای چەپدا دایدەکێشن، بە لای کومونەدا مایلن، لە کولخوزاندا جێیان نابێتەوە. ئاخر کومسومولی ئەگەر چاودێری نەکەیت، زۆر جار پەت دەپچڕێ و لە خەت دەردەچێ. من خۆیشم بەو حاڵەدا ڕۆیشتووم.

ڤولمەر ڕاوەستا :

– تۆ ئەمەت لە کوێوە زانیوە؟ خۆ ئەمڕۆ ئەم خەبەرە لە ناوەندەوە هاتووە.

کورچاگین، بزەیەکی بۆ کرد.

– ژنەکەی منت لە بیرە؟ دوێنێ لە حیزب وەرگیراوە، ئەو بۆی باسکردم.

– ئەها، کورچاگینا، قاپ شۆرەکە؟ ژنی تۆیە؟ من ئێستا ئەمەم زانیوە!

ڤولمەرکەمێک لە فکران ڕاچوو، ئەوسا شەپ کێشای بە هەنیەی خۆیدا و لە سەری ڕۆیی:

– ئەها، دەزانی کێت بۆ لا دەنێرین، لیڤ پرسینیڤ هاوڕێی لەو باشتر دەست ناکەوێ. ئێوە تەنانەت لە تەبع و تەبیعەتیشدا تێکدەدەنەوە. پێکەوە یەک ترانسفۆرماتۆڕ پێک دەهێنن. دەزانی من سەردەمانێ کارەباچی بووم. لەبەر ئەوەیە ئەم زاراوەو وشانە بە کار دەبەم. بەڵێ، لیف، ڕادیۆشت بۆ دروست دەکات. لە بەشی ڕادیۆدا پرۆفیسۆرە. من زۆرجار تا سەعات دووی شەو لای ئەو

دەمێنمەوەو گوێ لە ڕادیۆ دەگرم. زۆرجار ژنەکەم گومانم لێدەکات و دەپرسێت، تۆ پیرە سەگ شەوان لە کوێ مۆزەمۆز دەکەی؟

کورچاگین، بە دەم بزەیەکەوە پرسی: - ئەم برسینیفە کێیە؟

ڤولمەر، لە هاتوچۆی نێو ژوورەکە شەکەت بوو، لە سەر کورسییەک ڕۆنیشت وگوتی:

- ئەمە کاتب عەدلی ئێمەیە، بەڵام کاتب عەدلێکی وەکو سەماکاری بالێ، لیف تا ماوەیەک لەمە پێش کارمەندێکی گەورە بوو، لە ساڵی ١٩١٢ وە هاتووەتە ڕیزەکانی تەڤگەری شۆڕشگێڕییەوە، لە شۆڕشی ئوکتوبەرەوە بووە بە ئەندامی حیزب. لە شەڕی ناوخۆدا، لە سوپای دووەمی سوارەدا ئەندامی دادگای شۆڕش بووە، لە گەڵ " ژولوبا " دا ، لە دەڤەری قەفقازیا دوای ئەسپێ سپیەکانی بڕییەوە. لە تساریتسین ولە شەڕگەی باشوورشدا بووە. لە ڕۆژهەڵاتی دووریشدا، سەرۆکی دادگای باڵای سوپایی کۆمار بووە، دەرد و ئازاری زۆری چەشتووە، ئەوەندەی مەشرووب خواردەوە تا بێچارە بوو، تووشی سیل بوو وبڕستی لێبڕا. لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە بۆ ئێرە گوازرایەوە. لێرە، لە قەفقاز پۆستی سەرۆکی دادگای ناوچە وجێگری سەرۆکی دادگای ئوستانی وەرگرت. ئەنجام سیپەلاکەکانی وێران بوون و لە ترسی مەرگ بۆ ئێرەیان هێناوە. لە بەر ئەمەیە کە ئێمە ئەم کاتب عەدلە "دادنووس" سەیرەمان هەیە. کارەکەی، کارێکی ئاسانە، بۆیە تا ئێستا ماوە. لێرە شانەیەکیان داێ، پاشان بۆ کۆمیتەی ناوچەیان هەڵبژارد. پاشان قوتابخانەیەکی سیاسیان داێ و دواتر لە کۆمیتەی چاودێریان دانا. ئەندامی هەمیشەیی هەموو لیژنە گرینگەکانی، پرس ومەسەلە ئاڵۆزو تێکرژاوەکانە. سەرباری هەموو ئەمانەش ڕاچییەکی لەزەبرە، زۆری حەز لە ڕادیۆیە. هەرچەندە یەک سیپەلاکی هەیە، بەڵام ئەوەندە چالاک و چەلەنگە مەحاڵە باوەڕ بکەی کە نەخۆشە، ژیان و زیندوویەتی لێ هەڵدەقوڵێ. بێگومان بەدەم ڕاکەڕاکەی نێوان کۆمیتەی بەش و دادگاوە دەمرێت.

پاڤل، بە پرسیارێکی توند قسەکەی پێبڕی:

- باشە بۆچی وا بارتان کردووە؟ مانای وایە لە لای ئێوە، زۆر لە جاران پتر کار دەکات.

ڤولمەر، بە لاچاوێکەوە تەمەشای کورچاگینی کرد.

- ئەگەر ئێستا ئیشێک، یا شانەیەک بە تۆ بسپێرم لیڤ دەڵێت: - " بۆچی وا باری دەکەن " بەڵام سەبارەت بە خۆی دەڵێت:- " ئەگەر یەک ساڵ بە دەم کارێکی جدییەوە بژیم باشترە لەوەی پێنج ساڵ بە دەم نەخۆشییەوە، لە خەستەخانان‌دا بکەوم " . وادیارە ئێمە تەنیا ئەو کاتە دەتوانین فریای بەشەران بکەوین، کە سوسیالیزممان بنیات نابێ.

- ئەمە دروستە. منیش هەمان ڕەئیم هەیە، یەک ساڵ ژیان، باشترە، لە پێنج ساڵی ناو خەستەخانان. بەڵام ئێمە لێرەشا هەندێجار، توانا و بەهرەی خۆ بە فیڕۆ دەدەین، تاوان بەرانبەر بە خۆمان دەکەین. من ئێستا بۆم دەرکەوتووە ئەو توندڕەوییە، ئەوەندەی هەڵوێستێکی خۆبەخۆ و عەفەویانە و نامەسئولانە بووە، ئەوەندە قارەمانیەتی نەبووە. من ئێستا گەییوومەتە ئەو قەناعەتەی هەرگیز مافی ئەوەم نەبووە، بە ڕەقی و بێ ڕەحمیەوە، مامەڵە لەگەڵ سەلامەتی و تەندروستی خۆمدا بکەم. ئاشکرایە ئەم کارە هیچ ئازایەتیەکی تێدا نییە. ئەگەر ئەم ئیسپارتیزمە تۆسن و چەموشە نەبوایە لەوە بوو چەند ساڵێکی دیکە بژیبام. بە کورتیەکەی نەخۆشی منداڵانەی چەپڕەوی، یەکێکە لە مەترسیە بنەڕەتیەکان سەبارەت بە ڕەوشی من (ئیسپارتیزم: لە وشەی ئیسپارتەوە وەرگیراوە. ئیسپارتەکان قەومێک بوون لە یۆنانی کۆندا، کە منداڵانی خۆیان، لە منداڵییەوە بە ژیانی سەخت، چەکداری، سواری وهەر کارێکی دژوار دەعەلماند و پەروەردە دەکرد) .

" ئەمە قسەی ڕووتە. وەرە تاقی بکەوە، بیخەرەوە سەر پێیان، بزانە چۆن هەموو شتێکی ژیانی خۆی فەرامۆش دەکات ".

ڤولمەر، لە دڵی خۆیدا ئەو قسەیەی کرد، بەڵام هیچی نەگوت.

شەوی ڕۆژی دوایی لیڤ هات بۆ لای پاڤل. تا نیوەشەو لە لای مایەوە. لیڤ کە لە لای دۆستە تازەکەی وەدەرکەوت، هەستی دەکرد، تووشی برایەکی خۆی بووە، کە چەندین ساڵ بوو ونی کردبوو.

بەیانی چەند کەسێک سەرکەوتنە سەربان و، ئانتێنی ڕادیۆیان دانا " لیڤ " ش لە ژوورەوە خەریک بوو، بە دەم گێڕانەوەی بەسەرهاتە خۆش و عەنتیکەکانی خۆیەوە، ئامێر ودەزگاکەی دادەنا. پاڤل، ئەوی نەدەبینی، بەڵام لە میانی وەسفەکانی تایاوە بۆی دەرکەوت کە لیڤ کەسێکی قژ زەردی چاوگەشە. باڵابەرزێکی بەژن زراڤە، کەسێکی سووکەڵە وچاپک وچەلەنگە، یانی ڕێک ئەو کەسە بوو، کە پاڤلم لە هەوەڵی ئاشنابوونیاندا، لە خەیاڵی خۆیدا وێنای کردبوو.

لە بولێڵی ئێوارەدا، سێ ( میکرو )ی ڕادیۆکە لە ژوورەکەدا هەڵبوون، لیف، سەرکەوتوانە سەماعەکانی دایە پاڤل. دەنگە دەنگ دنیای پڕ کردبوو، مۆرسی بەندەرەکە وەکو چۆلەکە کەوتە جریوە جریو، لە شوێنێکەوە (وەکو ئەوەی دەریا بێ) پەروانەی کەشتیەک کاری دەکرد. لە ناو جەرگەی ئەم هەرا و زەنایەوە، ڕادیۆکە دەنگێکی ئارامی گەیاندە گوێی: - ئێرە مۆسکۆیە...

دەزگایەکی بچووکی گیرەندە بە ئانێنەکەی خۆی شەست وێستگەی دنیای وەردەگرت. ئەو ژیانەی کە پاڤل لێی دابڕابوو، لە میانی سەماعە پۆڵایینەکەوە، دەهاتە دەرێ و پاڤل، هەستی بە هەناسە بەهێزەکەی دەکرد.

" برسینیف " ی ماندوو، کە تروسکانەوەی چاوانی پاڤلی بینی بزەیەکی کرد.

***

هەموو خەڵکی ماڵە گەورەکە لە غوربەتی خەوەدان. تایا بەدەم خەوەوە، ورتە ورت دەکات. هیلاک، سەرما بردوو، شەوانی درەنگ بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە. پاڤل زۆر بە کەمی دەیبینێ. تا ، تایا زیاتر لە کارا غەرق دەبوو، شەوانی ئازادی کەمتر دەبوو.

پاڤل، قسەکانی برسینیفی بیر دەکەونەوە.

" ئەگەر ژنی کابرایەکی بوڵشەفیک، هاوڕێیەکی حیزبی بێ، زۆر بە کەمی یەکدی دەبینن. ئەمە دوو قازانجی تیایە : قەت لە یەکتر بێزار نابن و، کاتی شەڕ و تۆرانیانیش نابێت! "

چۆن دەتوانێ ئیعتراز بگرێت؟ دەبوا پێشبینی ئەمە بکات.

ڕۆژگارێک تایا هەموو شەوانی خۆی بۆ ئەو ( پاڤل ) تەرخان دەکرد. ئەو ڕۆژانە زۆر گەرم و گۆڕتر وخۆشتر بوون، بەڵام ئەو کاتانە تایا تەنیا ژنی بوو، بەڵام هەنووکە قوتابی و هاوڕێی حیزبیەتی. دەیزانی تایا، تا زیاتر لە حیزب وکار وباری حیزبیدا دەچووە پێشترەوەو کەمتر دەیپەرژایە سەر ئەم، بۆیە ئەمەی وەکو دیفاکتۆیەک قەبووڵ بوو.

پاڤل، کۆمەڵێک گەنجی پێ سپێردرا تا دەرسیان پێ بڵێتەوە.

دووبارە، هەرا و زەنا و ئاوەدانی کەوتەوە ماڵەکە، بە تایبەتی شەوان. ئەو کاتانەی کە پاڤل لە گەڵ گەنجەکاندا بە سەری دەبردن، چارچیان دەکردەوە، بە ژیان بارگاوی دەبووەوە. لە کاتەکانی دیدا، دایکی بە زەحمەت سەماعەکانی ڕادیۆکەی لێوەردەگرت، تا خواردنی بداتێ.

ڕادیۆ، جێگای چاوی بۆ گرتەوە. جاران بە چاو دەیخوێندو دەیخوێندەوە، ئەم مەیل و تاسەی خوێندنە، کە هێز نەبوو ساردی بکاتەوە، ئازارە جەستەییەکان وژانی ئاگرینی چاوەکانی و سەختی لە بن نەهاتگی ژیانی بێ بەزەیی لە بیر دەبردەوە.

کاتێ ئەنتێنی ڕادیۆکە لە کارخانەی ماگنیتو گورسکەوە هەواڵی ئازادی و شەهامەتی لاوانی لە سایەی ئاڵای ئینتەرناسیولی کومسومولی دا، کە شوێنی نەسڵی کورچاگین وکورچاگین ئاساکانیان گرتبووەوە، گەیاندە گوێی ئەو، پاڤل هەستی بە شادمانییەکی یەجگار زۆر کرد. بە خەیاڵ زریان وبەفر وکڕێوەی وەکو گەلە گورگێکی دڕ ودڕندە هێنایە بەرچاوی خۆی، سەهۆڵبەندان و سەرمای

بەترەفی ئۆرالی هێنایە بەرچاوی خۆی. با دەیلوراند، دەستەیەک لە نەوەی دووەمی کومسومولان، سەراپا لە بەفرا نقوم، لە بەر ڕۆشنایی گلۆپێن کارەباییدا، سەربانی بینا گەورەکانی کارخانەکانیان شووشەبەندی دەکرد. هەوەڵین وەرشەکانی کارخانە گەورەکەیان، لە بەفر وسەرما ڕزگار دەکرد. ئە ڕێگایەی کە نەسڵی یەکەمی کومسومولی "کییف " لە لێرەوار و جەنگەڵە تووشەکەدا، بە دەم زریان و بەفرەوە کردبوویانەوە، لە چاو ئەم کۆمەڵە کارخانەیەدا زۆر بچووک بوو. ئیدی وایە، وڵات گەشەی کردبوو و خەڵکەکەش پێشکەوتبوون و گەشەیان کردبوو.

لە سەر دەنیپەر، کاتێ ئاو سەری کرد، لەهی(لافاو) ڕابوو، درزی خستە بەربەستە پۆڵاییینەکان، ئوتومبیل وخەڵکانی ڕاماڵی، هەمدیس لاوان وکومسومول، قۆڵیان لێ هەڵماڵی تا بەرەنگاری سروشت ببنەوەو دوای شەڕێکی دژواری دوو ڕۆژەی بێ وچان و بێ خەو وئیسراحەت، توانیان لافاوە هەوسار پچڕیوەکە بۆ پشت بەربەست و لەمپەڕە پۆڵاییینەکان بگەڕێننەوە.

نەسڵ و وەچەیەکی نوێی کومسومول و لاوان پێشەنگایەتی ئەم جۆرە خەباتەیان دەکرد. پاڤل، وەختێک لە ڕیزی لیستی ناوی قارەماناندا، ناوێکی ئاشنا وئازیزی، ناوی ئیگنات پانکراتوفی بیست، زۆر دڵی خۆش بوو.

## فەسڵی نۆیەم

چەند ڕۆژێک، لە مۆسکۆ، لە ئەرشیڤخانەی دامەزراوەیەکدا مانەوە کە بەڕێوەبەرەکەی یارمەتی پاڤلی دا لە خەستەخانەیەکی تایبەتیدا، بخەوێنرێ.

پاڤل، ئێستا بۆی دەرکەوتبوو کە پایەداری وخۆڕاگری، لە گەنجیەتی ولەش ساغیدا کارێکی زۆر ئاسانە، بەڵام لەم حاڵەدا، کە ژیان چنگی ئاسنینی ناوەتە بینی، وەفاداری وپایەداری، کارێکی شەرافەتمەندانەیە.

- دەزانی پاڤل، دایکم بەر لەوەی بکەوینەڕێ نامەیەکی بۆم نووسی بوو کە بابمیان لە (کیوپراتیڤ ) دەکردووەو هەنووکە لە دووکانان دارتاشی دەکات.

***

... یەک ساڵ و نیو بە سەر ئەو شەوەدا تێ پەڕیوە کە کورچاگین لە ئەرشیڤخانەدا بەسەری برد. هەژدە مانگی تەواوی لە ئازار و مەینەتی بەردەواما بەسەر برد.

پرۆفیسۆر ئوڤرباخ لە خەستەخانەکەدا، بە ڕاشکاوی بە پاڤلی گوت کە چاوی چاک نابێتەوە و مەحاڵە بینایی بۆ بگەڕێتەوە، لە ئایندەیەکی نادیاردا، کەنگێ هەوی چاوەکانی نەما، جەڕاحەکان هەوڵدەدەن، نەشتەرگەرییەک بۆ بیلبیلەکانی بکەن، ئیدی بۆ نشاندنەوەی هەوی چاوەکانی پێشنیازیان کرد کە نەشتەرگەری بۆ بکەن، دوکتۆرەکان داوای ڕەزامەندی پاڤلیان کرد، پاڤل، ڕێگەی دان، دکتۆرەکان هەرچییەک بە پێویست دەزانن، بیکەن.

لەو کاتانەدا کە پاڤل، لە سەر مێزی نەشتەرگەری پاڵ خرابوو، نەشتەران گەروویان هەڵدەدڕی و غودەی دەرەقیەیان بۆ دەردێنا، سێ جار مەرگ بە باڵە ڕەشەکانییەوە، بە سەریا هات وچوو. بەڵام ژیان دەستبەرداری نەبوو. تایا، دوای چەندین سەعات لە چاوەڕوانی ترسناک، مێردەکەی بینییەوە، مردوو ئاسا ڕەنگ زەرد و زەعیف، هەر بە ناو ڕۆحی تیا مابوو، بەڵام وەکو هەمیشە ناسک و ئارام بوو.

– گوێ مەدەیە، کیژێ، ڕۆح کێشانی من ئەوەندەش ئاسان نییە. هەر دەژیم، هەر هیچ نەبێ لە ڕقی حیساب و کیتابی ئەم دکتۆر و زانایانە دەژیم و مل بۆ مردن نادەم. هەرچییەک دەربارەی سەلامەتی و تەندروستیم دەڵێن ڕاست دەکەن، بەڵام ئەگەر بیانەوێ بنووسن کە سەدی سەد پەکم کەوتووەو کارم پێناکرێ، بێگومان هەڵە دەکەن، هەڵەیەکی گەورەش دەکەن. دەشی بینین!

پاڤل، زۆر بە جدی و بێ هیچ دوو دڵییەک، ئەو ڕێگایەی هەڵبژراد بوو، کە دەیبردەوە ڕیزی بونیات نەرانی ژیانی تازە.

***

... زستان کۆتایی هات و بەهار پەنجەرانی خستە سەر گازی پشت. کورچاگین، پاش ئەوەی بە زیندوویەتی لە دوا نەشتەرگەری دەرچوو، ئیدی بۆی دەرکەوت کە لە ئێستا بە دواوە ناتوانێ لە خەستەخانەکە بمێنێتەوە. ژیان بە درێژایی ئەم چەند مانگە، لە ژینگەیەکی پڕ عەزاب و ئازاری بەشەری و لە نێو ئاهونالە ونەفرەتی خەلکانی مەحکووم بە مەرگ، زۆر لە تەحەموولی عەزاب و دەردی شەخسی قورستر بوو.

کاتێ پێشنیازکرا کە نەشتەرگەرییەکی تازەی بۆ بکرێت، بە ساردی و بە توندی بەرسڤی دایەوە :

– نەخێر! ئەوەندەم بەسە، بەشێک لە خوێنی خۆم بە زانست بەخشی، بەلام ئەویتریم بۆ خۆم، بۆ کارێکی دیکە پێویستە.

پاڤل، هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکی بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسی و تکای کرد کۆمەکی بکەن تا لە مۆسکۆ بمێنێتەوە، کە ژنەکەی لەوێندەر کاری دەکرد، چونکە ئەم هەموو هات وچۆیە دادی ئەم نادات. ئەمە یەکەم جاری بوو داوای یارمەتی لە حیزب بکات. ئیدی وەلامیان دایەوەو سۆڤیەتی مۆسکۆ، ژوورێکیان دایە. ئیدی پاڤل خەستەخانەکەی بە جێهێشت وهەموو ئاوات و خۆزیایەکی ئەوە بوو جارەکی دی بۆ خەستەخانە نەگەڕێتەوە.

ئەم ژوورە بچووکەی، کە کەوتبووە کۆلانێکی ئارامی شەقامی " کروپوتکینسکایا " وە، زۆر خۆش و بە شکۆ وجەلال هاتە بەرچاو. کاتێ پاڤل شەوانە بێدار دەبووەوە بەڕاستی باوەڕی نەدەکرد لە خەستەخانە دەرچووە.

تایا، بوو بە ئەندامی حیزب. تایا کە لە کارا مکووڕ وسەرسەخت بوو، وێڕای کارەساتی ژیانی شەخسی خۆی، هەرگیز لە کرێکارانی پێشەنگ دوا نەدەکەوت وکرێکارەکان، زۆریان باوەڕ و متمانە بەم ژنە بێدەنگە هەبوو ، بۆیە بە ئەندامی

کۆمیتەی کارخانەکەیان هەڵبژارد. پاڤل، شانازی بە هاوڕێکەی ژیانیەوە دەکرد کە بەرە بەرە بەرز دەبووەوەو دەبوو بە بوڵشەفیک، ئەمە سوکنایی بە ناخی دەبەخشی و باری قورسی سەر شانی سووک دەکرد.

***

پاژانوڤا، کە بە کار وماموورییەت بۆ مۆسکۆ هاتبوو، هاتە سەردانی پاڤل. ماوەیەکی زۆر پێکڤە قسانیان کرد. پاڤل زۆر بە گەرمی باسی ئەو ڕێگایەی کرد کە دەیگرێتەبەر، بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بگەڕێتەوە ڕیزی خەباتکاران.

پاژانوڤا، تەمەشایەکی لاجانکە ماش و برنجیەکانی پاڤلی کردو بە نەرمی گوتی:

– هەرچەندە ڕەنجێکی یەجگار زۆرت کێشاوە، بەڵام وێڕای ئەوەش جۆش وخرۆشە هەڵایساوەکەت لە دەست نەداوە. لەوەی پتر چیت دەوێ؟ ئەم بڕیارەی کە لێبڕاوی دەست بەو کارە بکەی کە پێنج دانە ساڵە خۆتی بۆ ئامادە دەکەی، هەڵوێستێکی جوانە. بەڵام چۆن کار دەکەی؟

پاڤل، بزەیەکی ئارامبەخشی کرد.

– سبەینێ، دێڕ بەندێکی مقەوام بۆ دێنن، بە بێ ئەوە ناتوانم بنووسم، چونکە دێڕەکان تێکەڵی یەک دەبن، سواری یەکتر دەبن. ماوەیەکی زۆر بیرم لە چارەیەک کردەوە، باش بوو ئاخری دۆزیمەوە. ئەو خشتە و نەوارانەی لە مقەواکەی دەبڕن، نایەڵن قەڵەمەکەم لە ڕاستە خەتەکە دەربچێت. نووسین بە بێ ئەوەی بیدینی زۆر زەحمەتە، بەڵام مەحاڵ نییە. من دڵنیام لەمە. ماوەیەکی زۆرم بەمەوە بردە سەر، لێ هیچ سەرکەوتنێکم بە دەست نەهێنا. بەڵام ئێستاش هێواش هێواش دەنووسم، زۆر بە وردی حەرفەکان دەخەمە سەر کاغەز وباشیش دەردەچن.

پاڤل، دەستی بە کارکرد.

بیری لەوە کردەوە کە چیرۆکێک دەربارەی لەشکری قارەمانی کوتوفسکی بنووسێت، خۆ بەخۆ ناونیشانی چیرۆکەکەی بە خەیاڵا هات: " فرزەندێن زریان " .

ئیدی لەو ڕۆژەوە هەموو تەمەنی خۆی وەقفی ئەم کتێبە کرد. دێڕ لە دووی دێڕ لە دایک دەبوون و لاپەڕە پڕ دەبوونەوە. بەڵام کاتێ کە دیمەن و وێنەکان، بەو گەشی و ڕوونیەی کە لە خەیاڵیا بەرجەستە دەبوون، و هەستی پێدەکردن نەدەهاتە نووسین و دێڕەکان کاڵ وکرچ و سرد و سڕ دەردەچوون پاڤل، هەستی بە ژان و کول و کۆڤانی کاری ئەفراندن دەکرد.

دەبوایە هەرچییەکی دەنووسی، وشە بە وشە بە زەین و یادگەی بسپاردایە و لە بیری بوایە. کە هەودای بیرەکانی دەپچڕا، کاری نووسینەکەی دەوەستا، لە کار دەکەوت. هەندێجار دایکی بە ترسەوە سەیری کوڕەکەی دەکرد و وای وێنا دەکرد شێت بووە.

پاڤل، بە دەم کارکردنەوە ناچار دەبوو، چەندین لاپەڕە وبگرە هەندێجار فەسڵ بە زەین و یادگەی خۆی بسپێرێت و ئەزبەریان بکات. هەندێجار دایکی وای بە خەیاڵدا دەهات کە کوڕەکەی شێت بووە. لە کاتی نووسیندا کەمتر لێی نزیک دەبووەوە، مەگەر کاغەزێکی لێ بەر بوایەتەوە، هەنگێ دەچوو بۆی هەڵدەگرتەوەو بە ترس ولەرزەوە دەیگوت:

- پاڤلوشا ( سووکەڵە ناوی پاڤلە ) باشتر وابوو خۆت بە کارێکی دیکەوە مژوول بکردایە، ئاخر خۆ ناکرێ هەتاهەتایە هەر خەریکی نووسین بیت...

پاڤل، لە کانگای دڵەوە، بەم ترس و دڵەڕووکەیەی دایکی پێدەکەنی ودڵنیای دەکردەوە کە هێشتا بە تەواوی ئەقڵەکەی لە دەست نەداوە.

***

سێ فەسڵی ئەو کتێبەی کە نەخشەکەی بۆ دانابوو، تەواو بوو. پاڤل، ئەو سێ فەسڵەی نارد بۆ هەندێ هاوڕێی کۆن لە لەشکری کوتوفسکی لە ئودێسا، تا خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن. دوای ماوەیەکی کەم نامەیەکیان بۆی نارد، پڕ بوو لە سەرنج و ڕاوبۆچوونی ئەرێنی، بەڵام دەست نووسەکەی ئەو، لە کاتی

گەڕاندنەوەدا، لە پۆستەدا ون بووبوو. کاری شەش هەیڤی بە فیڕۆ ڕۆیی. دیارە ئەمە بۆ ئەو شوکێکی مەزن بوو. زۆری خەفەت لەوە دەخوارد کە تاقە نوسخەکەی خۆی ناردبوو و نوسخەیەکی لەبەر نەگرتبووەوە. باسی ون بوونی ئەم بەرهەمەی بۆ لیدنیف کرد.

– باشە ئەو بێ موبالاتی و خەمساردیە بۆ؟ دەی گوێ مەدەیە، خۆت هێور بکەوە. ئیدی ئەوەی چوو چوو، بە خەم و جنێوان ناگەڕێتەوە. سەر لە نوێ دەست پێبکەوە.

– ئاخر " ئینوکنتی پاڤلوڤیچ " ڕەنجی شەش مانگم بە فیڕۆ چوو، لێم دزرا ، بە تالان بردرا. یانی هەموو ڕۆژێک هەشت سەعات، بە بێ وچان کارم تیا کردووە... نەفرەت و سەد نەفرەت لەو مێمڵ و مشەخۆرانە!

لیدنیف، هەوڵیدەدا دڵی بداتەوە.

پاڤل، ناچار سەر لە نوێ دەستی بە نووسین کردەوە. لیدنیف کاغەزی پەیدا کرد و یارمەتی پاڤلی دا تا نووسینەکەی تایپ بکرێ. دوای یەک هەیڤ و نیو فەسڵی یەکەمەکەی سەر لە نوێ نووسرایەوە. خانەوادەی ئەلکسییف، لە هەمان بالاخانەدا دەژیان ، ئەلکسندری کوڕە گەورەیان، سکرتێری کۆمیتەی کۆمسومولی، یەکێک لە ئاواییەکانی دەوروبەری شار بوو. ئەلکسندر، خوشکێکی ڕوو خۆش وشەنگوڵی هەژدە سالانی هەبوو بە نێوی " گالیا " ئەم کیژە چالاک و چەلەنگە پەیمانگای کرێکاری تەواو کردبوو. پاڤل، بە دایکی گوت کە قسە دەگەڵ ئەو کیژە بکات بزانێ ئاخۆ قاییل دەبێ وەکو سکرتێر کار بۆ ئەم بکات و یارمەتی بدات. گالیا بە کەماڵی ئارەزوو ڕازی بوو بە خەندەو ڕوو خۆشییەوە هات. هەرکە زانی پاڤل، خەریکە چیرۆک دەنووسێت گوتی :

– من، هاوڕێ کورچاگین، بە خۆشحاڵییەوە یارمەتیت دەدەم. ئەم کارەی تۆ زۆر جیاوازە لە نووسینە تاقەتبەرەکانی بابم دەربارەی پاک و خاوێنی ناو ماڵان.

لەو ڕۆژە بە دواوە کار و چالاکی نووسین بە خێراییەکی دوو چەنانەوە، دەچووە پێشێ. لە ماوەی مانگێکدا کارێکی ئەوەندە زۆر کرا، کە پاڤل بە خۆیشی باوەڕی نەدەکرد. گالیا، بە هاوخەمییەکی زۆر دڵسۆزانە وچالاکانە یارمەتی دەدا. قەڵەمەکەی بە دەم خشەخشێکی سووکەوە بە سەر کاغەزەکەدا دادەخزی. گالیا هەر وشە وڕستەیەکی بەدڵ بوایە، چەند جارێک بە خۆشییەوە دووبارە دەیخوێندەوەو کۆڵێک دڵی بە سەرکەوتنەکەی پاڤل خۆش دەبوو. گالیا، لە ماڵەکەدا تەقریبەن تاقە کەس بوو کە باوەڕی بە کارەکەی پاڤل هەبوو، بەڵام ئەوانی دی پێیان وابوو، هیچ بە هیچ ناکات و، پاڤل، تەنیا دەیویست بێکاریە ناچارییەکەی خۆی بە شتێک پڕ بکاتەوە.

لیدنیف، کە بە کار وماموری ڕۆیی بوو، بۆ مۆسکۆ ،گەڕایەوە. دوای ئەوەی فەسڵەکانی هەوەڵی خوێندەوە گوتی :

– بەردەوام بە هاوڕێم، سەرکەوتن بۆ ئێمەیە. شادییەکی گەورەت لە ڕێیە پاڤل گیان، من دڵنیام کە ئارەزووی گەڕانەوەت بۆ ڕیزی کار وخەبات بەو زووانە دێتە دی، ئومێدبڕ مەبە کوڕەکەم.

پیرەمێرد، بە ڕەزامەندییەوە ڕۆیی. هەستی دەکرد پاڤل یەکپارچە ئومێدە، ژیانی لێ هەڵدەقوڵێ.

گالیا دەهات، قەڵەمەکەی بەسەر کاغەزەکەدا دادەخزی. وشە بە دووی وشەدا ڕیز دەبوو، ڕستە چێ دەبوو، ڕستەکان باسی ڕابردوویەکی لە فەرامۆش نەهاتگیان دەگێڕایەوە. لەو کاتانەدا کە پاڤل لە بیرەکانی خۆیدا، لە خۆیدا غەرق دەبوو و لە بیرەوەرییەکانی ڕۆ دەچوو، گالیا دەیبینی چۆن چاوی دەتروکان وبرژانگەکانی دەجولان. چۆن چاوەکانی پێ بە پێێ گۆڕانی هزرو بیرەکانی دەگۆڕان. هەرچی سەری دێنا وسەری دەبرد، باوەڕی نەدەکرد، ئەم چاوانە نەبینن، بیلبیلە زەلاڵ و بێگەردەکانی ژیانیان لێ هەڵدەقولا. کە لە کار دەبوونەوە، گالیا ئەوەی کە

خستبوویە سەر کاغەز بۆ پاڤلی دەخوێندەوە. پاڤل، بە وردی گوێی ڕادەوێراو هەنیەی گرژ دەبوو.

- هاوڕێ کورچاگین، بۆچی نێو چەوان گرژ دەکەی؟ ئەوەی پێت ئیملا کردووم باشە!

- نا، گالیا گیان، خراپە.

دوای ئەو چەندە لاپەڕەیەی خراپ دەردەچوون، خۆی ( پاڤل ) دەکەوتە نووسین. وەختێ لە نێو خەتی مقەواکەدا گیری دەخوارد هەندێجار بە تووڕەیی مقەواکەی تووڕ دەدا، لە داخا قەڵەمەکانی دەشکاند، ڕقی لە ژیان هەڵدەگرت کە چاوەکانی لێ سەندبووەوە، بە جۆرێ لێوی دەگەست، خوێنیان لێدەهات.

لە دوا دوایی و ئاخر و ئۆخری کارەکەدا، بەرەبەرە ئەو هەستانەی لە خۆیی حەرام کردبوون، لە دەسەڵات و ویستی تۆسنی ئەو دردەچوون. خەم و جۆرەها هەستی مرۆڤانی سادە، گەرم و ناسک کە بۆ هەموو کەسێک ڕەوا وحەڵاڵ بوون، ئەو لە خۆی حەرام کردبوو. خۆ ئەگەر ڕادەستی یەکێک لەو هەستانە بوایە، ئاقیبەتی کارەکەی خراپ دەبوو.

تایا، درەنگانی شەو لە کارخانە دەگەڕایەوە، بە دەنگی نزم چەند قسەیەکی لەگەڵ "ماریا یاکوڤلیڤنا " ی داکی پاڤلدا دەکرد و ئەوسا دەچوو دەخەوت.

***

دوا فەسڵی کتێبەکە تەواو بوو. گالیا بە چەند ڕۆژێک چیرۆکەکەی بۆ کورچاگین خوێندەوە.

سبەینێ دەستنووسەکە، بۆ بەشی ڕۆشنبیری وڕاگەیاندنی سەر بە کۆمیتەی لینینگراد ڤڕێ دەکرێت وئەگەر لەوێندەر پەسند بکرێ و مۆڵەتی لە چاپدانی بدرێ، ئەوا بۆ چاپ و وەشانخانە دەنێردرێ و ئیدی...

دڵی بە نیگەرانییەوە لێی دەدا. ئیدی... دەبوو بە سەرەتا ودەستپێکی ژیانێکی تازە کە بە چەندین ساڵ کاری پڕ زەحمەت و سەخت بە دەست هاتبوو. چارەنووسی کتێبەکە چارەنووسی پاڤلی دیاری دەکرد. ئەگەر دەستنووسەکە ڕەفزبکرێت، ئەوا دوا تروسکەی ژیانی ئەو دەکوژێتەوە. خۆ ئەگەر ناکامیەکەی، کەم بێ، بکرێت بە هەوڵ وکۆششێکی زیاتر قەرەبوو بکرێتەوە، ئەوا یەکسەر هەوڵێکی تازەی لە گەڵدا دەدات وکۆڵی لێنادات.

دایکی پاڤل، بەستە کاغەزە قورسەکەی بۆ پۆستەخانە برد. ئەوسا نۆرەی چاوەڕوانی پڕ نیگەرانی هات . کورچاگین بە عەمراتی بەم نیگەرانی وبێ هەداریە چاوەڕوانی نامەی نەکردبوو. کورچاگین بە چاوەڕوانی پۆستەی بەیانی و ئێوارەوە دەژیا. لینینگراد بێدەنگ بوو.

بێدەنگی وەشانخانە، هەڕەشە ئامێز بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی ناکامی وشکست بە سەر کورچاگیندا زاڵتر دەبوو. کورچاگین لە دڵی خۆیدا دانی بەوەدا نا، کە ڕەفز و ڕەتکردنەوەی بێ قەید وشەرتی کتێبەکەی، دەکاتە هاوتای مردنی ئەو. ئیدی ناتوانێ بژی، چۆن بژی، بە چ ئومێدێک بژی؟

لەو حاڵانەدا، پارکەکەی دەرێی شار، پارکەکەی نزیک دەریای وەبیر دێنایەوە، بەردەوام ئەم پرسیارەی لە خۆی دووبارە دەکردەوە: " ئایا، تۆ ئەوەی بۆ دەربازبوون لەم بازنە ئاسنینە پێویستە، بۆ گەڕانەوە بۆ ڕیزی کار وخەبات پێویستە، بۆ سوودمەند کردنی ژیانی خۆت پێویستە کردووتە؟ "

هەر خۆی بەرسڤی خۆی دەدایەوە: " بەڵێ، پێدەچێ هەموو شتێکم کردبێت! "

ڕۆژانێکی زۆر تێپەڕین و وەختێ چاوەڕوانی لە تام دەرچوو، دایکی، کە بە ئەندازەی کوڕەکەی نیگەران بوو، بە هەشتاو خۆی بە ژوورەکەدا کرد و هاواریکرد:

– لە لینینگرادەوە نامە هاتووە!!

ئەمە بروسکەی کۆمیتەی ستان بوو. چەند وشەیەکی پچڕپچڕ لە سەر کاغەزێکی مۆرکراو نووسرابوو: "چیرۆکەکە زۆر بە خۆشحاڵییەوە پەسندکراوە. دەینێرین بۆ وەشانخانە، پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنەت لێدەکەین " .

لێدانی دڵی زیادی کرد، خەونە دێرینەکەی هاتەدی! بازنە ئاسنینەکە تێکشکا، ئەوەتا دووبارە و بە چەکێکی تازەوە بۆ دنیای کار و بۆ ڕیزەکانی ژیان گەڕایەوە.

١٩٣٠ – ١٩٣٤

تێبینی:

ڕۆژی ٢٠١٨/١٢/٣٠ لە سلێمانی، گەڕەکی چوارچرای نوێ، لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کە بە شێوەیەکی بەراورد کاریانە لەم دوو سەرچاوەیەی خوارەوە کراوە بە کوردی. جا ئەگەر ئەمە کەم دابێژێک بووبێتە هۆی ئەوەی کە هەندێک دەستەواژەو پەرەگرافی دەقە کوردییەکە، لە ڕواڵەت و شێوەدا تەواو دەگەڵ سەرچاوەی یەکەمدا تێک نەکاتەوە، ئەوا دەگەڵ دەقی دووەمدا تەواو تێکدەکاتەوە و پێچەوانەش پێچەوانەیە و بە دڵنیاییەوە دەیڵێم: دەقە کوردییەکە ئەگەر لە هەر دوو دەقە عەرەبی و فارسییەکە پوختەتر و ئەمین تر نەبێ، ئەوا هیچی لەوان کەمتر نییە و بێ چەند و چوون ڕووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

ح ٠ ع

٠٧٧٠١٣٠٩٣٩٠

٠٧٥٠١١٢٠٩١٥

سەرچاوەکان:

١- نیقولای ئوستروفسکی / کیف سقینا الفولاذ / الجزء الاول و الثانی، المترجم: غائب طعمة فرمان / دار المدی، الطبعة الاولی: ٢٠١٣ .

٢- نیکلای استروفسکی / چگونه فولاد آبدیده شد؟ جلد ١ – ٢ ، ترجمه: بهرام، چاپ اول ١٣٣٠، چاپ دوم ١٣٥٧ .

نیکولای ئوستروفسکی

١٩٠٤ – ١٩٣٦

ئوستروفسکی تەمەنێکی کورت، بەڵام پرشنگداری گوزەراند. لە تەمەنی بیست ساڵیدا بە هۆی نەخۆشییەوە، لە جێگادا کەوت وزەمینگیر بوو، هەڵبەتە دوای ئەوەی لە بەرەکانی شەڕی ناوخۆدا بە سەختی بریندار بوو و چاوانی لە دەست دا.

ڕۆژ بە ڕۆژ تەندروستی خراتر دەبوو. ڕێک لەو سەروبەندەدا دەستی بە نووسینی کتێبە جوان و ڕەخشانەکەی کرد، کە یەکێکە لە بەرهەمە جوانەکان دەربارەی لاوان و خۆشەویستی و خەبات لە پێناوی ژیانی تازەدا. زۆربەی کاراکتەرانی ڕۆمانەکە، نموونەیان لە واقیعدا هەیە، بۆ نموونە ژیانی شا قارەمانی ڕۆمانەکە، پاڤل کورچاگین، ژیانی خودی نووسەرەکەیە، بۆیە ئەم بەرهەمە مۆرک وشەقڵی تەواو ئۆتوبیوگرافیکی پێوە دیارە، واتە ڕەنگدانەوەی ژیانی نووسەرە. ژیان و چالاکییەکانی نووسەر، هەما ژیان و چالاکیانی شاقارەمانی ڕۆمانەکەیە، کە بە زمانێکی زەلاڵ و شێوازێکی سادە و بێ گرێ گوزارشتی لێکردووە. ئەم بەرهەمە بە سادەیی و زیندوویەتی خۆی بووە مایەی سەرنجی هەمووان و ئۆستروفسکی لە سەر ئەم ڕۆمانە باڵاترین نیشانی دەوڵەتی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٣٥دا میدالی لینینی وەرگرت و پاشان کرا بە فیلم. " چۆن پۆڵامان ئاودا! " کە لە ساڵی ١٩٣٤ دا بڵاوبووەتەوە، دەتوانین بڵێین لە شاکارەکانی ئەدەبی سۆڤیاتییەو لە هەندەرانیشدا ڕەواجێکی زۆری پەیدا کردووەو لە میانی ئەم ڕۆمانەوە خەونەکەی نیکۆلای ئۆستروفسکی، کە دەیگوت: "جوانترین شت بۆ ئینسان ئەوەیە، هەرچییەکی کردووەو هەرچییەکی داهێناوە، تەنانەت دوای مردنیشی لە خزمەتی تیرەی بەشەردا بێ" .

شا قارەمانی ڕۆمانەکە، ئەرکی لێکدانەوەو بە تاناچوونی جەوهەرو کرۆکی ڕۆمانەکەی لە کۆڵ کردوینەتەوەو بە تۆن و زمانێکی ڕوون و زەلاڵ و ڕاستەوخۆ دەڵێت:

"گرانبەهاترین شت بۆ ئینسان ژیانە و یەک جار بە ئینسان دەدرێت. بۆیە دەبێ بە جۆرێ مومارەسە بکرێ و ببرێتە سەر، تا ساڵانی بە هەدەرچووی تەمەن نەبێتە مایەی عەزابی ویژدان، تا ڕابردووی نەنگین، داغی ڕیسوایی بە ناوچەوانمانەوە نەنێ. تا لە سەرە مەرگا، لە دوا هەناسەی ژیانا بتوانین بلێین: " سەرانسەری ژیان وهەموو تواناکانم وەقفی جوانترین دیاردەی جیهان، وەقفی خەبات لە پێناو ئازادی مرۆڤایەتیدا کرابوو. کەواتە دەبێ پەلە بکەین، بژین، مومارەسەی ژیان بکەین، نەبا

له ناكاوا نەخۆشییەكی بێمانا، یان بویەرو ڕێكەوتێكی تراژیدی، لێمانی بسەنێتەوە " . هەڵبەتە هەوێن و ئامیانی ڕۆمانەكە خزمەت و خۆشەویستی تیرەی بەشەرە، كە خۆشەویستی سەرچاوەی شادمانی ئینسانە، شادمانی ڕاستەقینەش كاتێ دیتە دی كە ئینسان تەمەنی خۆی وەقفی شادمانی تیرەی بەشەر بكات... ژیان ئاسانە، لێ ئینسانیانە ژیان هەوڵی فەرهادانەی دەوێ.

له كۆتاییدا هیڤی دارم ئێمەی كوردیش فێری ئەوە ببین كە چۆن قەدری ژیان بگرین و بە جدی لە خەمی ئینسانیانە ژیاندا بین، چونكە ئێمە ناژین، مخابن مەحكوومین بە ژیان! ئیدی هەموو لایەک بە ئینسانیانە ژیان دەسپێرم و پیرۆزبایی ساڵی ٢٠١٩ تان لێدەكەم.

ح ٠ ع

٢٠١٨/١٢/٣١